# ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

# ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ

## لە بەڵگەنامەی قاجاریدا

## ١٨٥٤ - ١٨٨١

نووسینی:

**محەمەد حەمەباقی**



ناوی کتێب: ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٨٥٤ - ١٨٨١
نووسینی: محەمەد حمەباقی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥٦
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# پێڕست


**پێشەکی**

ئەو مێژووانەی پێوەندییان بەهەمزاغا و شۆڕشی (١٨٨٠)وە هەیە ... 13

ناسنامەی نووسین و کتێب و سەرچاوە، دەربارەی ڕاپەڕینی هەمزاغا ... 20

**بەشی یەکەم**

١- بەسەرکردنەوەیەکی مێژوویی ئێلی بلّباس (مەنگوڕ) ... 27

٢- زوڵمی بێبڕانەوەی سەفەوی و قاجاری لە ئێلی خۆڕاگری بلّباس: ... 28

١/٢ : سەردەمی سەفەوی ... 28

٢/٢ : کوشتنی بەکۆمەڵی مەنگوڕ ... 30

٣/٢ : سەردەمی قاجاری ... 33

٣- هەمزاغای مەنگوڕ کێیە؟ ... 36

١/٣ : سەرەتای دەرکەوتنی بەڵگەنامەی قاجاری لەسەر هەمزاغا ... 36

٢/٣ : هەمزاغا و گێچەڵی خێڵی قەرەپەپاغ ... 46

٣/٣ : بەڵگەنامەی تری تەماویی ... 49

٤/٣ : هەمزاغا نموونەی بەرجەستەی قوربانیی زوڵمی قاجاری و عوسمانی ... 50

٥/٣ : پێوەندی دێرینەی ئێلی بلّباس (مەنگوڕ) و بنەماڵەی شێخانی نەهری ... 50

٤- گەڕانەوەی هەمزاغا بۆ کوردستانی ئێران ... 52

١/٤ : ڕووداوی چاوەنوارِ نەکراو ... 53

٢/٤ : گێچەڵی تازە بەهەمزاغا ... 56

٣/٤ : گێڕانەوەی جیا جیا ... 57

٤/٤ : پێشوازیی، یان! ... 58

٥/٤ : بەرپەرچی دلێرانە و ڕاپەڕین ... 60

٦/٤ ئاشکراکردنی تاوان ... 62

**بەشی دووەم**

١- ڕاپەڕینی هەمزاغا و ئامادەبوون بۆ شۆڕش ... 67

٢- بزواندنی هێز و لەشکرکێشی و ڕاپەڕین ... 68

١/٢ : قۆڵی خۆرهەڵاتی ورمێ ... 68





٢/٢ : ئازادکردنی سابلاخ و دەوروبەری ... 71

٣/٢ : گرتنی میاندواو و دەوروبەری ... 72

٤/٢ : فرماننامەی شێخ عەبدولقادر بۆ فرماندارانی سەقز و بانە ... 75

٥/٢ : تەقەڵلای تەورێز ... 76

٦/٢ : تەقەڵلای تاران ... 77

٧/٢ : تەقەڵلای گرتنی بناو ... 79

٨/٢ : نامەی هەمزاغای مەنگوڕ بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا ... 80

٩/٢ : دوو نامەی شێخ عەبدولقادر بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا ... 82

١٠/٢ : سەردانی (ئابۆت)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێز، لە ناوچەکانی شۆڕش ... 84

١١/٢ : کوشتنی بەکۆمەڵی کورد ... 86

٣- کشانەوەی هێزەکانی کورد لە موکریان ... 87

١/٣ : چارەنووسی هەمزاغا و هێزەکەی ... 88

٤- قۆڵی ورمێ، بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا ... 89

٥- کاردانەوە و بەرپەرچ و ئاماری لەشکری بەشداربووی ئێران ... 93

٦- تەقەڵلای هەستانەوە و ژیاندنەوەی ڕاپەڕین ... 97

**بەشی سێیەم**

سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەکی جیاواز ... 101

زنجیرەی نامەکانی حەسەن عەلی خانی گەڕووس ... 107

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ... 170

نارەزایی دەوڵەتی ڕووسیا سەبارەت بەکوشتنی هەمزاغا و وەڵام بۆ باڵوێزی ڕووسیا لەو بارەیەوە ... 188

ناوەڕۆک و مێژووی نامەکانی حەسەن عەلی خان ... 202

**بەشی چوارەم**

پاشکۆ ... 217

بەڵگەنامەکان ... 245

سەرچاوە ... 273

فەرهەنگی ناو ... 275

فەرهەنگی جوگرافیا ... 284

# پێشەکی

سەرەڕای ئەوەش کە هەمزاغای مەنگوڕ - بلباس، مێژوویەکی دێرینە و پڕ لە ڕووبەڕووبوونەوە و چەرمەسەریی و زیندان و ئاوارەبوونی زۆری لەگەڵ ڕژێمی زوڵم و ستەمی قاجاری و عوسمانیدا هەیە و لەم بوارەدا وەک نموونەی سەرۆک ئێلێکی نیشتمانپەروەر و قاڵبووی ڕاپەڕینی نێوان ساڵانی (١٨٥٤-١٨٨٠ز)[١] دەدرەوشێتەوە و ئەو نزیکەی (٢٥) ساڵ زیاترەی تەمەنی هەمزاغا ،لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا پڕن لە سەروەریی و ناوبانگی شیرین و بەربڵاو، لە هەردوو بەشی کوردستانی قاجاری و عوسمانی و وەک (قارەمانێکی میللی) سەیری کراوە و بەخۆشەویستییەوە شایەر و بەیتبێژانی کورد (گۆرانی) و (بەیت)یان بەسەردا هەڵداوە.

بەڵام ئەم مێژووی دەستەویەخە بوونە بەردەوامەی ئەم قۆناغەی ژیانی هەمزاغا، لەگەڵ زوڵم و ستەمدا، هەمزاغای بۆ ئەوە ڕێنوێنی کرد، تا بیر لە پشتیوانێکی بەهێز و شێوەیەکی هەڵکشاوتری ڕووبەڕووبوونەوەکە بکاتەوە؛ کە ئەم پشتیوانە بەهێز و شێوەی بەرەنگاربوونەوە جیاوازەش، تێکەڵاوبوونی هەمزاغا بوو بەشۆڕشی (١٨٨٠ز)، کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣٠-١٨٨٣ز) ڕابەرایەتی کرد. تێکەڵاوبوونی هەمزاغاش بەشۆڕشی (١٨٨٠)، قۆناغێکی تری ژیانی سیاسیی هەمزاغایە، کە شەرەفی پێبڕانی فەرماندەیی کردنی بەشێکی گرنگی ئەم شۆڕشە و بەشێکی زۆری سەروەرییەکانی ئەو شۆڕشەی بەردەکەوێ و ناوی هەمزاغاش زیاتر دەدرەوشێتەوە.

شۆڕشی (١٨٨٠ز)، دەرئەنجامی تەنگوچەڵەمە و کێشەی کەڵەکەبووی خەڵکی کوردستان و زوڵمی بەردەوام و باج و بێگار و سەرانەی لە ڕادەبەدەری کاربەدەستانی قاجاری و عوسمانییە، کە هەردوو دەوڵەتەکەش، بۆشایی گەورەی لەناوبردن و نەمانی میرنشینە نیمچە سەربەخۆکانی کوردیان قۆستبۆوە (کە هەر خۆیان لەناویان بردبوون) و لە جێی ئەو میرنشینانە، کاربەدەستی ناکوردیان دامەزراند و ئەم کاربەدەستانەش بێئەوەی لە تایبەتمەندییەکانی: فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی... کۆمەڵگەی کوردستان تێبگەن، بەڕێوەبردنێکی نەشارەزایانە و بێبەزەییانە و زاڵمانەی کوردستانیان کردووە و بەئارەزووی خۆیان و بێ پەروا، دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆیان هەڵکشاوتر کردووە و شیرازەی ئاسایش و ئۆقرەی ناوچەکانیشیان هەر بەرەو شێواوتر و دواکەوتووتر بردووە.

(١) یەکەمین بەڵگەنامەی قاجاری لەسەر هەمزاغا، لەو مێژووەوە دەست پێدەکات.



لە نێوان ئەو زوڵمە بێ سنوورەی کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەت و بێ پشتیوان هێشتنەوەی جەماوەری کوردستاندا، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەهۆی بنکەیەکی جەماوەریی بەربڵاو و پێشینەیەکی ئایینی بەهێز و زیرەکی دووربینانەی خۆی و لە ئاکامی بەتەنگەوە هاتن و بەپیرەوچوونی داخوازیی و تەنگوچەڵەمەی خەڵکی کوردستانەوە، لە دەیەی (١٨٧٠-١٨٨٠ز)دا دەبێتە بەرجەستەترین کەسایەتی مەزن و درەوشاوەی کوردستان، کە جەماوەر بەدەرەتان و تروسکەی هیوای بزانێ.

لەم پێناوەشدا کە بەمێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورددا دەچێتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی دەبێ شێوازێکی تازەی خەباتی ڕزگاری بگرێتە بەر و بۆ ئەمەش بەچاولێکەریی لە تاقیکردنەوە و دەرفەتی (گەلانی بالکان)، کە لە دەیەی (١٨٧٠-١٨٨٠ز)دا، بەهۆی پشتیوانیی ڕووسیا و دەوڵەتانی ئەوروپاوە، توانیبوویان (دەوڵەتی نەتەوەیی) خۆیان پێک بهێنن. بۆیە شێخ عوبەیدوڵڵا تەقەللای ئەوەی دەدا بەر لە کۆکردنەوەی هێزی چەکدار و بەر لە سەنگەرگرتن و تەقەکردن؛ بەڕێگەی دیپلۆماسیی؛ کاری دیالۆگ و ناردنی نوێنەر و نامە، بۆ لای باڵوێز و نوێنەرانی ئەوروپا و ڕووسیا و سەرانی قاجاری و عوسمانی و عەرەب و تەنانەت مەسیحی و ئەرمەنی و ئاسوورییەکانی کوردستان، تەقەللای سیاسی و دەوڵەتاندنی کێشەی ڕەوای کورد دەست پێبکرێ، تا کێشەی کورد و هەلومەرجی کوردستانیان بۆ ڕوون بکاتەوە و ئەو وێنە بەزۆر ناشیرین کراوەی کورد، جوانتر نیشان بدات، کە گەلی کورد، نەتەوەیەکی ئازاد و ئاشتیخوازە و نایەوێ زیانی بۆ هیچ کەس هەبێ و بۆ ئەمەش نامەیەکی زۆری لەگەڵدا گۆڕیونەتەوە و نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ لایان ناردووە. بەم کارەش، شۆڕشی (١٨٨٠) یەکەمین وەرسووڕانێکە لە مێژووی بزاڤی کورددا، لە ڕێگەی کاری دیپلۆماسییانەوە، لە ڕێگەی دیالۆگەوە، پردی گفتوگۆی لەگەڵ دۆست و دوژمناندا دامەزراندووە و قسەی دڵ و داخوازیی ئەشکەوت و گوند و شار و هەستی مرۆڤانەی کوردی گەیاندۆتە بنکەکانی دیپلۆماسی جیهان و کومسیۆنەکانی نێو دەوڵەتیی و باڵوێزخانە و کۆنسوڵگە و مزگەوت و کەنیسا و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە.

ئەم دەستپێشکەرییە دیپلۆماسییانەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا، هەر زوو بووە جێی سەرنج و ئاوڕدانەوەی دۆست و دوژمن، لە وڵاتانی دوور و نزیک و هەموویان بەچاوی بایەخدانی تازەوە، ئاوڕی تازەشیان لە کێشەی کورد دایەوە و بۆیان دەرکەوت، کە ئەگەر تا ئەو ڕۆژگارەش سەرنجێکیان لە کێشەی کورد نەدابێتەوە، ئەوا دەبێ بەهۆی شۆڕشی (١٨٨٠)وە، ئاوڕی تازە لە کورد بدرێتەوە.

بۆیە ئەم ئاوڕدانەوە تازەیە، ئەو دەوڵەتانەی وا لێکرد بکەونە هەواڵ و ڕاپۆرت کۆکردنەوە لەسەر کورد و خۆ ئامادەکردنی بۆ شۆڕشی (١٨٨٠) و لەگەڵ ڕاپەڕینەکە و دوای ڕاپەڕینەکە و تا ئێستاش، هەرجێی باس و خواس و لەسەر نووسینە؛ کە هەموو ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانە، وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەنوارنە ئەم سەردەمەی کورد و ڕاپەڕینی (١٨٨٠) و ڕابەرەکەی.

ئەم تەقەللایانەی شێخ عوبەیدوڵڵا، کە دەکەوتنە دوای بڕانەوەی دوا جەنگی نێوان ڕووسیا و عوسمانی (١٨٧٧ - ١٨٧٨ز) و جەنگەکەش بەتێشکانێکی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی دوایی دێت و بەدوای خۆیدا کاولکاریی و برسێتیی و هەژاریی و قاتوقڕیی و نەخۆشیی لە ڕادەبەدەر دەهێنێ و دەبێتە مایەی بێزاریی و یاخیبوون و ڕاپەڕینی جەماوەر لە زۆر جێگەی ئێمپراتۆری عوسمانیدا و لە هەمان کاتیشدا هەر دوای بڕانەوەی جەنگەکە، لە سەرەتای بەهاری (١٨٧٨ز) و لە هەردوو کۆنگرە و ڕێکەوتننامەی (سان ستیڤانۆ- ١٨٧٨/٣/٣ز) و (بەرلین - ١٣/ ٧/ ١٨٧٨ز)دا، کە ئاکامەکانی جەنگەکە سەروبەر دەکەن، ڕووسیا لە پاداشتی ئەو چاکەیەدا کە گەلی (ئەرمەن)ی هاوسێی دێرینەی کورد، لە دوا جەنگەکانی ڕووسیا - عوسمانیدا و بەتایبەتیش لە جەنگی (١٨٧٧-١٨٧٨ز)دا، لەگەڵ ڕووسیادا کردوویەتی و بەنهێنی و بەئاشکرا، پشتیوانییان لە هێرشی لەشکری ڕووسیا، بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی کرد و لە ڕقی ئەوەش کە گەلی کورد، لە هەمان ئەو جەنگانە و بەتایبەتیش لە جەنگی (١٨٧٧-١٨٧٨ز)دا، کورد بەدەنگ بانگەوازی (غەزا و جیهاد)ی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەچێ و پشتیوانیی لە لەشکری عوسمانی دژی ڕووسیا دەکات؛ ڕووسیا مەرجی ئەوە لەسەر تورکیا دادەنێ، کە دەبێ ڕیفۆرمێکی شێوە ئۆتۆنۆمی، لە ناوچە ئەرمەن نشینەکاندا بۆ گەلی ئەرمەن جێبەجێ بکرێ و بەو پێیەش ئەو شوێنانەی کە ئەرمەنەکان دەیانویست ئۆتۆنۆمی تێدا جێبەجێ بکەن، زۆربەی ناوچە کورد نشینەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی بوو و ئەمەش هەڵوێستێکی دژواری بۆ کورد دروست دەکرد. چونکە دوای ئەوەی ڕووسیا و ئینگلستان ئەم مەرجەیان لە بەندی (٦١)ی (کۆنگرەی بەرلین)دا دەچەسپێنن؛ دەوڵەتانی ئەورووپا و بەتایبەتیش ئینگلستان، پشتیوانیی ئەم مەرجە دەکەن و گوشاری جێبەجێ کردنی بۆ سەر تورکیا دەبەن.

شێخ عوبەیدوڵڵاش بۆ بەپیرەوەچوونی ئەم هەلومەرجە نوێیە، بانگهێشتنی سەرانی هەموو ناوچە جیا جیاکانی کوردستان، بۆ بارەگاکەی خۆی لە (نەهری) دەکات و لە بەهاری (١٨٨٠ز- تا مانگی تەمووز و سەرەتای ئابی هەمان ساڵ)، دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوەی نەپساو، (کە وەک نیشانە و ڕووداوەکان دەریدەخەن، هەمزاغای مەنگوڕ لە نزیکەوە پێوەندی و ئاگاداریی ئەم کۆبوونەوانە بووە)، چەند بڕیارێکی گرنگ دەدرێ و



لەسەرروویانەوە خەبات بۆ ڕزگاری لە دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری دەست پێبکرێ و لە هەردوو ئەو بەشەی کوردستاندا، دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دروست بکرێ.

بۆ ئەنجامدانی ئەم بەرنامەیەش، شێخ عوبەیدوڵڵا دوای هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان، بەچاکی زانی لەپێشدا شۆڕش لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێبکرێ و دوایی دەست بەئازادکردنی کوردستانی عوسمانیش بکرێ.

لەم پێناوەشدا لە کۆتایی مانگی (٩) و سەرەتای (١٠/ ١٨٨٠ز)دا، لە دوو قۆڵەوە لەشکری پێکهاتووی کورد، لە جەماوەری هەموو ناوچەکانی کوردستان، کە نزیکەی (٣٠ تا ٤٠) هەزار کەس بوون، بەنیازی گرتن و ئازادکردنی کوردستانی ئێران، هێرشیان بۆ سەر (موکریان و ئازەربایجانی خۆرهەڵات رووە و تەورێز و ئازربایجانی خۆرئاوا و ورمێ) برد و لە سەرەتای هێرشدا، لە قۆڵی موکریانەوە، کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ سەرپەرشتییان دەکرد و هەمزاغا بووە (سوپاسالار)ی ئەم قۆڵە؛ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانییان ناوچەیەکی فراوان: شنۆ، نەغەدە، سابڵاخ، میاندواو و بەشێکی زۆری ناوچەکانی (مەراغە) و (بناو) ئازاد بکەن و بەهیوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان، کاربەدەست بۆ ناوچە ئازادکراوەکان دادەنێن. لە قۆڵی (ورمێ)ش، کە شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی سەرکردایەتی دەکرد و بەرنامەی گرتنی شاری (ورمێ)ی بوو، دوای هێرش و پەلامار و شەڕ و تێهەڵچوونێکی سەخت و خوێناوی، کە نزیکەی مانگ و نیوێکی خایاند، هەردوو قۆڵەکەی ئازەربایجانی خۆرهەڵات (موکریان و میاندواو) و ئازەربایجانی خۆرئاوا (ورمێ)، نەیانتوانی مەبەستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و هەردوو هێزەکە، بەرودوا لە هەفتەی یەکەمی مانگی (١١/ ١٨٨٠ز)دا، بەتێشکاویی بەرەو (مەرگەوەڕ) و دواتر بەرەو (نەهری) و بەشێکیشیان بەسەرکردایەتی هەمزاغای مەنگوڕ، بەرەو (لاجان) و (سەردەشت) پاشەکشێ دەکەن و پاشان گەلە کۆمەکیی لەشکرەکانی ئێرانی، عوسمانی، ڕووسیا؛ دەرفەتی تەقەللای سەربازییانە و هەڵسانەوەی شۆڕشی کوردیان نەداوە.

لە بەرامبەر ئەم هێرشانەی لەشکری کورددا، سەرەتا هەموو دانیشتوانی ناوچە عەجەم نشینەکانی میاندواو، مەراغە، بناو و ورمێ و دواتریش هەموو سەرانی بەرجەستەی[1]

(١) سەیر ئەوەیە لە گەرمەی سەرکوت و دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورددا، زۆربەی سەرانی فەرماندەی لەشکری ئێرانی، لە کاتی ئەم لەشکر کێشیانەدا لە ناوچە کوردنیشنەکاندا دەمرن!؛ لەوانە: هەمزە میرزا - حیشمەت دەولە-ی سوپاسالار و مامی ناسرەدین شا (٧/ ١١/ ١٨٨٠ز)، ئیقبالدەولەی فەرمانڕەوای ورمێ (١٨٨١/٨/٢١)، محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە - ئەمیرنیزام (٢٧/ ١٠/ ١٨٨١ز)، ئەکبەر خانی سەرتیپی ورمێ (١٠/ ١٨٨١)، ئیعتیماد سەلتەنەی سەرلەشکری ئازەربایجانی خۆرهەڵات. محەمەد ڕەزا خانی سەرتیپی تۆپخانە (١٨٨١/٥ز) و... هتد.

لەشکری ئێرانی، لە سەرتاسەری ئێرانەوە بەپەلە کۆکرانەوە و ڕەوانەی قۆڵەکانی ڕاپەڕین کران و بەڕقێکی ئەستوورەوە، دژی هێزەکانی کورد و گوند و مەزرا و سامانی ناوچە کوردنشینەکان شەڕیان کرد... پێ بەپێی ئەمەش، دەرباری قاجاری بەپەلە و پەژارەوە کاری دیپلۆماسی، بۆ ڕازیکردنی ڕووسیا و ئینگلستان دەست پێکرد، تا لە لایەکەوە ڕووسیا لەشکر بگەیەنێتە سنوورەکانی ئێران – تورکیا و لە لایەکی تریشەوە ڕووسیا و ئینگلستان گوشار بخەنە سەر تورکیا، بۆ ئەوەی لە سەرکوتی ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییان بکات و بەهەمووشیان بەهاوبەشیی، بەرنامەی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی یەکگرتوو، سەرکوت و لەناوبەرن؛ چونکە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستان، مەترسییەکی گەورە و تازەی بۆ هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی و تەنانەت بۆ وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتیش بۆ ئینگلستان و ڕووسیا پەیدا دەکرد و دەبووە سەرەتا و هۆی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوان نەکراو و نەزانراوی تازە، لە تەرازووی هێزەکانی ناوچەکە و نێودەوڵەتیی و ئەو ململانێ بەتینەی ڕووسیا و ئینگلستان، لەسەر ئارام و دامرکاو ڕاگرتنی ئێران و عوسمانی هەیانبوو، کە ئەم دوو هێزەی ڕووسیا و ئینگلستانیش لەو ڕۆژگارەدا گەورەترین زلهێزی جیهان بوون... بۆیە وەک (ئابۆت)ی سەر کۆنسوڵی ئەو کاتەی ئینگلستان لە (تەورێز)، لە نامەیەکیدا بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلستان (ئێرل گرانفیل) دەنووسێ: (ئەم بەرنامەیەی کورد، دەبووە مایەی لەبەریەک ترازانی ئیمپراتۆری عوسمانی و بزواندنی عەرەبەکانیش بۆ ئەوەی ئەوانیش داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی بکەن)[1] ... هەروەها گەورە باڵوێزی ڕووسیاش هەر لەوکاتەدا و سەبارەت بەم بەرنامەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا دەڵێ: (شێخ دژی گەورە گەورەکان هەنگاو هەڵدەگرێ)[2] هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ڕووسیا و ئینگلستان، نەک هەر بەدەنگ بانگەوازە زۆرەکانی کوردەوە نەچوون، کە داوای لێدەکردن دان پیانانێکی نێودەوڵەتییان لێ وەربگرێ؛ بەڵکو زۆر بەسەختیی دژی وەستان و گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتییان لێ کرد.

***

ئەرکی هەرە گرنگ و سەربازییانەی ئەم شۆڕشەی (١٨٨٠ز)، کە گرتن و ئازادکردنی ناوچە کوردنشینەکانی بندەستی دەوڵەتی قاجاری بووە؛ کەوتۆتە ئەستۆی ئەو لەشکرەی کە (هەمزاغای مەنگوڕ) فەرماندەیی و ڕێنوێنی کردووە. ئەو لەشکرەش لە ماوەیەکی زۆر کورت و خێرادا، فراوانترین ئەو ناوچە و شارانەی ئازاد کردوون، کە بریتی بوون لە ناوچە

(١) محەمەد حەمەباقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦٢٦.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٠٦، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩١).



و شارەکانی: شنۆ، لاجان، سندوس (نەغەدە)، موکریان (ساباڵاخ)، میاندواو و...[1] گرتن و ئازاد کردنی ئەو هەموو شار و ناوچە فراوانەش، پەژارە و دڵەڕاوکە؛ بەڵکو مەترسیی و هەڕەشەیەکی بێ سنووریان بۆ سەرانی دەرباری قاجار و بەتایبەتیش بۆ ناسرەدین شا (١٨٣٢-١٨٩٦ز) دروست کردووە. بۆیە دوای پێش پێگرتن و ڕاگرتنی هێرش و هەڵمەتی ئەم لەشکرەی کورد، کە بەرنامەی ئەوەی بوو شاری (تەورێز) بگرێ و دواتر پاشەکشێ پێکردن و ناچارکردنی بۆ کشانەوەی یەکجاریی لە شار و ناوچە ئازاد کراوەکان و هەڵاتن بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئێران و پاشان دامرکاندنەوە و لەناوبردنی شوێنەوارەکانی ڕاپەڕینەکە و ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە و هێنانەوەی ئەو لێشاوە خەڵکەی لە ترساندا لە ناوچەکانی خۆیاندا هەڵاتبوون و لێبووردنی پیاوانی ئایینی و سەرۆک خێڵەکانی موکریان، لاجان، شنۆ و سەردەشت و... کەچی تاقە کەسێک کە دەرباری قاجاری بۆ هەمیشە چاوی لێی نەپۆشی و لێی نەبوورد، بەتەنیا هەر (هەمزاغای مەنگوڕ) بوو، کە دەرباری قاجاری بێ پسانەوە مەبەستی بوو. بەهەر شێوە و بەهەر نرخێک بێت، دەسگیری بکات، یان لە ناوی بەرێت.

ئاکامیش ئاواتی دەرباری قاجاری هاتە دی و دوای تەقەللای بێ پشووی تۆڕێکی گەورە و بەربڵاوی سیخوڕیی، کە یەکێک لە هەرە نزیکترین سەرانی دەربار، لە ناسرەدین شاوە؛ واتە: (حەسەن عەلی خانی گەڕووس)[2] و بەبنەچە کورد، سەرپەرشتی و ڕێنوێنی دەکرد و ڕاستەوخۆ فرمانەکانی لە ناسرەدین شا و سەرانی لەشکری ئێرانی وەردەگرت، بەو شێوە فێڵە باوەی کە خۆیان پێی دەڵێن (لطائف الحيل)، توانییان فریوی بدەن و بیخەنە داوەوە و ناجوامێرانە بیکوژن.

لەم کتێبەی بەردەستتاندا تەقەللای ئەوە دراوە پێشینەیەکی تەمەن و خەباتی نزیکەی (٢٥) ساڵی ململانێ و دەستەویەخە بوونی هەمزاغا، لەگەڵ ڕژێمی زوڵم و ستەمی قاجاری و دواتر ئاوارەبوون و زیندانیکردنی لای ڕژێمی عوسمانی و گەڕانەوەی بۆ ئێران، لە کلاوڕۆژنەی بەڵگەنامەکانی قاجارەوە بەسەر بکرێتەوە؛ تا دەگاتە قۆناغی تێکەڵبوونی

(١) لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی شۆڕشی (١٨٨٠ز) و وردەکارییەکانی لەشکرکێشیی هەردوو قۆڵی ئازەربایجانی خۆرهەڵات و ئازەربایجانی خۆرئاوادا، بەتەنیا لەشکرکێشیی و ئاکامەکانی ئەو لەشکرەمان بۆ ئەم کتێبەمان بەسەر کردۆتەوە، کە هەمزاغای مەنگوڕ فەرماندەیی کردووە. چونکە ئەم تەقەللایە تایبەتیە بەهەمزاغای مەنگوڕ و ڕۆڵی هەمزاغا لەم شۆڕشەدا، نەک سەرومڕی لەشکرکێشیی قۆڵەکانی تر. کە ئەم کارەم لە کتێبێکی پێشووترماندا، بەناوی (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٨٨٠) بەهەموو وردەکاری و تێر و تەسەلی ئەنجامداوە.
(٢) دواتر حەسەن عەلی خانی گەڕووس، لەناو کوردەواریدا بە(میرزا نیزام) و (وەزیرە چرچە) ناوباونگی دەرکردبوو.

هەمزاغا، بەشۆڕشی (١٨٨٠) و ڕۆڵی بەرجەستە و جوامێرانەی هەمزاغا لەو شۆڕشەدا، کە پلەی (سوپاسالار)ی شۆڕشەکەی پێبڕاوە و زۆر سەرکەوتووانە ئەرکی نیشتمانییانەی خۆی بەجێهێناوە و بەتێر و تەسەلیش، وردەکارییەکانی ئەم ئەرکەی هەمزاغا بەسەر کراوەتەوە،[1] تا قۆناغی ڕاگرتن و پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی شۆڕشی (١٨٨٠) بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی قاجاری و سەرکوت و دامرکاندنەوەی یەکجاریی شۆڕشەکە و مانەوەی هەمزاغا، بەهێزێکەوە لەسەر سنوورەکانی ئێران - عوسمانی (لە ناوچەی سەردەشت) و پاشان تەفرەدان و دڵنیاکردنەوەی هەمزاغا و هێنانەوەی بەفێڵ، بۆ ناو داوی بۆسەیەکی دڕندانە و کوشتن و سەربڕینی خۆی و (١١) کەسی تر لەگەڵیدا، کە بریتی بوون لە برا و برازا و هاوڕێکانی.

## ئەو مێژووانەی پێوەندییان بەهەمزاغا و شۆڕشی (١٨٨٠)وە هەیە

١٨٥٤ یەکەمین بەڵگەنامەی قاجاری دەربارەی هەمزاغا.

١٨٥٤-١٨٧٠ هەڵاتنی هەمزاغا لە دەست زوڵم و گوشاری قاجاری بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی و زیندانیکردنی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

١٨٧٠/٤/٢٤ دادگاییکردنی هەمزاغا، لە لایەن کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتیی ئێران - عوسمانییەوە، لە شاری بەغداد.

١٨٧٧-١٨٧٨ گەڕانەوەی هەمزاغا لە قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە بۆ ئێران.

١٨٧٨ خۆئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شۆڕشی (١٨٨٠) و بانگهێشتنی سەرانی کورد بۆ نەهری.

١٨٧٩-١٨٨٠ دەستپێکردنی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە (نەهری)، بەڕابەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.

١٨٨٠ گێچەڵکردن و گوشار خستنە سەر هەمزاغا، لە لایەن فەرمانڕەوای شاری سابڵاخ و گەورە بەرپرسانەوە و داوای (سەرانە) و (باجی زیادە) و گازندە گەیاندن و ئاگادارکردنەوەی بارەگای وەلیعەهد (موزەفەرەدین میرزا)ی کوڕی ناسرەدین شا، لە تەورێز، لەسەر ئەوەی هەمزاغا یاخی و سەرکێشە و ملیان بۆ دانانەوێنێ.

(١) ئەگەرچی ئەم قۆناغەی خەبات و ئەرکی نیشتمانییانەی هەمزاغا (ڕۆڵی هەمزاغا لە شۆڕشی ١٨٨٠دا)، لە کتێبێکی پێشووترماندا: (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا) بەسەر کراوەتەوە؛ بەڵام دیسانیش لێرەدا نەدەکرا ئەو دەورە گرنگ و پڕ سەروەرییەی هەمزاغا ببوێرین و تێکەڵ سەرومڕی ژیانی هەمزاغای نەکەین.



مانگی ١٨٨٠/٧ (کلایتۆن)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە (وان) لە گەرمەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە (نەهری) سەردانی ناوچەی (هەکاری) و دیدەنی شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرانی کورد دەکات.

١٨٨٠/٨/١٢ بانگکردنی هەمزاغا بۆ قەڵا و بارەگای فەرمانڕەوای سابڵاخ و تەقەللای دەستگیر و زیندانیکردنی و هەڵمەت و پەلاماری هەمزاغا، بۆ سەر پاسەوانانی بارەگای فەرمانڕەوا و دەربازبوونی.

١٢-١٨٨٠/٨/١٣ هەمزاغا و خێڵەکەی و خەڵکی تووڕەی سابڵاخ ئابڵووقەی سابڵاخ و دامودەسگای دەوڵەت دەدەن و شەپپووری جەنگ لێدەدەن.

١٨٨٠/٨/١٣ (شازادە - فەرمانڕەوای سابڵاخ) سەرانی دەوڵەت لە ڕاپەڕین و یاخیبوونی هەمزاغا ئاگادار دەکاتەوە و داوای لەشکر و هێز لە تەورێز دەکات.

١٨٨٠/٨/١٣ (بەدواوە) پێوەندیکردنی هەمزاغا بەشێخ عوبەیدوڵڵاوە.

مانگی ٨ تا ١٨٨٠/٩ زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد لە نەهری، بڕیاری دەستپێکردنی شۆڕش و هێز کۆکردنەوە دەدەن.

مانگی ١٨٨٠/٩ سەرانی کورد لە نەهری، بڕیار دەدەن شۆڕش لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێبکەن.

١٨٨٠/٩/٢٠ جوولاندنی هێزەکانی کورد (قۆڵی یەکەم) بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ، بەرەو شنۆ و موکریان.

١٨٨٠/٩/٢٥ گەیشتنی هێزەکانی کورد بۆ شنۆ، کە هەمزاغای مەنگوڕ دەبێتە (سوپاسالار)ی ئەم هێزە.

٢٥-١٨٨٠/٩/٢٧ گرتن و ئازادکردنی شار و ناوچەکانی: شنۆ، لاجان، سندوس.

١٨٨٠/٩/٢٧ هەڵاتنی (شازادە)ی فەرمانڕەوای سابڵاخ، بەرەو (میاندواو).

١٨٨٠/٩/٢٩ گەیشتنی هێزەکانی کورد بۆ ناوچەی موکریان و گرتن و ئازادکردنی شاری سابڵاخ و دەوروبەری.

١٨٨٠/٩/٣٠ دانانی (خان بابا خان) لە لایەن لەشکری کوردەوە، بەفەرمانڕەوای سابڵاخ.

١٨٨٠/١٠/١ بزووتنی لەشکری کورد بۆ گرتنی (میاندواو).

١٨٨٠/١٠/٢ گرتنی شاری (میاندواو) و دەوروبەری.

١٨٨٠/١٠/٢ (ئابۆت)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێز، سەردانی ناوچەی

رووداوەکان لە (ورمێ) دەکات و تا ماوەی مانگێک لە ناوچەرگەی رووداوەکاندا دەبێ و دواتر دوای گەیشتنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ناوچەی ورمێ، دیداری (شێخ) و هێزەکەی و هێزەکانی دەوڵەت دەکات.

٢-١٣/ ١٠/ ١٨٨٠ فرماننامەی شێخ عەبدولقادر، بۆ فەرماندارانی (سەقز) و (بانە) بۆ ئەوەی خۆیان بەدەست هێزەکانی شۆڕشەوە بدەن.

١٠/ ١٠/ ١٨٨٠ بزووتنی بەرایی هێزەکانی کورد بەرەو (بناو).

١٠/ ١٠/ ١٨٨٠ بزووتنی (میرزا حسین خان-موشیرولدەولە، سوپاسالاری ئێران)، لە (قەزوین)ەوە بەرەو کوردستان.

٢-١٤/ ١٠/ ١٨٨٠ هێرش و پەلاماری بەردەوامی هێزەکانی کورد، لە ناوچەکانی: میاندواو، مەراغە و دەوروبەریان.

١٤/ ١٠/ ١٨٨٠ بزووتنی بەرایی هێزەکانی کورد (قۆڵی ورمێ) بەسەرکردایەتی خەلیفە محەمەد سەعید و شێخ محەمەد ئەمین.

١٥/ ١٠/ ١٨٨٠ بزووتنی هێزەکانی کورد، لە میاندواوەوە بەرەو (مەلیک کەندی - مەڵکەندی) و گرتنی.

١٥/ ١٠/ ١٨٨٠ هێرشی هێزەکانی کورد بۆ سەر (بناو) و تەقەللای گرتنی.

١٧/ ١٠/ ١٨٨٠ نامەی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەرەکانی شەڕی (بناو)ەوە، بۆ شێخ عوبەیدوڵلا نەهری.

٢٠/ ١٠/ ١٨٨٠ گەیشتنی پاشماوەی هێزەکانی کورد (قۆڵی ورمێ) بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا، بۆ گرتنی ورمێ.

٢٥/ ١٠/ ١٨٨٠ دەستپێکردنی هێرش و پەلامار و تێهەڵچوونی سەختی نێوان هێزەکانی کورد و دەوڵەت، بۆ گرتنی بناو.

٢٥/ ١٠ تا ١١/ ١١/ ١٨٨٠ زۆربەی سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی موکریان، خۆیان بەدەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەدەن.

٢٨/ ١٠/ ١٨٨٠ (ئابۆت)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێز، ناوچەی ورمێ جێدێڵێ و بەناوچە ئازادکراوەکانی: ورمێ، سندوس، سابلاخدا بۆ سابلاخ دەگەڕێتەوە و لەوێشەوە بەیارمەتی هێزەکانی کورد، بۆ (بناو- تەورێز) دەگەڕێتەوە.

٢٥/ ١٠/ تا ٢/ ١١/ ١٨٨٠ هێرش و پەلامار و تێهەڵچوونی بەردەوامی هێزەکانی کورد و دەوڵەتی ئێران، لە ناوچەی بناو.



٢/ ١١/ ١٨٨٠ گەڕانەوەی (ئابۆت)ی سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێز، لە ورمێوە بۆ سابلاخ، دوای سەردانی یەک مانگەی لە ناوچەکانی شۆڕش لە ورمێ و دیداری شێخ عوبەیدوڵلا.

٥/ ١١/ ١٨٨٠ بزووتنی هێزێکی دەوڵەت لە تەورێزەوە بەفەرماندەیی ئیعتیماد سەڵتەنە، بەرەو (چلیک).

٣-٨/ ١١/ ١٨٨٠ تێشکان و کشانەوەی هێزەکانی کورد لە قۆڵی بناوەوە بەرەو موکریان و سابلاخ.

١٠/ ١١/ ١٨٨٠ هێزەکانی کورد لە قۆڵی موکریان، بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، دوای مانگ و نیوێک شەڕ و هێرش و تێهەڵچوون، بەتێشکاویی بەرەو شنۆ و مەرگەوەڕ پاشەکشێ دەکەن. بەڵام دواتر هەمزاغا و هێزەکەی، لەسەر سنوورەکانی نێوان سەردەشت - پشدەردا دەگیرسێتەوە.

١١/ ١١/ ١٨٨٠ خۆ بەدەستەوەدانی (خان بابا خان)ی فەرمانڕەوای سابلاخ و کوشتنی خۆی و (١٥) کەس لە هاوڕێکانی، لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە.

١٢/ ١١/ ١٨٨٠ دوای هێرش و تێهەڵچوونی دژوار و خوێناویی، بۆ ماوەی نزیکەی (٢٢) رۆژ، هێزەکانی کورد بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا لە قۆڵی (ورمێ) بەتێشکاویی بەرەو مەرگەوەڕ و برادۆست پاشەکشێ دەکەن.

١٢/ ١١/ ١٨٨٠ گرتنەوەی ناوچەی موکریان و شاری سابلاخ لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە و دانانی (حاجی سەدرلدەولە) بەفەرمانڕەوای سابلاخ.

١٤/ ١١/ ١٨٨٠ بزووتنی میرزا حسین خان (سوپاسالاری ئێران) بەهێزەکەیەوە لە تەورێزەوە بەرەو سابلاخ.

١٨/ ١١/ ١٨٨٠ گەیشتنی میرزا حسین (سوپاسالار) بەبناو.

١٢-٢٢/ ١١/ ١٨٨٠ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دەکەونە راونانی هێزەکانی کورد لە قۆڵی موکریان و ورمێ و دەوروبەریان و بەدەم هێرشیانەوە بۆ هەردوو ناوچەی موکریان و ورمێ، دەکەونە کوشتن و سزادانی بەکۆمەڵ و تاڵان و سووتاندنی بێ لێپرسینەوەی گوند و مەزرای گوندنشینەکان و ئاوارەکردنی دەیان هەزار کەس.

٢٠/ ١١/ ١٨٨٠ گەیشتنی میرزا حسین خان (سوپاسالار) و هێزەکەی بەسابلاخ.

٢٣/ ١١/ ١٨٨٠ هەموو هێزەکانی دەوڵەتی ئێران (قۆڵی موکریان) لە گوندی (قەرەقشلاق)ی نزیک سابلاخ کۆ دەبنەوە و بڕیار دەدەن بنە بە(٣) بەشەوە.

بەشێکیان شوێن هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادر، بەرەو (مەرگەوەڕ) بکەوێ و بەشێکی تریشیان شوێن هەمزاغا و هێزەکەی بکەوێ لە ناوچەی لاجان و سەردەشت و بەشی سێیەمیش لە ناوچەی سندوس بمێنێتەوە.

٢٥/١١/١٨٨٠ کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا بەرەو خاکی عوسمانی.

٨-٩/١٢/١٨٨٠ (پێنج شەممە و هەینی) گەیشتنی حەسەن عەلی خان بەساباڵاخ.

١٠/١٢/١٨٨٠ دانانی حەسەن عەلی خان بەفەرمانداری ساباڵاخ لە جێی حاجی سەدرولدەولە.

١٥/١٢/١٨٨٠ گەیشتنی میرزا حسێن خان (سوپاسالاری ئێران) بۆ (ورمێ).

٢٠/١٢/١٨٨٠ هەڵمەتی لەناکاوی هەمزاغای مەنگوڕ بۆ سەر سەردەشت.

٢١/١٢/١٨٨٠ بزووتنی حەسەن عەلی خان، بەنیازی چوونی بۆ سەردەشت. بەڵام ناچێ و لە گوندی (باخچە) لا دەدات.

٢١/١٢/١٨٨٠ حەسەن عەلی خان پیاوانی ناسراوی موکریان، لاجان، سەردەشت کۆ دەکاتەوە و بەڵێنیان لێوەردەگرێ، کە پشتیوانی دەوڵەتی ئێران بن.

٢٢/١٢/١٨٨٠ تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ تەفرەدان و هێنانەوەی فەتحوڵڵا خانی کوڕی موزەفەرولدەولە، لە هێزەکەی هەمزاغا.

٢٦/١٢/١٨٨٠ پەشیمان بوونەوەی حەسەن عەلی خان لە سەفەری سەردەشت.

٢٩/١٢/١٨٨٠ گەڕانەوەی میرزا حسێن خانی سوپاسالار لە ورمێوە بەناوچەی موکریاندا بۆ تەورێز.

١/١/١٨٨١ گەڕانەوەی حەسەن عەلی خان لە گوندی (باخچە)وە بۆ ساباڵاخ.

١٣/١/١٨٨١ گەڕانەوەی میرزا حسێن خانی سوپاسالار لە ناوچەی موکریانەوە بەرەو تەورێز.

١٥/١/١٨٨١ گەڕانەوەی میرزا حسێن خانی سوپاسالار لە تەورێزەوە بۆ تاران.

١٤/٢/١٨٨١ هەواڵی مەرگی گوڵاوی ئاغای سەرۆک خێڵی دێبوکری و هاوکاری حەسەن عەلی خان، بۆ کاروباری جاسووسی.

١٤/٢/١٨٨١ تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان هەمزاغا و کاکەڵڵای برایدا و گەیاندنی پەیامی سوپاسالاری ئێران بەمحەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک، بۆ لەناوبردنی هەمزاغا.

١٤/٢/١٨٨١ دەستەبەرکردنی محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک، بۆ



لەناوبردنی هەمزاغا و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ هەمزاغادا.

٢٥/٢/١٨٨١ وەرگرتنی نامەی (ڕووڕەشییانە) لە دانیشتوانی ناوچەی موکریان و بڕیاری بڕی (٤) هەزار تمەنیش بۆ دەوڵەت، لە سزای ئەوەی لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلادا بەشدارییان کردووە. هەروەها بەڵێنی محەمەد ئاغای مامەش، بۆ لەناوبردنی هەمزاغا.

٤/٣/١٨٨١ هەواڵی پشتیوانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە شێخ عوبەیدوڵلا و هەمزاغا.

٤/٣/١٨٨١ وەڵامنامەی هەمزاغای مەنگوڕ، بۆ قادر ئاغای دێبوکری، کە داوای لێکردبوو فریوی بدات و بۆ لای دەوڵەت بگەڕێتەوە.

٩/٣/١٨٨١ تەقەللای خۆسازدانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا و پێوەندیگرتن لەگەڵ سەرانی کورد، بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش.

١٩/٣/١٨٨١ کۆبوونەوەی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا و سەرانی کورد لە هەولێر و ڕەواندز و پۆستی قایمقامێتی بەهەمزاغای مەنگوڕ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

٢٨/٣/١٨٨١ سەردانی یاوەری جەنگیی سوڵتانی عوسمانی، لە بارەگاکەی شێخ عوبەیدوڵلا لە نەهری و بەڵێنی پشتیوانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش.

٢٨/٣/١٨٨١ حەسەن عەلی خان کۆبوونەوە بەسەرانی موکریانی دەکات، تا پشتیوانیی ئێران بن و دژی تەقەللاکانی شێخ عوبەیدوڵلا بوەستن.

١١/٤/١٨٨١ قایمکردنی ناوچەکانی سەردەشت و لاجان و مل پێکەچکردنیان لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە.

١١/٤/١٨٨١ دەرکەوتنی نیشانەکانی ساردبوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی، لە پشتیوانیکردنی شێخ عوبەیدوڵلا و هەمزاغای مەنگوڕ.

١٣/٤/١٨٨١ کۆکردنەوەی سەرانی موکریان و لاجان لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە و سوێند و بەڵێن لێوەرگرتنیان بۆ پشتیوانیی لە دەوڵەتی ئێران.

٢٧/٤/١٨٨١ کۆکردنەوەی سەرانی موکریان و لاجان و سەردەشت لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە و تەقەللای دووبەرەکی نانەوە لە نێوانیاندا.

٣٠/٤/١٨٨١ دیسان تەقەللای دووبەرەکی نانەوە لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە، لە نێوان سەرانی سەردەشتدا.

١٨٨١/٥/١ دڵنیابوون لە هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی، دژی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی موکریان و سەردەشت لەو بارەیەوە.

١٨٨١/٥/٧ هەواڵی گرتن و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

١٨٨١/٥/٧ گازندەی دەوڵەتی عوسمانی لە ئێران، لەسەرئەوەی کوردانی سوننی مەزهەب دەچەوسێنێتەوە.

١٨٨١/٥/٧ کاری بەردەوامی حەسەن عەلی خان بۆ مل پێکەچکردنی پیاو ماقوولانی سەردەشت.

١٨٨١/٥/١٥ بەڵێن و پەیماننامە وەرگرتن لە خەڵکی سەردەشت، تا پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران بکەن.

١٨٨١/٥/٣١ هەواڵی گوشار و هێز ناردنی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ سەر نەهری و شێخ عوبەیدوڵڵا.

١٨٨١/٦/٤ دڵنیابوون لە هەواڵی گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە نەهرییەوە بۆ (وان).

١٨٨١/٦/١٣ دیسان گازندەی دەوڵەتی عوسمانی لە ئێران، دەربارەی چەوساندنەوەی کوردانی سوننی مەزهەب لە لایەن ئێرانەوە.

١٨٨١/٦/١٣ بەرپەرچی گازندەی عوسمانی و کۆکردنەوەی زانایان و مەلاکانی کوردستان، لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە و نامە پێ نووسینیان لەو بارەیەوە.

١٨٨١/٦/٣٠ سەردانی محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە – ئەمیرنیزام، لە تەورێزەوە بۆ لاجان.

١٨٨١/٧/٢ سەردانی محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە – ئەمیرنیزام بۆ ورمێ و جێگیربوونی لە باخی (دڵگوشا).

١٨٨١/٧/١٩ داوا و جەختی دووبارەی حەسەن عەلی خان بۆ گرتن و دوورخستنەوەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا.

١٨٨١/٧/١٩ تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ ڕازیکردنی هەمزاغا، تا دیداری محەمەد محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام بکات.

١٩–١٨٨١/٧/٢٦ چوونی لەناکاو و بەنهێنی هەمزاغا، بۆ (بەستام بەگ) و پەلاماردانی لە لایەن خێڵی قەرەپەپاغ و مامەش و دەربازبوونی بەمەلە، لە چەمی (لاوێن) و نامەی دوای دەربازبوونی بۆ حەسەن عەلی خان و... کەوتنەوەی ناکۆکی



لە نێوان هەمزاغا و (کاکەڵڵا)ی برایدا.

١٨٨١/٧/٢٦ خۆ بەدەستەوەدان و پاکانەکردنی کاکەڵڵای برای هەمزاغا و دوو برا و هەندێ لە خزمەکانیان.

١٨٨١/٧/٣١ چوونی میرزا قاسمی قازی بەدوای هەمزاغای مەنگوڕ و هێنان و خستنە بۆسە و داوی حەسەن عەلی خانی گەڕووس و هێزەکەیەوە و دەستڕێژ لێکردنیان و کوشتن و سەربڕینی دڕندانەی هەمزاغا و (١١) کەسی تر، لە برازا و ئامۆزا و هاوڕێکانی و ناردنی سەرەکانیان بۆ (ورمێ) بۆ محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام.

١٨٨١/٧/٣١ دەستخۆشانەی محەمەد ڕەحیم خان – ئەمیر نیزام، لە حەسەن عەلی خان بەبۆنەی کوشتن و سەربڕینی هەمزاغا و کەسەکانییەوە.

١٨٨١/٧/٣١ دوای کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا و کەسەکانی، حەسەن عەلی خان بەرنامەی سەردانی لاجان دەچنێ.

١٨٨١/٨/٧ دابەشکردنی دەسکەوتەکانی دوای کوشتنی هەمزاغا و کەسەکانی، لە نێوان حەسەن عەلی خان و محەمەد ڕەحیم خان – ئەمیر نیزامدا.

## ناسنامەی نووسین و کتێب و سەرچاوە، دەربارەی هەمزاغا

١- گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی (ڕاپۆرت و نامەگەلی دیوانی و نیزامی ئەمیر نیزامی گەڕووسی).

ئەم ڕاپۆرت و نامانەی ناوبراو، کە نزیکەی (١٥٥) نامە دەبن، ساڵی ١٣٧٣ هەتاوی – ١٩٩٤ز، لە کتێبێکی گەورەی (٥٩٠) لاپەڕەییدا، لە لایەن (بنیاد موقوفات دکتۆر مەحموود ئەفشار) و بەکۆششی: ئیرەج ئەفشار چاپکراون.

ئەم نامانە، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ، لە دەوروبەری شاری (ورمێ) و ناوچەی (موکریان) و (شنۆ)، بەرەو خاکی عوسمانی بۆ خودی ناسرەدین شای قاجار (١٨٣٢–١٨٩٦) و سەرۆک وەزیرانی ئێران (مستەوفی لەممالیک) و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران (میرزا سەعید خان) و سوپاسالاری ئێران (میرزا حسێن خان) و باڵوێزی ئێران لە ئەستەموڵ (موحسین پاشا) و وەلیعەهدی ئێران (موزەفەرەدین میرزا) و ئەمیر نیزام (محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە) و سەرانی لەشکری ئێران نووسراون.

بەو هۆیەشەوە کە نووسەری ئەم ڕاپۆرت و نامانە لە باوەڕپێکراوە زۆر نزیکەکانی

دەرباری قاجار و خودی ناسرەدین شا و جێی متمانەی ئەوان بووە و لە دید و بەرژەوەندی ئەوانیشەوە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی نواڕیوە، بۆیە ئەم نامە و ڕاپۆرتانە، بەگیانی دوژمنانە نووسراون. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەو هۆیەوە کە لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بووە و خۆی بەبنەچە کوردی ناوچەی گەڕووسە و شارەزای ناوچەکە و کۆمەڵگەکە بووە، هەواڵ و زانیاریی زۆر گرنگ و تازەیان تێدایە... بەتایبەتیش کە کار و بەرنامەی نووسەری ئەم نامانە و مانەوەی نزیکەی (٨-٩) مانگ لە ناوچەکانی موکریان و کوردستاندا هەر بۆ مەبەستی دەسگیر، یان کوشتن و لەناوبردنی (هەمزاغا) بووە؛ بۆیە زۆربەی ئەو (١٥٥) نامەیە، بۆ کاری بنبڕکردنی هەمزاغا بووە و سەرومڕی ئەو نامانەش پێوەندییان بەم بابەتەوە هەبێ؛ بۆ ئەم کتێبە تەرجەمە کراون؛ کە ئەمە بۆ یەکەمین جارە، ئەم نامانە بۆ کاری (هەمزاغای مەنگوڕ) دەکرێنە کوردی.

٢- إفتتاح ناصری - نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، کە کوڕی (حیسامولمولک)ە و خۆی و باوکی لە ئەفسەرانی پایە بەرزی دەوڵەتی ئێران بوون و لە کاتی شۆڕشەکەی (١٨٨٠ز)دا، لە تێکڕای قۆڵەکانی: بناو، میاندواو، موکریان، سندوس، لاجان، شنۆ، مەرگەوەڕدا تا نزیکەی (٨-٩) ڕاستەوخۆ لە ڕیزی لەشکری ئێراندا دژی هێزەکانی کورد شەڕ و بەشداریی بەردەوامیان کردووە و هەر لەو سەروبەندەشدا ئەم کتێبەی وەک بیرەوەری ڕۆژانی شەڕەکان و سەروەریی خۆیان نووسیوە و بەو هۆیەوە کە خۆی ئەفسەر بووە و زانیاریی بەرەکانی شەڕ و مێژووی شەڕەکان و ناوی بەشدارانی هەردوو قۆڵەکەی لەشکری کورد، لە ئازەربایجانی خۆرهەڵات و ئازەربایجانی خۆرئاوا و ئەفسەران و سەربازی بەشداری دەوڵەتی ئێرانی زۆر بەوردی و ڕاستیی نووسیوە.

زانیارییەکانی ئەم کتێبە، لە چاو زۆربەی ئەو بەڵگە و بیرەوەری و کتێبانە دەوڵەمەندترن، کە تا ئێستا لەسەر شۆڕشی (١٨٨٠) نووسراون. (هەرچەندە ئەمیش هەر لە دید و بەرژەوەندی قاجارەوە نووسراوە).

ئەم کتێبە هێشتا دەستنووسە و نوسخەیەکی کە پێشکەش ناسرەدین شا کراوە، ئێستا لە کتێبخانەی میللی تاراندا بەژمارە: (٨٨٤-ف) و پێڕستی (ل-٤١٨) پارێزراوە. ئەم کتێبە (٨٦) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە، کە ڕووبەری لاپەڕەکانی بریتییە لە (٢٥سم × ١٥سم) و لە هەر لاپەڕەیەکیشدا (١٦) دێڕی بەخەتی شکستەی نەستەعلیق تێدا نووسراوەتەوە.

ئەم دەستخەتە بۆ یەکەم جار لە کتێبخانەی ناوبراوەوە بۆ کاری کتێبێکی پێشووترمان (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا - ١٨٨٠)دا، کرایە کوردی



و ئێستا بۆ دووەمین جار، بۆ کاری ئەم کتێبەی بەردەستتان کەڵکی لێوەردەگیرێ.

٣- تاریخ طیغان اکراد- مێژووی یاخیبوونی کوردان: ئەم کتێبە لە مانگی صەفەری ١٢٩٨ کۆچی -١٨٨١ز- واتە: لە ڕۆژانی شۆڕشەکەدا لە لایەن (ئەسکەندەر غوریانس)ەوە نووسراوە؛ کە ناوبراو لە ئەرمەنییەکانی سەر بەڕووسیا بووە و ساڵی ١٨٧٨-سکرتێر و وەرگێڕی (ئێکسپۆزیسیۆن)ی پاریس بووە. بەڵام لە کاتی شۆڕشەکەدا لە (سابڵاخ) بووە و کتێبەکەش هەر باسی ڕووداوەکانی قۆڵی سابڵاخ و دەوروبەری دەکات.

کورتەیەکی ئەم کتێبە، بۆ یەکەم جار لە لایەن (نادر میرزا)ی نووسەری کتێبی (تاریخ و جغرافی دار السلطنه تبریز - به ضمیمهء شرح حال بزرگان)، لە لاپەڕەکانی (٣٠٤ تا ٣٥٦)ی کتێبی ناوبراو، کرایە پاشکۆ، ڕووداوەکانیش بەگیانێکی نەیارانە دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم کتێبە لە ساڵی (١٣٢٣ کۆچی-١٩٠٥ز)دا، بۆ جۆرە چاپێکی ئەو سەردەمە ئامادە کرابوو؛ بەڵام ساڵی ١٩٤٥ز - لە تاران چاپکرا و جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٧٢ز -دا لە لایەن (محەمەد موشیری)یەوە چاپکرایەوە.

چەند نوسخەیەکی دەستخەتی ئەم کتێبە، لەم کتێبخانانەدا هەیەن:

- کتێبخانەی (آستانهء قدس رضوی- مشهد) ژمارە (٤١٨٠)ی دراوەتێ و پێڕستەکەیشی ئاوایە: (٧: ٣٢ - ٣٤).

- کتێبخانەی (مؤسسهء شرقی کاما- بومبی)، نوسخەی (مانکجی لیمجی هاتریا)، ژمارە (٣١٧)ی دراوەتێ و پێڕستیشی ئاوایە: (١٦٧).

- نوسخەی (میرزا ئەبولفەزل حیکمەت)، کە ساڵی ١٩٧٤ز- بیوک ئاقای خەتیبی - نوسخەیەکی تری لە بەر نووسیوەتەوە و (عەلی دەهقان)یش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: (سرزمین زردشت)، ئاماژەی بۆ ئەم کتێبە کردووە.

- کتێبخانەی میللی (ملک- تاران) ژمارە (٣٧٥٩)ی مێژووی ٢٨ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی دراوەتێ و پێڕستەکەیشی (٨٥:٢) و ژمارەی میکرۆ فیلمەکەیشی لە کتێبخانەی گشتی دانشگای تاران ئاوایە: (٥٠٦٤).

- عەبدوڵلا مەردوخ لە ڕووی ئەم دەستخەتەی سەرەوە، بەناوی: (قیام شێخ عبیدالله در عهد ناصرالدین شاه)، سەرلەنوێ لە ساڵی ١٣٥٦ هەتاوی - ١٩٩٧ز، بەچاپی گەیاندووە.

٤- شورش شێخ عبیدالله - ئەم کتێبە لە لایەن (عەلی خان گۆنەخان ئەفشار)ەوە

نووسراوه، کە نووسەرێکی فارسی، شیعی، ئازەری و خەڵکی (ورمێ) بووە و لەبەر گرنگیی ڕووداوەکەش، دوای ئەو، خەتخۆشانی تریش دەستا و دەستیان پێکردووە و چەند نوسخەیەکی تریان لەبەر نووسیوەتەوە... ناوبراو خۆی یەکێکە لەوانەی لە ڕۆژانی شۆڕشەکەدا، ڕاستەوخۆ دژی شۆڕشەکە شەڕی کردووە و بەرگریی لە ئابڵوقە شکاندنی ورمێ کردووە، کە هێزەکانی کورد، بەمەبەستی داگیرکردنی ئابڵوقەیان دابوو. واتە: کتێبەکە بەگیانێکی دوژمنانەوە نووسراوە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش کتێبێکی دەوڵەمەندە و زانیاریی زۆر بەکەڵکی تێدایە.

(ئەم کتێبە کراوەتە پاشکۆی کتێبی (تاریخ افشار)، لاپەڕەکانی ٥٢٥-٥٧٩، کە (میرزا ڕەشید ئەدیب الشعراء) نووسیوێتی و لە لایەن (پەروێز شەهریار ئەفشار)ەوە لە ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی -١٩٦٧ز-دا لە (ورمێ) چاپکراوە.

لەوە دەچێ (عەلی خان ئەفشار) خوێندەوارییەکی باشی نەبووبێ و هەمیشە (عبیدالله)ی بە(عبادالله) نووسیوە. ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی -١٩٢٦ز- ڕەحمەتوڵڵاخان ئیقبالی - ڕوونووسێکی ئەم دەستخەتەی نووسیوەتەوە و چاپی ئەو کتێبەی سەرەوە، لەم نوسخەیە وەرگیراوە.

نوسخەی دەستخەتی ئەم کتێبە، لەم شوێنانە هەن:

- کتێبخانەی میللی (ملک - تاران)، بەژمارە (٣٧٨٢) و بەخەتی (مورتەزا قولی کوڕی محەمەد ئیبراهیم) و لە ساڵی ١٣١٢ کۆچی- ١٨٩٤ز -دا نووسراوەتەوە. پێ√ستەکەیشی ئاوایە: (٣: ٥٤٤-٥٤٥).

- کتێبخانەی لەندەن: ئەم دەستخەتە بەم ئەدرەس و ژمارەیە هەیە:

Donnreet Lots Thernhauyhb Studies The Oriental
and Africaneool of orih Se
2388 - 637 - 171 - 44.001 wcl OXG
Persian Manucrip of Tarihk Al - Akrad icrsrersian
Manup

Ms. 46448

ئەم نوسخەیە بەخەتی (میرزا عینایەتوڵڵای لوڕکانی) نووسراوەتەوە و پێشکەشی (جەمشید کوڕی ئەردەشێر)ی ئەفشاری کردووە، دوای مەرگی (مەجد ئەلسەڵتەنە)ش کتێبەکە لەگەڵ سەدان دەستخەتی تری دەگمەندا، پەرتەوازەی کتێبخانەکانی دنیا بووە، تا لە دواییدا لە (کتێبخانەی قوتابخانەی فەرهەنگیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا -



سیواس-ی سەر بەزانکۆی لەندەن) گیرساوەتەوە. کتێبخانەی سیواسیش دەستخەتەکەی بەناوی (کورد) تۆمار کردووە. بەڵام ناونیشانی ئەمەیان ئاوایە: (تاریخ خروج اکراد وقتل وغارت عبیدالله بد نهاد، اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آذربایجان - سنه ١٢٩٧ه).

ئەم دەستخەتە (١٨٦) لاپەڕەیە، کە جگە لە دوا لاپەڕە، ئیتر هەمووی ساغن و خەتەکەی میرزا عینایەتیش لەو پەڕی جوانیدایە. عەلی خان ساڵی دەستپێکردن و نووسینی ئەم کتێبەی نەنووسیوە، بەڵام ساڵی (١٢٩٩ کۆچی- ١٨٨١ز) لە نووسینی بۆتەوە (مەجد ئەلسەلتەنە)ش پێشەکییەکی کورتی بەم جۆرەی بۆ نووسیوە:

(ئەم کتێبە بەخەتی خوالێخۆشبوو عینایەت لوڕکانی نووسراوە و خوالێخۆشبوو (عەلی خانی کوڕی میر - مەجد ئەلسەلتەنە)ی پێشوو ورمێ نووسیوێتی و (جەمشید کوڕی ئەردەشێر) پێشکەشی کردووە، تا نوسخەی تریشی لەبەر بنووسرێتەوە.

لە دوا وێنەکانیشدا (مەجد ئەلسەلتەنە) ئەم مێژووەی لەسەر دەستخەتەکە نووسیوە: سەرەتای ڕەمەزانی ١٣١٦ کۆچی و مۆری مەجد ئەلسەلتەنەی پێدا ناوە. بەم پێیە دەبێ (عەلی خان) لە نێوان ساڵانی (١٢٩٩ کۆچی - ١٨٨١ز)، (١٣١٦ کۆچی- ١٨٩٨ز) کۆچی دوایی کردبێت.

لە هەر لاپەڕەیەکدا (١٣) دێڕ نووسراوە و قەوارەی لاپەڕەکانیشی بریتییە لە (٧,٥سم × ١٦,٥سم). هەندێ جیاوازیشی لەگەڵ نوسخەکەی کتێبخانەکەی تاراندا هەیە.

٥- یادداشت عەلی ئەکبەر فەیز. نووسەری ئەم یادداشتە (١٨٢٩-١٨٩٤ز)، خۆی لە ئەدیبانی پڕکاری شاری (قوم) بووە و لە کاتی شۆڕشەکەی (١٨٨٠)دا، کوڕەکەی لە تەلگرافخانەی (بیجاڕ - گەڕووس) بووە؛ کە ڕووداوەکانی بۆ ئەو کوڕەی گێڕاوەتەوە، ئەویش لە دەفتەرێکی خۆیدا بۆ یادگار نووسیوێتی. نوسخەیەکی ئەم یادداشتانە، لە کتێبخانەی (ئایەتوڵڵا مەرعەشی - قوم) پارێزراوە و ژمارە (١: ١٨١-١٨٢)ی دراوەتێ، دکتۆر (حسین مودەڕیسی تەباتەبائی) ئەم یادداشتانەی کردووە بەوتارێک و لە گۆڤاری (وحید)ی ژمارە (٢٥٤ - ٢٥٥)ی ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی - ١٩٧٩ز -دا، چاپی کردووە.

٦- گزارش نمرە (٤) ئەبولقاسم: نووسەری ئەم ڕاپۆرتە، لە کاتی شۆڕشی (١٨٨٠)دا، کارگێڕی کاروباری دەرەوە بووە لە سابڵاخ، کاتی خۆی ئەم ڕاپۆرتە لە (ذیقعدەی ١٢٩٨ کۆچی- ١٨٨٠ز)دا، بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران نێردراوە و بریتییە لە گێڕانەوەی ڕۆژانەی شۆڕشەکە. ئەم ڕاپۆرتە لە بەشی (٣)ی زنجیرە کتێبی (گزیدەء اسناد سیاسی روابط ایران و عثمانی- ص ٦٧٤-٧٠١)دا، چاپکراوە.

٧- یادداشت میرزا حەسەن مونشی (کاتب): ئەم بیرەوەرییانە، حەسەنی کاتب ئەسرار نووسیویتی، کە ساڵانێکی زۆر، نووسەری میرزا حسین خانی سوپاسالاری ئێران و هاوسەفەری سەردانەکانی بووە، لە تاران و ئەستەموول و هاودەم و نووسەریشی بووە. ئەم بیرەوەرییانە، کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی بۆ نەکراوە؛ لە کۆتایی ئەو کتێبەدا نووسیویتی، کە ناوی ناوە: تبصره المسافرین و بریتییە لە ڕووداوەکانی ژیان و شەرحی حاڵی سەفەرەکانی خۆی لە ساڵانی ١٨٧٣ تا ١٨٨١.

٨- ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی کۆنی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێراندا پارێزراون، هەر هەمان وەزارەت، لەناو زنجیرە کتێبی: (گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی)، کە لە ساڵی ١٣٦٩ هەتاوی - ١٩٩٠ز - بەدواوە چاپ دەکرێن و تا ئێستا (٧) بەشیان لێ چاپ کراوە، لە بەشی (٢)ی ئەم زنجیرە کتێبەدا، ئەم (٣) بەڵگەنامەیە، تایبەتن بەهەمزاغای مەنگوڕەوە:

- بەڵگەنامەی ژمارە ١٨٣، بەرگی (٢)، ل٧٣
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٤٦، بەرگی (٢)، ل٦٢١
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٧١، بەرگی (٢)، ل٦٨٣

هەروەها لە بەرگی (٣)دا، بەڵگەنامەی ژمارە (٥٨٠)، ل٦٧٢، باسێکی گشتی هەمزاغا و کەمێکیش چۆنێتی کوشتنی هەمزاغای تێدایە.

٩- هەر بەپشتیوانی ئەو نامانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، زنجیرە کتێبێک، بەناوی: (اسناد و مکاتبات تاریخی ایران - قاجاریە)، لە لایەن محەمەد ڕەزا نەصیرییەوە، لە ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی - ١٩٨٧ز - تا ١٣٧٢ هەتاوی - ١٩٩٣ز - ژمارەی (٤) بەرگیان لێ چاپ و بڵاوبۆتەوە، لە بەرگی (٣)ی ئەم زنجیرەیەدا (٢) بەڵگەنامەیان کە بریتین لە یادداشتی دەوڵەتی ئێران و بۆ دەوڵەتی عوسمانی نێردراون، لە کاروباری شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠) و هەمزاغای مەنگوڕ دەدوێن، کە ئەمانەن:

- بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٨)، لاپەڕە: ٢٠٤
- بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٩)، لاپەڕە: ٢٠٨

١٠- لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی: حکومەتی ئینگلستان ساڵی ١٨٨٠ز، واتە: لە گەرمەی شۆڕشەکەی (١٨٨٠ز)دا، کتێبێکی بەناوی:
(Papers Parlamentary) چاپ و بڵاوکردبووەوە. ئەم کتێبە تایبەت بووە بەو ڕاپۆرت و نامانەی لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە و باڵوێز و کونسوڵەکانی



ئینگلستان، لە پێش شۆڕشەکە و لە گەرمە و لە دوای شۆڕشەکەش، لەسەر شۆڕشی ناوبراو کۆکراونەتەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٠، نەوشیروان مستەفا ئەمین ئەم کتێبەی دەستخستووە و پێشەکی بۆ نووسیوە و (جەمال میرزا عەزیز) لە زمانی ئینگلیسییەوە کردوویەتی بەکوردی و بەناوی (لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - بەڵگەکانی شۆڕشی ١٨٨٠)، لە هاوینی ١٩٩٩دا، وەک ژمارە (٣٥)ی چاپەمەنییەکانی دەسگای چاپ و پەخشی (سەردەم)، لە سلێمانی چاپ و بڵاوبۆتەوە. ژمارەی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە (١٦٠) لاپەڕەییە (١٥٠) بەڵگە و نامە زیاترە. کتێبێکی بەنرخە و زانیاریی زۆر گرنگی تێدایە، کە ئەوانەی بۆ ئەم کتێبەی بەردەستتان گوێزراونەتەوە، لە جێی خۆیاندا ئاماژەیان پێدەکرێت.

# بەشی یەکەم

## ١/١: بەسەرکردنەوەیەکی مێژوویی ئێلی بلّباس (مەنگوڕ)

هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە لەسەر ئێلی بلّباس نەکراوە. میر شەرەفخانی بتلیسی لە بارەی ئێلی بلّباسەوە دەڵێ: (... ئێلی ڕۆژەکی، ڕۆژێکیان ٢٤ تیرەی کورد، لە شوێنێک بەناوی - تاب -ی سەر بەمەڵبەندی - خویت - کۆبوونەوە و بوون بەدوو بەشەوە: دوازدە تیرەیان بلّباسی و دوازدەکەی تریشیان بە- قەوالیسی - ناسراون... بلّبیس و قەوالیس دوو گوندن لە ناوچەی هەکاری و بەپێی گێڕانەوەیەکیش دوو هۆزن لە ئێلەکانی بابان[١] ساڵی (١٨٢٠ز)یش کە کلودیوس جێمس ڕیچ (١٧٨٧ - ١٨٢١ز) سەردانی کوردستانی کردووە، بێئەوەی جوگرافیای ئەم ئێلە دیاری بکات، لە بیرەوەری ڕۆژی (١١/٧/ ١٨٢٠ز)دا، هەندێ زانیاریی لە بارەی ئێلی بلّباسەوە یادداشت کردووە: (... بلّباسەکان لەم هۆزانە پێکهاتوون:

١- کابایز (بنەماڵەی فەرمانڕەوایە و نزیکەی دوو سەد کەس دەبن). ٢- مەنزوور. ٣- مامەش.٤- پیران. ٥- ڕەمک. ٦- سن وقاقا:

ئەم دووانە هەردووکیان هۆزێک پێکدێنن... سەرۆک ئێلەکەیان پێی دەوترێ: مەزن... دەسەڵاتی سەرۆکیش دیار و چەسپاوە و کەسیشیان لێی لانادەن و ئەنجوومەنی دەم سپیانیش یاریدەی دەدەن... بلّباسەکان لە جێی خۆیاندا مل بۆ دەسەڵاتی کەس نادەن؛ ئیتر ئەگەر تورکیاش بێت یان ئێران. بەڵام کە بەرەو قەرەچوق دەچنە خوارەوە - کە چەند ساڵێکە وازیان لەمیش هێناوە، هەندێ سەر مەڕ، وەک باج، بۆ بەگ دەبەن. چەکیان یەکجار زۆر خۆشدەوێ. زۆر لە گەورەکانیشیان جبەخانەی تایبەتی خۆیان هەیە...)[٢]

هەروەها میرزا محەمەد جەوادی قازی (کە دواتر بوو بەدکتۆر جەوادی قازی)، ساڵی ١٩٠٩ز، لە گۆڤاری (clobus)ی ئەڵمانیدا، وتارێکی دەربارەی هۆزی (مەنگوڕ) نووسیوە، کە ئەمە هەندێ بڕگەی ئەو وتارەیە:

(١) امیر شرفخان بدلیسی، شرفنامه، بکوشش محمد عباسی، مؤسسه اطلاعات، تهران ١٣٦٣ش، جلد (٢) ل٤٦٧ - ٤٦٨

(٢) گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، گۆڕینی لە عەرەبییەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، تەورێز ١٩٩٤، ل١٦٥-١٦٦



(... جێگەی نیشتەجێبوونی هۆزی مەنگوڕ، ڕاستەوخۆ لە باشووری سابڵاخەوە دەست پێدەکات، کە چەقی مەڵبەندی موکرییەکانە. لەوێوە شۆڕ دەبێتەوە تا دەگاتە زنجیرە چیای وەزنێ... لە خۆرئاواشەوە لەگەڵ هۆزی مامەش هاوسنوورن، کە ئەو ناوچەیە شانۆی شەڕە و سنووری نێوان ئێران و تورکیایە... مەنگوڕەکان بەدیالیکتیکی کوردی دەدوێن، کە زۆر لە شێوەی موکرییەوە نزیکە و لەسەر زاریش ڕەوانە و ئاوازێکی خۆشی هەیە و بەچاکیش خۆی لە کارتێکردنی زمانی تورکی و عەرەبی پاراستووە... هەندێ وشەیان هەیە، ئاوازەکەی لە ئەرمەنی دەچێ. هەر لەسەر ئەم بناغەیەشە ئەرمەنەکان؛ مەنگوڕ بەخزمی خۆیان دادەنێن؛ گوایە لە سەردەمی کۆندا مەنگوڕەکان لە بەرزاییەکانی ئەرمینیاوە کۆچیان بۆ بەرەو باشوور کردووە و لەم شوێنانەی ئێستادا گیرساونەتەوە...[١] پێش نزیکەی (٧٠) ساڵێک[٢] مەنگوڕەکان تەنیا یەک هۆز بوون و یەک (کادەروێش - سەرۆک هۆز) سەرکردایەتی دەکردن، ئەویش باپیر ئاغای مەنگوڕ بوو، کە (٢١) کوڕی هەبوو. هەر لە سەردەمی ژیانی خۆیدا، ئەو گوندانەی لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون، بەسەر کوڕەکانیدا دابەشی کردن. ئەمڕۆش (١٩١٠ز) مەنگوڕ بەسەر (٢١) تیرەدا دابەش کراوە. هەر تیرەیەکیش یەک (کادەروێشی) سەرکردایەتی دەکات. سەرۆکی هەموو هۆزەکان ناوی (مەزن)ە... هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە مەنگوڕەکان لەگەڵ دەوڵەتدا لە گیروداردا بوون، کە بەهێزی چەک، نەیانتوانیوە سەر بەم هۆزانە دانەوێنن، بۆیە بەفێڵ و تەڵەکەبازیی بەسەریاندا زاڵ بوون...)[٣]،[٤].

***

## ٢- زوڵمی بێبڕانەوەی سەفەوی و قاجاری لە ئێلی خۆڕاگری بلّباس

### ١/٢: سەردەمی سەفەوی:

لە دوای داگیرکردنی قەڵای دمدم (١٦٠٩ز) لە لایەن شا عەباسی یەکەمەوە (١٥٨٧ - ١٦٢٩ز)، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی ئێلی برادۆست بەجارێ لەبەریەک هەڵتەکی؛ دوای ماوەیەکیش پەیماننامەی ئاشتی زەهاو (١٦٣٩)ی نێوان سەفەوی و عوسمانی مۆرکرا و

(١) لەگەڵ قسەکەی میر شەرەفخان نزیکایەتییەکی هەیە، کە دەڵێ: گوندی بلّبیس لە ناوچەی هەکاری دایە.

(٢) واتە: (٧٠) ساڵ بەر لە ساڵی (١٩١٠ز)، کە دەکاتە (١٨٤٠ز)

(٣) گۆڤاری سروە، ساڵی (٣)، ١٣٦٦ هەتاوی، ژمارە (١٨)، لاپەڕە ٢٤-٢٥.

(٤) لێرە بەدواوە میرزا جەواد بەسەرهاتی بەفێڵ و تەڵەکە بەکۆمەڵ کوشتنی باپیری ئاغای مەنگوڕ و (٢٠٠) کەس لە دەستوپێوەندەکانی لە لایەن (ئەحمەد ئاقای موقەددەم)ی حاکمی مەراغەوە باس دەکات، کە وەک دواتر باسی دەکەین ئەو (٢٠٠) کەسە، بۆتە (١٠٠٠) کەس.

دەوڵەتی سەفەوی ئەو دەرفەتە ئارامەی نێوان خۆی و دەوڵەتی عوسمانی بەهەل زانی و ویستی دەسەڵاتی ئێلی بڵباس کەم بکاتەوە، کە لەو کاتەدا لە باشووری زەریاچەی (ورمێ)وە، مەترسیی بۆ دەسەڵاتی سەفەوی لە هەردوو ناوەندی (ورمێ) و (مەراغە) دروست دەکرد... بۆ ئەم مەبەستەش، دەسەڵاتی بێ سنووری بۆ کاربەدەستانی خۆی ڕەها کرد، تا پرزەی ئەم ئێلە ببڕن.

ساڵی ١٧١٥ لەسەر داوای عەجەم لە دیوی عوسمانییەوە، والی بەغدا و لەودیوی ئێرانیشەوە والی ئەردەڵان، لەشکرکێشییەکی گەورەیان بۆ سەر ناوچەکانی بڵباس نشینەکان برد.[1] ساڵی ١٧٢٢ خوداداد بەگی ئەفشار بەلەشکری عەجەمەوە هێرشی بۆ سەر ناوچەی (لاجان) برد، لە بناری چیای قەندیل، کە مەڵبەندی ئێلی بڵباس بووە لە گەڕانەوەیدا بەتاڵانی و دیلەوە، ئێلی بڵباس لە ناکاو هەڵمەتیان بردە سەری و پاسەوانەکانیان کوشت و دیلەکانیان لێ سەندەوە و تاڵانەکەشیان پێ بەجێهێشتن. خوداداد بەگ لەسەر ئەم ڕسواییە خۆی کوشت.[2] ناوبراو پێشتر لە پاداشتی ئەوەی لە تەنگی (ئاب گەرم)دا، شۆڕشگێڕانی کوردی شکاندبوو، دەرباری ئێرانی نازناوی (خان)ی پێبەخشیبوو، کردبوویە (بێگلەر بەگ - بەگی بەگەکان).

لە سەردەمی دەسەڵاتی نادر شادا (١٧٣٥ - ١٧٤٧)، محەمەد حسێن خانی بەگلەر بەگی ئەفشار، داوای لە نادر شا کرد بۆ سەرکوتکردنی ئێلی بڵباس یارمەتی بدات. ئەویش هێزێکی گەورەی بەسەرکردایەتی نەسیروڵڵا میرزای کوڕی و ئیبراهیم خانی زەهیرولدەولەی برایدا بۆ نارد، لەگەڵ هێزەکانی محەمەد عیسا لە نزیک سابڵاخ یەکیان گرتەوە و هێرشیان بۆ سەر (ترکەش)ی بناری قەندیل برد. ئێلی بڵباس هەر (٢) هەزار کەس دەبوون، هەندێکیان کوژران و هەندێکیان گیران و ئەوانیتریشیان هەڵاتن.[3]

ساڵی ١٧٣٧، جارێکی تریش والی بەغداد بەبیانووی جەردەیی و ڕێگریییەوە، بۆ ڕاونان و تاڵانکردنیان، چووەوە سەریان. شایەتێکی ئەو ڕۆژگارە دەنووسێ: ئەوانە جەردە نەبوون، بەڵکو ئەو قسەیە بۆ مەبەستێک بوو، کە والی دەیویست. ئەگینا ئەوانە شافیعین و خاوەنی غیرەت و حەمیەتی دینین، زۆریان قوتابی عیلم و خاوەنی مزگەوت و گوندن.

(١) المحامی عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین. ج (٣) ط (٢)، قم، منشورات الشریف الرضی، ١٤١٠ق، ١٣٦٩ش، ل١٨٨.
هەروەها: مەستوورەی ئەردەڵانی، مێژووی ئەردەڵان، ل٣٦-٣٩
(٢) میرزا رشید ادیب الشعراء، تاریخ افشار، بانضمام قیام شیخ عبیدالله، بەتصحیح و اهتمام پرویز شهریار افشار و محمود رامیان، تبریز، چاپخانە شفق، ١٣٤٧ش، ل٦٧
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٨٤



ڕێزی میوان دەگرن. بەڵام والی بەغداد دەیویست پەلاماریان بدات و تاڵانیان بکات. ئەو دەسکەوتانەی مەبەستی بوو، دەستی کەوتن.[1]

ساڵی ١٧٦٦ز، ئێلەکانی بڵباس و زەرزا شۆڕشیان دژی زوڵمی عەجەم هەڵگیرساند. بناری قەندیل و شنۆ و تا ناوچەی دۆڵیان لە عەجەم ئازاد کرد. هێزەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاریی دامەزراندن. هێزەکانی عەجەمیش بەسەرکردایەتی ڕۆستەم خانی حاکمی ورمێ، لە ڕێگەی جاریجان و قاشقەگدوگەوە بۆ سەر لاجان و محەمەد بەگی سەرۆکی قەرەحەسەنلوو و موئتەمین خانی حاکمی سایین قەڵا-ش لە گەلی قاسملووەوە بۆ سەر شنۆ چوون. کابایزی مەزنی بڵباس لە شنۆوە سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد. ئێلی زەرزا لە (دەشتەبێڵ)ی نێوان سندوس و گەلی قاسملوودا شکان و لە گەردەنەی شنۆ خۆیان گرتەوە... لەم شەڕەدا لە کورد، کابایزی مەزنی بڵباس و لە عەجەمیش: محەمەد بەگی قەرەحەسەنلوو کوژران.[2]

٢/٢: کوشتنی بەکۆمەڵی مەنگوڕ:

لە نێوان ساڵانی ١٧٧٦ - ١٧٩٤، کە ململانێی نێوان بنەماڵەی زەند و قاجار و چەندان کەسی تر لە ناودارانی ئێران، لەسەر گرتنە دەسەڵاتی ئێران، لەوپەڕی توند و تیژیی و هێشتا بەلایەکدا نەکەوتبوو، نەجەف قولیخانی بەگلەر بەگی تەورێز، بەتاوانی ڕاو و ڕووت، حاجی محەمەد ئاغای مەراغەی کوشت (١٧٧٧). دوای ماوەیەک ئەحمەد ئاغای کوڕی، لە جێگەی باوکی، کرابووە حاکمی (مەراغە).

لەو ڕۆژگارەدا بەپێی قسەی (میرزا ڕەشید)ی نووسەری (تاریخ افشار)، (... ئێلی بڵباس، کە دانیشتووی ناوچەکانی: لاجان، ورمێ، سندوس بوون، بەردەوام دەستدرێژییان بۆ سەر مەڵبەندەکانی ورمێ و مەراغە دەکرد و ئەوەندەی دەیانتوانی لە کوشتنی خەڵک و تاڵان کردنی ماڵ و سامانیان درێغیان نەدەکرد. ئەحمەد ئاغا بۆ تەمێکردن و گوێڕاکێشان، بگرە بۆ ڕەگوڕیشە دەرکێشانی ئەم تایەفە ملهوڕ و شوومە، هیمەتێکی بەرزی نواند.

لەو کاتەدا سەرۆکی ئێلی ناوبراو (باپیر ئاغای مەنگوڕ) بوو، کە بەزاراوەی خۆیان پێی دەڵێن (مەزن) و بەئازایەتی و سەرکێشیی ناویان دەرکردبوو. ئەحمەد ئاغا بەناردنی نوێنەر و نامە، بناغەی دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ ناوبراو دامەزراند و بەڕشتنی دانی فێڵ و تەڵەکە، بۆ ناو داوی تەزویری ڕاکێشا... نامەی بۆ باپیر ئاغا نووسی:... هەموو

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥-١٦٦

دنیا دەزانێ دوژمنایەتی نێوان من و نەجەف قولیخانی بەگلەر بەگی تەورێز، تا کوێیە. چونکە ئەو کابرایە (حاجی عەلی محەممەد)ی خوا لێخۆشبووی باوکمی بەتەڕن و فێڵ کوشت. سەندنی خوێنی باوکیش لەسەر کوڕ پێویستە. بۆیە تکام وایە لەگەڵ هەندێ لە ئێلەکەی خۆت، هەنگاوی یارمەتیدان هەڵگری و مافی دۆستایەتی بەجێ بهێنیت. هەڵبەت لەوەشدا دەسکەوت و تالانی زۆر، لە شتومەکی تەورێز و دەوروبەریتان پێدەبڕێت.

باپیر ئاغای مەنگوڕیش بەتەماعی شتومەک فریو درا. لەگەڵ (١٠٠٠) کەس لە لاوانی ئازا و سوارەی جەنگ دیدەی مامەش و مەنگوڕ، بەپۆشتە و چەکەوە بۆ (مەراغە) چوون. ئەحمەد ئاغا بۆ پێشوازیکردنیان لە شار هاتە دەرەوە و بۆ ناو شاری بردن و لە ناو ماڵەکانی شاردا، هەر پێنج و دە کەسیانی لە ماڵێکدا دامەزراند و کەلوپەلی پێویستیشی بۆ ماڵی هەر یەکێک لە سەرانی ئەو تایەفەیە نارد... بەڵام لەپێش هاتنیاندا تەگبیری کوشتنیانی لەگەڵ ئەعیان و کوێخایان و سەرانی سپای موقەددەم کردبوو. بەشێوەیەک کە هەر چەند کەسێک لەوانە، لە ماڵی هەر کەس کە میوان بن، خاوەنی ئەو ماڵە لە کاتی دیاریکراودا، کە دەنگی گوللەی تفەنگێکی بیست، میوانەکانی خۆی لە کاتی خەودا بکوژێ و لە ناویان بەرێت. خاوەن ماڵەکانیش لە کاتی دیاریکراودا، لە نیوەشەودا، کە بۆ کارەکە بێدار بوون، هەرکە گوێیان لە دەنگی گوللەی تفەنگ بوو، بەجارێ بەسەریان دادان و ڕەوانەی دیاری عەدەمیان کردن؛ بەشێوەیەک کە لەو (١٠٠٠) کەسە، یەکێکیان بەزیندوویی دەرنەچوون.

بۆ بەیانی، سەری بڕدراوی ئەوانەیان بردە بەرچاوی ئەحمەد ئاغا و لاشەی مەزنەکەیان (باپیر ئاغا)ی بەدەروازەی شاردا هەڵواسی و بۆ سەیرکەرانیان کردنە پەند.

هێشتا ئەم هەواڵە بڵاو نەبووەوە؛ دەمەو بەیانی بەوپەڕی ئامادەییەوە، بەغار هەڵیکوتایە سەر ناوچەی (لاجان)،[١] ئەشرار غافڵگیر کران و سامان و دارایی تاڵانکردن و بەدەسکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە. کاتێ ئەم کارەساتە ترسناکە لە ئێلی بڵباس قەوما، ئەشرار لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەم بەڵا لابەلایە بگاتە ئەوانیش، تێکڕا سوێندیان بۆ یەکتر خوارد و یەککەوتن، کە بۆ تۆڵەی خوێنی باپیر ئاغا، هێرش بۆ سەر ناوچەی (مەراغە) بەرن و تۆڵەی ڕووداوەکە بکەنەوە.

ئەحمەد ئاغا بەبیستنی ئەم بەرنامەیەی ئەشرار پەشۆکا، ناچار ئەو دەستی خۆی

(١) چەندە سەیرە! نووسەرانی ئەفشار، سەرکردەکانی خۆیان بەو جۆرە هەڵدەکێشن، ئەگینا نێوانی (مەراغە) و (لاجان) سەدان کیلۆمەتر لە یەکتر دوورە.



پێشخست و لە کاتێکدا ئەوان لە شاری سابڵاخی موکریان بوون، لە ناکاو لە چەمی (جەغەتوو) و (تەتەهوو) بۆیان پەڕییەوە و لە ناکاوێکدا کە ئەوان لەم هێرشە بێ ئاگا بوون، هێرشی کردە سەریان. کۆمەڵەکەیان پەروازە بوو. ئازایەتی سەرانی موقەددەم زیادی کرد و ڕیزەکانی ئەشرار شڵەژا. سەرئەنجام نەیاندەزانی بۆ چارەی ئەم کارەساتە، چی بکەن. ئەوە نەبێ کە پەنا بۆ پاشای قەراچوران (مەبەستی پاشای بابانە لە قەڵاچوالان) برد و سکاڵانامەیەکیشیان بۆ عەلی مراد خانی زەند نووسی، کە لەو ڕۆژانەدا سوڵتانی فارس و عیراق بوو. لەوێوە لەسەر داوای ئەوانە، فرمانێک دەرچوو، کە (مەحموود پاشای قەڵاچوالان یارمەتی کوردەکان بدات، کەلوپەلی میرانی بڵباس لە ئەحمەد ئاغای موقەددەم، حاکمی مەراغە بسێنێتەوە و لە فرمانڕەوایی مەراغەیشی لابدات و بوداق خانی سابڵاخی موکری لە جێگەی ئەحمەد ئاغا بکاتە حوکمڕان.

کاتێ ئەم دەنگوباسانە بەئەحمەد ئاغا گەیشتن، لە ڕێگەی نامە و نوێنەرەوە داوای یارمەتی لە ئیمامقولی بەگلەر بەگی ورمێ و ئەحمەد خانی دونبولی حاکمی (خۆی) کرد. بەپشتیوانی ئەفشار و دونبولی، بەسەر مەحموود پاشادا زاڵ بوو، لەبەر ئەوەی مەحموود پاشا لەو شەڕەدا گوللەی تفەنگێکی بەر کەوتبوو. برینەکەی سەخت بوو، مرد.[١] بەپێی گێڕانەوەیەک ئەم ڕووداوە ساڵی ١١٩٨ کۆچی، ١٧٨١ز، بووە.

دوای ئەم ڕووداوانە و دوای کوشتنی بەکۆمەڵی ئێلی مەنگوڕ، ئەحمەد ئاغای موقەددەم، نازناوی (خان)ی لەسەر ئەم تاوانە دراوەتێ و ئیتر بە: ئەحمەد خانی موقەددەم ناسراوە!.[٢] شایەر و بەیتبێژانی کورد، ئەم بەسەرهاتەی باپیر ئاغای مەنگوڕیان کردۆتە (بەیت) و ئۆسکارمانیش لە سەرەتای سەدەی ڕابووردوودا تۆماری کردووە.[٣]

چەند ساڵێکیش دوای کوشتنی بەکۆمەڵی ئێلی بڵباس، محەمەد قولیخانی حاکمی ورمێ، ساڵی ١٢٠١ کۆچی - ١٧٨٦ز، هێزێکی گەورەی ناردنە سەر. لەو کاتەدا قەرەنی ئاغا (مەزن)ی ئێلی بڵباس بوو. هەردوولا لەسەر چەمی (لاوین)ی لاجان تێکهەڵچوون. بڵباس شکان و بۆ ناو چیاکان هەڵاتن. ماڵ و سامانیان تاڵانکرا.[٤]

***

(١) مەحموود پاشای بابان، باوکی ئەوڕەحمان پاشای بەناوبانگی بابانە.
(٢) میرزا ڕەشید، ل١٨٩-١٩١
(٣) ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، بەرگی دووەم، ل٧٤٢-٧٥٩
(٤) میرزا ڕەشید، ل٢٣٩

### ٣/٢ سەردەمی قاجاری:

ئاقا محەمەد خانی قاجار (١٧٧٩ - ١٧٩٦) بەمەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتی شاهێتی خۆی، ڕووی لە ئازەربایجانی خۆرئاوا کرد. ویستی محەمەد قولیخانی حاکمی ورمێ بگۆڕێ. ئەویش لە ترسی گیانی خۆی، پەنای بۆ ناو ئێلی زەرزا لە ناوچەی شنۆ برد. ئاقا محەمەد خان فرمانی بەقاسم خانی حاکمی تازەی ورمێ کرد (کە برای محەمەد قولیخان بوو)، تا لەگەڵ عەسکەرخاندا بۆ تەمێکردنی ئێلی زەرزا بچن. ئەگەرچی محەمەد قولیخان بۆ لای ئاغا محەمەد خان گەڕایەوە و بەخشییان، بەڵام لەسەر ئەوەی ئێلی زەرزا داڵدەیان دابوو، بووە بیانوو بۆ پەلاماردانی. ئێلی زەرزاش داوای لە ئێلەکانی بڵباس و هەرکی کرد، تا لە بەرامبەر هێرشی لەشکری قاجاردا بەدەنگییەوە بچن. قاسم خان جگە لە هێزی ئەفشار، هێزەکانی دونبولی و موکریشی لەگەڵ خۆی بۆ سەر زەرزا بردبوو. هێزەکانی موکریان ژێر بەژێر لەگەڵ هێزەکانی زەرزا یەککەوتبوون، تا شەڕی یەکتر نەکەن. هێرشی قاجار تێکشکا و هەزار کەس لە شەڕکەرانی ئەفشار و دونبولی کوژران.[1] عەباس میرزا (١٧٨٩ - ١٨٣٤)ی نائب السلطنه و کوڕی فەتح عەلی شای قاجار (١٧٧١ - ١٨٣٤)، کە ماوەیەکی زۆر لە ئازەربایجان فرمانڕەوایی کرد و لە سەردەمی ئەمدا جەنگی درێژ خایەن و چەندین قۆناغەی ڕووسی - ئێرانی و جەنگی عوسمانی - ئێرانی، کە ئەویش هەر چەندین ساڵی خایاند، باری سەرشانی هەموو خەڵکی ئێرانی قورس کردبوو، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان.

ئێلی بڵباس کەڵکیان لە شپرزەیی دەسەڵاتدارانی قاجار وەرگرت و ساڵی (١٨٠٠ز) ناوچەکانی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی قاجار دەرهێنا و تا نزیک قەڵای ورمێ پێشڕەوییان کرد. هێزەکانی قاجار چەند جارێک چوونە سەریان و نەیانتوانی چارەیان بکەن.[2]

عەباس میرزا فرمانی بە: حسێن قولیخانی بەگلەر بەگی ئەفشار و ئەحمەد خانی موقەددەم کرد، تا هەریەکەیان بەهێزەکانیانەوە لە ئاقاری چەمی (گادەر) یەک بگرنەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە پەلاماری ئێلی بڵباس بدەن و ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت بکەن... لەم سەروبەندەدا قاجارەکان توانیبوویان هەندێ لە ئێلە کوردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ملکەچی ژێر فرمانی خۆیانیان بکەن.

بۆ ئەم هێرشە، هەندێ لە شەڕکەرانی ئێلی شوکاک و زەرزا و شەفرتیان ساز درابوون، هەموویان لە سندوس کۆبوونەوە و تۆپخانەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. هێزەکانی بڵباس -

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥-٢٦٦

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٠٨



یش لە دەشتی لاجان دامەزرابوون. هۆزی (پیران) بەسەرۆکایەتی مامەند ئاغا و هۆزی مەنگوڕ بەسەرۆکایەتی هەمزاغا و هۆزی (مامەش) بەسەرۆکایەتی سوار ئاغا و هۆزی (باڵەک) بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم سوڵتان بوو.

حسێن قولیخان کە سەرکردەی گشتیی هێزەکانی قاجار بوو، هێزەکانی خۆی بۆ شەڕ دابەش کرد. شەڕکەرانی ئێلی شوکاک بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل ئاغای شکەفتی بەچەرخەچی لەشکر و شەڕکەرانی ئەفشاری لە قۆڵی ڕاست و شەڕکەرانی موقەددەم و مەراغەیی لە قۆڵی چەپ دانا و خۆیشی لە ناوەڕاستی هێزەکەدا جێگەی گرت و تۆپخانەیان لێ دابەستن.

لە ڕۆژی هەینی (١)ی سەرەطانی ١٢١٦ کۆچی - ١٨٠٣ز، هێرشیان دەست پێکرد.

نابەرامبەرییەکی ئاشکرا لە ژمارە و چەک و ڕێکخستنی ئەم دوو هێزەدا هەبوو. لە ئاکامی شەڕەکەدا ئێلی بڵباس تێکشکا و شپرزە بوو. ژمارەیەکی ئەوەندە زۆریان لێ کوژرا، بەقسەی میرزا ڕەشید، بەفرمانی بەگلەر بەگ، لە بناری چیای قەندیلدا (لەسەری بردراوی ئەم ئێلە، لە دوو جێگە منارەیان دروست کرد و موئەزین بۆ بانگدان لەسەریان ڕاوەستان). پێنج شەش ئەسپی ڕەسەنی ئەو تالانییەشیان هەڵبژارد، لەسەری بردراوی شەڕکەرانی کوردیان بار کردن و بەڕەشید سوڵتان قاسملووی ئەفشاردا بەدیاری بۆ فەتح عەلی شای قاجاریان نارد.[1] ماڵ و ڕان و مێگەل و دارایی ئەم ئێلە تێکشکاوە و هەرچی بەردەستی لەشکری قاجار کەوت، بەتاڵان برا.

ساڵی (١٢٢٧ کۆچی - ١٨١٣ز)، کە عەباس میرزا لەگەڵ ڕووسیادا خەریکی گفتوگۆی ڕێکەوتننامەیەکی دۆڕاو بوو، تالانکردنی ئێلی بڵباسی بەئەحمەد خانی موقەددەم و عەسکەرخانی ئەفشار سپارد، بەو مەرجەی لە بەرامبەر ئەو تالانییەدا (١٥) هەزار تمەنی بەدیوانی بەرزی عەباس میرزا بدەن.[2] ئەحمەد خانیش بۆ ئەوەی عەسکەرخان لەو دەسکەوتە بێبەش بکات، خۆی بەتەنیا چووە سەریان، کوشتاری لێکردن و سەرلەنوێ تالانی کردنەوە. عەباس میرزا بۆ ئەوەی تەنگ بەئێلی بڵباس هەڵچنێ، یاخود بەقسەی میرزا ڕەشید: بۆ دەفعی شەڕی ئەم تایەفە سەر لێشێواوە، ناوچەی سندوسی بەئێلی قەرەپەپاغ بەخشی،[3] کە لە ئەنجامی دەست هەڵگرتنی ئێران لە ناوچەکانی ئەوبەری

(١) هەمان سەرچاوە، ل٣١١-٣١٢

(٢) هەمان سەرچاوە، ل,٣٥٣ هەروەها: عبدالرزاق دنبلی، مآثر سلطانیه، بەاهتمام غلام حسین صدری افشار، ج/٢، تهران. انتشارات ابن سینا، ١٣٩٢ق، ل٢٧٥

(٣) میرزا ڕەشید، ل٥٠٤

رووباری ئاراس، بۆ وڵاتی رووسیا، ناچار بوون كۆچ بۆ ئێران بكەن. ساڵی ١٨١٧ز، دەرباری ئێرانی بۆ ئەوەی بەیەكجاریی توانای ئەم ئێلە لە بن بهێنێ؛ ئەمیر خانی قاجار (خاڵی عەباس میرزای نائب سەڵتەنە)، لەناوبردنی پاشماوەی ئەم ئێلەی بەهاوكاری سپاكانی ئەفشار و موقەددەم پێ سپێردرا. ئەویش دوو ساڵ لەسەر یەك هەڵیكوتایە سەریان. دوای كوشتار و تاڵان، پەرتەوازەی كردن و هەتا شارەزوور و گەرمیان ڕاوی ناون.[1]

لە ئاكامی ئەم شەڕ و هێرشە نابەرامبەر و بەردەوامەدا، كە هێزەكانی سەفەوی و قاجاری، بۆ سەركوت و لەناوبردنی ئێلی بڵباس دەیانكرد، بەشێكی زۆری ئێلی بڵباس ناچاركران لە مەڵبەندە دێرینەكانی خۆیانەوە، كۆچ و ڕەو بۆ شار و ناوچەكانی: هەولێر، مووسڵ، شارەزوور، بیتوێن، پشدەر، بناری چیای كۆسرەت و دۆڵی شەهیدان و... بكەن. جگە لەوەی لە دوای كوژرانی بەكۆمەڵی پیاوە هەڵبژاردەكانی ئێلی مەنگوڕ و (باپیر ئاغا)ی مەزنیانەوە، بنەماڵەكانی ئێلی مەنگوڕ، تا نزیكەی سەدەیەكیش، بەناوی ئافرەتەوە ناونرا بوون، وەك: ئامان، شەمع یان: شەم، زین، زەڕین، مروەت و...[2]

***

**سەرنج:**

ئەم بەسەركردنەوە دێرینەیەی ئێلی مەنگوڕ، دەكەوێتە ئەو قۆناغە مێژوویییەی كە ئێلەكانی: مەنگوڕ، مامەش، برادۆست و پیران هاوپەیمانییەكی ئیلایەتییان پێكهیناوە و بەم كۆنفدراسیۆنەیان وتووە: «بڵباس» و ئەم پەیمانە تا ساڵانی چلەكانی سەدەی بیست بەردەوام بووە، كە ئێستا پێكهاتەی ئەم كۆنفدراسیۆنە وەك خۆی نەماوە.

(١) هەمان سەرچاوە، ل.٣٧١ هەروەها: عبدالرزاق دنبلی، ل٣٢٢

(٢) گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد (٢) ل٧٣٤



### ٣- هەمزاغای مەنگوڕ كێیە!؟

دەمێكە پەندێكی كوردی بەسەر زمانی خەڵكەوەیە، دەڵێ: (هەرچی سمێڵی سوور بوو، هەمزاغا نییە). ئەم پەندە ئەگەرچی ڕەنگی مووی سمێڵ و پێستی هەمزاغامان بەبیردا دێنێ، كە ڕەنگیان (سوور) بووە؛ بەڵام لە بناواندا بەو كەسانە وتراوە، كە ئەگەر بەڕەنگ و ڕواڵەتیش لە كەسێكی ئازا و ناودار بچێ؛ بەڵام مەرج نییە بەكردەوە وەك ئەو كەسە ناودارە، ئازا و كردە بن... ئەو كەسە ئازا و ناودارەش لەم پەندەدا (هەمزاغای مەنگوڕ)ە، كە دیارە هەمزاغا مرۆڤێكی كردە و توانا و جوامێر و بەدەستوبرد بووە، بۆیە لای خەڵكەوە كراوەتە ڕەمز و پەند و لە ناوچەی موكریانیش كراوەتە (بەیت). واتە: لای خەڵك بۆتە ئەفسانەیەكی شیرین و باڵا.

ئەگەر مێژووی ئەم پەندە، نزیكەی (١٤٠ تا ١٢٢) ساڵێك لەمەوبەر بووبێت، كە وەك دواتر لە بەڵگەنامەكانی بەردەستماندا دەردەكەوێ و لە ساڵانی ١٨٥٤ تا ١٨٨١ و بۆ ماوەی (٢٥) ساڵێك هەردوو دەوڵەتی قاجاری و ئیمپراتۆری عوسمانی هەراسان كردبێت و بووبێتە جێی سەرنج و ئاوڕدانەوەی بەشێكی زۆری خەڵكی كوردستان؛ بەڵام مێژووی ژیان و ناسنامەی خودی هەمزاغا، هێشتا كەمێك نادیار و تەم و مژاوییە و لە مێژووی كوردیشدا، جگە لە (بەیتی هەمزاغا) و جگە لەوەی كە هەمزاغا، ئەوەی باپیر ئاغای مەنگوڕە؛ ئیتر بەڵگەی نووسراو، لەسەر پێشینەی هەمزاغا لەبەر دەستدا نییە.

لەبەر ئەوە ئەو سەرچاوانەی زانیارییی بەكەڵكیان دەربارەی ژینامەی هەمزاغای تێدابێت، بەلای زۆرەوە، هەر بەڵگەنامەكانی قاجاری و عوسمانی و ئینگلستانن، كە هەموشیان لە سەردەمی ژیانی هەمزاغادا نووسراون.

١/٣: سەرەتای دەركەوتنی بەڵگەنامە لەسەر هەمزاغا

لە ئەرشیفی قاجاریدا، بەڵگەنامەیەكی زۆر و هەمەجۆر لەسەر هەمزاغا هەیە، كە كۆنترینی ئەم بەڵگەنامانە، دووانن و هەردووكیشیان مێژووی ساڵی (١٢٧١ كۆچی - ١٨٥٤ز)یان پێوەیە و یەكێكیان ڕاستەوخۆ تایبەتە بەهەمزاغا و بەخەتی خودی (ناسرەدین شا) نووسراوە و بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران (میرزا عەباس خان قەوام ئەلدەولە) نێردراوە. وەك دەردەكەوێ (ناسرەدین شا) مەبەستێتی خۆی لە هەڵسوكەوت و ئاكاری هەمزاغا ئاگادار بێت، كە ئەمە دەقی ئەو بەڵگەنامەیەیە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٨٣
بابەت: ناوچەی سەردەشت
مێژوو: ١٢٧١ کۆچی – ١٨٥٤ز
کارتۆن: ٧
دۆسیە: ٥
سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد (٢) ل٧٣

## نامەی ناسرەدین شا
## بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە

وەزیری دەرەوە

*ڕوونووسی ئەو تەلگرافەم بینی، کە بۆ ڕەزا بەگ کراوە. سەیرم کرد چوونی ڕەزا بەگ بۆ سنوورەکانی ساباڵاخ و سەردەشت و لە ئێستادا و بەزستان، ئەگەر جەنابتان و سەرداری گشت و موعتەمیدولدەولە بەچاکی بزانن، زۆر باشە و با بڕوات و بەگوێرەی ئەو شێوەیەی پێی وتراوە، با لێکۆڵینەوەی خۆی بکات. ئەگەر نا، با بێتە تاران و ئەگەر بتوانێت سەرپێچییەکانی هەمزاغا تۆمار بکات چاکترە... بەهەرحاڵ، لەگەڵ سەرداری گشت، مستەوفی لەمالیک، ئەمینولدەولە و موعتەمیدولدەولە ڕاوێژی تایبەتی بکەن و هەر شتێکتان بەچاک زانی، خۆتان فرمانی لە بارەوە دەربکەن و پیادەی بکەن. من خۆم ئێستا هیچم بەبیردا نایەت.*

***

بەڵگەنامەی دووەمیان لە دوو توێی نامەیەکی کۆنسوڵی ڕووس لە ناوچەی ساباڵاخدا، ناوی هەمزاغا هاتووە، کە ڕۆژی (١٣/٤/١٨٥٤ز)، نووسراوە و گلەیی لە خەڵکی ساباڵاخ و سەردەشت دەکات، لەسەر ئەوەی هەندێ لە ناسراوانی ئەو دوو ناوچەیە، لە گەرمەی جەنگی (١٨٥٣ – ١٨٥٦)ی نێوان عوسمانی و ڕووسدا، دانیشتوانی ئەو ناوچانە، بەگیانی هاوئایینی و مەزهەبیی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و خۆراک و دانەوێڵە و تەقەمەنی و باڕووت و قوڕقوشم و چەک بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەنێرن... لەم نامەیەدا، لە تەک ناوی چەندان ناسراوانی تری ئەو ناوچانەدا، ناوی (پیرۆت)ی کوڕی هەمزاغاش هاتووە، کە سەرقاڵی هاوکاریکردنی دەوڵەتی عوسمانییە.[1]

(١) گزیدەی اسناد سیاسی ایران و عثمانی، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، جلد (٢) ل٨٣ (بەڵگەنامەی ژمارە ١٨٧)



لە بەڵگەنامەیەکی درەنگتری قاجاریدا، کە ٢٦ ساڵ دواتر نووسراوە و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران (میرزا سەعیدخان)، ڕۆژی (٢٦/٩/١٨٨١) بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردووە؛ تیایدا بەگیانێکی دوژمنانە و چەواشەکارانە، ئاماژەیەکی درێژ بەوە دەکات، کە هەمزاغا لە سەرەتادا لەوپەڕی ملکەچیدا لە خزمەتی دەوڵەتی ئێراندا بووە و دواتر دەستی بەئاژاوە و سەرپێچی کردووە و بۆ لای دەوڵەتی عوسمانی هەڵاتووە و لەوێوە بەهاوکاری هەندێ خێڵی تری دانیشتووی قەڵەمڕەوی عوسمانی، هێرشیان بۆ سەر سنوورەکانی ئێران و ناوچەی (سەردەشت) کردووە...[1] لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیشدا، کە کاپتەن کلاتیۆن –ی سەر کۆنسوڵی ئینگلستان لە شاری (وان) و شارەزا لە کاروباری ئەو ڕۆژگارەی کوردستان و ناودارانی کورددا، لە ڕۆژی (٥/١٠/١٨٨٠)دا، بۆ (مێجەر ترۆتێر)ی سەر کۆنسوڵی ئینگلستان لە ئەرزەڕۆمی نووسیوە و زانیارییەکانی لەمەڕ هەمزاغای لە (موشیر سامیح پاشا)ی فەرماندەی گشتی لەشکری خۆرهەڵاتی تورکیا وەرگرتووە، سەبارەت بەهەمزاغا ئاوا دەڵێ:

*(بەپێی قسەی سامیح پاشا، پازدە، یان شازدە ساڵێک لەمەوبەر، هەمزاغا ناوێکی خەڵکی کەرکووک –ی ئەو نزیکانە گیرابوو بۆ ئەستەمووڵ نێردرابوو. دوای ئەوەی نزیکەی (١٥) ساڵێک لە زیندان دەمێنێتەوە، بەبەڵێنی ئەوەی ئاکاری باش بێت، بەردەدرێت.*

*بەڵام لە بری ئەوەی بەبێدەنگ لە نزیک کەرکووک بمێنێتەوە، دەپەڕێتەوە ئەو دیو سنووری ئێران و دەکرێ بەسەرۆکی خێڵی مەنگوڕ.*[2] زانیاریی تر لەسەر هەمزاغا، کە ئەویش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی وەرگیراوە و ڕۆژی (٢٥/١١/ ١٨٨٠) لە بابیعالییەوە بۆ سەفارەتی ئێران نێردراوە، سەبارەت بەهەمزاغا ئاوا دەڵێ:

*(هەمزاغا... دوای ئەوەی کاربەدەستانی عوسمانی بۆ ماوەیەک لەسەر کاری نایاسایی دەیگرن، کە لە ناوچەی کەرکووکدا کردبووی و دوای ئەوەی بەمەرجی نیشتەجێبوون لە مووسڵدا، ئازادی دەکەن، لەوێ بۆ ساباڵاخ هەڵدێ و دەکرێ بەسەرۆک هۆزی مەنگوڕ)*[3]

بەم پێیە هەمزاغا نزیکەی (١٥ – ١٦) ساڵێک دەربەدەریی و زیندانیکردنی لە ئەستەمووڵ و شارەکانی عوسمانیدا بەسەر بردووە.

بەڵام زانیارییەکانی ئەو چەند بەڵگەنامەیەی سەرەوە، هێشتا ئەوەندەیان ڕووناکایی لەسەر پێشینەی هەمزاغا تێدا نییە، تا بزانین ئاخۆ هەمزاغا لە بنەچەدا خەڵکی موکریانە،

(١) نصیری، محمد رضا – اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)، جلد (٣) ل٢٠٨، بەڵگەنامەی ژمارە (١٠٩)
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٣٩، هاوپێچی (١)ی نامەی ژمارە (٤٠)
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠، هاوپێچی (٢)ی نامەی ژمارە (٧٤).

یان کـەرکـووکـە و بۆچی دوای ئەوەی نزیکەی (١٥ - ١٦) سـاڵێک لە زیندانەکـانی عوسمانیدا بەسەر دەبات، یەکسەر ڕووی لە کوردستانی ئێران کردووە و یەکسەریش لای خێـڵی مـەنگوڕ کـراوەتە مـەزن و سـەرۆک خـێڵ! یان ئاخـۆ هەمـزاغـا بـەر لەوەش ڕوو لە قەڵەمڕەوی عوسمانی بکات. پێشتر هەر خۆی سەرۆکی ئێلی مەنگوڕ بووە؟!

لەم بارەیەوە هەر سەران و بەرپرسان و نووسەرانی دەرباری قـاجار، خۆیان باسی ئەوە دەکەن، کە هەمزاغا لە بنەچەدا خەڵکی کوردستانی ئێران بووە و لە ئاکامی ڕازی نەبوون و ملنەدانی بۆ زوڵم و زۆری قاجاری، ناچار بووە نیشـتمانی خۆی بەجێ بهێڵێ. (عـەلی ئەکبەر سەرهەنگ) کە کوڕی (حیسامولمولک)ە و خۆی و باوکی لە ئەفسەرانی پایە بەرزی دەوڵەتی ئێران بوون و لە کاتی شـۆڕشـەکەی شـێخ عـوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨٠)دا، لە تێکڕای قۆڵەکانی: بناو، میاندواو، موکریان، سندوس، شنۆ، مەرگەوەڕ و لاجاندا بەشدار بوون و (٨ - ٩) مـانگێک ڕاستەوخۆ لە ڕیزی لەشکری ئێـراندا، دژی هێزەکـانی کورد، شەڕ و بەشداریی بەردەوامیان کردووە و بیرەوەری و ڕووداوەکانی شەڕەکانی لە کتێبێکدا، بەناوی (افـتـتـاح ناصـری) نووسـیـوە و پێـشکەشی ناسـرەدین شـای کـردووە، سـەبارەت بەهەمـزاغـا دەڵێ: (*هەمـزاغـا جەزرەبەی زۆری لە لایەن کـاربەدەسـتـانی دەوڵەتی ئێـرانەوە لێدرابوو*).[1] لە بەڵگەنامەیەکی تردا، کە بابیـعـالی لە ڕۆژی (١٨٨٠/١١/٢٨)دا، بۆ باڵوێزخانەی ئێرانی نووسیـوە، جەخت لەسـەر ئەوە دەکـات، کـە هەمـزاغا لە تاو زوڵم و بێدادی کاربەدەستانی ئازەربایجان زۆری بۆ هات و ئێرانی بەجێهێشت.[2]

(ئەسکەندەر غۆریانس)یش، کە لە ئەرمەنییەکانی سەر بەرووسیا بووە و ساڵی ١٨٧٨ - سکرتێر و وەرگێڕی (ئۆکسـپـۆزیسۆن)ی ئێـران بووە لە پاریس، لە کـاتی شـۆڕشـەکەی (١٨٨٠)دا، لە سـابلاخ بووە و کـتـێـبێکی لە بارەی شـۆڕشـەکـەوە و لە دیدی دەوڵـەتی قـاجارەوە، بەناوی (تاریخ طغیـان اکراد) نـووسیـوە، ئەوە بیر دەخـاتەوە کـە هەمـزاغـا لە بنەچەدا لە کـوردانی ئێـرانە و کـە لە قـەڵەمـڕەوی دەوڵـەتی عـوسـمـانیش بۆ نـاو ئێـران گەڕاوەتەوە، بۆ جێگە و شوێنی پێشووی و بۆ ناو ئێلی مەنگوڕ گەڕاوەتەوە).[3] هەروەها (ئابۆت)ی سەر کۆنسوڵی ئینگلسـتـانیش لە تەورێز و شارەزا لە کـاروباری کـوردسـتـان و خودی هەمزاغادا، کە چەند جارێک لە نزیکەوە یەکتریان دیوە، لە نامەیەکیدا کە ڕۆژی (١٨٨٠/١٢/٤)دا، بۆ (تۆمسن)ی باڵوێزی گشتی ئینگلستان، لە تاران نووسیوێتی،

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٣٨٧

(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل١١٤، هاوپێچی (٤)ی نامەی ژمارە (٧٤).

(٣) ئەسکەندەر غۆریانس، قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان، در عصر ناصرالدین شاه. با اهتمام عبدالله مردوخ - چاپ اول - ١٣٥٦ش - ل١٣، هەروەها شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥٠



سـەبارەت بەوەی کە هەمزاغـا لە تاو باج و سـەرانەی دەوڵەتی قـاجاری هەڵاتووە، دەڵێ: (*هەمزاغـای بڵبـاس -ی مەنگوڕ، کـە چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ تورکیا هەڵاتبوو، لەو کاتەوە ڕەفزی کردبوو بۆ ئێران بگەڕێتەوە و باج و سەرانە بدات...*).[1]

سەبارەت بەم هەڵاتنەی هەمزاغا بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بەڵگەنامەیەکی قاجاری هەیە، تایبـەتە بەهەمـزاغـا و کـوڕەکـەی، کـە مـێـژووی پێـوەنییـە، بەڵام بەگـوێرەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە، وەک دیارە لە بەڵگەنامە سەرەتاییەکانی تایبەت بەهەمزاغایە و پێدەچێ دوای هەڵاتنی هەمـزاغـا لە دەست دەوڵەتی قـاجـاری و پەنابردنی بێت بۆ قـەڵەمـڕەوی عوسـمـانی... بەڵگەنامـەکە لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانەوە بۆ ناسـرەدین شا نووسراوە و لە دامێنیشیدا ناسرەدین شا، بەخەتی خۆی فرمانێکی توندی خۆی دەربارەی کوڕەکەی هەمزاغا لەسەر نووسیوە و دووبارە ئاراستەی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانی کـردۆتەوە، کە کـەمـێک تەمـاوییـە و بەچاکی نازانرێ، ئاخـۆ لەم کـاتەدا هەمـزاغـا تازە لە دەستیـان هەڵاتبێ، یان کوڕەکەی؟ یان دوای مـاندووبوونێکی زۆر، کوڕەکەی هەمزاغـایان چنگخستووە؟ کە ئەمە دەقی بەڵگەنامەکەیە:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٧١

بابەت: ڕاکردنی هەمزاغا بۆ وڵاتی عوسمانی

مێژوو: نیبەتی (ڕەنگە ١٣٠٢ کۆچی - ١٨٨٤ز - بێت)[2]

کارتۆن:٨

سەرچاوە: گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد (٢) ل٦٨٣

## نامەی وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ ناسرەدین شا

*بەقـوربانی خـۆڵی گـەوهەر ئاسـای بەرپێی مـوبارەکی هومـایۆنانەتان بم... سـەبارەت بەکێشـەی هەمزاغـا، بەرودوا تەلگراف کـراوە. سـەرەتا لە (موعـینولدەولە) و دواتریش لە (جـەواد ئاغـا) داوا کـراوە، تا بەزوویی فـرمـان دەربکەن. چەند هەفـتـەیەکیش لەمـەوبەر تەلگرافێکیان ناردبوو. منیش دەقی تەلگرافەکەم بۆ بەڕێز (ئەمیر نیزام) ناردەوە. داواشم لێکردبوو هەرچی لەو بارەیەوە کـراوە و تا ئێـسـتـا نەیاننـاردووە، دەبێ هەرچۆنـێک بووە لە*

(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی - ل١٢٦، هاوپێچی (١)ی نامەی ژمارە (٧٧).

(٢) دەبێ ئەو مـێژووە هەڵە بێت، چونکە هەمزاغـا پێش ئەو مـێژووە کوژراوە. لەبەر ئەوە دەبێ ئەم بەڵگەنامەیە سەبارەت بەهەڵاتنی کوڕێکی هەمزاغا بێت بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی، کە دوای کوشتنی هەمزاغا، ماوەیەک لە ئێران زیندانی بووە.

*بەرپرسانی سەر سنووری وەربگرن و پێیان بڵێن: یان بۆمان بنێرن، یان بینووسنەوە. کەچی ئەوەشیان نەکردووە و تا ئێستاش وەڵامەکە نەگەڕاوەتەوە. بۆیە بەگوێرەی قسەکانی ئەمیر نیزام وا دەردەکەوێ، یا ئەوەتا ئەم فرمانەیان پێنەگەیشتووە و درۆیان کردووە، یان پێیان گەیشتووە و خۆیان لێ گێل کردووە.*

*خوا یار بێ سبەینێ لە بارەی هەردوو بابەتەکەوە تەلگراف بۆ ئەستەموول دەنێرم. باڵوێزی ئێرەش هەر دەنووسێ. بەڵام نامە نووسین و تەلگرافی زۆر، دادێک نادات و بێ کەڵکن. دەبێ هێزی سەر سنوورەکان زیاتر و پتەوتر بکرێن. واتە: دەبێ سەر سنوورەکانی عوسمانی، قەرەوڵخانە و جاسووسیان تێدا هەبێت، بۆ ئەوەی هەر کاتێ زیادەڕەوییەک رووبدات، دەستبەجێ پێبزانین. دیارە ئەگەر سەر سنوورەکانیش قایم بکرێن، ئەوسا ئەگەر هەمووشیان بکوژرێن، دەوڵەتی عوسمانی ناتوانێ ورتەیشی لە دەم بێتەدەر.*

*ئەم گیانفیدایە نامە بۆ باڵوێز دەنووسم و تەلگرافێکی تێروتەسەلیش بۆ ئەستەموول دەنێرم. وەڵامەکەیشی هەرچی بوو، پێشکەشی خاکی بەرپێی موبارەکی هومایۆنانەتانی دەکەمەوە... الامر الاقدس الاعلی مطاع مطاع.*

*(پەراوێز: دەستخەتی ناسرەدین شا):*

*جەنابی وەزیر. لەمەڕ بەهێزکردنی هێزەکانی سەر سنوور و ئامادەکردنی قەرەوڵخانە و جاسووس و... پێشنیارەکەتان بەجێیە. هەر بەو جۆرەش بەشێوەی رەمز، تەلگرافیش بۆ ئەمیر نیزام بنێرە و بەپۆستیشدا بەتێر و تەسەلیی بۆیان بنووسە، کە لەم جۆرە کارانەدا ئامادە و تەیار بن و کوشت و بڕ و تالانیی بخەنە لایەنەکەی ئەو بەرەوە و لە ناویان بەرن، تا کەی هەر بەعوسمانییەکان رابگەیەنین و ئەنجامێکیشی نەبێت! ئەگەر هەر ئەو کاتەی کە کوڕەکەی هەمزاغا، بۆ ماوەیەکی زۆر، لای خۆمان زیندانی بوو، دەستوبرد سەریان لە لەشی جیا بکردایەتەوە، ئێستا ئەم کێشەیە ئاوای لێنەدەهات. بۆ دەبوو سەگبابێکی وا تا ئێستا زیندوو بێت و لە چنگمان هەڵبێت! هەموو ئەمانە، تاوانی خۆمانە، خەتای کەس نییە.* (پشتی پاکەتی نامەکە):

*بۆ بەڕێز وەزیری دەرەوە*

*لە بارەی کوڕەکەی هەمزاغاوە، دەستنووسی موبارەکتان خاڵێکی گرنگی تێدا هەیە. دەبێ خاوەن شکۆ لەبەر چاوی بگرێ. هێشتنەوەی کەڵکێکی نییە.*[1]

(١) چەند سەیرە! خودی ناسرەدین شا، ئاوا بەئاسانی، بەڵام دڵڕەقانە، فرمانی سەربڕینی کوڕە کوردێک (کوڕەکەی هەمزاغا) دەردەکات! ئەمە لە کاتێکدا کە باوکی و مامەکانی و زۆربەی خزمەکانی تریان بەشێوەیەکی دڕاندنە کوشتوون (وەک دواتر باس دەکرێت).



بەڵام نووسەرێکی فارسی، شیعی، ئازەری، کە ناوی (عەلی خان گونە خان ئەفشار) و خەڵکی ورمێ و یەکێک بووە لەوانەی لە ڕۆژانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلادا، ڕاستەوخۆ دژی شۆڕشەکە جەنگاوە و دواتریش کتێبێکی لە ڕوانگە و دیدی دەوڵەتی قاجارەوە، بەناوی: (شورش شیخ عبیدالله) نووسیوە؛ ڕووناکییەکی زۆرتر دەخاتە سەر هۆی هەڵاتنی هەمزاغا لە دەوڵەتی قاجار و دەڵێ: (هەمزاغا پیاوێکی نالەبار و سەرەڕۆ بوو، پازدە ساڵ لەوەبەر، (٧٠) سوارەی قەرەپەپاغی لە نزیک سابڵاخ کوشتبوو، کە پاشا خان: موزەفەرولدەولەی برازای عەزیز خانی سەرداری گشتی، ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی هەمزاغای پێ سپێردرابوو، پەنای بۆ خاکی عوسمانی برد و پاشان بەخشیبیان و بۆ خاکی ئێران گەڕایەوە).[1]

هەر ئەم هەواڵەی عەلی خان گونە خان ئەفشار، نووسەرێکی تریش دەیسەلمێنێ. بەڵام ئەمیان دەڵێ (٣١) کەسی لە قەرەپەپاغەکان کوشتووە، نەک (٧٠) کەس و ڕووداوەکەش ئاوا دەگێڕێتەوە:

(هەمزاغا شەوێک لە مێرگێکی نزیک سابڵاخ، هەڵیکوتایە سەر دەستەیەک لە پاسەوانی عەجەم، کە لە ئێلی قەرەپەپاغ بوون و (٣١) کەسی لێ کوشتن).[2]

لە گەڕانەوەشیدا بۆ ئێران، وەک هەندێ بەڵگەنامە دەریدەخەن، پێشوازیی گەرمی لە لایەن دانیشتووانی ناوچەکەی و بەرپرسانی دەوڵەتیشەوە لێکراوە[3] و بەمەزنی ئێلی مەنگوڕیش دانراوەتەوە، کە ئەمە نیشانەی قەرەبووکردنەوەی ئەو زوڵم و بێدادییە بووە، کە لەو (١٥ – ١٦) ساڵەی ڕابووردوودا بەناهەق بەرامبەری کراوە. چونکە وەک تا ئێستاش لە ئێراندا پەیڕەو دەکرێ، ئەگەر دەوڵەت ڕازی نەبووبێ بەوەی بەمەزنی ئێلی مەنگوڕ هەڵبژێردرێ؛ ئێلی مەنگوڕ خۆیان نەیاندەتوانی تاوانبارێکی هەڵاتوو، بەمەزنی خۆیان دابنێن. ئەم زانیارییە جیاوازەی (عەلی خان گونە خان ئەفشار) دەربارەی هەمزاغا، دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ، تا بڕوا بەوە بهێنین، کە هۆی دەست هەڵگرتنی هەمزاغا لە ماڵ و جێگەی خۆی و جێهێشتنی ناوچەی مەنگوڕایەتی (کوردستانی ئێران)، دەبێ ململانێی سەخت و دژواری بووبێت لەگەڵ بەرپرسانی قاجاری لە ناوچەی سابڵاخ بەگشتی و سەرانی ئێلی قەرەپەپاغ بەتایبەتی.

(١) حەمە باقی، محەمەد، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٠٩
(٢) میرزا ڕەشید ادیب الشعراء، تاریخ افشار، بکوشش محمود رامیان، پرویز شهریار افشار، تبریز، چاپخانەی شفق، ١٣٤٦ش، ص ٥٠٤
(٣) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٤٤، نامەی ژمارە (٤٥).

چونکە وەک لە بەڵگەنامەیەکی قاجاریدا دەردەکەوێ، کە کۆنترین بەڵگەنامەی قاجارییە لەسەر هەمزاغا و لەبەر دەستماندایە، لە چەند جێگەیەکیدا بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەدرێ، کە دوای ئەوەی هەمزاغا لە ناوچەکەی خۆیدا نەماوە، ئێلی قەرەپەپاغ، بۆ تۆڵەکردنەوە لە هەمزاغا، بەپشتیوانی لەشکری دەوڵەتی ئێران و فەرماندەیی (شوجاعولمولک) و یارمەتی خێڵەکانی (گەورک) لە (کەلوێ)، هێرشیان بۆ سەر ماڵ و منداڵ و کەسوکاری هەمزاغا بردووە و جگە لەوەی دوو براو (١١) برازا و پاشماوەی خێزانەکەیان بەدیل بردووە، تاڵانیشیان کردووە.

ئەم بەڵگەنامەیە مێژووی (٢٢ی محرّمی ١٢٨٧ کۆچی (٢٤/٤/١٨٧٠ز)ی پێوەیە و لە لایەن لیژنە، یان (کۆمیتە)یەکی هاوبەشی نێوان تورکیا و ئێرانەوە لە شاری بەغداد و بەئامادەبوونی خودی هەمزاغا ڕێکخراوە و وەک سەرنجیش دەدرێ کە ناوبراو، بەمەبەستی ئامادەکردنی هەمزاغا بۆ دادگایی داهاتووی، هەندێ پرسیاری لێکردووە، کە ئەم پرسیار و وەڵامانەی ناو ئەم بەڵگەنامەیە، چوار دانیشتن و کۆبوونەوەی پێشووتریان لە کاتی تردا لەگەڵ هەمزاغادا کردووە و زانیاریی هەمەجۆرەی لە بارەی هەمزاغاوە تێدایە، کە ئەمە دەقی بەڵگەنامەکەیە و دوای خوێندنەوەی سەرنجی دەدەینێ:

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٤٦

بابەت: لێپرسینەوە لە داروباری هەمزاغا

مێژوو: ٢٢ محرّم ١٢٨٧ کۆچی (٢٤/٤/١٨٧٠ز)

کارتۆن: ١٣

دۆسیە: ٥/ح

سەرچاوە: گزیدە اسناد ایران و عثمانی، جلد (٢)، ل٦٢١

*دەقی پوختەی وتووێژی چوارەمین دانیشتنی کۆمسیۆن، کە ڕۆژی شەممە: **٢٢** محرّمی **١٢٨٧** کۆچی - ١١ی نیسانی کۆچی، لە تلومبای باخەکەی بەغداد ساز دراوە.*

*ڕوونوسی سێیەمین دانیشتنی خوێندنەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەمەی ئێستا و هەڵسەنگاندن و سەلماندنی دەقی ئەو بڕگانەی تایبەتن بەکێشەی سنجابی و هەمزاغاوە، کە بەرنامەی هەڵسوکەوتی کۆمیتەکە دیاری دەکات و لە ڕێنوێنی هەر دوو لاوە ئاکامەکەیان گەلاڵە کردووە و بۆ چاو پێدا گێڕانەوەش بەیەکتریان سپاردووە و دواییش سەبارەت بەداروباری هەمزاغا دەستیان پێکردووە.*

*١- پرسیار: کاتی بیستنی هەواڵی سووتاندنی سەردەشت، چەند ڕۆژ بوو تۆ تێکەڵ*



*بەهۆردووی (تەقی پاشا) ببوویت؟*

*وەڵام: هەرکە گەیشتمە هۆردووەکەی تەقی پاشا، ئەم هەواڵەم بیست.*

*٢- پرسیار: ئەو کاتە تۆ لە کوێ دەگەڕایتەوە؟*

*وەڵام: لە ماڵی خۆمەوە.*

*٣- پرسیار: سووتاندنەکەی سەردەشت، پێش ئەوە بوو تەقی پاشا زیندانیت بکات، یان دوای گرتنەکەت؟*

*وەڵام: پێش گرتنەکەم بوو.*

*٤- پرسیار: تۆ دەڵێیت لە کاتی سووتاندنی سەردەشتدا لەوێ نەبووم، کەچی ئێستا دەڵێیت ئەوانەی لە سووتاندنەکەدا بەشدارییان کردووە، دەیانناسم و لە دانیشتنەکەی پێشووشدا ناوت هێناون.*

*وەڵام: من لە کەرکووک زیندانی بووم، پیاوێکم هەواڵی ئەوەی دامێ، کە ئەوانەی سەردەشتیان سووتاندووە، ئەو تاقمەن.*

*٥- پرسیار: ناوی ئەو پیاوەتان چییە؟*

*وەڵام: مەحموود.*

*٦- پرسیار: ئەو کابرایە ئێستا لە کوێیە؟*

*وەڵام: لە ماڵی مندایە.*

*٧- پرسیار: لە سەردەشتە؟*

*وەڵام: نەخێر، ئێستا ماڵەکەم لە گوندێکە بەناوی (ژاراوێ)*(١) *و ئەویش لەوێیە.*

*٨- پرسیار: پێش سووتمانەکەی سەردەشت بوو، یان دوای سووتمانەکەی چوویتە سەردەشت؟*

*وەڵام: دوو ساڵ دەبوو نەچووبوومە سەردەشت.*

*٩- پرسیار: ئەو سووتانەی سەردەشت، دوای ئەوە بوو کە قەرەپەپاغەکان هێرش بکەنە سەرت، یان دوای ئەو کاتە بوو؟*

*وەڵام: دوای ئەو کاتە بوو.*

*١٠- پرسیار: مەودای نێوان تاڵانکردنت لە لایەن لەشکری شوجاعولمولک و هێرش*

(١) ئێستا پێی دەڵێن: ژاراوە و دەکەوێتە بەری مەنگوڕایەتی ناوچەی پشدەرەوە.

*هێنانە سەرت لە لایەن سوارەی قەرەپەپاغەوە، چەند بوو؟*

وەڵام: حەوت مانگ.

**١١-** پرسیار: *کەی خێڵی (گەورک)*[١] *لە (کەڵوێ) تالانیان کردیت؟*

وەڵام: *هەر لەگەڵ هێرشەکەی شوجاعولمولک بوو.*

**١٢-** پرسیار: *لە دوای تالانکردنتەوە لە لایەن لەشکری شوجاعولمولکەوە، تا کاتی سووتاندنی سەردەشت، چوویتە سابڵاخ، یان نەچوویت؟*

وەڵام: *بەڵێ چووم. چونکە شوجاعولمولک دوو برام و (١١) برازا و پاشماوەی خێزانەکەمی بەدیل گرتبوون. چووم تا ئەوانە ڕزگار بکەم.*

**١٣-** پرسیار: *ڕزگارت کردن؟*

وەڵام: *چووم و هەموویانم ڕزگار کردن.*

**١٤-** پرسیار: *چۆنت ڕزگار کردن؟*

وەڵام: *قادر ئاغای هەباس ئاغا هاتبووە گوندی (حاجی مامیان). کوڕ و برازاکەی لەوێ بەجێهێشتن و لەتەک ئەودا چووینە لای شوجاعولمولک. ئەویش برا و برازاکانم و پاشماوەی خێزان و منداڵەکانمی بەردان و ئێمەش هەڵمانگرتن و هاتینەوە.*

**١٥-** پرسیار: *شوجاعولمولک بۆچی ئەوانەی زیندانی کردبوون؟*

وەڵام: *ئەو سەر وەختەی من لە سەروو (باڵەک)ەوە بەرەو ئێران دەچوومەوە، براکەم متمانەی بەشوجاعولمولک هەبوو. بەو هیوایەی کاری بەسەریەوە نییە و لەوێ نیشتەجێ ببوو. بەڵام لە دواییدا شوجاعولمولک ئەوانیشی تالان و زیندانی کردن.*

**١٦-** پرسیار: *ئەم چوونەی تۆ بۆ سابڵاخ، چەند لەپێش ڕووداوەکەی سەردەشتدا بوو؟*

وەڵام: حەوت مانگ.

**١٧-** پرسیار: *ئەی لەو ماوەیەدا جاری تر بۆ سابڵاخ نەچوویت؟*

وەڵام: نەخێر.

**١٨-** پرسیار: *لە یەکێک لە قسەکانی پێشووترتدا وتبووت ئاماری ئێل و خزم و کەسەکانت، پێنج سەد بنەماڵەن و جارێکی تریش وتووتە (١٥٠٠) بنەماڵەن، ئێستا*

(١) ئەم هۆزە لەگەڵ مەنگوڕدا هاوسنوورن. مێژووی نیشتەجێ بوونیان لە هەموو ئێلەکانی موکری کۆنترە. لە سەردەمی قاجاریدا، ئگوندی (نستان) ناوەندی ئەم خێڵە بووە. بەڵام بەگوێرەی دابەشکردنی ئیداریی ئێستا، ناوچەکەیان لە نێوان سەقز و مەهاباددا دابەشکراوە. بەشەکەی سەقزیان (١١) گوندن و بەشەکەی مەهابادیش، کە زۆرترن، لەم «٣» ناوچەیەدا دەژین: گەورکی موکری، گەورکی نەڵێین، گەورکی سەردەشت.



*مەنگوڕ (٥٠٠) بنەماڵەن، یان (١٥٠٠) بنەماڵەن؟*

وەڵام: *ئێلەکەی من ئێستا بریتین لە (١٥٠٠) بنەماڵە و ڕەنگە زیاتریش بن.*

**١٩-** پرسیار: *لە سووتاندنەکەی سەردەشتدا، تۆیان لەگەڵدا بوویت و زۆربەی خەڵکەکەش هەروا دەڵێن. کەچی تۆ دەڵێیت منیان لەگەڵدا نەبووم؟*

وەڵام: *نەخێر. منیان لەگەڵدا نەبووم.*

**٢٠-** پرسیار: *ئەو کاتەی بۆ ڕزگارکردنی کەسوکارت چووبوویتە لای شوجاعولمولک، لەوێ سەبارەت بەقەرەپەپاغەکان خۆت وا دەرخستووە، کە دەستت بەسەریاندا دەڕوات، یا نا؟.*

وەڵام: *نەخێر.*

**٢١-** پرسیار: *هەمزاغا. ڕاست بڵێ، لە پەلاماردانی سەردەشتدا، بەشداریت کردووە، یا نا؟*

وەڵام: *نەخێر، بەشدار نەبووم و سەرەڕای ئەوەی دارایی و سامانیشم تێدا چووە، کەچی هێشتا ئێوە دەتانەوێ پێشم بڵێن درۆزن؟*

**٢٢-** پرسیار: *ئەم قسانەی کە کردنت، دەتوانیت سوێندیان لەسەر بخۆیت، کە هەموویان ڕاستن؟*

وەڵام: *بەش بەحاڵی خۆم و ئەوەندەی پێوەندی بەقسەکانمەوە هەبێت، سوێند دەخۆم کە هەموویان ڕاستن.*

(جێگەی مۆری کاربەدەستانی ئێران و عوسمانی)

## ٢/٣: هەمزاغا و گێچەڵی خێڵی (قەرەپەپاغ):

لەم بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کە هەمزاغا بەر لە ئامادەکردنی بۆ کۆبوونەوەی ئەم کۆمیتە هاوبەشەی ئێران و عوسمانی، کە لە شاری بەغداد ساز دراوە و بەگیراویی بۆ بەغداد براوە؛ لە شاری کەرکووک زیندانی بووە (وەڵامی پرسیاری چوارەم) و ئەم پرسیارانەش سەرومڕ سەبارەت بەسووتاندنی شاری (سەردەشت) لێی دەکرێن، کە هەمزاغای پێ تاوانبار کراوە... دیارە پێکهێنانی کۆمیتە هاوبەشەکە و ئامادەکردنی هەمزاغاش بەگیراویی بۆ شاری بەغداد، لەسەر داخوازیی دەوڵەتی ئێران بووە و پێش زیندانیکردنیشی لە شاری کەرکووک، لە گوندی (ژاراوە)ی پشدەر نیشتەجێ بووە... واتە بەر لەوەی زیندانی بکرێت، پەنای بۆ دەوڵەتی عوسمانی بردووە. پێش ئەوەش لە لایەن

دەوڵەتی عوسمانییەوە دەسگیری بکەن، خۆی بۆ ناو ئۆردووەکەی (تەقی پاشا)[1] چووە و دواتر لەوێ زیندانی کراوە (پرسیاری ١ و ٣). زیندانیکردنەکەیشی بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە، هەر لەسەر سووتاندنی شاری (سەردەشت) بووە، کە وەک هەمزاغا لە وەڵامی پرسیاری (٨)دا دەڵێت: (٢) ساڵ دەبوو (سەردەشت)م نەدیبوو، (٧) مانگیش دوای گەڕانەوەم لە شارۆچکەی سەردەشت سووتێنراوە (پرسیار و وەڵامی ١٦).

بەڵام ئەوەی لەم بەڵگەنامەیەدا جێی سەرنجە و لەگەڵ هەواڵەکەی پێشووتری (عەلی خان گونە خان ئەفشار) و (میرزا ڕەشید)دا یەک دەگرێتەوە، بابەتی (قەرەپەپاغ)ەکانە، کە پێش سووتاندنی (سەردەشت) هێرشیان بۆ سەر هەمزاغا بردووە و تاڵانیان کردووە. هەرچەندە لەم بەڵگەنامەیەدا نازانرێ ئەو کاتەی قەرەپەپاغەکان هێرشیان بۆ سەر هەمزاغا بردووە، هەمزاغا ماڵ و جێگەی لە کوێ بووە! بەڵام ئەوەی لەسەر (قەرەپەپاغ)ەکان پێویستە بزانرێت، ئەوەیە کە (وەک پێشتر وتمان) قەرەپەپاغەکان ئێلێکی تورک نەژادن و لە سەرەتادا لە ناوچەی (تفلیس) و (ئیرەوان) نیشتەجێ بوون و ساڵی (١٨٢٣ز)، عەباس میرزا (١٧٩٨ - ١٨٣٣ز) لە ئەنجامی دەست هەڵگرتنی ئێران لە ناوچەکانی ئەوبەری ڕووباری (ئاراس)، بۆ دەوڵەتی ڕووسیا و بەقسەی (میرزا ڕەشید)، بۆ (دەفعی شەڕ)ی بلّباس - مەنگوڕ، کە هەر (میرزا ڕەشید) پێیان دەڵێ (طائیفەی ضالە)،[2] ناوچەی (سلدوز - سندوز)ی نێوان (سابلاخ - نەغەدە)ی بەقەرەپەپاغەکان بەخشی. کە ئەو ناوچەیەی نێوان مەهاباد و نەغەدەش بەپیتترین ناوچەی بژوێنی کوردستانی ئێرانە و لە هەمان کاتیشدا ناو جەرگەی نیشتەجێ بوونی ئێلی (مەنگوڕ)ە... بۆیە ئەم کارەی عەباس میرزا، دەردەسەریی و گێچەڵێکی بەردەوامی بۆ ئێلی مەنگوڕ و کوردنشینانی ئەو ناوچەیە دروست کرد. چونکە هەر لە سەرەتای گوێزانەوەی قەرەپەپاغەکانەوە بۆ ئەو ناوچە کوردنشینە، بەپیتترین زەویوزاری ناوچەکەشیان بۆ کشتوکاڵ (کە زەویوزاری کوردانی ناوچەکە بوون)، لەسەر تاپۆ کردن و پشتیوانی بەهێزیشیان لە بەزۆر جێگیرکردن و دەسەڵات پێدانیشدا لێکردن... بەم کارەش کوردانی ناوچەکە، ڕووبەڕووی ململانێ و دەستەویەخەبوونێکی دژوار و نابەرامبەر بوونەوە. کە ئەم ململانێ و دەستەویەخەبوونە بەردەوامەش، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، بۆ سەردەمی هەمزاغاش مایەوە، کە وەک لە وەڵامی پرسیاری (١٨)دا دەردەکەوێ، هەمزاغا بەر لەوەش ناچار بێت ناوچەکەی بەجێ بهێڵێ،

(١) تەقی پاشا، دواتر لە ساڵی (١٨٦٧ تا ١٨٦٨) بۆ ماوەی ساڵێک والی بەغداد بووە. وەک دیارە لەم کاتەدا لە شاری کەرکووک فەرماندەی لەشکری عوسمانی بووە.

(٢) عبدالرزاق دنبلی: مآثر سلطانیه، بەاهتمام غلام حسین صدری افشار، جلد (٢) تهران، ابن سینا - ١٣٩٢ ه.ق، ص ٢٧٥.



سەرۆکی ئێلی مەنگوڕ بووە و ئاماری ئێلی ناوبراویش، لەو ڕۆژگارەدا وەک لە هەمان وەڵامدا دەردەکەوێ، هەزار و پێنج سەد بنەماڵە بووە و ژیاندنی ئەو ژمارە زۆرە و دابینکردنی جێگە و ڕێگەش بۆیان، لە ناوچەیەکی پڕ لە ململانێ و شێوە بەزۆر داگیرکردنێکدا، کارێکی دژوار و ئەرکێکی سەختی سەر ئەستۆی هەمزاغا بووە... بۆیە ململانێ و دەستەویەخەبوونی شێلگیرانەی کوردنشینانی سندووس، لە بەرامبەر بەزۆر سەپاندنی قەرەپەپاغدا، بەڕادەیەک بەسەختی و بەبەردەوامیی درێژە دەکێشێ، کە وەک لە چەندان بەڵگەنامەدا دەردەکەوێ،[1] قەرەپەپاغەکان خۆیان دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی چەند جارێک داوای گەڕانەوەیان بۆ شوێنی پێشوویان، لە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانیش بکەن. کەچی دەوڵەتی ئێران، بۆ هێشتنەوەی گێچەڵ و دەردەسەریی بۆ ئێلی سەرکەشی مەنگوڕ و بۆ داگیرکردنی ناوچەیەکی بەپیتی کوردستانیش، وەڵامی داواکەیان ناداتەوە و بەتۆپزی لە ناوچەکەدا دەیان سەپێنێ، کە وەک لە پرسیاری ژمارە (٢٠)ی بەڵگەنامەی سەرەوەدا دیارە، بەئاشکرا دەیانەوێ بەهەمزاغا بسەلمێنن و بەڵێنی ئەوەی لێ وەربگرن، کە لەمەودوا ئیتر دەسەڵاتی بەسەر قەرەپەپاغەکاندا ناڕوات... ئەمە لە کاتێکدا بەهەمزاغا دەڵێن، کە هەمزاغا نەک هەر لە ناوچەی مەنگوڕایەتیدا نەماوە، بەڵکو لە وڵاتێکی تری وەک وڵاتی عوسمانیدا، لەبەر دەستیاندا زیندانیش کراوە... کە ئەمە نیشانەیەکی زەق و بەرجەستەی تەقەللای هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانییە، بۆ پشتیوانیکردنی هەردوو دەوڵەت، لە بەزۆر سەپاندنی قەرەپەپاغەکان لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ملکەچ پێکردنی کەسێکی جوامێری وەک هەمزاغا و لە بیربردنەوەی گیانی ململانێ و بنبڕکردنی دەسەڵاتێتی بەسەر ئێلی قەرەپەپاغدا... ئەگینا بەگوێرەی ئەم دادگایی و لێپرسینەوەیە، ئەوەندەی ئەم کۆمسیۆنە پێوەندی بەمافی دەوڵەتی ئێرانەوە هەیە، بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی هەمزاغا، سەبارەت بەدوژمنایەتی و ناکۆکی خۆی و ئێلەکەی لەگەڵ قەرەپەپاغدا، دەوڵەتی عوسمانی هیچ بەڵگە و بیانوویەکی یاسایی خۆی بەدەستەوە نییە بۆ تاوانبارکردنی هەمزاغا... لەبەر ئەوە بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە، پێدەچێ زیندانیکردنی ئەمجارەی هەمزاغا، لەسەر داوای دەوڵەتی ئێران بووبێ، کە لەم بارەیەوە کەسێکی ئاگاداری وەک عەباس میرزای مولک ئارا (١٨٣١ - ١٨٩٨)ی زڕ

(١) بۆ زیاتر ئاگادار بوون، بنواڕە ئەم سەرچاوانە:

- نصیری، محمد رضا، اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)، جلد (٣) بەڵگەنامەی ٧٩ ل١٤٥ و بەڵگەنامەی ژمارە (٨٠) ل١٥٠.
- گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد (٢) بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢٦ ل٥٧٦ و بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢٧ ل٥٧٩.

برای ناسرەدین شاش ئەمە دەسەلمێنێ و لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، دەربارەی هەمزاغا دەڵێ: «هەمزاغای مەنگوڕ ڕۆڵەی زەمانە و سەرۆک هۆز بوو. شەڕی دیبوو. ماوەیەک یاخی ببوو، بریندار کرابوو، زیندانی دیبوو، چەند ساڵێک لەوە پێش ویستبوویان بیگرن، هەڵاتبووە خاکی عوسمانی و لەسەر داخوازیی دەوڵەتی ئێران، عوسمانییەکان چەند ساڵێک لە زینداندا هێشتیانەوە. دوای چەند ساڵێک لە زیندانی ئەوێ، هەڵات و بۆ خاکی ئێران هاتەوە... ».[۱]

## ٣/٣: بەڵگەنامەی تری تەماویی:

تا ئێرە و بەپێی ئەو چەند بەڵگەنامەیەی سەرەوە و بەتایبەتیش بەگوێرەی ئەو دوا بەڵگەنامەیەی، کە تیایدا کۆمیتەی هاوبەشی نێوان تورکیا و ئێران لێکۆڵینەوەی لەسەر تاوانی سووتاندنی (سەردەشت) لەگەڵ هەمزاغادا کردووە؛ زانیمان کە هۆی زیندانیکردنی هەمزاغا، لە قەڵەمڕەوی تورکیادا، تا ساڵی (١٨٧٠) هەر بابەتی سووتاندنی (سەردەشت)ە و ئیتر لەوە بەدواوە بەڵگەی ئاشکرامان لەبەر دەستدا نییە، تا بزانین مانەوەی ئەو ماوە زۆرەی هەمزاغا، بەزیندانی کراویی لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا لەسەر چی بووە و زیندانیکردنەکەی چەندی خایاندووە... ئەوەندە نەبێ، هەندێ لە بەڵگەنامە و سەرچاوە، ئاماژەی جیا جیا و هەمە جۆرە و تەماوییان بۆ تاوانی زۆری هەمزاغا، لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا کردووە.

لەم بارەیەوە باڵوێزی ئینگلستان لە تاران (تۆمسن)، لە نامەیەکیدا کە ڕۆژی ٢٠/١٢/١٨٨٠، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلستان (ئێرل گرانفیل)ی ناردووە، تیایدا بەبێ دەستنیشانکردنی جۆری تاوانەکانی هەمزاغا لە دەوڵەتی عوسمانیدا، گریمانی ئەوە دادەنێ کە ئەگەر جارێکی تر هەمزاغا، بەردەست دەوڵەتی عوسمانی بکەوێتەوە، ڕەنگە لەسەر ئەو کارانەی پێشتر لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کردبوونی، ئیعدامی بکەن.[۲] دیسان لە نامەیەکی میستەر (St. جۆن)دا، کە ڕۆژی ٢٢/١٢/١٨٨٠، لە ئەستەموولەوە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلستانی ناردووە، هەمان ئاماژە بۆ هەمزاغا دەکات و دەڵێ: (بەهۆی چەند تاوانێکەوە کە لە ناو خاکی تورکیادا کردبوونی، ماوەی پێنج ساڵ لە ژێر چاودێریی پۆلیسدا بووە).[۳]

(١) عباس میرزا (ملك آرا)، شرح حال، بەکوشش دکتر عبدالحسین نوایی، انتشارات بابک، تهران ١٣٦١ ش، ص ١٥٣
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٩٩، نامەی ژمارە ٦٩.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٠٨



کەچی ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێ: (ماوەی دوو ساڵی پڕ لە چەرمەسەریی لە زیندانی ئەستەموولدا بووە).[۱] بەڵام زانیارییەکانی هەردوو سەر کۆنسوڵی ئینگلستان لە شارەکانی (تەوریز) و (وان)، واتە: ئابۆت و کلایتۆن -مان دەربارەی هەمزاغا، لە یاد نەچن، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن و یەکەمیان وتبووی: (کاربەدەستانی عوسمانی - بۆ ماوەیەک - لەسەر کاری نایاسایی، کە لە شاری کەرکووک کردبووی، دەیگرن...)(٢) ...دووەمیشیان وتبووی: (ماوەی پازدە ساڵ لە زینداندا ماوەتەوە)،[۳] کە دیارە زانیاریی ئەمیان، بەپێی ئەوەی جێگەی کارەکەی لە شاری (وان) بووە، لە ڕاستییەوە نزیکترە... هەرچەندە ئەمیش هەر هۆی ئەو ماوە زۆرەی زیندانیکردنەی هەمزاغا (١٥ساڵ)ی ڕوون نەکردۆتەوە.

## ٤/٣: هەمزاغا، نموونەی بەرجەستەی قوربانیی زوڵمی قاجاری و عوسمانی:

بەڵام ئەو ڕۆژگارەی هەمزاغا لە لایەن هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانییەوە چەوسێنراوەتەوە و تەقەللای ملکەچ پێکردنی دراوە و بەخورتیش ئێلی قەرەپەپاغیان بەسەردا سەپاندوون و تەنگیان بەناوچەکانی ئێلی مەنگوڕ هەڵچنیوە و دواتر ناچار کراوە دەست لە ئێلی قەرەپەپاغ بوەشێنێ و ڕوو لە قەڵەمڕەوی عوسمانی بکات و ئەویش بەشێوەی تر، کاری سەر پێ نەویکردنی هەمزاغا بگرێتە بەر و زیندانی بکات؛ هەر ئەو ڕۆژگارەیە، کە لە دوای لەناوبردنی بەرودوای میرنشینەکانی کوردەوە، سەرانی کوردیان بەبێ پشتیوان زانیوە و بەئارەزووی خۆیان و بەچەندان شێوە، تەقەللای بێ دەسەڵات کردن و سووکایەتی پێکردنی ئەو ناودارە سەرکەش و جوامێرانەی کوردیان داوە، کە لە بەرامبەر زوڵم و بێدادیی فرمانڕەوایانی هەردوو دەوڵەتدا، هاتوونەتە دەنگ و یاخیبوون و ڕاپەڕیون... کە هەمزاغا نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو سەردارە کوردانەیە، کە چارەکە سەدەیەک، هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، زۆر نامرۆڤانە تەقەللای چۆک پێدادانی بوون و نەیانتوانیوە.

## ٥/٣: پێوەندی دێرینەی ئێلی بلباس و بنەماڵەی شێخانی (نەهری):

هەمزاغا لەو ماوە زۆرەی مانەوەیدا لە زیندانەکانی دەوڵەتی عوسمانی (کەرکووک، بەغداد، ئەستەموول)دا، وەک (عەلی ئەکبەر فەیز) دەڵێ: سەرەڕای زمانی کوردی و

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل١٥
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٣٩
(٣) هەمان سەرچاوە، ل١١٠

فارسی، زمانی تورکی عوسمانی و عەرەبیشی بەباشی زانیوە.[1] وەک (عەلی خان گونە خان ئەفشار)یش دەڵێ: هەر لەم ماوەیەدا، کە هەمزاغا لە زیندانەکانی عوسمانی و لە ئەستەمووڵدا دەستبەسەر بووە، ناسیاویی نزیکی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا پەیدا کردووە.[2] تەنانەت ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێ: (دوای گەڕانەوەی هەمزاغا بۆ ئێران، کە شێخ عوبەیدوڵڵا نیازی شۆڕش و ڕاپەڕینی کەوتە خەیاڵەوە، چەندان جار نامەی بۆ هەمزاغا نووسیوە و ڕازی دڵی خۆی لا درکاندووە و داوای چاوپێکەوتنی لێکردووە.[3]

لێرەدا بەپێویستی دەزانم بۆ بەیادهێنانەوەی پێوەندی دێرینەتری نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و هۆزی بلباس، زانیارییەکی (عەلی ئەکبەر فەیز) بۆ ئێرە بگوێزمەوە، کە دەربارەی پێکهاتەی لەشکرەکەی ساڵی (١٨٧٧ – ١٨٧٨) شێخ عوبەیدوڵڵا کردوویەتی. ئەو لەشکرەی کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ پشتیوانیی لە دەوڵەتی عوسمانی، لە دوا جەنگی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیدا، لە جەماوەری ناوچە جیا جیاکانی کوردستان پێکیهێنا بوو....

لەم ڕووەوە عەلی ئەکبەر فەیز دەڵێ: (شێخ عوبەیدوڵڵا لە شەڕی بایەزیددا ژمارەی (٥) هەزار کوردی بلباس و هۆزەکانی تری لەگەڵدا بوون.[4]

هەر لەم بوارەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە پێشینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵاش، واتە: سەیید تاهای باوکی (؟ – ١٨٥٣) و شێخ محەمەد ساڵحی مامی، کە لە دوای مەرگی سەیید تاها لە نێوان ساڵانی (١٨٥٣ – ١٨٥٦)دا، جڵەوی ئیرشادی گرتۆتە دەست، جەماوەرێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەگشتی و ناوچەکانی ورمێ، موکریان، سندووس و لاجان –یان بەتایبەتی بەدڵ و بەگیان لە دەور خڕبوونەتەوە، کە ئەم جەماوەرە لە جەنگەکانی پێشووتری نێوان عوسمانی – ڕووسی، ئێران – ڕووسیدا، بەناوی جیهادەوە، لە دژی دەوڵەتی ڕووسیا، پشتیوانییان لە هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی کردووە و پێشتریش ئاماژەمان بۆ بەڵگەنامەیەک کرد، کە تیایدا کۆنسوڵی ڕووسیا لە سابڵاخ، گلەیی لە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران دەکات، لەسەر ئەوەی کە دانیشتووانی سابڵاخ و سەردەشت، لە گەرمەی جەنگی (١٨٥٣ – ١٨٥٦)ی نێوان عوسمانی و

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦١٥، هەروەها: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، ل٥٤٤
(٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٠٩.
(٣) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢٦ – ٢٧ هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥٦
(٤)شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦١٥. هەروەها: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، ل٥٤٤



ڕووسدا، بەگیانی هاوئایینی و هاومەزهەبیی، هاوکاریی هەمە جۆرەی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و هەر لەو بەڵگەنامەیەشدا، لەگەڵ ناوی چەندان ناسراوی تری ئەو ناوچانەدا، ناوی (پیرۆت)ی کوڕی هەمزاغای مەنگوڕیش هاتبوو...[1] جگە لەوەی لە بەڵگەنامەی تری لەم جۆرەدا، هەمان گلەیی کۆنسوڵی ڕووسیا، لەسەر هەمان مەبەست لە شێخ محەمەد ساڵح (؟ – ١٨٥٦)ی مامی شێخ عوبەیدوڵڵا کراوە، لەسەر ئەوەی لە ناوچەکانی سابڵاخ و سەردەشتدا، لایەنگرێکی لە ڕادەبەدەری لەگەڵدایە و لە گەرمەی جەنگی (١٨٥٣ – ١٨٥٦)ی نێوان عوسمانی و ڕووسدا، پشتیوانیی بێ سنووری دەوڵەتی عوسمانی دەکەن.[2] کە ئەم ژمارە زۆرە مرید و لایەنگرەی پێشینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە ناوچەکانی موکریان و کوردستاندا، لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵادا فراوانتر بوون و ساڵانە لە ناوچەی موکریانەوە، بەنیازی زیارەتی شێخ عوبەیدوڵڵا، بەردەوام هاتوچۆی لای شێخیان کردووە و بەردەوامیش بەپەنا و دەرەتان و داڵدە و پشتیوانی خۆیان زانیوە، تا سکاڵا و گازندەی خۆیان لە دەست زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ناوچەکانیانی لا دەربڕن.[3]

## ٤- گەڕانەوەی هەمزاغا بۆ کوردستانی ئێران

هەمزاغا دوای بەسەربردنی نزیکەی (١٥ – ١٦) ساڵ زیندانی و دەربەدەریی، بۆ کوردستانی ئێران گەڕاوەتەوە. بەڵام بەو هۆیەوە کە بەڵگەنامەمان سەبارەت بەساڵی گەڕانەوەی لەبەر دەستدا نییە، بۆیە ئەوەش بەتەواوی ئاشکرا و ڕوون نییە، کە چ ساڵێک بۆ ئێران گەڕاوەتەوە. تەنیا ئەوەندە نەبێ هەندێ هێما و ڕووداو، دەری دەخەن کە لە دەوروبەری ساڵانی (١٨٧٧ – ١٨٧٨)دا، دەرفەتی دوا جەنگی نێوان ڕووسیا و عوسمانی قۆستبێتەوە و بۆ ئێران گەڕاوەتەوە و وەک وتیشمان دەبێ لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لێبووردنی بۆ دەرچووبێ، بۆیە دوای گەڕانەوەی، لە لایەن ئێلەکەیەوە بە(مەزن)ی ئێلی مەنگوڕ هەڵبژێردراوەتەوە.[4]

(١) گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد (٢)، ل٨٣، بەڵگەنامەی ژمارە ١٨٧.
(٢) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢٧
(٣) هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەڕە.
(٤) چەند ساڵێک دواتر، دەوڵەتی عوسمانی گلەیی ئەوە لە دەوڵەتی ئێران دەکات، کە نەدەبوو لێبووردن بۆ کەسێکی هەڵاتووی وەک هەمزاغا دەربچێت، کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە مەرجی ئەوەی لەسەر دانرابوو، تا لە ناوچەی مووسڵدا، وەک دەستبەسەر بمێنێتەوە (بنواڕە: لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی – ل١١٠، نامەی ژمارە ٧٤ هاوپێچی ٢).

بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو چەرمەسەریی و ماندووبوونەش کە لە ساڵانی زیندانی و ئاوارەبووندا چەشتوویەتی، وەک مرۆڤێکی تامەزرۆی حەسانەوە و ئاسوودەیی، ویستوویەتی بەئارامیی خەریکی سەرپەرشتی کاروباری ئێلەکەی و کاری کشتوکاڵ بێت.

بەڵام ئەم ئارەزووەی هەمزاغا، هەرچەند ساڵێکی کەمی خایاندووە ئیتر لە ناوەڕاستی ساڵی (١٨٨٠) بەدواوە، ڕەوتی ڕووداوەکان بەجۆرێکی تر هاتوونەتە پێشەوە و چارەنووسی هەمزاغایان بەرەو ڕێگەیەکی تر بردووە.

## ١/٤: ڕووداوی چاوەنوارِ نەکراو:

ساڵی (١٨٨٠)، بەڕێوەبردنی ناوچەی سابڵاخ (کە بەڕێوەبردنی ناوچەی دەسەڵات و ئێلەکەی هەمزاغاشی پێوە بەسترا بووەوە)، بەشازادەیەکی هەرزە و خۆ بەزلزان و بەرتیلخۆر و چاوبرسیی سپێردرابوو، ناوی (لوتف عەلی خانی کوڕی تەهماسب میرزا) و بەبنەچەش نەوەی فەتح عەلی شا و پێشتریش بۆ ماوەیەک لای (موزەفەرەدین میرزای وەلیعەهد- کوڕی ناسرەدین شا) لە تەورێز کێشکچی باشی بووە. ئەم شازادەیە بەچاولێکەریی لە فرمانڕەوایانی پێش خۆی، هەڵپە و پەلەی خۆ دەوڵەمەندکردنی بوو. بۆ ئەمەش هەر ڕۆژەی بەشوێن ناودارێکی ناوچەکەدا دەینارد و بەفێڵ و هەڕەشە و بیانووی جۆراوجۆرەوە، سەرباری سووکایەتی پێکردن و ئابڕوو بردن و سزای ناڕەوا و زیندانیکردنیان، داوای باج و سەرانەی زۆری لێدەکردن و زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکەی بێزار و هەراسان کردبوو.[1] زوڵم و زۆرداریی و چاوچنۆکیی فرمانڕەوای سابڵاخ، بەجۆرێک لە سنووری تێپەڕاندبوو، کە سەرانی دەربار و بەرپرسانی دەوڵەتی قاجار، خۆیان باسی دەکەن و ددانی پێدا دەنێن. هۆیەکەیشی بەوە دەزانن کە لە لایەن موزەفەرەدین میرزا (١٨٥٢ - ١٩٠٧)ی جێنشین و کوڕی ناسرەدین شاوە پشتیوانیی لێکراوە و لە بنەڕەتیشدا هەر بۆ ئەوە دانراوە، تا زۆرترین بەرتیل بۆ سەروتری خۆی کۆبکاتەوە. لەم بارەیەوە بەڵگەنامەکانی ئینگلستان و نووسەرانی سەر بەدەرباری قاجار، بەئاشکرا دەربارەی زوڵم و ملهوڕیی بێ پەروای لوتف عەلی خانیان نووسیوە. کە عەباس میرزا - موڵک ئارا (١٨٣١ - ١٨٩٨)ی زڕ برای ناسرەدین شا، زۆر بێ پەردە و هەر لە بنەڕەتەوە باسی سەرچاوەکانی ئەم زوڵم و بێدادییەی لوتف عەلی خان دەکات و لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: (کاربەدەستانی ئێران، هەرگیز دەست لە خوێڕێتیی و

(١) لە کۆپلەی دووەمی (بەیتی هەمزاغا)دا، کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا چاپکراوە، باسێکی زوڵمی لە ڕادەبەدەری لوتف عەلی خانی فرمانڕەوای سابڵاخی تێدایە، کە بەناڕەوا کابرایەکی سابڵاخیی گرتووە و لووتی کون کردووە. کابراش لە شەرمی خۆی، چۆتەوە ماڵی خۆیان و خۆی کوشتووە.



چاوچنۆکیی خۆیان هەڵناگرن و لە هەلومەرج تێناگەن و ئاگایان لە هیچ جێگەیەک نییە و لە هیچ شتێکیش نازانن، لە پارە وەرگرتن زیاتر، هەرچییەکیش ببێت و هەر خراپەیەکیش ڕووبدات و هەر ئابڕوویەک بچێت، بەلایانەوە گرنگ نییە و گوێی نادەنێ و بەتەنیا و تەنیا هەر مەبەستیان پارەیە و بەس. بەتایبەتی موزەفەرەدین میرزای وەلیعەهد، کە دەڵێی تازە لە دایەنیان وەرگرتۆتەوە، ئاگاداری داب و نەریتی میرایەتی نییە و شتێکیش لە بەڕێوەبردن نازانێ... بەردەوام لەگەڵ نۆکەرە لاوەکانی، خەریکی یاری کردنە و سواربوونی ئەسپ و تفەنگ و ڕاوی پێ لە پاشایەتی باشترە... بۆ ئەوەش قسە هەر قسەی خۆی بێت، ئەو وەزیر و پێشکارەی لە تارانەوە بۆی دیاریکرا بوو، نەیویست و کابرایەکی بەناوی میرزا ئەحمەد کردە ڕاوێژکار و کاربەدەستی خۆی و نازناوی موشیرولسەلتەنەی بۆ هەڵبژارد، چونکە هەرچییەکی دەوت، بۆی دەسەلماند. ئەویش ئەو کاتە پێیان دەوت: مونشی باشی و بۆ ئەوەش پارەیەکی زۆر خڕ بکاتەوە، زۆری بۆ هەموو خەڵکی ئازەربایجان بردبوو، بۆ وێنە: لە گوندەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و ئاغایانی موکری هەڵپێچابوو، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم شێخە، شێخەکەی جاران نییە و دەبێ چاو لەو بڕە داهاتە بپۆشرێت. چەندین جار لە شێخ عوبەیدوڵلایان هەڵپێچا و ئەویش دەنگی نەکرد و خۆی ڕاگرت... لەم ماوەیەشدا کەسێکی بێ ئەزموونی وەک لوتف عەلی کوڕی تەهماسب میرزای کردووە بەفرمانڕەوای سابڵاخ، کە بەرتیل و پێشکەشییەکی زۆری لێ وەرگرتبوو... ئەویش هەر چەند ڕۆژێک دوای دەست بەکاربوونی لە سابڵاخ، فەیزوڵلا بەگی[*] گرت و زیندانی کرد و (٥٠٠) تمەنیشی جەریمە کرد. دوای ئەو، مینە ئاغای کوڕی قادر ئاغای موکری گرت و (٥٠٠) تمەنی لێ سەند و بەری دا... سەرلەبەری خەڵکی موکریان پەژارە و پەرێشان ببوون...)[1] هەر لەو ساڵەشدا کە لوتف عەلی خان ئەم کارە ناڕەوایانەی دەکرد، داروباری ئاغاکانی موکری، بەهۆی خەلە و خەرمانی ساڵی ڕابووردووەوە، وەک ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێ: لە ڕادەی خۆیان زیاتر دەوڵەمەند ببوون... ئەمەش تەماحی

(*) فەیزوڵلا بەگ (؟ - ١٨٨٢ز) کوڕە گەورەکەی ئەوڕەحمان بەگ بووە. بەو هۆیەوە کە منداڵی زۆر بووە، لەناو بەگزادەکاندا لە هەموویان بەرچاوتر بووە. هەر بۆیە لەناو بەگزادەکاندا وەک تیرەیەکی تازە و جیاواز، پێیان وتوون: فەیزوڵلا بەگی. ئەسکەندەر غۆریانس، کە دۆستایەتی نزیکی لەگەڵیدا هەبووە، دەڵێ: (١٥) پازدە کوڕی هەیە (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥٩) و (١٠٠٠) سوارە و تفەنگچی هەیە. ئەمە ناوی (٩) کوڕی فەیزوڵلا بەگن: حاجی محەمەد، ساڵح بەگ، حاجی محەمەد حەسەن بەگ، شێر بەگ، حاجی سەلیم خانی سەرتیپ (کە شاعیریش بووە)، ئەمانوڵلا بەگ، کەیخەسرەو بەگ، عەبدولڕەحمان بەگ.

(١) عباس میرزا، شرح حال، بەکوشش دکتر عبدالحسین نوائی، انتشارات بابک، چاپ یکم، تهران ١٣٦١ ش، ص ١٥٣

خستە بەر لوتف عەلی خان...[1] سەرەتا (وەک وتمان) دوای گرتن و جەریمەکردنی فەیزوڵڵا بەگ و مینە ئاغای موکری. ئەوسا عەبدوڵڵا بەگی گرتووە و دوای ئازاردانیشی، بڕی (١٥٠٠) تمەنی لێ سەندووە. دیسان هەندێ ئافرەتی خێڵی تونکوی بەزۆر لە مێردەکانیان زەوت کردبوو...[2] لەم نێوانەدا هەر دەمایەوە سەر هەمزاغا، کە بەرچاوترین و ناودارترین سەرۆک هۆزی هەموو ناوچەی موکریان و لاجان و وەک عەباس میرزای مولک ئاراش دەڵێ: ڕۆڵەی زەمانەی خۆی و شەڕ دیتە بوو... بریندار کرا بوو...[3] تا بانگ بکرێت و گێچەڵی سەرانە و پێشکەشیی لێسەندنی پێبکرێت... لەم ڕووەوە هەندێ سەرچاوە وای نیشان دەدەن، کە هەمزاغا هەر لە بنەڕەتەوە لە (شازادە) دڕدۆنگ بووە و زۆر کەم توخنی شاری سابڵاخ کەوتووە... لەم بارەیەوە عەلی ئەکبەر سەرهەنگ دەنووسێ: هەمزاغا هەمیشە لە کاربەدەستانی دیوانی باڵا دەترسا و لە فرمانەکانی شارۆچکەی سابڵاخ هەڵدەهات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئاشنایەتی و ناسیاویی مێرینەی لەگەڵ مقلی میرزای کوڕی مەلەک قاسمی میرزادا هەبوو، شازادە فرمانی بەمقلی میرزا کرد: کە تۆ لە لایەن منەوە هەمزاغا دڵنیا بکە و بۆ شاری بهێنن و پێی بڵێن بەهیچ جۆرێ لە لایەن حکومەتەوە ئازارێکی پێناگات و پاش بڕیاردانی باجی خێڵی مەنگوڕ، بەساغ و سەلیم بۆ شوێنی خۆی بگەڕێتەوە.[4] بەڵام هەندێ سەرچاوەی تر، پێیان وایە کە هەمزاغا ناسیاویی لەگەڵ لوتف عەلی خاندا هەبووە.[5] تەنانەت ئەسکەندەر غۆریانس وای گێڕاوەتەوە کە: هەمزاغا و قادر ئاغای ئیندەرقاش (دێبوکری)، لە هەڵسووڕاندنی کاروباری سابڵاخ و کۆکردنەوەی باج و خەراجدا لە خزمەت شازادە دابوون و ڕاوێژیان پێکراوە... لەمەش زیاتر، شازادە ویستوویەتی قادر ئاغا بکاتە پێشکاری خۆی و ئەرکی کۆکردنەوەی باج و خەراج بخاتە ئەستۆی... بەڵام چونکە ئەم کارە هەمیشە بۆتە هۆی دژایەتی نێوان ئاغا و بەگزادەکان، بۆیە ئەم کارە لە لایەکەوە پێچەوانەی بیروڕای بەگزادەکان بووە و لە لایەکی تریشەوە قادر ئاغا، ئەرکی کۆکردنەوەی باج و خەراجی بەقازانجی خۆی نەزانیوە.

لەبەر ئەمە، شازادەش ئەم ئەرکەی بە(ئەحمەد بەگ - وەکیل ئەلرەعایا) سپاردووە، ئەوسا قادر ئاغا کە سەیری کردووە، ئیتر پشتگوێ دەخرێ، دڵی ڕەنجاوە و مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی خواستووە و بۆ گوندەکەی خۆی گەڕاوەتەوە... دوای ئەو، هەمزاغاش بۆ

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل١٥ هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥٠
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٨٥
(٣) عباس میرزا، شرح حال، ل١٥٤
(٤) حەمە باقی، محەمەد: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٣٨٧
(٥) هەمان سەرچاوە، ل٥٥١، هەروەها: غۆریانس، ل١٥و١٦.



ڕاپەڕاندنی هەندێ کاروباری تایبەتی خۆی و ناوچەکەیان، مۆڵەتی خواستووە و ویستوویەتی بڕوات، بەڵام شازادە مۆڵەتی ئەوی نەداوە و پێی وتووە: ئەگەر قادر ئاغاش لە دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەی، بۆ شار نەگەڕێتەوە، ئەوا ئەوی بۆ تەمێکردنی پێویست بێت، درێغی ناکات... بەڵام هەمزاغا گوێی پێنەداوە و ڕۆیشتووە.

## ٢/٤: گێچەڵی تازە بۆ هەمزاغا:

بەم بۆنەیەوە شازادە لە مانگی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی - ئابی ١٨٨٠ز -دا، کاربەدەستانی تەورێزی لەوە ئاگادار کردووە، کە هەمزاغا دیسان (یاخی بۆتەوە).[1]

لەم گیروداره‌دا ئیمامقولی میرزای کوڕی قاسم میرزا،[2] کە دۆستی هاوبەشی شازادە و هەمزاغاش بووە و بۆ دیدار و ئەنجامدانی بڕێ کار، گەیشتۆتە سابڵاخ و کارێکی وای کردووە نێوانی شازادە و هەمزاغای چاک کردۆتەوە.

چەند ڕۆژێک دوای ئەمە، شازادە بەبیانووی ئەوەی کە خزمێکی قادر ئاغا باجی نەداوە، گرتوویەتی و زیندانی کردووە. قادر ئاغاش ئەم هەواڵەی بەگوێی هەمزاغا گەیاندووە، ئەویش بەشازادەی ڕاگەیاندووە، کە ئەم کەسە، خزمی قادر ئاغایە و ئەوەندەی متمانە پێدەکرێ کە باجەکەی بداتەوە... بەم ڕاسپاردەیەی هەمزاغا، کارەکە جێبەجێ بووە.

ئیمامقولی میرزاش دوای تەقەللایەکی زۆر هەمزاغای ڕازی کرد، لە حکومەت دڵنیا بێ و بۆ سابڵاخی هێنا. لە کاتی گەیشتنیدا، خەڵکی شار بەرەوپیری چوون و پێشوازییان لێکرد و بەڕێزەوە بۆ لای شازادە، بەرەو سەرای حکومەتیان برد و میهرەبانیی و سۆزی زۆریان بەرامبەر نواند. بەڵام عەزیزی فەتاح، کە لە ئاغاکانی موکری و دۆستێکی نزیکی هەمزاغا بوو. ئەویش لەسەر باج نەدان، لە زەمانی فرمانڕەوایانی پێش شازادەشەوە بۆ سابڵاخ نەهاتبوو... لەگەڵ هەمزاغا چوون بۆ شار... شازادە دەستبەجێ گرتی و لە زیندانی کرد و داوای باجی لێکرد... لەم سەروبەندەدا کاربەدەستانی تەورێز، لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی پێشووتری شازادەدا، لە بارەی هەمزاغاوە، کە گوایە (یاخی بۆتەوە) و بێئاگا لەوەی کە نێوانی هەمزاغا و شازادە چاک بۆتەوە، فرمانیان بۆ شازادە ناردووە، تا هەمزاغا بەزنجیرکراویی بۆ تەورێز بنێرێ.[3]

لەولاشەوە هەمزاغاش ئاگای لەم بڕیارەی کاربەدەستانی تەورێز نەبووە و بڕیاریشی داوە

(١) حەمە باقی، محەمەد: شێخ عوبەیدوڵڵا... ل٥٥١
(٢) هەر مەبەست لە مقلی میرزای کوڕی مەلەک قاسم میرزایە، کە لە سەرووتر ناومان هێنا.
(٣) حەمە باقی، محەمەد: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥١. هەروەها: صمدی، سید محمد، نگاهی بەتاریخ مهاباد، انتشارات ڕهرو، مهاباد، چاپ یکم ١٣٧٧ ش، ص ٣٤.

بۆ پێکهاتن لەگەڵ شازادەدا، لەسەر بابەتی باج و ڕاپەڕاندنی کاری عەزیز ئاغای فەتاح، سەردانی سابڵاخ و بارەگای شازادە بکات.

## ٤/٣: گێڕانەوەی جیا جیا:

ئەم سەردانەی هەمزاغا بۆ لای شازادە، گێڕانەوەی جۆراوجۆری لە دووتوێی بەڵگەنامەکاندا لە بارەوە وتراوە؛ کە ڕاستییەکەی ئەوەیە، شازادەی حاکم بەدوای هەمزاغایدا ناردووە. لەم بارەیەوە هەر بۆ نموونە، هەندێ ڕستەی وتارێک بۆ ئێرە دەگوێزینەوە، کە لە دووتوێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا بووە و (گوشن)ی گەورە باڵوێزی ئینگلستان لە ئەستەموولّ، ڕۆژی ٢٣/١١/١٨٨٠ بۆ وەزیری دەرەوەی ئینگلستان (ئێرل گرانفیل)ی ناردووە هەواڵەکەیشی لە ڕۆژنامەی (حەوادیس)ی ئەستەموولّ تەرجەمە کردووە: (لە مانگی ڕەمەزان (ئابی ١٨٨٠)ی ڕابووردوودا، حاکمی سابڵاخ (ئاغا شازادە) بەدوای هەمزاغای سەرۆک خێڵی کوردی ناسراو بە(مەنگوڕ)دا نارد. هەمزاغاش داواکەی بەجێهێنا و وەک پیشەی هەموو ساڵێکی، چەند ئەسپ و هێسترێکی بەدیاری بۆ برد. بەڵام بەڕێزی (شازادە)، بەرامبەر کەمیی دیارییەکە، نارەزایی دەربڕیوە...)[1]

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییش، لەو نامەیەیدا کە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ١٨٨٠دا، لە ڕێگەی دکتۆر کۆچران (سەرۆکی دەستەی مسیۆنێری ئەمریکایی لە ورمێ)وە بۆ (ئابوت)ی سەر کۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێزی ناردووە، لە بارەی ئەم دیدارەی شازادە و هەمزاغاوە دەنووسێ: (لەو ماوە کورتەی دواییدا حاکمی سابڵاخ، بەناوی نیشاندانی باوەڕ و متمانەوە، هەمزاغای مەنگوڕی بۆ سابڵاخ بانگهێشتن کردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا بەمەبەستی گرتن و زیندانیکردنی بووە...).[2] هەروەها (عەلی ئەکبەر فەیز) لە زمانی کوڕەکەی خۆیەوە (میرزا عەلی ئەسغەر)، کە لە کاتی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵادا، سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس بووە و ڕۆژانە هەواڵی ڕووداوەکانی بەتەلگراف، بەسەران و بەرپرسانی دەوڵەت گەیاندووە؛ دەربارەی ئەم سەردانەی هەمزاغا ئاوا دەڵێ: (... هەرچۆنێک بوو لوتف عەلی خانی حاکم، هەمزاغای دڵنیا کردبوو، هێنابوویەوە بۆ قەڵای سابڵاخ و چەند ڕۆژێک بەفێڵ: (لطائف الحیل) ڕایدەگرێ...).[3]

(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٤٥.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٨٤ – ٨٥. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١٢١.
(٣) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦١٦. هەروەها: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی – بەکوشش ایرج افشار، انتشارات ادبی و تاریخی موقوفات دکتر محمود افشار یزدی، شمارە (٥٣) چاپ اول – تهران ١٣٧٣ ش، ص ٥٤٥.



## ٤/٤: پێشوازیی، یان!:

*دیسان چۆنێتی سەردان و دیداری هەمزاغا و شازادە و سەرئەنجامەکەیشی، چەندین جۆر گێڕانەوەی لە بارەوە نووسراوە، کە هەر عەلی ئەکبەر فەیز، بەدەم تەواوکردنی هەواڵی بە(لطائف الحیل) هێنانی هەمزاغاوە بۆ ناو قەڵای سابڵاخ، دەڵێ:*

*(ڕۆژی ١٢ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی - ١٩/٨/١٨٨٠ز، لە کاتێکدا هەمزاغا لەگەڵ چەند کەسێکدا لە ژووری فەڕاشباشی خەریکی ئاس بوون (جۆرە یارییەکە بەوەرەق)، حاکم بانگی فەڕاشباشی دەکات؛ کە دەگەڕێتەوە، زنجیرێکی پێیە و ڕوو لە هەمزاغا دەکات و پێی دەڵێ:*

*ئەم زنجیرەم بۆ ئێوە هێناوە. هەمزاغاش دەڵێ: تۆ ئەو پیاوە نیت کارێکی وا بکەیت و دەست بۆ خەنجەرەکەی دەبات و فەڕاشباشی هەڵدێ. هەمزاغاش لە ژوورەکە دەردەپەڕێ و ڕوو لە حەوشە دەکات. حاکم لە تەلار بووە، هاوڕێیەکی هەمزاغا دەپێکێ. پاسەوانەکان دەرگای حەوشە گاڵە دەدەن. هەمزاغا بەخەنجەرەکەی سەربازێک دەکوژێت. دەرگا دەشکێنێ و دەردەپەڕێ و سوار دەبێ و تا لای شێخ عوبەیدوڵڵا ناوەستێ...).*[1]

عەلی ئەکبەر سەرهەنگیش سەبارەت بەئاکامی ئەم سەردانەی هەمزاغا بۆ سابڵاخ، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاوا دەڵێ: «*هەمزاغا نامەی بۆ شازادە نووسی، تا عەزیزی فەتاح ئازاد بکات. شازادە لە وەڵامدا وتبووی: من کارم بەسەر عەزیزەوە نییە، ئەوەندە نەبێ، دەبێ سبەینێ حسابی خۆی لەگەڵ میرزا تەقیدا بکات و پاشماوەی باجەکەی بدات. ئەوسا ئیتر ئازادە. ئەو حەرامزادەیە (هەمزاغا) ئەم وەڵامەی بەدڵ نەبووە. خۆی و (١٠) نەفەر لە نزیکانی، بەچەکەوە چوونە بەڕێوەبەرایەتی و وتی: دەبێ عەزیز بەر بدرێ.*

*شازادەش کارەکەی بەمیرزا تەقی سپارد و وتی: با حسابەکەی خۆی بدات و ئەو بیسپێرێتە دەست هەمزاغا. بەڵام بەدزییەوە بەمحەمەد بەگی فەڕاشباشی دەڵێ: دەبێ کارێک بکەیت، ئەم حەرامزادە بێ چاووڕووە زیندانی بکەیت... فەڕاشباشی یەکسەر لەگەڵ دوو و سێ فەڕاشی تردا دەچن بۆ ماڵی هەمزاغا و زنجیرێکیان پێدەبێ و بەهەمزاغا دەڵێ: بەفرمانی نوابی باڵا، ئەم زنجیرە ماچ بکەن و لە ملی خۆتانی بکەن. هەمزاغاش لە ترسی ئەوەی دەستگیری نەکەن، ئاگای لە خۆی بووە و بەپارێز بووە. نزیک و هاودەستەکانی بەخەنجەرەوە هەڵدەکوتنە سەر فرمانبەرەکانی دەوڵەت. لوتف عەلی ناوێکی فەڕاشباشیش دەست بۆ قەمەکەی دەبات و تۆزێک هەمزاغا بریندار دەکات.*

(١) هەردوو سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٦ و ل٥٤٥.

که فرمانبەرەکان جوامێریی و بوێریی هەمزاغا دەبینن، لە ترسی گیانیان هەڵدێن. هەمزاغا خۆی دەگەیەنێتە دەرگای قەڵا . پاسەوانەکان ناهێڵن بڕوات، بەخەنجەر یەکێکیان دەکوژێت. لە نێوان پاسەوانەکان و هەمزاغادا ئاگری شەڕ داییسێ. ئەحمەد ئاغای برازای هەمزاغاش بەگوللەیەک دەکوژرێ. کوردانی ئەو دەوروبەرە کۆ دەبنەوە و بڕیار دەدەن پیاوی دەوڵەت بکوژن و ڕووتیان بکەنەوە... مەلاکانی ئەو ناوچەیە، دوای بیستنی ئەم هەواڵە، خۆیان دەگەیەننە لای هەمزاغا و لەم کارە ناشایستەی پەشیمان دەکەنەوە و پێی دەڵێن ئەم کارە دەبێتە هۆی کوشتن و تاڵانکردنی خەڵکی ناوچەکە. ئەویش ڕازی ببوو... ئەوە لە حاڵێکدا بوو، کە لەوەبەر لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا دوژمنایەتی هەبوو، سەری ئیتاعەتی بۆ شۆڕ نەدەکردەوە... دەستبەجێ لە ترسی ماڵ و سامان، دەستی هەڵگرت و ڕووەو (نوچە - ناو چیا) بەڕێکەوت...»[1] لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیشدا، کە (کلایتۆن)ی سەر کونسوڵی ئینگلستان لە شاری وان، ڕۆژی ٥/١٠/١٨٨٠، واتە: نزیکەی دوو مانگێک دوای ڕووداوەکە، ڕاپۆرتی بۆ مێجەر تروتێر-ی سەر کۆنسوڵی ئینگلستان لە ئەرزەڕۆم ناردووە، ئاوا دەڵێ: کاربەدەستانی ئێران لە ساباڵاخ، بەبیانووی قەرز نەدانەوە، یان لەبەر هەندێ هۆی تر، خزمێکی هەمزاغا دەگرن (هەر مەبەست لە عەزیز ئاغای فەتاحە). هەمزاغا بۆ ساباڵاخ دەچێ و داوا دەکات گەر کەمێک لەسەری بوەستن و پارەکە بداتەوە. بەڵام حاکمە ئێرانییەکە فرمانی گرتنی هەمزاغاش دەردەکات. ئەویش خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێت و دەکەوێتە پەلاماردانی ئەو کەسانەی لەوێ ئامادە بوون. چەند کەسێکیان لێدەکوژێ و بریندار دەکات. ئەوسا خۆی هەڵدەداتە سەر ئەسپەکەی و دەرباز دەبێت...ڕاپۆرتێک لەسەر ڕووداوەکە بۆ تەورێز نێردرابوو و بەخێراییش فرمان بەهێزەکانی درابوو، کە بچن سزای مەنگوڕەکان بدەن و هەمزاغاش بگرن. بەڵام هەمزاغا پەنای بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا بردبوو...).[2] بەڵام ئەسکەندەر غۆریانس، کە خۆی ڕاستەوخۆ، ڕووداوی ڕاپەڕینی هەمزاغای لە زمانی میرزا ئەبولقاسمی یادداشت نووس (ئەمین تەسکەرە)ی دەوڵەتی ئێرانەوە بیستووە و میرزا ئەبولقاسمیش خۆی لە ناوجەرگەی ڕووداوەکەدا بووە، چۆنێتی ڕووداوەکەی بێ کەم و زیاد بەم جۆرە بۆ ئەسکەندەر غۆریانس گێڕاوەتەوە:

(سەر لە ئێوارەیەک[3] هەمزاغا، بەمەبەستی پێکهاتن لەسەر کاروباری باج و

(١) شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٣٨٨.
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٣٩. هەروەها ل٤٥، هاوپێچی نامەی ژمارە (٤٥).
(٣) ئەو سەر لە ئێوارەیە، وەک میرزا عەلی ئەسغەری سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس (لە سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵادا) دەڵێ: ڕۆژی ١٢ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی - ١٨٨٠/٨/١٩ز) بووە (بنواڕە: شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦١٥. هەروەها: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظامی گروس، ص ٥٤٥).



چاککردنی کاری عەزیزی فەتاح، بۆ سەرای حکومەت دەچێ. من (میرزا ئەبولقاسم) لەگەڵ میرزا تەقی موحەرریر، کە خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتان و هۆی زۆربەی خراپەکارییەکانیش هەر ئەو بوو، لە ژێرخانەکەی شازادەدا دانیشتبووین. لە ناکاو سەیرمان کرد هەمزاغا و یەکێک لە برازاکانی و نۆکەرێکی و قلیاندارێک،[1] هاتنە ژوورەوە. دوو نۆکەری تریشی لەودیو دەرگاکەوە مابوونەوە... لە نێوان هەمزاغا و میرزا تەقیدا، لەسەر کاروباری باج و ماڵیات بوو بەمشتومڕیان. میرزا تەقی باجەکانی هەمزاغای بە(١٠٠٠) تمەن خەملاندبوو.

هەمزاغا لە وەڵامدا وتی: باج و ماڵیاتی ئێمە، هەمیشە (٤٠٠) تمەن بووە.

میرزا تەقی وەڵامی دایەوە: ئەگەر وایە، ئەی بۆچی ساڵی پار، لە سەردەمی محەمەد خاندا (١٠٠٠) تمەنتان داوە؟

هەمزاغا دیسانەوە لە وەڵامدا وتی: (٤٠٠) تمەنی باج بووە و (٢٠٠) تمەنیش دیاری و پێشکەشیی بووە؛ ئەگەر ئێوەش بتانەوێ، ئەوا ئەوەندەش بەئێوە دەدرێ. ئەگەرچی لەم ماوەیەشدا من سەروماڕ هەر خەریکی خزمەتی دیوان بووم و نزیکەی (٨٠٠) تمەن پارەم خەرج کردووە.

میرزا تەقی لە قینی هەمزاغا بەگاڵتە پێکردنەوە وتی: تۆ، چ خزمەتێکت بەدیوان کردووە؟ بڵێ بزانم. تۆ، کە خاوەن و سەرۆکی (١٠٠٠) بنەماڵەیت و لە هەر خێزانێکیان (٢٢) تمەن وەردەگریت، چی دەبوو ئەگەر نیوەی ئەم (٢٠٠٠) تمەنەت پێشکەشی شازادە بکردایە؟

میرزا تەقی ئەم قسانەی بەجۆرێک دەکرد، کە بووە هۆی دڵتەنگی و زویریی هەمزاغا... لێرەدا میرزا تەقی هەستا و وتی بابڕۆم، ئەمانە عەرزی شازادە بکەم... ڕۆیشت و هاتەوە و لە ژوورەکەدا دانیشتەوە.

### ٤/٥: بەرپەرچی دلێرانە و ڕاپەڕین:

ئەوەندەی نەخایاند سەرنجمان دا، فەڕاشباشییەکەی شازادە لەگەڵ فەڕاشێکی زنجیر بەدەستدا خۆیان بەژووردا کرد. فەڕاشباشی ڕووی لە هەمزاغا کرد و وتی: شازادە ئەم زنجیرەی بۆ ئێوە ناردووە، دەبێ زیارەتی بکەیت.

(١) محەمەد (حەمەد)ی برازتی هەمزاغا و سلێمان (سڵەمان)ی قلیانداری هەمزاغا بوون (بنواڕە: سید محمد صمدی، نگاهی بەتاریخ مهاباد، ص ٣٤).

هەمزاغا بەبیستنی ئەم قسەیە، لە باری ئاسایی خۆی دەرچوو. دەستی بۆ خەنجەرەکەی برد و بەزمانی تورکی عوسمانی وتی: (مەن بونی قبول ئێتمەیەم)، واتە: من ئەمە قبووڵ ناکەم.

ئەوسا هەڵیکێشایە خەنجەرەکەی و ڕاپەڕی و ڕووی لە فەڕاشباشی کرد. میرزا تەقی و فەڕاشباشی لە ترسی گیانیان بەرەو ژووری سەرخان هەڵاتن؛ کە شازادە لەوێ چاوەنواڕی ئەنجامی فرمانەکەی خۆی بوو.

(ئەمین تەسکەرە) دەڵێ: منیش خۆم خزاندە پەنایەکی تاریکی ژوورەکە و خۆم بەدیوارەکەوە نووساند و بەسەرسامیی و ترسەوە سەیرم دەکرد.

هەمزاغا گورج لەپێکی لە چراکەدا، کوژاندییەوە و لەگەڵ برازاکەیدا لە پەنجەرەکەوە بازیان دا. لەم تاریکییەدا تەقەی چەند تفەنگێ هات. برازاکەی هەمزاغا و قلیاندارەکەی ئەنگێوران و کەوتن. هەمزاغاش بەخەنجەر یەکێکی لە نۆکەرانی شازادە گلاندە سەر زەوی و ئەوانیتر هەڵاتن. هەمزاغا بەخەیاڵی خۆی پێی وابوو ئەم تەگبیرە زووتر کراوە و دەرکی حەوشەیان لێگرتووە. بۆیە ڕووی لە دەرگاکە کرد و بەپرتاو دەرپەڕی. قەرەوڵێک نێزەی تفەنگەکەی ئاڕاستەی هەمزاغا کرد و دەیویست ڕێی چوونە دەرەوەی لێ بگرێت. هەمزاغا بەدەستێکی نێزەی تفەنگەکەی گرت و بەدەستەکەی تری سەربازەکەی دایە بەر خەنجەر و کوشتی... بەر لەوەش لە دەرگا دەربچێ، چوو بۆ زیندان و بانگی عەزیز ئاغای کرد، بەڵام وادیار بوو هەر لەو کاتەدا نۆکەرەکانی شازادە، عەزیز ئاغایان بریندار کردبێ و بەبریندارکراویش بۆ جێگەیەکی تریان گواستبووەوە... لەبەر ئەوە هەمزاغا وەڵامێکی نەبیست، ڕووەو دەرگاکە ڕۆیشت و قۆناغە تفەنگێکی سرەواندە سەربازی دەرکەوان و خستییە سەر زەوی و دەرگاکەی بەدوو نۆکەری خۆی کردەوە و بۆی دەرباز بوو.

ئەمین تەسکەرە دەڵێ: کاتێ هەمزاغا دەرپەڕی و تەقە تەواو بوو، من بۆ لای شازادە چووم. سەیرم کرد یەکێک لە نۆکەرەکانی شازادە تفەنگێکی مارتینی لە دەستدایە و بۆ پارێزگاریی شازادە، لەسەر پلیکانەکان وەستاوە. کە چوومە ژوورەوە، سەیرم کرد شازادەش تفەنگێکی مارتینی بەدەستەوەیە و لەوپەڕی شپرزەیی و پەشۆکاویدایە. عەرزم کرد: نەدەبوو هەمزاغا بەم جۆرە بگیرێ. وەڵامی دایەوە: ڕووی فەڕاشباشی ڕەش بێت (فەڕاشباشیش لەو کاتەدا لەبەر دەمیدا وەستابوو)، کە منی دڵنیا کردبوو لەوەی ڕێوشوێنی گرتنی هەمزاغای لە هەموو سەرێکەوە ئامادە کردووە... بەم جۆرە هەموو ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی فەڕاشباشی.

لە نێوان ئەم قسانەدا، ئەحمەد بەگ، کە تفەنگێکی مارتینی لە شاندا بوو. خۆی



بەژووردا کرد و دەستی بەقسە کرد: بەسەرگەرت بم، شازادە! من کەی بەئێوەم وت ئاوا بەشەو و بێ وادە و تەگبیر هەمزاغا بگرن! دەبووایە پێشتر چەند کەسێکت ڕاسپاردایە، تا بەڕۆژی ڕووناک بیانگرتایە...

بەم قسانەدا دەرکەوت، کە پێشتر لە نێوان شازادە و ئەحمەد بەگدا، سەبارەت بەگرتنی هەمزاغا، قسە کرابوو.

ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێ: کە هەمزاغا گەیشتبووە کۆڵان، چەند پیاوێکی ئامادەی خۆی لەوێ دیبوو. کە سەیریشی کردبوو هیچ پاسەوان و تفەنگدارێکی دەوڵەت لەوێ نییە، پەشیمان بووە لەوەی کە زووتر لەسەرا هاتبووە دەرێ و فریای کوشتنی شازادە و ئەوانیتر نەکەوتبوو. ئەوسا بۆ ماڵی خۆیان گەڕابووەوە و کەوتبووە و کۆکردنەوەی دەستوپێوەندەکەی تا ڕۆژ بووەوە، بەدەوری شاردا سووڕانەوە و شەیپوور و تەپڵی شەڕیان لێدا.[(١)]

٦/٤: ئاشکرا کردنی تاوان:

زۆربەی نووسەرانی دەربار و بەڵگەنامەکانی قاجاریش دان بەوە دادەنێن، کە بەرنامەکەی شازادە، بۆ گرتن و زنجیرکردنی هەمزاغا، گەوجانە و نەشارەزایانە بووە.

لەم ڕووەوە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران (میرزا سەعید خان)، لە نامەکەیدا ڕۆژی ٢٢/١٢/١٨٨٠، بۆ میرزا موحسین خانی موشیر دەولەی ناردووە، تیایدا دەڵێ: «لوتف عەلی خان لاوێکی بێ ئەزموون بوو، بەشێوەیەکی ناتەواو، هەوڵی گرتنی هەمزاغای دا...»[(٢)] ئەسکەندەر غوریانس -یش دەڵێ: شازادە هەڵەیەکی گەورەی کردووە. چونکە لە لایەکەوە زۆر باش هەمزاغای دەناسی و ڕادەی سەرکێشیی ئەوی دەزانی، کەچی ئەوی وەکو فەیزوڵڵا بەگ سەیر کردووە و دەستگیرکردنی پێ ئاسان بووە و بێ هیچ سڵ و پارێزێک، زنجیرەکەی بۆ ناردووە. ئاکامی ئەم چاوچنۆکیی و سەر لێ دەرنەچوونەیشی بووە هۆی ئەوەی خەڵک پێیان وا بێت، بۆیە شازادە لە شەودا ویستوویەتی بیگرێ، تا شتێکی لێ بپچڕێ و ئازادی بکات و کەسیش پێی نەزانێ.[(٣)]

بەڵام دواتر. کە شازادە خۆی لە ترسی هەمزاغا لە ساباڵاخ هەڵدێ و بەدەم هەڵاتنەوە لە ساباڵاخەوە بەرەو تەورێز، لە (بناو) لایداوە و قسەی بۆ (ئاغا عەلی قازی - حاکمی

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، ل٥٥٣. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢٠
(٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، ل٥٥٦.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٥٥٣.

*مەراغە)* کردووە و *عەلی قازی لە بارەی بەرنامەی سەرنەکەوتووی گرتنی هەمزاغاوە، ڕەخنەی لێگرتووە؛ شازادە لە وەڵامدا وتوویەتی: لە کاتێکدا* من و هەمزاغا ئاشت *ببووینەوە* و خەڵاتم کردبوو، *بۆ تەورێزیشم نووسیبوو.* کەچی حکومەتی *تەورێز، نامە لەسەر نامە،* جەختی *لەسەر گرتنی هەمزاغا* دەکرد و *فرمانی گرتنی بەمن دەدا، ئیتر تاوانی من چییە؟... هەموو ئەو فرماننامانەیشی نیشان دام و ناوەڕۆکی هەمووشیان، ڕاستیی قسەکانی دەسەلماند.*[1]

کەچی سەرەڕای ئەوەی ئەم هەموو بەڵگەنامەیە دەیسەلمێنن، کە شازادە خۆی پێشتر بەدوای هەمزاغایدا ناردووە و فرمانی گرتن و زنجیرکردنی ئامادە کردووە و بەڵگەنامەکانی بەریتانیاش دەڵێن: (*هەمزاغا لە بەرامبەر کاری نارەوادا ڕاپەڕیوە*)،[2] بەڵام هێشتا هەندێ سەرچاوە و بەڵگەنامە، (بەتایبەتیش بەڵگەنامەکانی ئینگلستان!) گومانی ئەوە لە هەمزاغا دەکەن، کە هەمزاغا هەر لە بنەڕەتەوە، بەفێڵ چۆتە سابڵاخ و فێڵەکەیشی وابووە، گوایە تەسلیم دەبێ و ملیش بۆ حکومەتی ئێران دادەنەوێنێ.[3]

هۆی ئەم بۆچوون و گومانکردنەش لە هەمزاغا، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ؛ کە ئەم ڕووداوەی هەمزاغا، هاوزەمان بووە لەگەڵ زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد، لە نەهری، بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و خۆ ئامادەکردنیان بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی (١٨٨٠)، کە هەمزاغا بووە سەرەکیترین و گەورەترین هۆی هەڵایسانی پزیسکەی شۆڕش و ئاژێری تەقاندنەوەی ڕقی پیشخواردووی جەماوەری تووڕە و ستەمدیدەی کوردستانی ئێران، لە دەست فرمانڕەوایانی زاڵم لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، زەمینە خۆشکردن بۆ سەرەتای دەستپێک و پیادەکردنی بڕیار و بەرنامەکانی شۆڕشی (١٨٨٠)، کە نوێنەرانی هەموو ناوچە جیا جیاکانی کوردستان، دوای چەندان کۆبوونەوەی بەردەوام و ڕاوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی هەمە لایەنەی کوردستان، گەیشتوونەتە ئەو بڕیار و ئەنجامەی، بۆ ئازادکردنی هەردوو بەشی کوردستانی بن دەستی قاجاری و عوسمانی و پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردستان، دەبێ لە کوردستانی ئێرانەوە شۆڕش دەست پێبکرێ و لە دەمێکیشەوە هێزی چەکداری زۆریان بۆ ئەم مەبەستە کۆکردبووەوە و چاوەنواڕی هەلی لەبار بوون، کە ڕووداوەکەی هەمزاغا، لەبارترین دەرفەت بوو بۆ هەڵایسانی ئەو شۆڕشە و هەمزاغا خۆی، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەرچاوترین

(١) هەمان سەرچاوە، ل٥٨٩.
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١١٤.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.



ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینی و لە ئاکامیشدا تاقانە سەرکردەیەکی ئەو شۆڕشە بوو، کە دەوڵەتی قاجاری، (لەبەر گرنگایەتی ئەو ڕۆڵەی لە شۆڕشەکەدا دیوێتی) لێی نەبووری و هەموو توانایەکی خۆی بۆ لەناوبردنی تەرخان بکات.

هەر لەبەر ئەمەیە، هەندێ سەرچاوە و بەڵگەنامە، پێیان وایە پێوەندی و ئاگاداریی پێشووتری هەمزاغا، بەزنجیرە کۆبوونەوە و بڕیار و بەرنامەکانی خۆ ئامادەکردنی سەرانی کورد لە نەهری، بۆ شۆڕش بەگشتی و لەگەڵ خودی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەر بەهاندانی ئەویش بەتایبەتی، وایان لە هەمزاغا کردووە، تا ئەرکی زەنگی دەست پێکردنی شۆڕشەکە لەوەوە دەست پێبکات، بۆیە بەو جۆرە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی قاجاریدا بجووڵێتەوە و لە پشت خۆیەوە پردی پێوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی قاجاریدا نەهێڵێ. ئەگینا (وەک بەڵگەنامەکان دەڵێن) هەمزاغا ئەوەندە نەبوو، کە لای دەوڵەتی ئێرانەوە لێبووردنی بۆ دەرچووبوو. لە دەست دەوڵەتی عوسمانییش یاخی و هەڵاتبوو... لەبەر ئەوەیە کە چاودێرانی ئەو سەردەمەی بەریتانیا دەڵێن: (*شێخ عوبەیدوڵڵا دنەی هەمزاغای داوە، تا ئەویش لای خۆیەوە، خێڵی مەنگوڕ و خێڵەکانی تری ئەو نزیکانە، بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین هان بدات*).[1] هەر بەڵگەنامەکانی بەریتانیاش دەڵێن *دەوڵەتی ئێران زۆر لە دەمێکەوە چاودێریی و ئاگاداریی خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بووە بۆ شۆڕش*[2] *و بەم بۆنەیەشەوە لە ساڵی (١٨٧٨)ەوە تا ساڵی (١٨٨٠)، واتە: تا ڕووداوەکەی هەمزاغا، دەوڵەتی ئێران چەندین یادداشتنامەی بەدەوڵەتی عوسمانی پێشکەش کردووە و تیایاندا دەوڵەتی عوسمانی لەوە هۆشیار کردۆتەوە، کە نزیکەی (٥) هەزار کوردی چەکدار، لەسەر سنوورەکانی ئێران - عوسمانی خڕ بوونەتەوە... کەچی دەوڵەتی عوسمانی، هیچ جۆرە هەڵوێست و کاردانەوەیەکی بەرامبەر ئەم خۆ سازدانەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەنواندووە... تا*

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.
(٢) هەڵبەتە لەم بوارەدا هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و بەریتانیا، لە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیش زیاتر ئاگاداری خۆ ئامادەکردنی کورد بوون بۆ شۆڕش. چونکە هەر لە سەرەتای جەنگی (١٨٧٧ - ١٨٧٨)ی نێوان عوسمانی و ڕووسەوە، تا ساڵی (١٨٨٠)، کە گەرمەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد بووە لە نەهری، چەندان جار سیخوڕان و چاودێران و کۆنسوڵانی بەریتانیا و ڕووسیا، سەردانی ناوچە جیا جیاکانی کوردستانی بندەستی عوسمانی بەگشتی و ناوچەی (هەکاری - نەهری)یان بەتایبەتی کردووە و بەتایبەتیش کلایتۆن -ی سەر کۆنسوڵی بەریتانیا لە شاری (وان) خۆی لە مانگی تەمووزی (١٨٨٠)دا، ئامادەی زنجیرە کۆبوونەوەکانی سەرانی کورد بووە لە شەمزینان و چاوی بەسەرانی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان کەوتووە و چەند دیدار و دانیشتنێکی تێر و تەسەلی لەگەڵ خودی شێخ عوبەیدوڵڵادا کردووە. (بۆ زیاتر زانیاریی) بنواڕە: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١١٦ - ١٢٥ - هەڵوێست لە ئینگلستان. هەروەها: هەڵوێست لە ڕووسیا، ل١٢٦ - ١٣١

*ناچار دەوڵەتی ئێرانی، لە ڕێگەی موحسین پاشای باڵوێزی ئێرانەوە لە ئەستەموول، ڕۆژی ٢٢/١٢/١٨٨٠، یادداشتنامەیەکی لەو بارەیەوە بۆ ئاگاداریی، بەدەوڵەتی بەریتانیا پێشکەش کردووە.* [١]

هەر لەم بوارەشدا (عەلی خان گونە خان ئەفشار) دەڵێ: (*هەمزاغاش دوای ئەوەی لە سابڵاخدا ئەم کارەی کرد، ئەوسا هەر خۆیشی پێشنیاری بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا کردووە، تا دەست بەفراوانتر کردنی دەسەڵاتظی و پێوەندیگرتنی زیاتری لەگەڵ سەرانی عەشیرەتەکاندا بکات، بۆ هاوکاریی و یارمەتی زیاتر لەگەڵیاندا*). [٢]

بەکورتی، بەڵگەنامەکانی قاجاری و بەریتانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە هەمزاغا زۆر لە پێش ڕووداوەکەی سابڵاخدا، پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵادا هەبووە و (وەک دواتریش ڕووداوەکان دەری دەخەن) هەمزاغا جێی ئەوپەڕی متمانەی شێخ عوبەیدوڵڵا بووە...

(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٠٧ – ١٠٨، نامەی ژمارە (٧٤) هاوپێچی (١).
(٢) شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٠٩

# بەشی دووەم

## ١- ڕاپەڕینی هەمزاغا و ئامادەبوون بۆ شۆڕش:

هەمزاغا هەر ئەو شەوەی تیایدا ڕاپەڕی، کەوتە کۆکردنەوەی خزم و خوێش و خێڵەکەی و تا ڕۆژ بووەوە، بەدەوری شار (سابلاخ)دا سووڕانەوە و بەتەپڵ و کەڕەنای جەنگەوە ئابڵوقەی شاری سابلاخ دەدات.(١) بەم جۆرە سەرەتای یەکەمین ڕاپەڕین لە سابلاخدا ڕادەگەیەنرێ و سەرلەبەری خەڵک بەگشتی و شاری سابلاخ بەتایبەتی دەشێوێ و دەخرۆشێ و خەڵک چاوەنواڕی ڕووداوی گرنگ و تازە و پڕ مەترسیی و ڕزگارکەرێک دەکەن، تا لە دەست ئەو جۆرە کاربەدەستە بێ بەزەیی و ناسازانە ڕزگاریان بکەن.(٢)

بۆ سبەینێش کە ڕۆژ بووەوە، بێهوودەیی تەقەڵلای شازادەی (بۆ گرتنی هەمزاغا)، بۆ هەموو خەڵکی شار (سابلاخ) ڕوون کردەوە.(٣) بەڵام شازادە بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخە خرۆشاوەکەی شار و دەوروبەری، بەهۆی زانایەکی شارەوە، عەزیز ئاغای بەردا و تەرمی کوژراوەکانی هەمزاغایشی بۆ هەمزاغا ناردەوە.(٤)

هاوکاتیش لە ترسی گیانی خۆی و ترسی ئەوەی کە ئاکامی ئەم ڕووداوە، کارەساتی گەورەتری لێ چاوەنواڕ دەکرێ، بەپەلە هەواڵی یاخیبوونی هەمزاغای بەکاربەدەستانی سەروتری خۆی لە تەورێز ڕادەگەیەنێ و داوای یارمەتی دەستوبردیان لێدەخوازێ.

کاربەدەستانی تەورێزیش کە لە سەرەتادا ڕووداوەکەیان بەلاوە زۆر پێ گرنگ نەبووە، هێزێکی کەم و بەم جۆرە بەرەو سابلاخ دەنێرن: محەمەد حسێن خانی بەختیاری بە(٣٠) سوارەوە، ڕەحیم خانی سەرکردەی جەلبیانی بە(١٠٠) سوار و محەمەد سادق خانی موقەددەم ئاجودانباشی. ئەم هێزەش بەدەم هاتنیانەوە لە تەورێزەوە بەرەو سابلاخ، تووشی هەر کەس و هەر ڕێبوارێک دەبن، دەیکوژن و بەهەر گوندێکیشدا تێدەپەڕن، تاڵانی دەکەن و دەیسووتێنن.(٥)

(١) حەمە باقی، محەمەد، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥٣. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢٠

(٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، ل١٦٠

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٥٥٣. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢١

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٥٥٣ – ٥٥٤. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢١

(٥) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢١ – ٢٢



هەر لەگەڵ فرمانی ناردنی ئەم هێزەدا لە تەورێزەوە بۆ سابلاخ فرماننامەش بۆ سەرۆک خێڵەکانی سەر بەدەوڵەتی وەک: قادر ئاغای دێبوکری و فەیزوڵلا بەگ لە موکریان و محەمەد ئاغای مامەش لە لاجان و سەرانی قەرەپەپاغ لە سندوس دەردەچێ، تا هەموو یەک بگرن و لەشکر کۆبکەنەوە و لە ژێر فرمانی شازادەدا دەست بەکاربن و هەمزاغا بگرن.(١) دوای چەند ڕۆژێکیش کە هەواڵی ڕاپەڕین و خرۆشان و هەڵچوونی ناوچەی موکریان بەشێخ عوبەیدوڵلا و سەرانی کورد لە (نەهری) دەگات، شێخ عوبەیدوڵلا دەستبەجێ (شێخ کەمال)ی(٢) خەلیفەی خۆی بەمەبەستی هاوکاریی، بۆ لای هەمزاغا دەنێرێ و هەمزاغاش خۆی دەگەیەنێتە (مەرگەوەڕ) و پێوەندی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلادا دەکات و بەرنامە بۆ هاتنیان بۆ سابلاخ و ڕاپەڕین دادەڕێژن.

## ٢- بزواندنی هێز و لەشکرکێشیی و ڕاپەڕین:

٢ / ١: قۆڵی خۆرهەڵاتی ورمێ:

بەو پێیەی بەرنامەکانی دەستپێکی شۆڕش، ناوچەی (ورمێ) و ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەریاچەی (ورمێ)ی بۆ مەیدانی لەشکرکێشیی و پەلاماردانی دەسەڵاتی ئێرانی هەڵبژارد، هێزەکانیشیان بەدوو بەشەوە کرد:

بەشی یەکەمیان: قۆڵی موکریان بوو.

بەشی دووەمیان: قۆڵی ورمێ بوو.

بەڵام بەشی یەکەمیان، کە ئەرکی گرنگ و سەرەکی شۆڕشی لە ئەستۆ بوو، دەبوایە گرتن و ئازادکردنی شار و ناوچەکانی: لاجان، سندوس، موکریان، سابلاخ، سەقز، بانە، میاندواو، بناو و دواتریش مەڵبەندی ئازەربایجان و گرتنی (تەورێز)، کە نشینگەی (وەلیعەهد)ە، جێبەجێ بکات. ئەو هێزەی بۆ ئەم قۆڵە تەرخان دەکرا، (بەناو)(٣)

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢١. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٥٤.

(٢) ناوبراو لە سەییدەکانی گوندی (خاڵدار) بووە. بۆ زیاتر زانیاریی بنواڕە: سید محمد صمدی، نگاهی بەتاریخ مهاباد، ل٣٥.

(٣) تەنانەت ئەسکەندەر غۆریانس، کە ڕقێکی زۆری لە شێخ عەبدولقادر بووە، لەم بارەیەوە سەبارەت بەدەسەڵاتی شێخ عەبدولقادر بەتەشەرەوە دەڵێ: (شێخزادە جەستەیەکی بێ گیانە و ئەگەر دەنگ و فرمانێکیشی لە دەم دەردێت، ئەوە دەنگ و فرمانی هەمزاغایە، کە لەودا بەرجەستە دەبێ و بەگوێرەی نیازی ئەو، پیادە دەکرێ.

بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، بەڵام لە ڕاستیدا و لەبەر ئەوەی کە هەمزاغای مەنگوڕ، شارەزا و هەڵکەوتەی ئەو ناوچانە بوو، بۆیە یەکسەر هەمزاغا کرایە (سوپاسالار) و لە (٢٠/٩/١٨٨٠ز) بەدواوە، لە (تەرگەوەڕ) و (مەرگەوەڕ)ەوە بەرەو (شنۆ) کەوتنە ڕێ.

ئەم هێزە دەبووایە بەپەلە، هەلی هەڵچوون و هەلومەرجی خرۆشاوی ناوچەی موکریان بەگشتی و شاری سابڵاخ بەتایبەتی بقۆزێتەوە، کە دوای ڕاسان و ڕاپەڕینی هەمزاغا، لە دەست شازادەی زاڵم، سەعات بەسەعات زیاتر دەخرۆشا و هەواڵی پێوەندیکردنی هەمزاغاش، بەشێخ عوبەیدوڵلاوە، خەڵکی ناوچەکانی: موکریان، سندوس و لاجانی خستبووە چاوەنوارییەکی بێ ئۆقرە و بەڕێوەبەری سابڵاخ (شازادە لوتف عەلی خانی کوڕی موئەیدولدەولە)یشی لە مەترسی و پەژارەیەکی بێ سنووردا ڕاگرتبوو.[1]

بەڵام بەر لە بزووتنی ئەم هێزە، محەمەد ئاغای مامەش[*] لە لایەن دەوڵەتەوە ڕاسپێردرابوو، تا هەواڵی جووڵانی هێزەکانی کوردیان پێبگەیەنێت. ئەویش (سولەیمان ئاغا)ی برازای بۆ نەهری دەنێرێ، تا هەر کاتێ هێزەکان بجووڵێن، هەواڵەکەی بەمحەمەد ئاغا بگەیەنێت... کە محەمەد ئاغای مامەش -یش لە بزووتنی هێزەکان ئاگادار کرا، هەواڵی بۆ (شازادە) نارد، کە شێخ عوبەیدوڵلا نامەی بۆ هەموو سەرانی کورد ناردووە و خەریکی کۆکردنەوە و جووڵاندنی هێزەکانیشە.[2]

بۆیە هەواڵی بەڕێکەوتنی ئەم هێزە بەرەو شنۆ، دەماودەم بەناوچەکانی شنۆ و سابڵاخدا بڵاو دەبێتەوە و خەڵکی ناوچەکە بەپەرۆش و کاربەدەستانی دەوڵەت و سەرانی خێڵەکانی سەر بەدەوڵەتیش لە موکریان، بەترس و لەرزەوە چاوەنوارِی نزیکبوونەوەی دەکەن، هەندێ لەو سەرۆک خێڵانە، وەک ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێ: (بۆ گرتنی هەمزاغا، هاوئاوزەنگی شازادە بوون و بڕێکیشیان لەگەڵ بەشێک سوارەی تفەنگچی تردا، خۆیان گەیاندە شار و ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگریی لە پاراستنی سابڵاخ و شازادە نیشان دا).[3]

کە دیسان هەر ئەسکەندەر غۆریانس پێی وایە دەبوایە (شازادە) لەم کاتەدا لە باتی

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١٧٠.
(*) محەمەد ئاغا، یان: حەمەد ئاغای مامەش (؟ - ١٩٠٨ز)، کوڕی (پیرۆت ئاغا) و سەرۆک هۆزی مامەش بووە. خێڵی مامەش کۆچەر بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووە. بەڵام لە سەردەمی محەمەد ئاغادا نیشتەجێبوون و بەکشتوکاڵەوە خەریک بوون. محەمەد ئاغا لە گوندی (نەڵۆس)ی سەر بە(شنۆ) کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ ئاڵی تەورێزی) نێژراوە. ناوەندی هۆزی مامەش، گوندی (پەسوێ)یە.
(٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٣٩٨
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٥٥٧. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٢٨.



کەمتەرخەمی و دەستەپارچەیی نواندن، ئەم کۆبوونەوەی سەرانی خێڵانەی موکریان و یەک دڵیی و ملکەچیی و گیانفیدایییەیان بەهەل بزانێ و چارەیەک بدۆزێتەوە و سەری کارەکان بگرێتە دەست خۆی و ئەنجامێکی پێبدات...[1]

کەچی دەستی کرد بەهەواڵ ناردن و پرسیارکردن لە بەرپرسانی تەورێز و پاڕانەوە و یارمەتی خواستن و داوای هێز ناردن لێیان! ئەگەرچی لەوەش دڵنیا بوو کە هیچ هێزێکی جەنگیی لە تەورێزدا نەمابوو.[2]

سەرئەنجام هێزەکانی کورد گەیشتنە شنۆ و لە شنۆش بۆ حەسانەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچەکە، ماوەی (٣) ڕۆژ مانەوە. لەو (٣) ڕۆژەشدا لەسەر داوا و بانگهێشتنی هەمزاغا، کاکەڵڵای برای بەخۆی و خێڵەکەیەوە، کە نزیکەی (٦٠٠) کەس دەبوون و مامەند ئاغای سەرۆکی خێڵی (پیران) بە(٣٠٠) سوارە و سواراغای برازای هەمزاغا، کە سەرۆکی خێڵی (زوودی) بوو، بە(٣٠٠) تفەنگچی و بەهەمووشیان (١٢٠٠) تفەنگچی و سوارە بوون، پێوەندی بەهێزەکانی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغاوە دەکەن. هاوکاتیش داوا لە محەمەد ئاغای مامەش دەکەن، تا پێوەندییان پێوە بکات، بەڵام بەدەنگیانەوە ناچێ.[3]

ئەم لەشکرە، کە لە شنۆوە بەرەو لاجان و سندوس و سابڵاخ بەڕێدەکەون، نزیکەی (١٠,٤٠٠) کەس بوون.[4]

لە کاتی هاتنی ئەم هێزانەدا بەرەو سابڵاخ، خەڵک بەسەدان و بەهەزاران، بەپیریانەوە دەهاتن و تێکەڵ لەشکرەکە دەبوون. بەڵام هەرکە لە شنۆوە بەرەو سابڵاخ دەچوون، محەمەد ئاغای مامەش و بیوک خانی سەرۆکی قەرەپەپاغ، هەواڵی جووڵان و بەڕێکەوتنی ئەم هێزە، بەشازادەی فرمانڕەوای سابڵاخ دەگەیەنن؛ ئەویش داوا لە سەرۆک هۆزەکانی سابڵاخ دەکات، تا یارمەتی بدەن و بگەنە شنۆ و بەر بەو لەشکرە بگرن. بەڵام کەس بەدەنگییەوە نەچووە؛ تەنیا سەلیم خانی چاردۆڵی و محەمەد سادق خان و ڕەحیم خانی چەلبیانی ئامادە بوون و لەگەڵ محەمەد ئاغای مامش و بیوک خانی قەرەپەپاغدا بەرەو سندوس چوون. کەچی لەوێ دوای دوو ڕۆژ بەرگریی، کە زانیان یارمەتییان لە شارەوە ناگاتێ و هاوکاتیش شێخ عەبدولقادر خەڵات و دیاری بۆ محەمەد ئاغا نارد، ئەوسا محەمەد ئاغا کە بۆی دەرکەوت لە هیچ لایەکەوە یارمەتی ناگاتێ و سەرنجیشی دا توانای خۆی لە

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣١
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٨. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، ل٥٥٧
(٣) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠، ٢٩
(٤) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٢.

بەرامبەر ئەو هێزەدا وەک هیچ وایە و خێڵی قەرەپەپاغیش دەکەونە سەرەڕێی لەشکری کورد و بەرگەی ناگرێ و لەناو دەچن، ناچار بوو مل بۆ فرمانی لەشکرەکەی کورد بدات.[١]

دیسان کە شازادەش لێشاوی هێزەکەی کورد و داروبارەکە هەڵدەسەنگێنێ و سەرنج دەدات قەرەپەپاغەکانی سندوس بەپیر شێخزادە و هەمزاغاوە چوون و خەڵکی سابڵاخ و خێڵەکانی موکریانیش لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا هاودڵن؛ لە هەڵاتن زیاتر، ڕێگەی تر شک نابات و ناچار ڕۆژی دووشەممە (١٨٨٠/٩/٢٧ز)، لەگەڵ هەندێ لە ئاغاکانی شاری سابڵاخ و محەمەد سادق خانی ئاجودانباشی و محەمەد حسێن خانی بەختیاری و ڕەحیم خانی چەلبیانی (کە ئەمانە پێشتر بۆ یارمەتیدانی شازادە هاتبوون!)، سابڵاخ جێدێڵن و بەرەو میاندواو و بناو هەڵدێن.[٢]

دوای ئەوەی ئاغا و بەگزادەکان، شازادەیان بەسەلامەتی گەیاندە میاندواو، بەرەو ناو شار گەڕانەوە.[٣]

بازرگانانی ئێرانی و بیانیش لە سابڵاخدا، کە زانیان ئەم کارەساتە ڕۆژ دوای ڕۆژ پەرە دەسێنێ و کوشتن و بڕینی لێ پەیدا دەبێ، ناچار بەپەلە هەڵاتن.[٤]

ئەم هێزە کە لە سندوسەوە بەرەو سابڵاخ دەهات، هەر خەڵکی زیاتر تێدەئاڵا. هێشتا لە سابڵاخ نزیک نەببوونەوە، کە خەڵکی سابڵاخ بەدەهۆڵ و زوڕنا و بەئاڵاوە، بەپیریانەوە چوون و هەموو سندوس و موکریان، بەبێ تەقە و بەرەنگاریی هێزی ئێران، ئازاد بوون.[٥]

## ٢/٢: ئازادکردنی سابڵاخ و دەوروبەری:

بەرایی ئەم هێزە، کە لە سەرەتادا هەمزاغا بە(٢٠٠) سوارەی چەکدارەوە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، بەنیازی ئەوەی هەواڵی چۆنێتی و داروباری شاری سابڵاخی دەست بکەوێت، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە؛ ڕێکەوتی (١٨٨٠/٩/٢٩ز) بەبێ تەقە و لەناو پێشوازییەکی گەرمی بێ وێنەی خەڵکی سابڵاخدا، چووە ناو شارەوە. دوای هەمزاغاش، شێخ عەبدولقادر و سەرجەمی هێزەکە. ئەم هێزە، وەک عەلی ئەکبەر سەرهەنگ و ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێن پێکهاتەکەی بریتی بوو لەم خێڵانە:

هەموو هێزی مەنگوڕ، عەبدوڵڵا خان و ئیبراهیم خانی زەرزا، عەلی ئاغا لەگەڵ هۆزی

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٦١. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٥

(٢) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٦

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٧. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٦٢.

(٤) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣، ل٥٦٠

(٥) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٧



هەرکی، محەمەد ئاغا لەگەڵ خێڵی ڕەوەند، شێخ جیهانگیر لەگەڵ خێڵی بناری، مامەند ئاغای پیران، قەرەنی ئاغا و سواراغای برازای هەمزاغا لەگەڵ خێڵی زوودی، قاسم ئاغای کوڕی عەلی خان لەگەڵ سوارەی شکاک، دەروێش ئاغای نەعمان ئاغای هەرکی، عەبدوڵڵا بەگ لەگەڵ هۆزی دەشتی، قۆیتاس ئاغا لەگەڵ خەڵکی سۆمای برادۆست، محەمەد ئاغای مستکانی، کوێخا مولهیم لەگەڵ خەڵکی مەنگوڕ، عوسمان ئاغای گەورگ، محەمەد ئاغای مامش لەگەڵ خێڵی مامەش هاتنە سابڵاخ.[١]

بەڵام شێخ عەبدولقادر لە ئاقاری شار و کەنار چەمی شار، بارەگای دانا و ڕەشماڵێکی سەربازییانەی بۆ خۆی هەڵدا. کە محەمەد ئاغای مامش بەدیاری دابوویە و[٢] (٥- ٦) ڕۆژ لە سابڵاخدا مایەوە. ڕۆژی دواتریش: پێنج شەممە (١٨٨٠/٩/٣٠ز)، خان بابا خانی کوڕی مەجید خانیان بەفرمانڕەوای سابڵاخ دانا.

## ٣/٢: گرتنی میاندواو و دەوروبەری:

بەشە سەرەکییەکەی ئەم هێزە، (٣) ڕۆژ لە سابڵاخدا مایەوە و لەو (٣) ڕۆژەدا ژمارەیان گەیشتە (١٢) هەزار کەس. سەرەتا بەرنامەی گرتن و ئازادکردنی ناوچەکانی (هەوشار) و (سەقز)ی بەدەستەوە بوو،[٣] بەڵام لەو (٣) ڕۆژەدا نامەیان لە گوندە کوردنشینەکانی (سیلکی)ی نێوان (مەراغە) و (میاندواو)ەوە پێگەیشتبوو، کە ئەگەر زوو فریایان نەکەون، ئەوا عەجەمەکانی ئەو ناوچانە، دەستدرێژیی زۆریان دەکەنە سەر. بۆیە بەرنامەکە گۆڕدرا و بڕیاردرا بەدەنگ هاوارنامەی ئەو گوندە کوردنشینانەوە بچن و بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی: (١٨٨٠/١٠/١ز)، بەرایی ئەم هێزە کە بریتی دەبن لە (٢٠٠) سوارەی بڵباس، بەفەرماندەیی (میر بەگ)ی[٤] خاڵۆی شێخ عەبدولقادر، بەرەو گرتنی میاندواو بەڕێدەکەون. ئەو کەسانەی چ خەڵکی شار و چ سەرانی هۆزەکانی موکری، کە لەم هێرشەدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە: میرزا عەبدولوەهابی قازی، میرزا قادری قازی، میرزا قاسمی قازی، شێخ جەسیمی ئیمام جومعە، شێخولئیسلام، باپیر ئاغای نەقیب، مامۆستا ڕەسووڵ ئاغا، ئیسماعیل ئاغا، عەزیز ئاغا، ڕەحمان ئاغا، محەمەد ئاغا، برایم ئاغا، گوڵاوی ئاغا، ڕەییس ئاغا، براکانی ئیبراهیم ئاغا، ڕەزا قولی

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٨، هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١٧١

(٢) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٨

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤١

(٤) لە هەندێ سەرچاوەدا بە(نوری بەگ) ناوبراوە، بەڵام دوای سۆراخکردنی ناوەکەی، دەرکەوت کە (میر بەگ)ی بەردە سوورییە.

میرزای کوڕی مەلەک قاسمی میرزا، عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا، خەلیل ئاغا، کوڕەکانی محەممەد کەریم بەگ، فەتحوڵڵا خان کوڕی موزەفەرلدەولە، کوڕەکانی تری مەجید خان، ئەمین ئاغا کوڕی قادر ئاغای ئیندەرقاش، سەلیم بەگ و کوڕەکانی، فەیزوڵڵا بەگ، عەزیزی فەتاح، حەسەن ئاغا، کوڕەکانی ئاغا و خەلیفە و شێخەکانی تری ئەهلی سوننەت.[1] تا بەرەو قووڵایی ناوچەکانی میاندواویش دەچوون، گوندە کوردنشینەکانی ئەو ناوچانە تێکەڵ لەشکرەکە دەبوون. بەپێی ئاگاداریی (عەلی ئەکبەر سەرهەنگ)، ئەم هێزە کە گەیشتنە گوندی (حاجی حەسەن)ی یەک قۆناغە ڕێی میاندواو، ژمارەیان گەیشتبووە (٥٠) هەزار کەس.[2] وەک بەڵگەنامەکانیش دەری دەخەن، ئەم هێزە ڕووەو قووڵایی ناوچەکانی ئازەربایجان کشاوە و بەرنامەی گرتن و ئازادکردنی هەموو ئازەربایجان و مەڵبەندی ئازەبایجان (تەوریز) بووە؛ کە لەو کاتەدا نشینگەی وەلیعەهد – موزەفەرەدین میرزا (١٨٥٣ – ١٩٠٧ز)ی کوڕی ناسرەدین شا بووە.

بەڵام هاوکات گوند و شارۆچکە و شارە عەجەم نشینەکانی مەراغە و میاندواو و بناو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم لەشکرەی کورد، دەکەونە خۆیان و هەر دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بۆ سابڵاخ، عەلی خانی حاکمی مەراغە، لەگەڵ محەممەد سادق خانی سەرکردەی سوارەی بەرەی پێشەوە و محەممەد حسێن خانی بەختیاری و محەممەد سادق خانی ئاجودانباشی و حاجی قولیخانی ئیسفەهانی و ڕەحیم خانی چەلبیانی، بەگالیسکەیەک لە مەراغەوە بەڕێدەکەون. لە ناو ڕێ لەگەڵ سەلیم خانی چاردۆڵی یەک دەگرنەوە و پێکەوە بەرەو میاندواو دەچن و تۆپ لە دەرەوەی شار دادەمەزرێنن و سەنگەر و مەتەریزی قایمیش ئامادە دەکەن. خەڵکی تریش کۆدەکەنەوە و بۆ بەرگریی هانیان دەدەن.[3]

ئەو هێزەی (میر بەگ) سەرکردایەتی دەکات، وەک یەکەمین بەرایی لەشکری کورد، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی (٢/ ١٠/ ١٨٨٠ز)، هێرش بۆ سەر میاندواو دەست پێدەکات.[4]

لە سەرەتای هێرشیاندا بۆ سەر میاندواو، دەکەونە ناو بۆسە و دەستڕێژی گوللەی عەلی خانی حاکمی مەراغە و هاوڕێکانی و بەگوللەی سەلیم خانی چاردۆڵی دەکوژرێ و سەری دەبڕن.

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١٧٢
(٢) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٣) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٤١
(٤) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٧٨، هاوپێچی (٣)ی نامەی ژمارە (٦٠).



سوارەی بلباس بەکوشتنی (میر بەگ) دەبەزین و هەڵدێن. بەڵام شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا کە هەواڵی کوژران و لەتوپەتکردنی (میر بەگ) و تێشکانی سوارەی بلباس دەبیستن، بڕیاری هێرشی تازەی سەر میاندواو دەدەن. ئەم هێرشە تازەیە بەسەرکردایەتی جەلیل ئاغا دەبێت،[1] کە بە (١٠٠) سوارە و (٣٠٠) پیادەوە هێرشی دەست پێکرد.

بەدوای ئەم هێرشەدا، هێزەکانی کورد هەموویان لە سابڵاخەوە بەلێشاو بەرەو میاندواو کەوتنە ڕێ. عەلی خانی حاکمی مەراغە و شەرکەرانی میاندواو هەر تەنیا (٣) سەعات خۆیان لەبەر ئەم هێرشەدا پێدەگیرێ و هەڵدێن و لە دوای خۆیشیانەوە، تۆپ و تەقەمەنی زۆر جێدەهێڵن و بەدوای ئەوانیشدا خەڵکی شاری میاندواو، هەر کەس توانای هەڵاتنی هەبوو، هەڵات و ئەوانیتر بەردەست هێزەکانی هێرشکاران کەوتن. ئەم هێرشە کە دەکەوێتە سەعات (٣)ی نیوەشەوی هەینی، ڕێکەوتی (٣/ ١٠/ ١٨٨٠ز)، ماوەی (٣) ڕۆژ دەخایەنێ و کوشتاری زۆر لە خەڵکی میاندواو دەکرێ و دیل و تاڵانی زۆریشیان لێدەگیرێ...

بەگوێرەی زانیاریی ئەسکەندەر غۆریانس (٨٠٠) موسڵمان و (٢٠) ئەرمەنی و (٥٠) جوولەکە لە میاندواو کوژران.[2]

کە هەواڵی کوشت و بڕ و تاڵانیی ناوچەکانی میاندواو بەشێخ عوبەیدوڵڵا گەیشتوون، نامەیەکی سەرکۆنەی بۆ شێخ عەبدولقادری کوڕی نووسیوە. بەڵام وەک ئەسکەندەر غۆریانس دەڵێ: کۆنترۆڵکردنی ئەم جۆرە هێرش و پەلاماردانە، نە بەشێخ عەبدولقادر و نە بەهەمزاغاش دەکرا.[3] لە گەرمەی شەڕ و کوشتاری میاندواودا، هەندێ کەسی وەک (ڕەزا قولیخان کوڕی مەلەک قاسمی میرزا) لەگەڵ چەندان کەسی تردا، جلوبەرگی کوردییان لەبەر کردووە و بۆ بەدناوکردنی کورد، کەوتوونەتە دزی و تاڵانیی گوندەکانی ناوچەی مەراغە، میاندواو و مەڵکەندی.[4]

دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ شەڕ و تێهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی کورد و خەڵکی میاندواودا، جەلال خانی ئەفشار، بەدزییەوە هەواڵی ئەوە بەمحەممەد ئاغای مامش دەگەیەنێ، کە لەشکری (خۆی) لەگەڵ (شەجیع عەلی خان) گەیشتوونەتە (ورمێ) و (ئیقبالدەولە)ی فرمانڕەوای ورمێش دەیەوێ لە سندوسەوە هێرش بۆ سەر سابڵاخ بهێنێ،

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١٧٣. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٤٢
(٢) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٤٣
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤١
(٤) هەمان سەرچاوە، ل٤٤

محەمەد ئاغای مامشیش بەمەبەستی پەشۆکاندنی هێزەکە، هەواڵەکە بەناو هێزەکانی کورددا بڵاو دەکاتەوە. لەبەر ئەوە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بەپەلە بەرەو سابڵاخ دەگەڕێنەوە، تا تەدارەکی بەرگریی لە سابڵاخ ئامادە بکەن. لەگەڵ خۆیشیاندا تۆپێک، کە لە میاندواو گرتبوویان، بەرەو سابڵاخ دەبەن. بەڵام لە ڕێگە دەیشکێنن. لە سابڵاخەوە محەمەد ئاغای مامش بەرەو سندوس دەنێرن، تا سۆراخی هەواڵەکەیان بۆ بکات و دوای سۆراخی هەواڵەکەش، لە گەڕانەوەیدا بچێتە قەڵای لاجان و بیرووخێنێ؛ ئەو قەڵایەی کە هۆزی (پیران) بەدەم چوونیانەوە لە شنۆوە بۆ سابڵاخ، گەمارۆیان دا و چەند تۆپێکیشی تێدا بوو، گرتبوویان و سەربازەکانیشیان بەدیل گرتبوون.[1]

ئەویش چونکە بەدوودڵیی و ناچاریی شوێن لەشکری شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا کەوتووە و بەهیوا بووە ئەگەر لەشکری دەوڵەت لە ورمێوە بگات، پێوەندییان پێوە بکات. بەم هیوایەوە چەند ڕۆژێک لەو ناوە خۆی خەریک کردووە. بەڵام کە هەواڵەکە شوێنەوارێکی نابێت، ئەوسا هەروا بۆ ناو لەشکر دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەم هەواڵەی هاتنی هێزی ئیقبالدەولە، دەبێتە سۆنگەی ئەوەی لەشکری کورد درەنگتر هێرش بۆ سەر (بناو) بکەن و بەم دواکەوتنەش تا ئەو کاتە، فەوجێک سەرباز لە تەورێزەوە بەهانای بناوەوە دەگات و دەبێتە هۆی نەگرتنی بناو.[2]

لە (١٥/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، لەشکری کورد لە میاندواوەوە بەرەو (مەڵکەندی) جووڵا و ژمارەی سوارە (٨-٩) هەزار و پیادەش نزیکەی (١٠) هەزار کەس بوون. لەم هێرشەدا شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا فرمانیان دابوو هەموو خەڵکی سابڵاخ بەشداریی بکەن.[3]

٢/٤: فرماننامەی شێخ عەبدولقادر بۆ فەرماندارانی سەقز و بانە

لەم ڕۆژانەدا، کە هێزەکانی کورد بەرەو میاندواو دەچوون، شێخ عەبدولقادر ئەم دوو نامەیەی بۆ هەریەکە لە فەرمانداری (سەقز و بانە) بەم ناوەڕۆکە نارد: *(تا ئێستا نیوەی ئازەربایجانمان گرتووە و لە ژێر دەسەڵاتماندایە، کاربەدەستی زۆریشمان بۆ کوردستان*[*]

(١) هەمان سەرچاوە، ل٤٤. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٦٦
سەرنج: دوای ئەوەی ئەم سەربازانەیان بەدیلی بۆ لای شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بردبوون، ئەوان ئازادیان کردبوون و بەرەو ورمێ و جێگە وماڵی خۆیان گەڕانەوە. بۆ زیاتر زانیاریی، بنوارە: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٣٩٣.
(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٧٨، نامەی ژمارە (٤٥).
(٣) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٥٤
(*) مەبەست لە کوردستان، شاری (سنە)یە. وەک دیارە فرماننامەیان بۆ کاربەدەستان و فرمانڕەوایانی (سنە) و شارەکانی سەر بە(سنە)ش ناردووە، بەڵام شوێنەواریان دیار نییە.



*دیاری کردووە و هەواڵیشمان ناردووە، کە لەم هەفتەیەدا کاربەدەستمان دەچێتە ئەوێ، ئێوەش کە حاکمی سەقز و بانە -ن، بەگەیشتنی ئەم فرماننامەیە، بەخۆتان و دەستوپێوەند و قشوونتانەوە، ئەگەر خۆتان بگەیەننە لەشکری ئێمە، ئەوا خۆشەویستن و گەورە دەبن. بەڵام ئەگەر بیخەنە پشتگوێ و خۆتان گێل بکەن، ئەوا هەفتەیەکی تر، بەسزای خۆتان دەگەن.)*[1]

٢/٥: تەقەڵلای تەورێز:

دوای ئەوەی لە تەورێز هەواڵی هەڵاتنی شازادە لوتف عەلی دەبیستن، بڕیار دەدەن (حاجی سەدرولدەولە) بکەنە فرمانداری سابڵاخ و لەگەڵ کۆمەڵێک سوارەی تەهماسبقولی خان یۆزباشی، ڕەوانەی دەکەن.

کە خەڵکی مەراغە و بناویش هەواڵی شەڕ و کوشتاری میاندواو دەبیستن، نامە بۆ (موزەفەرەدین میرزا)ی وەلیعەهد دەنێرن و داوای یارمەتی لێدەکەن. ئەویش بڕیار دەدات: ئاغا خانی سەرتیپی ئەفشار و لوتف عەلی خانی سەرهەنگ، بە(٤٠٠) سەرباز لە فەوجی چوارەم و فەوجێکی ئەمیریە، بەچوار گالیسکە تۆپەوە، لە ڕۆژی (١/ ١٠/ ١٨٨٠ز)، محەمەد خانی سەرهەنگ موهەندیس، کە ئەویش فرمانی پێکرابوو بێت، لە نزیک بارەگای (خانەقا) لەگەڵ ئاغاخانی سەرتیپ و حاجی سەدرولدەولە یەکدەگرنەوە و پێکەوە دەچنە بناو و لە دەوروبەری شارەکە سەنگەر و مەتەرێز دروست دەکەن و لە هەر دۆڵێکدا تۆپ و سەرباز دادەمەزرێنن.[2]

کە هەواڵی ئەم ناوچانەش گەیشتنە تاران، بڕیار درا: مستەفا قولیخان (ئیعتیماد سەڵتەنە)ی سەرۆکی لەشکری ئازەربایجان، وەک سەرکردایەتی گشت لەشکر بەرێ بکەوێ، ناوبراو لەگەڵ فەوجی بەهادۆران، بەیاوەریی سەیید محەمەد خان و فەوجی دووەمی تایبەت، سەرهەنگ عەلی خانی کوڕی حاجی حیسامولدەولە و (٣) دەسگا تۆپ و تەقەمەنی، گەیشتنە بناو.

شەو لەوێ مانەوە و بەیانی، محەمەد خانی سەرهەنگ، لە دەرەوەی شار، شوێنی هۆردوو دادەمەزرێنێ. ئیعتیماد سەڵتەنەش بارەگاکەی خۆی لە ناوەڕاستی بارەگاکانی تردا دامەزراند، کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ڕێگەی هاتنی لەشکری کورد و مەیدانی شەڕ

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل١٧٤، پاشکۆی (١) بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠٤)
(٢) عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، ل٣٩٤

بوو.[١] سەرکردایەتی لەشکرەکانی بناو، بریتی بوون لە: ئیعتیماد سەڵتەنە، حاجی سەدرلدەولە، ئاغا خانی سەرتیپ لەگەڵ (٤٠٠) سەربازی فەوجی چوارەمی تەورێز، حاجی عەلی خانی سەرهەنگ، لەگەڵ فەوجی دووەم، بەتایبەتی سەیید محەمەد خانی یاریدەدەری فەوجی بەهادۆران، لوتف عەلی خانی سەرهەنگ لەگەڵ دەستەی ئەمیرییە، بیوک خانی سەرهەنگی مەراغە، محەمەد خانی سەرهەنگ (موهەندیس)، لەشکری سوارەش، کە بریتی بوون لە: محەمەد حسێن خانی بەختیاری بە(٤٠) کەسەوە، ئیبراهیم ئاغای قەراجەداغی بە(٢٠) کەسەوە، بۆ قۆڵی (ورمێ).[٢]

## ٦/٢: تەقەللای تاران:

کە لە تارانیشەوە هەواڵی بەڕێکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلایان بیستبوو،[٣] فرمانیان دەرکردبوو: کامەران میرزای نایب سەڵتەنە، لەشکرێکی گەورە بەرەو ئازەربایجان بنێرێ، تا بوون و مانی خراپەکاران بەفەنا بدات!. هەروەها بڕیاردرا (حەمزە میرزا - حیشمەتولدەولە)ی مامی ناسرەدین شا بکرێتە سەرداری لەشکر[٤] و دوو فەوجی ئازەربایجانیش، کە بەمحەمەد قولیخانی حیسامولدەولە سپێردرابوو، لە تارانەوە بەرەو بناو بەڕێ بکەوێ. بەڵام حیشمەتولدەولە بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست، (٣) ڕۆژ بەتۆپخانە و هێزەکەیەوە، مانەوە. ئەم هێزە لە ڕۆژی (١٥/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، لە مەیدانی ئەسپ سوارییەوە قۆناغیان بردە گوندی (کەن)ی نزیک تاران. ڕۆژی (١٦/ ١٠/ ١٨٨٠ز) ئەم هێزە لە گوندی ناوبراوەوە کەوتنە ڕێ.[٥]

بەڵام ئەو هێزەی بۆ قۆڵی ئازەربایجانی خۆرئاوا (ورمێ) دیاریکرابوو، پێش ئەم هێزە کەوتبووە ڕێ و لە گوندی (کەرەج) قۆناغیان گرتبوو. ئەم دوو هێزە لە کەرەج یەکیان گرتەوە و دوای چوار ڕۆژ ڕێکردن لە (٢٠/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا گەیشتنە (قەزوین) و ڕۆژێکیان بۆ کۆکردنەوەی سەربازی قەزوین و حەساوەی لەشکری پیادە تەرخان کرد. ڕۆژی (٢٢/ ١٠/ ١٨٨٠) فرمانی بەڕێکردنی لەشکر دەرچوو. ئەم هێزە بەردەوام بەڕێوە بوو، تا لە ڕۆژی (٣٠/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، گەیشتنە شارۆچکەی (بیجاڕ) و لەوێ باروبنەیان خست. ئەوسا بەرەو (هەمەدان) بەڕێکەوتن، کە بە(٨) ڕۆژ گەیشتنێ.[٦]

(١) و(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤
(٣) وەک دواتر باسی دەکەین لەم کاتەدا (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری)ش بەهێزێکی گەورەوە بەرەو قۆڵی (ورمێ) بۆ گرتنی ورمێ جووڵا بوو.
(٤) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٨١
(٥) عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، ل٣٩٥
(٦) هەمان سەرچاوە.



بەڵام کە گەیشتنە بیجاڕ، حیشمەتولدەولە سێ ڕۆژی تێدا مایەوە و هەر لەوێ نەخۆش کەوت و دواتر ڕۆژی (١٧/ ١١/ ١٨٨٠ز) لە ناوچەی هەوشار، گوندی (گۆک ئاغاج)ی[١] لای (سایین قەڵا) دەمرێ.

ئیعتیماد سەڵتەنەش کە گەیشتە (بناو)، دوای تەواوکردنی کاروباری سەنگەر و مەتەرێز ئامادە کردن، خزمەتکارێکی لە لا بوو، ناوی (عەبدوڵلا بەگ) بوو. ئیعتیماد سەڵتەنە چەند نامەیەکی بەدەستی عەبدوڵلادا بۆ سەرۆکەکانی موکری و قەرەپاپاغ نووسی، کە فریوی شێخ عوبەیدوڵلا مەخۆن و لە سزادانی (شا) بترسن و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی دەوڵەتخوازیی و (شا) لێتان خۆش دەبێ.[٢]

ئیسماعیل ئاغای سەرۆکێکی قەرەپاپاغ و چەند خزم و کەسێکی دوای ئەویش (گوڵاوی ئاغا)[٣] خۆیان بەدەست لەشکری بناوەوە دەدەن... بەقسەی گوڵاوی ئاغا، کە دوای خۆ بەدەستەوەدانی، بۆ سەرانی لەشکری دەوڵەتی لە بناو کردووە؛ دەڵێ: لەشکری کورد لە ژمارە نایەن و بەگوێرەی قسەی عەلی ئەکبەر سەرهەنگیش، لەشکری کورد وەک (ئەستێرە درەوشاوە بوون). ئاڵای سوور و زەرد و شین و بنەوشیان هەڵگرتبوو.[٤]

گوڵاوی ئاغا لە بناو خۆی بەدەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەدات و ئامار و توانا و نهێنییەکانی لەشکری کورد، لە سەرانی لەشکری دەوڵەتی ئێران دەگەیەنێ و خۆبەدەستەوەدانیشی دەبێتە مایەی دڵساردیی و چاولێکەریی ئاغاکانی تر. تەنانەت ئەسکەندەر غۆریانس پێی وایە خۆبەدەستەوەدانی گوڵاوی ئاغا، نیعمەتێکی گەورە و چاوەنوارِ نەکراو بوو بۆ لەشکری دەوڵەتی ئێران.[٥]

(١) عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، ل٣٩٦
(٢) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٣) مەبەست لە گوڵاوی ئاغا (؟ - ١٨٨١ز)ی کوڕی مارف ئاغای سەرۆکی خێڵی دێبوکرییە، کە هەر لە بنەڕەتەوە دژی شۆڕشەکە بووە و سەرەڕای ئەوەش کە لە سەرەتای شۆڕشەکەوە شێخ عوبەیدوڵلا نامەی بۆ ناردووە و داوای یەکتر دیتن و هاوکاریی لێکردووە، کەچی نەک هەر وەڵامی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەداوەتەوە، بەڵکو بەبەرچاوی خەڵکەوە نامەکەی دڕاندووە و بەردەوامیش دڵی خەڵکی لە پشتیوانیی شۆڕشەکە سارد کردۆتەوە و تەقەللای ئەوەیشی داوە ئاغاکانی دیبوکری و محەمەد ئاغای مامەش و سەلیم خانی چاردۆڵی بۆ ئەوە یەک بخات، تا هەمزاغای مەنگوڕ بکوژن. بۆ زیاتر زانیاریی، بنواڕە: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٣٧، ٣٩، ٤٨، ٤٩، ٥٥، ٥٩
(٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٣٩٧
(٥) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٦٠

## ٧/٢: تەقەللای گرتنی بناو:

وتمان لە (١٥/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، هێزەکانی کورد ڕووەو (مەڵکەندی) جووڵان و دوای شەڕ و تێهەڵچوونی سەخت، (مەڵکەندی) گیرا و دوای ئەویش بەرەو (بناو) هێرش کرا. بەڵام پێش ئەوەی هێرش بۆ سەر بناو بکەن، نوێنەریان نارده لای بەرپرسانی بناو، تا پێش شەڕ و خوێن ڕشتن، بناو بەدەستەوە بدەن. کەچی گوێ لە ڕاسپاردەکانی نوێنەری کورد نەگیرا و هێرش و شەڕ دەستی پێکرد.[١]

ماوەی (٣) ڕۆژ هێزی کورد و هێزی دەوڵەت لە بناو، بێ پسانەوە جەنگاون. لەم شەڕانەدا بەقسەی عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، خاک و خۆڵی بناو بەخوێنی کورد، بوو بەقوڕاو.[٢]

لەو دەشتە پڕ قینەدا دەتوت زەوی دەمی داپچڕیوە. ئەوەندە کوژرابوون، دەتوت زەوی هەمووی تەپۆڵکەی مردووە!.[٣]

بەکورتی تا (٣) ڕۆژ هەوری بەڵا، ئاسمانی تەنیوە و بارانی گوللە وەک تەرزە باریوە. بەجۆرێک دنیا سەری سووڕما بوو. لە یەکەم هەڵمەتدا هێزەکانی کورد ڕووەو شار بوونەوە و ئەو ماڵانەیان وێران و کاولکرد و خەڵکەکانیان کوشتن، کە لە ئاقار و دەرەوەی شار بوون. بەقسەی ئەسکەندەر غۆریانس نزیکەی (٣٠٠) کورد کوژران.[٤]

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٨٨. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٩٠
سەرنج: ئەو کاتەی لەشکری کورد بەمەبەستی گرتنی (بناو) لە (میاندواو)ەوە بەرەو (بناو) کەوتبووە ڕێ؛ محەمەد ئاغای مامەش بەشێخ عەبدولقادر و هەمزاغای وتبوو: پێشتر دەبێ پەیامنێرێک بنێرینە لای (قازی عەلی – حاکمی مەراغە)، بەڵکو بەبێ خوێنڕشتن بناو بگرین... شێخ عەبدولقادر و هەمزاغاش، هەر محەمەد ئاغا دەکەنە دەمڕاست و داوای لێدەکەن پەیامێکی لەو جۆرە بۆ بناو بنێرێت. ئەویش بەدزی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغاوە، نامەیەکی نهێنی بەم ناوەڕۆکەوە بۆ بەرگریکارانی (بناو) دەنووسێ:
(... لە کاتی هێرش و شەڕدا، بەیداخەکەی ئێمە (واتە: بەیداخی خێڵی مامەش) سەوزە. ئەگەر هێزەکەی ئێمە و قەرەپەپاغ بکەوینە پشتی لەشکرەکەوە، ئەوە ئێمە لە پشتەوە و ئێوەش لە پێشەوە تێیان دەکەوین. بەڵام لەوانەیە بمانخەنە پێش لەشکرەکەوە، چونکە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا دڵیان لێمان ڕەشە و ئێمە بەخایەن دەزانن. ئەگەر وا بوو، ئەوە ئیتر ئێمە توانای بەرەنگاریی لەشکری ئەوانمان پێناکرێ...!!!). شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٩٠ – ٥٩١. هەروەها: ئەسکەندەر غۆریانس، ل٨٨.
(٢) عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، ل٣٩٧
(٣) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٤) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٦٤



## ٨/٢: نامەی هەمزاغای مەنگوڕ بۆ شێخ عوبەیدوڵلا:

لە دوای دووەمین ڕۆژی شەڕ و هێرش، هەمزاغای مەنگوڕ، کە خۆی لە بناو لەگەڵ هێرشکاراندا بووە، نامەیەکی بۆ شێخ عوبەیدوڵلا نووسیوە:

*(ئێمە ماوەی دوو ڕۆژە لە شاری بناو شەڕ دەکەین و بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێ لە قەڵاکە دەربچێ، بەتەواوی گەمارۆی شوێنەکەمان داوە. ئومێدەوارم خوای گەورە سەرکەوتنمان مسۆگەر بکات و لەشکری دوژمنیش وەک تۆوی خەشخاش بڵاوە پێبکات.*

*بەگەیشتنی ئەم نامەیە، لە پایە بەرزتان دەخوازم بەپەلە (١٠٠٠) کەس و ئەوەندەش دەتوانرێت تفەنگی مارتینی و تەقەمەنیم بۆ بنێریت. من دڵنیام لەوەی لە دوکانتدا لە بیرم ناکەیت).*[١] هەر ئەسکەندەر غۆریانس، سەبارەت بەم هێرش و شەڕانە، دەڵێ: *(خودی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا و دەستەکانی خۆیان و خێڵی زەرزا و زوودی و پیران و عەزیزی فەتاح و میناغای قادر ئاغا، لە خوار تەپۆڵکەکان و پشت دیواری باخەکانی بناوەوە دەست بەشەڕ دەکەن و بێ هەدادان وەک تەرزە، گوللەی تفەنگی مارتینی بەسەر چادری ئێرانییەکاندا دەبارێنن و کون کونی دەکەن. وڵاخ و چوارپای زۆر، کە لە پشت سەنگەرەکانەوە بوون، تیا چوون. بەڵام خەڵکەکە لە پشت سەنگەرەکانەوە پارێزراو بوون و پەیتا پەیتا تۆپیان دەتەقاند.*

*سەرۆکەکانیش لە چادرەکانی خۆیاندا سەنگەری قووڵیان بۆ خۆیان هەڵکەندبوو، خۆیان دەپاراست، هۆردووی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغاش چونکە دوور و لەسەر تەپۆڵکە و ناو شیوەکاندا بوون، ئەوانیش ئەوەندەیان زیان لێنەکەوت.*[٢]

(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٣٩. سەرنج: ئەم نامەیەی هەمزاغا و نامەکەی پێشووتری شێخ عەبدولقادر و چەندین نامەی تری لەم جۆرە، دەست هێزەکانی دەوڵەتی ئێران کەوتوون و کاتی خۆی ناسرەدین شا بۆ (تۆمسن)ی گەورە باڵوێزی ئینگلیسی ناردوون، تا لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیسەوە نیشانی هەموو نوێنەرانی دەوڵەتانی بدەن و بزانن شێخ عوبەیدوڵلا بەهیوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانە. چونکە ئەو نازناوانەی لەم نامانەدا بەرامبەر بەشێخ عوبەیدوڵلا بەکارهێنراون، ئەوانەن کە بەتایبەتی ئاراستەی (شا) و (سوڵتان) دەکرێن... میستەر (تۆمسن)یش لەسەر داخوازی ناسرەدین شا، ئەم سەرنجەی بۆ (ئیرل گرانفیل) نووسیوە: (خاوەن شکۆ دەخوازیت سەرنجی شێواز و ئەو ناونیشانە بدەن کە ئاراستەی شێخی پێکراون و هەر ئەو نازناوانەن کە لە ئێراندا لە نامە نووسیندا بەرامبەر (شا) و (سوڵتان) بەکاریان دەهێنن... خاوەن شکۆ ئەمە وەک بەڵگەیەک دەهێنێتەوە، کە ئامانجەکانی شێخ عوبەیدوڵلا چەند (گەورە) بوون، وەک ئیدعای ئەو لەقەبانە دەکات بۆ خۆی لەسەر خاکی ئێراندا، کە تەنها تایبەتە بۆ فرمانڕەوایانی وڵاتەکە) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٣٨
(٢) ئەسکەندەر غۆریانس، ٦٢، ٦٣

ئەو کوردە سوارە و پیادانەش کە بەگەڕەک و باخەکانی شاردا بڵاوببوونەوە، بەدەستی ئاغا عەلی قازی و خەڵکی بناو – کە دەستە دەستە بۆ پارێزگاریی شار دەگەڕان – دەکوژران. چەندان جاریش بەفرمانی شێخ عەبدولقادر، کوردی پیادە، بەخەنجەری ڕووتەوە هەڵمەتیان بۆ سەر سەنگەری تۆپەکان دەبرد. بەڵام سوارەی بەختیاری، بەفرمانی محەمەد حسێن خان و بەهاوکاریی سوارەی تر، لە سەنگەرەکانەوە دەهاتنە دەرەوە و پێشیان دەگرتن. ماوەی (١٠) ڕۆژ و شەو بڵێسەی ئەم شەڕە هەر دایسا. لە هەردوو لاوە گوللەی بێ شومار تەقێنرا. بەڵام هەرچەند کوردان بەتفەنگی مارتینی دەستڕێژیان دەکرد، ئەوان بەگوللە تۆپ وەڵامیان دەدانەوە).[1] لەم هێرشەی لەشکری کورددا، کە بۆ سەر (بناو)ی کرد و ڕووی نەکردە شاری (مەراغە)ی بەری خۆرهەڵاتی نێوان هەردوو شاری میاندواو و بناو و نەیانگرت (لە کاتێکدا شاری مەراغە، ئەوەندەی شاری بناو، بورج و قەڵا و سەرباز و کەرەسەیشی تێدا نەبوو و داگیرکردنیشی زۆر ئاسان بوو)؛ هەندێ لە نووسەرانی ئەو سەردەمە، وای بۆ دەچن، کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا مەبەستیان ئەوە بووە دوای ئەوەی بناو دەگرن، ئەوسا بگەڕێنەوە سەر (مەراغە) و بیگرن. چونکە پێیان وابووە ئەگەر لە پێش گرتنی بناودا، هێرش بۆ سەر مەراغە ببەن، ڕەنگە بکەونە گەمارۆی نێوان دوو شاری وەک (میاندواو و بناو)ەوە و گیر بخۆن و مەترسیی گەورەیان تووش بێت.[2]

شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، لە بەرامبەر خۆڕاگریی شەڕکەرانی بناو و لە هەمان کاتیشدا لەبەر بێلایەنیی بەشێکی گرنگی لەشکر و بڵاوبوونەوەیان و بێ بژێویی و بەهۆی ئەوەشەوە کە مەودای تفەنگی ئەمان بەسەنگەرەکانی ئەوان نەدەگەیشتن و بۆ ئەوەش لە مەودای گوللە تۆپەکانیان دوور بکەونەوە و پشوویەک بەلەشکرەکەیان بدەن و دوای دوو ڕۆژێکی تر هێرش بۆ سەر بناو بکەنەوە، لەشکرەکەیان بەرەو (کارێزەکەندی) کێشایە دواوە و بۆ بەیانیش بەرەو (مەڵکەندی) دەگەڕێنەوە. بەڵام دوای ئەوەی دوو ڕۆژ لە مەڵکەندی مانەوە، چوونە گوندی (چلیک).

بەپێی ئاگاداریی ئەسکەندەر غۆریانس، ئەگەر کەمتەرخەمیی و خۆ دوورەپەرێز گرتنی دێبوکرییەکان نەبوایە، (بناو) دەگیرا. چونکە ژمارەی هێزی کورد (١٥) هەزار کەس و ژمارەی لەشکری دەوڵەت (٣) فەوج سەرباز زیاتر و چەند دەستە سوارێکی تر لە بناودا نەبوون.[3]

(١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

(٢) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٦٤. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، ل٥٧٧



**٩/٢: دوو نامەی شێخ عەبدولقادر بۆ شێخ عوبەیدوڵلا:**

شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە (چلیک) کە زۆربەی لەشکرەکە بەبرسیی دەبینن، هەندێکیان مۆڵەت دەدەن (بەتایبەتیش پیادەکانیان). هەر لە چلیک سوارەی قەرەپەپاغ و سەرۆکەکانیشیان مۆڵەت دەدەن. چونکە دڵیان لێیان پاک نابێ و مانەوەیان بەمایەی خراپە و دووبەرەکیی و تۆڵەسەندنەوە دەزانن. بۆیە داوایان لێدەکەن بچنە ناو ئۆردووی شێخ عوبەیدوڵلاوە، کە لەوکاتەدا هێرشی بۆ سەر شاری (ورمێ) بردبوو. لەم ڕووەوە نامەیان بۆ شێخی گەورە نووسی و باسەکەیان بۆ ڕوون کردەوە و داوایان لێکرد لە باتی ئەمانە، سوارەی ملکەچ و بەدڵ خزمەتگوزاریان بۆ بنێرێ.[1]

(محەمەد ئاغا مامش)یش بەسوارەی خۆی و قەرەپەپاغەوە لە لەشکری کورد جیابوونەوە و لە باتی ئەوەی پێوەندی بەشێخی گەورەوە بکەن، هەر کەس بۆ ناوچەکەی خۆی گەڕایەوە و چاوەنواڕی ڕووداوی تازە بوون.

لەم سەروبەندەدا زۆرینەی لەشکرەکە، بەچەندین جۆر بڕوبیانوو و هۆی جۆراوجۆرەوە، ڕیزەکانی لەشکرەکەیان بەجێدەهێشت و تا دەهات ئاماری لەشکر بەرەو کەم بوونەوە دەچوو. ئەوانەی تا دوایی لەگەڵ لەشکری شۆڕشدا مانەوە، بەلای زۆرەوە، تەنیا چەند خێڵێکی مەنگوڕ، بەسەرکردایەتی هەمزاغا، لەگەڵ شێخ عەبدولقادردا مابوونەوە... وردەکارییەکانی ئەم هەواڵانە، لە دوو توێی ئەم نامەیەی شێخ عەبدولقادر دەردەکەوێ، کە لەو ڕۆژانەدا بۆ شێخ عوبەیدوڵلای نووسیوە:

(شەرەفی وەرگرتنی نامەکەی خاوەن شکۆتانم هەیە، کە دابووتانە دەست مەلا حەسەن و گەلێکیش خۆشحاڵ بووم بەبیستنی ئەوەی کە: ورمێ گەمارۆ دراوە، دوو تۆپ گیراوە، لەشکری موسڵمانەکان سەرکەوتوون و خەڵکەکەی ورمێش زۆر لە ناڕەحەتییەکانیان کەم بۆتەوە. تکامان وایە خوا سەرکەوتنی خێرا و تەواومان پێببەخشێ. (٢٠٠٠) سوارە بۆ لای خاوەن شکۆتان دەنێرم، کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتتندا بن. سەرکردەکانیشیان پەیمانی دڵسۆزییان داومەتێ![2]

هێزەکەی من لێرە بچووکە. بەتەنیا لایەنگرەکانی خان بەها خان، هەمزاغا و چەند خێڵێکی مەنگوڕی لێیە، دوژمن لەبەر دەمماندایە. گوڵ عەلی خان هێرشی کردۆتە سەریان.

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٦٦

(٢) ئەو (٢٠٠) کەسەی بۆ خزمەت شێخ عوبەیدوڵلایان دەناردن، زۆربەیان ئەوانە بوون، کە لەگەڵ محەمەد ئاغای مامش و قەرەپەپاغەکاندا بڵاوەیان لێکرد بوو!

دەمـوچاوی ڕەش هەڵگەڕاوە! دوای گـرتنی ورمێ، تکایە (١٠٠٠) کـەس و تەقـەمـەنی پێویستم بۆ بنێرن. خۆشتان بەخێرایی وەرن).[١]

(سەلیم خانی چاردۆڵی)یش،[٢] کە گوندەکانی کەوتبوونە قەڵەمڕەوی موکریانەوە، هەر لە سـەرەتای ئەم شـۆڕشـەوە چۆڵی کـردبوون و لەگـەڵ سـوارەکـانی خـۆیدا چووبوونە شـوێنە قایمەکانەوە، کە لەبەر سەختیی پێیان دەوترا (تەلیسمات) و لەوێوە بەرامبەر لەشکری کورد سەنگەر هەڵدەکەنن و جار جاریش هێرشیان دەکەنە سەر، یان بۆسەیان بۆ دەنێنەوە و دەیانکوژن و سەریان دەبڕن.

شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، کە لە (چلیک) بوون، (٥٠٠) سوارەی هەڵکەوتوویان هەڵبـژارد و ناردنیـانە سەر سەلیم خان، تا خـۆی و دار و دەستـەکـەی تەفروتوونا بکەن و بیـانکوژن و نەیەڵـن بۆ ناو لەشکری (بناو) بچنەوە. بەڵام ئەم سـوارانە، دوای سـەعـاتە ڕێیەک، کە داروبارەکە هەڵدەسەنگێنن و لە ترسی ئەوەی نەکا لە لایەکەوە یارمەتی زۆر، بەسەلیم خان گەیبێ؛ بۆیە هەروا دەگەڕێنەوە.[٣]

لە دوای تێشکان و کشانەوەی هێزەکانی کوردیش لە قۆڵی بناو و لە نێوان میاندواو ناوچەی چواردۆڵی نشـینەکـاندا، شـێخ عـەبدولقـادر ئەم نامـەیەی خـوارەوەی بۆ شـێخ عـوبەیدوڵلا نووسـیـوە: کـە تیـایدا ئامـاژەی بۆ هەندێ لە هۆیەکـانی تێـشکانی لەشکری کوردی کردووە:

*(سەبارەت بەتێشکانەکەم لە بناو، هۆی ئەوەی کـە سـەرکەوتـوو نەبووم، ئەوە بوو: کـە هەندێ لە خەڵکەکە لەگەڵ دوژمندا ڕێککەوتن. شەڕەکـە دوو شـەو و دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، بڕیار درا بکشـێـینەوە بۆ مـیـاندواو، تا سزای خـێـڵی - چاردۆڵی - بدەین ئیـمـڕۆ دەگەینە چاردۆڵی.*

*لەوە دەچێ ئەوانەی لەگـەڵمـدان، بیـانەوێ بڵاوەی لێـبکەن و منیش بۆ چەند ڕۆژێکە هەوڵ دەدەم کارەکان ڕێک بخـەمـەوە. ئەگـەر نەترسن... بێگومان هەموو بڵاوەی لێدەکەن. پێویستە جەهال خانی قەرەپەپاغ و ئیسماعیل ئاغای حاجی خۆش زیندانیی بکەین، تا بۆ*

(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٣٩- ١٤٠

(٢) لە بەڵگەنامـەکـاندا (چاردۆڵی)، واتە: چوار دۆڵی نووسـرابوون، بەڵام لە کـوردەواریدا پێـیـان دەڵێن (چەرداوەڕوو). چونکە هەڵکەوتی جوگرافیـایی ناوچەکەیان، کە لە عـەجـەمـەکانەوە نزیکن، وای لێکردوون هەمـیـشـە بەگوێرەی هەلومـەرجی بەرژەوەندی خـۆیان، ئاکـار دەنوێنن و هەر ڕۆژێک هەر نەتەوەیەکی ئێـرانی: تورک، فارس، ئازەر، کورد دەستی بڕوات، خۆیان سەر بەو نەتەوەیە حساب دەکەن. بۆیە پێیـان دەڵێن: چوار دۆڵی! هەر لەبەر ئەم هەلپەرستییەشیان، کورد پێیان دەڵێت: چەرداوەڕوو.

(٣) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٦٧



*خەڵکی تر ببنە پەند. پێـویسـتـە لە بارەی منەوە، نامـە بۆ هەندێ لەوانە بنووسـیت. ئەو خێڵانەی لەگەڵ منداں، کۆنتڕۆڵ کردنیان گرانە).*[١]

دوای چەند ڕۆژێک شـەڕ و تێـهـەڵچـوون لە ناوچەکـانی (چلیک) و (مـەڵکەندی) و (بناو)، لەشکری کورد سست و خاو دەبێتەوە و هەندێ لە سەرۆک خێڵەکانیش، لە باتی هێـرش و پەلامـار، خـەریکی خـۆ خـڵافـاندن و خـۆ پاراستن دەبن. ئەم شـەڕ و پێکدادانەی هەردوو لەشکری کـورد و هێـزەکـانی دەوڵەتی ئێـران، تا ڕۆژی (٣/١١/١٨٨٠ز)ی خایاندووە؛ کە هێزەکانی کورد هەر لە سەرەتای ئەم هێرش و پەلاماردانانەدا، ئەوەندەی خەریکی کۆکردنەوە و گواستنەوەی تاڵانیی و شڕەخۆریی بوون، ئەوەندە بەتەنگ بەرگریی و خۆ ڕێکخستنەوە نەبوون. بۆیە بەشێکی ئەم هێزانە، لەبەر سەرقاڵییان بەهێنان و بردن و گواستنەوەی دەسکەوت و تاڵانییەوە، بەرەکانی شەڕیان جێهێشتووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، ئەو شـوێنانەی دەیانگرتن، زۆر زوو لێیـان بسەندرێتەوە، تا ئەوەی کـە ئیـتر ڕۆژ دوای ڕۆژ، دژە هێرش پاشەکشـێی پێدەکردن و وردە وردە ناوچەکـانی (مـەڵکەندی) و (میاندواو) لە دەست بدەن و بەرەو (موکریان) و شاری (سابڵاخ) پاشەکشێ بکەن.

## ٢/١٠: سەردانی سەرکۆنسوڵی ئینگلیس لە ناوچەکانی شۆڕش:

لە (٢/١١/١٨٨٠ز)دا، (ئابۆت)ی سەرکـۆنسـوڵی ئینگلسـتـان، کـە دوای سـەردانی (ورمێ) بۆ جێگەکـەی خـۆی، لە (تەورێز) دەگـەڕایەوە، گـەیشـتـە (سـابڵاخ). ناوبراو مـانگێک پێـشـتـر، واتە: لە (١٢/١٠/١٨٨٠ز)دا، لەسـەر داوای (تۆمـسـن)ی گـەورە باڵوێزی ئینگلستان لە (تاران)، بەمەبەستی زانیاریی کۆکردنەوە لەسەر شۆڕشی کورد (کە لە دەمـێکەوە بەوردی چاودێرییـان دەکـرد)، سـەردانی ناوچە ڕاپەڕیوەکـانی (ورمێ) و دیداری خودی شێخ عوبەیدوڵلا و دیدەنی هێزەکان و بەرەکانی کوردی کردبوو.

(ئابۆت) نامـەی شـێخ عـوبەیدوڵلای بۆ شـێخ عـەبدولقـادر پێ بوو، تا هاوکـاریی و پارێزگاریی گەڕانەوەی بکەن. لەم کاتەدا شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا و زۆربەی سەرانی شۆڕش لە سابڵاخدا بوون. بۆیە هەمزاغا و عەزیزی فەتاح و میناغا، بە(٣٠٠) سوارەوە لەگەڵیدا چوون، تا لە قەڵەمڕەوی موکریانەوە گەیاندیانە (گردە ڕەش)ی نزیک میاندواو و

(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٤٠

سەرنج: ئەم نامەیەش لەگەڵ دوو نامەی پێشووتر و چەندین نامەی لەم جۆرەدا (وەک وتمان) دەست هێزەکانی ئێران کـەوتوون و بەهەمان مـەبەسـتی پێـشـتـر باسکرا و، لە ڕێگەی (تۆمـسن)ی گـەورە باڵـوێزی ئینگلسـتـانەوە لە (تاران) بۆ (ئیـرل گـرانفـیل)ی وەزیری دەرەوەی ئـینگلسـتـان نێـردراون و ئێـسـتـا لە ئەرشـیـفی ئینگلسـتـاندا پارێزراون.

دوو ڕۆژ لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە و دوایی بۆ جێگەکەی خۆی لە (تەورێز) دەگەڕێتەوە. بەڵام لە (بناو) زۆربەی سەرانی فەرمانەدەکانی لەشکری دەوڵەتی ئێران دەبینێ و بۆ بەرگریی و هێرش بۆ سەر لەشکری کورد هانیان دەدات و دەربارەی هێز و توانای لەشکری کوردیش ئاگاداریان دەکاتەوە.

کەچی سەیر ئەوەیە، دوو هەفتە دوای ئەوەی (ئابۆت) گەیشتبووە (ورمێ) میرزا حسین خان (سوپا سالار)ی ئێران، تەلگرافی بۆ (ناسرەدین شا) کردووە و تێیدا ئاگاداری دەکات کە: مانەوەی (ئابۆت) لە ورمێ بەچاک نازانێ و مەترسیی ئەوەی لێدەکات پشتیوانیی لە بزووتنەوەی کورد بکات؛ (... مانەوەی کۆنسوڵی ئینگلیس لەم کاتەدا بەچاک نازانرێ. بۆیە بەندەی خانەزاتان، بەشێوەیەکی جوان، نامەم بۆ نووسیوە و بانگهێشتنم بۆ (تەورێز) کردۆتەوە. بەجیاش تەلگرافم بۆ خاکی بەرپێی موبارەکتان کردووە، تا وەزیری دەرەوە هەمان تەلگراف، نیشانی گەورە باڵوێزی ئینگلستان (تۆمسن) بدات و لە (ورمێ) بانگی بکەنەوە.[1]

هەر لەم سەروبەندەدا (حەسەن عەلی خانی گەڕووسی - وەزیری فەوائید) لە ناوچەی گەڕووسەوە، لەگەڵ دوو فەوجی گەڕووس و (قادر ئاغای موکری[2] - بە(١٠٠) سوارەوە، گەیشتنە بناو، لەوێوە دوای (١٤) ڕۆژ بەرەو (قەرەقشلاغ) کەوتنە ڕێ.

هێشتا شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە سابڵاخدا بوون، کە هەواڵی بەڕێکەوتنی هێزەکەی (ئیعتیماد سەڵتەنە) و بەهاتنی لەشکری (ئەراک)یشیان زانی.

لە ڕۆژی (١٥/١١/١٨٨٠ز)دا، ئەم لەشکرەی ئێران، کە بریتی بوو لە (٦) هەزار پیادە و (٥٠٠) سوارە، بەرەو (چلیک) بەڕێدەکەوێ و دەکەونە شوێن لەشکری کورد. لە (چلیک) دوو خزمی تری (گوڵاوی ئاغا): ئیسماعیل ئاغا و بایەزید ئاغا، خۆیان

(١) ڕۆژنامەی (همشری) ژمارە (٥٧٧)، ڕۆژی دووشەممە: ١٩/١٢/١٩٩٤، ساڵی سێیەم. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، ل٦٣٢

(٢) قادر ئاغای موکری،یان بە: قادر ئاغای ئیندەرقاش ناوبانگی دەرکردووە و لە هۆزی (دێبوکری)یە و لەناو دێبوکرییەکاندا بەتایەفەی (هەباس ئاغا) ناسراون، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ویستوویەتی بێلایەنیی خۆی بپارێزی. هەرچەندە بەو هۆیەوە کە خۆی زۆر دۆستی هەمزاغا بووە، (میناغا)ی کوڕی بە(٨٠٠) کەسەوە لەگەڵ هەمزاغا و شێخ عەبدولقادردا بووە، بەڵام خۆی دوورەپەرێز گرتووە و دوای نزیکەی مانگێکی هەڵایسانی شۆڕش، بە(٣) کوڕی و (١٠٠) سوارەوە لە دەوروبەری گوندەکانی خۆی لە موکریان بووە و پاشان دوای شەڕی ناوچەکانی (بناو)، کە سەرەتای خاوبوونەوەی دەسەڵاتی هێزەکانی کوردی بۆ دەرکەوتووە، خۆی گەیاندۆتە گوندی (جەوانمەرد)ی موڵکی (ئاغا پاشا)ی برازای. بەڵام کە گوندی ناوبراویش چوونەتە پاڵ شۆڕشی کورد، ئەوسا بەیەکجاریی لە کوێستانەکانی (مەراغە) و (ساینن قەڵا)وە، خۆی گەیاندۆتە (حەسەن عەلی خانی گەڕووس) و ئیتر بۆ هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتدا بووە.



بەدەست لەشکرەکەی ئیعتیماد سەڵتەنەوە دەدەن و هانی دەدەن کە بەپەلە شوێن هێزەکانی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بکەوێ.[1]

## ١١/٢: کوشتنی بەکۆمەڵی کورد:

لەم ڕۆژانەدا نزیکەی (٥٠٠) کەس لە هۆزی (شاهسەوەن)، بەسەرۆکایەتی فەرەزی خان و نەجەف قولی یورتچی، لە تەورێزەوە دەکەونە ڕێ و بێئەوەی بچنە (چلیک) و لای لەشکرەکەی ئیعتیماد سەڵتەنە خۆیان ناونووس بکەن، یەکسەر و بەڕێگەیەکی تردا دەچنە قەڵەمڕەوی موکریان و لە خۆیانەوە گوندەکانی (ڕەفوان)، (قز قەڵا) و (قزڵجە) تاڵان دەکەن و ئاگریان تێبەر دەدەن و ژمارەیەکی زۆری ژن و پیاوی ئەو ناوچانەش دەکوژن و دوای تاڵانەکە و بەسەر بڕدراوی کوردانەوە دەچنە لەشکری ئیعتیماد سەڵتەنە؛ کە لە سەرەتادا گلەیی لە سەرانیان و کارەکانیان دەکات و ڕێگەیان نادات بچنە لەشکرەکەیەوە، تا تاڵانییەکان نەبەنەوە، بەڵام سوارەکانی شاهسەوەن دەڵێن کە فرمانی کوشتوبڕ و تاڵان کردن و سووتانیان لە تەورێزەوە وەرگرتووە و ئەگەریش ئەو کارانەی ئەمانی پێناخۆشە، با لەشکرەکەی بەجێ بهێڵێ! ئەوسا ئیعتیماد سەڵتەنە ناچار دەبێ گوێڕایەڵیان بێت. دووبارەش ئەم سوارانە داوای مۆڵەت لە ئیعتیماد سەڵتەنە دەکەنەوە، تا شوێن شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بکەون. بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت.[2]

لەم کاتەدا شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بە(٤٠٠-٥٠٠) کەسێکەوە لە سابڵاخدا دەمێننەوە و لە تۆڵەی خیانەتی ئاغاکانی دێبوکریدا، چەند گوندێکیان دەسووتێنن. هاوکاتیش تێدەگەن کە ئاغا و بەگزادەکان نایانەوێ بێنە سابڵاخ و هەندێکیشیان چوونە پاڵ لەشکری دوژمن. ئەوسا شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بۆ ناو سابڵاخ دەگەڕێنەوە و زەمینەی جێهێشتنی سابڵاخ ساز دەکەن. پێشەکیش ئامۆژگاری خەڵکی سابڵاخ دەکەن، تا شار بەجێ بهێڵن.[3]

چونکە لە هەموو ئەو ناوچانە و گوندانەی لێیان کشابوونەوە و کەوتبوونەوە دەست هێزی ئێران، زۆر توند و بێ بەزەییانە، تۆڵەی سەختیان لە دانیشتووەکانیان کردبووەوە و هەموو گوندەکانیشیان تاڵان کرد و سووتاند. تەنانەت کە گەیشتنە سابڵاخ، ئەویشیان تاڵان و کاول کرد و لە ترساندا کەسی تێدا نەما.

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٦٩

(٢) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٧٠

## ٣- کشانەوەی هێزەکانی کورد لە موکریان:

ڕۆژی (١٠/١١/١٨٨٠ز)، دوو سەعات دوای خۆرئاوا بوون، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ، لە سابڵاخ چوونە دەرێ و هەر ئەو شەوەش بەدوایاندا نزیکەی (٥٠٠) خێزانی سابڵاخی بەخۆیان و ماڵ و منداڵەوە لە سابڵاخ دەرچوون و ڕوویان لە (سەردەشت) و (بانە) و شوێنە سەختەکانی ترکرد. تەقەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و ناڵەی ژنان و منداڵان و هاتوهاواری سەیر و سەمەرە، لە سابڵاخ و دەوروبەری هەڵدەستا و تا بەرەبەیانی ئەو شەوە، هەر بەردەوام بوو.

کە ڕۆژ بووەوە، لە ئاماری (١٤٠٠) بنەماڵە، تەنیا (٣٠٠) خێزان لە سابڵاخدا مابوونەوە. کۆشک و تەلاری ماڵان لە گۆڕستان دەچوون.

ڕۆژی (١١/١١/١٨٨٠ز)، خان باباخان، کە ڕۆژی (٣٠/٩/١٨٨٠ز) لە لایەن لەشکری کوردەوە، دوای ئازاد کردنی سابڵاخ، کرایە فەرمانڕەوا و نزیکەی (٤٠) ڕۆژ فەرمانداری یەکەمین شاری ئازاد کراوی کوردستان بوو! لە گوندی (مەڵەلەر)ی نزیک (بۆکان) خۆی بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە دەدات، بەڵام هەر هەمان ڕۆژ و لە هەمان جێ، سەربازانی دەوڵەت، بەبێ پرسیار، خۆی و (١٥) کەس، کە لەگەڵیدا دەبن، دەکوژن. شایانی باسە، ناوبراو لە لایەن ئیعتیماد سەڵتەنەوە بۆ پێشوازیی و ڕێنوێنیی لەشکری (ئەراک) نێردرا بوو، تا لە ناو ڕێ، نان و ئاو بەهۆردوو بدات![1] هەر هەمان ڕۆژ پاشماوەی خەڵکی شار و پیاوانی ئایینی و سادات و قازیگەلی سابڵاخ، بەکۆمەڵ بۆ لای هۆردووی دەوڵەت چوون، کە لە (قەرەقشلاغ)ی سێ قۆناغە ڕێی سابڵاخ بارەگایان کردبوو؛ تا ملکەچیی خۆیان بەرامبەر دەوڵەت نیشان بدەن.

ڕۆژی (١٢/١١/١٨٨٠ز) حاجی سەدرلدەولە لە لایەن هۆردووی قەرەقشلاغ و فەوجی گەڕووس و سوارەی سەرکەوتووەوە بەحاکم: (فەرمانڕەوا)ی سابڵاخ دانرا.[2]

(١) عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، ل٤٠٩.
(٢) بەڵام حاجی سەدرولدەولە هەر تەنیا (١) مانگ فەرمانڕەوای سابڵاخ بوو. چونکە لە لایەکەوە بەگوێرەی دڵی کاربەدەستان نەجووڵایەوە و درۆ و دەلەسەی بۆ نەدەکردن و لە لایەکی تریشەوە زوڵم و زۆر و کوشت و بڕ و تاڵانی لەشکر و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانی پەسەند نەدەکرد و هەر یەکەم ڕۆژی دانانی بەفەرمانڕەوای سابڵاخ، وتبووی: دوێنێ کە هەندێ فەرماندە و سەرکردەی لەشکری دەوڵەت، چەند جارێک ئاگری ئەو گوندانەیان نیشانی من دەدا، کە سووتاندبوویانن و بەرەو ئاسمان هەڵدەچوون، پێمیان وت: ئەوە چراخانی جەژن و ئاهەنگی دانانی تۆیە بەفەرمانڕەوای سابڵاخ! بەڵام لە جیاتی ئەوانیش، من شەرمەزارم. منیان کردۆتە فەرمانڕەوای شارێکی تاڵانکراوی چۆڵ و هۆڵ، کە گیانلەبەری تێدا نییە و فەرمانڕەوای دیواری چۆڵم!=



قەرەپەپاغەکانیش کە زانیان شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، ڕووەو (شنۆ) کشاونەتەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەکو شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، بەدەم ڕێگەوە، گوندەکانی ئەوان (کە دەکەونە سەرەڕێی نێوان سابڵاخ و نەغەدە)، وێران بکەن و بسووتێنن؛ بەپەلە خۆیان گەیاندە ئیعتیماد سەڵتەنە و داوایان لێکرد ڕێگەیان بدات بکەونە شوێن لەشکری کورد. ئیعتیماد سەڵتەنەش (٧٠٠) سوارەی چەلبیانی و شاهشەوەنی لەگەڵدا ناردن و فرمانی پێکردن کە دەبێ بگەنە (شنۆ) و لەگەڵ لەشکری شێخ عەبدولقادر و هەمزاغادا بجەنگن. ئەوانیش چوون و دوای شەڕێکی خێرا، نزیکەی (٢٠٠) کەس لە قەرەپەپاغ کوژران و برینداركران.

سەرەتا شێخ عەبدولقادر لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی (١٨٨٠ز) بەدواوە، پاشماوەی هێزەکەی لە بنارەکانی (مەرگەوەڕ) و (داڵانپەڕ) ڕاگرت.

### ١/٣: چارەنووسی هەمزاغا و هێزەکەی!:

هەمزاغای مەنگوڕیش (سوپاسالاری قۆڵی موکریان و ئازەربایجانی خۆرهەڵات) هاوکات بەلایەکی تردا، لە چیای (قەندیل) چوو بەو دیودا... بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی ئینگلستان، کە چاودێرانی بەریتانیا، شوێن پێی کشانەوەی هەمزاغایان هەڵگرتووە، زانیاریی ئەوان وایە، هەمزاغا سەرەتا ویستوویەتی لەگەڵ هێزەکەی شێخ عەبدولقادردا بپەڕێتەوە قەڵەمڕەوی عوسمانی، بەڵام بۆی دەست نەداوە؛ کە ئەم زانیارییانە لەم بەشەی ئەم بەڵگەنامەیەی بەریتانیادایە:

لە (ئابۆت)ی سەرکۆنسۆڵی گشتییەوە لە تەورێز

بۆ: میستەر (تۆمسن)ی گەورە باڵوێزی ئینگلستان لە تاران

تەورێز: ٢٩ی کانوونی ١٨٨٠

(هەمزاغا و لایەنگرەکانی هەوڵیانداوە لە سنوورەوە بۆ ناو تورکیا بپەڕنەوە، بەڵام بەرەنگاری هێزێکی گەورە لە کوردە دوژمنکارەکانی بوونەتەوە. شەڕێکی خوێناوی ڕوویداوە. مەنگوڕ و سەرۆکەکەیان (هەمزاغا) بۆ ناو خاکی ئێران گەڕێنراونەتەوە دواوە و بۆ (سەردەشت) هەڵاتوون...).[1]

=(ئەسکەندەر غۆریانس – ل٧٩)
بۆیە دوای مانگێک، سوپاسالار بەچاکی زانی (حەسەن عەلی خانی گەڕووسی – وەزیری فەوائید)ی کردە فەرمانڕەوای سابڵاخ و ناوچەکانی: لاجان، سولدوز و ساین قەڵا–ی ئەفشاریشیان خستە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانییەکەی.
(١) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٤٦، هاوپێچی (٥)ی نامەی ژمارە (٨٦).

بەڵام وەک بەڵگە و ڕووداوەکان دەریدەخەن، هەمزاغا لە لایەکەوە بەهۆی ئەو پێشینەیەی کە کاتی خۆی لە دەست دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئێران هەڵاتبوو؛ لە لایەکی تریشەوە لە ئەنجامی ڕاوێژی پێشووتری نێوان سەرانی شۆڕشی کورد و هەمزاغادا، بۆ پێویستی مانەوە و بوونی هەمزاغا، لە ناوچەی (سەردەشت) و (لاجان)، بەمەبەستی تەقەللای تازە، بۆ هەڵساندنەوەی شۆڕش و سەرپەرشتی لایەنگرانی شۆڕش و هێشتنەوە و پاراستنی پردەکانی نێوان شێخ عوبەیدوڵلا و جەماوەری کوردستانی بندەستی قاجاری؛ وا بەچاک زانراوە هەمزاغا هەر لە ناوچەی (سەردەشت) و (لاجان)دا بمێنێتەوە.

بۆیە ئەو تەقەللای پەڕینەوەیەی هەمزاغا، بەرەو قەڵەمڕەوی تورکیا، کە لەو بەڵگەنامەیەی ئینگلستاندا باسکراوە، دەبێ هەر ئەو ڕووبەڕوو بوونەوە بێت، کە لە پێش بەڵگەنامەکەدا باسمان کرد و لەگەڵ (محەمەد ئاغای مامەش) و (سەرانی قەرەپاپاغ)دا بوو، کە دوژمنی خوێنینە و دێرینەی هەمزاغا بوون.

## ٤- قۆڵی ورمێ - بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا:

لە گەرمەی هێرش و پەلامار و شەڕ و تێهەڵچوونەکانی قۆڵی یەکەم، لە سابڵاخ – ئازەربایجان، کە هێزەکانی کورد، بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ، بۆ ئازادکردنی موکریان و ئازەربایجانی خۆرهەڵات، دژی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران دەستیان پێکردبوو؛ شێخ عوبەیدوڵلا بەپێویستی زانی (٢٠) ڕۆژێک دواتر، بەرەیەکی تری ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا دروست بکات، بۆ ئەوەی:

١– بەرەنگاریی و دژە هێرش و پەلاماری هێزەکانی ئێران، بۆ سەر هێزەکانی کورد، لە قۆڵی ئازەربایجان کەمتر بکاتەوە و هەندێک لەو هێزانەی لەو قۆڵەوە بەهەرەوەز، پەلاماری هێزەکانی کورد دەدەن، سەرنجیان بۆ قۆڵی ورمێ بچێ و بەشێک لەو هێزانەی بۆ بنێرن.

بەمەش ڕێگە لە بەردەم لەشکرکێشیی هێزەکانی کورد، ڕووەو قووڵایی ئازەربایجان و گرتنی شاری تەورێز ئاسانتر و خێراتر بکات.

٢– گرتنی شاری ورمێ دەستەبەر بکات، کە شارێکی گرنگ و ستراتیژی و بنکەیەکی فراوان و بەهێزی بەرەکانی پشتەوەی ئازادکردنی ئازەربایجان دەبێت.

٣– لە هەمان کاتیشدا ببێتە پێگەیەکی دڵنیا، بۆ گریمانی تێشکانی هێزەکانی کورد و کشانەوەی ئەو هێزانە، بەرەو دواوە و بەرەو ناوچەکانی پێشوویان لە مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ.



لەبەر ئەمانە،شێخ عوبەیدوڵلا لە (١٤/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، لە پێش خۆیەوە هێزێکی بەسەرکردایەتی خەلیفە سەیید محەمەد سەعید و خەلیفە محەمەد ئەمین نارد، تا ئەو هێزەی ئێران سەرقاڵ بکات، کە بەفەرماندەیی (ئیقبالدەولە)ی حاکمی ورمێ، پارێزگاری ورمێ دەکەن و هەلی گرتن و ئازادکردنی ورمێ لەبەردەم هێزی دووەمدا ئاسان بکەن، کە دواتر و لە دوو قۆڵەوە خودی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ محەمەد سدیقی کوڕی، لە (٢٠/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، سەرکردایەتیان کرد و بەهەر (٣) هێزەکە دەبوونە (١٢) هەزار کەس، ئابڵووقەی ورمێ بدەن و بیگرن.

بەم جۆرە، هێرش و پەلامار لە (٢٠/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا، دەستی پێکرد و بۆ ماوەی (٢٢) ڕۆژ، واتە: تا (١٢/١١/ ١٨٨٠ز) شەڕ و کوشتاری زۆر، لە هەردوو لا و بەتایبەتیش لە هێزەکانی کورد زۆر کرا و ئاکامیش شاری ورمێ نەگیرا.

بەواتا: سەرومڕی لەشکرکێشیی و هێرش و پەلاماری هێزەکانی کورد، بۆ سەر ناوچەکانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات (تەورێز) و ئازەربایجانی خۆرئاوا (ورمێ)؛ بەهەمووی ماوەی دوو مانگ و نیوی خایاند و دوای شەڕ و کوشتاری زۆر لە هەردوو لا، هەردوو هێزەکەی کورد، لە قۆڵی (سابڵاخ) و (ورمێ)، ناچار بەپاشەکشە دەکرێن و ئەم دوو هێزە بەرودوا، بەناوچەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و برادۆستدا بۆ (هەکاری) و (شەمزینان) دەگەڕێنەوە و هەمزاغا و هێزەکەیشی لەسەر سنووری ئێرانی – عوسمانی دەگیرسێنەوە. کە ئەگەر هۆیەکانی نەگرتنی هەردوو شاری (ورمێ) و (تەورێز) لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە؛ دەبێتە ئەم هۆیانە:

١– لە هەردوو قۆڵی سابڵاخ و ورمێوە، هێزەکانی کورد بەگوێرەی بەرنامە و ڕێنوێنی شێخ عوبەیدوڵلا، بۆ خۆپاراستن لە شەڕ و خوێن ڕشتن و بەئاشتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد؛ دەستپێشکەریی ئاشتییانەیان کرد و داوایان لە بەرپرسان و دانیشتوانی هەردوو شاری (تەورێز) و (ورمێ) کرد، شارەکانیان بدەنە دەست. کە بەم کارەش دانیشتوان و بەرپرسانی ئەو شارانە، کەوتنە خۆ ئامادەکردن و قایمکردنی سەنگەر و مەتەرێز و بەرگری و بەتایبەتیش شاری ورمێ، سەرەڕای خۆ قایمکردن و بەرگرییش، فێڵێکی گەورەیان لە شێخ عوبەیدوڵلا کرد و ماوەی چەند ڕۆژێک ماتڵیان کرد؛ تا هێزی سەربازیی و یارمەتیدەری دەوڵەتیان بەهاناوە بێت.

ئەو تالان و بەکۆمەڵ کوژییەی هێزەکانی کورد، لە سەرەتای هێرشیاندا لە قۆڵی موکریان و میاندواو، بەرامبەر گوندنشین و مەزرا و گوندی ئازەر و عەجەمیان کرد، لەلایەکەوە بووە سۆنگەی ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، لە ترسی گیان و سامانیان، شەڕی مەرگ و

ژیان بکەن و بەمەش پێشڕەویکردنی هێزەکانی کوردیان خستە درەنگ، تا هێزی لەشکری دەوڵەت بەهانای ئەو ناوچانەوە بچێ و لەلایەکی تریشەوە بووە مایەی ترس و تۆقاندنی دانیشتوانی (ورمێ)ش، تا فرمانڕەوایان و بەرپرسانی ئەو شار و ناوچانە، پروپاگندەی ترسناک و تۆقێنەری پێوە بکەن و خەڵک بۆ شەڕی چارەنووس هان بدەن و بەرگریی بێ پسانەوە، لە خۆیان و گوند و شارۆچکە و شارەکانیان بکەن و (بناو) و (ورمێ) بەدەستەوە نەدەن.

٣- نارێکوپێکیی و بێ شیرازەیی هێزە مەشق نەدیتە و نەشارەزاکانی کورد، لە زانستەکانی سەربازیی و تاکتیکەکانی جەنگیدا، کە نەیتوانی هیچ شێوە جەنگێکی پارتیزانی و درێژخایەن لەگەڵ لەشکری ئێرانیدا بکات. بۆیە هەروەک لە ماوەیەکی کورتدا ئەو چەند شار و ناوچانەی لە قۆڵی موکریان و ئازەربایجان، ئازادی کردبوون و بەدەست خۆیەوە بوون؛ بەهەمان شێوە، لە ماوەیەکی کورتیشدا لێی سەندرایەوە و بەجێی هێشتن.

٤- هەندێ لەو سەرۆک خێڵ و ئێلانەی لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا بەشدار بوون؛ بەنهێنی یان بەئاشکرا، بەهۆی دەسکەوت و تالانییەوە، یان لە ترساندا، یان لەبەر دەوڵەتخوازیی؛ ورەیان بەردا و ڕیزی ڕاپەڕینیان جێهێشت و هەندێکی تریشیان هەر لە سەرەتا و لە بنەوە، پێوەندی توند و تۆڵیان لەگەڵ سەرانی لەشکری ئێراندا بووە و پیلانیان دژی گێڕاوە و لە گەرمەی ڕاپەڕینەکەشدا، کەسانی وەک: محەمەد ئاغای مامەش و قادر ئاغا و گولاوی ئاغای دێبوکری؛ چوونە پاڵ لەشکری ئێران و پشتی خەڵکانی تریان سارد کردەوە و بوونە چاولێکەریی بۆ زۆربەی خێڵەکانی موکریان، کە لە کاتی دەرکەوتنی بەرایییەکانی هێزی دەوڵەتی ئێراندا، هەل بقۆزنەوە و خۆیان بەدەست لەشکری ئێرانەوە بدەن.

لەبەر ئەمانە، ئەو کاتەی لەشکری کورد لە قۆڵی ورمێ و بەسەرکردایەتی خودی شێخ عوبەیدوڵلا لە (٢٠/ ١٠/ ١٨٨٠ز)دا دەیویست قورسایی هێزی ئێران، لە بەرەکانی قۆڵی موکریان و دەوروبەری میاندواو و بناو، لەسەر هێزەکانی کورد کەمتر بکاتەوە و بەرەیەکی تازەتر لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی ئێراندا دروست بکات؛ هەلومەرج کەوتبووە درەنگ و شەڕکەرانی هێزەکەی کورد لە قۆڵی موکریان، بەرەو بڵاوە پێکردن و چۆڵکردنی بەرەکانی جەنگ دەچوون. تەنانەت ئەو بەرە تازەیەش کە شێخ عوبەیدوڵلا لە قۆڵی ورمێ دایمەزراند (بەپێچەوانەی ناوچەی موکریانەوە) بەپیرەوە چوونی جەماوەر و گوندنشینەکانی ئەو ناوچانەی بەخۆیەوە نەبینی. بۆیە هەست دەکەین لەم بەرە تازەیەی ورمێدا، خودی شێخ عوبەیدوڵلا پەلەی ئەوەیەتی چارەنووسی ئەم بەرەیە زووتر بەلایەکدا



بخات و هەموو هەوڵیشی ئەوەیە هاووڵاتیان و شەڕنەکەرانی شاری ورمێ (بەمەسیحییەکانیشەوە)، پریشکی جەنگەکە نەیانگرێتەوە... ئەگینا وەک شێخ عوبەیدوڵلا دواتر لە نامەیەکدا باسی دەکات؛ هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە، بەبێ خوێن ڕشتنی هاووڵاتیان، دەست بەسەر ورمێدا بگرێت.[١]

لە کاتێکدا سەرلەبەری عەجەمەکانی ناو شاری ورمێ و دەوروبەری، بەدڵ و بەگیان و پێش بەهاناوەچوونی هێزەکانی دەوڵەتیش، شەڕی هێزەکانی کوردیان کرد و بەهەموو شێوەیەک دەیانویست جەنگەکە بکەنە جەنگێکی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننی و شەقڵێکی فاناتیزمی پێبدەن... ئاکامیش هەر بەم ڕێگەیە توانیان هەموو ناوچە عەجەمنشینەکانی (ئازەربایجان) و (ورمێ)یان لێ بووروژێنن و هەتا هێزی یارمەتیدەری دەوڵەتیان بەهاناوە دێت، هێزەکانی کورد بەشەڕی خۆیان و لابەلاوە خەریک بکەن و بپسێنن.

٥- نەتەنینەوەی ڕاپەڕینی کورد بۆ ناوچەکانی سنە و کرماشان و هەورامان، کە بەشێکی فراوان و گرنگی کوردستان بوون.

بەم جۆرە، بەرنامەی ئازادکردنی کوردستانی بندەستی قاجاری، بەتێشکان دوایی هات و لەشکری کورد بەبێ ئەوەی بتوانێ شاری گەورە و ستراتیژی ئازاد بکات، هێزەکانی هەردوو قۆڵەکەی لەشکری کورد، بەبێ بەرنامە و شیرازە و بەنارێکوپێکیی بڵاوەیان لێکرد و سەرەتا شێخ عەبدولقادر لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر) بەدواوە، پاشماوەی هێزەکەی لە بنارەکانی مەرگەوەڕ و (دالان پەڕ) ڕاگرت و هەمزاغای مەنگوڕیش (سوپاسالاری قۆڵی موکریان و ئازەربایجان)، هاوکات بەلایەکی تردا لە قەندیل چوو بەو دیودا و لەسەر سنوورەکانی ئێرانی – عوسمانی و بەتایبەتیش لە دەوروبەری شاری (سەردەشت)ی ئێرانی گیرسایەوە.

دوا بەدوای ئەمانیش هێزەکەی قۆڵی ورمێ، بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ سدیقی کوڕی، لە دوای نیوەی دووەمی مانگی تشرینی دووەمدا، بەرەو مەرگەوەڕ و دواتر بەبرادۆستدا، بەرەو هەکاری و نەهری گەڕانەوە.

(١) بڕوانە بەڵگەنامەی: ٥٩٩

## ٥- کاردانەوە و بەرپەرچ و ئاماری لەشکری بەشداربووی ئێران:

ئەگەرچی هێرش و تێهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی کورد و لەشکری ئێران، کە میلیشیای ناوچە عەجەم و ئازەرنشینەکانیش: (میاندواو، مەراغە، مەڵکەندی، ورمێ) هاوکاریی هێزەکانی لەشکری ئێرانیان کرد؛ هەر تەنیا نزیکەی دوو مانگ و نیوی خایاند؛ بەڵام دەرباری قاجاری لەو ماوە کورتەدا، بەپەلە و زۆر بەدژواریی، نزیکەی (٢٥ تا ٣٠) هەزار سەربازی لە چەندان جێگەی جیا جیا و لە یەکتر دوورەوە کۆکردەوە، کە ئەم ئامارەی ئەو کاتەی لەشکری ئێرانی، بریتی بوو لە سەرلەبەری لەشکر و هەموو سەرانی بەرجەستەی لەشکری ئێران و لە سەرتاسەری ئێرانەوە کۆکرابوونەوە و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران و بەرقێکی ئەستوورەوە، نەک هەر دژی هێزی چەکداری کورد، بەڵکو دژی ناوچە کوردنشینەکانیش، شەڕی بێ بەزەییانە، یان وەک (ئەسکەندەر غۆریانس) دەڵێ: (شەڕی ئەوەیان دەکرد ناوی کورد لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار بسڕنەوە...!)[1]

لە سەرەتای هێرشی هێزەکانی کورددا بۆ سەر (میاندواو) و گرتنی میاندواو و هەڵاتنی هێزی بەرگریی و عەلی خانی حاکمی مەراغە و یارانی؛ (موزەفەرەدین میرزای وەلیعەهد)، لە تەورێزەوە فرمان دەدات: (مستەفا قولیخانی هەمەدانی - ئیعتیماد سەڵتەنە)ی سەرۆکی لەشکری ئازەربایجان، بکرێتە سەرۆکی گشتی لەشکر و لەگەڵ هێزێکی (٣) هەزار سەرباز و (٣) عەرادە تۆپ و جبەخانەدا، بەرەو (بناو) بەڕێ بکەون؛ کە پێشتریش هێزی تری لێ بوو.

دواتریش، کە هەمان هەواڵ بەپایتەخت و دەرباری قاجار و خودی ناسرەدین شا دەگات، بڕیار دەدەن (هەمزەمیرزا - حیشمەتدەولە)ی مامی ناسرەدین شا، بکرێتە سوپاسالار و بەهێزێکەوە لە تارانەوە بەڕێگەی (بیجاڕ)دا بگاتە ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە. ئەم هێزەی (هەمزە میرزا) بریتی دەبێ لە: (٤) هەزار سەرباز و (٥) ئەفسەری نەمسایی و (١٢٠٠) سەربازی تری ئێرانی، کە ئەفسەرانی نەمسایی مەشق و ڕاهێنانیان پێکردبوون.[2]

بەڵام هەمزە میرزا، کە بەهێزەکەیەوە بەرەو کوردستان دەچوو، ڕۆژی (١٨٨٠/١١/٧ز)

(١) ئەسکەندەر غۆریانس، ل٧٦. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٨٤.

(٢) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل٨٩، نامەی ژمارە (٦١). سەرنج: بەڵام (میرزا حەسەنی مونشی) کە خۆی ساڵانێکی زۆر میرزا و یادداشتنووسی (میرزا حسێن خانی سوپاسالار بووە و لەم کاتەدا لەگەڵ سوپاسالاردا بەرەو کوردستان هاتوون؛ دەڵێ هێزەکەی (هەمزە میرزا) بریتی بووە لە: (١٥) هەزار سوارە و پیادە و (١٢) تۆپ (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، پاشکۆی ژمارە (٩) ل٦١٣).



بەدەم ڕێگەوە لە نزیک (ساین قەڵا) نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ و دەستبەجێ (میرزا حسێن خان - موشیرلدەولە) لە جێی دەکەنە سوپاسالار، کە ناوبراو لەو کاتەدا، دەستی لە کار کێشرابووەوە و کرابووە فرمانداری (قەزوین). ئەمیش بە(٥) هەزار سوارە و پیادە و چەند عەرادە تۆپەوە لە (١٨٨٠/١١/١٤ز) بەدواوە لە تەورێزەوە بەرەو کوردستان و ناوچەی موکریان دەبزوێ و لە (١٨٨٠/١١/١٨ز)دا دەگاتە (بناو) و لە (١٨٨٠/١١/٢٠ز)دا دەگاتە (سابڵاخ).

هێزێکی تریش لە (هەمەدان) و (گەڕووس)ەوە بەفرماندەیی (حەسەن عەلی خانی گەڕووس - وەزیری فەواید)، بریتی دەبێ لە: (٢) فەوج سەرباز و (٧٠٠) میلیشیا، فرمانی پێدەکرێ بگاتە مەراغە و پێوەندی بەهێزەکەی ئیعتیماد سەڵتەنەوە بکات.[1]

بەڵام هەر لە هەڵبژاردنی گەورە پیاوێکی بەئەزموونی وەک (میرزا حسێن خان)ی ئەوروپا دیتە و باڵوێزی پێشووتری ئێران لە ئەستەموڵ و وەزیری کاروباری دەرەوەی ماوەیەکی ئێران و سەردەمێکیش سەرۆک وەزیرانی ئێران و بەشداریکردنی ئەو هەموو سەرکردە و ژمارە زۆرە سپاییەی ئێران، بۆ ئامانجی سەرکوت و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کورد، دەریدەخات کە ناسرەدین شا، تا چ ئەندازەیەک ئەم ڕاپەڕینەی بەلاوە گرنگ و ترسناک و مایەی پەژارە و پەرەسەندن و درێژە کێشانی بووە بۆیە بەهەمان ئەندازەی گەورەیی و مەترسیی ئەم ڕاپەڕینە، فرماننامەی بەپەلەی بۆ سەرکوت و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، بەخەتی خۆی بۆ (میرزا حسێن خانی سوپاسالار) و (حەسەن عەلی خانی گەڕووس) و سەرانی سوپای ئێران نووسیوە.[2]

میرزا حسێن خانی سوپاسالاریش بەشوێن ئەو هێزانەدا گەیشتە ناوچەی سابڵاخ، کە لە تاران و تەورێز و ئەراک و هەمەدان و گەڕووسەوە، پێشتر گەیشتبوونە (بناو) و (میاندواو).

هاوکاتیش (تەیموور پاشاخان) بەهێزێکی (١٠) هەزار سەرباز و (٦) عەرادە تۆپ و هێزێکی زیادەش، کە بریتی بوو لە فەوجێکی پیادە و (٣٠٠) سوارە و تۆپێکی (٩) ڕەتڵیی، لە (١٨٨٠/١١/٤ز)دا، لە (سەلماس)ەوە گەیشتە ناوچەی (ورمێ).

ئەم هێزانەش، دوای ڕاگرتن و پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی کورد لە ناوچەکانی

(١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٢) بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنوارە: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، پاشکۆی ژمارە (١)، ل٣٥٩، ٣٥٥ و پاشکۆی ژمارە (٣)، ل٣٦٥ تا ٣٦٨ و... هتد.

ئازەربایجانی خۆرهەڵات (موکریان، میاندواو، بناو) و ئازەربایجانی خۆرئاوا (ورمێ)، کەوتنە کوشتنی بەکۆمەڵ و سزادانی دانیشتووانی ناوچەکە و تالان و ئاگر تێبەردانی گوند و مەزرا و زەوتکردنی مەڕ و ماڵات و سامانیان.

شان بەشانی ئەم کارانەی لەشکری ئێران، ئەو شار و گوندە عەجەم و ئازەرنشینانەی دراوسێی شار و گوندە کوردنشینەکان بوون و لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا، زیانی سەر و ماڵیان لێکەوتبوو؛ ئەمانیش بەرقێکی زۆر و بەناوی تۆڵە و سزای ڕاپەڕینەکە و لە تۆڵەی کوژراوەکانی خۆیاندا، کەوتنە سووتاندنی گوند و مەزرای ناوچە کوردنشینەکان و کوشتنی بەکۆمەڵ و بێ لێپرسینەوە دانیشتووەکانیان.[1]

لە بەرامبەر ئەم قەلاچۆکردنەدا، دانیشتوانی ئەو ناوچانەش، بەناچاری و لە ترسی گیانیان، هەر کەس بۆی کراوە لە دەستیان دەرباز بێت، بەژن و ماڵ و منداڵ و ماڵاتەوە، بەهەزاران و دەیان هەزار، خۆیان لە ناوچە کوێستانی و شوێنە قایمەکاندا حەشارداوە و بەهەزارانیشیان ڕوویان لە قەڵەمڕەوی عوسمانی کردووە.

بەگوێرەی سەرچاوەی جێی باوەڕ و یادداشتنامەی (بابیعالی)، لە (۲۹/۱۱/۱۸۸۰ز)دا، بۆ باڵوێزی ئێرانی،[2] نزیکەی (۷۰) هەزار کەس و بەگوێرەی بەڵگەنامەی تریش، کە کوردانی ئاوارە باسی دەکەن، (۱۰۰) هەزار بنەماڵەی کورد ئاوارە بوون.[3] کە لەمانە بەتەنیا (۱۱۰۰) بنەماڵەیان خەڵکی سابڵاخ و[4] و (۵) هەزار بنەماڵەشیان خەڵکی (ورمێ) بوون و لە ماڵ و جێگەی خۆیانەوە، کۆچیان بۆ تورکیا کردووە و (۲) هەزار کەسیشیان بۆ (هەکاری) چوون.[5]

ژمارەی (۲) هەزار گوند سووتێنران، تا نزیکەی (٤) مانگیش دوکان و بازاڕ داخراون و جومعە و جەماعەتیش لە تێکڕای ئەو ناوچانە بەگشتی و لە سابڵاخدا، بەتایبەتی نەکراوە.[6]

***

### هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە قۆڵی موکریان، دوای پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی کورد

(۱) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی - لاپەڕەکانی: ۸٤، ۱۵٦، ۲۱۸
(۲) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦۲۱. هەروەها پاشکۆی ژمارە (۸). هەروەها: ئۆسکارمان (توحفەی موزەفەرییە) ل۵۳۱.
(۳) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا، ل٦۰۳. هەروەها: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی، ل۱۵۷.
(٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦۰۳. هەروەها: ئەمیر نیزامی گەڕووسی، ل۱۵۷
(۵) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل۱۱۷، هاوپێچی (٦) نامەی ژمارە (۷٤).
(٦) ئەمیر نیزام (میرزا نیزامی گەڕووسی) ل۱۵۷



لە ناوچەکانی میاندواو و موکریان، ڕۆژی دووشەممە: (۲۲/۱۱/۱۸۸۰ز) هەموو بەئامادەبوونی (میرزا حسین خانی سوپاسالار) لە گوندی (قەرەقشلاق)ی نزیک سابڵاخ یەک دەگرنەوە و ڕۆژی سێ شەممە: (۲۳/۱۱/۱۸۸۰ز) لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی سەربازییانەدا، لە قەرەقشلاق، بڕیار دەدەن بێن بە(۲) بەشەوە و بەدوو قۆڵدا بچن و بۆ شوێن کەوتنی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادر، لە قۆڵی (مەرگەوەڕ) و هێزەکانی هەمزاغای مەنگوڕ، لە ناوچەی (لاجان) و (سەردەشت)، کە هێزێکیان بەسەرکردایەتی (حیسامولمولک) بۆ قۆڵی مەرگەوەڕ و ئەویتریان بەسەرکردایەتی (حەسەن عەلی خانی گەڕووس) پێکهات. ئەوەیشی لە لەشکرەکە دەمێنێتەوە، بۆ سندوس (نێوان سابڵاخ و شنۆ) بگوێزرێتەوە. هێزەکەی حیسامولمولک بریتی بوو لە (۵) فەوج سەرباز و (۸) عەڕادە تۆپی نەمسایی، لەگەڵ کاپتەن (واگنەر) و میستەر (بارون)ی نەمسایی و (۵۰۰) سوارە. ئەم هێزە، ڕۆژی (۲٤/۱۱/۱۸۸۰ز) بەرەو سندوس و شنۆ بەڕێ کەوت و ڕۆژی (۲۸/۱۱/۱۸۸۰) گەیشتە شنۆ و (۲) ڕۆژ لەوێ مایەوە و دوایی بەرەو مەرگەوەڕ چوو. دوا بەدوای ئەمانیش (تەیموور پاشاخان) و هێزەکەی لە قۆڵی ورمێوە خۆی گەیاندە مەحاڵی مەرگەوەڕ و ئەم دوو هێزە ماوەی (۱۰) ڕۆژ لە مەرگەوەڕ مانەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ناوچەکە لە ترساندا چۆڵ کرابوو، بەفرێکی زۆریشی لێ باریبوو؛ بەکەڵکی ئەوە نەدەهات تێیدا بمێننەوە، بۆیە گەڕانەوە، لە گەڕانەوەشدا بەو هێزە گەیشتن، کە خودی (سوپا سالار) سەرکردایەتی دەکرد و یەکسەر لە سابڵاخەوە هاتبوون.[1]

هێزەکەی (حەسەن عەلی خانی گەڕووس)یش (کە مەبەستی ئێمەیە)، بریتی بوو لە (٤) فەوج سەرباز، بەفرماندەیی عەزیز خانی سەرتیپ، عەلی ڕەزا خانی سەرهەنگی تۆپخانە بە(٤) تۆپ و سوارەی قەرەپەپاغ بەسەرکردایەتی حەسەن عەلی خان و (۲۰۰) کەس و دوێرن و ئێرانلوو و سوارەی بەختیاری و یورتچی و فەوجی قەهرەمانییە و حەوتەمی شوقاقی، فەوجێکی حەسەن عەلی خان.

ئەم هێزەی (حەسەن عەلی خانی گەڕووس) سەرکردایەتی دەکرد، ڕۆژی پێنج شەممە (۹/۱۲/۱۸۸۰ز) دەگاتە سابڵاخ[2] و لە ئاقاری شاری سابڵاخ دامەزراند و تا بەجێهێنانی بەرنامە و ئەرکەکەیشی (وەک دواتر باس دەکرێت)، بارەگای هەر لە سابڵاخ دەبێت.

(۱) وردەکارییەکانی ئەرک و پەیامی ئەم هێزە، لە لاپەڕەکانی (۲۰۹ - ۲۱٤)ی کتێبی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا باس کراوە.
(۲) ئەمیر نیزامی گەڕووسی، ل٦۱

## ٦- تەقەللای هەستانەوە و ژیاندنەوەی ڕاپەڕین:

دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕاپەڕین، لە هەردوو قۆڵی سابلاخ و ورمێ، بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و شێخ عوبەیدوڵلا و هەمزاغای مەنگوڕ و فەرماندەکانی تری هێزەکان، کە بەرودوا لە (١٠و١٢/١١/١٨٨٠ز)دا، سابلاخ و ورمێیان جێهێشت، سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی عوسمانی سنووریان بە(١٨) بەتالیۆن سەرباز و (٣٦) عەرادە تۆپەوە تەنیبوو؛ بەڵام گەیشتنەوە شوێنەکانی جارانی خۆیان لە نەهری و زۆربەی ئەو سەرۆک خێڵە کوردانەی ئێرانیش، کە لە ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییان کردبوو، یان خۆیان بەرودوا چوونەوە پاڵ ئێران؛ یان دەوڵەتی ئێران تەقەللای هێنانەوە و نیشتەجێ کردنەوەیانی دا و لە ئاکامدا بەتەنیا هەر هەمزاغای مەنگوڕ مایەوە و لەگەڵ بەشێک لە خێڵەکەیدا، لە ناوچەی (سەردەشت) و (لاجان) و سنوورەکانی ئێران – عوسمانیدا مایەوە و جار جارەش شەڕی پارتیزانانەی دژی هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانی دەکرد. هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانیش کە لەو ناوچانەدا حەسەن عەلی خانی گەڕووس سەرکردایەتی دەکردن، بەهەموو توانایانەوە تەقەللای گرتن و کوشتنیان دەدا.

شێخ عوبەیدوڵلا دوای گیرسانەوەی لە نەهری و چاوگێڕانەوە و بەسەرکردنەوەی هێزەکانی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان، دوای نزیکەی دوو مانگێک کەوتەوە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ، کە دیسان ئەمجارەش هەر لە کوردستانی ئێرانەوە دەست پێبکاتەوە... بۆ ئەمەش، سەرەڕای نالەباریی هەلومەرج و چەندان کەموکووڕیی، بەڵام دیسان بەرنامەیەکی خێرای دەست پێکرد. هەرچەندە خۆ ئامادەکردنیش بۆ ڕاپەڕینی نوێ، لە چاو هەلومەرجی ڕاپەڕینی پێشوودا سەختتر بوو، چونکە:

١- هێزەکانی تورکیا بەشێوەیەکی بڵاو، نیمچە ئابڵوقەیەکی ناوچەکەیان دابوو؛ پردەکانی پێوەندی شێخ و شارەکانی تورکیایان لەبەردەم شێخدا سەختتر کردبوو.

٢- لەبەری خۆرهەڵاتیشەوە سنوورەکانی ئێران خرابوونەوە ژێر دەسەڵات و چاودێریی هێزێکی زۆری ئێرانی و دەتوانین بڵێین زۆربەی هێزەکانی ئێران، لە مەرگەوەڕەوە تا (پیران شار: خانە) و (سەردەشت) تەنیبوویان و بەدرێژایی سنووری ئێران – عوسمانی هێزی سەرباز و میلیشیای لێ دانرابوون. بەمەش ڕێگەکانی پێوەندی و هاتوچۆ، سەخت ببوون.

٣- لەبەری باکووری خۆرهەڵاتیشەوە هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەی ماکۆ و جەلفا ئامادە بوون.



٤- جەماوەری کوردی ئێرانیان چاوترسێن و تۆقاندبوو. هێشتا تەمی ترس و لەرزی بەکۆمەڵ کوشتن و تالانیی و سزادانیان بەتەواوی لەبەر چاو نەڕەوییبووەوە و سڵ و گومان و دڕدۆنگیی، شیرازەی یەکێتی ڕیزەکانی لەبەر یەک هەڵوەشاندبوو. نەخۆشیی زۆر، لە هەموو لایەک و بەتایبەتیش لە ناوچەی ورمێ داکەوتبوو، بەجۆرێک کە ١/٣ی هەموو دانیشتوانەکەی کوشتبوو.

٥- باری ئابووری کوردستان، بەهۆی سووتاندن و تالانکردن و جێهێشتنەوە، داهێزرا بوو. بەڵام بەگوێرەی بۆچوونەکانی شێخ عوبەیدوڵلا، پێی وابوو دەتوانرێت ڕاپەڕین و داواکانی مافی کورد زیندوو بکرێنەوە.

لەم پێناوەشدا بەپەلە و بێ هەدادان کەوتە تەقەللای هەمە لایەنەی وەک:

١- دابینکردن و حەواندنەوەی ئەو لێشاوی (١٠٠) هەزار ئاوارە کوردەی لە ئەنجامی شۆڕشەکەدا، چ وەک لایەنگر و پشتیوانی شۆڕش و چ لە ترسی پاراستنی سەر و ماڵیان، لە جێگە و ڕێگەی خۆیان هەڵکەندرابوون و بەو زستانە، لە سنوورەکانی ئێران – عوسمانی، یان چووبوونە قەڵەمڕەوی عوسمانی و لەوێ گیرسابوونەوە.[1]

٢- دەست پێکردنەوەی کاری دیپلۆماسی و دەوڵەتاندنی کێشەی کورد، لای دەوڵەتانی ڕووسیا، ئینگلستان و عوسمانی.[2]

٣- کڕین و پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و پێویستی شۆڕش.[3]

٤- بەسەرکردنەوەی زۆربەی سەرانی ئێل و ناودارانی کورد و نامەی تایبەتی بۆ نووسین و بانگهێشتنیان و هاندانیان بۆ پشتیوانیی لە شۆڕش و بەرزکردنەوەی وره و زیندووکردنەوەی گیانی هیوا و ئاوات تیایاندا.[4]

بەڵام لە بەرامبەر ئەم تەقەللایانەی شێخ عوبەیدوڵلا و فرماندەکانی کورددا، تەقەللای گەورەتر و سامناکتری گەلەکۆمەکیی دەوڵەتان لە دژی بەرنامەکانی کورد هەبوون، کە لە سەروویانەوە دەوڵەتی ئێران، هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکە و بگرە (٢) ساڵیش پێش هەڵایسانی شۆڕشەکە؛[5] دەرباری قاجار و خودی ناسرەدین شا، بەپەلە و بەهەڵپە، لەگەڵ ڕووسیا و ئینگلستان و عوسمانیدا، بەگەرمیی کەوتوونەتە تەقەللای کاری دیپلۆماسی و

(١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٢٨٨
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٨-٢٢٩
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٧-٢٣٨
(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤-٢٣٦
(٥) لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ل١٠٧-١٠٨

راوێژ و نامـە و نوێنەر ناردن و گـۆڕینەوە، بۆ لای یەکـتـری و ڕێگەگـرتن لە تەنینەوەی ڕاپەڕینەکە و لەم پێناوەشدا ئێران تکا و داخـوازی لە ئینگلسـتـان بۆ ئەوە بووە داوا لە ڕووسـیـا بکەن هێـز و لەشکری خۆی بۆ سـەر سنووری ئازەربایجـانی خـوارووبنێـرێ[١] و دواتریش هەر ئێران داوا و تکای لە ئینگلستان و ڕووسیاش دەکرد تا گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەوەی بەهەموو شێوەیەک، ڕێگە لە تەقەللاکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و ڕابەرانی تری کورد بگرێ.[٢] لە ئاکامدا دەربـاری عوسـمانییـان قـایل کـرد هاوکارییـان بکات و بۆ ئەمـەش دەربـاری عـوسـمـانی دەیویست بەئـارامـیی و لەسـەرخـۆ لەگـەڵ شـێخ عـوبەیدوڵڵادا بجـوولێـنەوە و بەخۆشـیی بیـخـەنە داوەوە، تا ڕازی بکەن بۆ ئەسـتـەمـوولـی ببـەن. لە زسـتـانـی (١٨٨١ز)دا، کـۆلـۆنێل ئەحـمـەد بەگی یاوەری جـەنگیی و تایبـەتی سوڵـتـان عـەبدولحەمـید، سەردانی شێخ عـوبەیدوڵڵای لە بارەگاکەی (شێخ) لە (نەهری) کردووە و مـاوەی (٣) ڕۆژ لە مـاڵـی شـێخ عـوبەیدوڵڵا مـیـوان بووە و چەندان جار وتووێژی نهێنی و دوو قۆڵییان کردووە و بەڵێنی زۆریان بە(شێخ) داوە و زۆر ئەرخایەنیان کردووە.

لە دواییدا لە ڕۆژی (١٨٨١/٦/٤ز)دا، لە ئەنجامی زۆر لێکردن و سەرکردنە سەری، ناچاریان کردووە بۆ ئەسـتـەمـووڵ بچێت.[٣] بەڵام لە ئەسـتـەمـووڵ گلی دەدەنەوە و زینـدانـی دەکەن.[٤]

(١) شۆڕشی شێخ عـوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٢٢٠. هەروەها لە تاریکیـیـەوە بۆ ڕووناکی، ل١٢٥، هاوپێچی ژمارە (٤)ی نامەی ژمارە (٧٦).

(٢) شـۆڕشی شـێخ عـوبەیدوڵڵا، ل٢٢٠. هەروەها لە تاریکیـیـەوە بۆ ڕووناکی، ل١٣١، نامـەی ژمـارە (٧٩) ل١٣٥، نامەی ژمارە (٨١) ل١٤٧، نامەی ژمارە (٨٨).

(٣) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظامی گروسی، ل٣٢٣

(٤) دوای ئەوەی (شێخ) دەچێتە ئەستەمووڵ، دەستبەسەری دەکەن. دوای ئەوەش ماوەی نزیکەی ساڵ و مانگێک زیندانی دەکەن. پاش ئەوەش داوای لێدەکەن بچێتە (حیجاز) و لەوێ نیشتەجێ بێت!... بەڵام (شێخ) بەمە قـایل نابێ و لە مـانگی ڕەمـەزانی سـاڵی ١٢٩٩ کـۆچی (مـانگی ١٨٨٢/٨ز)دا، لە زیندان هەڵدێ و بەپاسـپـۆرتێکی دروسـتکراو، بەناوی بازرگـانەوە، ڤـیـزای ڕووسـیـای وەردەگرێ و لە بەرگی بازرگـانێکدا، لە ڕێگەی زەریای ڕەش، تفلیس، یەریڤـان، کارس (قـارس)، بایەزید، ئالاشگرد و گوندی (قـەراچیـان)ەوە بەرەو (هەکـاری) و بۆ بارەگـاکـەی خـۆی لە (نەهری) دەگـەڕێتـەوە و جـارێکی تریش دەکـەوێتـەوە تەقـەللای دەست پێکردنەوەی شۆڕش و ئەم جارەش هەر لە ئێرانەوە دەست پێدەکاتەوە، بەڵام دووبارە لە (١٨٨٢/١٠/٢١ز)دا، دەگـیـرێتـەوە و بەهێـزێکی گـەورەوە لەگـەڵ (١٠٠) خـێـزانی لایەنگری، ڕەوانەی مـووسڵ دەکـرێن. لە (١٨٨٢/١١/٢٧ز)دا، دەگەیەندرێنە مووسڵ و تا (١٨٨٢/١٢/١٤ز) هەر لە مووسڵ دەیانهێڵنەوە. دوایی لە (١٨٨٢/١٢/٢٣ز)دا، لە مووسڵەوە بەڕێی (ئەسکەندروونە، بەیرووت، حیجاز) لە (تائیف) نیشتەجێ دەکـرێن و دوای مـاوەیەک ڕۆژی (٩ ذیحـەجـەی سـاڵی ١٣٠٠ کـۆچی - ١٨٨٣/١٠/١٢ز) کـۆچی دوایی کـردووە. (بۆ زیاتر ئاگـاداریی لەو بـارەیەوە، بنوارە: شـۆڕشی شـێخ عـوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامـەی قـاجـاریدا، ل٢٤٧-٢٤٨

# بەشی سێیەم

## سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە بەشێوەیەکی جیاواز

جگە لە تەقەللای سەربازیی و دیپلۆماسیی، دەرباری قاجاری بەرنامەیەکی بەربڵاوی بۆ دابین کردنەوە و ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە و بنبڕکردنی شوێنەوارەکانی ڕاپەڕینەکە تەرخان کرد. چونکە تێشکانی ڕاپەڕینەکە، شوێنەوارێکی ترسناکی لە دوای خۆی جێهێشت و ئەو شەپۆڵی بەکۆمەڵ کوشتن و سزادان و ترس و تۆقاندنەی بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە لە: موکریان، فەیزوڵڵا بەگی، سندوس، لاجان، شنۆ و مەرگەوەڕ دەکران، تا نزیکی (٣ – ٤) مانگ درێژەی کێشا و سەرلەبەری ئەم ناوچانە، ئازار و سزای زۆریان پێگەیەندرا.

بۆ دابینکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی ڕاپەڕینەکەش بەگشتی و ناوچەی موکریان بەتایبەتی، کە دەرباری قاجاری بەمەڵبەندی ڕاپەڕینەکە و مەکۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە و مایەی شەڕ و کوشتار و کێشە خرۆشاوەکانی چەند مانگ ڕابووردووی کوردستانی بندەستی قاجاری دەزانی و لە هەمان کاتیشدا بەسڵ و دڕدۆنگیی و ترسەوە بۆی دەڕوانی و گومانی ئەوەی لێدەکرد مانەوەی هەمزاغا لە ناوچەکەدا، وەک پردێکی پێوەندی نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و شۆڕشی بەئاکام نەگەیشتووی کورد بێت. بۆیە بەچاوێکی گرنگ و پڕ بایەخەوە، بەرنامەی هێورکردنەوە و دامرکاندنەوە و بنبڕکردنی ڕەگوڕیشە و هۆیەکانی هەڵایسانی شۆڕشەکەی هەر لە موکریانەوە دەست پێکرد و بەچاکی زانی شاری سابڵاخ بکاتە بنکەی بەڕێوەچوونی ئەم بەرنامە درێژخایەنەی و بۆ ڕاپەڕاندن و لە ئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە گرنگەش، لە (حەسەن عەلی خانی گەڕووس – میرزا نیزام)یان بەچاکتر نەزانی.

ئەگەرچی دەرباری قاجاری لە سەرەتادا، لە (١٢/١١/ ١٨٨٠ز)دا، حاجی سەدرلدەولەی وەک فرمانداری سابڵاخ دانا؛ بەڵام ناوبراو نەیتوانی چاوپۆشیی لەو هەموو کوشتار و تاڵان و زوڵمە بێ سنوورە بکات و هەر تەنیا مانگێک توانی دان بەخۆیدا بگرێ. لەبەر ئەوە سەرانی دەوڵەتیش کە دەزانن هەڵسوکەوتی بەگوێرەی خواستی ئەوان نییە؛ لای دەدەن و لە جێی ئەو، لە (١٠/١٢/ ١٨٨٠ز)دا (حەسەن عەلی خانی گەڕووس – وەزیری فەوائید) دەکەنە فرمانڕەوای سابڵاخ.

حەسەن عەلی خان (١٨٢١ – ١٨٩٩) کوڕی محەمەد سادق خانی کەبودوەندە و خۆی



بەبنەچە، کوردی ناوچەی گەڕووسە، ڕووناکبیر و زیرەک و خۆشنووس و ئەدیب و سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتە و دنیادیدەی بەتوانا بووە. چەندان کتێبی وەک: (منشآت)، (پندنامە یحیویە)ی نووسیوە؛ یان بەخەتی خۆی و لەسەر ئەرکی خۆی، کتێب و دیوانە شیعری شاعیرانی ناوداری ئێرانی نووسیوەتەوە و چاپکردوون. چەندان جار سەردانی ئەورووپای کردووە و بۆتە باڵوێزی ئێران لە تورکیا و لەبەر ئازایەتیش، پلەی سەرهەنگ و سەرتیپ و جەنەڕاڵ ئاجودانی، لە لەشکری ئێراندا پێدراوە. دواتریش چەند جارێک بۆتە وەزیر. کە لە پێش شۆڕشەکەدا (وەزیری فەوائید) بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە باوەڕپێکراوە زۆر نزیکەکانی دەرباری قاجار و خودی ناسرەدین شا و جێی متمانەی تەواو بووە؛ لە کاتی شۆڕشەکەی کورددا، لە هەمەدانەوە بەهێزێکی گەورەوە بۆ بەشداریی لە سەرکوت و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەدا، بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە هێنراوەتەوە.

حەسەن عەلی خان لە چاو هێزەکانی تری دەوڵەتدا، درەنگتر و دوای کشانەوەی هێزەکانی کورد لە ناوچەکانی میاندواو و موکریان، گەیشتە ناوچەکە و ڕۆژی (٩/١٢/ ١٨٨٠ز) گەیشتە سابڵاخ. بەڵام هەرکە گەیشتە ئەوێ، لە ئاقاری شار، بار و بنەی هۆردووی خست. بەر لەوەش کاروباری دامەزراندنی هێزەکەی و قەڵا و بنکەیان بۆ دروست بکات، بەپەلە دەستبەکار بوو.

بەو هۆیەشەوە کە پێشتر ئاشنایەتی لەگەڵ تێکڕای خەڵکی ناوچەکە و ناسراوەکانی ناوچەکەدا هەبووە و هەر خۆیشی موڵکێکی زۆری لە سابڵاخدا هەبووە؛ بۆیە زۆر بەدڵسۆزیی و پەرۆش و پشوویەکی درێژەوە هەوڵی سەقامگیر کردنەوە و هێور کردنەوەی بارودۆخەکەی داوە.

لە سەرەتای دەستبەکار بوونییەوە، بەپشتیوانی ئەو سەرۆک خێڵانەی لە دەمێکەوە سەر بەدەوڵەت بوون، هەوڵی هەڵتەکاندن و لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ڕیزەکانی سەرۆک خێڵ و خێڵە کوردەکانی داوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، جگە لەوەی هەر زوو بەپێشنیاری ئەم، محەمەد ئاغای مامەش کراوەتە بەڕێوەبەری لاجان؛ لە هەمان کاتدا تۆڕێکی سیخوڕیی و هەواڵنێریی لە محەمەد ئاغای مامەش و قادر ئاغا و گوڵاوی ئاغای دێبوکری و میرزا قاسمی قازی و نموونەکانی وەک ئەوان دروست کردووە. لە چەندان نامەیدا بۆ ناسرەدین شا و سەرانی قاجار؛ بەشانازییەوە خۆی بەوەوە هەڵدەکێشێ، کە (فیتنەیی) و (دووبەرەکی) و (ئاژاوە) لە نێوان سەرۆک عەشیرەتە هاوڕێ و دۆستەکانی یەکتریدا دروست بکات و هەموویان بترسێنێ و بەسەر یەکترەوە بیانکات بەجاسووس و باوەڕی دەوڵەتخوازییان لا دروست بکات.

هەر زوو کەوتە تۆقاندنی ئەو لایەنگرانەی ڕاپەڕینەکەی کورد و خودی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەوڵی دوورخستنەوەیان لە شێخ، بەوەی کۆبوونەوەی فراوان و خێرایان پێبکات و نامەی پەشیمانیی و ملکەچییان بۆ (ناسرەدین شا) پێ بنووسێ. دەستی کرد بەهێنانەوەی ئەو لێشاوە خەڵکەی لە ترساندا ناوچەکانی خۆیانیان چۆڵ کردبوو. پیاوانی ئایینی و سەرۆک خێڵەکانی موکریان و لاجان و شنۆ و هەندێک لە ئاغاکانی زەرزا و سەردەشت – ی هێور کردەوە و بۆ ناوچەکانی خۆیانیانی هێنانەوە. نامەی (ڕوو ڕەشیی) ئەوەی پێ نووسین؛ کە پەشیمانن لەوەی پشتیوانییان لە ڕاپەڕینەکەدا کردووە و هەر بەناوی (ڕوو ڕەشیی)یشەوە نامەیەکی بەخەڵکی سابڵاخ نووسی؛ کە:

١– بەڵێن بدەن بەهەر نرخێک بێت، بەزیندوویی، یان مردوویی هەمزاغای مەنگوڕ بەدەست دەوڵەتەوە بدەن.

٢– باج –ێکی (٤٠) هەزار تمەنی، وەک (ڕوو ڕەشیی – ڕوو ڕەشییانە) بەدەوڵەت بدەن. لە ڕێگەی ئەو سەرۆک خێڵانەی کردبوونی بەتۆڕی سیخوڕیی، زانیاریی لەسەر پێوەندییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و لایەنگرانی، چنگ دەکەوت و بۆ دەرباری قاجاری دەناردن. پێوەندییەکانی ئەم ماوەیەی شێخ عوبەیدوڵڵاش لەگەڵ لایەنگرەکانیدا، ئەو بانگەواز و ڕاگەیاندن و نامانە بوون، کە بێ هەدادان بۆی دەناردن و داوای لێ دەکردن دڵسارد نەبنەوە و تەقەللای ڕاپەڕینی تازە بەڕێوەیە.

ئەم کارانەی حەسەن عەلی خانی گەڕووس، تا هەردوو دیوی سنووری ئێرانی – عوسمانی تەنیبوو. بەگوێرەی قسەی خۆی، بنکەکانی هەواڵنێریی لە: ڕەواندز، هەولێر و سلێمانی هەبوون، تا جمووجۆڵ و چالاکییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای بۆ بنێرن و ئەویش بۆ سەرووتری خۆی بنێرێ. ئەم بەرنامەیەی حەسەن عەلی خان، کاری زۆری لەسەر هەستی ناوچە ڕاپەڕیوەکان کرد و لە ماوەی (٨– ٩) مانگدا، پردێکی زۆری لە نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و لایەنگرەکانیدا پساند. ئەو لایەنگرە زۆرانەی کە هەمیشە حەسەن عەلی خان لە نامەکانیدا بەئاشکرا ددانی پێدا دەنێ! کە سەرلەبەری ناوچە کوردنشینەکان، چ ئاشکرا، چ نهێنی، لە ژێرسێبەری خۆشەویستیی شێخ عوبەیدوڵڵا دان.[1]

(١) بۆ لە یەکتر ڕەشکردن و دوژمنایەتی نانەوەی نێوان ئەو لایەنگرانەش، (بۆ نموونە) دەڵێین: جارێک هێزێکی سەربازیی و میلیشیای پێکهێنابوو بۆ گرتن و کوشتنی هەمزاغا، تا بەرەو سەردەشتی بنێرێ، کە هەمزاغای تێدا گیرسابووەوە. بۆ ئەمەش داوای لە (عوسمان ئاغای گەورک) کرد، تا سەرکردایەتی ئەم هێزە بکات. عوسمان ئاغاش ناچار کرا بەو هێزەوە بچێتە سەر هەمزاغا... ئەگەرچی عوسمان ئاغا لەم هێرشەدا هیچی پێ نەکرا، بەڵام هەر مەبەست ئەوە بوو، نێوانی ئەو دوو کەسە تێکبدات، کە پێشتر هەردووکیان دۆست و هەردووکیشیان لە ڕاپەڕینەکەدا هاوبەش و هاوسەنگەر بوون.



یەکێک لەو بەرنامە سەرەکییانەی هەر لە سەرەتای کاری حەسەن عەلی خانەوە بەپێی فرمان و ڕاوێژی خودی ناسرەدین شا و پلان و بەرنامەی سەرانی سوپا و بەهاوکاریی سەرۆک خێڵەکانی ناو تۆڕی دەسگا سیخوڕییەکەی، ڕەنگی بۆ دەڕشت، لەناوبردنی هەمزاغای مەنگوڕ بوو، کە دەرباری قاجاری و لەسەروویانەوە ناسرەدین شا، بەماکی هەڵایسانی شۆڕشی کوردیان دەزانی و دەیانویست بۆ مەبەستی چاوترساندنی جەماوەری کوردی ئێران، بەهەر نرخێک بێت لەناو بەرن.

بۆ ئەنجامدانی ئەم پلانەش، بەیارمەتی میرزا قاسمی قازی و محەمەد ئاغای مامش و قادر ئاغای دێبوکری و ئەحمەد بەگ و بایەزید ئاغا، کەوتە ناکۆکی نانەوە لە نێوان هەمزاغا و (کاکەڵڵا)ی برایدا و دەسەڵاتی سەرۆکایەتی خێڵی مەنگوڕی بە(کاکەڵڵا) سپارد؛ تا هەمزاغا ئیرەیی بەبراکەی ببات. چونکە هەمزاغا ئەو کارەی بەشانی خۆی ڕەوا دەدی و لە سەرلەبەری ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکەشدا، پیاوێکی ناسراو و جوامێر و جەربەزە و سەرکەش بوو، خودی حەسەن عەلی خان و سەرانی قاجار و عوسمانی و خێڵە کوردەکانی بندەستی قەڵەمڕەوی عوسمانیش دەیانناسی و حسابی گەورەیان بۆ دەکرد. پیاوێکی دنیا دیدە و سەردەرچوو. لەناو گەلەکەیشیدا بەنیشتمانپەروەرێکی پشوودرێژ دەناسرا...

بۆیە دوای تێشکانی ڕاپەڕینەکە، ئەرکی زیندوو ڕاگرتن و هەستانەوەی ورەی خەڵکی ناوچەکەی و موکریانی پێ سپێردرا بوو.[1] لەم پێناوەشدا بەدڵسۆزیی و جوامێرییەکی بوێرانەوە پەیام و بانگەوازنامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای بەجەماوەری ناوچەکە و لایەنگرانی شۆڕش دەگەیاند و سەرەڕای ئەوەش کە دەستبەرداری ناوچەکەی بوو، لە هەمان کاتیشدا ناو بەناو شەڕی پارتیزانانەی لەسەر سنوور، دژی پیاوانی سەر بەدەوڵەت دەکرد و خۆی نیشان دەدان و دەیترساندن. تەنانەت حەسەن عەلی خانی گەڕووسیش بەو لەشکرە زۆرەوەی کە بەمەبەستی ڕاونان و لەناوبردنی هەمزاغا، بۆی پێکهێنرابوو و دەبوایە بەخێرایی هێرش بۆ سەر ناوچەی (سەردەشت)ی شوێنی گیرسانەوەی هەمزاغا ببات، کەچی بەو هۆیەوە کە بەدڵ لە هەمزاغا دەترسا و لە زۆر لە نامەکانیشیدا بە(ئازا) ناوی دەبات و[2] بەئاشکرا ئاماژە بەم لایەنە دەکات و بۆ بەرپرسانی باڵاتری خۆی دەنووسێ. بۆیە بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرەی بەناوی لەناوبردنی هەمزاغاوە لە سابڵاخدا خۆی خلافاند؛ نەیوێراوە بۆ تەنیا جارێکیش بەو لەشکرە بەهێزەیەوە ڕوو لە (سەردەشت) بکات و

(١) ئەگەرچی لەم بارەیەوە بەڵگە لەبەر دەستدا نییە، بەڵام نیشانەکان و ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن.
(٢) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، ل٤٥٤

بەردەوام بۆ تەفرەدانی گەورە بەرپرسان و سوپاسالار و خودی (ناسرەدین شا)ش، هەر خەریکی چاو و ڕاو و نامە نووسینی بەلێشاوە بۆ سەرووتری خۆی؛ کە ڕۆژانە چەندان نامەی لە بارەی هەمزاغا و پێویستیی ترساندنی خەڵکی (سەردەشت) و لایەنگرانی هەمزاغا، بۆ نووسیون و ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی بۆ بەرز کردوونەتەوە، کە ئەندامانی تۆڕە سیخوڕییەکەی، لەملاو لا بۆیان کۆکردۆتەوە و بۆیان ناردووە.

بەڵام لە پاڵ ئەم ترسەشدا کە حەسەن عەلی خانی گەڕووس، لە هەمزاغای هەیە؛ لە هەمان کاتدا بێ پشوو وەک (ڕێوی)، هەر خەریکی چنینی فێڵ و تەڵە و داونانەوەیە بۆ دەستگیرکردن، یان کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا و هەڵتەکاندنی بەرنامەکانی شێخ عوبەیدوڵلا... کە ئەم نامە زۆرەی حەسەن عەلی خان، لەم لاپەڕانەی داهاتوودا، هەڵبژاردەیەکن لەو لێشاوە نامەیەی، سەرەڕای ئەوەی بۆ تێکدان و پووچاندنەوەی بەرنامەکانی شێخ عوبەیدوڵلایە، بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی کورد بەگشتی و مەرگی هەمزاغای مەنگوڕ بەتایبەتی، بەڵام سەرباری ئەمانەش خۆشەویستیی و هیوای جەماوەری کوردی ئەو ڕۆژگارە، بەشێخ عوبەیدوڵلا و جوامێریی و بوێریی و بێباکیی هەمزاغای مەنگوڕ، لەم نامانەدا دەدرەوشێنەوە.

***

وەک پێشتریش لە بەشی (ناسنامەی نووسین و کتێب و سەرچاوە، دەربارەی هەمزاغا)دا، وتمان: ئەم نامەیە، کە پێکەوە و لە دووتوێی کتێبی: (گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی)دا چاپکراون، ژمارەیان (١٥٥) نامە و (٥) پاشکۆن (کە پاشکۆکانیش هەر تایبەتن بەهەمزاغاوە)، نزیکەی (٦٠٠) لاپەڕەی کتێبی ناوبراویان گرتۆتەوە.

دەمتوانی بۆ ئاسانکردنی کاری خوێنەران، پوختەی ناوەرۆکی کۆی هەموو نامەکان، بکەمە باسێکی چڕی چەند لاپەڕەیی... بەڵام:

١- بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕێگەی ئەم نامانەوە، شوێن پێی هەمزاغا هەڵبگرێ و بزانێ بەچ ئەوینێکی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانە و جەربەزانەوە، لە ناوچەکەی خۆیدا ماوەتەوە و بەتەنگ ڕاپەڕاندن و پیادەکردنی بەرنامە و هەڵسانەوە و بەزیندوو ڕاگرتنی شۆڕشەکەیە و بەئاواتی دەستپێکردنەوەیەوە دەژی و بێ پەروا فرمانەکانی شێخ عوبەیدوڵلا لە هەموو جێیەکی قەڵەمڕەوی قاجاری و عوسمانیدا جێبەجێ دەکات...

تا ئەو کاتەی وەک لە نامەی ژمارە (١١٦)دا دەردەکەوێ، کە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٨٨١دا، هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەچنە (نەهری) و شێخ لە بارەگاکەی



خۆیدا دەستبەسەر دەکەن و بەرەو (وان) و دواتریش بەرەو ئەستەموولی دەبەن؛ ئیتر هەمزاغا ترووسکەی هیوای هەڵسانەوەی شۆڕشی بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەچێ و تێدەگات دەرەتانی پەڕینەوە داڵدەدانی ئەویش لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا تەنگتر دەبێتەوە... ئەوسا لەو مێژووە بەدواوە (١٨٨١/٦/٤ز)، ناچار دەبێ خەمی گەڕانەوەی خۆی بۆ ناوچە و نیشتمانەکەی خۆی بخوات و بەناچاریی وەڵامی نامەی ئەو دەستە خائین و خۆفرۆشانە بداتەوە، کە بەناوی متمانەی دۆستایەتی دێرینەوە، دەکەونە زەمینە خۆشکردن بۆ دڵنیاکردنەوە و تەفرەدانی و هێنانەوەی بەسوێند و درۆودەلەسە، بۆ ناو تەڵە و داوی بۆسەیەکی دڕندانەوە...

ئەگینا بەر لە گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵلا بەرەو ئەستەموول، کە بەوپەڕی هیوای ژیانەوە و هەڵسانەوەی شۆڕشەوە ژیاوە، وەک لە نامەی ژمارە (١٠٣)دا دەردەکەوێ، بایەخی بەنامەی خودی سوپاسالاری ئێرانیش نەداوە، کە داوای گەڕانەوەی لێدەکات و بەفیز و شکۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە، مەرجی لە توانا بەدەر، بۆ ئەو داوایەی سوپاسالار دادەنێ.

٢- بۆ ئەوەی خوێنەر لە کلاوڕۆژنەی ئەم نامانەوە، پیلانە دۆزەخییەکانی دەربارەی قاجار و خودی حەسەن عەلی خانی گەڕووسی بۆ ڕوون بێتەوە، کە چۆن لە پێناوی بنبڕکردنی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینی کورد و کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغادا، هەرچی ڕێگە و شێوەیەکی نامرۆڤانە و بەدەر لە هەموو یاسا و نەریت و ئایین دەیگرنە بەر...

لە دواییدا بەچاکم زانی لە دوای تەتەڵە و هەڵاوێردکردنی کۆی ئەو (١٥٥) نامەیە، نزیکەی (٥٠) نامەیان لێ هەڵبژێرم و تەرجەمەیان بکەم... کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نامانە، بەگیانی دوژمنانە نووسراون؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بەپیت و بڕشتن و ئەگەر ئەم کۆمەڵە بەڵگەنامە گرنگە، لەسەر هەمزاغای مەنگوڕ نەبوونایە، خۆ ئەو هەمزاغا جوامێرە، بەو هەموو ناوبانگ و زایەڵەیەی کە نزیکەی سەدە و نیوێکە، بەهۆی ڕاپەڕینی خۆی، لە دژی زوڵمی قاجاری و عوسمانی و بەشداریکردنیدا لە شۆڕشی (١٨٨٠)دا، لەناو گەلەکەیدا هەیەتی؛ کەچی گەلەکەی هەمزاغا، لە (بەیت)ێک زیاتر، هیچ مێژوویەکی تری نووسراوی لەبارەی هەمزاغاوە نەبوو!.

لە بەسەرکردنەوەی سەرومڕی ئەم نامانەدا، کە وەکو خۆیان و بێ دەستکاریی تەرجەمەم کردوون، تەقەللام داوە[1] نەک هەر بەتەنیا دوا ناوی تەریک و بچووکی ناو ئەو تۆڕی

(١) هەمان ئەم تەقەللایەم لە کتێبی: (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا) ئەنجام داوە.

سیخوڕییە نەبوێرم، کە لە دەسگا جاسووسییە بەربڵاوەکەی حەسەن عەلی خانی گەڕووسدا، بۆ گرتن و کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا هاوکارییان کردووە؛ بەڵکو ناوی ڕاستەقینەی خۆیان و باوک و باپیر و خێڵەکانیشیان سۆراخ بکەم و بنووسم، تا نەوەی نوێ و مێژووی کورد، ناوی ئەو خائین و خۆفرۆشانە لە یاد نەکەن، کە هەمیشە و لە هەموو تەقەللایەکی کورددا، بۆ گەیشتن بەئازادی، دەبنە ئامێری دەستی داگیرکاران.

## زنجیرە نامەکانی میرزا نیزامی گەڕووس

نامەی ژمارە: ١٩

لاپڕە: ٦٣-٦٤

مێژوو: دووشەممە: ١٧ موحەڕەم ١٢٩٨ کۆچی

٢٠/١٢/١٨٨٠ز

### بۆ: میرزا حسین خان - سوپاسالار

بەقوربانتان بم.

ئێستا، کە هاوکاتە لەگەڵ ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە: ١٧ی موحەڕەم، لە لایەن پایەبەرز (گوڵاوی ئاغا)وە - کە دوو ڕۆژ دوای گەیشتنی خۆم، بەمەبەستی سەرژمێری بنەماڵەکان و هێنانی عوسمان ئاغا و خدر ئاغا، بۆ (سەردەشت)م ناردبوو؛ نامەیەکیم بەدەست گەیشت، کە هەروەک خۆی ناردمە خزمەتتان.

وەک سەرنج دەدەن هەمزاغای بەد ڕەگەز، بەپشتیوانی خێڵێک کە بە(سۆلێنی) ناودارن و لەوپەڕی سنووری سەردەشت و بەخاکی عوسمانییەوە نیشتەجێ و چەسپاون، یان وەک گوڵاوی ئاغا نووسیویە، هەر بەپشتیوانی خەڵکی سەردەشت، ناخافڵ لە کاتێکدا گوڵاوی ئاغا و خدر ئاغا و عوسمان ئاغاش لە سەردەشت بوون، خۆیان و کۆمەڵێک سۆلینی، لە ناکاوێدا داویانە بەسەر سەردەشتدا و ئەوانیش چونکە ئامادە و تەیار نەبوون، هیچیان پێنەکراوە و لە سەردەشت دەرچوون و چوونەتە گوندێک بەناوی (ڕەبەت)، کە دەکەوێتە دوو قۆناغە ڕێی سەردەشتەوە. پیاویان ناردووە، تا یارمەتی و هێزیان لە خێڵی (گەورک) و (بانە)ی نزیک کوردستانەوە بۆ ڕەوانە بکرێ و بکەونە دوورخستنەوەی هەمزاغا. جا هەر ئێستا، کە ئەم نامەیە دەنووسم، وام بۆ دەردەکەوێ لەو ڕۆژەوەی گوڵاوی ئاغام ناردۆتە سەردەشت، بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەو نامانەی لای ئەوەوە دێن، وا هەست دەکەم عوسمان ئاغا و خدر ئاغا هەر خۆیان دەدزنەوە و هەر خۆیان دوا دەخەن و بڕوبیانوو



دێننەوە... لەبەر ئەوە دوو ڕۆژ لەمەوبەر نامەیەکم بۆ گوڵاوی ئاغا بەم ناوەڕۆکە نووسی: ئەگەر عوسمان ئاغا و خدر ئاغا بەوپەڕی ملکەچییەوە بۆ ساباڵاخ لەگەڵی هاتن، ئەوە زۆر باشە، ئەگەریش نا، ئەوە ئیتر لەوێ ماتڵ نەبێ و بگەڕێتەوە.

مەبەستیشم ئەوە بوو ئەگەر گوڵاوی ئاغا هاتەوە و عوسمان ئاغا و خدر ئاغا نەهاتن، بەپەلە هەواڵ دەنێرمە خزمەتتان، بۆ ئەوەی ڕێگەم پێبدرێ فەوجێک سەرباز و دوو سەد سوارە و هێزێکی کارامە لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ سەردەشت ببەم و ئەو ناوچانە لە هەموو ڕوویەکەوە دامەزرێنم، تا ئیتر خدر ئاغا و عوسمان ئاغا و ئەوانەی وەک ئەوانن، هەوای سەرکێشییان لەسەردا نەمێنێ...

ئێستاش کە هەواڵی هاتنی هەمزاغا و گەیشتنی بەسەردەشت گەیشتووە، عەرزتان دەکەم کە ئەگەر دوا بکەوم، دەرفەت لە دەست دەچێ و ڕەنگە خێڵەکانی تری ئەو سەر سنوورانەش پێوەندی پێوە بکەن و ئاژاوەکە سەختتر بێت... بەم بۆنەیەوە بەپشتیوانی خوا، سبەینێ زوو، کە ڕۆژی هەژدەهەمە، بەهەزار کەسی هەڵبژاردەوە، لە دوو فەوجی (گەڕووس) و (پێنجەمی شوقاقی) و دوو سەد سوارەی (دیوانی)، کە لێرە ئامادەن، بەتۆپێک و چوار پۆند خاندار و دانەیەک (قبس) و ئەحمەد ئاغا و قادر ئاغا و فەیزوڵڵا بەگ و شێخ عەلی و... ئەو سوارانەی لەگەڵیاندان، بەوپەڕی گورجی و پەلەوە، بەیارمەتی بەخت و ناوچاوی خاوەن شکۆی بەشان و شەوکەتی شاهەنشاوە (ڕۆحمان بەقوربانی بێت)، بنچینەی ڕزیوی هەمزاغا و هاوپەیمان و هاودەستی لە ڕەگوڕیشە دەردێنم.

بۆ ئاگاداری ئاستانەی بڵندیشتان، لەبەر ئەوەی ئەو سەری سەردەشت بە(بانە)وە دەلکێتەوە، هەر ئێستا کەسێکم بەتایبەتی بۆ (بانە) نارد و نامەم بۆ حاکمی بانە نووسی، تا هەزار تفەنگچی ئامادە بکات و لە پشتەوە ڕێ لە هەمزاغا بگرێ و لە لایەکی تریشەوە نامەم بۆ سەرانی (قەرەپاپاغ) نووسی، کە محەمەد ئاغای مامەش ئاگادار بکەنەوە، تا لە قۆڵی (لاجان)ەوە ڕێی هاتووچۆ و هەڵاتنی ببەستێ.

دیسان چاوقایمی دەنوێنم و ئەمەش عەرز دەکەم، کە بیر و خەیاڵی پیرۆزی پایەبەرزتان دڵنیا بێ لەم بارەیەوە پەژارە نەبێ. ئومێدی تەواوم هەیە ئەگەر خواوەندی میری مەزن بیەوێ، بەیارمەتی بەخت و ناوچاوی خاوەن شکۆی بەشان و شەوکەتی شاهەنشاهی، بەگەیشتنی ئەم نامەیە هەواڵی لەناوچوونی هەمزاغا و تەواوبوونی ئەم ئاژاوەیە، بەئاستانەی بڵندتان بگەیەنم.

نامەی ژمارە: ٢٠
مێژووی: ٢١ موحەڕەمی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨٠/١٢/٢٤ز
لاپەڕە:٦٦

## بۆ: میرزا حسین خان - سوپا سالار

*لە دەورتان گەڕێم.*

*ئێستا، کە سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی: ٢١ی موحەڕەمە، لە جێگەیەکەوە کە بە(باخچە)*[1] *ناسراوە و هەشت فرسەخ لە سابڵاخ بەملاوەیە، ئەوە عەرز دەکەم کە لەم ساتەدا لە پایەبەرز (گوڵاوی ئاغا)وە هەواڵی ئەوە هاتووە، هەر ئەوەندەی دەنگوباسی بەرێکەوتنی ئەم بچووکەتان بەهەمزاغا گەیشتووە، ئیتر توانای مانەوەی لە سەردەشتدا لە خۆیدا نەدیوە و هەڵاتووە و خۆی گەیاندۆتە ناوچەی (دارمە)، کە لەوپەڕی سەردەشت و نزیکە و سنووری عوسمانییە. گەیشتنی ئەم هەواڵە، نیشانەی خێرێکی زۆری پێوەیە. بەڵام بەهیچ جۆرێک پەکی چوونی من بەرەو سەردەشت ناخات، بەڵکو پێویستی چوونم بەرەو سەردەشت پێویستتر بووە و بەیانی شەممە (٢٢ مانگە) و بێئەوەی لە هیچ قۆناغە ڕێییەکدا وچان بگرم و لابدەم، بەرەو سەردەشت دەچم؛ بۆ ئەوەی:*

*یەکەم: بەیارمەتی بەخت و ناوچاوی خاوەن شکۆی بەشان و شەوکەتی شاهەنشا (ڕۆحم بەقوربانی بێت) هەر بەم سوپا کەمەی دەوڵەت و تفەنگچی و سوارانەی لە (بانە)وە خواستوومن، ڕەگوریشەی بەدی هەمزاغا، لە هەر کون و قوژبن و کوێستانێکدا بێت، تەفروتوونا دەکەم و تا لەم کارەش نەبمەوە و ئەم ناوچانە بەشێوەیەکی پێویست ڕێکوپێک نەکەم، بەرەو سابڵاخ ناگەڕێمەوە. چونکە دەمەوێ سەعاتێک زووتر ئەم هەواڵە بگاتە ئاستانەی بڵندتان و چەند شتێکیش بەکورتی عەرز دەکەم:*

*یەکەم: ئیتر ناردنی هێز و سوارە و تۆپ، بۆ (لاجان) پێویست نییە.*

*دووەم: نامەم بۆ هێژایان: جەلال خان و بیوک خان نووسیوە و جەختیشم لەسەر کردووە. بەڵام دەبێ ئەو خاوەن بەندەی مەزنە، فرمانی ڕۆشن و تەواو، بۆ سەرانی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەش دەربکەن و داوایان لێبکەن، تا ڕێی دەربازبوونی هەمزاغا لە قۆڵی (ساوان) و (وەزنە)وە ببەستن و ئەگەر لەوێوە دەرباز بێت، ئەوە ئەوان بەرپرس و کەمتەرخەم دەبن.*

(١) باخچە: بەگوندی (باخچەی موکریان) بەناوبانگە و دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی سابڵاخەوە.



نامەی ژمارە: ٢١
مێژووی: لە نێوان ٢١ موحەڕەم تا ٢٤ موحەڕەمی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨٠/١٢/٢٤ - ١٨٨٠/١٢/٢٧ز
لاپەڕە: ٧٠ - ٧١

## بۆ: میرزا حسین خان - سوپاسالار

*لە دەورت گەڕێم.*

*خاوەنی بەرزیی. وا بیر نەکەنەوە ئەم کەمینەیە وریای گەڕانەوەی هەمزاغا نەبووە. بەڵکو هەر ئەو کاتەی گوڵاوی ئاغام بەرەو سەردەشت نارد، بەدەمیش پێم ڕاگەیاند، کە هوشیار و ئاگادار بێ و هەر کات لە هاتنی هەمزاغا بەرەو سنووری خۆمان، هەواڵێکی پێگەیشت، بەپەلە ڕاییگەیەنێ... تەنانەت بەوەش دانەکەوتم، کە بەزارەکیی پێم وتبوو؛ بۆیە دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی، نامەیەکی تایبەتیم بۆ نووسی و جەختم لەسەری کردبوو، کە خافڵ نەبێ و هەر کاتێ هەواڵێکی سەبارەت بەهەمزاغا پێگەیشت، ئاگادارمان بکاتەوە... گوڵاوی ئاغا لەو نامەیەدا کە چوار ڕۆژ لەمەوبەر ناردبووی، نووسیبووی:*

*دەنگی هاتنی هەمزاغا نییە و ئێستاش نامەکەی خودی گوڵاوی ئاغام نارد، تا بەرێزی خاوەن شەرەف بەرچاوی بکەوێت... بەڵام دوێنێ، نامەیەکی تری نووسیبوو؛ گوایە هەمزاغا هاتۆتە ئاوایی (دارمە). ئەم بچووکەش هەر ئەو کاتە، ڕاسپێرییەکی توندم بۆ گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغا و خدر ئاغا نووسی، بۆ ئەوەی هاوکاریی یەکتر بکەن و بەهەر جۆرێک بێت، بیگرن و ئەگەریش پێویستی بەوە کرد لێرەوە خەڵکی تریش بنێردرێ، بەگورجی هەواڵ بنێرن.*

*ئەو نامەیەی ئەم بچووکە، دوێنێ نێردرا و وەک عەرزیش کرابوو، ئەمڕۆش هەواڵی دووەمی گوڵاوی ئاغا گەیشتووە، کە هەمزاغای ناڕەسەن، ئەمڕۆ هاتۆتە سەردەشت و بەو جۆرەش کە پێشتر عەرز کرابوو؛ چوونی بێ دواکەوتنی خۆمیش بەپێویست زانی و خوایار بێت بەیانی، کە سێ شەممە (١٨)یە، بەهێزێکی هەڵبژاردە و سووکەڵەوە بەرەو سەردەشت بەڕێ دەکەوم.*

نامەی ژمارە: ٢٢
مێژوو: لە نێوان ٢١ موحەڕەم تا ٢٤ موحەڕەمی ١٢٩٨ کۆچی
٢٤ – ١٨٨٠/١٢/٢٧ز
لاپەڕە: ٧٠ – ٧١

## بۆ: میرزا حسین خان – سوپاسالار

*بەفیداتان بم.*

*گەرچی گەورە پیاوان و ماقوولانی ئێرە، کە ئەم هەواڵەیان بیست، بەڕواڵەت خوێنیان هاتۆتە کوڵ و لافی پیاوەتی و خزمەتگوزاریی لێدەدەن؛ کە ئەمە دەکەین و ئەوە دەکەین تا خوێنی هەموومان نەڕژێ، نایەڵین تاقە سەربازێک، یەک فیشەک بتەقێنێ... بەڵام درۆ و دووڕوویی ئەم خەڵکە، دیار و ئاشکرایە و ئەم کەمینەیەش هیچ جۆرە باوەڕێکم پێیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ناچارین و بەڕووالەت هەر دەبێ بۆ لەناوبردنی هەمزاغا، خەریکی دڵخۆش کردن و هاندان و هەڵخڕاندنیان بین. ئێستاش کە ڕۆیشتنی ئەم کەمینەیە بەگورجی پێویستە، بەوردی و وریاییەوە دەڕۆم لە هەر قۆناغە ڕێیەکدا سەنگەری پتەو دادەمەزرێنم،[1] کە تایبەت بن بەسەرباز و سوارە و تۆپخانەی دەوڵەت، کە لە هێزی ناوچەکە جیاواز بێت. ئەم بڕگەیەش هەر بۆ بیر هێنانەوەی ئەو خاوەن بەرزییە عەرز دەکەم، کە هاتنی هەمزاغا بۆ سەردەشت، وەک ئەوە وایە بۆ سابڵاخ هاتبێ. ئەو خاوەن گەورەییە، هیچ دوودڵ نەبێ لەوەی کە ئەگەرچی لە خێڵەکەی خۆی، خەڵکی زۆریشی بەدەورەوە نییە، بەڵام بێ شک هەر خێڵی سۆلینی، زیاتر لە هەزار کەسی لەتەکدایە و ئێستاکەش کە هاتۆتە سەردەشت، قسەی تێدا نییە کە هەر دانیشتوانی ئەوێ، خۆیان هاوکاریی و ئەرخایەنیان کردووە. لە کاتێکدا کە شارۆچکەی سەردەشت، لە سابڵاخ کەمتر نییە و هەڵکەوتیشی لێرە (سابڵاخ) قایمتر هەڵکەوتووە... دیسان ئێوە وای دابنێن (کە هەر واشە)، ئێستا هاوڕێ و نزیکان و دەستوپێوەندانی هەمزاغا، بەخەڵکی سەردەشت و دانیشتوانی ئەو ناوچانەوە، لە پێنج هەزار کەمتر نین، بگرە زیاتریش بن... هەرچەندە بەپشتیوانی خوا، وای بۆ دەچم و هیواشم وایە، کە هەر بەم هێزە کەمەوە، ئەم هەمزاغای هۆی خراپەکارییە، لە ناو ببەم و زیانیشمان پێنەگات...*

(١): لە نامەی ژمارە (٢٠)ی پێشوودا میرزا نیزام بەڵێنی ئەوەی دەدا، کە لە هیچ قۆناغە ڕێیەکدا وچانیش ناگرێ! کەچی هەر ئەوەندەی هەواڵی هەمزاغای بیستووە، کە چۆتە سەردەشت، لە هەموو قۆناغە ڕێیەکدا دەوەستێ و سەنگەری قایم دادەمەزرێنێ و وەک دواتریش دەڵێ: داوای هێزی زیاتریش دەکات!!



*بەڵام هەر بۆ دڵنیایی زیاتر عەرز دەکەم، کە ئەگەر بەچاکی بزانن و پێتان باش بێت، فەوجێک سەرباز و دوو عەرادە تۆپ، بەهەرچەند سوارەوە، کە بۆتان هەڵدەسووڕێ، لە هۆردووی ورمێوە بەرەو لاجان و سلدوز -ی بنێرن، کە لەوێ نیشتەجێ و ئامادە و چاوەنواڕی بیستنی هەواڵی ئەم کەمینەیە بن.*

نامەی ژمارە: ٥٦ (چەند بەشێک لە بەڵگەنامەکە)
لاپەڕە: ١٥٣ – ١٦٤
مێژوو: ٢٩ صەفەری ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/١/٢١ز

## بۆ: ناسرەدین شا (بەتەلگراف بۆی نێردراوە)

*بۆ خاکی بەرپێی هومایۆنانەی موبارەک «ڕۆحمان بەقوربانی بێت»*

*دەبێ ئەوە عەرز بکەم، کە ئەگەرچی ڕادەی ئاژاوەکەی عوبەیدوڵڵای نەفرەتیی و لە بەختی شوومی ئەو خەڵکەش، کە بەدڵ و بەنابەدڵ هاوکارییان لەگەڵدا کردووە، وێرانیی و زیانێکی زۆری گیان و سامان لە بەشێکی گرنگی هەرێمی ئازەربایجان کەوتووە. بەڵام ئەم خەڵکەش هەر لە پاداشتی کردەوەی خۆیاندا، ئازار و زیانێکی وایان بەرکەوتووە، کە بیردا نایەت و بەشێکی زۆری ئەم وڵاتە، بەجۆرێک ژێرە و ژوور بووە، دەبێ چەندین ساڵی پێ بچێت، تا ئەم ناوچەیە برێک هێمن و ئاسایی ببێتەوە و شوێنە کاولەکانی ئاوەدان ببنەوە. ... هەرکە گەیشتمە شارۆچکەکە (سابڵاخ)، خەڵکم بەهەمموو لایەکدا ڕەوانە کرد و ئەوانەش کە تا ئەو کاتە دڵنیا نەبوون و نەهاتبوون، وەک: فەیزوڵڵا بەگ، حەسەن ئاغای خوشکەزای قادر ئاغا،[1] برازاکانی ئەحمەد بەگ، محەمەد ساڵح بەگی کوڕی باباخان و محەمەد بەگی ئامۆزای، پیاوماقوولانی باوەڕپێکراوی ورمزیار، وەک: مامەند ئاغا، یوسف ئاغا، حەسەن ئاغا و فلان و فیسار... کە لە (٣٠) کەس زیاتر دەبوون، هەموویانم یەکە یەکە دڵنیا و دڵخۆش کرد و بەرەبەرە هێنایانن؛ جگە لە: خزر ئاغا و ناسراوانی سەردەشت، کە هێشتا بەبیانووی بێ سەروبەرەوە نەهاتوون، لە تایەفەی بەگزادە[*] و سەرانی دێبوکری و ناودارانی تری ناوچەی موکری، هیچ کەس نەماوە، کە نەهاتبێ و گیانفیدا هەموویانم دڵ داونەتەوە و خەڵاتم کردوون.*

(١) مەبەست لە قادر ئاغای دێبوکرییە.
(*) بەگزادە: لە نێوان سەقز و سابڵاخدا نیشتەجێن. زۆربەی ئاغاکانیان خوێندەوار و شاعیرن.

... دوای نیوەڕۆی ١٧ی موحەڕەم، لە لایەن گوڵاوی ئاغاوە هەواڵ گەیشت، کە لە کاتێکدا خۆی و عوسمان ئاغا لە سەردەشتدا بوون، هەمزاغا بەپشتیوانی هەندێک لە خەڵکی سەردەشت، بەشەست - حەفتا کەسێکەوە لە دەستوپێوەند و نزیکانی خۆیەوە، لە مەحاڵی (دارمە)وە، کە دەکەوێتە خاکی سەردەشت و بەقەڵەمڕەوی عوسمانییەوە لکاوە، کتوپڕ چۆتە ناو سەردەشت و گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغاش، کە هێزێکیان لەگەڵدا نەبووە، شارۆچکەی سەردەشتیان بەجێهێشتووە و هاتوونەتە دەرەوە.[١]

گیانفیداش بیرم لێکردەوە: ئەگەر مانەوەی هەمزاغا لە سەردەشتدا، ماوەیەک بخایەنێ، بێ شک سەردەشت و خێڵی (گەورک) و لەوانەیە خێڵەکانی تریشی لەگەڵدا ڕێک بکەون و ئاژاوەیەکی تازە بنێنەوە. لەبەر ئەوە هەر ئەو ساتە، لە لایەکەوە: نامەم بۆ خزمەتی جەنابی بەڕێزی پایەبەرز سوپاسالاری مەزن نارد و هەر بۆ دڵنیابوونیش سوارە و سوپا و چەکی پێویستیشم لەو پایەبەرزە خواست و لە لایەکی تریشەوە: بەهەموو پیاوماقووڵانی ناوچەکەم ڕاگەیاند، تا هەموویان هێزی خۆیان بەسوارە و پیادەوە ئامادە بکەن و خۆ بەگیانفیدا بگەیەنن... هەر هەمان ڕۆژیش سەرانی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەش و (یونس خانی بانە)ییم ئاگادار کرد، تا لە دوولاوە بەهێزەکانی خۆیانەوە ڕێی دەربازبوونی هەمزاغا ببەستن.

***

(لێرە بەدواوە ئەمیرنیزام باسی خۆ ئامادەکردنی خۆی بۆ بەرەو سەردەشت دەکات، کە بەهێزێکی گەورەی دوو هەزار سەربازی هەڵبژاردەوە، کە (٥٠٠) پێنج سەد چەکداری قادر ئاغای دێبوکری - شیان لەگەڵدا بووە و لە ڕۆژێکی بەفر و سەرمای زۆر سارد و سەختدا، تەیار و ساز، بەنیازی سەردەشت بەڕێکەوتوون و سەرەتا لە گوندی (بەیرەم)ەوە چوونەتە گوندی (باخچە) و دوای ئەوەی دوو ڕۆژ لەوێ ماونەتەوە و چەکدارێکی زۆرتریشیان پێ زیاد بووە:) ... لە ٢٣ی موحەڕەمدا، کە ئامادەی سەفەر بووم و شەیپووری بەڕێکەوتنیان لێدابوو، تا لە گوندی (باخچە)وە بەرەو گوندی (سویناس) بڕۆین، لە گوندەکانی گەورک، کە ماڵی عوسمان ئاغا خۆی لەوێیە، لە (گوڵاوی ئاغا)وە هەواڵ گەیشت: کە هەمزاغا بەبیستنی هەواڵی بەڕێکەوتنی گیانفیدا، لە سەردەشت هەڵاتووە... گوڵاوی ئاغا نووسیبووشی پەلەی بەڕێکەوتن نەبێ، تا خۆی و عوسمان ئاغای گەورک لە لایەن نوێنەرایەتی خەڵکی سەردەشتەوە بێن...

(١) واتە: هەموو جارێک کە هەمزاغا سەردەشت داگیر دەکات، گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغا و نمونەکانی وەک ئەوان، لە ترساندا هەڵدێن: کە دیارە هەمزاغا بۆ گرتن و تۆقاندنی ئەو جۆرە کەسانە، سەردەشت داگیر دەکات.



بەم بۆنەیەوە ڕۆیشتنم پەکخست و ڕۆژی دواتر، گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغا هاتن و دەرکەوت کە خدر ئاغای گەورک و پیاوماقووڵانی سەردەشت، وایان لێکداوەتەوە، کە ئەم گیانفیدایە چوونی لە ناکاوی هەمزاغای بۆ سەردەشت، بەهۆی کەمتەرخەمیی ئەوانەوە زانیوە و ئەم چوونەی منیش بۆ سزادان و تەمێکردنی ئەوان دەبێ. بۆیە شپرزە و پەشۆکاون و عوسمان ئاغایان لەگەڵ گوڵاوی ئاغادا بۆ پاڕانەوە و تکا ناردووە؛ تا گیانفیدا پەکی چوونم بەرەو سەردەشت بخەم... هەروەها نامەی پاڕانەوەیان نووسیوە و ملکەچیی و پابەندیشیان ناردووە، کە ئەگەر لەمەودوا بهێڵن هەمزاغا بچێتە ناو خاکی سەردەشتەوە، یان لەو سنوورانە تێپەڕ بێت، باسی سەری هەموویان بێت و (١٠,٠٠٠) دە هەزار تمەنیش جەریمە بدەن و سەرباری وەک ئەوەش (خۆیان ناویان لێناوە) (٥٠٠) تمەنیشیان بۆ پێشکەشیی گیانفیدا لەبەرچاو گرتبوو... ئەم بەندەیەش کە سەیرم کرد:

یەکەم: مەبەستی سەرەکی، کە لە بنچینەدا بۆی جووڵابووم، ڕاونانی هەمزاغا و پێچۆڵکردنی سەردەشت بوو... ئەمەش بەکردەوە هاتە دی.

دووەم: دروستکردنی هەڵوێستی پێچەوانە و دژ بەیەکی ئاشکرای نێوان خێڵی گەورک و خەڵکی سەردەشت بوو، بەرامبەر بەهەمزاغا و جگە لەمەش بۆ هەموو لا یەک دەرکەوت، کە لە هەر لا یەکەوە، هەر جووڵانەوەیەک، یان سەربزێوییەک سەر هەڵبدات، گیانفیدا بەلەشکری ساز و تەیاری دەوڵەت و پشتیوانیی هۆردووی بەهێزی ورمێ و جێگەی ترەوە، ئامادەی تەمێکردنی هەر سەرپێچییەکە.

لەبەر ئەمانە و لەبەر ئەوەش کە پێشتر سوپاسالاری مەزن لە لایەن گیانفیداوە ئاگادار کراوەتەوە، بەپەلە پەکی سەفەرم خست و پێشەکیدا بەچاک زانرا دڵنەوایی و میهرەبانیی بەرامبەر عوسمان ئاغا بکەم.

(لێرەدا ئەمیر نیزام بەرنامەی سوپاسالاری سەبارەت بەکوشتنی هەمزاغا پێدەگات... خۆیشی هەمان ئەرک بە(میرزا قاسمی قازی و قادر ئاغای دێبوکری دەسپێرێ)

... هەمزاغا دوای هەڵاتنی لە سەردەشت و هەواڵ زانینی دژایەتی عوسمان ئاغا و خزر ئاغا و پیاوماقووڵانی سەردەشت بەرامبەری و بەڵێنیان بۆ گرتن، یان کوشتنی، چۆتە شوێنێک بەناوی (سوێسنە)، کە دارستان و کوێستانێکی سەختە و ئەشکەوت و ڕەهۆڵی زۆر تێدایە...

سوێسنە لەسەر سنووری دەوڵەتی پایە بڵنددایە و بەمحاڵی (پژدەر) و خاکی عوسمانییەوە لکاوە... هەمزاغا، ئێستاکە خۆی و چوار برا و عەزیزی فەتاح و براکەی و ئەمین ئاغای کوڕی قادر ئاغا و فەتحووڵا خانی کوڕی موزەفەرلدەولە و شەست - حەفتا

کەسی تری لەتەکدایە و لەوێ نیشتەجێن و خێڵ و تایەفە و ماڵ و منداڵی هەمزاغا و باپیر ئاغای کوڕی لە (سەیید ئەحمەدان)دان، کە سەر بە(پژدەر) و خاکی عوسمانییە... ئەو جۆرەی بۆمان دەرکەوتووە و ئەرخایەن بووین، قایمقامی (رانیە)، کە بەشێکە لە سنجاقی (کۆیە)، بەرامبەر خێڵ و تایەفە و ماڵ و خێزانی هەمزاغا، پشتیوانیی پێویستی کردووە و بەتایبەتیش باپیر ئاغای کوڕی هەمزاغای خەڵات کردووە... بۆ ئاگاداریی جەنابیشتان ڕادەگەیەنم، بۆ لە ڕەگوڕیشە دەرکێشانی ئەم ماکی خراپەکارییە (هەمزاغا)، لە لایەکەوە کارێکم کردووە:

قادر ئاغا و میرزا ئەبولقاسمی قازی، کە پێشنیەی دۆستایەتییان پێکەوە هەیە، کارێکی وا بکەن نامە و ڕاسپێرییان لەگەڵیدا بێ و ئەگەر بەقسەی ئەم دوو کەسە ئەرخایەن بکرێ، ئەوسا بیاننێرم لە شوێنێکدا بیبینن و بەهەر جۆرێک بێت، بەڵکو بەبڕیار و بەڵێنی گیانفیدا، دڵنیای بکەن و بیهێنن... لە لایەکی تریشەوە سەرقاڵی ئەو فرمانەم کە لە جەنابی سوپاسالاری مەزنەوە گەیشتووە...[1]

بەم جۆرە بەهاوکاری سەلیم خانی چوار دۆڵی، زەمینە و هۆیەک بۆ یەککەوتنی محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک ساز بکەین، بۆ ئەوەی ئەم دوو کەسە، دەست بدەنە دەستی یەکتر و لە هەر ڕێگە و بەهەر جۆرێک بۆیان بکرێ، پێکەوە: یان بیکوژن، یان بەزیندوویی بیگرن... هیوای زۆرم هەیە کە لە ناوچاو و بەختی خاوەن شکۆوە، یەکێک لەم دوو تەگبیرە سەر بگرێ.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٩
لاپەڕە: ١٧٣
مێژوو: ٢٢ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٢/٢٢ز

بۆ: ناسرەدین شا

بۆ خاکی بەرپێی پیرۆزی هومایۆنانە (ڕۆحمان بەقوربانی بێت).

لەبەرئەوەی هەموو ماوە و کاتی گیانفیدا، بەدڵدانەوە و ئەرخایەنکردنی سەرلەبەری خەڵکی ئەم هەرێمە و گەڕاندنەوەی ترساوەکان ڕادەبرێ؛ ماوەیەک لەمەوبەر فەرۆخ خانی

(١) واتە: بەفێڵ کوشتنی هەمزاغا.



سەرهەنگ، کوڕی خوالێخۆشبوو: موزەفەر سەڵتەنە-م بەتایبەتی ڕاسپارد و لێم ویستبوو تا هەرچۆنێک بێت (فەتحوڵڵاخان)ی برای دڵخۆش بکات و بیگەڕێنێتەوە و لە هەمزاغای جوێ بکاتەوە...

ناوبراو لەم بارەیەوە تەقەللای زۆری کرد و پەیتا پەیتا نامەی نووسی و خەڵکی نارد... تا لە دواییدا داوای کردبوو گیانفیدا نامەی دڵنیاکردنی بەنان و نمەکی خاوەن شکۆی شاهەنشاییەوە، بەختی خۆمی بۆ بنووسم... گیانفیداش بەئومێدی لێبردوویی و دڵنەوایی شاهانەوە، نامەیەکی کورتم بۆ فەتحوڵڵاخان نووسی... ناوبراویش دڵنیا بووەوە و گەڕاوەتەوە و ئێستا لای گیانفیدایە... گەڕانەوەی ئەویش هۆیەکی گەورەی لاواز بوونی زۆری هەمزاغایە.

تکا دەکەم لە وەڵامی ئەم نامەی ملکەچی و نۆکەرانەیەدا، سەبارەت بەفەرۆخ خان، کە ئەم خزمەتەی ئەنجام داوە، لاکردنەوەی تایبەتیتان بۆی هەبێ... وەک سەرخستنی پلەی، یان بەخشینی نیشانەی سەرهەنگیی و بۆ لێخۆشبوونیش لە فەتحوڵڵاخان، دەستخەتی پیرۆزتان، نامە ڕەوانە بفەرموون.

سەرجەمی هەواڵەکانیش لە نامەکانی داهاتوودا بەخزمەتی ڕووناکی هۆمایۆنانەتان دەگات.

نۆکەری گیانفیدا:
حەسەن عەلی

نامەی ژمارە: ٦٠ (چەند بەشێکی)
لاپەڕە: ١٧٤-١٨٣
مێژوو: ٢٥ ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٢/٢٥ز

بۆ: ناسرەدین شا

بۆ خاکی بەرپێی پیرۆزی هومایۆنانە (ڕۆحمان بەقوربانی بێت).

«سەرنج: حەسەن عەلی خان لە سەرەتای ئەم نامەیەدا (کە وەڵامە بۆ نامەیەکی پێشووتری ناسرەدین شا) بەدوور و درێژی و سوپاس و ستایش و دەبدەبەیەکی زۆرەوە باسی گەیشتنی نامەکەی ناسرەدین شا دەکات و دەڵێ پلەوپایەی نامەکە، شایانی ئەوە بووە تاکە تاکەی خەڵک، نموونەی لەبەر بنووسنەوە و وەک موفەڕکێک لای خۆیان

*بیپارێزن... بۆ ئەوەش نۆکەرایەتی خۆی لای ناسرەدین شا، زۆرتر دەربخات، باسی ئەوە دەکات کە نامەکەی ناسرەدین شا، شایانی ئەوە بوو سەرلەبەری سابڵاخ، بەجووتیاران و کاسبکاران و پیشەوەران و فەرمانبەران و کاربەدەستان و سەرباز و لەشکری دەوڵەتیشەوە، بۆ جێگەیەکی بەرینی شار بانگهێشتن بکرێن و هاتنی نامەی (شا) وەک بۆنەی جەژنێک ڕابگەیەنرێ و نامەکەش بسپێردرێتە میرزا ئەبولقاسمی قازی، تا بەدەنگی بەرز بۆیان بخوێندرێتەوە...»*

***

*... پوختەی (ڕوو ڕەشییانە)ی دانیشتوانی موکریان، بەو جۆرەی لە بەرامبەر بەڵێنێکدا، کە لە هۆردووگای سەرەکی، لە پیاوماقووڵانی ئەم هەرێمە وەرگیراوە و بریتییە لە (ڕوو ڕەشییانە) و برگەیەکیشی بەو جۆرەیە کە لە بەرامبەر ئەو بەڵێنەدا، مەرجی ئەوە کراوە، بڕی (٤٠) هەزار تمەن، بەناوی (ڕوو ڕەشییانە)وە بۆ بەرپێی پیرۆز پێشکەش بکەین و داواکردنی ئەم پێشکەشییەش جارێ ڕابگیرێ، تا بەڵکو بەپشتیوانی خوای گەورە و بەختی بەهێزی شاهەنشا، ئەو هەمزاغا ناڕەسەن و شەڕانی و ئاژاوەگێڕە؛ کە ماکی فیتنەیی و ئاژاوەنانەوە بووە، لە هەڵکەوتێکدا، کە دێتە سابڵاخ، بەمردوویی بێت، یان بەزیندوویی، بیگرین و بەدەست دەوڵەتەوەی بدەین و خۆشمان لەو (ڕوو ڕەشییانە) ببەخشرێین و دەوڵەتیش لە بەرامبەر ئەم خزمەتەدا، کە گرتن، یان کوشتنی هەمزاغایە، چاوپۆشیمان لێ بکات... بەگوێرەی ئەم مەرج و بەڵێنانە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، هێشتا ئەم پارەی (ڕوو ڕەشییانە)یە، لەم خەڵکە وەرنەگیراوە.*

*لەبارەی هەمزاغاشەوە، بەو جۆرە لە نامەکانی پێشوودا کراوە؛ گیانفیدا لە دوو لاوە و بەدوو هۆوە بەوریایی تەواوەوە خەریکی بەئەنجام گەیاندنی ئەو خزمەتەم و پشتگوێم نەخستووە. دیارە ناوەڕۆکی بەڵێننامەی محەمەد ئاغای مامەش لەو بارەیەوە و نامەی خودی هەمزاغاش، کە لە وەڵامی (قادر ئاغا)دا نووسیویە و گیانفیدا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەتەلگراف بۆ سوپاسالاری مەزنم ناردبوو، بەرچاوی هومائاساتان کەوتووە.*

*هەروەها لە دەستخەتی پیرۆزدا بەهۆی تەلگرافەوە، واتان نووسیبوو، کە چوونی گیانفیدا بۆ (سەردەشت) باشتر دەبوو. لەبەر ئەوەی بەیەکجاریی لە کاری ئەوێ ئاسوودە و دڵنیا دەبووین... ئامانج و بیری گیانفیداش هەر لە سەرەتای ڕێکەوتنندا، هەر ئەوە بوو و هەر واشم بۆ جەنابی سوپاسالاری مەزن نووسیبوو. بەڵام هەر لەو ڕۆژانەدا برێک نامەی ئەو بەڕێزی بڵند پایەیە، بەدەست ئەم نۆکەرە گەیشتن و بەئاشکرا ڕایگەیاندبوو، کە بیروڕای پیرۆزی لەم هەلومەرجەدا، لەگەڵ خەڵک، جووڵانەوەی بەنەرمیی و دڵنەواییە...*



*تەنانەت ئەگەر هەمزاغاش بێت، دەبێت دڵنیا و دڵخۆش بکرێت...*

*بەم بۆنەیەوە ئەو کاتەی گیانفیدا، نیازی ڕۆیشتنی بەرەو سەردەشت هەبوو، عوسمان ئاغا و گوڵاوی ئاغای خوالێخۆشبوو، بەو نامە و بڕیار و بەڵێنانەی خەڵکی سەردەشتەوە هاتن و دەرکەوت، کە لە چوونی گیانفیدا و هۆردووی دەوڵەت، ترس و پەژارەی تەواویان هەیە... بۆیە گیانفیداش ڕۆیشتنی بەرەو سەردەشت، لە ڕەزامەندیی بیری پیرۆز و هەڵکەوتنی کات و سات، بەنزیکتر زانی و گەڕایەوە.*

نامەی ژمارە: ٦٢ (چەند بەشێکی)

لاپەڕە: ١٨٦ - ١٨٩

مێژوو: **٣**ی ڕەبیعی دووەم **١٢٩٨** کۆچی

**١٨٨١/٣/٤**ز

### بۆ: ناسرەدین شا

*بۆ خاکی بەرپێی پیرۆزی هومایۆنی (ڕۆحمان بەقوربانی بێت).*

*هیوادارم هەر (٣) تەلگرافنامەکەی گیانفیدا، کە بریتی بوون لە: ڕوونووسی نامەیەکی محەمەد ئاغای مامەش، لە بەرامبەر ئەو ئەرکەی بەڵێنی داوە و*[1] *ڕوونووسی نامەیەکی هەمزاغا، لە وەڵامی قادر ئاغا و ڕاپۆرتی تێروتەسەلی خۆم، دوای زیارەتی نامەی پیرۆزتان، بەرچاوی ڕووناکی هومائاساتان کەوتبێ.*

*ئەمڕۆش، کە سەرەتای مانگی (ڕەبیعی دووەمە)، ئەم تەلگرافنامەیە دەنێرم، چونکە گیانفیدا هەمیشە لە ڕێگەی هەمەجۆرەوە تەقەللای چنگخستنی دەنگوباس دەکات... چەند ڕۆژێک لەمەوبەر نامەی تایبەتیم بۆ محەمەد ئاغای مامەش نووسیبوو، تا هەواڵ و کاروباری شێخ عوبەیدوڵڵا و زانیاریی بەدەست بهێنێ و هەواڵ بنێرێ. هەر ئەمڕۆ هەندێ نامە لە ناوبراوەوە گەیشتن، کە ئەمە ڕوونووسی یەکێکیانە.*[2]

ئەمەش کۆتایی نامەکەی (محەمەد ئاغای مامەش)ە:

*دوێنێش کە دوایین ڕۆژی (ڕەبیعی یەکەم) بوو، ئەم هەواڵە ڕاست و دروستە، کە دەماودەم هاتووە، بەگیانفیدا گەیشتووە و لەبەر ئەوەی لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازنامە*

(١) واتە: بەڵێنی کوشتنی هەمزاغا.

(٢) دەقی نامەکە نییە. وادیارە لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆ ناسرەدین شای ناردووە.

*تازەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی بابیعالیدا، هیچ گومانێک نەماوە، بۆیە ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتان بەپێویست زانرا. هەروەها پرکێشیی ئەوە دەکات کە لەم ماوەیەدا هیچ جۆرە زانیارییەک سەبارەت بەکاربەدەستانی پایەبەرز و نیازی ڕاستەقینەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بەکردەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بەم گیانفیدایە نەدراوە و هیچ نازانێ، کە ئاکامی وتووێژی بەڕێز وەزارەتی کاروباری دەرەوە و باڵوێزانی کارپێدراوی دەوڵەتی پایەبەرز، لەگەڵ بابیعالی و دەوڵەتانی تر لەم بارەیەوە، بووە بەچی و بناغەی کردەوەی دەوڵەتی عوسمانی و بیروڕای دەوڵەتانی تر لەم کێشەیەدا چییە!؟ چونکە ئاگاداربوونی گیانفیدا لە هەر ڕوویەکەوە و بەتایبەتیش لە ڕووی ئەو ڕاسپێرییانەی لەم سنوورانەدا هەیەتی، پێویستی پێیەتی و داوا دەکات فرمان و بڕیار بدرێ، تا بەڕێز وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەم ڕووەوە ئاگاداری پێویست بەگیانفیدا بدات. بۆ ئەوەی بەگوێرەی زانیاری و ئاگاداریی لە سیاسەتی دەوڵەتی پایەبەرز و هەڵوێستی بابیعالی، ئەرکی خزمەتگوزاریی و ڕاسپێریی خۆی باشتر تێبگات... ئێستاش*

(١) مەبەست لە (ئەحمەد بەگی کۆڵۆنیل)ە، کە یاوەری جەنگیی سوڵتان عەبدولحەمیدە و بۆ سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵا چووە.

سەرنج: ئەمیرنیزام لە دوای ئەم نامەیەوە، لە نامەی ژمارە (٦٣ و ٦٤)دا، دەنگوباسی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و نموونەی ئەو چەند بانگەواز نامەیەی ناوبراو، بۆ ناسرەدین شا دەنێرێ، کە لە لایەن ئیبراهیم ئاغای برای گوڵاوی ئاغا و محەمەد ئاغای مامەشەوە پێی گەیشتوون. لە دووتوێی دەنگوباسەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا)دا، ئەوە باسکراوە کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پشتیوانیی زۆری لێکراوە و لە هەولێر و ڕەواندز و کۆیە و پژدەر و... کۆبوونەوەی زۆری بەسەران و نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستان کردووە...(*) ئیتر ئەمیرنیزام دیسانەوە پەکخستنی سەفەر و چوونی خۆی بۆ سەردەشت و هێرش نەبردنی بۆ سەر هەمزاغا، دەکاتە سۆنگە و بیانووی ئەوەی؛ کە ئەگەر لەم کاتانەدا ڕوو لە سەردەشت بکات، ڕەنگە دانیشتوانی سەردەشت و دەوروبەری، پشت بەو لا لێکردنەوانەی دەوڵەتی عوسمانی ببەستن و بوروژێن و هەڵبێن و پێوەندی بەشێخ عوبەیدوڵڵاوە بکەن(**) (نامەی ژمارە ٦٤–ل١٩٨).

(*) بانگەواز نامەکانی ئەم بوارەی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)، نموونەی ئەو دوو نامەیەشیان تێدایە، کە یەکێکیان بۆ (محەمەد ئاغای ئاکۆ) و ئەویتریان بۆ (مامەند ئاغا)یە و تیایاندا ئاگادار کراون، کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی ترەوە پشتیوانیی لە کێشەی کورد کراوە و (شێخ) بەهیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کاروبارەکان بەگوێرەی خواستی کورد بێت. (نموونەی نامەکان لە لاپەڕە ١٩١ – ١٩٢ و ١٩٤ – ١٩٥ی کتێبی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاری – نووسەری ئەم چەند دێرەدایە و بەدرێژیی باسیان لێکراوە).

(**) لەو کارانەدا کە (ئەمیر نیزام) بۆ خستنە داوی هەمزاغا دەیکرد، پشتی بەچەند چاوساغێکی ناوچەی موکریان و شنۆ و سەردەشت دەبەست، کە بەرچاوەکانیان بریتی بوون لە: محەمەد ئاغای مامەش، میرزا قاسمی قازی، گوڵاوی ئاغا و... بەڵام لە بەشێکی نامەی ژمارە (٧٣)دا، کە لە (١٤ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی – ١٨٨١/٢/١٤ز)دا بۆ سوپا سالاری ئێرانی نووسیوە، هەواڵی مەرگی (گوڵاوی ئاغا)ی بەمجۆرە بۆ سوپا=



*بەهاتنی ئەم ئەفسەرە جەنگییە*(١) *و دیداری لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و هێنانی خەڵاتی قایمقام بۆ برا و کوڕی هەمزاغا و ڕێ پێدان و پشتیوانیی لە ئێلی مەنگوڕ، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە و ئەوەی تا ئێستا بۆ ئاژاوەی (عوبەیدوڵڵا)، کارێکی وا نەکراوە؛ وا دەردەکەوێ ئەم دەوڵەتە سەبارەت بەم کێشەیە، چاوپۆشیی بکات.*

***

(دیسان بەشێک لە نامەی ژمارە (٦٢)، کە هەر بۆ: ناسرەدین شا – نێردراوە بۆ: خاکی بەرپێی پیرۆزی هومایۆنی *(ڕۆحمان بەقوربانی بێت)*.

*ئاواتەخوازم هەر (٣) تەلگرافنامەکەی گیانفیدا بەخزمەت چاوی ڕووناکی هومایۆنانەتان گەیشتبێ، کە بریتی بوون لە: نامەی محەمەد ئاغای مامەش لە بەرامبەر ئەو بەڵێنەی لە ئەستۆی گرتووە و نامەی هەمزاغا، کە وەڵامی قادر ئاغای داوەتەوە و ئەو ڕاپۆرتەش کە دوای زیارەتی نامەی موبارەکتان بۆ خزمەتتانم ناردبوو.*

*... دەربارەی هەمزاغاش، دوو ڕۆژ لەمەوبەر عوسمان ئاغا لە دووتوێی نامەیەکی خۆیدا، کورتەیەکی ئاوای نووسیبوو:*

*«ئەگەر هەواڵی هەمزاغاش دەپرسن، داوروباری نازانرێ، چونکە لە هەموو جێگەیەکدایە. هەژار کەوتووە و جارێ لە (یونسییە)یە و جار جارەش لە نێوان چیا و جێگەی سەختدایە. هەندێ جاریش لە (پژدەر)ە. داوروباری ژێرە و ژوور بووە و کەسی بەدەورەوە نەماوە و تەنیا ماوەتەوە، هەر بەرگەی ئەو دەردوبەڵایانە دەگرێ، کە بەردەوام بەسەری دێن».*

*ئەگەرچی داوروباری ئەم ڕۆژانەی هەمزاغا، لە ڕاستیدا بەو جۆرەیە کە عوسمان ئاغا نووسیویەتی؛ بەڵام گیانفیدا شتێک دەزانێ و لێی غافڵ نییە؛ ئەویش ئەوەیە: چونکە هەمزاغا کەسێکی ئازا و دەست لە گیان بەرداوە، هەر ئەوەندەی بەفر بتوێتەوە و ڕێگەوبان بکرێنەوە، ئیتر ئەگەر هەر خۆیشی بەتەنیا مابێتەوە، وەک دز لەم کون و لەو کونەوە سەر دەردێنێ و خۆی نیشان دەدات... ئێستاش سەرەڕای ئەوەی ئێل و هۆزەکەی، کە لە بەرامبەریدا ئەوپەڕی ملکەچییان هەیە و هێشتاش چەند کەسێکی ئەم خەڵکەی لەگەڵدایە و بەم درێژەپێدان و کارە گومانناکانەش، کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەبینرێن و*

= سالار نووسیوە: (گوڵاوی ئاغا، کە بۆ کۆکردنەوەی ئەو بڕی (٥٠٠) تمەنەی بڕیار بوو خەڵکی سەردەشت بەدەوڵەتی بدەن و بۆ هەندێ کاروباری تری پێویست بۆ سەردەشت چوو بوو، هەر لەوێ بەنەخۆشیی کۆچی دوایی کردووە... لە ڕاستیدا گوڵاوی ئاغا لە پێناوی خزمەتگوزارییدا گیانی داوە... تکایە فرمانی هومایۆنی، لەمەڕ خزمەتەکانی گوڵاوی ئاغا و بڕینەوەی مووچەکەی، بۆ قاسم ئاغای کوڕی دەربکرێت...) – ل٢٢١

رەنگە ژێر بەژێریش لای ئەوانەوە ئەرخایەن کرا بێ، ئەوا بێ سێ و دوو سەرچڵییەکەی زیاتر دەبێ و هەر ناو بەناوێک، شتێک دەکات خۆی تێدا بنوێنێ.

مەبەستیش لەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە گیانفیدا سەرەڕای ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەلاوازبوونی ئەم ڕۆژانەی هەمزاغا دەیزانم، بەڵام دیسانیش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو سەرنجانەی کە عەرز کران، دەبێ لە هەڵسوکەوتی غافڵ نەبین و لێی ئەرخایەن نەبین.

نامەی ژمارە: ٧٤
لاپەڕە: ٢٢٢
مێژوو: ١٤ ڕەبیعولئەوەلی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٢/١٤ز

**بۆ: سوپاسالار - میرزا حسین خان**

تاران. بۆ خزمەتی پایەبەرزی خاوەن شکۆ و جوامێر و بەخشندە: سوپاسالاری مەزن - سێبەری هەر لەسەرمان بێت.

دوو ڕۆژ لەمەوبەر (سەلیم خانی چواردۆڵی)م نارده خزمەت محەممەد ئاغای مامەش، تا ڕاسپێرییەکانی پایەبەرز بگەیەنێت و لەبارەی مەبەستی بڕیار دراوەوە لەگەڵیدا بدوێ و بەڵێنی هاوکاری لەگەڵ عوسمان ئاغادا لەو بارەیەوە وەربگرێ.

لە لایەکی دیکەوە وەک لە دووتوێی نامەکانی پێشوودا عەرزم کردوون، دنەی قادر ئاغا و میرزا ئەبولقاسمی قازی دراوە بۆ نامەنووسین بۆ هەمزاغا و قاسیدێکیان ناردبوو. هەر ئەوەی هەمزاغا لە وەڵامدا نووسیویە، ئەمەیە: (...).(١)

تا دوو ڕۆژی تر حەسەن ئاغای خوشکەزای قادر ئاغا، لەتەک میرزا ئەبولقاسمی قازی دەنێرمە سەردەشت، بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا بەڵێنی چاوپێکەوتنێک؛ بۆ دڵنیاکردنەوە و دڵدانەوەی (هەمزاغا) بدەن.

ئاکامی ئەم چاوپێکەوتنە هەرچییەک بێت، خێرا عەرزتانی دەکەم... لە لایەکی تریشەوە بەهاوکاری (بایەزید ئاغا) تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکیم لە نێوان (کاکەڵڵا) و (هەمزاغا)ی برایدا چاندووە... کاکەڵڵا شەرحێکی لەبارەی دژایەتی ڕاستەوخۆی خۆی و هەمزاغاوە نووسیوە و داوای کردووە بۆ ئەوەی ئێلی مەنگوڕ لەگەڵ هەمزاغادا ناکۆکی و

(١) جێی نامەکەی هەمزاغا چۆڵە. دیارە دەقەکەی بۆ سوپاسالار ناردووە.



دوژمنایەتییان بکەوێتە نێوانەوە، با ڕێگەیان پێبدرێت بۆ جێنشینگەی تایبەتی خۆیان بگێردرێنەوە.

بەڵام ئەم بڕگەیە جێی لەنگەرگرتنە؛ چونکە پایەبڵند لە نامەکەی خۆیاندا بۆ محەممەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغایان نووسیوە و بەئاشکرا بڕیاری داوە، کە جارێکی دیکە دەرفەت و مۆڵەتی گەڕانەوەی ئێلی مەنگوڕ، بۆ جێگەی خۆیان نادرێتەوە.

تکاکارم لەم بارەیەوە فرمانی ئاشکرا و بیروڕای خۆتانم پێ بفەرموون و ئەرکەکە دیاری بکرێ.

نامەی ژمارە: ٧٥
لاپەڕە: ٢٢٤
مێژوو: ١٤ی ڕەبیعولئەوەلی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٢/١٤ز

**بۆ: میرزا حسین خان - سوپاسالار**

تاران: بۆ خزمەتی پایەبەرز و هێژا: سوپاسالاری مەزن

دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە دووتوێی تەلگرافنامەیەکدا، عەرزم کرد کە سەلیم خانی سەرتیپ گەیشت و بۆ یەکخستن و یەکدڵکردنی محەممەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک، بەڕاسپێریی پێویستەوە ناردمە لای محەممەد ئاغای مامەش. ئێستا، کە دوو سەعاتێک لە شەوی چوارشەممەی ١٦ ڕەبیعولئەوەل لایداوە، سەلیم خانی سەرتیپ گەڕاوەتەوە و دیارە توانیویە ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو، بەوپەڕی لێهاتووییەوە بەئەنجامی بگەیەنێت و ئەو جۆرەی پێویست بووە، لەگەڵ محەممەد ئاغادا قسەی کردووە و وەڵامی دڵخوازی وەرگرتووە، کە یەکێکیان وەڵامی نامەکەی پایەبەرزە و ئەویتریان باسێکە لە وەڵامی ئەم بەندەیەدا نووسیوێتی. ناوەڕۆکی ئەو نامەیەش کە بۆ پایەبەرزی نووسیوە، هەروەک ئەمەیە و هاوپێچ لەگەڵ نامەکانی خۆمدا، بۆ خزمەتتانی دەنێرم.

ئەمەش ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی محەممەد ئاغایە، کە بۆ منی نووسیوە و ئەم تەگبیرەی یەکگرتنی محەممەد ئاغا و عوسمان ئاغاش، بۆ لەناوبردنی هەمزاغا، لە تەگبیرە هەرە گونجاوەکانی پایەبەرزە و لە هەموو تەگبیرێک باشترە. دیسان هەر لەم بوارەدا ئەوەشتان عەرز دەکات، کە ئەگەرچی لە لایەکی تریشەوە و بەگوێرەی ئەو فرمان و جەختکردنەوانەی کە سەبارەت بەزەمینە دروستکردن بۆ دڵنیایی و دڵڕاکێشانی هەمزاغا کراوە، وەک لە

ناوەڕۆکی ئەو تەلگرافنامەیەدا، کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر عەرز کراوە، قادر ئاغا و میرزا ئەبولقاسمی قازی -م دنە داوە بۆ نامەگۆڕینەوە و پرد دروست کردن لەگەڵ هەمزاغادا و لای ئەویشەوە (هەمزاغا) وەڵامێک گەیشتبوو، کە هەروەک خۆی بەتەلگراف ناردمە خزمەتتان... بەڵام ئەم کەمینەیە پێی وایە ڕەنگە پێداگریی زۆر، لەسەر دەستەبەرکردنی هەمزاغا، ببێتە هۆی شێواندن و لەباربردنی تەقەڵلا و بەڵێنەکانی محەمەد ئاغا و عوسمان ئاغا. بۆیە چاکتر وایە پەلە لە نامەگۆڕینەوە و هاموشۆی هەمزاغادا نەکرێ و کەمێک پشوو درێژ بین و پەلە لە یەکتر دیتن و دیداری هەمزاغا و حەسەن ئاغا و میرزا ئەبولقاسم نەکەین و خەڵکی ڕەشۆکیی واتەنی: بەئەمڕۆ و سبەینێ؛ خەوی کەروێشکانەی لێ بخەین. فرمانیش هەر بۆ پایەبەرزە.

لە کۆتایی ئەم نامەیەدا ئەوەش عەرز دەکەم: خوا هەڵناگرێ سەلیم خان لە یەکخستنی محەمەد ئاغا و عوسمان ئاغادا زەمینەی باش و لەباری ڕەخساند و منیش بەڵێنی ئەوەم داوەتێ، کە ئەگەر خوا بکات کارەکە سەربگرێ،[1] ئەوا پلەوپایەی بەرزتر بکرێتەوە و چاوی بەزەییتان پیایدا بێتەوە.

نامەی ژمارە: ٨٠ (بەشێک لە نامەکە)

لاپەڕە: ٢٢٣

مێژوو: ٨ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٣/٩ز

### بۆ: پایەبەرز ئەمینولمولک - میرزا عەلی خان - دواتر: ئەمینولدەولە

«... لە سێی ئەم مانگەدا بانگەوازنامەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا)م بەتەلگراف عەرزکردن و دەقی بانگەوازێکیشم بەپۆستدا بۆ ناردن. ئێستاش کە پەیتا پەیتا هەواڵ دێت، گوایە شێخی مەلعوون، خەریکی خۆسازدانە بەرەو ڕەواندز. لەم خۆسازکردنەش مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ ئەو خێڵانەی لە دەرەوە و ناوەوە پێوەندی بووە، ئێستا هەموویان لە گەرمیان و لە خاکی عوسمانیدان، دەست بدەنە دەستی یەک و دیسانەوە ببنە مایەی کارەساتێک... بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە لەم ماوەیەدا هەواڵی بۆ هەندێ لە لایەنگرانی خۆی لە (سڵدوز) ناردووە، تا خۆیان لە (قەرەپەپاغ) دوور بخەنەوە، چونکە شێخ نیازی شۆڕشی هەیە و بۆ ئەمەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕێگەی پێدراوە».

(١) واتە: کاری کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا.



ئەگەرچی ئەم هەواڵە هەر دەماودەمە، بەڵام پێویستە هەرچی ببیستین، ڕایبگەیەنم. هەر هەمان ڕۆژیش پوختەی ئەم هەواڵەم بە(نەصرولمولک) داوە و لە لایەکی تریشەوە لە بیوک خانی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەش -یشم گێڕاوەتەوە، تا لای خۆیانەوە بۆ چنگخستنی هەواڵی ڕاستەقینە، جاسووسی تایبەتی بەملاولادا بنێرن.

بەبڕوای ئەم کەمینەیە پێکهێنانی هێزێک، کە هیچ نەبێ بریتی بێت لە دوو فەوج سەرباز و چوار عەڕادە تۆپ، بۆ (لاجان) پێویستە بیروڕای هومایۆنانەی خۆشتان چۆنتان پێ باش بێت، هەر ئەوە باشە.[1]

نامەی ژمارە: ٨٩ (بەشێک لە نامەکە)

لاپەڕە: ٢٥٣

مێژوو: ١٨ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٣/١٩ز

### بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام

... چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەشێوەیەکی ڕەسمیی ڕاگەیاندرا، کە بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی، سەرانی (زەرزا)یان گرتوون و ئەم کەمینەیەش خەڵکی تایبەتیم ڕاسپاردووە و نامەشم بۆ محەمەد ئاغای مامەش نووسیوە، تا سەبارەت بەم هەواڵە، دەنگوباسی ڕاستم بۆ بنووسێت. ئەویش لەم بارەیەوە ئاوای بۆم نووسیوە:

«نامەی پایەبەرزتانم پێگەیشت، ئەگەرچی هەر هەواڵێک بووبێت، لە نامەی سێ شەممەدا بۆ جەنابتانم نووسیوە، بەڵام دیسان لەڕووی پرکێشییەوە ئەمەشتان عەرز دەکەم، کە لەبارەی گرتنی سەرانی (زەرزا)وە، هێشتا هیچیان لێنەگرتوون و تەنگیشیان بەکەسیان هەڵنەچینوە. ئەوەندە هەیە: ماوەیەک لەمەوبەر، هەندێ خێڵ لەگەڵ کوڕەکەی شێخ (عوبەیدوڵڵا)دا - مەبەستی لە شێخ عەبدولقادرە - چوونەتە هەولێر و ماوەیەکیش لەوێ ماونەتەوە. ئەوانەش بریتی بوون لە: هەمزاغای مەنگوڕ، محەمەد ئاغای ئاکۆ و خێڵی (نوورەبنی). ئەمڕۆ دوازدە ڕۆژە ڕۆیشتوون و بڕوای تەواو هەیە، کە ئەمجارە لە جاران زیاتر دڵنیایان کردوون، ئەگینا ئەم گیانفیدایە ئەوەی لا ڕوونە، کە یەکێکیان هەمزاغایە و ئەمساڵ جێیەک نەبووە بتوانێ تیایدا بسرەوێ و جێی ئاشکرای نەبووە تیایدا نیشتەجێ بێت. کەچی ئەویان لە هەموو کەس زیاتر دڵنیا کردووە و فریوداوە.

(١) ئەم پەڕەگرافە، بەشی دوایی ئەم نامەیەی میرزا نیزامە.

*ئەمــڕۆش کــە چوارشــەممەیە، دیســانەوە خــەڵکم بەرەو لای (ڕەواندز) و (باڵەک) ناردۆتەوە. خــوا یاربێت بەهیــوام دەنگوباسی تەواو بهــێنمــەوە. هەرکــاتێ هەواڵی تەواویشیان هێنایەوە، دەستبەجێ بەرەو لای جەنابتانی دەنێرمەوە. خۆ ئەگەر وای دابنێین بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیش ئەوانە نەگرێت و لێیان نەپێچنەوە، ئەوسا بەپشتیوانی خوا، هەر ئەوەندەی پایەبەرزی هێژاتان لە کاتی پێویستدا پشتیوانی و هاوکاریی ئەم خانەزایەتان لوتف بفەرموون، ئیتر نەک هەر عەشایەر، بەڵکو ئەگەر سەرلەبەری ئێل و تایەفەی مامەش -یشم بەکوشت داوە، دەبێ بەجۆرێک خزمەتێکی وا بەدەوڵەت بکەم، بۆ لەمەودوا و بۆ ڕۆژگار، بەیادگار بمێنێتەوە. دەبوایە ئەم هەواڵانەم عەرز بکردایە».*

*بەگوێرەی ئەم نامەیەی محەمەد ئاغا و بەپێی دەنگوباسی پەرتوبڵاوی تر، کە لە شوێنانی ترەوە هاتوون، ئەوە دەسەلمێ، کە کۆبوونەوەی سەرانی عەشایەر لە هەولێر و چوونی هەمزاغا بۆ ئەوێ و بەدوای ئەمانەشدا بڵاوبوونەوەی بانگەوازنامەکانی شێخ عوبەیدوڵلا، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، نموونەی یەکێکیانم نارده خزمەتتان، هەموو ئەمانە بەخواست و ڕەزامەندیی و ئیمزای بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی بووە و پشتیوانیکردنی سەرانی ئەو دەوڵەتەش، لە بەرنامە بۆگەنەکانی (شێخ)، بەرادەیەک بووە، کە یەکێکی وەک هەمزاغا سەرەڕای ئەو هەموو ترس و لەرزەی پێشتر لە دەوڵەتی عوسمانی هەیبووە و ناوبەناوێک بەپەنامەکی و نهێنی، خۆی بەخاکی عوسمانیدا دەکرد و خێزان و کەسانی خۆی، بەدزییەوە لەو سەر سنوورانە دەبینی و دیسانەوەش بەپەلە و پەنامەکی دەگەڕایەوە و خۆی لە کون و کەلەبەری ئەو چیایانەدا حەشار دەدا... کەچی ئەوا ئێستا، ڕوون و ئاشکرا و بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەچێتە هەولێر و لە کۆبوونەوەی سەرانی عەشایەردا ئامادە دەبێ... یەکێکیش لە ئامانج و نیشانە زەقەکانی ئەم کۆبوونەوەیە، ئەوە بێت کە کوڕەکەی شێخ و سەرانی عەشایەر، پەیمان تازە بکەنەوە، ئەوا بەڵگەی ئەوەیە کە دیسانەوە فیتنە و ئاژاوەیەکی تازە دەقەومێ.*

*دەنگوباسی تریش، کە گێڕدراوەتەوە و وەرمانگرتووە، لە دووتوێی نامەیەکدا بووە، کە (شەهناز بەگ) بۆ (فەیزوڵلا بەگ)ی ئامۆزای نووسیوە، بریتییە لە:*

*«دەنگوباسی ئەم لایەتان خواستبوو، پۆستێکی دەوڵەتیی بەهەمزاغا دراوە، کە بکرێتە قایمقامی پژدەر و بیتوێن و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلاش لە (نەهری)یەوە بۆ هەولێر هاتووە... بەگوێرەی قسەی خەڵکی سلێمانی و جەنابی قایمقامیش، چل سەربازیان داوەتێ. واتە مانگێک دوای بەهار دیسانەوە شەڕ لەگەڵ ئێراندا دەست پێدەکاتەوە. پەیتا پەیتاش ئازووقە بۆ سلێمانی دێت. تا ئێستا (٣٠) هەزار تەغار گەنم*



*بۆ سلێمانی هاتووە، کە هەر تەغارێکی پازدە تەغاری موکریانە و (١٩) بار تفەنگی کوڵە (مارتین)یش، کە هەر بارەی (٦٠) دانەیە، لە سلێمانی کەڵەکە کراوە. دوو جبەخانەش پڕ لە فیشەک کراون و بەردەوامیش هەر دێت و ڕۆژانەش چەندان دەستە سەربازی دەوڵەت، لە نیوەشەودا دەگەنە سلێمانی و کەسیش نازانێ بۆکوێ دەچن! بەگوێرەی گەیشتنی ئەم هەموو زەخیرە و کەرەسانە بێت، ئاشکرا دیارە کە شەڕ دەست پێدەکاتەوە. ئیتر چی دیکە عەرز بکەم! کەس سەری لە کاری ڕۆمی (عوسمانی) دەرناچێ. لە کۆتایی مانگی ڕەبیعی دووەمدا (تەقی پاشا) بۆ سلێمانی دێت. بەڵام ئێستا (١٠) فەوج سەرباز لە سلێمانیدا ماوەتەوە و هی تریش هەر دێت و دەڕوات و کەسیش نازانێ».*

*لە دووتوێی ئەم نامەیەدا دوو شت هەیە:*

*یەکێکیان ئەوەیە، کە داکۆکی و پشتیوانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە هەمزاغا، کە سەرچاوە و بنچینەی هەموو بەدکارییەکە، گەیشتۆتە ڕادەیەک، هەر تەنیا بەوە دانەکەوتووە، کە دڵنیای بکات، بەڵکو پۆستی قایمقامی دوو ناوچەی گرنگی (پژدەر) و (بیتوێن)ی پێداوە؛ کە هەردووکیان بەسنووری دەوڵەتی مەزنمانەوە چەسپیون و هاوینەهەواری زۆربەی هۆز و ئێلەکانن.*

*دووەمیشیان ئەوەیە، کە بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی، خەریکی تەدارەک سازیی و خۆئامادەکردنێکی زۆرن و سەربازی زۆری خۆیان بۆ چەندین جێگەی گرنگ ناردووە.*

*نامەی تریش، کە هەمیشە و هەر لەولایەوە دێن، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن و ئەوە دەسەلمێنن کە فرمان لە بابیعالییەوە هاتووە، تا سەرباری ئەو سەربازە چەکدارانەش کە ئێستا ئامادەن، سەربازی مۆڵەتدراویش بانگ بکەنەوە و پڕ چەکیان بکەنەوە و دەبێ تا کۆتایی ئەم مانگە ئامادە بکرێن.*

نامەی ژمارە: ٩٠
لاپەڕە: ٢٦٢
مێژوو: ٢٧ی ڕەبیعی دووەم ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٣/٢٨ز

*بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام*

*بەفیداتان بم.*

*هەواڵ و ڕووداوەکانی پێشتر و ئەو بابەتانەی پێوەندییان بەم سوپایە و ئەم ناوچەیەوە*

هەیە، بەرودوا لە نامەکانی ڕابوردوودا ڕامگەیاندوون. دیارە چاوی بەڕێزتان پێیان کەوتووە و لێیان ئاگادار بوون... ئەو هەواڵ و زانیارییانەش کە لەم دوو - سێ ڕۆژەدا بەنووسین و بەدەمیی دەستکەوتوون، بەو جۆرەن کە بەدوور و درێژی باسیان دەکەم:

یەکەم: محەمەد ئاغای مامەش لە نامەیەکدا، کە دوێنێ ناردوویە، ئاوای نووسیوە:

«دەنگوباس وایە کە ماوەیەک بەر لە ئێستا، (یاوەر)ی تایبەتی لە بارەگای قەیسەرییەوە بۆ لای (شێخ عوبەیدوڵڵا) هاتووە و (شێخ قادر)ی کوڕی لەگەڵ یاوەردا بەرەو هەولێر چوون. سەرۆک هۆزەکانیش، کە هەموویان لەگەڵ شێخ قادر و یاوەردا کۆبوونەتەوە، هەر لەوێ نامەیەکیان بەگوێرەی دڵی شێخ نووسیوە و تیایدا زۆریان بەشان و باڵی (شێخ)دا هەڵگوتووە و ئەو نامەیەشیان بەیاوەر داوە و یاوەریش لەوێوە بۆ ئەستەموول گەڕاوەتەوە و بەڵێنی داوە لە ماوەی (٤٠) ڕۆژدا وەڵامی ڕوون و ئاشکرا بە(شێخ) و سەرۆک هۆزەکان بگاتەوە. ئەوسا بەرنامەی کاری شێخ ڕوون بکرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت.

دوا بەدوای گەڕانەوەی یاوەر، سەرۆک هۆزەکانیش هەر کامیان بۆ ماڵی خۆیان گەڕاونەتەوە. شێخ قادریش لە هەولێرەوە بۆ (کۆیە) چووە و لەوێشەوە بۆ (بیتوێن) چووە و لای (مامەند ئاغای پیران) لایداوە و پیاوەکەی منیش هەر لەوێ بەجێی هێشتوون.

چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر هێزێک بۆ ناوچەی (ڕانیە) هاتووە و تا ئێستاش هەر لەوێ ماوەتەوە. ڕووداوەکان هەر ئەوانە بوون کە بەڕوونی ڕاگەیەندران».

نامەیەکیش کە پیاوێکی خەڵکی (سلێمانی) بۆ عوسمان ئاغای گەورکی نووسیوە و ئەویش نامەکەی بۆ ئەم کەمینەیە ناردووە؛ ئەمە دەقەکەیەتی:

«ئەگەر لە هەواڵی ڕووداوەکان پرسیار دەکەن، (یاوەر) و کوڕەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا: (شێخ عەبدولقادر) بۆ شاری هەولێر هاتوون و هەمزاغاش بۆ ئەوێ چووە. ئاکامی کارەکەشیان ڕوون نییە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە، کە چەند ڕۆژێکی تر، ئەم ناوچەیە گێرەوکێشە و ئاژاوە دایدەگرێ... ئەوەی پێویست بوو وترا، جا بەچی چارەسەری دەکەن، بەڕێزتان باشتر دەزانن.

نامەیەکی تر، لە عوسمان ئاغای (دریاز)ەوە بۆ (حەسەن ئاغای قوم قەڵا) هاتووە، کە پیاوێکی ماقووڵە و ناوەڕۆکەکەی ئاوایە:

(ئەگەر لە دەنگوباسی تر پرسیار دەکەن، ئاوایە: ئەحمەد بەگی یاوەر، کە لای سوڵتانەوە ڕاسپێردرا بوو، هاتە (نەهری)، لەوێشەوە لەگەڵ شێخ قادری کوڕی شێخدا بۆ هەولێر چوون و هەموو هۆزە گەورە و بچووکەکانی گەرمیان و هی تریش، کە لە



کوێستانەوە بۆ گەرمیان هاتوون، بانگهێشتن کرد و بۆ هەولێریان بردن (منیش کە لەوێ بووم). دوو شەو و دوو ڕۆژ لە هەولێر ماینەوە. ئەحمەد بەگ دڵنەوایی زۆری ئەم هۆزانەی کرد و بەرەو ئەستەموول گەڕایەوە. لە نێوان خۆیاندا بڕیاریانداوە، کە شێخ و ئەم هۆزانە، ماوەی دوو مانگ چاوەنوار بن، تا ئەحمەد بەگ دەچێتە خزمەت سوڵتان. ئەوسا ئەگەر کاروباری شێخ بەباشی سەری گرت، چاکتر، ئەگەریش وا دەرنەچوو، ئەوا خۆیان ئازادن و هەروەک ساڵی پار، خەریکی کاولکاریی و ئاژاوەنانەوە بن. شێخ قادریش تا ئێستاکە لە (بیتوێن)ە. چەند ڕۆژێکی تریش لێرە دەمێنێتەوە، تا عەشایەر و کوردانی ئەم مەڵبەندە، یەکبخات و یەک ڕایان بکات ئەوسا بۆ (نەهری) بگەڕێتەوە، لەوێش تا وەڵامی ئەستەموول دێتەوە، کۆبوونەوەیەک پێک بهێنن».

ئەمە ئەو دەنگوباسە ڕاست و باوەڕپێکراوانەن و ناوەڕۆکی هەر (٣) نامەکەش لەیەک نزیک و وەک یەک وان...

هەواڵێکی تریش، کە بیستوومە و بێژەرەکەی پیاوێکی باوەڕپێکراوی بیانییە و سوێندم بۆ خواردووە ناوی نەهێنم، ئەمەیە کە: وەک لە نامەکاندا خوێندتانەوە؛ دەوڵەتی عوسمانی بەڕاشکاوی شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرۆک هۆزەکانی بەگشتی و هەمزاغای بەتایبەتی لە پشتیوانیی و هاوکاری خۆی دڵنیا کردووە و وەک لە نامەکانیشدا نووسراوە، ئەحمەد بەگی یاوەر کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە شاری هەولێر پێکهێناوە و هەموو سەرۆک هۆزەکان نامەیان بۆ سوڵتان نووسیوە و لەڕێی ئەحمەد بەگی یاوەرەوە بۆیان ناردووە و داوای یارمەتییان لێکردووە. هەر لەو دانیشتنەدا هەموو سەرۆک هۆزەکان، سوێند و تەڵاقیان خواردووە، کە هەموو پێکەوە یەکدڵ و یەکدەنگ، بۆ جارێکی تریش شێخ عوبەیدوڵڵا بەسەرۆک و ڕابەری خۆیان بزانن و بەزوویی و بەکۆمەڵ، ڕوو بکەنە ئەم لایە[1] و نیاز و مەبەستیشیان لە بنەڕەتەوە، هەروەک ساڵی پار، داگیرکردنی مەڵبەندی موکری و شاری سابڵاخ بێت.

هەر ئەم پیاوە، نامەیەکی شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نیشاندام، کە بۆی نووسیوە؛ تیایدا وتوویە: (٦٠) تمەن لە قەرزەکەی کە لەسەرمە، بۆم ناردیت و ئەوەش کە لام دەمێنێ، بەم زووانە خۆم بۆ سابڵاخ دێم و دەتدەمەوە.

ئەم دەنگوباسە نووسراو و دەمییانە، کە عەرز کران، بەجۆرێک لەم ناوچەیە و ناوچەکانی دەوروبەر قاو و بڵاوبوونەتەوە، کە ئیتر بۆ داپۆشین و شاردنەوە نابن. دژایەتی دەوڵەتی عوسمانیش لەگەڵ دەوڵەتی خۆمان لەو بارەیەوە و نیازی شێخ عوبەیدوڵڵا و

(١) مەبەست ناوچەی موکریان و کوردستانی ئێرانە.

دەستوپێوەندەکانیشی بۆ ئاژاوەنانەوەی دووبارە، لە تاو تاو و جار جار تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی هەموویان چاویان لێرەیە و جێی هەموو دڵەڕاوکێ و مەترسییەکیش شاری سابڵاخ و مەڵبەندی موکرییە. ئەم کەمینەیەش چونکە بەرپرسی ئەم ناوچەیەیە و لەگەڵ ناحەزانی دەوڵەت بەرەو ڕووە، بۆیە بەپێویستی دەزانم ڕایبگەیەنم، کە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێشەکییانەی باسکران، دەبێ هۆش و بیری بەڕێزی پایە بەرزتان بەئێرەوە بێت، تا خوا بەو ڕۆژە نەکات، شل نەبینەوە و ئەو شتە بەپەلانەی بەلای خۆمەوە، بۆ ئەم کارە بەپێویستیان دەزانم، ئەمانەن:

یەکەم: لە سبەینێوە، کە دووشەممەیە و (٢٧)ی ڕەبیعی دووەمە، سوپای میری، کە بریتییە لە سوارە و پیادە و تۆپخانە، لە مالان و ئەملا و ئەولا دێنمە دەرێ و کۆیان دەکەمەوە و لە دەرەوەی شار، لە جێیەک کە بەچاکی دەزانم، هۆردوویەکیان بەهەموو کەلوپەلی پاراستنەوە بۆ دادەمەزرێنم و خۆمیش هەر لەوێ دەبم.[١]

دووەم: هەر ئەمڕۆ بەهەموو ئاغایان و گەورەپیاوانی مەڵبەندی موکریانم ڕاگەیاند، کە زۆربەیان لە سابڵاخ بوون و بەڵێنم لێوەرگرتوون کە لە ماوەی چوار - پێنج ڕۆژدا هەموو هێزەکانی خۆیان (کە بریتین لە سوارە و پیادە)، بەرێکوپێکی بهێننە شاری سابڵاخ و بۆ ئەوەش بەو کەسانەی لەوێ نەبوون، ڕابگەیەنم، ڕاسپاردەی تایبەتیم بۆ دەوروبەر ناردووە و پێم وایە بەلای کەمەوە لە پێنج - شەش ڕۆژێکدا (٦) هەزار کەسێک کۆ ببنەوە.

سێیەم: هەرچەندە لە سەرەتای هاتنمدا بۆ سابڵاخ، ماڵی (موزەفەرولدەولە)، کە (وەک قەڵا وایە)، کردم بەماڵی خۆم و بەگوێرەی پێویستیش قایم کردبوو، بەڵام زۆر چاک قایم نەببوو. لەو ڕۆژەشەوە کە ئەم هەواڵانە بڵاوبوونەتەوە و هەواش برێک خۆش بووە، دەستم بەقایمکردنی قەڵاکە کردۆتەوە و مەبەست لەو قایمکردنەش ئەوەیە کە (تا ئەو ڕادەیەی بتوانم) کەلوپەل و چەک و چۆڵی پێویست لەوێ دابنێم و تا ئەو کاتەش کە سوپا لە دەرەوەی شارە، چەند دەستە سەربازێک بۆ پاراستنی شار، ساز و ئامادە ڕابگرم.

چوارەم: لەبەر چەند هۆیەک، دوێنێ کۆبوونەوەیەکم پێکهێنا و هەموو زانایان و ئاغایان و بەگزادەکانی ئەم ناوچەیەم کۆکردەوە و سوێند و تەڵاقم پێخواردن، کە تا لە ژیاندا بن بەهیچ جۆرێک و لە هیچ ڕێگەیەکەوە لەگەڵ کەسانی دژ بەدەوڵەت سەروپێوەندییان نەبێ و هەر کاتێکیش لە لایەن شێخی بێدین و دارودەستەکەیەوە، دەستدرێژییەکی تازە بۆ سەر ئەم ناوچەیە بکرێت، ئەوا بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوانی ساڵی پاریان، بەرپەرچدانەوە و

(١) بەم پێیە، نزیکەی (٤) مانگ ئەم هۆردووەی حەسەن عەلی خان لە مالانی خەڵک و لەسەر سکی دانیشتوانی سابڵاخ بەخێو کراون و سەربازگەیەکی تایبەتییان نییە.



پاککردنەوەیان، هەروەک جیهاد بەئەرکی سەرشانی خۆیان و چەکدارەکان بزانن. تا یەکێکیش لەوان مابێت، نەیەڵن سەربازانی دەوڵەت، دەست بۆ چەک بەرن... بەپێی ئەم کۆبوونەوە و سوێند و بەڵێنەش، نامەیەکی... و بەڵێنی خزمەت و فیداکارییان بۆ خاکی ژێر پێی شای خاوەن شکۆ نووسیوە و مۆریان کردووە. نامەکەشم بۆ بەڕێزتان ناردووە، کە پێشکەشی خاکی بەرپێتان بکرێ.

کەڵکی سەرەکی ئەم کۆبوونەوەیە و بەڵێندان و نامە نووسینەی گەورە پیاوانی ئەم ناوچەیە، چەند شتێکن: بۆ وێنە؛ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم دەنگوباسە بەزووترین کات بەرگوێی کاربەدەستانی عوسمانی و دارودەستەکەی شێخ دەکەوێ و بەپێچەوانەی بیروباوەڕ و چاوەنوارییەکی کە لە هاودەنگیی خەڵک، لەگەڵ خۆیان هەیانە، دژایەتی ئەوانیان بۆ دەردەکەوێ و لە کاتێکدا کە سوپای دەوڵەت بەئامادەیی دەبینن و لە هێز و توانای خەڵکی موکریانیش دەگەن، ورەیان دێتە خوارێ و ناوێرن بەسووک و ئاسانی هەنگاوی تازە هەڵبگرن.

جگە لەوە، گەورە پیاوان و سەرەک هۆزەکانی موکری لەناو خۆیاندا ململانێ و دووبەرەکییەکی توندیان هەیە و هەر ئەم ناتەباییەشیان بووە هۆی ئەوەی لە ئاژاوەکەی پاردا (نواب لوتف عەلی خان) بەجێ بهێڵن و بڵاوەی لێبکەن؛ ئەو کلۆڵەش لە شار بەجێهێشتن زیاتر، هیچی تری بۆ نەمابۆوە... ئێستاش کە پێکەوە سوێندیان خواردووە و بوونەتە هاوپەیمان، لە کاتێکدایە کە زەبروزەنگی سەربازی دەوڵەتیان دیوە و منیش بەم هێزەوە لێرەم، بۆیە لەسەر شانی بەپێویست دەزانن، کە لە بەرامبەر دوژمنانی دەوڵەتدا، هاودەنگ و یەکگرتوو بن و هەموو جۆرە فیداکارییەکیش بکەن.

کەڵکی دیکەی ئەم بەڵێننامەیە و مەبەستی سەرانی موکری لە نووسینی نامەکە ئەوەیە، کە گوایە وڵاتانی تر و باڵوێز و ئەو کاربەدەستانەیان کە دانیشتووی پێتەختی ئێرانن، وا تێگەیشتوون کە خەڵکی ناوچەی موکری، بەهۆی ئایینییەوە، لەگەڵ نەیارانی دەوڵەت، یەککەوتوون، یان دڵیان بەلایەنێکی ترەوەیە... بۆیە بەچاکی دەزانم نامەی ئەم خەڵکە، لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەباڵوێزانی ناو تاران بنوێنن، کە ئەم خەڵکە لە هەموو شتێک زیاتر، گوێڕایەڵی دەوڵەتی خۆیانن و ئەگەر ساڵی پاریش، هەندێکیان بەسۆنگەی ئاژاوەیەکی لەپڕ و چاوەنوارِ نەکراوەوە، هاوکاریی دارودەستەکەی شێخیان کردبێت، لە ڕووی بێ دەرەتانی و ناچارییەوە بووە، نەک لە ڕووی خواست و پێخۆشبوونی خۆیانەوە.

پێنجەم: هەرچەندە جاسووس و هەواڵنێرێکی زۆرم بۆ هەموو لایەک ناردووە، بەڵام هێشتا پەیتا پەیتا هەر دەیاننێرم، تا لە دەنگوباس و ڕووداوەکانی (ئەولا) و ئامانجی

بەرهەڵستکاران ئاگادار بن و پێم ڕابگەیەنن، منیش ڕۆژانە بەپایەبەرزتانی ڕابگەیەنم.

ئەمەیە ئەو کار و سەرنجانەی بەپێی پێویست و لەباربوونی هەلومەرج پێیانەوە خەریکم و ئەوەش کە بۆ جێبەجێ کردنی، لە بەرێزتانی دەخوازین ئەمانەن:

١- هێزێکی تر لەجیاتی هێزەکەی (گەڕووس) بنێرن.

٢- چاک وایە (١٠٠٠) هەزار فیشەکمان بەبارووتەوە بۆ بنێرن.

٣- خێوەت و جلوبەرگ و کڵاوی دوو هێز سەرباز و (٤٥) تۆپچی و قۆرخانەچی، لەگەڵ خێوەتی ئەو سوارانەی بۆ ئێرەیان دەنێرن، زۆر بەخێرایی بنێرن.

مووچە و مانگانەی ئەم سوپایە، لە سەرەتای مانگی ڕەبیعی دووەمەوە بدەن و کرێی هەزار خەروار گەنمی (ئیزەک بەگ) بەپێویست و ئەرکی سەرشان بزانن.

لەو پارە نەختینەیەی کە لە خەڵکی سابڵاخم وەرگرتووە، لە دوای ئەوەی کە (٣٠٠٠) سێ هەزار تمەنم بەحەزرەتی (وەلیعەهد) و کارمەندەکانی دیکە داوە، ئێستا (٢٠٠٠) دوو هەزار تمەنم لە لا ماوە. ئەگەر ئەم دوو هەزار تمەنەش لە بری مووچەی نۆکەر بدەم، ئەوپەڕی بەشی تا بیستەمی ڕەبیعی دووەمی ئەوان دەکات... جا هەر چۆن بێ، بڕیاردان و دابینکردنی مووچەی داهاتووی ئەم سوپایە، کارێکی پێویست و زۆر گرنگە و بۆ دواخستن نابێ... بەڵام ئەو شتانەی کە بەبیروڕای من و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شارەزاییبیانەی کە لێرە دەستم کەوتوون، وتن و ڕاگەیاندنیان بەبەرێزتان بەپێویست دەزانم ئەوانەن:

یەکەم: هەروەک لە نامەکەی پێشوودا بەبەرێزتان ڕاگەیەندراوە؛ پێکهێنانی بەپەلەی سوپایەک لە (لاجان) بەڕادەیەک بەلامەوە گرنگە، ئەگەر سوپای (ورمێ)ش بێ، لانی کەم دوو هێزی سەرباز و (٥٠٠) پێنج سەد سوار و چەند تۆپێکی تر، لە قەڵای لاجان دامەزرێن، کە شوێنێکی یەکجار گرنگ و دەربازگە و شەقامەڕێی سەرەکی نەیارانە لەو ناوچەیەدا و بەو سوپایەی بسپێرن. بەڕەزامەندیی و هاوکاریی سوارەکانی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەش -یش، ئەو ملەیەی ناوی (ملەی شێخ وەزنە)یە، بگرن و قایمی بکەن. چونکە قایمکردنی ئەم دوو شوێنە، لە (شنۆ)وە تا (سندوس) و (لاجان) و نیوەی ناوچەی سابڵاخ دەپارێزێ. بەبڕوای من لاجان شوێنێکە، چ لەباری لەشکرکێشیی و پاراستنی سنوور و چ لەباری زۆربوونی دەغڵ و دان و گژوگیاوە، دەبێ سوپای گەورە، یان بەواتەیەکی تر: سوپای سەرەکی لەوێ بێ.

دووەم: هەتا دەتوانرێ تفەنگەکانی هێز و سوارە و پیادە بگۆڕن و بیکەن بەتفەنگی تازە، کە هەم بۆ بەرگریی و هەم بۆ بەرزکردنەوەی وورەی سەربازەکان زۆر بەکەڵک و پێویستە... بەو پێشەکییانەوەی باسکران، پەلەکردن لە ناردنی سوپای پێتەخت زۆر



پێویستە و بەرلەوەش ئەم سوپایە بگاتە جێ، دەبێ ئازووقەی بۆ دابین بکرێ. ئەگەریش بفەرموون وەک فەرمووتانە (١٠٠٠) هەزار خەروار لە دەغڵودانی (هەوشار)ی سایین قەڵا و گەڕووس بۆ ئەم سوپایە دابین بکرێ. پێویستە بەبەرێزتان ڕابگەیەنم کە دەغڵودانی هەردوو ناوچەکەش ئامادەیە و هەر ئێستا بەدەست کاربەدەستانی خۆمانەوەیە. بەڵام بۆ گواستنەوەیان پێویستیمان بەباربەر هەیە، کە نە لە گەڕووس و نە لە هەوشار، وشترداری لێ نییە. ئەگەر وڵاخداریشی لێ بێت، ئەوپەڕی دەتوانن (١٠٠) سەد خەروار جێبەجێ و ئاڵوگۆڕ بکرێت. دوا قسە ئەوەیە، کە بۆ ڕاگواستنی ئەو دەغڵودانە، لە گەڕووس و سایین قەڵاوە بۆ سابڵاخ، دەبێ فرمانی توندوتیژ بکرێتە سەر هەوشار و (شاهسەوەن) و وشتریان لی وەربگیرێ و ئەم دەغڵودانە بار بکەن و بنێرن. ئەگەر ئەم کارە نەکرێ، هێنان و گوێزانەوەی جێبەجێ نابێ. لەوە زیاتر پرکێشیی ناکەم و دەخوازم ئەمر بفەرموون وەڵامی داواکارییەکانم بەخێرایی بدرێنەوە. فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

***

بەفیداتان بم.

لە نووسینی نامەکە ببوومەوە، کە نامەیەکیشم لە جەلال خانی سەرۆکی هۆزی قەرەپەپاغەوە پێگەیشت، وا نامەکەم بۆ ناردن. ناوەڕۆکی ئەم نامەیەش، نامەکانی پێشوو دەسەلمێنێ.

نامەی ژمارە: ٩١
لاپەڕە: ٢٧٢
مێژوو: ٢٧ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٣/٢٨ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

ئەو نامەیەی چاوی بەرێزتان پێیی دەکەوێ، نامەی محەمەد ئاغای مامەشە و لە نامەکەوە دەردەکەوێ کە محەمەد ئاغا پێیی وایە جەنابتان زۆر بەچاکی نایناسن. بەڵام بەپێچەوانەوە، من پێم وایە بەرێزتان پڕ بەپێستی خۆی، لە کاروبار و پێشینەی شارەزان. منیش بۆ ئاگاداریی زیاترتان، عەرز دەکەم کە ناوبراو پیاوێکی ماقووڵ و باوەڕپێکراو و سەرۆکی هۆزی مامەشە و لەم ناوچەیەدا یەکێکە لە کەڵەپیاوەکانی سەر ئەم سنوورانە...

ئەو کاتەی کە بەڕێز سوپاسالاری مەزن، لەم ناوچەیە بووە و خۆشەویستی شا: عەزیزوڵڵاخان -یش بۆ ئەم مەڵبەندە نێردرابوو، ناوبراو بەمەبەستی خزمەتگوزاریی هاتە پێشەوە و ملکەچیی خۆی ڕاگەیاند و ئەو باجەی بۆی دیاری کرابوو، پێشکەشی کرد. هەر لەو کاتەدا نزیکەی (٣٠) هەزار سەرمەڕ و مانگای تاڵانکراوی کۆکردەوە و دای بە(ڕەحیم خان)ی کارگێڕی سوپاسالاری مەزن، لەو کاتەشەوە کە من بۆ ئێرە هاتووم، جگە لەو فرمانە گشتییانەی کە دەرمکردوون، پێشم ڕاگەیاندووە، دەبێ گوێ لە مستم بێ و ئەویش هەر وای کردووە.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر (سلێمان ئاغا)ی برای بە(٤) هێسترەوە ناردبوو، خۆیشی لەم ڕۆژانەدا دێت و سەردانم دەکات. بەکورتی ناوبراو لە سەرۆک هۆزانی باوەڕپێکراوی ناوچەکەیە و چونکە من بەنەرمیی و میهرەبانیی لەگەڵیدا جووڵاومەتەوە، خۆشمی دەوێ و گوێڕایەڵییەکی تایبەتیم لێدەکا و لەم ماوەیەشدا بەردەوام هەواڵی بێ درۆودەلەسەی (ئەولا)ی بۆ هێناوم. لەبەر ئەوەش پێی خۆشە پێوەندی هەر بەتەنیا لەگەڵ مندا بێ و لەو نامەیەشدا کە چاوتان پێی دەکەوێ، ئاماژەی پێکردووە. تکام وایە نامەیەکی تایبەتی بۆ بنووسن و تیایدا ڕەزامەندیی و لوتفی خۆتانی بەرامبەر خزمەت و کارەکانی بۆ دەربڕن؛ بەو جۆرەش خۆی پێی خۆش بووە و دەیەوێ، با پێوەندی و کاروبارەکانی هەر لەگەڵ من بێ و هەواڵ و زانیارییەکانی سنووریش هەر لە ڕێی منەوە بۆ بەڕێزتان بنێرێ.

نامەی ژمارە: ٩٤

لاپەڕە: ٢٧٩

مێژوو: ١١ی جەمادی یەکەم ١٢٩٨ کۆچی

١١/٤/١٨٨١ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

لەبارەی هێمنایەتی سەردەشت و تەمێکردنی خەڵکی ئەوێوە، بەنامە فەرمووتانە: سوپای (ناسرلدەولە)، کە تازە لە تارانەوە بەڕێ کەوتووە و ئەگەر بۆتان دەکرێ و دەلوێ، با تا ئەو کاتەی ئەو هێزە دەگاتە جێ، چاوەنوارِ بن. ئەگەریش من پێم وابێ هەلەکەمان لە دەست دەچێت، لەگەڵ (٣) هێز لە سەربازەکانی (حیسامولمولک)دا، کە جەنابتان دەیاننێریت، بچین و سەرکوتیان بکەین.



بەڵام دەبێ ئاگادارتان بکەم، کە چاوپۆشیی لەوە زیاتر، لە خەڵکی سەردەشت بێ جێیە و بەچاکی نازانم، چونکە تەمێکردن و بەهۆشهێنانەوەیان و دڵنیابوون لە هێمنایەتی ئەو ناوچەیە، گەیوەتە ئەوپەڕی پێویستی. ئێستاش کە هەندێ کەند و کۆسپی سەرێش لاچووە، من پێم وایە ئەو کارانە، تازووتر بکرێن، باشتر و لەبارترە.

لەم ڕوانگەیەوە بەبەڕێزتانی ڕادەگەیەنم، کە نابێ چاوەنوارِی هێزەکەی (ناسرلدەولە) بین و چاک وایە حیسامولمولک و (٣) هێز لە سەربازەکانی و سێ چوار تۆپ و هەر نەبێ (٢٠٠) سوارێک، بەچەک و چۆڵی پێویستەوە دەنگدرێن و لە (ورمێ)وە بەڕێ بکەون و بچنە (لاجان)، ئەوسا چۆنێتی نەخشە و چوونمان بۆ سەردەشت، بەوجۆرە دەبێ کە بەپێویستی دەزانم. نەخشەکەش بەتێروتەسەلیی ئاوایە:

یەکەم: حیسامولمولک و سەربازەکانی، لە قەڵای لاجان جێگیر دەبن. سوارەکانیشی لەگەڵ (١٠٠) سەد سەربازی قەرەپەپاغ و کۆمەڵێک لە سوارە و چەکدارەکانی محەمەد ئاغای مامەشدا، دوو شوێنی زۆر عاسی ئەو ناوچەیە، کە بە(ملەی شێخ) و (وەزنە) ناسراون، دەپارێزن. ئەگەریش بۆ کێشەی سەردەشت پێویستمان پێی نەبوو، ئەوا پێکهێنانی ئەم سوپایە لە (لاجان)دا، بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئەو دوو شوێنە گرنگە، زۆر پێویستە. بۆ ئاژاوەی سەردەشتیش، ئەم سوپایە لە چەند سەرێکەوە هەر پێویستە. لە لایەکەوە: لەبەر ئەوەی ڕێگە لە هەموو بەدەنگەوە هاتن و یارمەتییەکی بێگانە، بۆ سەردەشت دەگیرێ و لە لایەکی تریشەوە: لەبەر ئەوەی هەر کاتێک ئێمە لە سەردەشت پێویستمان بەیارمەتی بێت، ئەوان لە لاجان ئامادەن.

دووەم: محەمەد ئاغای مامەش و بەشێکی زۆر لە سوارە و پیادەی خۆی و بڕێک لە سوارەکانی قەرەپەپاغ، کە لەوپەڕی تەباییدان، ڕادەسپێرم تا لە کاتی پێویستدا بەیەکەوە لە (سندوس) و (لاجان)ەوە بەڕێ بکەون و بەلێواری چەمی (لاوێن)دا، هەتا ناوچەی (دارمە) بچن و دەوری هەرێمەکە بگرن، کە بەسەر سەردەشتدا دەنوارِێ.

سێیەم: (یونس خان)ی حاکمی (بانە) ڕادەسپێرم بەچەکدار و جەماوەرێکی لێهاتووی، کە هەیەتی، بەری باشووری سەردەشت بەتەواوی بگرێ و نەیەڵێت خەڵکی سەردەشت بۆ ناو قەڵەمڕەوی (بانە) دەرباز بن.

چوارەم: خۆمیش بەهێزێکەوە، کە بریتی دەبێ لە (١٠٠٠) هەزار سەربازی هەڵبژاردە و (٢٠٠) دوو سەد سوارەی دەوڵەتیی، لەگەڵ هەموو ئاغا و پیاوماقووڵانی موکری و هەموو جەماوەری ناوچەکە، کە لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس کەمتر نابن، لە ڕێگەی (ئێل تەیموور)ەوە، کە لە گوندەکانی موکرییەوە تێدەپەڕێ و دەگاتە کەلی ناسراو

بە(کورتەک) و لەوێشەوە بەرەو سەردەشت دەچم.

بەکورتی، بڕیاری بەڕێکەوتنی ئەو (٣) هێزە وا دەدرێ، کە یەکبگرنەوە و تێکڕای هێزەکەش پێکەوە و لە یەک کاتدا ڕوو لە سەردەشت بکەن. دوای ئەم نەخشەیەش کە ڕامگەیاند، ئەگەر خەڵکی سەردەشت، بەو جۆرەی کە پێویستە و بەبێ هیچ گرێ و گۆڵێک، هاتنە سەر ڕێ و بەتەواویی ملکەچمان بوون، ئەوە زۆر باشە و لە هەلومەرجێکی وەهاشدا هێمن دەبنەوە و گیان و ماڵیان لە دەستدرێژیی هێزی دەوڵەت دەپارێزێ... ئەگەریش هەر لاساریی بکەن و بەرەنگاریی هێزەکانی دەوڵەت ببنەوە، ئەوا پێویستە ئەو ناوچەیە، بەڕێگەی جەنگ و زاڵبوون و هێرش و شاڵاوی سەربازییانە داگیر بکرێت و دەست لە هیچ شتێکی ئەو خەڵکە نەپارێزرێ و قڕیان تێبخرێت... جا هەر جۆرێکیان بێت: لە ڕێگەی ملکەچ بوون و خۆبەدەستەوەدان بێت، یان لە ڕێگەی زاڵبوونی سەربازییەوە بێت، پێویستە کێشەی سەردەشت ببڕێتەوە و بەلایەکدا بخرێت، خۆمیش دەبێ بچم و ئەوەندەی پێویست بێت، لەوێ بمێنمەوە و دوای دامەزراندن و دابینکردن و متمانەی تەواو لە کاروباری ئەو ناوچەیە، بگەڕێمەوە... هەتا ئەو کارەش نەکرێ و دواترین شوێن و خاڵی قەڵەمڕەوی سەردەشت نەگیرێ؛ کە بەقەڵەمڕەوی عوسمانییەوە نووساوە و سنوورێکی گرنگە، نە دەکرێ لەم مەڵبەند و سنوورە دڵنیا بین، نە وردە پەژارەش لەسەر خەڵک دەردەچێ، نە (هەمزاغا) و خراپەکارانی تریش دەستبەرداری خراپە و ئاژاوەگێڕیی دەبن.

لەوە زیاتریش سەرتان نایەشێنم.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

نامەی ژمارە: ٩٥
لاپەڕە: ٣٨٣
مێژوو: ١١ی جەمادی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی
١١/٤/١٨٨١ز

بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

بەپێی برووسکە و تەلگرافنامە بەڕێکراوەکانی لەمەڕ بەڵێن و دڵنیاکردنەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ نەهێشتنی ئاژاوە و هێورکردنەوەی خراپەکاریی (شێخ) و لایەنگرانی، ئەوەندەی ئاگاداریی پێویست بووبێت، دەستم خستوون.



هەرچەندە بەگوێرەی برووسکەکان بێت، وا دەردەکەوێ ئەو بەڵێنانەی دەوڵەتی عوسمانی، زۆر پتەو نەبن و کردەوەکانی ئێستایشیان بەو جۆرەی لەبەر چاون، زۆر لاواز و لەرزۆکن. بەڵام بەکورتی و بەناچاریی، دەبێ لەو بڕوایەدا بین کە بەپێچەوانەی ئەوەی لەو ماوەیەدا شێخی مەلعوون و لایەنگرانی کردوویانەتە قاو و مێشکی خەڵکی ئەم ناوچەیەیان پێئاخنیوە؛ دەوڵەتی عوسمانی لە ڕواڵەتدا و بەئاشکرا، پشتگیریی تاوانباران نییە. هەرچەندە کارێکی واش بۆ هێورکردنەوەی ئەم ئاژاوەیە ناکات. بەڵام لە ڕواڵەتیشدا نایەوێ خەڵک بەوە بزانن کە پشتیوان و پشتگیری شێخ و لایەنگرانی دەکات... بەکورتی ئێستا هەندێک نیشانە دەبینرێن و بڕێک هەواڵی وا دەگەن، ئەوە دەردەخەن کە بڕیار و بەڵێنی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵسوکەوتی، بریتییە لە هەڕەشە و ترساندنی (شێخ) و دارودەستەکەی.

بۆ نموونە: هەر بەو جۆرەی لەو نامانەدا دەردەکەون، کە بەرودوا بۆ بەڕێزتانم بەڕێ کردوون؛ تا هەفتەیەکیش بەر لە ئێستا، هەموو ئەو هەواڵانەی بەنووسین و دەماودەمیش هەبوون، بریتی بوون لەوەی دەوڵەتی عوسمانی، پشتیوانیی لە (شێخ) دەکات. ئەو هەواڵانەش بەجۆرێک بڵاو ببوونەوە و مێشکی خەڵکیان پڕ کردبوو، ببوونە هۆی ئاڵۆزیی خەیاڵی هەموو لایەک و ئەوەندەی نەمابوو ئاژاوەیەکی تازە لەم ناوچەیەدا هەڵایسێ و هەموان چاوەنۆڕی دەرکەوتن و هاتنەوەی دووبارەی (شێخ) بوون. بەڵام ماوەی هەفتەیەکە، هەموو هەواڵەکان بەپێچەوانەوەن و لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا، هەواڵی تازە و بەرودوامان پێگەیشتوون، لە ڕاستییەوە نزیکن و بریتین لەوەی: دوای ئەو کۆبوونەوەیەی کە کوڕەکەی شێخ و سەرۆک هۆزەکان و هەمزاغا لە شاری هەولێر کردبوویان و بەدڵخۆشیی و دڵنیایی تەواوەوە، بەمیوانی چووبوونە ماڵی (مامەند ئاغای پیران) و چەند ڕۆژێکیش لەوێ خەریکی خۆ ئامادەکردنێکی تازە بوون؛ کەچی هەندێ هەڵسوکەوتیان لە لایەن سوارە و بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانییەوە دیوە، بریتی بووە لە دەستگیرکردنیان و هەندێک ئاگاداریشیان لەمەڕ هەڕەشە و تۆقاندنەوە پێگەیشتووە و هەر ئەوانەش بۆتە هۆی ترساندنیان و بەپەلەپرووزە بڵاوەیان لێکردووە... بۆ وێنە: عەبدولقادری کوڕی شێخ، بەپەلە بۆ (نەهری) گەڕاوەتەوە و هەمزاغاش لە خاکی عوسمانیدا نەماوە و دیسانەوە خۆی گەیاندۆتەوە ئەو کوێستان و لێڕەوارە چڕانەی، کە کەوتوونەتە دوورترین خاڵی سنووری ناوچەی سەردەشتەوە. لەو ڕۆژەشەوە کە گەڕاوەتەوە، وا خۆی شاردۆتەوە، کەس نازانێ لە کوێیە. ئێستاش چەند نامەیەک، کە سەبارەت بەدەنگوباسی تازەن و پێچەوانەی هەواڵ و نامەکانی پێشوون، هاوپێچ دەیاننێرمە خزمەتتان. بەکورتی، دوای گەیشتنی نامەکانی بەڕێزتان و ئاگاداربوون لە ناوەڕۆکی

برووسکەکان، بەپێی کات و دەرفەت، نامەیەکی تێروتەسەلم لەبارەی هاودەنگیی تەواوی دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ دەوڵەتی خۆمان و بەڵێنە ئاشکراکانی ئەو دەوڵەتەوە، بۆ بنەبڕکردنی ئاژاوەی (شێخ) و سزادانی تاوانباران و بەدرۆخستنەوەی هەواڵە درۆکانی (شێخ) و لایەنگرانی، بۆ هەموو شوێن و بۆ هەموو کەسێک ناردووە و بەهۆی نووسینی نامەکانی من و لەبەر ڕۆشنایی گەیشتنی ئەو هەواڵانەشدا، کە لەم دواییەدا پێمان گەیشتوون، دەیسەلمێنن و پشتیوانیی لەوە دەکەن، کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو، لە بیروڕای خەڵکدا ڕوویدابێ و ئێستا خەیاڵی هەمووان ئارام بووبێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا و بەگوێرەی ناوەڕۆکی تەلگرافەکان، بەڵام من هەر پێم وایە دەبێ زۆر وریا بین و خۆمان بپارێزین و ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە (سلێمانی)یەوە هەتا (ڕەواندز)، کە بەرامبەر بە(لاجان)ە و لەوێشەوە تا (وان) و (بایەزید)، کە بەرامبەر بە(خۆی) و (سەلماس)ن، بۆ هەموو بنکەکانی سنووری خۆی، چەک و سەربازی ناردووە و هەموو سەرۆک هۆز و ئەو خێڵانەش کە لەمبەرەوە چوونەتە ناو خاکی عوسمانی، هاتوچۆیان (لەمبەر)، بۆ (ئەوبەر)ی سنوور بەربەست کراوە و نایەڵن کەس هاتوچۆ بکات. تەنانەت بەریان بە(٥ تا ١٠) بنەماڵەی پیاوی خۆشمان گرتووە، کە ویستبێتیان بگەڕێنەوە.

لەوە زیاتریش سەرتان نایەشێنم.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

نامەی ژمارە: ٩٦ (بەشی دوایی نامەکە)

لاپەڕە: ٢٨٦

مێژوو: ١٣ی جەمادی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٤/١٣ز

بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

...[١] بەلەبەرچاو گرتنی هەندێ بەرژەوەندی، بەرنامەیەکم پێکهێنا و محەمەد ئاغای

(١) سەرەتا و کۆتایی نامەکەش، هەر دەربارەی (محەمەد ئاغای مامەش)ە، کە وەک لەم نامەیەدا هاتووە، سەردانی حەسەن عەلی خانی گەڕووسی کردووە و لەگەڵ خۆیدا ئەسپێکیشی بەدیاری بۆ حەسەن عەلی خان بردووە و پێشنیاری بۆ حەسەن عەلی خانیش کردووە: بەڕێوەبردنی ناوچەی (لاجان)ی پێ بسپێرن. حەسەن عەلی خانیش هەمان داوای بۆ محەمەد ئاغای مامەش، لە (عەلائولدەولە) بۆ کردووە و لە کاتی گەڕانەوەشدا، حەسەن عەلی خان، دیاری و خەلاتی بەمحەمەد ئاغا پێشکەش خۆی و هاوڕێکانی کردووە.



مامەش و پیاوماقووڵانی موکریم بەیەکەوە هاوسوێند کرد، کە لە خزمەتکردنی دەوڵەت و بەرپەرچدانەوەی هەر تاوانکار و یاخییەکدا، یەکدڵ و یەکدەنگ و بێ پێچوپەنا و درۆ و دەلەسە، گیان بەخت بکەن و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو تاوانانەی کردوویانە، خزمەتی زۆر بەرچاو بکەن... بەکورتی لەو کۆبوونەوە و بەڵێن و سوێند خواردنانەدا، کە محەمەد ئاغا لەگەڵ گەورە پیاوانی موکری، لەبارەی خراپەکارانی دەرەوە، وەک (شێخ) و لایەنگرانی و... چ لەبارەی کێشە و کردەوەی سەردەشتەوە، ئاکام و شوێنەواری لێکەوتەوە.

ئاکامێکی دیکەی هاتنی محەمەد ئاغا، وەک لە نامە هاوپێچەکەدا ناردبووم و سەرنجتان داوەتێ، ئەوە بوو، کە بەڵێنی لێوەرگیرا، خۆی بەهاوکاری عوسمان ئاغا (ی گەورک)ەوە نەبەستێتەوە و بۆ خۆی بەتەنیا، بۆ بەرپەرچدانەوەی (هەمزاغا) هەنگاوی شیاو هەڵبگرێ و ئەوەی ڕوون و ئاشکرایشە، تەنیا کەسێک کە هەمزاغا زۆری لێ دەترسێ حسابی لەسەر دەکات، هەر محەمەد ئاغایە. بۆچوونی منیش هاتۆتە سەر ئەوەی کەسێک کە بتوانێ هەلومەرجی زەمینەی کوشتنی هەمزاغا خۆش بکات، هەر بەتەنیا محەمەد ئاغایە و بەس.

ئەمجارە حاڵەتێکم لە محەمەد ئاغادا هاتە بەرچاو؛ کە بۆ سەلماندنی خزمەت و ڕاستگۆیی و باوەڕپێکراوی و ناوبانگی خۆی، ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەللای خۆی دێنێتە کار.

نامەی ژمارە: ١٠٠ (بەشی دوایی نامەکە)

لاپەڕە: ٢٩٦

مێژوو: ٢٧ی جەمادی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٤/٢٧ز

بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام

بەفیداتان بم.

هەر بەو شێوەیەی لە نامەکانی پێشوودا عەرزی بەرێزتانم کرد، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، بەپێی کات و بەلەبەرچاو گرتنی هەندێ بەرژەوەندی، خەڵکی ناوچەی سابڵاخم بەسوارەوە دەنگدا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا، هەموو سەران و پیاوماقووڵانی ئەم ناوچەیە، یەکەم: بۆ خزمەتگوزاریی و دووەم: لەبەر چاولێکەریی و ڕقەبەرییەکی کە لە نێوانیاندا هەیە، پۆل پۆل هێز و توانای خۆیان لە سوارە و پیادە، ئەوەندەی بۆیان کرابێ و بۆیان لوابێ، توانا و

ئامادەیی خۆیان باشتر و زۆرتر بۆ شارۆچکەی سابڵاخ هێناوە.

بۆ وێنە: ڕۆژێک بەڕێز قادر ئاغا (ی دێبوکری)، شەش سەد چەکداری خۆی، بەجلوبەرگی خارا و چەکی بێ وێنەوە، کە هەموویان پەڕی تاوسیان بەسەرەوە بوو، بەوپەڕی ڕێکوپێکی و شان و شکۆوە ڕاگرتبوو. سەرەڕای ئەوەی کە لەم چەند ڕۆژەدا هەموو هێزەکانم یەکە یەکە دیوە، چوار ڕۆژیش لەمەوبەر هەموویان بەسەرۆکەکانیانەوە، لە مەیدانێکی بەربڵاودا - کە کەوتۆتە دەرەوەی شارۆچکەی سابڵاخەوە - کۆبوونەوە و دەستە دەستە و بەو جۆرەی شیاو بوو، ڕاوەستابوون و منیش چووم و تێکڕایانم بینین و لە ڕاستیشدا شیاوی دیتن بوون، کە هەموو جلوبەرگ و چەکی تایبەت بەخۆیان و چوست و چالاک و لەوپەڕی ڕێکیوپێکیدا بوون.

جگە لەوەی کە (١٠٠٠) هەزار کەسێکیشم لە خەڵکی گوندەکان ئیزن داوە، ئێستا (٢٠٠٠) دوو هەزار کەسێک لە شارۆچکەی سابڵاخدا ئامادەن و ئەگەریش پێویست بێت، لە کاتی ڕۆیشتندا[1] (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەسێک ئامادە دەبن... هەر چۆنێک بێت دەنگدانەوەی ئەم کۆڕ و کۆبوونەوەیە، چ بۆ ناوخۆ و چ بۆ دەرەوەی ناوچەکە زۆر بەکەڵک بووە. بەتایبەتی بۆ ئاسانکردنی کاری سەردەشت و ترساندنیان، زۆر کاریگەرە.

پێویستبوونی کاری سەردەشتم لە نامەکانی پێشوودا نووسیوە و ئێستاش عەرزی بەڕێزتانی دەکەم، کە یەکلایی کردنەوە و تەواوکردنی کاری سەردەشت، لە زۆر ڕووەوە، ئەرکی سەرشانە و ڕۆیشتن و سەرکوتکردنی ئەو جەماعەتە، زۆر پێویستە. بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ئاگاداریی و هەواڵانەش کە دەستم خستوون، هەر بەو جۆرەن کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پێم ڕاگەیاندن. ئێستاش بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، عەرزتانی دەکەم، لەو ڕۆژەوەی ئەم کۆمەڵەمان لە دەرەوەی سابڵاخ کۆکردنەوە و سوپای دەوڵەتمان بردە دەرەوەی سابڵاخ و ئەو هەواڵە درۆیانە و بڵاوکردنەوەی بانگەوازنامەکانی شێخی بێدین بەبارێکی دیکەدا کەوتوون و بڕێک لە کردەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەمەڕ ترساندنی شێخ و لایەنگرەکانی، بۆ خەڵکی سەردەشت ڕوون بۆتەوە، هەندێ ئاڵوگۆڕ لە ئاکاریدا ڕەنگی داوەتەوە و ترسیان لێنیشتووە و تا ئێستا یەک دوو کەسیان کەوتوونەتە پاکانەکردن.

بۆ نموونە: ئەم ڕۆژانە خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا، بەجیا جیا نامەیان نووسیوە و لەوە دەچێ بەدوای ناو بریکارێکدا بگەڕێن. چونکە پیاویان بۆ لای قادر ئاغا (ی دێبوکری) و ئەحمەد بەگ ناردووە. لەوە دەچێ لەناو خۆشیاندا ناتەباییان لێ پەیدا بووبێت. بەڵام لە

(١) مەبەستی لە (ڕۆیشتن) بەرەو سەردەشتە، کە هەرگیز و ببڕای ببڕای نەیوێراوە هەنگاوێ بەرەو سەردەشت هەڵبنێ.



هیچ کام لە نامەکانیاندا تەسلیم و ملکەچ بوونی بێ ئەملا و لای خۆیانیان و هاتنیان بۆ سابڵاخ ڕانەگەیاندووە و تەنیا بەڵێنی ناردنی باج و لەو جۆرە بابەتەیان داوە، کە نیشانە و بەڵگەی بێ تاوانییان بێت. بۆیە لێبڕاوم دوو کار بکەم:

یەکەم: بۆ ئەوەی پیاوماقووڵان و سەرانی سەردەشت، ناکۆکییان تێبکەوێ، نامەم بۆ قادر ئاغا و ئەحمەد بەگ و برایم بەگی برای گوڵاوی ئاغا نووسیوە؛ تا هەریەکێکیان لای خۆیەوە، بەجیا جیا نامە بۆ یەکێک لە گەورە پیاوانی سەردەشت، وەک: خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و حاجی عەبدولڕەحمان بنووسن و خۆیانیان لێ بکەنە ناوبژیکار و بۆیان بپاڕێنەوە... بۆ وێنە: قادر ئاغا پشتیوان و لایەنگری خدر ئاغا و ئەحمەد بەگیش پشتگر و ناوبژیکاری پیرۆت ئاغا بێ و لە لایەن خۆیانەوە هانیان بدەن، تا بەپەلە و بێ دواکەوتن بێنەوە... ئەم تەگبیرە هەر لە ئێستاوە بەکەڵک بووە و لە لایەکەوە: خدر ئاغا نامەی بۆ قادر ئاغا نووسیوە و دەستەوداوێنی بووە و پێدەچێ خۆی لە ئەوانی دیکەش هەڵاواردبێ... (٢٠٠) دوو سەد تمەنێک لە باجی بۆ دیاریکراوی خۆی بۆ ناردبوو. لە لایەکی دیکەشەوە: پیرۆت ئاغا دەرگای نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ ئەحمەد بەگ و بایز ئاغا کردۆتەوە و بەڵێنی سەرپشکایەتیی ئەوی کردۆتە جێی متمانەی خۆی. منیش دوو ڕۆژ لەمەوبەر، ڕێ و شوێنم بۆ هەموو ئەو ناوبژیکارانە دیاری کرد و ئەوانیش بەجیا جیا، نامەی بەڵێندان و دڵنیاکردن و دڵخۆشیدانەوەیان نووسیوە و ناردوویانە و تا ئێستا وەڵامی ئەم نامانە نەگەیشتوونەتەوە.

دووەم: بۆ ئەوەی ڕێگەی هیچ بیانوویەک نەهێڵینەوە، سێ ڕۆژ لەمەوبەر برایم بەگی برای ئەحمەد بەگ (کە لە پیاوماقووڵانی ناوچەکەیە) ناردمە سەردەشت و نامەیەکم بەم ناوەرۆکەوە بۆ جەماوەری سەردەشت نووسی و ناردم:

بۆ بەڕێزان قازی و شێخولئیسلام و سەرجەمی زانایان و خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و حاجی عەبدولڕەحمان ئاغا و هەمزاغا و مستەفا ئاغا و هەموو گەورە پیاوان و جەماوەری سەردەشت.

ئاخۆ ئاگاتان لەوە هەیە کە چ ڕێگەیەکتان گرتۆتە بەر و کەوتوونەتە چ ڕۆژێکی ڕەشەوە؟! لەناو هەموو بەرە و هۆزێکدا، با زۆر نەزانیش بن، بەڵام بەلای کەمەوە چوار کەسیان تێدا هەڵدەکەوێ: ڕەش و سپی و ڕێگە و لا ڕێگە لە یەکتر جیا بکاتەوە. تۆ بڵێی لەناو ئێوەشدا کەسێک نەبێت، خراپەی دوایی و ئاکامی شوومی سەرچڵیی ئەم کردەوانەتان پێ بڵێ و ئێوە لە بەڵای نەزانین ڕزگار بکات!؟.

ئەی خەڵکینە. ئەرێ ئەم لێبووردن و چاوپۆشینە بێ سنوورەی پەروەردگار: شای خاوەن

*شکۆتان نەزانیوە، کە بۆ هەموو تاوانباران دەرچووە!؟*

*ئایا هێشتا بۆتان دەرنەکەوتووە، من خۆم تا چ ڕادەیەک چاکەم لەگەڵ ئەم خەڵکە کردووە و دابینکردنی ئاسایشی ئەم خەڵکە، تا چەند تێکۆشاوم و تا چەندیش هیوا و ئارەزووی خەڵک هاتوونەتە دی!؟ ئەوەش کە لە ڕادەبەدەر بۆتە مایەی سەرسووڕمان ئەوەیە، کە ئێوە بێ ئەوەی بەشدارییەکی بەرچاوتان لەو ئاژاوەیەدا بووبێت و تاوانێکی واتان کردبێت، کەچی هەر لە خۆتانەوە خۆتان گورگە کردووە! ئەوە چ ڕۆژە ڕەش و نەهاتییەکە بەسەرتاندا هاتووە و بۆچی دەبێ سۆز و بەزەیی شای خاوەن شکۆ، کە یەکە یەکەی ئەو خەڵکە، بەرۆڵەی خۆی دەزانێ و هەموو بیر و هۆشی بۆ کامەرانی و ئاسایشی ئەوان تەرخان کردووە، ببێ بە ڕق و تووڕەیی؟! ئێوەی مشتێک خەڵکی سەردەشت، خۆتان بە چی دەزانن، کە ئەم کەللەڕەقی و لاسارییەتان کردۆتە دروشمی خۆتان!.*

*بەکورتی ئەوە (٥) مانگە، بەهەموو جۆرێک خەریکی دابینکردنەوە و دڵنەوایی ئێوەین و بۆ ئەوەش کە دەستدرێژییەک نەکرێتە سەر ماڵ و گیانتان و بەو هیوایەش هۆشتان بەر خۆتان بێننەوە، بەنەرمیی و ئارامیی لەگەڵتان جووڵاینەتەوە، بەڵام هیچ کەڵکی نەبووە. ئێستاش بۆ ئەوەی بیانوو بەدەست کەسەوە نەهێڵینەوە، بۆ دوایین جار، پایەبەرز: برایم بەگ -مان لەگەڵ ئەم نامەیەدا نارد و ئەمەش دوایین نامەیە بۆتانی دەنووسین. ئەگەر تا (٣) ڕۆژی تر، دوای هاتنی ناوبراو و گەیشتنی ئەم فرمانە، گوێتان لە فرمانی عەقڵ و هۆش گرت و هەمووتان بەیەکەوە و تێکڕا، بەسەرۆک هۆز و پیاوماقووڵانتانەوە، بێ ئەوەی تاقە کەسێک بەجێ بمێنێ، هاتن و خۆتان خستە تۆپخانەی پیرۆزەوە و بەزمانی لالانەوە و پاڕانەوەوە، داوای لێبووردنتان لە تاوانەکانتان کرد، ئەوە زۆر باش و بەجێیە و ئەم نامەیەش بۆ ئێوە پشتیوانێکە، کە بەتاج و تەختی شای گەورە و خاوەن شکۆتان دەبەخشین و لە تاوانەکانتان خۆش دەبین. ئەگەریش وا نەکەن، ئەوا بەپێی ئەو فرمانانەی دەرچوون، ئاگرێکتان تێبەر دەبێ، تەڕ و وشکتان بەیەکەوە دەسووتێنێ و سزایەکی واتان دەدرێت، لە هیچ شتێکی ئێوە، دەست ناپارێزرێ.*



نامەی ژمارە: ١٠٣ (بەشی دووەم و سێیەمی نامەکە)
لاپەڕە: ٣١٢
مێژوو: ٣٠ی جەمادی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی
٣٠/٤/١٨٨١ز

*بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)*

-٢-

*وەک لە نامەی پێشوودا عەرزم کردووە، لەم ڕۆژانەدا بەرنامەیەکم داناوە، تا زەمینەی ئەوە خۆش بکەم کە گەورە پیاوان و سەرانی سەردەشت لەناو خۆیاندا دووبەرەکییان تێبکەوێ و هەر خۆشیان بێنە بەر باری ملکەچیی... بۆ ئەمەش لە ئاغاکانی ئێرە، وەک: قادر ئاغا و ئەحمەد بەگ و برایم بەگی برای گوڵاوی ئاغام خواست، تا هەریەکەیان بەجیا جیا لای خۆیەوە، نامە بۆ پیاوماقووڵانی سەردەشت بنووسن و خۆیان بکەنە ناوبژیکار و لەمپەری ئەوان. بەرنامەکەش سەری گرتووە؛ چونکە لە لایەکەوە خدر ئاغا نامەی بۆ قادر ئاغا نووسیوە و دەستەودامێنی بووە. لە لایەکی دیکەشەوە پیرۆت ئاغا دەرگای نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ ئەحمەد بەگ و بایز ئاغادا کردۆتەوە. بۆ وێنە: دوێنێ نامەیەکی پیرۆت ئاغا، بەئەحمەد بەگ و بایز ئاغا و برایم بەگ گەیشتووە و بەو جۆرەی کە نووسیوێتی، بەدڵنیاییی ئەوانەدا لەم ڕۆژانەدا بەرەو ئێرە دێت. خۆ ئەگەر ناوبراو بۆ ئێرە بێت (کە لەناو ئەواندا کەسایەتییەکی هەیە)، ئەوا گومانی پتەومان ئەوەیە، کە خدر ئاغا و ئەوانی تریش دوای دەکەون و چاو لەو دەکەن...*

*لەبەر ئەمانە، من کەمێکی دیکەش چوونی سەردەشت دوا دەخەم، تا ئاکامی ئەم بەرنامەم بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئاکامیش هەرچی بێت، بەرودوا بەپایەبەرزتانی دەگەیەنم.*

*بەپێویستیشی دەزانم عەرزتان بکەم، کە گرنگایەتی پێکهێنانی سوپای (لاجان) زۆر پێویستە و کێشەی سەردەشت ببێ، یان نەبێ، ئەو کارە جێی هیچ ڕاوەستان و سێ و دووکردنێک نییە.*

-٣-

*لەبەر ئەوەی دەمێک بوو شوێنی هەمزاغام بەڕاستیی و دڵنیاییەوە نەدەزانی، بۆیە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، سەیید محەمەد ئەمینی کوڕی حاجی سەیید بایزم ڕاسپارد (کە تا*

ئێستا لە جێگەی باوکی ئەمینولشەرعە) ، ئەویش نامەیەکی بەکەسێکدا بۆ هەمزاغا نارد.

دوێنێ، کە پێنج شەممە ، ٢٨ی مانگ بوو ، کەسەکە گەڕاوەتەوە و دەرکەوتووە ، کە ئەم ڕۆژانە هەمزاغا لە دوورترین جێگەی سەر بەخاکی عوسمانییە. لە شوێنێک بەناوی: (قەلادزە) ، کە سەر بەمەڵبەندی (پشدەر)ە و لە ڕابوردوودا شارێکی بەناوبانگ بووە و ئێستا وێرانەیە. لەوێ ڕەشماڵی هەڵداوە و بەدڵەخورپێ و ترسێکی زۆرەوە نیشتەجێیە.

وەلامێکی زۆر کەم و کورتی بۆ سەیید محەمەد ئەمین نووسیبوو ، کە دەقی نامەکەم بۆ خزمەت بەرێزتان نارد. ئەو شتەش کە بەدەمیی بەنامەبەرەکەی وتبوو ، ئەوەیە کە هەر کاتێک شوێنی ژیانی بنەماڵە و هۆزەکەی خۆی، کە ناوچەی مەنگوڕە ، لەگەڵ فەرمانڕەوایی سەردەشتدا پێبدرێت و ئیتر داوایشی لێنەکرێت بۆ لای فرمانڕەوا بچێت ، ئەوا خزمەت دەکات و باجی سالانەی سەردەشتیش ئاوا و ئاوا دەدات.

ئەم قسە بێ تامانەی هەمزاغا ، هەر ئەو قسانەن کە کاتی خۆی لە وەلامی جەنابی سوپاسالاری گەورەدا کردبوونی، کە نامەی ناردبووە لای و دڵدانەوەی دابوو.[1]

بەکورتی، دیارە ئەم قسانەی هەمزاغا بۆ ئەوە نابن گوێیان لێبگیرێ، ئاشکراشە بەم ترس و لەرزەوەی کە لە خراپەکاریی ئاژاوەگێڕییەکانی خۆی هەیەتی، بەهیچ جۆرە دڵنەواییەک، دڵنیا نابێ و مەبەستیش لەم بەرنامە و پیاو ناردنە ، هەر بەدەستهێنانی زانیاریی ڕاستەقینە بوو لە شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی هەمزاغا ، کە بەدەستم هێنا و هەواڵەکەشم بەبەرێزتان ڕاگەیاند و پووختەکەیشی ئەوەیە ، کە بەپیرەوە چوونی سەرومڕی کاری هەمزاغا ، بەیەکلایی کردنەوەی کێشەی سەردەشتەوە گرێدراوە.

نامەی ژمارە: ١٠٤ (بەشی یەکەم و دووەمی نامەکە)

لاپەڕە: ٣١٧

مێژوو: ٢ی جەمادی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٥/١ز

## بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

-١-

دوێنێ عەسر، کە ڕۆژی شەممە و یەکەمین ڕۆژی (جەمادی دووەم) بوو ، نامەی ڕۆژی (٢٥ی جەمادی یەکەم)تانم زیارەت کرد.

(١) وەک دەردەکەوێ پێشتریش خودی سوپاسالاری ئێران (میرزا حسین خان) نامەی بۆ هەمزاغا ناردووە و تەقەللای تەفرەدان و هێنانەوەی بێهوودەی لەگەڵ هەمزاغادا داوە.



هاوپێچ ڕوونووسی تەلگرافەکەی جەنابی پایەبەرز وەزیری کاروباری دەرەوەش، کە ناردبوویان، پێگەیشت و ڕوون بووەوە کە دەوڵەتی عوسمانی، بەپێی بەڵێنە ڕەسمییەکانی خۆی، بەهێزێکی بەرچاوەوە، خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ گرتن و دوورخستنەوەی (شێخ)ی مەلعوون.

دوای زیارەتی نامەکەی بەرێزتان، لە لایەکەوە، یەکسەر چۆنێتی ڕووداوەکە و بەرنامە شێلگیرانەکەی دەوڵەتی عوسمانی، سەبارەت بەهەڵتەکاندنی بنچینەی خراپەکاریی شێخ، بۆ هەموو جەماوەر و شارۆچکەی سابلاخم ڕاگەیاند، لە لایەکی تریشەوە دەمودەست لێکدانەوەی تێروتەسەلم بۆ سەرانی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک و پیاوماقوولانی سەردەشت و ناوچەکانی تر نووسی و وێنەی ڕوونووسی نامەی جەنابی پایەبەرزیشتان و تەلگرافەکەی هێژا:

وەزیری کاروباری دەرەوەشم لەگەڵدا ناردن و جەختی زۆریشم لەسەر ئەوە کرد، کە هەموویان لەوپەڕی هوشیاریی و ئاگاداریدا بن و هەریەکەشیان لای خۆیەوە، ڕێبازگە و ڕێ و شوێنی هاتوچۆی دەوروبەری خۆیان، زۆر توند و قایم بپارێزن، تا ئەگەر (شێخ)ی مەلعوون، ناچار بوو هەڵبێ و هاتە ئەو ناوچەیە، ڕێی دەربازبوونی لێبگرن و خۆی و دارودەستەکەی قۆڵبەست بکەن. دەبێ جەنابی پایەبەرز لەم ڕووەوە و لەم قۆڵەوە ئەرخایەن بن. چونکە ئەوی قایمکاریی پێویست بووبێت، کردوومە و ئەگەر ڕوو لەم لایە بکات، بەیارمەتی پەروەردگار و بەختی شاهەنشا، ڕێی هەلاتنی لەم ناوچەیەوە نییە... نامەبەری پۆستیشم ڕانەگرت و بەپەلە ناردمەوە.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

-٢-

بەپۆستی دوێنێدا، کە کۆتایی مانگی جەمادی یەکەم بوو، عەرزم کردن کە بەهۆی هەندێ بەرنامەوە، دووبەرەکیم لە نێوان سەرانی سەردەشتدا ناوەتەوە و پیرۆت ئاغا و خدر ئاغا؛ کە لەناو ئەواندا زۆر ماقووڵن، بەپەلەپڕووزێ هەوای ئەوە لەسەری داون، کە لە ڕێی ئاغاکانی موکرییەوە دەستەودامێنمان بن. ئێستاش ڕایدەگەیەنم کە قازی سەردەشت و پیرۆت ئاغا ، هەر بۆ ئەم مەبەستە ، دوو ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ برایم بەگ، کە چەند ڕۆژێک پێشتر، بەتایبەتی بۆ سەردەشت ناردبووم، سەردەشتیان بەجێهێشتووە و بۆ ماڵی عوسمان ئاغا هاتوون، تا لەوێشەوە بۆ لای من بێن. خدر ئاغای سەرەک هۆزی گەورکی سەردەشتیش، کە هەواڵی ڕۆیشتنی ئەوانی بیستووە، پیاوی بەدوادا ناردوون و تکای کردووە چاوەنوارِ بن، تا ئەویش بیانگاتێ و لەگەڵیاندا بێت و بەیەکەوە بێن... بەم هۆیەوە

*برایم بەگ لە ماڵی عوسمان ئاغا ماوەتەوە و لە پێش خۆیانەوە حەسەن ئاغای کوڕی پیرۆت ئاغایان ناردووە و هەواڵەکەی هێناوە... منیش کوڕەکەی پیرۆت ئاغام هیوادار کردووە و متمانەم داوەتێ. لە ڕواڵەتدا وا دیارە قازی سەردەشت و خودی پیرۆت ئاغا و خدر ئاغا، سبەی - دووسبەی لەگەڵ برایم بەگدا بگەن و کاتێکیش ئەوانە بێن، (کە لە گەورە پیاوانی سەردەشتن) ئەوانی دیکەش چاویان لێدەکەن و دەستەودامێنمان دەبن و ملیانمان بۆ دادەنەوێنن. خوایار بێ، هەر بەهۆی ئەم تەگبیرانەوە، کێشەی سەردەشت دوایی دێت. بەم درێژە پێدانەشەوە پرکێشیی دەکەم و دەڵێم: لەم هەلومەرجەدا کێشەی سەردەشت ببێت، یان نەبێ، پێکهێنانی سوپای (لاجان) هەر پێویستە.*

*فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.*

نامەی ژمارە: ١٠٦ (بەشی: ١، ٢ و ٤ی نامەکە)
لاپەڕە: ٣٢٣
مێژوو: ٨ی جەمادی دووەم ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٥/٧ز

**بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام**

**-١-**

*نامەگەلی مێژووی ٢٧ی جەمادی دووەم -م زیارەتکردن.*

*سەبارەت بەو کارانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە بۆ گرتن و بردنی (شێخ)ی مەلعوون فەرمووبووتان، بەهەموو لایەک و سەر سنوورەکانیشم گەیاند. تا ئەوانیش لای خۆیانەوە، خاڵە گرنگەکان قایم بکەن و ڕێی دەرباز بوونی شێخ بگرن.*

*چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر، کە نامەی جەنابتان و ڕوونووسی نامەی بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوەم پێگەیشتن، هەر ئەو کاتە، بێ دواکەوتن ئەو باسەم بەهەموو لایەک ڕاگەیاند و ئەو شتەیشی پێویست بوو، نووسیم و ناردم.*

*ئێستاش کە نامەکانی جەنابتان گەیشتوون، دیسانەوە ڕامگەیاندەوە و جەختم لەسەر کردەوە و ئەو نامەیەش کە بەتایبەتی لەم بارەیەوە بۆ محەمەد ئاغای مامەش دەرچووە، بەپیاوی تایبەتی خۆمدا ناردم و لە نامەیەکیشدا پێداگرتنی خۆم لەسەر بابەتەکە، دووپاتە کردۆتەوە. بەو سووربوونەی بەڕێزتان و بەم هەڵسووڕانەی منیش، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی*



*نۆکەرایەتیم، بیری جەنابتان ئەرخایەن بێت، کە بەپشتیوانی خوا و لەژێر سێبەری جەنابتاندا، (شێخ) ناتوانێ لەم ناوچەیەوە دەرباز بێت... بابەتەکانی دیکەش لە نامەی جیا جیادا دەنێرمە خزمەت بەڕێزتان.*

*فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.*

**-٢-**

*نووسیبووتان والی (وان) و ڕاوێژکاری سوپای ئەوێ، لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی، گازەندەیان لەوە کردبوو، کە گوایە لەم هەلومەرجەدا سونییەکانی ئێران گوشاریان لەسەرە و زۆریان لێدەکرێ؛ تەنانەت ڕێگەی نوێژکردنیشیان لێدەگرن. لەم بارەیەشەوە بەپێی فرمانی هومایۆنانە، جەختیان فەرمووە، کە ئەم بابەتە لەبەرچاو بگیرێ و کارێکی وا نەکرێت ببێتە هۆی گلەیی و گازندە. منیش ڕایدەگەیەنم کە لەم ناوچەیەدا بەهیچ جۆرێک شتی وا هەر نەبووە و خۆمیش لە سەرەتای هاتنمەوە بۆ ئێرە، هەتا ئێستا لەم ڕووەوە، واتە: ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و خوێندنگە و بەڕێوەچوونی نوێژی جومعە و جەماعەت و خوێندنی فەقێکانی ئەم ناوچەیەوە، چاودێرییەکی زۆرم کردووە و بۆ پەرەپێدانی ئەم لایەنەش، زۆربەی ڕۆژانی هەینی، بۆ نوێژی جومعە دەچم و هەرچەند ڕۆژ جارێکیش قوتابیانی ئایینی بانگ دەکەم و لەباری دەرس و دەوریان دەپرسمەوە و ژیانیان دابین دەکەم. هەموو ڕۆژانێکی هەینیش قورئان خوێنەکان دەنگ دەدەم بێن و بەقەرایی سەعاتێک قورئان بخوێنن. تێکڕاش هەموو خەڵک و بەتایبەتی زانایان لەم کار و هەڵسووڕان و هەڵوێستانەی من، لەوپەڕی ڕەزامەندیدان و بەهیچ جۆرێک لە کاروباری ئایینیدا سووکایەتی بەکەس نەکراوە و ناشکرێت... دوێنێش، کە نامەی جەنابتان و نامەیەکی تایبەتیش لە بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوە، لەم بوارەدا بەدەستم گەیشتن، هەموو زانایانم بانگ کرد و فرمانی جەنابتانم لەبارەی پاراستن و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ئەوانەوە، پێ ڕاگەیاندن. هەمووشیان شوکرانە بژێریی و دوعایەکی زۆریان بۆ خاکی بەرپێی هومایۆنانە و لە نامەیەکی مۆرکراودا، بۆ خاکی بەرپێی هومایۆنانە نووسیوە و ئەو قسانەشیان بەدرۆخستۆتەوە و بێ بەری بوون و بێزاریی خۆیان لە بەرامبەر (شێخ)ی مەلعووندا دەربڕیوە و ئەو درۆودەلەسانەیان بەدەست هەڵبەستی ئەو: (شێخ) زانیوە، کە هاوپێچ لەگەڵ نامەکەی خۆمدا، ئەویشم بۆ ناردن و چاوتان پێیدەکەوێ، تا لەگەڵ نامەکانی جەنابتاندا، بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بنێردرێ و بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو قسە و چاو و ڕاوانە و تێگەیشتنی باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانیش زۆر بەکەڵکە.*

*فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.*

-٤-

بەو تەگبیرانەی بەکارم هێناون و ئەو کارانەی زەمینەم بۆ خۆشکردوون، بەپشتیوانی خوا و لەژێر سێبەری بەڕێزتاندا، کاروباری سەردەشت بەخێر و خۆشیی و بێ کەندوکۆسپ بەڕێوە دەچێ و کارەکەش بەدوور و درێژیی ئاوایە:

وەک لە نامەکانی پێشوودا عەرزم کردوون، لە لایەکەوە هەواڵی چوونی خۆمم لەگەڵ سوپای دەوڵەت و جەماوەری ناوچەکە، بۆ سەردەشت بڵاوکردۆتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە برایم بەگی ئەحمەد بەگم بۆ سەردەشت ناردووە و نامەیەکیشم پیایدا ناردووە و تیایدا چوونی خۆم و هەندێ بڕیار و بەڵێنم پێڕاگەیاندوون. جگە لەوەش تەگبیرێکی دیکەم کردووە و محەمەد ئاغای مامەش و قادر ئاغا و ئەحمەد بەگ و برایم ئاغای برای گوڵاوی ئاغا و بایز ئاغای ئامۆزایم ڕاسپاردوون، تا نامە بۆ خدر ئاغا و پیرۆت ئاغای گەورک و هەمزاغای پراچی و جوامێر ئاغای ملکەری و گەورە پیاوانی تری سەردەشت بنووسن و هەمووشیان لە لایەن خۆیانەوە نامەی دڵخۆشیدانەوە و پاراستن و پەڕاندنەوەیان بۆ نووسیون و ناردوویانە و تێکڕاش ئەم کارانە زۆر بەکەڵک بوون.

دوا بەدوای چوونی برایم بەگ و ڕاگەیاندنانی (ئاگادارینامە)کە، زۆربەی سەرانی سەردەشت، نامەی پاڕانەوە و لاڵانەوە و داوای لێبووردن و دەربڕینی خزمەت و ملکەچ بوونی خۆیان نووسیوە و لە ڕێی بەڕێز: مەلا حسینی قازی سەردەشتەوە ناردوویانە. سەرەڕای ئەمەش (خدر ئاغای گەورک - کە سەرۆک هۆزێکی ئەم ناوچەیەیە و لە شان و شکۆدا، هاوشانی محەمەد ئاغای مامەش و گەورەترین سەرۆکی ناوچەی سەردەشتە)، لەگەڵ پیرۆت ئاغای برای عوسمان ئاغا و ڕەشید ئاغا و حەسەن ئاغا و هەباس ئاغادا، کە هەموویان خزم و کەسوکاری یەکترن و لە پیاوانی ناسراوی سەردەشتن، لە ڕێی کەسانی ناوبراوەوە، بۆ لێخۆشبوون هاتنە سابڵاخ و سەردانمیان کرد؛ ئەوەندەی پێم کرا دڵنەوایی و سۆزم بەرامبەر نواندن و بەچاکە و پیاوەتی و لێبووردوویی شای خاوەن شکۆ، هیوادار و دڵنیام کردن و خەڵاتم پێدان. بەتایبەتیش ڕۆژێک لە کاتی سواریدا، بەبۆنەیەکەوە دەمانچەیەکی ڕۆڵوێری ئینگلیسی زۆر نایابم پێشکەش بەخدر ئاغا کرد... بەکورتی زۆر دڵخۆش و هیوادار بوون. بەو هۆیەشەوە کە هەمزاغای پراچی و جوامێر ئاغای ملکەری و مستەفا ئاغای ئالان -یش لە ناوچەی سەردەشتدا، هۆز و خزمیان هەیە، وام بەچاک زانی خدر ئاغا و پیرۆت ئاغاش لای خۆیانەوە، پیاو بۆ سەردەشت بنێرن و باسی ئەو هێزە بکەن، کە لە سابڵاخ دیویانە و چۆنێتی پەنادان و لێخۆشبوونی خۆیشیان بۆ خزم و کەسانی ناوبراو بگێڕنەوە و داوا لەوانیش بکەن سەردانی سابڵاخ بکەن.



ئەمڕۆش سێ ڕۆژە، پیاوەکانی خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا ڕۆیشتوون. ئەگەرچیش دەزانم پیاوانی ناوبراو، بەهۆی پێشینەی هاودەنگ بوونیانەوە لەگەڵ هەمزاغای نارەسەن و هەڵکەوتی ناوچەکەشیان لە شوێنە دوورەکانی سنووری سەردەشتدا، چاوەنوارییەکی ئەوتۆیان بۆ خزمەتکردن لێناکرێ و زۆریش جێی متمانە نین، بەڵام بەلای زۆرەوە پێمان وایە بەهاتنەوەی خدر ئاغا، کە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەسەر ئەوانیدا هەیە، ئەوانیش دڵنیا بن و بێنەوە و بەئامادە بوونی هەمووشیان بڕیاری پێویست بۆ کاروباری سەردەشت بدرێ. خۆ ئەگەر دڵنیایی نەسازێ و نەهاتنەوە، بەبوون و هاتنەوەی خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و لە هەمان کاتدا کە عوسمان ئاغاش لەگەڵ خۆمانە، هاتنەوە و نەهاتنەوەی ئەوان، بۆ ئەوە نابێ زۆر بەگرنگ بگیرێ و ئیتر بۆ ڕاپەڕاندن و تەواوکردنی کێشەی سەردەشت، کەندوکۆسپێکی وامان لە سەرەڕێدا نامێنێ.

لە کۆتاییدا و بەو پێشەکییانەی عەرزی جەنابتانم کرد و بەو هەلومەرجانەی بەچاودێریی شای خاوەن شکۆ بەدیهاتوون، وای بەچاک دەزانم جارێ چوونی خۆم، لەگەڵ سوپای دەوڵەت، بۆ سەردەشت دوا بخەم و برایم ئاغای برای گوڵاوی ئاغا، بەحاکمی سەردەشت هەڵبژێرم. لە سەرەتاشدا (٣٠٠-٤٠٠) سەرباز و (٧٠) سوارەی دەوڵەتیی لەگەڵدا بنێرم و بڕیار و بەڵێنیشمان لەگەڵ خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا، کە خۆیشیان لە ئەستۆیان گرتووە و پەسەندیان کردووە، ئەوە بوو کە خۆیان پێش هێزەکە بکەون و فرمانڕەوای تازە و سەرباز و سوارەی دەوڵەت بۆ سەردەشت بەرن و دایانمەزرێنن و باجی پێشینە و ئاییندە و (٥٠٠) پێنج سەد تمەن (پێشکەشیی)ش، کە بەڵێنیان داوە بیدەن؛ بەهەر جۆرێکیش بووە، دەبێ بۆ گرتن و لەناوبردنی هەمزاغاش ئەوپەڕی ملکەچیی و خزمەتی خۆیان بنوێنن.

ئەوانە، ئەو بەرنامانە بوون کە بۆ کێشەی سەردەشت لەبەرچاو گیراون و ئەو شتانە بوون، کە بۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاری سەردەشت، بەباشم زانیون و پێشەکی پێم ڕاگەیاندوون و چاوەنواڕی مۆر و فرمانی شای خاوەن شکۆم.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

نامەی ژمارە: ۱۰۷ (بەشی: ۲ و ٥ی نامەکە)
لاپەڕە: ۳۳٥
مێژوو: ۱٦ی جەمادی دووەمی ۱۲۹۸ کۆچی
۱۸۸۱/٥/۱٥ز

## بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

-۲-

بەپۆستی پێشوودا عەرزم کردبوون، کە دوای هاتنی قازی سەردەشت و خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و چەند کەسێکی تر لە پیاوماقوولانی سەردەشت بۆ سابڵاخ، بەپێشنیاری من، لە لایەن خۆیانەوە پیاوی تایبەتییان بۆ سەردەشت نارد و نامەیان بۆ هەمزاغای پراچی و جوامێر ئاغای ملکەری و دوو - سێ کەسی دیکەی ناسراوانی سەردەشت نووسی و داوایان لێ کردبوون سەردانی سابڵاخ بکەن.

دوای ئەوەی لە سەردەشت نامەکەیان گەیشتێ، هەموویان کۆبوونەوە و لە وەڵامی خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و ئەوانی تردا، نامەیەکیان نووسی و تیایدا داوای لێبووردنیان کردبوو، کە ناتوانن بۆ سابڵاخ بێن و وتبوویان مادام ئێوە لەوێن، ئیتر هاتنی ئێمە پێویست ناکات لەم ڕووەشەوە بەتایبەتی نوێنەرایەتی بێ چەند و چوونی خۆیانی بەپیرۆت ئاغا سپاردووە و وتوویانە هەر بڕیارێک ناوبراو بیدات و هەر ئەرکێک ئەو لە ئەستۆی بگرێت، ئێمەش پەسەندمانە...

جگە لەو وەڵام نامەیەی کە بۆ ئەوانەیان نووسیبوو، نامەیەکیشیان بۆ من ناردبوو، بریتی بوو لە دەربڕینی ملکەچی و ئەوپەڕی توانای خۆیان بەرامبەر بەم کەمینەیە و هەر لەم نامەیەشدا داوایان کردووە ئەو پارەیەی کە چەند ساڵێکە. جیا لە باج لێیان سەندراوە، چاوی لێ بپۆشین و لێیان نەسێنین.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە و ئاگاداری بەڕێزیشتان، لە بنەڕەت و کاکڵی ئەم داواکارییەی خەڵکی سەردەشت، ئەوە عەرز دەکەم: ئەم کەمکردنەوەیەی کە داوایان کردووە، بڕی (۱٥۰۰) هەزار و پێنج سەد تمەنە و پێوەندی بەباجی دیاریکراوی دەوڵەتییەوە نییە؛ بەڵکو ئەمە پارە و باجێکە، کە لە سەرەتادا خوالێخۆشبوو: سەرداری گشتی بڕیاری لەسەرداوە. لەو کاتەشەوەیە کە عەلی خانی کوڕی لەوێ فرمانڕەوا بوو، ئەم زیادەیەی وەردەگرت و هیچ کاتێکیش ئەم پارەیە تێکەڵاوی پارەی دەوڵەتی نەکراوە و لەم ساڵانەی دواییدا هەموو فرمانڕەواکان ئەم پارەیەیان بۆ خۆیان وەرگرتووە. ئێستاش



دەرفەتێکی وا ڕەخساوە و بەبۆنەی گرانی و قاتی و قڕپی پار و پێرارەوە، کە زۆر شپرزەی کردبوون، داوای هەڵگرتنیان کردووە.

دوای گەیشتنی ئەم نامانە و ئاگادار بوون لە داروباری خەڵکی سەردەشت، خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و هاوڕێکانیان، لەگەڵ محەمەد ئاغای کوڕی عوسمان ئاغا (کە تازە گەیشتبوو)، چەندانێکی تریش لە سەرانی موکری، کە ببوونە ناوبژیکار و زامنیان، بانگم کردن و پێم وتن: چونکە لێبووردن و چاکەی لە بن نەهاتووی شای خاوەن شکۆ، هەمووتانی گرتۆتەوە، تەنگتان پێ هەڵناچنم و داوا دەکەم لوتف بفەرموون ئەم پارە زیادەیە لە خەڵکی سەردەشت نەسێنن. بەڵام بەجێگەیاندنی ئەم داواکارییانەشیان، بەچەند برگەیەکەوە بەندە، کە هەموویان ئامادەن، چ خۆیان و چ لەجیاتی خۆیان ئەم برگانە جێبەجێ بکەن و بەگوێرەی ئەوەش، بەشایەتیی پیاوماقوولان و سەرانی موکری، کە دەبنە پشتیوان و زامنتان، بەڵگەی دەوڵەتی و بەڵێنمان بدەنێ... لەبەر ئەمە ئەو مەرجانەی بۆ کاری داهاتووی سەردەشت، بەپێویستم زانیون و یادداشتم کردوون، یەکە یەکە خوێندمنەوە و لە هەموویانم گەیاند، هەمووشیان بەخواست و ئارەزووی خۆیان، ئەو مەرجانەیان پەسەند کرد و هەر لەو کۆبوونەوەدا نامەی پەیمان و بەڵێنیان نووسی و هەمووشیان مۆریان کرد و لێم وەرگرتن، کە هاوپێچ ڕوونووسەکەیم بۆ بەرچاوی جەنابتان نارد، تا سەرنجی بفەرموون و بزانن ئەم کەمینەیە، ئەو کارانەی کردوومە، هەر بەو جۆرەی کە لە خەیاڵی مویارەکی هومایۆنانەدا ڕەنگی بۆ دەڕێژرا و مەبەستی پایەبەرزیشتان بوو، بەپشتیوانی خوا، کاروبار و کێشەی سەردەشتم بەئاسانی و بەرنامەی شیاو ئەنجام داوە و ئێستاش بۆ بەجێگەیاندنی فرمان و تەواوکردنی کاری سەردەشت، بیروبۆچوونی خۆم بەدوور و درێژیی بەم جۆرە عەرز دەکەم:

یەکەم: ڕێگە بفەرموون بۆ بنەبڕ کردنی بەهانە و هیوادارکردن و دڵخۆشیدانەوەیان، ئەم بڕی (۱۲۰۰) هەزار و دوو سەد تمەنە، چاوپۆشیی بفەرموون، کە هیچ زیان و ئاڵوگۆڕێک بەسەر بڕی ئەسڵی باجەکەی دەوڵەتدا ناهێنێ. سا ئیتر ئەگەر من فرمانڕەوای ئێرە ببم، یان یەکێکی تر، با بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەت، چاو لە قازانجی تاکە کەسی خۆمان بپۆشین.

دووەم: ئەگەر تا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، لەبەر چەند هۆیەک پێم وابووبێت، کە دەبێ بەرپرسێکی تازە بۆ سەردەشت بنێرم، بەڵام چ ئەم چەند کەسەی بۆ ئێرە هاتوون و چ ئەوانەی لەوێ ماونەتەوە، پێیان خۆشە هەر عوسمان ئاغا بەرپرسی سەردەشت بێت. منیش پێم وایە مانەوەی ناوبراو، وەک لێپرسراوی سەردەشت، هیچ زیانێکی بۆ پەزەکان

نییه. بۆیه بۆ دڵنیایی تەواوی ئەوانیش، وا چاکه هەر عوسمان ئاغا فرمانڕەوای ئەوێ بێت.

سێیەم: ڕێگه بفەرموون؛ خۆشەویستی جەنابتان: سەرهەنگ خەلیل خان بەهەموو سوپای (٧) لەگەڵ خدر ئاغا و پیرۆت ئاغا و گەورەپیاوانی تردا، (که لێرەن) بنێرمه سەردەشت. ئەم پیاوانه هەروەک بەڵێنیان داوه له هەموو جێیەک بکەونه پێش لەشکرەکەوه و بەوپەڕی ڕێزەوه لەگەڵ خۆیاندا، تا ناو شاری سەردەشتی دەبەن. تا ئەو کاتەش که سوپا بەجوانی و بەتەواویی لەوێ جێگیر دەبێ، هەر لەوێ بمێننەوه و خەریکی دابینکردن و پاراستنی شارەکەش دەبن.

له دامێنی ئەم خاڵەدا، ئەوەش عەرز دەکەم، که له ناردنی سوپادا بۆ سەردەشت، هیچ دوودڵ مەبن، چونکه کاتی له ئێستا باشتر و لەبارتر هەڵناکەوێ. ئەم پیاوگەلەش که ئێستا لێرەن، دەڵێن چونکه ئێمه قۆڵی خزمەتمان هەڵماڵیوه، بۆ سەلماندنی خزمەتگوزاریی و گوێڕایەڵیی خۆمان، تا ئەو کاتەی پیاوی دەوڵەت لەگەڵ خۆماندا نەبەین، ناڕۆین...

بەکورتی، ناردنی دەستەیەک سەرباز، بۆ تەواوکردنی کاری سەردەشت، مەرجێکی زۆر پێویسته. لەبەر ئەوەش لەژێر سێبەری شای خاوەن شکۆدا، کێشەی سەردەشت گەیشتۆته ئەم ئاسته، داوا له جەنابتان دەکەم بەگەیشتنی ئەم نامەیه، هەواڵەکه بەبرووسکه، بەخاکی بەرپێی شای خاوەن شکۆ ڕابگەیەنن و ئەگەر بەتەتەری تایبەتیشدا بووه، فرمان و چۆنێتی کاری من، بۆ تەواوکردنی کێشەی سەردەشت، دیاری بکرێ و بەپەله بنێردرێ. ئەم کارەش تا زووتر بکرێ و ئەم پیاوانەش (که هاتوون) تا زووتر ڕێگەی گەڕانەوەیان پێبدرێت، باشتره.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمه.

-٥-

وەک پێشتریش عەرزم کردبوون، دوای گەیشتنی نامەکانتان، بەسەرانی قەرەپاپاغ و محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک -م ڕاگەیاند، که هەریەکەیان لای خۆیەوه، دەبێ شوێنه سەرەکی و گرنگەکان و ڕێی هاتوچۆی ئاسایی و نائاسایی قایم ڕابگرن و ڕێی دەربازبوونی شێخی نەفرەتی له هەموو لایەکەوه بەربەست بکەن. له هەمووشیانەوه وەڵامی پەسەندکردنی ئەم خزمەته و بەڵێنی گرتن و قۆڵبەست کردن و ڕێگرتن له هەڵاتنی (شێخ)، گەیشتۆته دەستم و سەرجەمی ئەم وەڵامانەشم بۆ خزمەتتان ناردووه... هەروەک سەرنج دەفەرموون، هەموو سنوور پارێزان لەوپەڕی وریایی و لەخۆبووردییەوه، ئامادەی پارێزگاریی و پاراستنی شوێنه گرنگەکان و بەربەستکردنی



هەڵاتنی (شێخ)ی نەفرەتین. ئەم کار و خزمەتەشیان بەڕەزامەندیی و خواستی خۆیانەوه له ئەستۆ گرتووه... بەڵام ئەو شتەی که بۆته هۆی سەرسووڕمان، ئەوەیه، که دەوڵەتی عوسمانی بەو هەموو پەیمان و بەڵێنانەی بۆ گرتن و گواستنەوه و دوورخستنەوەی (شێخ ) دابووی، تا ئێستا کردەوەیەکییان نەنواندووه و ئەم جۆره پشتگوێ خستن و دواخستنەی ئەو دەوڵەته، بۆ لابردن و نەهێشتنی ئەم مایەی فیتنەیه، سەرەڕای ئەوەی بۆته هۆی ئەوەی چاوەنوارییەک بۆ دەوڵەتی خۆمان و خەرجێکی یەکجار زۆری له ڕادەبەدەر.. ئەگەر تا چەند ڕۆژێکی تر، کارێکی بەڕاستی و توندوتیژ، بۆ گرتن و دوورخستنەوەی شێخی ئاژاوەگێڕ نەکرێت، ئەوا دیسانەوه فکر و خەیاڵاتی شەڕانی و بۆگەنی داروودەستەی شێخ، هێز و گوڕی تێدێتەوه و هێمنایەتی ئەم ناوچەیەش دەشێوێت.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمه.

نامەی ژمارە: ١١٣

لاپەڕە: ٣٨٦

مێژوو: ٢ی ڕەجەبی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٥/٣١ز

بۆ: عەلائولدەوله - ئەمیر نیزام - له تەورێز

بەسەرگەرتان بم.

بەڕێز (نەورۆز خان) ئەفسەری کێشکچیخانەی موبارەک، که له ڕواڵەتدا بۆ سەردانی سوپا و ئەحواڵپرسی بەرپرسان و کاربەدەستان و له ناوەرۆکیشدا بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی لەسەر جێ و شوێن و داروباری ئێستای شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئێره نێردرابوو، دوێنێ که سەرەتای مانگی ڕەجەب بوو، گەیشت و چاومان بەنامەی جەنابتان ڕوون بووەوه. ناوبراو هەروەک پێی سپێردرا بوو، چاوی بەسوپا کەوت و ئەوەندەش توانرا، دەنگوباس و داروباری شێخی چنگ کەوت و بەخزمەت ئێوەی دەگەیەنێ.

سەبارەت بەوەی نووسیبووتان لەوێ وا قاوه، گوایه شێخ عوبەیدوڵڵا هەڵاتووه، ئەوه دڵنیا بن که ئەوه هەواڵێکی ناڕاست و بێ بناغەیه، چونکه ئەگەر شتی وا ببوایه، من دەمزانی. له کاتێکدا زۆربەی کات و ساتی خۆم بۆ بەدەستهێنانی هەواڵی چۆنێتی کاروباری (شێخ) و (هەمزاغا) و ئاکامی کردەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەرخان کردووه و له ڕێگەی هەمه جۆرەوه، سیخوڕ و جاسووس بۆ ئەملا و ئەولای وڵات دەنێرم و هیچ

کاتێک بێ هەواڵ نیم، بۆیە ئەگەر شتی وا ببووایە، دەستبەجێ هەواڵی پێویستم بۆ دەناردن.

بەکورتی جگە لەو هەواڵانەی لەو چەند ڕۆژەی پێشووترەوە دەربارەی شێخ هەمبوون، لەم ڕۆژانەشدا (برایم ئاغا) کە سەرەک هۆزێکی ئێرەیە، ڕامسپارد تا نامەیەکی تایبەتی بۆ (محەمەد ئاغا) و (جیهانگیر ئاغای بنیاری) بنووسێ، کە لەگەڵ شێخی مەلعوون دوژمنایەتی کۆنیان هەیە و هیچ کاتێ لە هەواڵی شێخ بێ ئاگا نین، بۆ ئەوەی دەنگوباسی شێخ و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بەشێخ هەڵسەنگێنێ. برایم ئاغاش نامەیەکی تێروتەسەلی لەم بارەیەوە بۆ نووسیون و ئەو وەڵامەش کە لەوانەوە پێی گەیشتوون، بۆ خزمەت بەڕێزتانم نارد.

وەک سەرنج دەفەرموون، ئێستا شێخی مەلعوون لە گوندی (نەهری) و لە ماڵی خۆیەتی. ئەو کارانەش کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی بەڵێن و بڕیارەکانی خۆی کردوویە، بەم جۆرەیە: هەشت تابوور سەربازی بەسەرۆکایەتی مووسا پاشا ناوێک ناردۆتە ئەو ناوچەیە و لەو هەشت تابوورە، یەکێکیان چۆتە بارەگاکەی شێخ و لەگەڵیدا دەستیان بەپرسیار و وەڵام کردووە و ئەو داوایانەی لێیان ویستووە، ئەمانە بوون:

یەکەم: باج و سەرانەی دوو ساڵەی هۆزەکانی عوسمانی، کە شێخ بۆ خۆی وەریگرتووە، بەدەوڵەتی بداتەوە.

دووەم: ئەو زیانانەی کە بەهۆی ئاژاوەکەی ساڵی پارەوە، لە دانیشتوان کەوتووە، ببژێرێت.

سێیەم: لەو سنوور و ناوچەیە نەمێنێ و بچێتە ئەستەموول و تا کاتی نووسینی ئەم نامەیەم نازانرێ ئاکامی پرسیار و وەڵامی نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ شێخدا بەکوێ گەیشتووە و هەر ئەوەندەی دەنگوباسمان بگاتێ، دەستبەجێ بۆتانی دەنێرین.

فرمانی جەنابت لەسەر سەرمە.

لە لایەکی تریشەوە، بەگوێرەی هەواڵێکی تر، کە ڕاستە و پێمان گەیشتووە؛ لەم ڕۆژانەدا هەمزاغا و (کاکەڵڵا)ی برای لێیان بووە بەناخۆشی و مشتومڕێکی وا، کە دەستیان لە یەکتر داوەتە چەک و کوڕێکی هەمزاغاش بریندار بووە. بەو جۆرەش کە نووسیویانە، هەردوو لا خۆیان بۆ تێکهەڵچوونێکی دیکە تەیار دەکەنەوە.

جارێ هەر ئەم هەواڵەم بەکورتی عەرز کردن، دواتر بەتێروتەسەلیی باسی دەکەم و هەر تێکهەڵچوونێک لە نێوان ئەم دوو برایەدا ڕوو بدات، دەبێتە هۆی لاوازیی هەمزاغا.



نامەی ژمارە: ١١٥
لاپەڕە: ٣٩٥
مێژوو: ٧ی ڕەجەبی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٦/٥ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

ئەو نامانەی بەمێژووی پێنج شەممە: ٨ی مانگ نووسرابوون، زیارەتمان کردن.

لەبارەی ناردنی سوپای حەوتەم، بەفرماندەیی خەلیل خانی سەرهەنگ و ئەوەی کە ناردنی ئەم لەشکرە و جێبەجێکردنی سەرلەبەری کاروباری ئەم ناوچەیە، خراوەتە ئەستۆی من و بەمن سپێردراوە، وەک پێشتریش عەرزم کردن، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و پاراستنی سنوور و دڵنیا بوون لە هێمنایەتیی ناوچەی موکری، ناردنی سوپا بۆ سەردەشت، کە لە شوێنە گرنگەکانی ئەم هەرێمەیە، زۆر بەپێویست دەزانم، بەتایبەتی کە ترسان و تۆقانی خەڵکی سەردەشتم لە چەندان ڕووەوە نەهێشتووە و پیاوماقووڵانی سەردەشت، بەڕەزامەندیی و پێخۆشبوونی خۆیان لەگەڵ سوپا بۆ سەردەشت دەچنەوە... لەم هەلومەرجە لەبار و سازەشدا ئەگەر نۆکەرێکی دەوڵەتیی وەکو من، بۆ سەردەشت نەچێ، وەک ئەوە وایە کاروبارێکی زۆر چاک لە دەست چووبێ... لەبەر ئەوەی چوونی سەردەشت بەپێویست دەزانم، هەر ئەو کاتە ویستم لەشکر بنێرم، بەڵام چونکە لە هەفتەی ڕابوردوودا فرمانتان پێکردبووم کە ڕێگەم نەدەن و نەچم، ئەوە بوو منیش چوونەکەی سەردەشتم دوا خست، ئێستاش کە ئێوە مۆڵەتتان فەرمووە، هەر لەم ڕۆژانەدا (خەلیل خانی سەرهەنگ)، کە پیاوێکی وریا و ئازایە، لەگەڵ سوپای حەوتەم، بەفرمان و ڕێ و شوێنی ڕوونەوە بۆ سەردەشت دەنێرم... لەبەر ئەوەی پێشتریش عەرزم کردبوون و گومانی تێدا نییە و ئەوپەڕی دڵنیایی لەوەدایە، کە سەرجەمی هۆزەکانی سەردەشت، بەرەو پیری لەشکرەوە دێن و لەوپەڕی ڕێزدا بۆ سەردەشتی دەبەن، ئەم نۆکەرەشتان بێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک لە سەردەشت جێگیر دەبم. بۆ ئاگاداریی بەڕێزیشتان ڕایدەگەیەنم بەو هۆیەوە کە لە دەمێکەوە سەرانی سەردەشت لێرەن، بۆیە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر خدر ئاغا و ڕەشید ئاغا و قازی سەردەشتم ئیزن دان بۆ سەردەشت بگەڕێنەوە و پیرۆت ئاغا و محەمەد ئاغای کوڕی عوسمان ئاغام لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا گلداونەتەوە، تا لەگەڵ لەشکرەکەدا بیاننێرم.

بەکورتی، بەشان و باڵی خۆمدا هەڵناڵێم، بەڵام لێتان شاراوە نەبێ، کە تەواوکردن و نەهێشتنی کێشەی سەردەشت، بەم ئاسانی و بەم چاکییە، لەژێر سێبەری (شا) و یارمەتی و هاوکاری جەنابتاندا ئەنجامدراوە. فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

نامەی ژمارە: ١١٦
لاپەڕە: ٤٠٤
مێژوو: **١١ی ڕەجەبی ١٢٩٨ کۆچی**
**١٨٨١/٦/٩ز**

**بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام – لە تەورێز**

(شەوی پێنج شەممە: ١١ی مانگی ڕەجەب، کە سوارەکانی هەوشار گەیاندوویانە)
بەفیداتان بم.

ئێستا، کە دوو سەعاتی ماوە بۆ ئێوارەی چوار شەممە: دەی مانگ، بەهۆی جاسوولگەل و خەڵکێکی زۆری دیکەوە، کە بۆ دەوروبەرم ناردبوون، هەواڵی ڕوون و ڕاستم بەنووسین و بەدەمیی پێگەیشتوون کە: ڕۆژی شەممە، (٦)ی مانگ، مووسا شا بە(٣) تابوور سوپاوە چوونەتە بارەگاکەی (شێخ) و گرتوویانە و دەستبەجێ بەرەو (وان)یان بردووە، تا لەوێشەوە بۆ ئەستەموولی ببەن. بەو جۆرەش کە ڕوون بۆتەوە کوڕەکانی شێخ هەڵاتوون و نێردراوانی دەوڵەتی عوسمانیش بەدوایاندا دەگەڕێن، تا بیانگرن و لەگەڵ شێخدا بیانبەن.

بەگشتی، سوپاس بۆ خوا و لە بەختی گەورەی شاهەنشا (ڕۆحم بەقوربانی بێت) و یارمەتی جەنابتان، ئەم زاتە شەڕانیی و بەدفەڕەش لەناو چوو... ئەم هەواڵەش، ئەمیری ئەمیران: ئیعتیماد سەڵتەنە ناردوویەتی، کە لەوێوە نزیکترە. بەڵام لەسەر من پێویست بوو، کە دەستبەجێ هەواڵ و ئاگادارییەکانی خۆم، بۆ جەنابتان بنێرم.

ئەم سوارە، کە لە سوارەکانی هەوشارە، بەتایبەتی بۆ ئەوەم لە ڕێگەی (بناو)ەوە ناردووە، تا ئەم هەواڵەتان بگەیەنێتێ.

ئێستاش کە بیروهۆشی جەنابتان و نوێنەرانی دەوڵەت لەم بارەیەوە ئەرخایەن بوون، پێویستە لە بیری کەمکردنەوەی سوپای سنوور و کەمکردنەوەی خەرج و مەسرووفات و ئاوەدانیی ناوخۆدا بن.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.



نامەی ژمارە: ١١٨ (بەشی: ٢، ٤، ٥ی نامەکە)
لاپەڕە: ٤٠٩
مێژوو: **١٥ی ڕەجەبی ١٢٩٨ کۆچی**
**١٨٨١/٦/١٣ز**

**بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)**

-٢-

ماوەیەک لەمەوبەر والی (وان) و ڕاوێژکاری سوپای ئەوێ، نامەیەکی گلەیی و گازندەیان بۆ باڵوێزی عوسمانی نووسیبوو، تیایدا وتبوویان ئێستا لە ئێران، ئەهلی سوننەت دەچەوسێنرێنەوە و زۆر بێزار دەکرێن و لە پەیڕەوکردنی کاروباری ئایینی خۆیان و نوێژکردندا ڕێگەیان لێدەگیرێ. بەڕێزیشتان فەرمووتان ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگیرێن، تا نەبنە هۆی گازندە و ناڕەزایەتی خەڵک.

منیش هەر ئەو کاتە زانیم ئەمە کاری شێخی مەلعوونە و بۆ درۆخستنەوە و ڕەواندنەوەی ئەم درۆودەلەسانەش، نامە و نووسراوی زانایانی ئەم شارۆچکەیەم ناردە خزمەت جەنابتان، کە تیایدا ئەم قسانەیان بەدرۆخستبۆوە؛ تا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بنێردرێ. چونکە جگە لە ئاگادارکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، کەڵکی دیکەیشی زۆرە و ئێستاش وەک دەرکەوتووە، ئەو نامەیە بەرئەنجامی باشی هەبووە و هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو نامەیەشدا، دەوڵەتی عوسمانی شێخیان بەدرۆخستۆتەوە و بڕوایان بەقسەکانی نەکردووە... بەڵگەی بەڕاست دەرچوونی ئەم بابەتەش ئەوەیە، کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر شێخی مەلعوون، مووریدێکی خۆی بەناوی: میرزا مەحموودی سابڵاخی ڕاسپاردووە (کە ئێستا لە ترسی کردەوەکانی خۆی، خۆی لە بانە شاردۆتەوە) و وتوویە ئەو نامەیەی خەڵکی سابڵاخ، کارەکەی لە من شێواندووە و ئەگەر بۆی بکرێ، با نامەیەکی پێچەوانەی ئەو نامەیە، بەمۆری چەند کەسێکەوە ئامادە بکات و بینێرێ.

میرزا مەحموودی ناپاکیش، کە ئێستا لە (بانە)ی کوردستانە، چەند کەسێکی ڕاسپاردووە و تکای لێکردوون: کە دەبێ نامەیەک لە دژ و بەپێچەوانەی ئەو نامەیەوە، بەمۆری چەند کەسێکەوە وەربگیرێ و بنێردرێ... بۆ ئەمەش ئەم کەمینەیەیان لەو بارەیەوە ئاگادار کرد. منیش بەپێویستم زانی هەواڵەکەتان عەرز بکەم.

خوا یار بێ لەم ڕۆژانەدا بەهەر شێوەیەک بێت، میرزا مەحموودی ناپاکیش دەسگیر دەکەم.

**-٤-**

ئیتر هیچ گومان و دوودڵییەک بۆ ناردنی سوپای حەوتەم بۆ سەردەشت نەماوە. لەبەر ئەوەش لە سەردەشت دەغڵودان یەکجار زۆر کەمە و دەست ناکەوێ، بۆیە بۆ ئەوەی لەوێ تووشی گیروگرفت نەبن، چوار ڕۆژ لەمەوبەر، بەشی مانگێک گەنم بۆ خواردن بۆ بارکردن و بەر لە چوونی لەشکر، بۆ سەردەشتم ناردووە و پێداویستییەکانی دیکەشم بەتەواوی ئامادە کردووە. خوا یاربێ هەر لەم هەفتەیەشدا (خەلیل خانی سەرهەنگ) بەفرمانی پێویستەوە بۆ سەردەشت دەنێرم.

فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

**-٥-**

نووسیبووتان شێخ سدیق و شێخ قادری کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵای مەلعوون هەڵاتوون و کەسیش نازانێ بۆ کوێ چوون و بەسەرانی عەشایەری ئەم ناوچەیە ڕابگەیەنم، تا ئاگادار بن و هەر کاتێ ڕوویان لەم ناوە کرد، بیانگرن. منیش لەسەر فرمانی جەنابتان پیاوم بۆ هەموو لایەک ناردووە و بەهەموو بەرپرسان و سنووروانانم ڕاگەیاندووە، تا ئەگەر سنووری عوسمانییان بەزاند، بێ سێ و دوو لێکردن و ئەملا و لا ، قۆڵبەست دەکرێن.

لەم بارەیەوە دڵنیا و ئەرخایەن بن.

فرمانی جەنابیشتان لەسەر چاومە.

نامەی ژمارە: ١١٩ (بەشێک لە نامەکە)

لاپەڕە: ٤١٤

مێژوو: لەسەری نییە

### بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (دوای سەردانی ناوبراو بۆ: لاجان)

... مەرجی سەرەکی پاراستنی ئاسایشی گشتی ئەم ناوچەیە، بەندە بەبنەبڕکردن و لەناوبردنی کوڕانی (شێخ) و (هەمزاغا)وە. بۆیە پێویستە لەم بارەیەوە نوێنەرانی دەوڵەتی شاهەنشاهی لەگەڵ عوسمانیدا بڕیارێک دەربکەن، تا ببێتە مایەی متمانەی یەکجاریی. ئەگەریش وا نەکەن، ئەوا تا ئەو کاتەی کوڕانی شێخ و هەمزاغا لەم ناوچەیەدا بن، ئەو ئاسایشەی کە دەبێ لەم سنوورانەدا سەقامگیر بێ، نایەتە دی و هەمیشە خەیاڵی دەوڵەتی پێوە خەریک دەبێ.



لە دامێنی ئەم داوایەشدا، بیر هێنانەوە و دەسنیشانکردنی ئەم بابەتە، بەئەرکی نۆکەرایەتی و سەرشانی خۆمی دەزانم، کە ئەو تۆوەی شێخی مەلعوون لەم ناوچەیەدا چاندوویەتی و ئەو بڕوا پڕوپووچەش، کە خۆشەویستیی شێخ، لە دڵی خەڵکی نەفام و دەبەنگی ئەم ناوچەیەدا جێگیر بووە و بەو خراپەیەی کە ئەم خەڵکە کردوویانە، هەر بەتەنیا بەدوورخستنەوەی (شێخ) لە نەهری، نابێتە هۆی دڵنیایی و متمانە؛ چونکە هەر ئا ئێستا جگە لە دوو کوڕە ناپاکاکەی شێخ، چەندان خەلیفە و لایەنگرانی تری، لە هەموو شوێنێک هەن و بەنهێنی و بەئاشکرا، دەست لە پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی بیروبڕوای پووچی خۆیان هەڵناگرن.

ئەمانە ئەو شتە پێویستانە بوون، کە بۆ دابینکردن و ڕێکخستنەوەی ئەم سنوورانە پێویستن و لە ڕووی ئاگاداریی و شارەزاییەوە، جەنابتانم لێ ئاگادار کردن... لەبارەی چەند بابەتی دیکەشەوە، کە بەمنت فەرمووە، بیروڕای من ئاوایە:

سەبارەت بەوەرگرتنەوەی تفەنگی مارتینی لە خەڵک و عەشیرەتەکانی موکری، بەعەرزتانی دەگەیەنم کە ئەمە یەکێکە لە کارە هەرە پێویستەکان و ئیتر نەیەڵین خەڵکی دەستیان بەتفەنگ بگاتەوە. بەڵام بۆ وەرگرتنەوە و داواکردنی ئەم تفەنگانە، چەند سەرنجێک هەیە:

یەکەم: لەو کاتەوە کە ئاژاوەکە دامرکاوەتەوە، خەڵکەکەش لە ترساندا تفەنگەکانیان شاردۆتەوە و هەر تاقم و تیرەیەک لە ڕواڵەتدا لە چەند تفەنگێکیان زیاتر بەدەستەوە نییە و ئێستاش ئەگەر بمانەوێ هەر ئەو تفەنگە کەمەی بەدەستیانەوەیە، وەربگرینەوە، ئەوا ئەو مەبەستەی لە وەرگرتنەوەی هەموو تفەنگەکاندا هەمانە، نایەتە دی و ئەگەریش داوای هەموو ئەو تفەنگانە بکەینەوە، کە بەڕاستی دەزانین چەندن، لێمان ڕوونە ناچنە ژێری و حاشای لێدەکەن. لەم بارەشدا دەبێ بۆ دانەوەی تفەنگەکان، بیانخەینە ژێر گەف و گوشارەوە و ئەنجامدانی ئەم کارەش لەسەر عەشیرەتەکانی گەورک و مامەش و دارمە و سۆلێنی و هی تر؛ کە زۆرینەی تفەنگەکانیان لایە و بەو حاڵەشەوە... هەیانە و دەستیشمان زۆر بەسەریاندا ناڕوات، زۆر دژوارە و بەئاسانی ئەنجام نادرێ.

بۆ وەرگرتنەوەی تفەنگ لە ناوچەی (موکری)یش، لە داروبارێکدایە، کە هەموو ئەو تفەنگانەی دەمانەوێ لێیان وەربگرینەوە، ئەگەر بەدەستیانەوە نەبێ و بۆ وەرگرتنەوەی شتێکیش کە لە ڕواڵەتدا بەدەستیانەوە نەبێ، کارێکی چاک نابێ گوشاریان بۆ بهێنین و تەنگیان پێهەڵچنین.

لەبارەی (٤٠) هەزار تمەن پارەی (ڕوو ڕەشییانە)ش، بۆ ئاگاداریتان عەرز دەکەم، کە

فرماندەی گشتی سوپا ، بڕیار و بەڵێنیان لە تێکڕای سەرانی موکری وەرگرتبوو ، کە ئەگەر ئەوان هەمزاغا بکوژن، یان بەزیندوویی بیگرن، ئەوا ئەو پارەیەیان لێ وەرناگیرێ. بەڵام ئێستا ، کە (٨) مانگ بەسەر ئەو بڕیار و بەڵێنەدا تێپەڕیوە و ئەو بڕیار و بەڵێنەشیان بۆ جێبەجێ نەکراوە، ئەوا ئیتر نابێ چاوپۆشیی لە وەرگرتنی ئەو پارەیە بکرێ و ناشبێ تا هەتا هەتایە ماوەیان پێبدرێت. بەڵام چ بۆ وەرگرتنی ئەم پارەیە و چ بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە تەمێکردن و تۆقاندنێک بێت، کە شیاوی کاری ناڕەوا بێ، ئەم نۆکەرەی خۆتان بڕوای وایە، هێشتا زووە و هێشتا کار نەگەیوەتە ئەو ئاستەی ئەم دەستەیە، لەسەر تاوانەکانیان سزا بدرێن و بەلەبەرچاو گرتنی هەندێک داروبار، چاک وایە ماوەیەکی تریش بەنەرمیی و هێمنانە لەگەڵیاندا بجووڵێینەوە. تا لە کات و ساتی خۆیدا سزای ئەو کارە ناپەسەندەیان بدرێتەوە. سەبارەت بەگرتن و زیندانی کردنی (قادر ئاغا -ی دێبوکری)ش، لاساریی دەکەم و عەرزتانی دەکەم کە:

یەکەم: گرتن و زیندانی کردنی ناوبراو، لەگەڵ بنەماکانی ئاسایش و ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی شاهەنشای خاوەن شکۆ، بەرامبەر بەهەموو ئەو خەڵکە تاوانبارە، یەک ناگرنەوە و لەبەرچاوگرتنی خاڵەش، ئەوەندە گرنگ و پێویستە، کە خوا بەو ڕۆژە نەکات، لەبەرچاوی دەرەوە و ناوەوەشدا، بەدرۆزن دەرنەچین و نەڵێن بڕیار و بەڵێنەکانی خۆیان ژێر پێ ناوە.

دووەم: لە کاتێکدا بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە، کە (قادر ئاغا) لە سەرەتای هەڵایسانی ئەم ئاژاوەیەدا، لە فرمان و پەیڕەوی شێخی مەلعوون لایدا و بەخۆی و (٣) کوڕی و (١٠٠) سوارەوە، لێیان جیابۆوە و بۆ دەربڕین و ڕاگەیاندنی دۆستایەتی و لایەنگریی خۆیان بەرامبەر بەدەوڵەت و بێزاریی لە شێخ و دارودەستەکەی، خۆی گەیاندە ئەم کەمینەیە لە ناوچەی (گەڕووس) و (هەوشار) و نە لە ڕۆژی کوشتوبڕ و تاڵانی (میاندواو) و نە بۆ چوونە سەر بناو و نە لە هیچ کارێکی نابەجێشدا، کە خەڵکی تر کردوویانە، بەشداری نەکردووە و دەستی تێدا نەبووە و ئێستاش و ئەوساش چاوی بە(شێخ) و کوڕەکانی نەکەوتووە... لەم دواییانەشدا لادان و تاوانێکی لێ نەبینراوە... لەبەر ئەوە ئەگەر بەو هەموو هەڵوێستەوە بگیرێ و زیندانی بکرێ، ئەوا بەڕوونی ئەوە بزانن، کە هەر لە سەرانی قەرەپەپاغەوە، تا محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک و سەرانی دێبوکری و ئێل و تایەفەی (بوداغ سوڵتان) و کوڕ و برازاکانی ئەحمەد بەگ، فەتحولڵا خانی کوڕی موزەفەرولدەولە، فەیزوڵڵا بەگ و ئەوانیتر، کە هەموویان لە هەموو کاروبارێکدا لەگەڵ (شێخ) بوون و هەموویان لەو کارە دزێو و ناڕەوایانەدا



بەشدارییان بووە، بەبێ هیچ ئەملا و لایەک و بەجۆرێکی زۆر سروشتی، ئەگەر قادر ئاغا زیندانیی بکرێ، تووشی ئەوپەڕی ترس و تۆقین دەبن و ئیتر هیچ جۆرە بڕوا و متمانەیەکیان نامێنێ و هەمیشەش لە ترسی خۆیان، لە بیری خیانەت کردندا دەبن... بۆیە ئەگەر پێتان وایە گرتن و زیندانیکردنی قادر ئاغا دەبێتە هۆی متمانەی خەڵک، بەوەی پێتان وادەبێ دەوڵەت هەر ئەو بەتاوانبار دەزانێ و ئەوانیتر بەپاک و بێتاوان لە قەڵەم دەدات، ئەوە وانییە؛ لەبەر ئەوەی ئەوانیتر خۆیان لەو بەتاوانبارتر دەزانن... دیسان کۆبوونەوەیەکیش ساز نەکراوە، تا دەربکەوێ کێ تاوانبار و کێ بێتاوانە، تا گرتنی قادر ئاغاش ببێتە هۆی متمانەی ئەوان و نەبێتە مایەی ترس و تۆقین لەناویاندا.

بەکورتی ئەوەی عەرزم کردن، لە ڕووی زانیاریی و ئاگادارییەکی خۆمەوە، لە بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیەوە ڕامگەیاند، سوپاسیش بۆ خوا کە جەنابتان جگە لەو ئاگادارییانەی پێشتر لە دەرەوە بووتان، خۆشتان تەشریفتان بۆ ئێرە هێنا و بەچاوی خۆتان هەموو شتێکتان بینی و هەموو کەسێکیشتان لە ڕێ و شوێنی خۆیدا ناسی. ئێستاش لەبارەی ئەو شتانەی عەرزم کردن و چ لەبارەی هەر شتێکی ترەوە، کە پێوەندی بەم ناوچەیە و بەم خەڵکەوە هەبێت، چاک و بەجێ، هەر ئەوەیە کە خۆتان پێتان چاکە و دەیفەرموون. لەوە زیاتریش پڕکێشیی ناکەم.

نامەی ژمارە: ١٢٣

لاپەڕە: ٤٢٦

مێژوو: ٢٢ی شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٧/١٩ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام

بەفیداتان بم.

وەک لە حزووریشدا عەرزم کردن، هەر لەو ڕۆژانەدا کە زانیمان جەنابتان تەشریف بۆ ئەم ناوچەیە دێنن، وام بەبیردا هات و پێم چاک بوو، بەقادر ئاغا و میرزا قاسمی قازی بڵێم، تا پێکەوە نامەیەک بۆ هەمزاغا بنووسن و بۆ ئێرەی بانگهێشتن بکەن؛ بۆ ئەوەی بێت و ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بێ هیچ بڕوبیانوویەک پەنا بۆ جەنابتان بهێنێ... چونکە پێم وایە بۆ لێبووردن لە تاوان و سڕینەوەی ڕووڕەشیی و چاککردنەوەی کردەوەکانی ناوبراو، شتی لەوە چاکتر و هەلی لەوە لەبارتر هەڵناکەوێت.

دوو رۆژ لەمەوبەر، کە پێنج شەممە بوو، هەرکە گەیشتمە ساباڵاخ، دوو وەڵامنامەی (هەمزاغا)، کە بۆ قادر ئاغا و میرزا قاسم نووسیبوونی، بەدەستم گەیشتن و هەردوو نامەکەشم ناردنە خزمەتتان... وەک سەرنج دەفەرموون لە هاتنەوەی خۆی دەترسێ و بەقادر ئاغا و میرزا قاسمی پێشنیار کردووە، لە شوێنێک بەناوی (بەستام بەگ)، کە کەوتۆتە ناوچەی مەنگوڕایەتی، یان لە یەکێک لە گوندەکانی موکری، چاویان بەیەک بکەوێ و پێکەوە گفتوگۆ بکەن... من دیسانەوە بەمیرزا قاسمم وت و ئەویش دوێنێ، کە هەینی بوو، پیاوێکی تری بۆ لای هەمزاغا ناردۆتەوە و بۆی نووسیوە، تا بڕیاری شوێنی چاوپێکەوتنیان، لە یەکێک لەم دوو شوێنە دیاری بکات و میرزا قاسمیش بچێت.

دیارە جێگەیەک دیاری دەکەن و منیش میرزا قاسم دەنێرم، تا قسەی لەگەڵدا بکات و ڕوونی بکاتەوە، کە مەبەستی چییە... لەبەر ئەوەی بڕوام وایە دڵنیاکردن و گەڕانەوەی هەمزاغا، هەر چۆنێک بێت، پێویستە و مەرجی سەرەکی، نەمانی بنەمای شەڕ و خراپەیە.

بەبڕوای من، ئەگەر هەمزاغا بەو هەموو ترسەوەی کە هەیەتی، دڵنیا بکرێ، هۆز و ئێلەکەی خۆی بۆ ناوچەکە بهێنێتەوە و لە مەڵبەندی مەنگوڕ، (کە ماڵ و زێدی خۆیانە)، نیشتەجێ بکرێن، شتێکی باشە و خۆیشی تا ئەو کاتەی دڵنیا نەبێ، مەرجی ئەوەی لەسەر دانەنرێت، کە دەبێ لە ساباڵاخ بێت، بەڵام لەجیاتی خۆی، با چەند کەسێک لە کوڕ و برازاکانی، بەردەوام لە ساباڵاخدا بن، جارێ قەیناکا و هاتنەوە و گەڕانەوەی هەمزاغا، قازانجی زۆرە.

ئیتر نازانم بیر و بۆچوونی جەنابتان چییە؟!

فرمانی جەنابتان لەسەر چاومە.

نامەی ژمارە: ١٢٥ (بەشی دووەمی نامەکە)

لاپەڕە: ٤٣٢

مێژوو: ٢٢ی شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٧/١٩ز

## وەڵامنامەی میرزا نێرم

## بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام

بەفیداتان بم.

بەگوێرەی بڕیارێک وەک لە دوو توێی نامەکەتاندا دەردەکەوێ، لەبارەی کوڕەکانی



شێخی مەلعوون و هەمزاغاوە، نامە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە نووسراوە و ئەوانیش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی خەریکی وتووێژن. هەر دەبێ واش بێ و هەر تەنیا دوورخستنەوەی شێخ، چارەی کار نییە و لەبەر ئەو هۆیانەی لە نامەکەی دوو ڕۆژ لەمەوبەرمدا نووسیبووم، مەرجی سەرەکی بنەبڕکردنی ڕەگوڕیشەی خراپەکاریی شێخی مەلعوون، دوورخستنەوەی کوڕەکانی و هەمزاغای ناپاکە و پێویستە جەنابتان بەدڵسۆزیی و زانیارییەکی کە لەبارەی ئەم ناوچەیەوە هەتانە، دیسان بابەتەکە بۆ (شا)ی خاوەن شکۆ دووپات بکەنەوە.

نامەی ژمارە: ١٢٨

لاپەڕە: ٤٣٧

مێژوو: لە نێوان ٢٢ – ٢٩ شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی

١٩ – ١٨٨١/٧/٢٦ز

## بۆ: عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

ڕووداوی تازە بەهۆی نەزانی و بوێریی هەمزاغاوە ڕوویداوە و بەدوور و درێژیی ئاوایە:

هەر بەو جۆرەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر عەرزم کردبوون، ناوبراو (هەمزاغا) نامەیەکی بۆ میرزا قاسمی قازی نووسیوە[١] و داوای لێ کردبوو لە (بەستام بەگ)، کە سەر بەناوچەی (نەڵێن)ە، یان لە یەکێک لە گوندەکانی موکری چاویان بەیەک بکەوێ. منیش بەمیرزا قاسمم وت، تا نامەی بۆ بنووسێ و بەئارەزووی خۆی، سەرپشک بێت یەکێک لەو دوو شوێنە هەڵبژێرێ و هەر کاتێ ویستی، بێت و پێشەکی هەواڵ بنێرێ، تا بەرپرسانی سنوور ئاگادار بکرێن؛ ڕێ لە هاتنی نەگرن. میرزا قاسمیش بچێ و چاوی پێی بکەوێت.

لەم کەینوبەینەدا هەمزاغا لەباتی ئەوەی یەکێک لەم دوو شوێنە هەڵبژێرێ و هەواڵ بنێرێ، کەچی لە وەڵامی میرزا قاسمدا زۆر بەکورتی نووسیبووی: ئەمجارە چاوپێکەوتنمان بۆ نەڕەخسا.

(١) مەبەست ئەو نامەیە بووە، کە میرزا نیزام لە (٢٢ی شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی – ١٨٨١/٧/١٩ز)دا سەبارەت بەوەڵامنامەی هەمزاغا بۆ میرزا قاسمی قازی و قادر ئاغای دێبوکری نووسیبوو.

بۆیە پێمان وابوو هەمزاغا ، یان بەفێڵ، یان بەڕاستی گیروگرفتێکی بۆ هاتبێتە پێش، لەبەر ئەوە نەیویستووە چاوی بەمیرزا قاسم بکەوێ... بۆیە بەچاکم زانی دیسانەوە میرزا قاسم نامەی تری بۆ بنووسێ و بۆیشی نەنووسی.

دوای دوو ڕۆژ نامەیەکمان پێگەیشت، دەرکەوت کە هەمزاغا هاتۆتە بەستام بەگ... لەم جموجووڵە بێ پێشەکی و بوێرییەی هەمزاغا ، کە دەیزانی لە لایەکەوە (مامەش) و (قەرەپەپاغ) و لە لایەکی دیکەشەوە هۆزی (گەورک) بەوپەڕی چاودێرییەوە کراونەتە بەرپرسی بەرگریی لە هاتوچۆ و پەڕینەوەی ئێلی مەنگوڕ. کەچی سەرەڕای ئەمانەش، نەک هەر لە سنوور، بەڵکو لە چۆمی (لاوێن)یشی داوە و هاتۆتە (بەستام بەگ) . لەمەشدا سەرمان سووڕما و هەر ئەو کاتە بەپەلە میرزا قاسمم بۆ بەستام بەگ نارد، تا بچێ و چاوی بەهەمزاغا بکەوێ و بەپەلەش نامەم بۆ محەمەد ئاغای مامەش و خدر ئاغای گەورک نووسی و پێم وتن کە هەمزاغا بۆ دیتنی میرزا قاسم دێتە بەستام بەگ و کارتان پێی نەبێ.

چوار – پێنج سەعاتێک زیاتر لە چوونی میرزا قاسم تێنەپەڕیبوو، کە هەواڵی جەلال خانی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەش گەیشتن و دەرکەوت بەو هۆیەوە کە ئەوان لە سنوورەوە نزیکترن و پێشتریش ئاگاداری هاتنی هەمزاغا بوون و پاراستنی سنووریش لە ئەستۆی ئەواندایە، بۆیە بەپەلە و بێ ڕاوەستان لە (لاجان)ەوە هەڵیانکوتاوەتە سەری لە ملەیەکی زۆر ئەستەمەوە خۆیان گەیاندۆتە بەستام بەگ و هەمزاغاش بەوەی زانیوە و بۆی دەرباز بووە... بەڵام مامەش و قەرەپەپاغ وازیان لێ نەهێناوە و دوای کەوتوون.

هەمزاغاش کە زانیوێتی چوار دەوری تەنراوە و ناتوانێ خۆی بگەیەنێتە بواری چەمەکە، لە لاڕێیەکی تر و لە بوارێکی نائاساییەوە لە چەمی داوە و زۆر بەدژواریی پەڕیوەتەوە و دوو کەسیش لە هاوڕێکانی خنکاون. مامەش و قەرەپەپاغەکانیش دەستیان هەڵنەگرتووە و تا لێواری چەمەکە دوای کەوتوون و چەند کەسێکیان لە هاوڕێکانی و چەند ئەسپێکیشیان بەتفەنگی مارتینی کوشتوون و بریندار کردوون. دوای ئەوەی لە چەمیش پەڕیوەتەوە، (کاکەڵڵا)ی برای، کە لەو دەوروبەرە بووە و پێی زانیوە، بۆ سەلماندنی خزمەتگوزاریی و دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بەدەوڵەت و دوژمنایەتی هەمزاغا ، دوای کەوتووە و گوللەیەکی زۆری پێوەناوە. سەرئەنجام بەساغ و سەلامەتی دەرباز بووە و بەهەڵاتن خۆی بەقەڵەمڕەوی عوسمانی گەیاندووە.

هەر بەم بۆنەیەوە نامەی جەلال خانی سەرۆکی قەرەپەپاغ و محەمەد ئاغای مامەشم بۆ ناردن... هەمزاغاش لە دوای ئەوەی لە مردن ڕزگاری هات و دەرباز بوو، هەر لە خاکی



عوسمانییەوە نامەیەکی ڕاستەوخۆ بۆم ناردووە، کە چاوتان بەناوەڕۆکەکەی دەکەوێت... منیش بەپێویستم زانی نامەیەکی بۆ بنووسم و پێی بسەلمێنم ئەو کارەی کردوویەتی، لە جێی خۆیدا نەبووە و بەرپەرچدانەوەی بێ ئاگایی بەرپرسانی سنوورەوانانیشی بۆ شی بکەمەوە، کە بۆچی ویستوویانە چی بەسەر بهێنن و لەناوی بەرن و ڕوونووسی نامەکەشم بۆ ناردن، تا بەڕێزیشتان چاوت پێی بکەوێت.

ئەوە درێژەی باسی نامەگۆڕینەوە و باسی هاتنی بوێرانەی هەمزاغا بوو، بۆ بەستام بەگ لە ناوچەی (نەڵێن) ، کە دەکەوێتە (٥) قۆناغە ڕێی سابڵاخەوە و هێرشی مامەش و قەرەپەپاغ بۆ سەر هەمزاغا ، کە بەوردی عەرزم کردن... سەرباری ئەمانەش، ئەو زەمینەیەی بۆ پاراستنی هەمزاغا ، خۆشم کردبوو، بەهۆی ئەو کارە هەڵەیەی خۆیەوە شێوا و تێکچوو. بەڵام لە چەند لایەکی ترەوە بەقازانج شکایەوە:

یەکەم: بۆ سنوورەوانانی دەوڵەتی عوسمانی و بۆ هەموو هۆزەکانی (زودی) ، (پیران) و (مەنگوڕ) ، کە زۆرجار لە ڕووی ناچاری و زۆرجاری تریش بەخەیاڵی سنوور بەزاندن، ڕوون بووەوە و دەرکەوت، کە بەرپرسان و سنوورەوانانی ئێمە ، لەوپەڕی بەهێزیی و تۆکمەیی و بەوپەڕی وریایی و ئاگادارییەوە، بۆ پاراستنی سنوور و ڕێگەگرتن لە پەڕینەوەی هۆزەکان، تەیار و ئامادەن.

دووەم: نێوانی هۆزەکانی مامەش و قەرەپەپاغ، لەگەڵ هەمزاغادا شێواو ئەوەش بۆ خۆی کەڵکی زۆرە.

سێیەم: دوورکەوتنەوە و ناکۆکی کاکەڵڵای برای هەمزاغا ، لەگەڵ هەمزاغا و جیاکردنەوەی نیوەی زیاتری هۆزی مەنگوڕ، لە هەمزاغای مسۆگەر کرد و هەر ئەو کارە بوو بەهۆی لاواز بوونی هەمزاغا و دەسەڵات و سەرۆکایەتی هەمزاغای لەسەر هۆزی مەنگوڕ بەیەکجاریی لەق کرد. ئەوەشتان لا ڕوون بێ، هۆزی مەنگوڕ لە ئاکامی ئەوەی کە ماڵ و زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە و دوای هەمزاغا کەوتوون و ئەمساڵیش چەند کەسێکیان لێ کوژراوە و زیانێکی زۆریان لێ کەوتووە، بەتەواوی شەکەت و وەڕسن و لە هەمزاغا بێزارن و ئەوەندەی پێناچێ هەموویان لێی دەتەکێنەوە و ڕوو لە کاکەڵڵای برای دەکەن و منیش کارێکی وام کردووە کە کاکەڵڵا بەگیان و بەدڵ پەنامان بۆ بهێنێ و بەڵێنی هەموو کارێکمان پێبدات.

لەبەر چەند هۆیەکیش کە گرنگترینیان لێک هەڵپچڕانی ئەو دوو برایە و دوژمنایەتی کەوتنەوەیە لە نێوانیاندا ، بەهۆی محەمەد ئاغای مامەش و ئەحمەد بەگ و بایزاغاوە، کاکەڵڵامان دڵنەوایی و دڵنیا کردووە و هەر لەم دوو – سێ ڕۆژەدا هەواڵی ئاشبەتاڵ و

هاتنەوەی خۆی و دەستوپێوەندەکانیشتان پێڕادەگەیەنم. جارێ هەر هەواڵی ئەم ڕووداوە نوێییەم بەپەلە عەرزکردن و بەتەتەری تایبەتیشدا ناردم. تکام ئەوەیە سوپای (٩)ی (خۆی)، کە لەجیاتی سوپای پێنجەمی شقاقی دیاری کراوە، بەپەلە بۆ سابڵاخ بنێرن. چونکە زۆر پێویستە. هەواڵەکانی دیکەشتان بەتەتەری دیکەدا بۆ دەنێرم. لە کۆتایی ئەم نامەیەدا دەبێ بڵێم لەو کاتەدا کە میرزا قاسمی قازی، دەچێ چاوی بەهەمزاغا بکەوێت، بەدەم نیوە ڕێگەوە دەبێ، کە هەواڵی هێرشی قەرەپەپاغ و مامەشەکانی بۆ سەر هەمزاغا و هەڵاتنی هەمزاغای پێدەگات؛ بەڵام لەسەر ئەوەشەوە تەقەللای ئەوە دەدات هەرچۆنێک بێت، چاوی بەهەمزاغا بکەوێت. بۆیە بەشوێنیدا دەڕوات و تا ئەم سەعاتەش نازانین لە کوێیە و بۆ کوێ چووە و لە دواییدا هەواڵەکەی هەرچۆنێک بێت، بۆتان دەنێرم.

نامەی ژمارە: ١٢٩
لاپەڕە: ٤٤٢
مێژوو: ٢٩ی شەعبانی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٧/٢٦ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

هەواڵی تازە، کە دەبێتە مایەی دڵشادیی بەڕێزتان و پێنج - شەش مانگێک دەبوو گەڵاڵەمان بۆ دادەڕشت و بەگوێرەی بەرنامەیەک، کە لە لایەن ئەم کەمینەیەوە بەمحەمەد ئاغای مامەش و جەلال خانی قەرەپەپاغ سپێردرابوو و کاریان بۆ دەکرد؛ تا دوێنێ کە ڕۆژی سێ شەممە؛ ٢٩ی شەعبان بوو، دڵنیاکردن و هێنانەوەی (کاکەڵڵا) و دوو برای دیکەی هەمزاغا، بەناوی (بایز ئاغا) و (حسین ئاغا) بۆ سابڵاخ هێنایەوە و هەر ئەو سەعاتەی هاتنەوە، خۆیان لەبەر خێوەتەکەمدا بەزەوی دادا و کەوتنە پاڕانەوە و لالانەوە و منیش دڵخۆشیم دانەوە و بەمیهرەبانیی لەگەڵیاندا جووڵامەوە و دڵنیام کردن، کە (شا)ی خاوەن شکۆ، لێیان خۆش دەبێ و چاو لە هەڵەکانیان دەپۆشێ و ئێوەی بەڕێزیش بۆیان چاک دەبن... هەرچەندە خۆمیش هەڵنانێم، بەڵام سوپاس بۆ خوا، لە سایەی ناوچەوانی شاهەنشا و چاودێریی جەنابتان، ئاکامێکی باشمان لەو تەگبیر و بەرنامەیە وەرگرت و توانیم کارێکی وا بکەم، کەڵکێکی زۆری تێدا بێ.

بەهەر شێوەیەکیش بوو، توانرا هۆیەکانی دووبەرەکیی لێکهەڵوەشان و ناکۆکی و



دوژمنایەتی لە نێوان هەمزاغا و کاکەڵڵادا ساز بکرێ و کاکەڵڵا و حەوت برای دیکەی و بڕێک لە ئامۆزاکانی، لەگەڵ (٧٠٠ تا ٨٠٠) بنەماڵەی مەنگوڕدا، جێیی متمانە و ئامێری خراپەکاریی دەستی هەمزاغا بوون، ئێستا لە دەستی دەرهێنراوە و ئێستا کاکەڵڵا، بەم داروودەستە و کەسانەوە، کە بنچینەی ئێلی مەنگوڕ، هەر ئەمانن، بەوپەڕی دڵسۆزیی و ڕاستگۆیییەوە ئامادەی هەموو فیداکارییەکن و لە کار و کردەوەی هەمزاغاش بێزار و بێبەرین، کە هەر ئەمەش بەمەرجی سەرەکی نۆکەرایەتیی خۆیان دەزانن و پەیمانیش دەدەن، کە ئیتر نەک هەر لەمەودوا بەهیچ جۆرێک شوێن هەمزاغا نەکەون، بەڵکو تەڵاقیشیان خواردووە، کە کوشتن و لەناوبردنیشی، وەک نوێژ و ڕۆژوو، بەئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن و بەلەناوبردنی هەمزاغا، خۆیان لای دەوڵەت ڕووسپی بکەن.

بەلای ئەم کەمینەیەشەوە لەبەر چەند هۆیەک و لە چەند سەرێکەوە دەتوانم متمانەتان پێبدەم، کە هەر بەو جۆرەی بەڵێنیان داوە، دەیبەنە سەر و ڕۆژ دوای ڕۆژیش بەڵگەی ملکەچیی و نۆکەرایەتییان بۆ دەوڵەت و نیشانەی دووبەرەکی و بێبەریبوون و دوژمنایەتییان لەگەڵ هەمزاغاشدا پتر دەبێ و شوێنەوارەکانی دەردەکەون و بەگشتی خەیاڵی دەوڵەت، لە شەڕی هەمزاغا ئاسوودە دەبێ.

بۆ ئاگاداریی بەڕێزیشتان ئەوە عەرز دەکەم، کە:

یەکەم: ڕیش سپێتیی و سەرۆکایەتی ڕاستەقینەی هۆزی مەنگوڕ، هەمیشە و هەر بەکاکەڵڵا بووە و ئەو خۆڕانانەی هەمزاغاش هەر بەپشتگەرمیی و پشتیوانیی ئەوەوە بووە.

دووەم: ئەو باوەڕ و باسە، شتێکی ڕاست و سەلماوە، کە ئێلی مەنگوڕ زۆر لە هەمزاغا وەڕس و بێزار و تووڕەن و ئەگەرچیش زۆربەی ئێلی مەنگوڕ، هەر ئەوانەن کە لەگەڵ کاکەڵڵادان؛ بەڵام ئەگەر هێشتا هەندێ بنەماڵەش لەگەڵ هەمزاغادا مابن، کەچی بەهاتنەوەی کاکەڵڵا و هاوڕێکانی و نیشتەجێ بوونیان لە شوێن و زێدی خۆیان، بەدڵنیاییەوە ئەوانیتریشیان دێنەوە و دەچنە پاڵ کاکەڵڵا و تاکە کەسێک بەدەوری هەمزاغاوە نامێنێ.

لەبەر ئەوەش کاکەڵڵام بەوە دڵخۆش و دڵنیا کردووە، کە شاهەنشای خاوەن شکۆ، لێیی خۆشدەبێ و دەتوانێ بێتەوە شوێنی خۆی و ببێتەوە بەمەزنی ئێلی مەنگوڕ، بۆیە تکام وایە نامەیەکی گەرموگوڕی بۆ بنووسن و تیایدا ئاماژە بەوە بفەرموون، کە ناوبراو دەتوانێ بێتەوە ڕێ و جێیی خۆی و ببێتەوە بەمەزنی ئێلەکەی؛ تا هیوادار بێ و منیش بتوانم بەفرمان و گەڵاڵەی پێویستەوە ڕەوانەی بکەم.

لە کۆتایی ئەم نامەیەشدا لاساریی دەکەم و دەڵێم: ئەگەر گرتنەوە و بڕاندنەوەی کاری (سەردەشت)، سەرەڕای ئەوەش زۆر گرنگ بوو، لای بەرپرسانی دەوڵەت نەبووبێتە مایەی پێزانین و لەبەرچاوگرتن و دەستخۆشانە، هیوادارم کەڵکەکانی جیاکردنەوە و لێکدابڕاندنی کاکەڵڵا، بە(٧٠٠ - ٨٠٠) بنەماڵەی ئێلی مەنگوڕەوە و سازکردنی دوژمنایەتی، لە نێوان ئەوان و هەمزاغادا، وەک شتێکی گرنگ لەبەرچاو بگیرێ، چونکە کارێک نەبووە، هەروا بەئاسانی جێبەجێ بکرێ و ئاکامە چاکەکانیشی وردە وردە دەردەکەوێ.

لەوە زۆرتری لەسەر ناڕۆم و فرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە.

نامەی ژمارە: ١٣٠[1]

لاپەڕە: ٤٤٦

مێژوو: ٣ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی

(١٨٨١/٧/٣١ز) چەند سەعاتێک دوای کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانی نووسراوە

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

... ئەو کەسانەی بۆ کاری کوشتنی هەمزاغا هەڵبژێردرابوون، هەرکە چاوێکم لێهەڵتەکاندن، بەسەریاندا ڕژان و هەمزاغا و سوار ئاغا و خدر ئاغا و عەلی ئاغا (کە برازا و ئامۆزای ناو بەدەرەوە و بڕبڕەی پشتی هەمزاغا بوون)، لەبەرچاوی من لەتوپەت کرد. ئێستاش کەللەسەری ناموبارەک و شوومیان، کە تۆوی ئەم ئاژاوە لە ڕادەبەدەر و ئەم بەدکارییە زۆر گەورەیە بوون، بەبەڕێزان: سەردار بەگ و ڕۆشن بەگی قوجە بەگلوودا (کە خۆشیان لەم کوشتارەدا بەشدار بوون) دەنێرمە خزمەتتان.

سوپاسی بێ بڕانەوەشم بۆ خوا، کە لەژێر سێبەری شای خاوەن شکۆ و لە ڕۆژگاری سەرۆکایەتی بەڕێزتاندا، ژیانی ئەو ئاژاوەگێڕ و خائینانە، بەدەستی منی خزمەتکاری شاهەنشا، دواییان پێهێنرا و خەیاڵی بەرپرسانی دەوڵەت، لەم ئاژاوەیە ڕزگار بوو.

(١): «سەرنج: وەک دەردەکەوێ ئەم نامەیە لە بنەڕەتدا، بریتی بووبێت لە (٧) نامەی کورت؛ بەڵام بەداخەوە سەرەتا و بەشە گرنگەکەی ئەم نامە ناوازەیە فەوتاوە، کە تیایدا دەرئەنجام و کاکڵەی تەقەللای چەندین مانگە و بێ پشووی گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی قاجاری و لە سەروویانەوە ناسرەدین شا بەگشتی و حەسەن عەلی خانی گەڕووس و تۆڕە جاسووسگەلێکی بەربڵاو، بەتایبەتی دەردەخات، کە حەسەن عەلی خانی گەڕووس، بەئاشکرا دان بەتاوانی دڕندانە کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانیدا دەنێ و بەشادی و خۆ هەڵکێشانەوە، مزگێنی ئەم سەرکەوتنە خوێناوییە، بەناسرەدین شا و گەورە بەرپرسانی سوپا و دەوڵەت دەگەیەنێ - محەمەد».



لەبەر ئەوەش مەبەستی سەرەکی و ئامانجی هەرچی بەرنامە و هەموو ماندووبوونەکانمان، هەر ئەوە بوو کە ئەنجامدرا، ئیتر لەم سەعاتەدا بەوردی باسی کارەکە و شیکردنەوەی سەرەتاکانی ناکەم و بەکورتی، بەخوێندنەوەی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دوایی بەقسەکانم دێنم:

(فَقَطع دابر القَومِ اللذّين ظَلَموا والحمدلله رّب العالمين).

لە دواییشدا، بەنان و نمەکی شاهەنشا (سەر و ماڵم بەقوربانی بێ)، سوێند دەخۆم، لە بەرامبەر ئەم خزمەتگوزاریی و دڵسۆزییەی نواندوومە، هیچ شتێکم بۆ خۆم ناوێ، چونکە تەنیا ئەرکی نۆکەرایەتی خۆم بەجێهێناوە، بۆ کەسانی جیا لە خۆم، دوو تکام هەیە:

یەکێکیان ئەوەیە بەخشین و لێبووردنی لە بڕان نەهاتووی شای گەورە و خاوەن شکۆ (ڕۆحم بەقوربانی بێ) هەموو خەڵکی قەرەپەپاغ و مامەش و موکری و مەنگوڕ بگرێتەوە و بۆ هەمیشە لە تاوان و هەڵەیان چاو بپۆشرێ. چونکە ئەگەر هەڵەیەکیشیان کردبێ، لە ڕووی ئاگاداریی و ئەنقەستەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی هاتنی لەناکاو و داگیرکردنی ناوچەکەوە، لە لایەن شێخی مەلعوونەوە بووە و کە هەستیان کردووە خەریکە سەر و ماڵیان تێدا دەچێ، ناچاربوون شوێن ئەو لە دین وەرگەڕاوە بکەون.

جگە لەوەش، لە بەرپێی شای خاوەن شکۆ و خزمەت جەنابیشتاندا شایەتیی ئەوە دەدەم، پاش ئەوەی ئەم ئاژاوەیە، بەهێزی سوپا دوایی پێهێنرا و منیان بۆ هێورکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەم ناوچە پڕ ئاژاوە و شڵەژاوە نارد، هەموو سەران و پیاوماقووڵان و زۆربەی ناسراوانی موکری و قەرەپەپاغ و مامەش، بۆ سڕینەوەی شەرمەزاریی خۆیان، بەدڵێکی پاک و هەر کامێکیشیان بەجۆرێک تەقەللایان لەگەڵمدا دا، تا بتوانم بەسەر پشێویی و ئاژاوە و خراپەدا زاڵ بم و ئەوەندەی لە توانایاندا بووە، خزمەتیان کردووە، بەتایبەتیش لە نەخشەی کوشتن و بنەبڕکردنی هەمزاغادا بەشدارییان کرد و هاوکار و هاوبەشم بوون.

تکای دووەمم ئەوەیە هەق و حسابێک بۆ ئەو کەسانە بکرێ، کە لە کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانیدا بەشدار بوون. تا ببێتە مایەی هیواداریی ئەوان و سەربەرزی منیش.

بەفیداتان بم.

هەمزاغای ناپاک، ڕۆژی هەینی (٣ی ڕەمەزان - ١٨٨١/٧/٣١ز)، سەعاتێک پێش خۆرئاوا بوون کوژرا. زۆرتری لەسەر ناڕۆم.

*بەفیداتان بم.*

*پێم وابوو نابێ پەلە لە کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانیدا بکەم و چاکتر وایە دەستگیری بکەم و جەنابتان ئاگادار بکەمەوە، بەڵام کە سەرنجم دا و بیرم لێ کردەوە، زۆڵ و حەرامزادەیەکی وا، کە بەداوەوە بووە، ئەگەر دەرفەتی پێبدرێ، ڕەنگە کارێکی وا بقەومێ، هەڵمان لە دەست دەربچێت.*

*لە دەورتان گەڕێم.*

*قادر ئاغا،[1] تاوانبار نەبووە و ئەگەریش خەتابار بوویێت، بەو کارەی کردی و بوو بەهۆی هێنانەوەی هەمزاغا؛ هەموو تاوان و هەڵەکانی لەسەر خۆی لابردووە و هەر بەو جۆرەی تکام کردووە، پێویستە میهرەبانیی زۆری لەگەڵدا بنوێنرێت.*

*بەفیداتان بم.*

*باسی خزمەتگوزاریی و ئازایەتی خۆم ناکەم و شانامەش ناخوێنمەوە. بەڵام بەسەلامەتی سەری جەنابتان، کارێکی زۆر گەورەم کردووە و هەر شتێکیش کرابێت، بەلوتفی جەنابتان کراوە. من ئەرکی سەرشانی خۆم سەبارەت بەبەڕێزتان بەجێهێناوە و ئێستاش کاتی ئەوە گەیشتووە، ئێوە گەورەیی خۆتان بەرامبەر بەم بچکۆلەیەتان بنوێنن. فرمانی بەڕێزیشتان لەسەر سەرمە.*

*لە دەورتان گەڕێم.*

*لە کاتێکدا بەرپرسان و ڕاسپێردراوانی کوشتنی هەمزاغا، لەپڕ دەستڕێژیان لەو ناپاکە کرد. ئەو چەکدارانەی لە دەرەوەی خێوەتەکانیش بوون، دەستیان بەدەستڕێژ کرد و لەم بگرە و بەردە و گوللەبارانەدا (٢) کەس لە سوارەکانی قوجە بەگلوو و فەراشێکی منیش بەر گوللە کەوتن و کوژران و (٢) کەس لە پێشخزمەتەکان و چەند کەسێکی تریش بریندار بوون. لەم نێوانەدا (٣) گوللەش بەر عەمامە و جلەکانی میرزا قاسمی قازی[2] کەوتوون؛ بەڵام زیانێکیان پێنەگەیاندووە. ئەمەم هەر بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان عەرز کرد. فرمانی جەنابیشتان لەسەر سەرمە.*

(١) مەبەستی لە: قادر ئاغای دێبوکرییە.

(٢) دیارە میرزا قاسمی قازی، ڕاستەوخۆ لەناو گوللەبارانکردنی هەمزاغا و هاوڕێکانیدا بووە. چونکە میرزا قاسم و قادر ئاغای دێبوکری بەفێڵ هەمزاغایان خستە داوەوە.



## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی نامەی ژمارە (١٣٠)

جێی داخی گرانە، کە فەوتانی سەرەتای نامەی ژمارە (١٣٠) بۆتە سۆنگەی تەماویی بوونی (بەشێکی) چۆنێتی هێنان و هاتنی هەمزاغا، بۆ بارەگاکەی (حەسەن عەلی خان)... هەرچەندە دەتوانرێ بەلەیەکدانی برگەکانی تری هەمان نامە، کە (٦) نامەی کورتن، بەشێکی زۆری چیرۆکی هێنان و هاتنی هەمزاغا و هاوڕێکانی تەواو بکرێت. بەتایبەتیش ئەگەر لەبەر ڕووناکایی نامەکانی پێشتر و دواتری نامەی (١٣٠)دا، سەرومڕی وردەکاریی و نەخشە و پلانی حەسەن عەلی خان بەیاد بێنینەوە (کە مەبەستم بووە لە ڕێگەی هەڵبژاردن و وەرگێڕانی ئەم زنجیرە نامەیەوە، تەقەللاکانی حەسەن عەلی خان، بۆ فریودان و خستنە داوی هەمزاغا ئاشکرا بکەم)، دەزانین کە سیاسەتی حەسەن عەلی خان لە ماوەی ئەو (٨) مانگ نەخشەچنینە بەردەوام و شێلگیرانەیەیدا، بۆ ئەم کارە، لەسەر چەند بنەمایەک بووە، کە بەرچاوەکانیان ئەمانە بوون:

١- ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە لە نێوان سەرۆک خێڵەکانی کورد و جەماوەری ناوچەکانی کوردستاندا، تا یەکێتیی ڕیزەکانیان لەبەریەک هەڵتەکێنێ.

٢- دروستکردنی تۆڕێکی بەربڵاوی جاسووسیی، تا بەهۆیەوە لە لایەکەوە دەنگوباسی هەمزاغای چنگ بکەوێ و لە لایەکی تریشەوە سەرۆک خێڵ و خەڵکی ناوچەکان، بەسەر یەکتریییەوە بکات بەجاسووس و چاودێر و بەمەش گومان و دڕدۆنگیی لە یەکتری پەیدا بکەن.

٣- هێنانەوەی کەسە ناودارەکانی ناو هێزەکەی هەمزاغا و هاوڕێکانی، وەک: میناغای کوڕی قادر ئاغای دێبوکری، فەتحوڵڵاخانی کوڕی موزەفەرولسەڵتەنە[1] و کاکەڵڵای برای هەمزاغا؛[2] کە دەوڵەت لەمانە و لە نموونەکانی وەک ئەم کەسانە خۆشبووە و براونەتەوە سەر ڕێگە و جێگەی خۆیان و خۆبەدەستەوەدانی ئەمانە و خزم و دەستوپێوەندەکانیشیان، بەرە بەرە بوونەتە کەمترکردنەوەی هێز و دەسەڵات و ناوبانگی هەمزاغا.

٤- لەمانەش گرنگتر: گوشاری بێ پسانەوە خستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆ گرتن و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و کوڕەکانی و هاوکاتیش تەنگ پێهەڵچنینی هەمزاغا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەسەر سنوورەکانی عوسمانی - ئێرانی و بەتایبەتیش لە مێژووی (١٨٨١/٦/٤ز) بەدواوە، واتە: لە دوای گرتن و بردنی شێخ

(١) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، نامەی ژمارە (٥٩)، ل١٧٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، نامەی ژمارە (١٢٨)، ل٤٣٧.

عوبەیدوڵڵاوە، لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، لە بارەگاکەی خۆیەوە بۆ (وان) و دواتریش بۆ ئەستەمووڵ. ئیتر هەمزاغا هەموو تروسکەی هیواکانی، بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا، بەرەو بێ هیوایی و کوژانەوە چوون.

٥- هەر لە قۆستنەوەی هەلی ئەو بێ هیوایی بوونەی هەمزاغادا، کە حەسەن عەلی خان لە ڕێگەی تۆڕە سیخوڕییەکەوە هەستی پێکردووە، نامە و پێوەندی و هاتوچۆی ڕاستەوخۆی هاوڕێ دێرین و باوەڕپێکراوەکانی هەمزاغای، وەک: قادر ئاغای دێبوکری و میرزا قاسمی قازی، پتەوتر و پترتر کردووە. تا هەمزاغا دڵنیا بکەن و بەڵێنی پێبدەن، کە ئەگەر بگەڕێتەوە، جگە لە لێخۆشبوونی؛ گوێ لە داخوازیی و مەرجەکانیشی دەگیرێ.[1]

لە گێژاوی ئەم هەلومەرجە پڕ لە ئاڵوگۆڕە خێرایەدا، کە تیایدا هەمزاغا بڕیاری دیداری حەسەن عەلی خان و چارەنووسی خۆی دەدا و دەکەوێتە ئەو بۆسە ناجوامێرانەیەوە، حەسەن عەلی خان لە نامەی ژمارە (١٣٠) و نامەکانی دواتر و بەتایبەتیش لەو نامەیەیدا، کە دوای ئەم نامانە، بۆ وەڵامی باڵوێزی ڕووسیای ئامادە کردووە و[2] هەروەها (عەلی ئەکبەر فەیز) لە زمانی کوڕەکەی خۆیەوە، کە سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس بووە لە بیجاڕ و لە ڕۆژانی سەرکوتی شۆڕشی (١٨٨٠ز) و کوشتنی هەمزاغادا، وێنەی دووەمی تەلگرافە نێردراوەکانی نێوان گەورەبەرپرسانی ئەو ڕۆژانەی لای خۆی پاراستوون و دیسانیش (ئەبولقاسم)ی کارگێڕی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە سابڵاخ، کە لەو کاتەدا ڕۆژانە، مێژووی ڕووداوەکانی یادداشت کردوون و بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ناردوون و لەوێشەوە بۆ (ناسرەدین شا) نێردراون؛[3] هەموو ئەمانە، شێوەی هاتن و هێنانی هەمزاغا و ژمارەی هێزەکەی و چۆنێتی بۆسەکە، بەم جۆرە دەگێڕنەوە:

١- سەرەتا (میرزا قاسمی قازی) خۆی بەشوێن هەمزاغادا چووە و بۆ سابڵاخی هێناوە.[4]

٢- هەمزاغا لەگەڵ میرزا ئەبولقاسمدا بەهێزێکەوە، کە بریتی بووە لە (٢٠٠) دوو سەد سوارە، هاتوونەتە (١٠٠٠) هەزار هەنگاوەی سابڵاخ. واتە: شوێن هۆردووەکەی حەسەن عەلی خان، کە لە (باخی قیبلە)ی نزیک شاری سابڵاخ بووە.

(١) مەرجی هاتنەوەی هەمزاغا ئەوە بوو بکرێتە فەرمانڕەوای ناوچەکانی: شنۆ، لاجان، سندوس و سابڵاخ و بکرێتەوە بە(مەزن)ی ئێلەکەی.
(٢) بنواڕە پاشکۆی ئەم کتێبە.
(٣) بنواڕە پاشکۆی ئەم کتێبە.
(٤) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، نامەی ژمارە (١٣٠)، ل٤٤٩.



٣- هەمزاغا بەشە زۆرەکەی ئەم (٢٠٠) سوارەی خۆی، لەسەر بەرزاییەکانی کێوی (عەلیاباد) دامەزراندووە، کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری سابڵاخەوە. واتە: پشت سەربازگەی ئێستای شاری سابڵاخەوە.[1]

٤- هەمزاغا «دوای دامەزراندنی بەشە زۆرەکەی هێزەکەی لە پشت کێوی (عەلیاباد)» خۆی و برازا و ئامۆزا و خوشکەزا و چەند کەسێکی تر، کە بریتی بوون لە (١٢) دوازدە کەس و میرزا قاسمی قازی، چوونەتە باخی (موزەفەرییە)ی سابڵاخ و لەوێ بۆ چادرێکی نزیک چادرە تایبەتەکەی حەسەن عەلی خان ڕێنوێنیی کراون.[2]

٥- بەڵام هەمزاغا و (٣) کەسی تر لە برازا و ئامۆزاکانی، واتە: ١- سواراغا (برازای هەمزاغا). ٢- خدر ئاغا (ئامۆزای هەمزاغا). ٣- عەلی ئاغا (ئامۆزای هەمزاغا)، براونەتە ناو چادرێکی حەسەن عەلی خان.[3]

٦- هەشت (٨) کەسەکەی تر، لە خزم و هاوڕێکانی هەمزاغا، لە دەرەوەی چادرەکەی هەمزاغا ماونەتەوە.[4]

٧- وەک لە سەرومڕی بەڵگەنامەکانیشدا دەردەکەوێ، لە کاتی هاتنی هەمزاغا و دەستەکەیدا بۆ ناو ئەم چادرانە، حەسەن عەلی خان خۆی نیشان نەداون و بەپیریانەوە نەچووە، بەڵکو نۆکەر و پێشخزمەت، هەمزاغایان بۆ یەکێک لە چادرەکانی حەسەن عەلی خان ڕێنوێنیی کردووە.

٨- حەسەن عەلی خان هەر لەناو چادرە تایبەتەکەی خۆیەوە، کە (٢٠٠) مەترێک لەولاتریانەوە بووە،[5] هێمای بۆ سەربازە پێشتر ئامادە و ناوسەنگەر دامەزراوەکانی خۆی کردووە، کە بریتی بوون لە سەربازی هەوشار و قوجە بێگلوو و ئەوانیش پێکڕا بەتفەنگ و دەمانچە، دەستڕێژیان لە چادرەکەی هەمزاغا و دەستەکەی دەرەوەی چادرەکەی هەمزاغا کردووە و دوای چەندان دەستڕێژی لەسەریەک، ئەوسا هێزی سەرباز هورووژمیان کردوونەتە سەر و سەریان بڕیون.

واتە سەرلەبەری هەمزاغا و (١١) کەسەکەی تر، کە لەناو چادرەکە و دەرەوەی چادرەکە لەگەڵیدا بوون، کوژراون و سەر بڕدراون. بەڵام کە بەمەبەستی سەربڕینیان، هێرشیان بۆ

(١) بیروڕای جیا جیا لەبارەی ژمارەی ئەم هێزەی هەمزاغاوە هەیە، هەندێک دەڵێن (١٥٠) کەس و هەندێکیش دەڵێن (١٠٠) کەس بوون.
(٢) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، نامەی ژمارە (١٣٠)، ل٤٤٧.
(٣) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٤) سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
(٥) هەمان سەرچاوە، ل٥٣٧ - ٥٤١. هەروەها: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٦٠٨.

ناو ئەو چادرە بردووە، کە هەمزاغای تێدا بووە، سواراغای برازای هەمزاغا (کە پێکرا بوو) دەست دەداتە تفەنگێکی مارتینی حەسەن عەلی خان (کە لە سووچێکی چادرەکەدا بووە)، لە پێشدا حسین قولی بەگ دەپێکێ و پاشان خەنجەرێک بەسنگی سوڵتان قوجە بەگلوودا دەکات، لە پشتیەوە دێتە دەر.[١]

هەمزاغاش هەرچەندە بریندار بووە، چەند کەسێکی بەو جۆرە کوشت و بریندار کرد.[٢] کە لە ئاکامدا ئەم (٣) کەسە لە هێزەکەی حەسەن عەلی خان، بەدەستی هەمزاغا و سواراغای برازای کوژراون:

– دوو (٢) سەرباز لە سوارەکانی قوجە بەگلوو.

– یەک (١) کەسیش لە فەڕاشەکانی حەسەن عەلی خان.[٣]

سێ (٣) کەسیش لە پێشخزمەتەکان و چەندین کەسی تریش بریندار بوون،[٤] کە یەکێک لەم بریندارانە، حسین قولی بەگ بووە، کە سواراغای برازای هەمزاغا برینداری کردووە و بەلای حەسەن عەلی خانەوە زۆر مەبەستە زوو چاک بێتەوە، بۆیە (جەڕاح و حەکیم)ی لێهاتووی بۆ چاککردنەوەی بۆ پەیدا کردووە. بەڵام چونکە زامەکەی سەخت بووە، چاک نەبۆتەوە و لە ئاکامدا مردووە.[٥]

بەم جۆرە ژمارەی کوژراوەکانی هێزەکەی حەسەن عەلی خان دەبنە (٤) کوژراو.

٩- سێ (٣) گوللەش (گوللەی تفەنگی مارتینی) بەر مێزەر و عەمامە و جبەکەی میرزا قاسمی قازی کەوتووە و خۆی هیچی لێ نەهاتووە.[٦]

١٠- لە دوای سەربڕینی هەمزاغا و (١١) کەسەکەی دەستەکەی، سەرەکانیان بەنێزەوە کردن و بە(سەردار بەگ) و (ڕۆشن بەگی قوجە بەگلوو)دا، کە هەردووکیان لە کوشتن و سەربڕینی ئەم (١٢) کەسەدا بەشدار بوون، بۆ (محەمەد ڕەحیم خان عەلائولدەولە – ئەمیر نیزام) بۆ شاری (ورمێ) نێردراون (کە لەو کاتەدا بەسەرداران لە ورمێ بووە). عەلائولدەولە – ئەمیر نیزامیش فرمانی کردووە، سەری هەمزاغا بەسەری نێزەوە بکەن و بەناو شاردا بیگێڕن.[٧]

(١) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٧، ٦١٩.
(٢) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٧، ٦١٩.
(٣) گزارشها و نامەهای دیوانی و... ل٥٤٧.
(٤) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٥) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٦) گزارشها و نامەهای دیوانی نظامی امیر نظام گروسی – نامەی ژمارە (١٣٠)، لاپەڕە ٤٤٩
(٧) حەمە باقی، محەمەد، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، ل٥٣٣ – ٥٣٤.



عەلی ئەکبەر فەیز دەڵێ: بەبۆنەی سەرکەوتنی حەسەن عەلی خانەوە، بەسەر هەمزاغا و دەستەکەیدا، خەڵکی گەڕووس (٣) ڕۆژ و (٣) شەو، زەماوەند و چراخانیان کرد.[١]

زانیاریی ڕاست و بەڵگەدار، دەربارەی کارەساتی بەکۆمەڵ کوشتنی هەمزاغا و دەستەکەی، لەم (٣) سەرچاوەیە بەدەر؛ واتە: نامەکانی حەسەن عەلی خان، یادداشتی عەلی ئەکبەر فەیز و ڕاپۆرتی ئەبولقاسمی کارگێڕی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە سابڵاخ و بەتایبەتیش نامەکانی حەسەن عەلی خانی گەڕووس، کە خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کاری کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا و دەستەکەی کردووە و هەر خۆیشی هەمان ڕۆژ (چەند سەعاتێک دوای کوشتن و سەربڕینیان)، نامەی بۆ (ئەمیر نیزام – محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە) ناردووە و مزگێنی و شانازیی سەرکەوتنەکەی خۆی پێڕادەگەیەنێ؛ ئیتر سەرچاوەکانی تر و تەنانەت ئەو سەرچاوانەش، کە لە بەشی (ناسنامەی نووسین و کتێب و سەرچاوە، دەربارەی ڕاپەڕینی هەمزاغا)ی ئەم کتێبەدا ناویان هاتووە و لە لایەن ئەفسەرانی قاجاری و بەشدارانی سەرکوتی شۆڕشی (١٨٨٠ز)وە لە ڕۆژانی شۆڕشەکەدا نووسراون، هیچیان بەئەندازەی حەسەن عەلی خان لەناوجەرگەی بەرنامەی کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغاوە نزیک و بەرپرس نەبوون. لەبەر ئەوە کەمتر خۆیان لە قەرەی وردەکاریی و چۆنێتی کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانی داوە. بەتایبەتیش (عەلی ئەکبەر سەرهەنگ) و (ئەسکەندەر غۆریانس)، کە ئەگەرچی هەریەکەیان بەجیا، کتێبی تایبەتی لەمەڕ سەرکوتی شۆڕشی (١٨٨٠) نووسیوە و کتێبەکانی هەردووکیشیان[٢] سەبارەت بەڕووداوەکانی قۆڵی موکریان و شاری سابڵاخن.

کەچی سەرەڕای ئەمانەش، چونکە کارەساتی بەکۆمەڵ کوشتن و سەربڕینی هەمزاغا و هاوڕێکانی، لە لایەکەوە کارێکی دڕندانە و نایاسایی بووە و دەوڵەت خۆی داوای هاتنەوەی لێکردووە و بەڵێنی دڵنیایی و لێبووردنی پێداوە و لە لایەکی تریشەوە ناوبانگی جوامێریی و ئازایەتی هەمزاغا، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانیشدا بەربڵاو بووە، بۆیە دوای تێپەڕبوونی کارەساتەکەش، نووسەرانی تری بیانی و کورد، دەربارەی هەمزاغایان نووسیوە؛ وەک (حاجی سەیاح)[٣] و کاک (سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی)؛[٤]

(١) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، ل٥٤٧. هەروەها پاشکۆی ئەم کتێبە.
(٢) ناوی هەردوو کتێبەکە ئاوایە: افتتاح ناصری و تاریخ طغیان اکراد، کە لە بەشی ناسنامەی کتێب و سەرچاوە دەربارەی هەمزاغا، لەم کتێبەدا پێناسە کراون.
(٣) خاطرات حاج سیاح، یا دورەء خوف و وحشت. بکوشش حمید سیاح و بەتصحیح سیف الله گلکار. کتابخانە ابن سینا، ١٣٤٦ش.
(٤) گۆڤاری سروە، ساڵی چوارەم، ژمارەکانی: ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢.

کە حاجی سەیاح ساڵێک دوای تێپەڕبوونی کوشتنی هەمزاغا و دەستەکەی، چۆتە سابڵاخ و هەواڵی چۆنیەتی ڕووداوەکەی لە خەڵک پرسیوە و ئەوانیش ڕووداوەکەیان بۆ گێڕاوەتەوە. بەڵام بەداخەوە نەیانزانیوە و بەهەڵە بۆیان گێڕاوەتەوە، چونکە:

١- سەرلەبەری هەمزاغا و دەستەکەی (ئەو دەستەیەی لەگەڵ هەمزاغادا چوونەتە هۆردووەکەی حەسەن عەلی خان) پێکەوە کوژراون و کەسیان لێ دەرنەچووە، تا ڕووداوەکە بۆ خەڵکی تر بگێڕنەوە.

٢- هیچ نووسەر و مێژوونووسێکی کورد، لە سەردەمی ڕووداوەکەدا هیچ جۆرە شتێکیان دەربارەی کارەساتی کوشتن و سەربڕینی هەمزاغا و هاوڕێکانی نەنووسیوەتەوە و بۆ دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە.

٣- ئەو کاتەی (حاجی سەیاح) چۆتە سابڵاخ و هەواڵی حەسەن عەلی خانی گەڕووسی پرسیوە (کە ڕاستترین سەرچاوە بووە لەبارەی ڕووداوەکەوە)، حەسەن عەلی خان سەفەری بۆ ورمێ کردووە.

٤- خەڵکی ناوچەکەش، هەروەک بەیتبێژانی کورد، چۆن لە (بەیتی هەمزاغا)دا هەڵەی زۆریان کردووە؛ بەهەمان پێوەدان ڕووداوەکەیان بەهەڵە و هەر لە دەستکردی خۆیانەوە بۆ حاجی سەیاح گێڕاوەتەوە و ئەویش بەهەمان هەڵەوە، لای خۆی یادداشتی کردووە.

لەم ساڵانەی دواییشدا کاک سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی، وتارێکی بەناوی: (بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ) لە (٥) ژمارەی گۆڤاری (سروە)دا بەهەمان هەڵەی زیاترەوە بڵاوکردۆتەوە؛ کە ئەگەر (حاجی سەیاح)ێکی بیانی و نەشارەزا، لەو هەڵانە نەگەیشتبێ، بەڵام خۆ کاک سەیید عەبدوڵڵا خەڵکی ناوجەرگەی سابڵاخ و وتارەکەیشی بەو هەموو پەراوێز و بەو هەموو ڕاوێژ و پرسیارەشەوە کە لەگەڵ شارەزایان و نووسەرانی سابڵاخدا کردوویەتی، بەڵام ئەم هەڵانەی کردووە:

١- هەمزاغا و دەستەکەی بەدەم هاتنیانەوە بۆ دیداری حەسەن عەلی خان، زۆربەی هێزەکەی[١] لە پشت کێوی (عەلیاباد) دادەمەزرێنێ و کە دەگەنە (باخی شێخی)، هەندێ گفتوگۆی لەگەڵ (سواراغا)ی برازایدا کردووە؛[٢] کە وەک وتمان سەرلەبەری ئەو بەشەی لەگەڵ هەمزاغادا چوونەتە ناو هۆردووەکەی حەسەن عەلی خان، هەموویان کوژراون و کەسیان لە دوا بەجێ نەماوە. ئەی باشە، کێ ئەو گفتوگۆیانەی نێوان هەمزاغا و سواراغای بۆ کاک سەیید عەبدوڵڵا گێڕاوەتەوە؟!

(١) وتمان گێڕانەوەی جیا جیا لەبارەی ئەو هێزەی هەمزاغاوە هەیە، کە لە پشت کێوی (عەلیاباد) دایمەزراندوون.
(٢) گۆڤاری سروە، ژمارە (٣٠)، ل٣٠



٢- سەیید عەبدوڵڵا دەڵێ: کە هەمزاغا و دەستەکەی، گەیشتوونەتە بارەگاکەی حەسەن عەلی خان و دابەزیون، حەسەن عەلی خان بەپیریانەوە چووە...[١] لە کاتێکدا بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی خودی حەسەن عەلی خان، عەلی ئەکبەر فەیز و ئەبولقاسم، دەڵێن حەسەن عەلی خان خۆی نیشانی هەمزاغا نەداوە. تەنانەت (ئەبولقاسم)ی کارگێڕی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە سابڵاخ، لەم بارەیەوە دەڵێ: حەسەن عەلی خان لە چادرێکی تردا، کە (٢٠٠) مەتر لێیانەوە دوور بوو، خۆی داگرتبوو.[٢]

دیسان عەلی ئەکبەر فەیز هەر لەم بارەیەوە دەڵێ: کاتێ هەمزاغا و دەستەکەی لە نزیک چادرەکانی حەسەن عەلی خان دابەزین، حەسەن عەلی خان لە چادرەکەی خۆی هاتە دەرێ و بۆ جێگەیەکی تر چوو.[٣]

٣- سەیید عەبدوڵڵا دەڵێ: ئەوانەی لەگەڵ هەمزاغادا چوونەتە ناو چادرەکەی حەسەن عەلی خان، ژمارەیان (٣٠) کەس بووە.[٤] لە کاتێکدا وەک حەسەن عەلی خان دەڵێ: هەر تەنیا هەمزاغا، سواراغا، خدر ئاغا و عەلی ئاغا[٥] لەناو چادرەکەی حەسەن عەلی خاندا بوون و ئەوانەی دەرەوەی چادرەکەش (٨) کەس بوون، کە بەهەموویان (١٢) کەس بوون، نەک (٣٠) کەس.

٤- سەیید عەبدوڵڵا دەڵێ: دوای کوشتن و سەربڕینی هەمزاغا و دەستەکەی، حەسەن عەلی خان سەرەکانیان بۆ (تاران) دەنێرێ.[٦]

لە کاتێکدا وەک وتمان سەرەکانیان بۆ (ورمێ)، بۆ لای (محەمەد ڕەحیم خان - عەلائولدەولەی ئەمیر نیزام) نێردراوە.[٧]

٥- سەیید عەبدوڵڵا دەڵێ: هەمزاغا و دەستەکەی لە سپتامبر (ئەیلوول)ی ١٨٨١ز - شەوالی ١٢٩٨ کۆچیدا کوژراون.[٨] لە کاتێکدا وەک حەسەن عەلی خان و[٩] ئەبولقاسم[١٠] دەڵێن هەمزاغا و هاوڕێکانی لە ٣ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی، بەرامبەر

(١) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
(٢) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، یادداشتی ئەبولقاسم، لاپەڕە: ٥٤١
(٣) هەمان سەرچاوە، یادداشتی عەلی ئەکبەر فەیز، لاپەڕە: ٥٤٧
(٤) گۆڤاری سروە، ژمارە (٣٠)، ل٣٠.
(٥) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، نامەی ژمارە (١٣٠)، ل٤٤٦.
(٦) گۆڤاری سروە، ژمارە (٣٠)، ل٣١.
(٧) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، یادداشتی عەلی ئەکبەر فەیز، ل٥٤٧.
(٨) گۆڤاری سروە، ژمارە (٣٠)، ل٣١.
(٩) گزارشها و نامەهای دیوانی و... نامەی ژمارە (١٣٠)، ل٤٤٦.
(١٠) هەمان سەرچاوە، یادداشتی ئەبولقاسم، ل٥٤١.

٣١ی ژوئیـه (تەمووز)ی ١٨٨١دا کـوژراون. کە جیـاوازیی نێـوان ئەم دوو مـێژووە، دوو مانگە.

٦- سەیید عەبدوڵڵا دەڵێ: (کادەروێش) مەبەست لە مەنگوڕەکانە. چونکە بنەچەکەی مەنگوڕان دەچێتەوە سەر (کادەروێش) ناوێک.[1] لە کاتێکدا مەنگوڕەکان تا سەردەمی باپیـر ئاغـای مـەنگوڕ (؟ – ١٧٨٣) تەنیـا یەک هۆز بوون و تەنیـا یەک (کـادەروێش) سـەرکردایەتی دەکـردن، ئەویش باپیـر ئاغـا بوو، کـە (٢١) کـوڕی هەبوو. تا خـۆیشی لە ژیاندا بوو، ئەو گوندانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوون، بەسەر کوڕەکانیدا دابەشکردن. واتە: هەر یەکێک لەو (٢١) کوڕەی، بووە بەرپرسی ئەو چەند گوند و دانیشـتوانی گوندانەی بەری کـەوتن و بەهەر یەکـێکیش لەم کـوڕانەی، کـە بوونە سـەرۆک تیـرە، دەوترا: (کادەروێش).[2]

بەم پێیە (کادەروێش) بنەچەکەی مەنگوڕان نییە، بەڵکو نازناوێکە بۆ سەرەک تیرەی مـەنگوڕان؛ وەک چۆن لە بـەیتی هەمـزاغـادا دەڵێ: هەمـزاغـا (٤) کـادەروێشی لەگـەڵدا بوون.

٧- لەمانەش سەیرتر ئەوەیە، کە سەیید عـەبدوڵڵا لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە بەشێکی بەیتی هەمـزاغـای مەنگوڕ، واتە: ئەو بەشەی کە بـەیتبێژ، بەیتەکە بەقـسە دەگێڕێتەوە، هەڵەیە... کـەچی ئەو بەشە بـەیتەیشی بەبێ ڕاستکردنەوە و وەکـو خۆی لەتەک بەیتـەکەدا نووسیوەتەوە و پەراوێزیشی بۆ کردووە!!.

لە هەڵە زەق و دزێوەکانی ئەم بەشەی بەیتەکە:

١- هەمزاغا لە دوای شۆڕشی (١٨٨٠) لە (بناو)ەوە بۆ سابڵاخ دەگەڕێتەوە و لەوێوە دەچێتە تورکیـا. لە تورکیـا سولـتـانی عـوسمـانی دەیگرێ و (٧) سـاڵان، واتە: تا سـاڵی (١٨٨٧) زیندانی دەکات!!... لە کاتێکدا وەک زانیـمان هەمزاغا لە (١٨٨١/٧/٣١)دا کوژراوە.

٢- لە کـاتێکدا هەمزاغـا و دەسـتـەکەی بۆ دیداری حەسەن عـەلی خان بۆ سابڵاخ دێن، (کـاکـەڵڵا)ی بـرای لەگـەڵـیـدایە و هەندێ وتووێژیش پێکەوە دەکـەن!!... لە کـاتێکدا (کاکەڵڵا)ی بـرای هەمزاغـا، زۆر پێش مـێـژووی ئەم دوا سەردانەی هەمزاغـا بۆ سابڵاخ، بۆتە نـەیاری هەمـــزاغـــا و نزیکەی (١٠) ڕۆژێکـیش پێش ئەم مـــێـــژووە، بەهۆی ئەو دووبەرەکی و دوژمنایەتییەی کە حەسەن عـەلی خان لە نێواندا دروستی کردووە، وەک لە

(١) گۆڤاری سروە، ژمارە (٣١)، ل٣٠.
(٢) هەمان سەرچاوە، ساڵی سێیەم، ژمارە (١٨) ل٢٤-٢٥، دکتۆر جەوادی قازی.



نامەی (١٢٨)ی حەسەن عەلی خاندا زانیـمان، کاکەڵڵا تەقەیەکی زۆری لە هەمزاغا و دەستـەیەکی کردووە.[1] لەمانەش گرنگتر ئەوەیە، کە کاکەڵڵا (٤) ڕۆژیش پێش ئەم دوا هاتنەی هەمزاغا بۆ سابڵاخ، خۆی و هەندێ برا و خزمەکانی و بەشێکی زۆری خێڵەکەی، خۆیان بەدەست حەسەن عەلی خانەوە داوەتەوە و لە کـاتی بەکۆمەڵ کوشتنی هەمزاغا و دەسـتـەکـەیدا، حەسـەن عـەلی خـان بەدوای کـاکـەڵڵایدا ناردووە و لاشـەی سـەربڕدراو و لەتوپەت کراوی هەمزاغا و برازا و ئامۆزاکانی نیشانداوە.

هەر لـەبەر ئەمـانەش بوو، لە کـاتی لە چاپدانی (بەیتی هەمـزاغـا)دا، لە کـتـێـبێکی پێشووترمدا: (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا)، کە دوو ساڵ لەمەوبەر چاپ و بڵاو بووەوە، ئەم بەشە پڕ هەڵە و درۆودەلەسەیەی (بەیتی هەمزاغا)م لێ قـرتاند و چاپم نەکـرد و دووبارەش لەم کـتـێـبـەی ئێـسـتـامـدا (ڕاپەڕینی هەمـزاغـا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا) هەمان ئەم بەشەی بەیتەکەم لێ هەڵپڕتاوتووە.

هەر بەم پێـوەدانەش، هیـوادارم ئەم سـەرنج و ڕاسـتکردنەوانەم لەسـەر وتاری (بەیتی هەمزاغـا)ی ناو ژمارەکانی (٢٨ تا ٣٢)ی گۆڤاری سروە، بەگیـانی ڕاستکردنەوەی بەیتی ناوبراوەوە بێت، نەک هیچ جـۆرە لێکدانەوەیەکی تر. کـە لەتەک ئەم ڕاسـتکردنەوانەمـدا، خـۆزگـەشم دەخـواست وتاری ناوبراو بەو هەمـوو هەڵانەوە نەکـرابایە زمـانی فـارسی و بەشـێـوەی نامـیلکە چاپ نەکـرایە و دواتریش نیـشـانی نووسـەرانی هۆشـیـاری وەک: (فـەرەیدوونی جـونەیدی) و (ئیـرەجی ئەفـشـار) نەدرایە. چونکە دڵـنیـام ئەو نووسـەرە وردبینـانە ئەم هەڵانـەیان بەسـەردا تێناپەڕێ و بەتایبـەتیش کـە (ئیـرەجی ئەفـشـار) دوای دیتنی تەرجەمەی وتارەکەی کاک سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی، ڕێکەوت وای بۆ هێنا هەر خۆی چاوی بەخودی نامەکانی حەسەن عەلی خان بکەوێ و دوای توێژینەوە و پەراوێز بۆ نووسینیان، بەچاپی بگەیەنێ، کە ئەو نامە چاپکراوانە، بوونە هەوێنێکی بەپێز و گرنگی ئەم کـتـێـبەی من لەسـەر هەمـزاغـا...[2] بەمـەش (بەم کـارەی سـەیید عـەبدوڵڵا) مـێـژووی خۆمان دەخەینە ژێر گومان و پرسیارەوە.[3]

(١) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، نامەی ژمارە (٢٨)، ل٤٣٧.
(٢) مەبەست لە سەرچاوەی پێشووە.
(٣) هەڵبـەتە جگە لەو هەڵـە زۆرەی کـە سـەیید عـەبدوڵڵای سـەمـەدی دەربارەی (بەیتی هەمـزاغـای مـەنگوڕ) کردوویەتی، لە هەمان کاتدا هەڵەی زۆریشی سەبارەت بەچۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی (١٨٨٠)ش کردووە، کە هەر بۆ نموونە دەڵێین:
سەیید عـەبدوڵڵای سـەمەدی لە پەراوێزی ژمـارە (٢٧)ی وتارە درێژەکـەیدا، لەمـەڕ ڕوونکردنەوەی ناوی (حـەکیم ساحێب)دا، دەڵێ: حەکیم ساحێب ناوی (دکتۆر پاکارد)ی ئەمریکییە، کە پزیشکی میسیۆنی مەزهەبی بووە!. بەڵام بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە، دەڵێین: ئەو (حەکیم ساحێب)ەی لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا =

جگە لەمانەش، هەر هەلی ئەم قسەکردنانە لەسەر (بەیت)ی کوردی، دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی بلێیم: خۆزگە و تکام لە کۆکاران و توێژەرانی بواری (بەیت)ی کوردی ئەوەیە، کە لە پاڵ ئەوەدا دەبێ ئەم بەیتانە، وەک سەرمایەیەکی بەنرخی نەتەوەیی سەیریان بکرێت و کار بۆ کردنەوە و پاراستنیان بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ لەباری مێژووییەوە، بەچاوی بژار و ڕاستکردنەوەوە کاریان لەسەر بکرێت. چونکە دەشێ زۆر لەو بەیتانە، وەک ئەم بەیتەی هەمزاغای مەنگوڕ، درز و هەڵەی مێژوویی و زانیاریی تریان هەڵەیان تێکەوتبێ.

=ناوی دێت، مەبەست لە (دکتۆر کۆچران)ی پزیشکی دەستەی میسیۆنی ئەمریکاییە، کە لەو کاتەدا لە (ورمێ) بووە و پێشتر و دواتریش دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و بنەماڵەکەیاندا هەبووە و چەند جارێکیش شێخ عوبەیدوڵڵا، نامەی گرنگی دەربارەی داخوازییەکانی گەلی کوردی، هەر بەرێگەی دکتۆر کۆچراندا گەیاندۆتە باڵوێز و گەورەبەرپرسانی ئینگلستان و هەر لەبەر ئەم دۆستایەتییەش کە دکتۆر کۆچران، لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵادا هەیبووە، نووسەرێکی نەیاری شۆڕشی (١٨٨٠)ی وەک (عەلی خان گۆنەخان ئەفشار)، لە کتێبەکەی خۆیدا: (شورش شیخ عبیدالله)، چەند جارێک بەلاقرتی و ڕقەوە ناوی (حەکیم ساحێب) دێنێ؛ کە ئێمە بۆ یەکەم جار، ئەم کتێبەمان کردە کوردی و کردمانە پاشکۆی کتێبی: (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا) و لەم لاپەڕانەدا ناوی دکتۆر کۆچران (حەکیم ساحێب) هاتووە: ٥١٦، ٥١٧، ٥١، ٥٩٦.

کەواتە: (حەکیم ساحێب) نازناوی دکتۆر کۆچران -ە، نەک دکتۆر (پاکارد)؛ کە دیارە سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی، ناوی دکتۆر (کۆچران)ی لەگەڵ دکتۆرێکی دەستەیەکی تری میسیۆنی سەردەمێکی تردا لێ تێکەڵ بووە، کە ئەو دکتۆر (پاکارد)ەی سەیید عەبدوڵڵا لێی تێکچووە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٣٠ - ٤٠) ساڵ دوای شۆڕشی (١٨٨٠) و لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی (سمکۆی شوکاک)دا، دکتۆر (هری پاکارد)، یارمەتیدەری دکتۆر (ولیام شید)ی دەستەی میسیۆنی ئەمریکایی بووە لە ورمێ... بۆ زیاتریش زانیاریی لەو بارەیەوە، بنواڕە: «رحمت الله خان معتمد الوزاره، ارومیه در محاربهء عالم سوز، از مقدمه نصارا تا بلوای اسمعیل آقا، ١٢٩٨ - ١٣٠٠ش، بەکوشش کاوه بیات، انتشارات شیرازه، تهران، چاپ اول، تابستان ١٣٧٩ش. لاپەڕەکانی: ٢٥ (پێشەکی)، ٨٠، ١٩٤، ٢٠٠، ٢٣١، ٢٣٨، ٢٤٠، ٢٤٨، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٦٣ - ٢٦٦، ٢٧٢، ٢٨٢، ٢٨٩».



نامەی ژمارە: ١٣١
لاپەڕە: ٤٥٠
مێژوو: **٣** ، *یان ٤ی ڕەمەزانی* **١٢٩٨** کۆچی
**٣٠** ، *یان* **١٨٨١/٧/٣١**ز

*بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)*

*لوتفنامە پڕ لە مەرحەمەتەکەی جەنابتانم زیارەت کرد، کە بریتی بوو لە شادی و دڵخۆشبوونی جەنابتان بەبۆنەی لەناوبردنی هەمزاغا و دارودەستەکەیەوە. ئەو ئافەرین و ڕێزلێنانەتان، کە نیشانەی دڵسۆزیتانی بەرامبەر بەم کەمینەیە دەنواند، مایەی هەمەجۆر شانازیی بوو بۆ من... من لەو نێوانەدا هەرگیز خۆم بەهیچ نازانم و ئەو کارە گەورەیەی کە لەسایەی خواوە جێبەجێ کرا، تایبەت بوو بەبەختی شاهەنشا و یارمەتی جەنابتانەوە و بێ شک دەستی غەیب و یارمەتی یەزدانیش لەو کارەدا بەشدارییان بووە.*

*ئەگەر شانازییەکیش لەمەدا بۆ من بمێنێتەوە، هەر ئەوەیە کە سوپاس بۆ خوا، ئەو ئاواتەی لەم ماوەیە و لەم کارەدا لە دڵمدا بوو، بتوانم خزمەتێک بەجەنابتان بکەم و ئەو ئاواتەشم هاتە دی.*

*ئەوەش کە نووسیبووتان قەرەبووی ئەم کارەم لای شای خاوەن شکۆ، بۆ دەکەنەوە، ئەوە ئەرک و گەورەیی بەندە نەوازیی خۆتان دەنوێنن، ئەگینا من تەنیا ئەرکی نۆکەرایەتی و نیازپاکی خۆمم لە خزمەت (شا) و ئێوەدا بەجێهێناوە و خۆم بەشایانی وەرگرتنی هیچ پاداشتێک نازانم و هەر ئەوەندەی کە تکای ئەم نۆکەرە، سەبارەت بەلێبووردنی گشتی ئەم خەڵکە پەسەند کراوە، جێی دڵخۆشیی و ئەوپەڕی شانازییە و ئەم داوایەشم هەر لەبەر دەوڵەتپەروەریی بووە، تا خەڵک هیوا لە دڵیاندا بگەڕێ و بەدڵێکی ئاسوودەوە خەریکی دوعا و پاڕانەوە بن بۆ تەمەنی بەختیاری شای گەورە و خاوەن شکۆ.*

*ئێستاش سوپاس بۆ خوا، کە بۆ هەمیشە لە کاری هەمزاغا بووینەوە و بەتەواوی تۆڵەی گیان و ماڵی خەڵکی ئازەربایجانمان لێکردەوە. لە بیر و خەیاڵی ئەوەدام، خوا یاربێ خەڵکی (مەراغە) و (میاندواو) و (موکری) ئاشت بکەمەوە و ئەو گرژیی و دڕدۆنگی و دوژمنایەتییەی لە نێوانیاندایە، بەیەکجاریی لایبەرم و نەیهێڵم و خەیاڵی بەرێزیشتان لەو ڕووەوە ئەرخایەن و ئاسوودە بکەم. ئەم نامە پەلەیەشم هەر تەنیا لەبەر دەربڕینی عەرزی سوپاس بوو، لە بەرامبەر ئەو میهرەبانییەی فەرمووبووتان. لە دواییشدا خوا یاربێ لە هەواڵ و ڕووداوەکانتان ئاگادار دەکەم.*

بەفیداتان بم.

لای خۆمەوە، بەنوێنەرایەتی بەڕێزتان، سەردانی حسێن قولی بەگم کرد و هەواڵیم پرسی و بەم کارەش تینی تێگەڕا و گیانێکی تازەی بەبەردا هاتەوە. ئەگەرچی چەند تەڵەزمێک لە ئێسکی دەستی لێبۆتەوە و ئێسکی شکاوە و برینەکەیشی کاریگەرە، بەڵام سوپاس بۆ خوا، جێی مەترسیی نییە و ڕوو لە چاک بوونەوەیە.

هەموو جەڕاحەکانی ئێرە و جەڕاحێکی زۆر لێهاتووی قەرەپەپاغیشم بۆ هێناوە و خەریکی چاککردنەوەی بریندار و نەخۆشەکانن.

لە (٣) پیاوەکەی من، یەکێکیان، کە عەلی ئەشرەفی پێشخزمەتە، زامەکەی قووڵە و حاڵی خراپە. با بزانین چۆن دەبێ.

ئەمری بەڕێزتان لەسەر چاومە.

نامەی ژمارە: ١٣٢

لاپەڕە: ٤٥٣

مێژوو: ٤ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی

١٨٨١/٧/٣١ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

دوێنێ؛ کوژرانی هەمزاغا و سواراغا و دوو کەسی دیکە لە برازا و خوشکەزا بەنامێکانیم عەرز کردن و کەللەسەری گلاویانم بەسەربڕدراویی، بەسەردار بەگ و ڕۆشن بەگی قوجە بەگلوودا بۆ ناردن. ئێستاش کە سەرلەبەیانی شەممە: ٣ی مانگە،[1] بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان عەرز دەکەم، کە جگە لەو چوار کەسەی لە خێوەتەکەی مندا کوژران و ڕەوانەی دۆزەخ کران، هەشت (٨) کەسی دیکەش لە هاوڕێکانیان، کە لە دەرەوەی خێوەتەکە بوون و هەرکە زانیان خەریکن هەمزاغا دەکوژن، لەوپەڕی سەرچڵیی و ئازایەتیدا ئامادەی هاتنە دەست بیوون. بەڵام قۆجە بەگلوو و سوارەکانی هەوشار و قەرەپەپاغ، سەرجەمی ئەو (٨) کەسەشیان کوشتن و لەتوپەتیان کردن و لەسەریەک (١٢)

(١) دەبێ ئەو مێژووە (٤)ی مانگ بێت، چونکە لە نامەی ژمارە (١٣٠)ی پێشووتردا دەڵێ (... ڕۆژی هەینی، ٣ی ڕەمەزان) هەمزاغا کوژراوە.



کەسیان لێکوژرا و هەرچۆنێک بوو بەپشتیوانی خوا و ناوچاوانی شاهەنشا و بەختی بەڕێزتان، کارێکی گەورە کراوە و بنەمای ئەم خراپەیە بنەبڕ کراوە. ئەگەر ڕاوێژکاری سوپای دەوڵەتی عوسمانی، سەبارەت بەئاوارەکردن و دوورخستنەوەی (شێخ)ی گێرەشێوێن، ئەو هەمووە خۆی هەڵدەکێشێ و هەموو ڕۆژنامەکانی جیهانیش هەر بەڕاسپاردەی دەوڵەتی عوسمانی پڕ بوون لە ستایش و پێداهەڵدانی،[1] ئەوا جێی شوکرانە بژێرییە، بەوەی یەکێک لە نۆکەرانی شاهەنشا، کە لەژێر ڕکێف و فرمانی جەنابتاندایە، بەپێی تەگبیر و بەرنامەیەکی شایان و بەو چابووکیی و کارامەییە، هەمزاغا و داروودەستەکەی گیر بخات و بەو دەستوبردە خێراییە، ڕەگی ژیانیان لەبن دەربهێنێ، کە هەر کامێکیان بۆ خۆی، ئایەتێکی ئازایەتی بوون.[2]

بەسەری مویارەکی جەنابتان، کە هەرگیز مەبەستم نیشاندانی ئازایەتی و دەربڕینی خزمەتی خۆم نییە، بەڵام باوەڕ بفەرموون گیرهێنانی هەمزاغا، بەو زەمینە بۆ خۆشکردنە و کوشتنی هەمزاغا، بەو هەموو وردەکارییەوە کە من کردم، لە کارە ناوازەکانی ڕۆژگارە و شایانی ناوبانگ دەرکردنە و نابێ بەکەم بگیرێت. لەبەر ئەوەش کە ڕێ و ڕەسمی ئەدەب و خزمەت، ئەوە نییە خۆم باسی مەزنایەتی و گرنگایەتی کارەکەی خۆم بکەم و بەخۆمدا هەڵبڵێم، بۆیە ئەوە هەقی گەورەیی و سەرۆکایەتی بێ سنووری جەنابتانە، کە بەو جۆرەی پێویستە، بەشاهەنشای گەورە و خاوەن شکۆ ڕابگەیەنن و گرنگیی کارەکەی بۆ دەربخەن. لەوە زیاتریش پڕکێشیی ناکەم.[3]

(١) وەک دەردەکەوێ دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بەوەی کە توانیوێتی شێخ عوبەیدوڵڵا بگرێ و بەدەستبەسەریی بۆ ئەستەموولی ببات، زۆری پێ گرنگ بووە و زۆری شانازیی بەدەسەڵاتی خۆیەوە کردووە و ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەیشی پڕ کردووە لە خۆهەڵکێشان و ستایشی خۆی.

(٢) ئەم خۆهەڵکێشانەی حەسەن عەلی خانی گەڕووسیش، نیشانەی گەورەیی هەمزاغایە و بەڵگەی ئەوەشە، کە دەوڵەتی قاجاری چەند لە هەمزاغا ترساون.

(٣) لەو یەک دوو نامەیەی پێشوودا، سوێندی بەسەری شاهەنشا دەخوارد، کە لە کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانیدا، چاوەڕێی خەڵات و پاداشت ناکات، کەچی...

نامەی ژمارە: ١٣٣
لاپەڕە: ٤٥٤
مێژوو: ٤ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٧/٣١ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

ئەم نامەیەم هەر بۆ ئەوە بۆ نووسیون و ئەو سوارانەی قەرەپەپاغیشم بەتایبەتی بۆ ئەوە ناردە خزمەتتان، تا ئەمر بفەرموون سوپای (٩)ی (خۆی) خێراتر بگاتە ئێرە. چونکە سوپای (٥)ی شوقاقی -م بەجۆرێک بینی و زانیم، کە هەر ئەوەندەی گوێبیستی پشوودان بن، ئەوە ئیتر بەیەکجاریی بڵاوەی لێدەکەن و دەڕۆن. بۆیە بۆ ئەوەی ئابڕووی پیاوی دەوڵەتیش نەچێ، بەناچاریی مۆڵەتم دان و ئێستاش جگە لە (١٠٠) سەرباز، لەو سوپایە کە حسین قولی بەگی یاوەر، بەزۆرداری و بۆ پارێزەری چەک و جبەخانە و شتی تر ڕایگرتوون، ئیتر هیچ سەربازێکی دیکە لێرە نەماوە.

ئێستاش لەم هەلومەرجەدا و بەتایبەتیش کە تازە هەمزاغا کوژراوە؛ بزووتنی ئەم کەمینەیە بەرەو (مەنگوڕایەتی) و پێکهێنانی سوپایەک لە سێ فرسەخی شارۆچکەی سابڵاخدا، بەپێویستییەکی زۆر گرنگ دادەنێم. بۆیە تکاکارم ئەمر بفەرموون تا سوپای نۆیەمی (خۆی)، زۆر بەپەلە، خۆی بەئێرە بگەیەنێ.

فرمانی جەنابیشتان لەسەر چاومە.

نامەی ژمارە: ١٣٤
لاپەڕە: ٤٥٦
مێژوو: ٥ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٨/١ز

بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

ڕەنگە وا بێتە بەرچاو، یان بڵێن ئەم کەمینەیە، دوای ئەوەی توانی هەمزاغا و دارودەستەکەی دەستگیر بکات و بیانکوژێت، تووشی خۆ بەزلزانی و سەر لێشێواویی



بووە و نانەجیب دەرچووە و هەر لە خۆمەوە، یەکسەر وا ڕاستەوخۆ هەواڵەکەی، بەتەلگرافخانەی (تەورێز)، یان گەڕووسدا بۆ شای گەورە و خاوەن شکۆ نووسیوە و ناردووە... هەر لەبەر ئەوە دەبێ ئەوەتان عەرز بکەم، کە من لەسایەی سەری ئێوەوە، دایک و باوکی خۆم دەناسم. لە هەموو ژیانیشمدا نانێکی نابەجێ و دووڕوویییم نەخواردووە. سوپاسیش بۆ خوا، کە لە جیهانی (کوردانە)ی! خۆمدا، جۆرە پیاوەتی و غیرەتێکم هەیە. با لە ڕواڵەتیشدا پیاوێکی شل و شەوێق بم، بەڵام لەسایەی سەری ئێوەوە، خۆم بیروڕام وایە (کە خوا یاربێت هەرواش دەبم) لە کاری نابەجێ و دووڕوویی دوورم و بەکورتی و بێ پێچوپەناش عەرزتان دەکەم، کە بەڕێز (ئاغا خان)ی بەرپرسی تەلگرافخانەی تەورێز، بۆ دیتن و چاو پێداخشاندنی هێڵی تەلگراف، بۆ سابڵاخ هاتبوو. هەندێک لە نەفس نزم و خوێڕیی، وتیان بۆچی هەر خۆت ڕاستەوخۆ شتێک بۆ شای خاوەن شکۆ نانێریت! بەڵام شرت و شوێم پێوە نەهێشتن و دەمکوتم کردن و پێم وتن مەگەر تا ئێستا نەتانزانیوە، تا ئەو کاتەی بەڕێز ئەمیر نیزام (عەلائولدەولە) هەبێت، من خۆم بەهیچ نازانم!. ئێوە بۆچی ئەوەندە دڵپیس و ناپاکن!.

بەکورتی، بەسەری موبارەکتان سوێند دەخۆم، جگە لەوەی بەجەنابتانم وتووە و پێم ڕاگەیاندوون، تەنیا وشەیەکیشم نە بەنووسین و نە بەتەلگراف بۆ هیچ کەسێک نەنووسیوە. بەڵام چونکە خۆتان فەرمووبووتان ئەوەی لە بەرژەوەندی دەوڵەتە و لە دڵتدایە، بیدرکێنە؛ پڕکێشیی دەکەم و عەرزتان دەکەم، ئەو کارەی کرا، کارێکی گەورە و بێ وێنە بوو، ئاشکراشە کە هەموو گەورەیی و گرنگایەتی ئەم کارەش بۆ جەنابتان دەگەڕێتەوە و لەسایەی سەری بەڕێزتانەوە بووە. بەرئەنجام و ئاکامی ئەو هەموو لەشکرکێشیی و ماندوو بوون و مەسرووفات و ئەم هەموو نامە نووسین و نامە گۆڕینەوە و وتووێژە، لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە، هەر ئەوە بوو کە جەنابتان باستان کردووە. ئێستاش هەر لەسەر ئێوە پێویستە گرنگایەتیی ئەم کارە، زیاتر بخەنە بەرچاو و دەسەڵات و پلەوپایەیەکی گەورەتر و باڵاتر، لەوەی کە هەیە، بۆ خۆتان داوا بکەن. چونکە ئەوە مافی خۆتانە و ئەگەر لەم نێوانەدا چاوێکتان لە منیش بێ و مەرحەمەتێکتان کرد، ئەوە کردووتانە و ئەگەر ئەوەش نەکرا و نەبوو، ئۆباڵم بەملم، کە هەموو کاتێک سەربەرزی و سەرکەوتنتانم بەسەربەرزی و سەرکەوتنی خۆم زانیوە و هەرگیز و بەهیچ جۆرێک چاوەنواڕی هیچتان لێناکەم و تکایەکیشم لێتان نییە. فرمانی باڵاشتان لەسەر سەرمە.(١)

(١) ئەم قسانە هەمووی بەڵگە و نیشانەی ئەوەن، کە حەسەن عەلی خان، لە بەرامبەر کوشتنی هەمزاغا و هاوڕێکانیدا، داوای پاداشت و خەڵات دەکات.

نامەی ژمارە: ١٣٥
لاپەڕە: ٤٥٨
مێژوو: ٦ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی
١٨٨١/٨/٢ز

### بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم.

تا ئەم سەعاتە، کە عەسری سێ شەممە، شەشەمی مانگی ڕەمەزانە، وەڵامی نامەکانی دوای کوژران و لەناوبردنی هەمزاغای نارەسەنم پێنەگەیشتوونەتەوە و دواش نەکەوتوون.

یەک دوو ڕۆژ بەر لەویش لە نامەیەکدا بەوردی سەبارەت بەلاواندنەوە و هێنانەوەی (کاکەڵڵا ئاغا) و لێکدابڕان و جیابوونەوەی خۆی و دوو بەشی هۆزی مەنگوڕ، لە هەمزاغای ناپاک بۆ ناردن و تا ئێستا بەوەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان سەربەرز نەبووم. ئێستاش ئەم نامەیەم بەتایبەتی لەبارەی تەواوکردن و دوایی هێنانی کاری کاکەڵڵا و هێنانەوەی ئێلی مەنگوڕەوە نووسیوە، کە لە ڕاستی و لە بنەڕەتدا، هۆی سەرەکی و سەرومڕی بەگیرهێنانی هەمزاغا و لەناوبردنی و هاتنەوەی کاکەڵڵا بوو. چونکە هەمزاغا هەرکە چاوی بەوە کەوت کاکەڵڵا بەشی زۆری برا و ئامۆزاکانی بەشێوەیەکی دوژمنانە و بەربەرەکانی ئاشکرا، لێکدابڕیوە و بەلای خۆیدا کێشاونی و دەست پێشخەریی کردووە و لای منیشەوە دڵنیا و زامنکراوە، تا بکرێتەوە بەمەزنی ئێلی مەنگوڕ و کەسوکار و خزم و خوێش و داروودەستەکەی بۆ ناوچەکەی خۆیان بهێنێتەوە و ئەوەندەشی پێناچێ هەموو ئەو کەسانەی بەبۆنەی لایەنگریی لەوەوە تووشی زیانی گەورە و دەردەسەریی و مەترسی سامناک بوون و لە ماڵ و جێگەی خۆیان ئاوارە و پەرپوەی هەندەران بوون، ڕوو لە کاکەڵڵا دەکەنەوە و ئەوسا ئەویش وەک سەرێکی بێ لەش، یان سەرێکی بێ کڵاو دەمێنێتەوە؛ ئەوەبوو بەو هەموو لەخۆباییبوون و سەرچڵیی و ئازایەتییە سروشتییەوەی، کە بووی و بەهیچ جۆرێ خۆی پێ ڕازی نەدەکرا خۆی بەدەستەوە بدات؛ کەچی سەرەڕای ئەو هەموو لەخۆباییبوون و سەگ و سەگبابییەیشی کە هەیبوو، دیسان هەر لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتی کاکەڵڵای برای لەو باڵاتر نەبێت و ئێلی مەنگوڕی لێنەکاتەوە و ئابڕووی نەچێ، ڕازی بوو بێتەوە. منیش چونکە زانیم کە بەم کارە، کاری هەمزاغا گەڵاڵە کراوە، یەک دوو نامەی کورتم بۆ نووسی (ئەویش لەوپەڕی ئەو ڕوانگەیەوە، کە هیچ پێویستییەکمان پێی نییە) و میرزا قاسمی قازیشم بۆ لای نارد، تا دەستەمۆم کرد. ئەو ناجسنەش وەک ئەوەی



فیز و لەخۆباییبوونی زۆر، زەینی کوێر کردبێت و بەخت و شانسی شاهەنشا، کۆت و زنجیری لە گەردن کردبێت و ڕاکێش ڕاکێش هێنابێتی، ئاوا بەپێی خۆی هات و بەداوەکەوە بوو.

ئێستاش مەبەستم لەم پێشەکییە ئەوە بوو، تا لاتان بسەلمێ ئەو تەگبیر و بەرنامەیەی بۆ لێکدابڕین و ناکۆکی نانەوەی نێوان کاکەڵڵا و هەمزاغا، کە بووە مایەی زەمینە خۆشکردن و سەرگرتنی یەکجارەکی کارەکە و هۆی سەرەکی و هەوێنی ڕاستەقینەی بەداوەوە بوونی هەمزاغا و داروودەستەکەی، هەر ئەوە بوو، کە پێشتر عەرز کرا و بۆ زیاتریش ڕوونکردنەوە و ئاگاداریی بەڕێزتان: ئەو ڕۆژەی کە هەمزاغا هاتەوە و بەسزای کارەکەی خۆی گەیشت، کاکەڵڵا و دوو برای تریشی لە سابڵاخ بوون و هەرکە زانیان هەمزاغای ناپاک کوژراوە، ترس و لەرزێکی وایان لێنیشتبوو، دەستیان لە خۆیان شتبوو؛ پێیان وابوو وەک هەمزاغایان لێ بەسەر دێنن... بەڵام بەدوایاندام ناردن و هێنایانن و لە کاتێکدا کەللەسەری بڕدراوی هەمزاغا و هاوڕێکانی، لەبەر خێوەتەکەدا کەوتبوون، دڵخۆشیم دانەوە و خەڵاتم کردن و هەر ئەو شەوەش ناردمن، تا بچن هۆزی مەنگوڕ و هەر کەسێکی دیکەشیان، کە بەهۆی هەمزاغاوە تووشی لێقەومان هاتوون، بیانهێننەوە و لە جێگە و شوێنی خۆیان جێگیریان بکەنەوە.

ناوبراو وەک ئەوەی تازە لە دایک بووبێتەوە، سوپاسێکی زۆری کرد و ڕۆیشت و دوای دوو ڕۆژ، چەند نامەیەکی بەرودوام، لەو و محەمەد ئاغای مامەشەوە پێگەیشتن و دەرکەوت ئێلی مەنگوڕ، کە لەگەڵ کاکەڵڵادا بەرەو ئەمبەری سنووری هاتبوونەوە، بەبیستنی کوژرانی هەمزاغا، زۆر ترساون و هەڵاتوون و خۆیان گەیاندۆتە قەڵەمڕەوی عوسمانی. بەڵام کاکەڵڵا بەنامەی منەوە چووە و دڵخۆشیی داونەتەوە و سەرلەنوێ گێڕاونیەتەوە و بۆ (نەڵێن)ی بردوون، کە سەرەتای قەڵەمڕەوی مەنگوڕایەتییە و لەوێ خەریکی دامەزراندن و سەقامگیر کردنەوەی ئەو خەڵکەیە، لەسەر جێگە و شوێنی خۆیان.

ئەوەشتان لا ڕوون و ئاشکرا بێت، کە ئەوەندەی پێناچێ و هەر بەم نزیکانە ئەو هەندە کەسانەش کە لە ئێلی مەنگوڕن و لەگەڵ هەمزاغادا بوون، دەگەڕێنەوە و دەچنە لای کاکەڵڵا. بەم جۆرە جگە لە (٤) کوڕی هەمزاغا، کە دووانیان منداڵن و هەندێکیش لە منداڵەکانی سوار ئاغا و کەسوکاری کوژراوەکان نەبێت، ئیتر تاقە کەسێک لە ئێلی مەنگوڕ لە دەرەوە و لە شوێنەواری هەمزاغا نەماوە و دڵنیام ئەوانیش ناچار دەبن و پەنامان بۆ دەهێننەوە و دەگەڕێنەوە...

سوپاسیش بۆ خوا، کە زەمینە خۆشکردن بۆ دڵنیا کردنەوە و هێنانەوەی کاکەڵڵا،

*کەڵکی زۆر بوو:*

*یەکێکیان ئەوەی کە هەمزاغای بێ پشتوپەنا کرد و بەناچاریی کەوتە داوەوە و کوژرا و سەری تێدا چوو.*

*دووەمیان ئەوە بوو، کە بەجارێک (١٥٠٠) خێزانی مەنگوڕ، کە لە دەرەوەی وڵات بوون و بوونی ئەوانیش لە دەرەوە، هەر ڕۆژەی دەبووە مایەی فیتنە و ئاژاوەیەکی تازە؛ دڵنیا کران و گەڕانەوە و لایەکی هەرێمی موکریش، کە چۆڵ کرابوو و بێ کەڵک مابووەوە، کەوتەوە گەڕ و ئاوەدان بووەوە...*

*سێیەم، ئەوەی کە ئەم ناوچەیە و ناوچەکانی تر، سەرلەبەیان کەوتنەوە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی دەوڵەت و لەمە بەولاوەش دەوڵەت هەرچۆنێکی پێخۆش بێت، دەتوانێ وا بکات.*

*بەکورتی هیوادارم ئەم تەقەلللا و گرنگی پێدان و زنجیرە کارە، لە لایەن شای خاوەن شکۆ و بەڕێزیشتانەوە، ببنە مایەی پەسەندی و شایانی ئافەرین و پێزانین بن... لەوە زیاتریش پڕکێشیی ناکەم.*

نامەی ژمارە: ١٣٧

لاپەڕە: ٤٦٦

مێژوو: **١١**ی *ڕەمەزانی* **١٢٩٨** کۆچی

**١٨٨١/٨/٧**ز

**بۆ: عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام (بۆ تەورێز)**

*بەفیداتان بم.*

*پێشتر عەرزم کردبوون کە هۆزی مەنگوڕ بەهۆی کاکەڵلا ئاغاوە گەڕاونەتەوە و لەسەر جێ و ڕێی خۆیان دامەزراونەتەوە. لەو ڕۆژەشەوەی هاتوونەتەوە، ڕاست هاتوون و ڕاست چوون هیچ کامێکیان کارێکی خراپیان لێ نەوەشاوەتەوە.*

*سێ و چوار ڕۆژ لەمەوبەر کاکەڵلا هاتبۆوە ئێرە و (٧) هێستری لەگەڵ خۆی بەدیاری هێنابوو. لەبەر ئەوەش مەبەستم ئەوەیە هۆزی مەنگوڕ سەرقەڵەمانەیەکیش بکاتە دیاری خاکی بەرپێی بەڕێزتان، بۆیە کاکەڵلام تێگەیاند، بڕە پارەیەکی نەختینەش پێشکەش بکات... ناوبراو لە ئەستۆی گرت و ڕۆیشت، تا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا (٣٠٠) تمەن لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و بێتەوە. هەرکاتێ پارەکە گەیشت، بۆ خزمەتتانی دەنێرم.*



*لەبەر ئەوەش دیاری مەنگوڕان، جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بۆیە (٧) هێسترەکەم بۆ هێسترخانە تایبەتەکەی ئێوە بڕیارداوە و ناردمنە خزمەت بەڕێزتان. خوا بەچاکی بنووسێ و پیرۆز بێ و قەدەمیان خێر بێ. ئەگەر ڕاستیشتان دەوێ، نیازم بوو بۆ تەبەڕوک، (٢) سەر لە هێسترەکان بۆ خۆم گلبدەمەوە. بەڵام ئەو گورگەم بەبیر هاتەوە، کە لە کاتی بەشکردنی نێچیردا، لە خزمەت شێردا بێ ئەدەبیی نواندبوو. منیش تێگەیشتم و ئەو خەیاڵە لەسەرم دەرچوو:*

*سەری گورگی هەڵکەند میر گەورە*
*تا نەمێنێ جیاوازیی و دوو سەرە*
*تۆڵەمان لێکردنەوە، ئەی گورگە پیر*
*چونکە تۆ نەمردبووی، وا لای ئەمیر*(١)

*(مەولانا)ی ڕەحمەتیش هەر دەڵێی ئەم شیعرەی بۆ ئەم بۆنەیە وتووە.*

*لەوە زیاتریش پڕکێشیی ناکەم. فرمانی باڵاتان لەسەر سەرمە.*

## نامەی ئەمیر نیزام لە بارەی ئامادەکردنی وەڵامێکەوە بۆ باڵوێزی ڕووسیا:

دەربارەی ئەم نامەیە:

١- ئەم نامەیە، کە حەسەن عەلی خانی گەڕووس (میرزا نیزام) نووسیوێتی و وەڵامە بۆ نارەزایی نامەیەکی باڵوێزی ڕووسیا، سەبارەت بەپەیمان شکێنی و بەناجوامێرانە کوشتنی هەمزاغا لە لایەن ئێرانەوە؛ لە هەمان کاتیشدا وەڵامی دەوڵەتی ئێرانە بۆ دەوڵەتی ڕووسیا. کە ئەمە لە لایەکەوە دەسەڵاتی حەسەن عەلی خانی گەڕووس دەردەخات، بەوەی وەک ڕەنگڕێژی سیاسەتی ئێران، بەرنامە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران (میرزا سەعید خان) دیاری دەکات، تا بە چ شێوەیەک وەڵامی ڕووسیا بدرێتەوە... لە لایەکی تریشەوە خودی نارەزایی نامەکەی ڕووسیاش، وەرسووڕانێکی زۆر تازە و زۆر سەیر بووە

(١) ئەمە چوارینەکەی (مەولانای ڕۆمی)یە:

گرگ را برکند سر آن سرفراز
تا نماند دو سری و امتیاز
فانتقمنا منهم است أی گرگ پیر
چون بنودی مرده در نزد امیر

سەرنج: ئەمە هەر ئەو جۆرە (سەرانە) زاڵمانانەیە، کە پێشتر هەمزاغا و نموونە جوامێرەکانی وەک ئەو، پێی قایل نەدەبوون و لێی ڕادەپەڕین.

لە سیاسەتی ئەو ڕۆژگارەی خۆیدا بەرامبەر بەکورد، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٨ تا ساڵی ١٨٨٠ز، واتە: تا دەستپێکردنی شۆڕشی (١٨٨٠ز)، بەردەوام تەقەللای لەگەڵ باڵوێز و کۆنسوڵەکانی دەوڵەتی ڕووسیا داوە، تا ڕازییان بکات، پشتیوانیی لە داخوازییەکانی کورد بکەن. کەچی نەک هەر بەدەنگ بانگەوازەکانی کوردەوە نەچوون، بەڵکو زۆر بەسەختیی دژی داخوازییەکانی کورد وەستان و شان بەشانی ئینگلستان و ئێران و عوسمانی، گەلەکۆمەکی دیپلۆماسی و سەربازییانەی نێودەوڵەتییان لێکرد[1] و سەرئەنجام لەشکرکێشیی هێزەکانی کورد، لە هەردوو قۆڵی ئازەربایجانی خۆرهەڵات (تەورێز) و ئازەربایجانی خۆرئاوا (ورمێ) تووشی تێشکان و پاشەکشێ بوون و بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان لە هەکاری و شەمزینان و سەر سنوورەکانی ئێران - عوسمانی، ئێران - ڕووسیا کشانەوە؛ کە دیسانەوە شێخ عوبەیدوڵڵا نزیکەی یەک دوو مانگ دوای ئەم تێشکانە و دوای چاوگێڕانەوە و بەسەرکردنەوەی هێزەکانی و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکان، تەقەللای هەڵساندنەوە و ژیاندنەوەی ڕاپەڕینێکی تازەی دەدا و سەرەتاش دیسانەوە بەکاری دیپلۆماسی و تەقەللای ڕازیکردنی دەوڵەتانی ڕووسیا و ئینگلستانی دەست پێکردەوە، تا گوشار بخەنە سەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی و زوڵم و ستەم لەسەر کورد کەم بکەنەوە، بەتایبەتیش کە لەو کاتەدا دەیان هەزار کوردی ئاوارەی ناوچە ڕاپەڕیوەکان، لە جێگە و شوێنی خۆیان هەڵکەندرابوون و پەڕیوەی ناوچە و شوێنە دوور و سەختەکان و قەڵەمڕەوی عوسمانی و ناو خاکی ڕووسیاش ببوون و شێخ عوبەیدوڵڵا لە ڕیزی کارە دیپلۆماسییەکانیدا، چەند سکاڵانامە و هاوارنامەیەکیشی بەناوی ئەو دەیان هەزار ئاوارەیە پێشکەش ڕووسیا و ئینگلستان کردووە و وێنەیەکی ئەو هاوار نامانەمان لە (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا - لە بەڵگەنامەی قاجاریدا...) بڵاو کردەوە، کە بۆ ڕووسیای نارد بوو.[2]

٢- لە سۆراخی ئەوەی کە ئاخۆ دەوڵەتی ڕووسیا، لەسەر کوشتنی هەمزاغای مەنگوڕ، چۆن و بۆچی هەڵیداوەتێ؟ جێی پرسیار و پشکنینە و لەم بوارەدا پشکنین و سۆراخێکی زۆرمان لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێراندا کرد، بۆ ئەوەی بتوانین خودی نارەزایی نامەکەی دەوڵەتی ڕووسیامان چنگ بکەوێ، تا بزانین ناوەڕۆکەکەی چۆن چۆنییە و لە ئاکامی داخوازیی چ لانێکەوە ڕووسیا قەناعەتی بەوە کردووە، کە نارەزایی نامەیەکی

(١) بۆ زیاتر زانیاریی بنواڕە: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، بەشی: کاری دیپلۆماسی و دەوڵەتاندنی کێشەی کورد، لاپەڕەکانی ١٢٦-١٣١

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٨-٢٢٩



وا توند، دژی هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران، سەبارەت بەکوشتنی هەمزاغای مەنگوڕ بنووسێت!... بەداخەوە هیچمان چنگ نەکەوت.

بەڵام بەدڵنیاییەوە (لەبەر چەند هۆیەک) دەڵێین ئەم نارەزایی نامەیەی ڕووسیا، دەربارەی کوشتنی هەمزاغا، هەر ئاکامی تەقەللای شێخ عوبەیدوڵڵایە، کە هۆیەکانیش ئەمانەن:

یەکەم: ئەو نموونەی سکاڵا و هاوارنامەیەی دەیان هەزار ئاوارە کوردەی لە سەرووتر باسمان کرد و بۆ ڕووسیا نێردرا بوو، دیارە دەبێ هەر تەقەللای سەرانی کورد خۆی بوو بێت، کە لەو کاتەدا شێخ عوبەیدوڵڵا ڕابەرایەتی دەکرد.

دووەم: ئەو کاتەی هەمزاغا لە لایەن دەوڵەتی قاجارەوە کوژراوە (١٨٨١/٧/٣٠ز)، شێخ عوبەیدوڵڵا (٢٦) ڕۆژ پێشتر، واتە: لە (١٨٨١/٦/٤ز)دا، لە لایەن دەرباری عوسمانییەوە بۆ ئەستەموول براوە و هێشتا وەک میوانێک حسابی بۆ دەکرێ و هێشتاش دەوڵەتی عوسمانی، وەک گوشارێک دژی دەوڵەتی ئێران، بۆ هێنانەدی هەندێ داخوازی خۆی، بەکاری دەهێنێ و بەپیر (هەندێ) وردە داخوازیی شێخ عوبەیدوڵڵاوە دەچێ و نموونەی ئەو وردە داخوازیی و گوشارانەش، لە دوو نارەزایی نامەی شێخ عوبەیدوڵڵادا بەدی دەکەین، کە دژی هەڵوێستی ئێران نووسیونی، لەسەر ئەوەی کە لە ئێراندا (سوننی مەزهەب) دەچەوسێنرێنەوە و خودی هەردوو نارەزایی نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە ڕێگەی باڵوێزی عوسمانییەوە لە تاران، بەکاربەدەستانی ئێران گەیەندراون.[1]

***

٣- هەروەها (ئیرەجی ئەفشار) ئەم سەرنجەی لەسەر ئەم نامەیە نووسیوە:

(لەناو ڕووداوگەلی سابڵاخ و ئەو ئاڵۆزیی و پشێوییەی قەوما و بووە هۆی کوژرانی هەمزاغا؛ نامەیەکی حەسەن عەلی خان بەمۆری وەزیری فەوائیدی عامە - دواتر ئەمیر نیزام - لەبەر دەستدایە، کە بۆ یەکەم جار خوالێخۆشبوو: عەباس ئیقبال ئاشتیانی لە گۆڤاری (یادگار، ساڵی ٣، ژمارە ٦ و ٧، ڕەشەمیی ١٩٤٦، ل٨ - ٣٣)دا، چاپ و بڵاوبۆتەوە. لە دامێنی نامەکەشدا ژیاننامەیەکی ئەمیر نیزامی لەگەڵدایە... ئەم نامەیە لە ڕووی ڕەشنووسێکەوە وەرگێراوە، کە کاتی خۆی لای (کافی ئەمیرانی) بووە. لەوێدا

(١) نارەزایی نامەی یەکەمیان لە نامەیەکی حەسەن عەلی خانی گەڕووسدا باسکراوە، کە ڕۆژی ١٨٨١/٥/٨ بۆ محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە - ئەمیر نیزامی نووسیوە و نارەزایی نامەی دووەمیشیان و دیسان هەر لە نامەیەکی تری حەسەن عەلی خانی گەڕووسدا، هەر بۆ محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە، لە ڕۆژی ١٨٨١/٦/٢٣دا، نووسراوە.

باسی ئەوە کراوە، کە ئەم نامەیە ساڵی (١٨٨٠ز)،[1] بۆ محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام نووسراوە.

دواتر مامۆستا: محەمەد عەلی کەریم زادەی تەوریزی لەگەڵ وتارێکدا بەناوی: چەند بەڵگەیەکی مێژوویی، لە گۆڤاری (بررسیهای تاریخی - لێکۆڵینەوە گەلی مێژوویی، ساڵی یازدەهەم، ژمارە (٢) خورداد - تیر ١٣٥٥ هەتاوی - ١٩٧٩ز، سەرجەمی ئەم نامەیەی لە لاپەڕەکانی (١٤٥ - ١٥٥)ی ئەو گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە، کە مۆری وەزیری فەوائیدی عامە و مێژووی ٢٦ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی - ١٨٨١/٨/٢٢ز) پێوە بووە... بەڵام ناوبراو نووسیویێتی کە گوایە ئەم نامەیە بۆ: میرزا حسین خان - سوپاسالار نووسراوە.

لێرەدا لە ڕووی ڕەشنووسێکەوە، کە لە خەتی خوالێخۆشبوو (حەسەن عەلی خان - ئەمیر نیزام) دەچێ و لای خوالێخۆشبوو: موهەندیس نامیق ناتیق بووە و لێم وەرگرتووە، بۆ ئێرەی دەگوێزینەوە و چاپی دەکەین.

بەڵام ئەو شوێنانەی لەگەڵ نوسخەکەی (کەریم زادە)دا جیاوازییان هەیە، بەراورد و دەستنیشانی دەکەین و ئەوەش دەڵێین کە نوسخە چاپکراوەکەی خوالێخۆشبوو (ئیقبال) و ئەم ڕەشنووسەی خوالێخۆشبوو (ناتیق)دا بووە و ئێستا چاپدەکرێ، مێژووی نووسینی پێوە نییە... پێم وایە ئەو ڕەشنووسەی خوالێخۆشبوو (ناتیق) پێی دام، هەر ئەو نوسخەیەیە، کە لە پێشدا لای خوالێخۆشبوو (ئەمیرانی) بووە و دەست خوالێخۆشبوو (ئیقبال) کەوتووە. چونکە ئەسڵی نامەکەی حەسەن عەلی خان - ئەمیر نیزام، بۆ عەبدولحسێن خانی کوڕێتی، کە وەک وەرگرتنەوەی، لە گۆڤاری (یادگار)دا چاپکراوە و لەو لاپەڕانەدایە، کە خوالێخۆشبوو (ناتیق) دامێ.[2]

### *(لە بارەی وەڵامێکەوە بۆ باڵوێزی ڕووسیا)*

*بەفیدات بم.*

*پوختەی نامەکەی بەڕێزتانم زیارەت کرد و لە ناوەڕۆکی بروسکەکەی جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەش ئاگادار بووم، کە بریتی بوو لە قسەکانی باڵوێزخانەی ڕووسیا، دەربارەی کوژرانی هەمزاغا... لە نامەکەی (میرزا بزورگ)یش تێگەیشتم، کە باسی قسەکانی جەنابتانی کردووە. دەمەوێ عەرزتان بکەم کە بیروڕای ئەم کەمینەیە لە بەرامبەر*

(١) ئەو مێژووە هەڵەیە و دەبێ (١٨٨١ز) بێت، چونکە هەمزاغای مەنگوڕ ساڵی ١٨٨٢ کوژراوە.
(٢) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، ل٥٥٢



*هەڵوێستی سەفارەتی ڕووسیادا، لە بارەی کوژرانی هەمزاغاوە بەدوو شێوە وەڵام بدرێتەوە. ئەو دوو شێوەیەش بەدوور و درێژیی شی دەکەمەوە، ئەوسا جەنابتان هەر کامێکیانتان پەسەند فەرموو، لە وەڵامی بەڕێز جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەدا بینووسن.*

*- یەکەمیان ئەوەیە، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، سادە و ساکار و بێ پێچ و پەنا، بەسەفارەتی ڕووسیا بڵێین خۆتان زۆر چاک ئاگاتان لەو هەموو کوشتار و تاڵانە لە ڕادەبەدەر و کاولکاریی و زیانە زۆرە هەیە، کە بەهۆی (شێخ) و (هەمزاغا)وە بەسەر وڵاتی ئێمەدا هاتووە و دوای لە ئەستۆ گرتنی ئەو هەموو خەرجە زۆرەی بەهۆی لەشکرکێشیی و ناردن و دامەزراندنی ئەو هەموو سەرباز و هۆردووەوە لە لایەن دەوڵەتی خۆمانەوە، شێخ و هەمزاغا و دەست و پێوەندەکانیانمان بەزۆری چەک، لە سنووری خۆمان دەرپەڕاند. ئەوەش دەزانن کە هەمزاغا دیسانەوە دەستی لە شەڕ و کوشتار هەڵنەگرت و هەموو جێیەکی قەڵەمڕەوی عوسمانی و خاڵە دوورەکانی نزیک سنوورەکانی ئێمەی کردبووە پەناگەی خۆ حەشاردان و خۆ دامەزراندن و بەردەوام هەر خەریکی خراپەکاریی و شێواندنی سنوورەکانمان و هاندانی خێڵەکان و ئاژاوەنانەوە بووە. بۆیە ئیتر وا بەپێویست زانرا کە ئەو ئەرکە بخرێتە سەرشانی سنوور پارێزان و فەرماندەکانی سوپا، تا هەر کامێکیان لای خۆیانەوە، هەر چییان توانی و بەهەر جۆرێک بۆیان کرا، بەڕێگەی جەنگ، یان بەهەر ڕێگەیەکی تر، تەگبیری لە ڕەگوڕیشە دەرکێشانی شەڕ و ئاژاوەی هەمزاغا و داروودەستەکەی بکەن؛ کە یەکێک لەو کاربەدەستانەمان (حەسەن عەلی خانی وەزیری فەوائید) بوو، کە فرمانڕەوایەتی هەرێمی موکری و بەرپرسیاریەتی سوپای ساباڵخمان پێ سپاردبوو. ئەویش بەهۆی پێوەندی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەلومەرجی کارەکەی و شوێنی بەرپرسیاریەتی و ئەرکی ڕێکخستنی سنوور و ڕێگەگرتن لە خراپەکارییەکانی هەمزاغا و داروودەستەکەی زۆرتر بووە.*

*لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا، هەمزاغا بەئارەزووی خۆی و بەهەر جۆرە تەقەللایەک بوویێت، لەگەڵ (میرزا قاسمی قازی)دا، کەوتبووە نامە گۆڕینەوە، کە دۆستایەتی دێرینەیان هەبووە و ئەوی کردبووە ناوبژیوان بۆ بەدەستهێنانی متمانە بۆ خۆی. وەزیری فەوائیدیش بەداوا و تکای پێداگرانەی خودی هەمزاغا، میرزا قاسمی نارد و هەمزاغاش بێ ئەوەی متمانە و بەڵێنێکی تەواوی پێدرابێ، بەهۆی فیز و لەخۆباییبوونێکەوە کە بووی، لە پڕێکدا و سەرچڵانە لەگەڵ سوار ئاغا و دوو برازا و خوشکەزاکەی خۆی و (٢٠٠) چەکداری دیکەدا هاتنە هەزار هەنگاوی شارۆچکەی ساباڵاخ و لەوێ (٢٠٠)*

چەکدارەکەی خۆی لە پشت ئەو چیا و بەندەنانەدا دامەزراندن. کە بەسەر شاردا دەینواڕی و خۆیشی لەگەڵ برازاکانی و چەند کەسێکی دیکە و میرزا قاسمی قازیدا بۆ سابڵاخ هاتن و لە باخێک بەناوی باخی (موزەفەرلدەولە) ، لە چادرەکەی دەرەوەی وەزیری فەوائید دابەزین.

لەبەر ئەوەش لە سەرەتای دەستپێکردنی نامە گۆڕینەوەی هەمزاغا ، لەگەڵ قاسمی قازیدا ، تا هاتنی بۆ سابڵاخ، هەر تەنیا لە دوو سێ ڕۆژ زیاتر درێژەی نەکێشا ، بۆیە وەزیری فەوائید ئەوەندەی کات بەدەستەوە نەبوو ، تا سەری بپەرژێ و زەمینەیەک بۆ باسی هاتنەوەی هەمزاغا بۆ سابڵاخ، بەدەوڵەت ڕابگەیەنێ و ئەرکی خۆی بزانێت. لەبەر ئەوە بەهەموو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی یەکجارەکی خۆی، پێی وابووە هەمزاغا هەرگیز دانامرکێ و هێمن و هێدی دانانیشێ. بۆیە بنەبڕکردنی هەمزاغای دوای ئەو هەموو خوێن ڕشتن و تۆڵەکردنەوەی خوێنی ئەو هەزاران کەسەی داوەتە دەست یاسای عەقڵ و شەرعی خۆی و هەر خۆیشی بڕیاری کوشتنی هەمزاغای داوە، کە پێشتر و پێش هاتنەوەی هەمزاغاش، فرمانی کوشتنەکەی بەهەندێ لە بەرپرسان و کاربەدەستان و خزمەتگوزارانی دەوڵەت و نزیکانی خۆی کردووە و ڕاپۆرتیشی بەبەڵگەی پێویستی جێبەجێ کردنی کارەکەوە بۆ جەنابی بەڕێز (ئەمیر نیزام) عەرز کردووە؛ کە دەبێ و پێویستە بکوژرێ و جەنابی ئەمیر نیزامیش هەمان ڕاپۆرتی بە(دەربار) گەیاندووە.

ئەگەرچیش بەرپرسانی دەوڵەت ئاگاداری کارەکە نەبوون و ڕێگەشیان بەوەزیری فەوائید نەداوە، تا هەمزاغا بکوژێت، بەڵام چونکە وەزیری فەوائید بەڵگەی بەهێزی بۆ پەلەکردن لە کوشتنی دەستبەجێی هەمزاغادا بووە، بۆیە بەرپرسانی دەوڵەتیش بەڵگەکانی بڕیاری کوشتن و کارەکەی دەسەلمێنن و بەچاکی دەزانن و جێی سەرکۆنە و ڕەخنەگرتن نییە، چونکە بنەما و ڕەگی خراپەکاریی هەمزاغای لە بن دەرهێناوە، کە بووە مایەی ئەو هەموو کوشتن و تاڵان و بڕۆ و کاولکارییە و پێیان وایە ئەرکی بەرپرسایەتی خۆی بەجێ هێناوە و بەشیاوی دەستخۆشیی و ڕێز لێگرتنی دەزانن.

ئەمە یەکێک بوو لەو دوو وەڵامەی کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، دەبێ ئازایانە و لە ڕووی ڕاستیی و حەقیقەتەوە وەڵامی سەفارەتی ڕووسیای پێبداتەوە و ئاکامی ئەم جۆرە وەڵامە ڕاست و ئاشکرایەش، کە بەڕاستیی باسی کارەکە کراوە، لە دووحاڵ بەدەر نییە:

یان سەفارەتی ڕووسیا و غەیرە ڕووسیا ، بەو هەموو بەڵگە بەهێز و حاشا هەڵنەگر و مافە سەلمێنراوانەوە ئینسافیان دەبێ و بێدەنگ و ڕازی دەبن و دەیسەلمێنن، کە کارێکی چاکمان کردووە و بەهەر فرتوفێڵێک بووبێت، دوژمنی دین و دەوڵەتی خۆمانمان



لەناوبردووە و هەندێ زەحمەت و ئەرکیشمان لەسەر شانی دەوڵەتانی تر هەڵگرتووە.

یان ئەوەتا ڕازی نابن و بەناهەق درێژە بەقسە و باسەکەیان دەدەن و ئەوپەڕی قسەشیان ئەوەیە کە بڵێن کاربەدەستانی ئێوە، بەپێچەوانەی بڕیار و بەڵێنەکانی خۆیانەوە کاریان کردووە و بناغە و متمانەی بەڵێنەکانی خۆیانیان لای کوردەکان بێ هێز و بێ بایەخ ڕاگرتووە.

لەبەر ئەوەش کە نازانم مەبەستی سەفارەتی ڕووسیا دەربارەی ئەم کێشەیە چییە، یان گرێمان بڕیاری خۆشمان لە ژێر پێ نابێ، یان ئاخۆ ئەم ژێر پێ خستنەش، کام سیاسەتی ئەوان دەشێوێنێ و ئێستا چییان لە ئێمە دەوێ، بۆیە وەڵامێکی بێ گرێ و گۆڵم بۆ ئەم بابەتە نییە.

بەڵام زۆر بەکورتی ئەوەتان عەرز دەکەم، کە دەبێ وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەو خاڵە زۆر بەچاکی لەبەر چاو بگرێ و زۆر بوێر و پتەو ڕاوەستن و هۆیەکانی کوشتنی هەمزاغا بسەلمێنن، نەکا کارێکی وا بکەن، کە ئەو خەڵکە خراپە وا بزانن بەکوشتنی هەمزاغا ، سەفیرەکان نارەزییان دەربڕیوە. یان بەواتەیەکی تر، کەسانێک هەن، شوێن تۆڵەی خوێنی هەمزاغا کەوتوون و ئەوانەی کوشتوویانە، کارێکی خراپ و ناپەسەندیان کردووە. چونکە ئەم جۆرە قسانە، لەم وڵاتەدا، شوێنەوارێکی زۆر خراپ بەجێ دەهێڵن و بەرژەوەندی گەورە لە دەست دەدەین.

ئەوەشتان بەبیردا نەیەت، کە من بۆیە ئەم قسانە دەکەم، چونکە پێم وایە کاروباری ئێرەم لێدەسێننەوە و فرمانی بانگکردنەوەم دەردەکەن، کە بەزاتی گەورەیی خوا و نان و نمەکی شاهەنشا سوێند دەخۆم، ئەوپەڕی ئاواتم ئەوەیە ئەم کارەم لێ وەربگرنەوە و بانگم بکەنەوە، تا بتوانم لە خزمەت شاهەنشادا بم.

ئەوەش کە عەرزم کردن، تەنیا و تەنیا بۆ دەربڕینی خزمەتکاریی ڕاستەقینە و پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتە. ئەگینا من بەئیزن و یارمەتی ئێوە، هەر تەنیا ئەرکی خزمەتکاریی و بەندایەتی خۆم بەجێهێناوە و سوپاسیش بۆ خوا، هەر ئەوەندەی شای خاوەن شکۆ، لەو کارە ڕازی بێت، ئیتر گریمان ئەگەر ئەم کەمینەیەش ببەن و بەتاوانی ژێر پێ خستنی بەڵێن لەگەڵ هەمزاغای ناجسندا بمکوژنەوە، هێشتا بۆ من جێی سەربەرزی و ئەوپەڕی شانازییە.

ئەمەیان یەکێک بوو لەو دوو شێوەیەی کە بۆ وەڵامدانەوەی سەفارەتی ڕووسیا ، لە بارەی کوژرانی هەمزاغاوە بەبیری ئەم کەمینەیەدا هاتووە. بیروڕای ڕاستەقینەی خۆمیش ئەوەیە، کە بەڕێز وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ڕێ و ڕاست و هەر بەو جۆرەی کە عەرز کرا، بەسەفارەتی ئەوانیتریش ڕابگەیەنێت. چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە سەفیرەکان خۆیان لە

هەموو شوێنێ هەواڵنێری خۆیان هەیە و ڕاستیی ڕووداوەکەیان بۆ نووسیون بۆیشیان دەنووسن. لە لایەکی تریشەوە ڕێی تێدەچێ و بگرە بێگومان و بێ سێ و دوو، ئەو دوو نامەیەی کە من بۆ دڵنیا کردنەوە و لێبووردنی هەمزاغا نووسیومە، دەکەوێتە دەست کاربەدەستانی عوسمانی و دەردەکەوێ کە ئێمە بەدوای ئەوەوە بووین، تا دڵنیایی بەهەمزاغا بدەین و لێی خۆشبین. لەم بارەشدا حاشا کردنمان لەو بەڵگانە، یان پەژێوان بوونەوەمان لێیان، ئیتر دادێک نادات و بەدرۆ دەکەوینەوە و ئەمەش دژی پلە و پایەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و پێچەوانەی بنەماکانی بەرژەوەندییە.

بەڵام ئەگەر ڕاستییەکەی بێژین، ئەوسا ئەگەر ڕەخنەیەکی بێ ئینسافانەشمان لێبگرن، ئەوەیە کە دەڵێن ئێوە بەڵێن و بڕیاری خۆتان ژێر پێ ناوە و بۆ ئەوەش بەڕێز وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەتوانێ زۆر بەڕێ و جێ و بەخستنە بەرچاوی بەڵگەی تۆکمە و سەلماوەوە، وەڵامی سەفارەتی ڕووسیا و ئەوانیتریش بداتەوە و بێدەنگیشیان بکات. بەم بۆنەیەشەوە بەپێویستی دەزانم بەڵگە و هۆیەکانی خۆم، بۆ کوشتنی هەمزاغا عەرز بکەم، تا پێتان وانەبێ کە ئەم کەمینەیە، بێ بیرکردنەوە و هەروا لە خۆمەوە و لە پڕێکدا هەمزاغام کوشتووە. بەڵکو دوو شەو و دوو ڕۆژ لەگەڵ چەند کەسێکدا، کە لەم کارەدا شایانی ڕاوێژ پێکردن و جێی متمانە بوون، لەم کارەمان کۆڵیوەتەوە و بیروڕامان گۆڕیوەتەوە و قسەمان کردووە و لە هەموو ڕوویەکی خاڵە وردەکانی کارەکە ورد بووینەتەوە، کە ئەگەر هەمزاغا هاتەوە، چی لەگەڵدا بکەین؟ ئایا دەکرێ چاوپۆشیی لە هەموو خراپەکارییەکانی بکرێت و خواست و ئارەزووەکانی ئەو جێبەجێ بکەین؟. ئایا پێی بڵێین کە هەر تەنیا لە تاوانەکانی چاو دەپۆشین و بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لە ماڵی خۆی دابنیشێ و ئیتر داوای هیچ شتێک نەکات؟. ئایا بیگرین و بیخەینە زیندان، یان بیکوژین؟

لە بڕگەی یەکەمدا، کە بریتی بوو لە لێبووردن و ڕەهاکردنی یەکجارەکی و پەسەندکردنی داواکانی؛ بیرمان لەوە کردەوە، کە جگە لەوەی بەخشینی هەمزاغا، لەگەڵ هیچ شەرع و یاسایەکدا ناگونجێ، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی دڵساردیی هەموو خەڵکی ئازەربایجان و تەنانەت هەموو خەڵکی ئێران و سەلماندنی داواکانی هەمزاغاش، خۆی لە خۆیدا جێی پەسەندکردن و گونجاندنیش نییە. چونکە یەکێک لە داواکانی هەمزاغا ئەوەیە، بێجگە لە مەڵبەندی مەنگوڕ، کە شوێنی ئێلەکەی خۆیەتی، دەیەوێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی (سەردەشت)یشی بدەینێ، کە سەرەکیترین شوێنی سەر سنووری وڵاتی موکرییە و بەمەش دڵ ڕاگرتنی محەمەد ئاغای مامەش و خدر ئاغای گەورک و دوو خێڵی



گەورەی خۆمان دەخەینە ئەو لاوە و لە هەمان کاتیشدا ئەوانە بخەینە ژێر دەسەڵاتی هەمزاغا، تا ئەویش بۆ تۆڵەکردنەوە لە دوژمنایەتی پێشینە و داهاتووی خۆیان، ئەو دوو خێڵە گەورەیە لەناو بەرێت، ئەوە چ بێ عەقڵییەکە کە ئەم داخوازییانەی هەمزاغا جێبەجێ بکات؟ ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەم شتانەی پێ نەدرێت و ئەو داوایانەی پەسەند بکەین، ئەوا هەمزاغا بەهەموو بەدفەڕیی و خراپییەی کە هەیەتی، ئەوەندە پیاوێکی لەبار نییە، تا بەچاوپۆشیی و لێخۆشبوونی ڕازی بێ و بێدەنگ لە ماڵی خۆی دابنیشێ...

خۆ ئەگەر ئەوانەی ئەویش داوای دەکا و نەیدەینێ و هەر یەکسەر و بێ چەند و چوون، بەرەڵلای بکەین، هەر چییەکی پێخۆشە بیکات، ئەوا دیسان دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی پێشوویی و شەڕ و ئاژاوە دەنێتەوە و دەبێتە مایەی پەشیمانیی هەتا هەتاییمان، کە کابرایەکی خراپی وەک هەمزاغامان گیرکەوت و بەدەستی خۆشمان بەرەڵلامان کرد.

کەواتە ئاکامی ئەو وتووێژ و لێکدانەوە و ڕاوێژانە، بەوە شکایەوە، کە چونکە بەهیچ جۆرێک داخوازییەکانیمان بۆ جێبەجێ نابێ و ئەویش بەبێ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی هەروا هێمن و هێور دانانیشێ، ئیتر ناچار یان دەبێ زیندانی بکەین، یان دەبێ بیکوژین.

بەڵام سەبارەت بەزیندانی کردنیشی، پێمان وابوو ئەم پیاوە هەر ئەو پیاوەیە، کە لوتف عەلی خان کاتێ ویستی زیندانی بکات، سەری بۆ دانەنەواند و بەو سەرچڵییەی کە هەمووان دەیزانن، دوو پیاوی لوتف عەلی خانی کوشت و هەڵات و هیچ کەسیش بەتۆزی پێیدا نەگەیشتەوە و ئەو هەموو ئاژاوەگێڕیی و خراپەیەشی کرد.

بۆیە ئەگەر ئێمەش بمانەوێ زیندانی بکەینەوە، دیسان بەدڵنیاییەوە ڕوون و ئاشکرا دیارە مل نادات و سەرلەنوێ دەست بەشەڕ و بەربەرەکانێ دەکاتەوە و ئەوسا ئێمەش کە دیمان هەمزاغا سەرکێشیی دەکات و مل بۆ زیندانیکردن نادات و دەست بۆ خەنجەر دەبات، ئەوا هەر لەو کاتەدا سزا و تاوانی بەدفەڕیی و سەرکێشییەکەی، هەر کوشتنێتی... یان گریمان لەمەدا یەک دوو کەسیشی کوشت و بریندار کرد و بەتاوانی ئەم کارەش نەمانکوشتەوە و زنجیر و زیندانیمان کرد.

یەکەمیان ئەوەی کە لە زیندانی کردنیدا بەهەر جۆرێک چاودێریی بکرێت، ڕەنگە دیسانەوە بۆی هەڵبکەوێ و بەهەر فرتوفێڵ و شێوەیەک بێت، هەڵبێت. یان وا بکەن هەڵبێت و هەڵاتن و ڕاکردنیشی، ئابڕووچوونێکی زۆری بۆ ئێمە پێوەیە.

لەبەر ئەوانە، بڕوامان هاتە سەر ئەوە و بەوە قایل بووین، کە نە داخوازییەکانیمان پێ جێبەجێ دەکرێ و نەدەشتوانین بەری بەرەڵلا بکەین و هەرچییەکی پێخۆشە بیکات و نەزیندانی کردنیشی کارێکی ژیرانەیە... بۆیە بەحوکمی عەقڵ و شەرع، دەبێ بەیەکجاریی

بەتاوانی ئەو هەموو کردەوە خراپ و ئەو هەموو خوێنەی ڕژاوە، لەناوی بەرین و شەڕ و خراپەی لە کۆڵ دەوڵەت و وڵات بکەینەوە.

دیسان ئەوەشمان لەبەر چاو گرت، کە ڕەنگە هەندێ کەسی ناحەز، لە ڕووی بێ ئینسافییەوە بڵێن چونکە ئێوە دڵنیایی و متمانەتان پێداوە، کەچی کوشتتان و بەڵێنی خۆتان نەبردە سەر.

لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین ئەو کاتە هیچ سەر و سۆراخێکی دیار نەبووە و ئێستا دیارە و خۆمان بەخۆمانمان وت، کە یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەو هەموو بەڵگەیەی لە پێشدا باسمان کردن، وەڵامی ئەو پرسیار و هەڵوێستە دەداتەوە.

دووەمیشیان، ئەوەی کە لای هەموو مرۆڤێکی بەویژدان هەیە، ئەوەیە کە پەشیمان بوونەوە لە تەنیا بەڵێنێک، ئەویش دەرهەق بەپیاوێکی وەک هەمزاغا، کە لە بەرامبەر ئەو چەندین بەرژەوەندی و کەڵکە زۆرەی بۆ دین و دەوڵەت و فتوای حوکمی عەقڵ و شەرعدا، کوشتنی پێویست بێت، ئەوا ئەو بڕیاری کوشتنە، نەک هەر پەسەند و دەستخۆشانەی لێدەکرێت، بەڵکو بەکارێکی چاکیش لە قەڵەم دەدرێت.

بەکورتی دوای ئەو هەموو ڕاوێژ و بیروڕا گۆڕینەوانەی لە ماوەی دوو ڕۆژی خۆم و سەلماندن و ددان پێدانانی چەند کەسێک، کە بۆ ڕاوێژ و پرس دەبوون، ئەرکی شەرع پەیڕەو کرا و پێ سپێردراوی نۆکەرایەتی و بەندایەتی و چاکەی دین و دەوڵەتی خۆم لەوەدا بەدی کرد، کە هەمزاغا و هاوڕێکانی بکوژم و دەرفەتیان نەدەم و لە ژێر سایەی شاهەنشا (ڕۆحم بەقوربانی بێت) و یارمەتی و لوتفی جەنابیشتان، توانیم ئەو کارە ڕاپەڕێنم و تیایدا سەر بکەوم.

ئێستاش بەڕێز وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی عەرز کران و جێی پەسەندی هەموو کەسێکی بەئینسافە و بەپشت بەستنیش بەبەڵگەی دیپلۆماسییانە و گەڕانەوە بۆ بنەماکانی مافی نەتەوەکان، کە بۆ هەموو دەوڵەتان ڕوون و لەبەر چاوە، وەڵامی ڕەخنە و بەرپەرچدانەوەکەی سەفارەتی ڕووسیا و سەفیرانی تریش بداتەوە و نەبێتە جۆرە شتێک، کە ئەم خەڵکە وەحشییە، وابزانن لەسەر کوژرانی هەمزاغا، نارەزایییەک دەربڕدراوە، یان بەواتەیەکی تر: کەسێک بووە، دوای خوێنی هەمزاغا بکەوێ و نەیەڵێت خوێنی بەفیڕۆ بچێ.

ئێستاش بەشی دووەمی باس دەکەم، کە دەکرێ وەڵامی سەفارەتی ڕووسیای پێبدرێتەوە و ئەگەر جەنابتان پەسەندتان فەرموو، ئەوا وەڵامی بەڕێز جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوە، ئاوا بدەنەوە:



لەبارەی کوژرانی هەمزاغاوە، کە سەفارەتی ڕووسیا باسی کردووە و وتوویەتی لە شەڕدا نەگیراوە؛ بەڵکو متمانەیان پێداوە و هێناویانەتەوە و گرتوویانە و کوشتوویانە... ئەم ڕوون کردنەوەیە بەسەفارەتی ڕووسیا و هەموو ئەوانەش بگەیەنە، کە بەهەڵە تێی گەیشتوون. چونکە لە ڕاستیدا ڕووداوەکە ئاوایە:

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، هەمزاغا لە ڕووی ئەو لەخۆ یاخیبوون و سەرچڵییەی کە هەیبوو، بۆ خۆ دەرخستن و بەنیازی خراپەیەکی تازە و بێ ئەوەی ئیزنێکی وەرگرتبێ و بێ پێشەکی و مۆڵەتێک، لە ناکاوێکدا لە قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە پەڕییەوە و لەگەڵ هەندێک لە دەستوپێوەندەکانی خۆی، کە (٢٠٠) سوار بوون، هاتوونەتە گوندی (بەستام بەگ)، کە لە ناوجەرگەی مەنگوڕ و لە شەش قۆناغە ڕێی شارۆچکەی سابڵاخدایە، لەوێوە بەهۆی دۆستایەتییەکی دێرینەی کە لەگەڵ (میرزا قاسمی قازی)دا بوویانە، هەواڵی بۆ ناردووە، کە من هاتوومەتەوە و لێی ڕاسپاردووە، تا بەدەنگییەوە بچێ و چاوی پێی بکەوێ و لای (وەزیری فەوائید) دڵنیایی و متمانەی پێبدرێت.

لە لایەکی تریشەوە چونکە پێشتر هەمزاغا بەم جۆرە نەهاتۆتەوە و هەموو سنووروانانیش پێیان سپێردرابوو نەیەڵن هەمزاغا و کەسانی تریش بەو لایەدا بێن، بۆیە محەمەد ئاغای مامەش و سەرانی قەرەپەپاغ، کە بەرپرسی پاراستنی ناوچەی (لاجان) بوون، هەرکە بیستوویانە ناوبراو بێ پێشەکی و لە خۆیەوە و بێ ئیزن وەرگرتن، چۆتە (بەستام بەگ)، بەگوێرەی ئەو فرمانەی پێیان کراوە، هێرشیان کردۆتە سەری و ئەویش خۆی پێ ڕانەگیراوە و لە لاڕێوە لە چەمەکەی داوە و (٣) کەسی لێ خنکاوە و بەڕاکردن بۆ ناو خاکی عوسمانی هەڵاتووە... دوای ئەمەش، دیسانەوە کە دەبیستێ (کاکەڵڵا)ی برای، لەگەڵ چەند برایەکی تریدا چوونەتە سابڵاخ و لە لایەن وەزیری فەوائیدەوە دڵنیایی و متمانەیان پێدراوە، سەرلەنوێ و لەو بڕوایەوە کە کاکەڵڵای برای نەبێتە (مەزن)ی ئێلی مەنگوڕ، زۆر نەترسانە بۆ (بەستام بەگ) هاتۆتەوە و چاوی بەمیرزا قاسم کەوتووە و بێ ئەوەی متمانەیەکی ئاشکرای لە لای وەزیری فەوائیدەوە پێدرابێ، بەو ناوەوە کە بۆ وەرگرتنی دڵنیایی و متمانە، بۆ سابڵاخ دێم و بە(٢٠٠) سوارەوە لەگەڵ میرزا قاسمی قازیدا، ڕوو لە  سابڵاخ دەکەن و هەرکە لە سابڵاخیش نزیک دەبێتەوە، ئەو سوارانەی لە پشت ئەو گردۆڵکانەوە دادەمەزرێنێ، کە نزیکن و بەسەر سابڵاخدا دەنوارن و خۆیشی لەگەڵ (١٢) کەسدا دێنە ناو چادرەکەی دەرەوەی وەزیری فەوائید، کە لەو کاتەدا وەزیری فەوائید لەناو چادرەکەی ناوەوەی خۆیدا دەبێ... کاتێ هەمزاغا دەچێتە ناو چادرەکەوە، یەکسەر دەچێ لەسەر کورسی تایبەتی فەوائید دادەنیشێ... حاجی ئاغا بەگی فەڕاشباشی

-ش پێی دەڵێ: ئەوە کورسی تایبەتی وەزیری فەوائیدە، تۆ لە خوارترەوە دابنیشە. هەمزاغا تووڕە دەبێ و بەتوندی وەڵامی دابۆوە.

دوای هاتنەوەی هەمزاغاش، هەروەک باوە، کەسانی وەک سەرباز و تۆپچی و سوارە و هی تر، کە بۆ دیتنی هەمزاغا، لە دەرەوەی چادرەکەی وەزیری فەوائید کۆ دەبنەوە، بەهۆی ئەو هەموو قین و تووڕەیی و دوژمنایەتییەوە، کە بەهۆی کاری خراپ و کوشت و بڕی هەمزاغاوە بوویان، لەگەڵ دارودەستەکەی هەمزاغا لێیان دەبێتە دەمەقاڵە، کە لە پڕێکدا سواراغا و دوو برازا و خوشکەزاکەی، کە لە چادرەکەدا بوون، دەست دەدەنە چەک و هەڵدەکوتنە سەر پیاوەکانی وەزیر فەوائید و هەڵمەت و هێرشیان بۆ دەبەن.

کە پیاوەکانی دەوڵەتیش، وەک سەرباز و تۆپچی و سوارە و قەرەوڵانی وەزیری فەوائید، چاویان بەو سەرەڕۆیییەی هەمزاغا دەکەوێ، لە ڕووی ناچارییەوە لەم لا و ئەو لا کۆ دەبنەوە و بگرە و بەردە و کێشە دەست پێدەکات. نوور عەلی سوڵتانی سەردەستەی سوارەی هەوشاری سایین قەڵا و ئەحمەد خان و بەهرام قولی (سوارەکانی قۆجە بەگلوو) و نۆکەرێکی وەزیری فەوائید، بەزەبری خەنجەر و دەمانچەی هەمزاغا و سواراغا و دووانی تریش هەر لە برازا و خوشکەزاکانی هەمزاغا، هەر لەوێ دەکوژرێن. حسین قولی - ئەفسەری سوپای پێنجەمی شوقاقی و سێ کەسی دیکەش لە سوارەکانی قۆجە بەگلوو و پیاوەکانی وەزیری فەوائید بریندار دەبن. پیاوەکانی تری دامودەسگای دەوڵەتیش، وەک سەرباز و سوارە و پیادەکانی وەزیری فەوائید، لە ڕووی ناچارییەوە و بۆ بەرگریکردن، هەڵمەت بۆ سەر هەمزاغا و هاوڕێکانی دەبەن و دەیانکوژن... لە سەرەتای هاتنەوەی هەمزاغاشەوە، تا ئەو کاتەی کوژراوە، وەزیری فەوائید لەوێ نەبووە.

ئەوە ڕاستیی ڕووداوەکە و چۆنێتی کوژرانی هەمزاغایە بەدوور و درێژیی و هەرکەسێکیش لەمە زیاتر، هەر شتێکی دیکە بڵێ و بنووسێ، درۆیە و بێ بناغەیە. بەدڵنیاییشەوە جەنابتان دەتوانن ئەو شک و گومانەی لە بیر و زەینی سەفارەتی ڕووسیادا هەیە، لا ببەرن، کە بێ ئەوەی متمانەی تەواو بەهەمزاغا درابێت، هەر لە خۆیەوە و بەملهوڕیی خۆی هاتۆتەوە. لە کاتێکیشدا کە وەزیری فەوائید مەبەستی ئەوە نەبووە هەمزاغا بکوژێت، کەچی ئەو کارەساتەی قەوماندووە و چەند کەسێکی کوشتووە و چەند کەسێکیشی بریندار کردووە، کە ناچار وا پێویست بووە خۆیشی بکوژرێت.

بۆ سەلماندنی ئەوەش کە وەزیری فەوائید نیازی ئەوەی نەبووە متمانەی بداتێ و دڵخۆشیی بداتەوە و بەهەر بیر و خەیاڵێکی کە بوویەتی، پێداگریی لەسەر ئەوە بووە، کە بێتە سابڵاخ؛ دەقی نامەیەکی هەمزاغا، کە دوو و سێ ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە، بۆ میرزا



قاسمی نووسیوە و وشە بەوشە وەک خۆی دەنووسینەوە:

«قیبلەگا. یەکەم: زۆربەی قسەکانم سەبارەت بەپرسیاری تەندروستی و هەست و سروشتی ناسکتانە. دووەم: لە حاڵ و باڵی بەڕێز قادر ئاغا سەرم سووڕماوە! نازانم بۆچی وەڵامی نامەی ئەم موخلیسەی نەنووسیوەتەوە! بەڕێزی هێژا و پایە بەرزیش جەنابی وەزیری فەوائید (خوا پایەداری بکات) تەنیا جارێکیش لوتف نامەیەک بۆ ئەم موخلیسەی نانووسێ.[١]

ئاشکرایە کە من گومانێکم لە دۆستایەتی جەنابتدا نییە و لە قسەکانی ئەویش دڵنیاییم بووە و هەمە. هیوادارم زۆر زوو وەڵامی ئەم نامەیەم بدەنەوە و بەنامەبەریشدا (کە پیاوێکی سەر ڕاست و جێگەی بڕوایە) وەڵامەکەم بەتەواوی و دوور و درێژی بۆ بنووسنەوە، کە بۆ هەمیشە دەبێتە هۆی سەرخۆشی و شادمانیمان».

لەم نامەیەی هەمزاغادا، کە خودی نامەکە لەبەر دەست دایە و بۆتان دەنێرم، بەئاشکرا دەردەکەوێ کە وەزیری فەوائید، نەک هەر مەبەستی ئەوە نەبووە، کە دڵنیایی پێبدات. تەنانەت سکاڵای لەوە کردووە کە زۆر ڕووی پێنەداوە... ئەگەر بەڕاستی متمانەی پێبدرایە و دڵنیا بکرایە، هەروەک کاکەڵلای برای و هەشت کەسی دیکە لە براکانی، کە هەموویان وەک هەمزاغا تاوانبار بوون، دڵنیا دەکران و دڵنەوایی و میهرەبانییان لەگەڵدا دەکرا و ئێستا بەوپەڕی دڵخۆشیی و هیواداریییەوە، لە ماڵ و جێگە و ڕێگەی خۆیاندا دەژیان و هەر ئاواش کە کاری بەسەر کاری هەمزاغاوە نەدەبوو.

یەکێکیش لەو قسانەی لە سەفارەتی ڕووسیا گەیەندراوە، ئەوەیە کە گوایە (قادر ئاغا)ش لەگەڵ (میرزا قاسم)دا چووە و هەمزاغایان هێناوەتەوە... لە کاتێکدا جگە لە میرزا قاسم، کە ئەویش لەسەر داخوازی و پێداگریی خودی هەمزاغا چووە، ئیتر نە قادر ئاغا و نە بێجگە لە قادر ئاغا، هیچ کەسێکی دیکە نەچووە و لە کاتی هاتنەوەی هەمزاغا و ئەو ڕووداوەوە، قادر ئاغا لە شارۆچکەی سابڵاخ و لە ماڵی خۆی بووە.

ئەوە ئەو دوو جۆرە وەڵامە بوو، کە بەبیروڕای ئەم کەمینەیە، بۆ وەڵامی بەڕێز جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوە دەتوانن بینووسنەوە، ئیتر هەر کامێکیان بەلای جەنابتانەوە پەسەند بێت، یان ئەگەریش هەردووکیان بنووسن، قەیناکا و بەتایبەت دەبێ بەڵگەکانی من، بۆ پێویست بوونی کوژرانی هەمزاغا بنووسن و بەوەزیری فەوائیدی ڕابگەیەنن، تا بەڕێزتان تێی بگەن.

(١) وەک دیارە ئەم نامەیە وەزیری فەوائید خۆی بەناوی هەمزاغاوە نووسیوێتی؛ ئەگینا پێشتر هەر وەزیری فەوائید خۆی، باسی ئەوەی کرد کە پێش هاتنەوەی هەمزاغا، دوو نامەی دڵنیایی بۆ هەمزاغا ناردووە!

*لەوە زیاتریش پڕکێشیی ناکەم و فرمانی باڵاشتان لەسەر سەرمە.*

*مۆری وەزیری فەوائید*

**٢٦ی *ڕەمەزانی* ١٢٩٨ کۆچی**

**١٨٨١/٨/٢٢ز**

تاران، نارەزایینامەیان پێشکەش وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران کردووە؛ کە چۆن دەبێ دەوڵەتێک بەڵێنی لێبووردن بەهاووڵاتییەکی خۆی بدات و دڵنیای بکات و بگەڕێتەوە، کەچی بەناجوامێرانە بیکوژێ!

دەوڵەتی ئێرانیش لە بەرامبەر ئەم ئاشکرا بوونەدا، شپرزاوە و تەقەللای وەڵامێک دەدات، تا ڕووسیای پێ قایل بکات، کە گوایە هەمزاغا خۆی بۆتە هۆی کوشتنی خۆی!!.

بۆ ئەمەش هەر داوایان لە (حەسەن عەلی خان)ی بەرپرسی پیلانی کوشتنەکەی هەمزاغا کردووە و ئەویش ئەم چەند وەڵامەی لە دوو توێی ئەم نامەیەی خوارەوەدا، گەڵاڵە کردووە و پێشنیاری کردووە (یەکێک) لە وەڵامەکانی ئەم نامەیە، بکرێتە وەڵام بۆ دەوڵەتی ڕووسیا.



## ناوەرۆک و مێژووی نامەکانی حەسەن عەلی خان

لەبارەی بەرنامە دانانەوە بۆ کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا
و سەرکوتی هەڵسانەوەی شۆڕشی کورد:

١- نامەی ژمارە (١٩) - ١٨٨٠/١٢/٢٠، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار) نامەی گوڵاوی ئاغا لە سەردەشتەوە بۆ حەسەن عەلی خان، دەربارەی هەڵمەتی ناکاوی هەمزاغا بۆ سەردەشت و داگیرکردنی.

٢- نامەی ژمارە (٢٠) - ١٨٨٠/١٢/٢٤، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار).

نامەی گوڵاوی بۆ حەسەن عەلی خان دەربارەی دەرچوونی هەمزاغا لە سەردەشت و بزووتنی حەسەن عەلی خان لە سابڵاخەوە بەمەبەستی سەردەشت.

٣- نامەی ژمارە (٢١) - ٢٤-١٨٨٠/١٢/٢٧، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار).

چوونی هەمزاغا بۆ گوندی (دارمە).

٤- نامەی ژمارە (٢٢) - ٢٤-١٨٨٠/١٢/٢٧، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار).

دەربارەی ئاماری ئەو هێزەی لەگەڵ هەمزاغادایە.

٥- نامەی ژمارە (٥٦) - ١٨٨١/١/٢١ (چەند بەشێک لە نامەکە)، بۆ: ناسرەدین شا

دەربارەی بەدواداناردنی پیاوانی ناسراوی ناوچەکانی: موکریان، بۆکان، لاجان، سەردەشت و بەڵێن وەرگرتن لێیان، کە دەبێ پشتیوانیی دەوڵەت بن و دڵدانەوە و هێمن کردنەوەیان و دیسانەوە گوڵاوی ئاغا هەواڵی ناردۆتەوە، کە هەمزاغا لە ناکاوێکدا سەردەشتی داگیر کردۆتەوە و گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغا لە ترساندا ڕایانکردووە.

٦- نامەی ژمارە (٥٩) - ١٨٨١/٢/٢٢، بۆ: ناسرەدین شا

تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ جیاکردنەوە و هێنانەوەی فەتحوڵڵاخانی کوڕی موزەفەرولدەولە، لە هێزەکەی هەمزاغا.

٧- نامەی ژمارە (٦٠) - ١٨٨١/٢/٢٥، بۆ: ناسرەدین شا

دەربارەی ئەو نامەی (ڕوو ڕەشییانە)یەی کە دەبوایە لە دانیشتوانی موکریان بڕی (٤) هەزار تمەن بەدەوڵەت بدەن، لە سزای ئەوەی لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵادا بەشدارییان کردووە. هەروەها بەڵێنی محەمەد ئاغای مامەش بۆ لەناوبردنی هەمزاغا.

٨- نامەی ژمارە (٦٢) - ١٨٨١/٣/٤، بۆ: ناسرەدین شا

هەواڵی پشتیوانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا و وەڵامنامەی هەمزاغا، بۆ قادر ئاغای دێبوکری.

٩- نامەی ژمارە (٦٣، ٦٤) - ١٨٨١/٣/٤، بۆ: ناسرەدین شا

دەنگوباسی شێخ عوبەیدوڵڵا و نموونەی چەند بانگەوازنامەیەکی کە بۆ هەندێ لە سەرانی کوردی ناردووە، دەربارەی تەقەللای دەستپێکردنەوەی شۆڕش. ئەم نامانە لە ڕێگەی ئیبراهیم ئاغای برای گولاوی ئاغاوە بۆ حەسەن عەلی خان نێردراون، ئەویش بۆ ناسرەدین شایان دەنێرێ.

١٠- نامەی ژمارە (٧٣) - ١٨٨١/٢/٢٤، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار)

هەواڵی مەرگی گولاوی ئاغا

١١- نامەی ژمارە (٧٤) - ١٨٨١/٢/١٤، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار)

تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان هەمزاغا و کاکەڵڵای برایدا و گەیاندنی پەیامی سوپا سالاری ئێران بۆ محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک و بەرنامەی لەناوبردنی هەمزاغا.

١٢- نامەی ژمارە (٧٥) - ١٨٨١/٢/١٤، بۆ: میرزا حسین خان (سوپا سالار)

دەستەبەرکردنی محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورک بۆ لەناوبردنی هەمزاغا و تەقەللای هێورکردنەوەی هەمزاغا و نامە گۆڕینەوە لەگەڵیدا.

١٣- نامەی ژمارە (٨٠) - ١٨٨١/٣/٩، بۆ: ئەمینولمولک (عەلی خان)

دەربارەی تەقەللای خۆسازدانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ شۆڕش و پێوەندی گرتن لەگەڵ سەرانی کورد.

١٤- نامەی ژمارە (٨٩) - ١٨٨١/٣/١٩، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

دەربارەی کۆبوونەوەی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا و سەرانی کورد لە هەولێر و ڕەواندز و پۆستی قایمقامێتی بۆ هەمزاغا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

١٥- نامەی ژمارە (٩٠) - ١٨٨١/٣/٢٨، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز

سەردانی یاوەری جەنگیی سوڵتانی عوسمانی لە بارەگاکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و بەڵێنی پشتیوانیکردنی بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش. هاوکات حەسەن عەلی خانیش کۆبوونەوە بەسەرانی موکریان دەکات، تا پشتیوانیی ئێران بن و دژی شێخ عوبەیدوڵڵا بن.

١٦- نامەی ژمارە (٩١) - ١٨٨١/٣/٢٨، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.



دەربارەی محەممەد ئاغای مامەش و دیارییەکانی بۆ حەسەن عەلی خان.

١٧- نامەی ژمارە (٩٤) - ١٨٨١/٤/١١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

دەربارەی قایمکردنی ناوچەکانی لاجان و سەردەشت و مل پێدانیان.

١٨- نامەی ژمارە (٩٥) - ١٨٨١/٤/١١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

نیشانەی ساردبوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی، لە پشتیوانیکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا.

١٩- نامەی ژمارە (٩٦) - ١٨٨١/٤/١٣، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

کۆکردنەوەی سەرانی موکریان و لاجان و سوێنددانیان بۆ پشتیوانیکردنی دەوڵەتی ئێران.

٢٠- نامەی ژمارە (١٠٠) - ١٨٨١/٤/٢٧، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

کۆکردنەوەی سەرانی موکریان و هەڕەشەی حەسەن عەلی خان لە خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری و تەقەللای دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لە نێوانیاندا.

٢١- نامەی ژمارە (١٠٣) - ١٨٨١/٤/٣٠، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

دیسان تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان سەرانی سەردەشتدا.

٢٢- نامەی ژمارە (١٠٤) - ١٨٨١/٥/١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

دڵنیابوون لە هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی دژی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی موکریان و سەردەشت لەو بارەیەوە.

٢٣- نامەی ژمارە (١٠٦) - ١٨٨١/٥/٧، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

سەبارەت بەهەواڵی گرتن و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە و ئازاردانی کوردانی سوننی مەزهەب لە لایەن ئێرانەوە... کاری بەردەوامی حەسەن عەلی خان بۆ ملپێدانی پیاوماقووڵانی سەردەشت.

٢٤- نامەی ژمارە (١٠٧) - ١٨٨١/٥/١٥، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

بەڵێن و پەیماننامە وەرگرتن لە خەڵکی سەردەشت، تا پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران بکەن.

٢٥- نامەی ژمارە (١١٣) - ١٨٨١/٥/٣١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

هەواڵی شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا و کاکەڵڵای برای.

٢٦- نامەی ژمارە (١١٥) - ١٨٨١/٦/٥، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

دەربارەی بەرنامەی چوونی حەسەن عەلی خان بۆ سەردەشت، بەهاوکاریی سەرانی عەشایەری سەردەشت.

٢٧- نامەی ژمارە (١١٦) - ١٨٨١/٦/٩، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

دڵنیابوون لە هەواڵی گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، لە نەهرییەوە بۆ (وان).

٢٨- نامەی ژمارە (١١٨) - ١٨٨١/٦/١٣، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە تەورێز.

گازندەی دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی چەوساندنەوەی کوردانی سوننی مەزهەب لە ئێراندا و بەرپەرچدانەوەی ئێران بەوەی حەسەن عەلی خان کۆبوونەوەی بەزانایان و مەلاکانی کوردستان کردووە و نامەیەکی دژی ئەو گازندەیە پێ نووسیون.

٢٩- نامەی ژمارە (١١٩) - مێژووی نییە. بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە (دوای سەردانی ناوبراو بۆ لاجان)

داوای حەسەن عەلی خان لە دەوڵەتی عوسمانی، بۆ گرتن و لەناوبردنی شێخ عوبەیدوڵڵا و دان پیانانی بەتەنینەوەی ڕەگوریشەی بێ سنووری ئەوین و دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە کوردستاندا و پاکانە و داکۆکی حەسەن عەلی خان لە قادر ئاغای دێبوکری.

٣٠- نامەی ژمارە (١٢٣) - ١٨٨١/٧/١٩، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە

تەقەللای حەسەن عەلی خان بۆ ڕازیکردنی هەمزاغا، تا لەگەڵ (ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە)دا یەکتر ببینن.

٣١- نامەی ژمارە (١٢٥) - ١٨٨١/٧/١٩، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە

دیسانەوە داوا و جەختی حەسەن عەلی خان دەربارەی گرتن و دوورخستنەوەی کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا.

٣٢- نامەی ژمارە (١٢٨) - ١٨٨١/٧/٢٦-١٩، بۆ: ئەمیر نیزام عەلائولدەولە

پەشیمان بوونەوەی هەمزاغای مەنگوڕ لە دیداری حەسەن عەلی خان و هاتنی لەناکاو و بەنهێنی بۆ (بەستام بەگ) و پەلاماردانی لە لایەن خێڵی قەرەپەپاغ و مامەش و دەرباز بوونی بەمەلە، لە چەمی (لاوێن) و نامەی دوای دەربازبوونی بۆ حەسەن عەلی خان و... کەوتنەوەی ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوان هەمزاغا و کاکەڵڵای برایدا.



٣٣- نامەی ژمارە (١٢٩) - ١٨٨١/٧/٢٦، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە

خۆبەدەستەوەدان و پاکانەی (کاکەڵڵا)ی برای هەمزاغا و دوو برای تری و هەندێ لە خزمەکانیان.

٣٤- نامەی ژمارە (١٣٠) - ١٨٨١/٧/٣١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

چوونی هەمزاغا بۆ دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ حەسەن عەلی خان و بۆسەنانەوە بۆیان و کوشتن و سەربڕینی دڕندانەی هەمزاغا و (١١) کەسی تر، لە برازا و ئامۆزاکانی.

٣٥- نامەی ژمارە (١٣١) - ١٨٨١/٧/٣١-٣٠، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

دەستخۆشانەی ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە حەسەن عەلی خان لە بەرامبەر کوشتنی هەمزاغا و کەسەکانیدا و وردە هەواڵی تر لەسەر هەمان ڕووداو.

٣٦- نامەی ژمارە (١٣٢) - ١٨٨١/٧/٣١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

وردەکاریی تر دەربارەی چۆنێتی کوشتنی هەمزاغا و کەسەکانی و خۆهەڵکێشانی حەسەن عەلی خان بەو تاوانەوە.

٣٧- نامەی ژمارە (١٣٣) - ١٨٨١/٧/٣١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

دوای کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغا و کەسەکانی، حەسەن عەلی خان بەرنامەی سەردانی لاجان دادەنێ.

٣٨- نامەی ژمارە (١٣٤)- ١٨٨١/٨/١، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

پاکانەی حەسەن عەلی خان بۆ عەلائولدەولە و هیوای خەڵاتکردنی لە بەرامبەر تاوانی کوشتنی هەمزاغا و خۆهەڵکێشان و شانازیی کردنی بە(کورد) بوونی خۆیەوە!

٣٩- نامەی ژمارە (١٣٥) - ١٨٨١/٨/٢، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

سەبارەت بەکاکەڵڵای برای هەمزاغا و نیشتەجێکردنی ئێڵی مەنگوڕ.

٤٠- نامەی ژمارە (١٣٧)- ١٨٨١/٨/٧، بۆ: ئەمیر نیزام - عەلائولدەولە لە ورمێ.

دەربارەی دابەشکردنی دەسکەوتەکانی دوای کوشتنی هەمزاغا و کەسەکانی، لە نێوان حەسەن عەلی خان و محەممەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە - ئەمیر نیزامدا.

# بەیتی هەمزاغا

خالق هەر ئەتۆی لەسەر
ڕەببی هەر ئەتۆی لەسەر
چی تۆ پێت بێ ئیرادە
رانابرن هیچ موقەددەر
سێ موقەددەرن بەسەر دێن
مردن و کوشتن و گرانی
لە موکریان دوو خێڵ بوون:
بەگزادە و قارەمانی.[1]
یەکێک بوو لە بەگزادان
حەیفێ بۆ عەلی خانی
بانگی خان بابای بکەن،[2]
لە ئەحمەد بەگی وەگێڕن
قادر ئاغا[3] پێ بزانێ
ئەو دەبیرێکی چاکە
گەورەی دێبوکریانێ
کاغەزێکن بۆ بنووسێ
خزمەت پادشای ئێرانی
حاکمێکن بۆ بەڕێکا
چاک بێ پێ بەهەرزانی
پادشا تەگبیری دەکرد
شازادێکی بانگ دەکرد
زۆر چاکی نسحەت دەکرد

(١) قارەمانی: لە خێڵی دێبوکریانن، چونکە لە بەرەی (قارەمان)ی کوڕی بەیرەم ئاغای دێبوکرین و پێیان دەڵێن قارەمانی.
(٢) خان باباخان: مەبەست لە خان باباخانی کوڕی مەجید خانی ئیندەر قاشە، کە دوای ئازادکردنی سابلاخ، کراوەتە فرمانڕەوای ئەوێ.
(٣) مەبەست لە قادر ئاغای دێبوکرییە، کە لە زۆر جێگەی تری ئەم کتێبەدا ناوی هاتووە و لێرەشدا هەر بەپیاوێکی فێلاوی ناوی دەبا.



بەو دەیار و زەمەزەمە
بۆ سابلاخی بەڕێ کرد
دەبڕۆ و ڕامەمێنە.
خەڵکی تەفرەقە مەکە
مەخلوقی مەتۆقێنە
دە سەر ئاغاوەتان کە
حەمباراتان بشکێنە
بەو قەتار و بەباران
لە بۆ سابلاخی بێنە.
حاکم هات و وای نەکرد
دەستی بەبێ ناموسی کرد
پیاوێکی وسێن ئاغای گرت
ئەو بەبێ سووچ لووتی کون کرد.
وسێن ئاغا مودەبیر بوو
زۆر چاکی خزمەت دەکرد
دەچووەوە بۆ ماڵە خۆی
لە حەیفی ئەو قسەی دەمرد.
لە ئاغاوەتان بوو غولوو[1]
ڕاو و بێ ڕایان دەکرد
گەر ئەمە هەمزاغای نەگرین
ئەو وڵاتی خەرا کرد.
هەمزە مەردی کارخانێ
هیچ بەو کارەی نازانێ
بەخۆ و بەقلیانداری
دەهات لە بۆ دیوانێ.
لە خواجا بێداریان دا

(١) غولوو: دڵەڕاوکە و پەژارە و هاتوهاوار. لە فۆلکلۆری کوردیدا دەڵێ:
دەڵێن لەو خوارە غولغوولەی ڕۆمە
خودا خەم نەدات، من خەمی تۆمە

حاکم چوو باڵە خانێ
خڕەی زنجیران دەهات
فەڕاش گەیینە پێشخانێ
کاک هەمزە تۆ ماچی کە،
موقەسیری دیوانی
دەلاقت دەکەم کۆتی
دە ملت دەکەم زەولانی[1]
لێرەشت لێ ناگەڕێم
دەتنێرم بۆ تارانی.
لەو هەمزاغای جوت غیرەت
دەستی برد بۆ خەنجەری
هەڵدەکێشێ دەبانی
بەزەبرینگان لێی دەدان
زیڕەی برد بۆ عاسمانی
تەقە تەقی مارتینان[2]
لە بڵێسەی دەشەشخانان
چرپان چرپان پەیدا بوو
لە کوچە و لە داڵانان
هەمزاغا دەنەڕێنێ

(١) زاولانە: تەوقێکی ئاسنە، لە مل، یان دەست و پێی زیندانی دەکەن. ئەڵقە و زنجیرێکیشە، ئەسپ و هێستری پێ سەندم دەکەن.
مەولەوی تاوەگۆزی، لەباتی (زولانە)، (زۆلانە)ی ئاوا بەکارهێناوە:
نصیو هەر کەس موبتەلای یارەن
زۆلانەی زنجیر، قەتڵ سیدارەن
«مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم. دیوانی مەولەوی. ل٤٣٩».
هەروەها لە فۆلکلۆری کوردیشدا، ئاوا بەکارهاتووە:
ئەگەر هات، گەیبیە دیوەخانێ
ئەسپی بەرنە ئێختەخانێ
وەملی کەن: کۆت و زەولانێ
(توحفەی موزەفەرییە، ل٦٣٢)
(٢) مارتینی: مەبەست لەو جۆرە تفەنگەیە کە لەو کاتەدا بەناوبانگ بووە. واتە: Marttini - henrys.



تفەنگم لە بۆ بێنن
دەرزی و دەمار قوپانێ
دە ئەسپم لە بۆ بینن
مەتاڵ و حەیزەرانێ
بەگەل وەدەردەکەوتن
کادەروێشی کوێستانی[1]
دەچوون بۆ باخی قیبلەی
لەوێ دەدران لە سانی
هەمزاغا ئاوڕی داوە
حەمەد و سلێمان[2] کوانێ!
حەیفێ لە بۆ حەمەدی
کوژراوە مەردی مەیدانێ.
سێ تەڵاقەی فڕێدان
بەسی جزمەی قورعانێ
لێرەشی لێ ناگەڕێم
دەیماڵم تا تارانێ
کۆنە خوێنم وەبیردێن
وی ساڵی سەر بڕانێ[3]
دەبێ بچمە (نەهرییە)ی،[4]
بەسەنەد شێخی بێنم،[5]

(١) کادەروێش: تا سەردەمی باپیر ئاغای مەنگوڕ (؟ – ١٧٨٣ز) مەنگوڕەکان تەنیا یەک هۆز بوون و تەنیا یەک (کادەروێش) سەرکردایەتی دەکردن، ئەویش باپیر ئاغا بوو، کە (٢١) کوڕی هەبوو، لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ئەو گوندانەی لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون، بەسەر کوڕەکانیدا دابەش کردن واتە: هەر یەکێک لەو (٢١) کوڕەی بووە بەرپرسی ئەو چەند گوند و دانیشتوانی گوندانەی بەری کەوتن و بەهەر یەکێکیش لەم کوڕانەی، کە بوونە سەرەک تیرە، دەوترێ: کادەروێش. «میرزا محەمەد جەوادی قازی، گۆڤاری سروە، ژمارە (١٨) ساڵی (٣)، ل٢٤ – ٢٥».
(٢) حەمەد و سلێمان برازا و قلیانداری هەمزاغا بوون، لە ڕووداوی ناو بەڕێوەبەرایەتی سابڵاخدا کوژران.
(٣) مەبەست کوشتارە بەکۆمەڵەکەی ساڵی (١٧٨٣ز)ی باپیر ئاغای مەنگوڕ و (١٠٠٠) کەسی ئێلی مەنگوڕە.
(٤) مەبەست لە بارەگاکەی شێخ عوبەیدوڵلای بەناوبانگە، کە لە گوندی (نەهری) بووە.
(٥) مەبەست لە شێخ عوبەیدوڵلای نەهرییە، کە دوای ڕاپەڕینی هەمزاغا، لە سابڵاخ، لەشکری گەورەی بۆ ئازادکردنی موکریان نارد.

له بۆ عەجەم قڕانێ
ئەو دەمەی دەچووە نەهری
دەگەڵ وەردووی شێخی هات
ئەو دەمەی (شنۆ)ی دەگرت
له مامەشان بوو غوڵوو
ڕاو و بێ ڕایان دەکرد
حەمەد ئاغا سوار دەبوو[1]
دەهات له بۆ سابڵاخی
پرسی بەحاکمی دەکرد
ماشەڵڵا چەند نادرم
بەتیپ و بەلەشکرم
پیاوێکی ساحێب نێوم
بەبێ ئەجەل نامرم
دەستم دەگەڵ بدەنێ
ئەز ڕێیەی لێ دەگرم
مەجلیسی وا هەڵدایە
بەگزادە و قارەمانی
گەر ئەمە لەشکری بکەین
وەک دەوری نەوشیروانی
دەڵێن شێخی دەگەڵە
پاک تەلاقن دەکەوێ
دەمرین بەبێ ئیمانی.
حەمەد ئاغا سوار دەبوو
قەرەپەپاغی گاز کرد
لەگەڵ وەردووی شێخی هات
تاجران خۆیان خەلاس کرد
له هەمووی هەڵات هەڵات

(١) مەبەست له محەمەد ئاغا مامەش-ە که هەر له سەرەتای شۆڕشی (١٨٨٠)وە، سەر بەدەوڵەتی قاجار بووە.



وە خڕ بوو هەزار میللەت
خڕناڵ دەبەیتی دەکات
ئەگەر حاکم وای زانی
هیچ کەس لەسەری ناکات
دەستبەجێ حاکم هەڵات.[1]
با بدەین دەنگی لەشکری
دەبا بێن (رەمک)[2] و (پیران)[3]
(زەرزا)[4] بێن بەنادری.
مەنگوڕ و مامەش و پیران
(گەورک) بێنە لەشکری
خێڵی فەیزوڵڵا بەگی
بەگزادە و دێبوکری
ئەوها دەڵێ کاک هەمزە:
پاک کاغەزم بدەنێ
سەبەب بەسبحەی ڕۆژێ
کەس خەتای کەس نەگرێ
شێخ داوای موڵکی دەکا
تا تەورێزی دەگرێ[5]
تا تەورێزم ئی ویە
یەکێک وا له شاریە
ئەو برای تاجرباشیە
حوجرەی نەکرد خۆڕاییە
دەڵێ ئەو ئالایەی بەشێخیە
سابڵاخیان دروست کردییە

(١) مەبەست له شازادە (لوتف عەلی خانی کوڕی موئەیددەولە)ی فرمانڕەوای سابڵاخە، کە ڕۆژی دووشەممە (١٨٨٠/٩/٢٧ز) له ترساندا له سابڵاخ هەڵات.
(٢)،(٣) ڕەمک و پیران دوو تیرەی سەر بەئێلی بڵباسن.
(٤) ئێلی زەرزا دانیشتووی ناوچەی (شنۆ)ن.
(٥) ئەمە بەڵگەیە، کە شۆڕشی (١٨٨٠)ی کورد، بەرنامەی گرتنی شاری (تەورێز) بووە، کە لەو کاتەدا نشینگە و بارەگای وەلیعەهدی ئێران (موزەفەرەدین میرزا)ی کوڕی ناسرەدین شا بووە.

له لرفه لرفی ئالآیه
تەماحی ماڵی دنیایه
زۆر بترسین له دوایه
بێن وەگێڕن ئەو قەزایه.
هەمزاغا سوار دەبوو
دە نۆکەران دەفکرێ
دە کوڕە بدەن لە تەپڵی
دەگەڵ سبحەینێ تاو دەنگوت
دەورەی میاندواوێ دەگرێ
هەمزاغا دەنەڕێنێ
سەلیم خانی چەرداوەڕوو
وەک پۆڕێ دەچریکێنێ
دەگەڵ تفەنگی دەیهاویت
له خاڵی شێخی دەدا[1]
لە زینی دەترازێنێ
وەک جەللاب دەبڕێ سەری
وەک هەڵۆی دەڕفێنێ
فەسڵێکی وا قەڵماوە
هێندێک لە پیاوی شێخی
(کاڵە مونی)یان ناوە[2]
جوابیان دێنا بۆ شێخی[3]
یا شێخ خاڵت کوژراوە
شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە
پیاوێکی خوێندەوارە

(١) مەبەست لە (میر بەگ)ی خاڵۆی شێخ عەبدولقادرە، کە لە یەکەمین بەرایی هێرشی لەشکری کورددا، بەگوللەی سەلیم خانی چاردۆڵی کوژراوە.
(٢) ڕاستییەکەی (کاڵەموونە)یە. بەمانای ئەو (کاڵە)یەی کە لە مووی بزن چنرابێ. لە کاتێکدا لەناو کورددا وا باو بووە، کە (کاڵە) هەر لە چەرم دروست کراوە. بەڵام دیارە لێرەدا ئەو دەستە کرمانجەی کە هەواڵی کوژرانی (میر بەگ)ی خاڵی شێخ عەبدولقادریان هێناوە، کاڵەی پێیان لە مووی بزن چنراوە.
(٣) مەبەست لە شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە.



هەم مەلایه و فەقێیه
دەبڕۆن لەو قسەی گەڕێن
چبکەم کاری خودییه
دەبڕۆن ڕەدوای کەون
بزانن مەنزڵی له کوێیه
ئاوری بەردەنه شاری
بێت بەڕۆژی حەشرێیه.
تەقه تەقی مارتینان
له بڵێسەی دەشەشخانان
چرپان چرپان پەیدا بوو
له کوچه و له دالآنان
منداڵ و خێزان قوڕین
دەڕۆینه سەربانان
چەندیان عەجەم دەکوشتن
لەسەر باخ و بێستانان
دە دەردێنن کلیلان
دەیشکێنن دووکانان
ئەتڵەس و کیمخوا و خارا
بۆ گاوان و بۆ شوانان.
لەو حەمەد ئاغای مامەش
چەن پیاوێکی زۆرزانی
دەگەڵ عەجەمان یەکە
بەمەنگوڕان غەیانی
لای بناوییەی لێگرتن
بەری بەرەڵلا کردن
خلاسی کردن کرمانی.
میاندواویش تالآن دەکرا
دەگەڵ بەری بەیانی
ئەو تالآن و ماڵی هات

پاکی تاقەت کراوە
یەکێک لە دێبوکرییان
مینەی قادر ئاغای ناوە[(١)]
لە بنە بنەی سەهەندی[(٢)]
تالان و ماڵ گیراوە
بەوەش ڕازی نەدەبوو
بەو حەڕابەی کێشاوە.
نایب و موددەبیران
لە تێلگرافیان داوە
سەلام لە شای ئێرانی
خەراپن لێ قەوماوە
ئەو ڕەژی فرۆشی گەورکی
پاکی هاتوو لەولاوە
ئەو (سەردەشت)ی وا دیوتە،
ماڵ بەماڵی سووتاوە
ئەو عەجەمی مياندواوێ
بەسێک بەڕیش نەماوە[(٣)]
شا دەڵێ ئەهوای ناکەم
بەقسەی ئەنگۆ بڕوا ناکەم
وڵاتی خۆ خەرا ناکەم.
لەو شێخەکەی چاو مەستە
سبحەینێ لە خەو هەستا
لەو شێخەکەی دەچاو مەست
کە تفەنگی گرتبوو بەدەست
بانگی هەمزەی کرد لە قەست

(١) مینەی قادر ئاغا: مەبەست لە ئەمین ئاغای کوڕی قادر ئاغای دێبوکرییە، کە خۆی بە(٨٠٠) چەکدارەوە لەگەڵ شۆڕشی کورد و قادر ئاغای باوکیشی لەگەڵ دەوڵەتی قاجاردا بووە.
(٢) مەبەست لە کێوی (سەهەند)ە.
(٣) واتە لە سێ بەشی عەجەمی میاندواو، دوو بەشی کوژراوە.



هەمزە بڵند بوو لە ناوی
لە بریقەی زرێیە و قەتڵاوی
ئەو چەل دەچمە سەر بناوی.
هەمزاغا سوار دەبوو
(سوارە)ی برازای کەوتە دوو.
هەمزە لەلێ برازا
دەمانچەی پشتیم سازە
لێی دەن ڕاوە بەرازە.
هەمزاغا خۆ دەخێوێ
سەرتاپای خۆی دەبزێوێ
ڕمبی لێ کردوون بەگەز
خارا و کیمخوای دەپێوێ...

***

(ئەمجارە بەیتبێژ بەقسە دەیگێڕێتەوە):[(١)]

(١) لەبەرئەوەی لەم شوێنە بەدواوە، کە بەیتبێژ بەیتەکە بەقسە دەگێڕێتەوە، دەردەکەوێ کە بەیتەکە تا ئەم جێگەیە، زۆر جێی متمانە و بەیتبێژی ئاگادار لە ڕووداوەکان و شارەزا و هۆشیار، داپڕشتووە و ئیتر پاشماوەی بەیتەکە قرتاوە و فەوتاوە و دواتر بەیتبێژێکی بێ ئاگا و نەشارەزا لە ڕووداوەکان، لە خۆیەوە ڕووداوی دەست هەڵبەستی بۆ چنیوە، بۆیە لێرە بەدواوەی ئەم بەیتە بەناڕاست و درۆودەلەسە دەزانم و بەچاکی نازانم بۆ کتێبەکەمی بگوێزمەوە، کە لە کتێبێکی پێشووتریشمدا: (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەی قاجاریدا)، بەهەمان پێودان ئەم بەشەی دوایی بەیتەکەم بۆ کتێبی ناوبراوم نەگواستەوە.

# پاشكۆ

# بەشی چوارەم

## پاشکۆی ژمارە (١)

بەڵگەی ژمارە: ١٠٨
بابەت: ئاژاوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەقشبەندی
مێژوو: ٢٢/١٢/١٨٨٠ز (١٩ی محرّم ١٢٩٨ کۆچی - ١/١٠/١٢٥٩ هەتاوی)
سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)، بەرگی (٣) لاپەڕە: ٢٠٤

نامەی میرزا سەعید خان[2]

بۆ موحسین خانی موشیرولدەولە (باڵوێزی ئێران لە ئەستەموڵ)

هەرچەندە هەمیشە زانیاریبیە پێویستەکانم بەنامە و بەهۆی تەتەرەوە، لە ڕێکەوتی (...)[3] و بەناردنی چەندان بروسکە لە ڕێکەوتی (...)[4] بۆ ئەو جەنابە ناردووە. بەڵام بۆ ئەوەی بزانم کام نامە و بروسکە نەگەیشتوون و کامیان گەیشتوون و هەروەها بۆ تازە کردنەوەی زانیاری و ئاگاداری ئەو جەنابەش، ناوەڕۆکی نامە و بروسکەکانی، پێشووت بەگوێرەی ژمارەکانیان، دەنێرمەوە خزمەت.

دیسان بەپێویستم زانی بەدرێژیی باسی ڕووداوەکانی ئاژاوەی شێخ عوبەیدوڵڵای مەلعوون و کوڕە ناپاکەکانی و هەمزاغا و سەربزێو و ئاژاوەگێڕەکانی دیکەی کوردە بەدناوەکان و هەنگاوەکانی دەوڵەتیش سەبارەت بەوان و ئاکامی ئەم هەنگاوانەش، تا قۆناغی ئێستامان بنووسم.

شێخ عوبەیدوڵڵا، کە جاران وەک پیر و مورید، لەگەڵ بنەماڵە کوردەکان و هاوبیرەکانی خۆیدا هاتوچۆی دەکرد و وردە وردە لەبەر زۆر شت، ببوو بەخاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆر؛ لە کاتی جەنگی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسدا، بەهۆی جیهادەوە، هێزێکی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و ئەو شێواوییەی کردە هەل، بۆ ئەنجامدانی ئاواتە پووچەکانی و تا توانی، زیان و کاولکاریی بەسنوورەکانی عوسمانی گەیاند. خۆی و

(٢) میرزا سەعید خان: وەزیری دەرەوەی ئێران
(٣) و (٤) لە دەقەکەدا هەر وابوون.



دەستوپێوەندەکانی، ئەوەندەی لە توانایاندا بوو، لەم ڕێگەیەوە خۆیان تەیارکرد و لە چەک و جبەخانەی هێزەکانی دەوڵەتی، چەندەیان پێویست بوو، دەستیان کەوت. بەو شێوەیە شێخ چێژی دەسەڵات و گەورەیی، لەو بزووتنەوە چەشت.

زمان لووسان و ماستاوکارانیش خەیاڵێکی خۆشیان خستە مێشکییەوە و وای زانی دەتوانێ بەڕاپەڕینێک بازنەی دەسەڵاتی خۆی پەرە پێبدات.

ئەوە بوو ساڵی پار، نوێنەری خۆی نارده پێتەخت و وتی دەمەوێ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەمە، داگیری بکەم و بیکەم بەهەرێمێکی سەربەخۆی ژێر دەسەڵاتی خۆم. خۆیشم لە ژێر سێبەر و پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران و پەیڕەوی شای گەورە و بەختەوەردا دەبم.

بەڵام بەهۆی دووربینی و لێکدانەوەی ئاکامەکانەوە، بەپێویستی دەزانم، کە دەوڵەت بەڵێنێکی وام بداتێ، کە ئەگەر نەمتوانی سەر بکەوم و ناچار کرام هەڵبێم، دەوڵەتی ئێران پارێزگاریم لێ بکات پشتم بگرێت.

بەڵام دەوڵەتی ئێران گوێی بەم قسە پڕوپووچانە نەدا و ئاستی دۆستایەتی و پاراستنی بڕیار و بەڵێنی خۆمانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەرزتر نرخاند و گوێمان نەدایە ئەم قسە پووچ و بۆشانە و نوێنەرەکەیمان بەبێ وەڵام، لە دەرباری دەوڵەت ناردەوە. ئەویش دوای نائومێدبوون لەم دەوڵەتە؛ بۆ ڕۆژی ڕەشی خۆی، کە ئێستا هاتۆتە ڕێی، چ ڕێگەیەکی دۆزیبوەتەوە و پشتی بە چی بەستووە؛ هەر خوا دەیزانێ...!

ئەو، بۆ هەڵێک و بیانوویەک دەگەڕا، کە خیانەتی خۆی تێدا بنوێنێ. لوطف عەلی خان لاوێکی بێ ئەزموون بوو، کە لە ئازەربایجانەوە کراوە بەفەرمانڕەوای ساباڵاخ، بەشێوەیەکی ناتەواو هەوڵی گرتنی هەمزاغای مەنگوڕی دا، بەڵام هەمزاغا لە چنگی حکومەت خۆی دەربازکرد و هەڵات و دەستی کردە خراپەکاری و ئاژاوەچێتی.

بەگوێرەی بانگهێشتنێک، کە لە لایەن شێخەوە بۆی کرا و بۆ ئاژاوەگێڕیی لەسەری پێکهاتبوون؛ ئەویش قادری کوڕی، لەگەڵ هەموو ئەو خزم و نزیکانەی، کە پێی خۆش بوو، چ لە خاکی عوسمانی و چ لە خاکی ئێراندا، لەگەڵ هێز و لەشکرێکدا، کە ئامادەی کردبوون، ناردنییە وڵاتەکەمان و خێڵە کوردەکانی ئێرانیش لە موکری و مامەش و مەنگوڕ... هتد.

بەهۆی ناپاکی خۆیانەوە و هەندێکیشان لە ترسی ماڵ و گیانی خۆیان، دوایان کەوتن.

بەهەر شوێنێک دەگەیەشتن، لە کوشتاری موسڵمانانی گەورە و بچووک، پیر و لاو، ژن و پیاو و تەنانەت کۆرپەی بەر مەمک و دزی و تاڵان و بەدیل گرتنی کچانی لاو و ئاگر لە خانوو بەردان و سووتاندنی تفاق و تویشووەوە؛ هەر تاوان و زۆردارییەک کە لەوە (...) نەبێ، دەستیان لە هیچ نەپاراست و جگە لە گوندەکانی نزیک مەراغە، هەتا ورمێش، هەمووی کاوڵ و چۆڵ ببوون. ئەم ئاژاوەگێرە خوێنمژانە، بەتەما بوون تاقە کەسێک بەزیندوویی نەهێڵنەوە... تا ئەمیر ئەلدەولەی اعتماد ئەلسەلتەنەی ئەمیر تومان، لە کاتێکدا ئەوان خەریکی ئابڵووقەدانی بناو و مەراغە و وێرانکاریی و سووتاندنی گوندەکانی ئەو ناوە بوون؛ بەبەشێک لە هێزەکانی و تۆپخانەوە، لە تەورێزەوە فریا کەوت و ورەی چەتەکانی تێکشکاند و ناچاری کردن پاشەکشێ بکەن. بەدوای ئەواندا چەند هێز و دەستەیەکی تریش، بەفەرماندەیەتی سەرکردەکانی (کاخی)، ناوچەکانی وڵاتیان لێ سەندنەوە و ئاژاوەگێڕان چوونەوە سابڵاخ، ئەوسا لەشکری گەورەی ئەراک -ی کە بەفەرماندەیی حیشمەتولدەولە بوو، گەیشتە جێ. جەنابی ئەشرەف سوپا سالاری گەورە، بەفرمانی شا، بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی گشتی هێزە سەرکەوتووەکان و ئەنجامدانی کارەکان، بەپەلە لە تەورێزەوە بۆ ناو هێزەکان هات و دەستی کرد بەبەڕێوەبردنی فەرمانەکانی شا. ئینجا هەموو بەشەکانی هۆردوو، کەوتنە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.

هەمزاغا و ئاژاوەگێڕان، لەبەر هۆردووی عەزیزڵلا خانی سەرتیپدا، لە سنووری لاجانەوە ئاودیوی سلێمانی بوو. قادر و هێزەکەی، لەبەر هێزەکەیانەوە ڕووە و مەرگەوەڕ[1] هەڵات و لەوێوە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلای مەلعووندا، کە سەنگەر و قایمکاریی سەربازیی دروست کرد بوو؛ لە ترسی هێزەکانی تەیموور پاشاخان، خۆیان پێ نەگیرا و بەرەو ناوچەی هەکاری هەڵاتن و لە (نوچە)[2] لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا گیرسانەوە.

دوای ئەوەی کە خاکی وڵات لە ئاژاوەگێڕانی کورد پاک کرایەوە؛ جەنابی ئەشرەف سوپا سالاری گەورە و سەرکەوتوو، چووە ورمێ، تا دوای ڕێکخستنەوەی بارودۆخی ئەوێ، لەگەڵ جەنابی سامیح پاشای ڕاوێژکاری لەشکری وان، لەسەر بڕیاری پێشوو، خەریکی دانووساندن و پەیمانبەستنی پێویست ببێ.

وا ئێستا لەوپەڕی هێوربوونی بارودۆخدا، لە ورمێ هۆردووی هەڵداوە. هەرچەندە زانیارییەکانی جەنابتان و ڕۆژنامەکانی پایتەختیش بەدرێژیی باسی ئەم ڕووداوانەیان

(١) مەرگەوەڕ: یەکێکە لە (٣) قەزاکانی سلیڤانە-ی ورمێ.
(٢) نوچە: یان: ناو چیا: لە خوارووی وان دایە.



کردووە؛ بەڵام بەهۆی ئەو شتانەی کە لەمەو پێش باسکران، ئێستا دەوڵەتی ئێمە، هەموو ئەرکەکانی ناوخۆی وڵاتیان بەجێهێناوە و ئەرکێکی بۆ ئەنجامدان نەماوە و لەو بارەیەشەوە دەبێ (٢٥) هەزار کەس لە هێزەکانی خۆی، بەبێ کار و لە وەرزی زستاندا لەسەر سنوورەکان ڕابگرێ. چونکە ئەگەر وا نەکات، ئەوا خراپەکاریی و ئاژاوەنانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا و کوڕەکانی، لەسەر سنوور هەروا بەردەوام دەبێ بەبێ ئەوەی سزای ئەو هەموو تاوان و ڕەوشتە دزێوانەی درابێت. بەڵام دەوڵەتی ئێمە، سەبارەت بەمانەوەی هەمزاغای شەڕانی و تەڕنکار و هاوڕێکانی، کە مایەی ئاشکرا خۆشکەری ئەم ئاژاوەگێڕ و خوێن ڕشتنانە بووە، بەهیچ شێوەیەک زامنی ئەوە ناکرێت، کە جارێکی تر ئەم ئاژاوەیە هەڵنەداتەوە. ئەگەر ئەم هەموو هێزەش وەک وتمان، بەبێ کاریی لەسەر سنوورەکان ڕابگرێ. دەبێ پارەیەکی زۆریان بەبێ هۆ، بۆ تەرخان بکرێ و کێش هەیە ئەم پارانە لە ئەستۆ بگرێ؟

لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئاژاوەکەوە، سوڵتانی خاوەن شکۆ و گەورە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەموول، جەنابتانی دڵنیا کردووە و هەروەها جەنابی فەخری بەگیش[1] لە پێتەخت، حەزرەتی پاشای بەختەوەرمانی دڵنیا کردووە، کە دەوڵەتی عوسمانی، هەموو جۆرە یارمەتییەکی ئێمە دەدەن. تەنانەت جەنابی گەورە باڵوێز، (٢٦) تابووری لە هێزەکانی عوسمانی، بەسەرکردایەتی سامیح پاشای موشیر و یونس پاشای فەریق، خستە ژێر فرمانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و ڕایگەیاند، کە ئەم هێزانە بەدرێژایی سنوور دادەنێن، بۆ بەربەستکردن و گرتنی ئەو ئاژاوەگێڕانەی، کە دوای شکان لە هێزەکانی ئێران، دەیانەوێ بەرەو خاکی عوسمانی بێن و ئامادەی بەڕێوەبردنی فرمان دەکەن.. ئەنجوومەنەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتیش ئەنجوومەنی وەزیران، وتوویانە: ئێوە فرمانی گرتنی شێخ و کوڕەکانی و هەمزاغا و ئاژاوەگێڕەکانی دیکە، بەهێزەکانی خۆتان بسپێرن، ئەگەر گرتیانن، ئەوا باشتر و ئەگەریش نەیان گرتن، ئەوا ناچاریان بکەن تا بێنە خاکی عوسمانی؛ بۆ ئەوەی ئێمە بیانگرین.

هێزەکانی ئێمە، بەنیازی گرتن و کوشتن، ڕەدوویان نان. بەڵام چونکە نزیکە و سنوور بوون، دوای نائومێد بوون لە خۆڕاگرتن، هەڵاتنە خاکی عوسمانی و لەبەر ڕێزگرتنی یاساکانی نێوان دوو دەوڵەت، هێزەکانی ئێمە نەچوونە خاکی عوسمانی و بەم جۆرە لە چنگ ئێمە دەرباز بوون.

(١) فەخری بەگ لە ساڵی ١٨٧٧ز، تا ساڵی ١٨٨٤ز، ماوەی نزیکەی (٨) ساڵ لە دەرباری ئێراندا، باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بووە.

بەڵام بەپێچەوانەی قسەکانی جەنابی گەورە باڵوێزەوە، کە نەک هەر نەیانگرتن، بەڵکو بەرێزیشەوە وەرگیران... کە دیارە ئیتر مافی ئاشکرا و روونی ئێرانە، تا داوا لە دەوڵەتی عوسمانی بکات بۆ گرتن و تەمێکردنی شێخ و کوڕەکانی و دووریان بخاتەوە. هەروەها هەمزاغا و هاورێکانیشی بداتەوە دەستمان و لە پێناوی دۆستایەتی و دراوسێتیدا، بەڵێنەکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت. چەندان بروسکەش لە لایەن پاشای گەورەمانەوە، بۆ جەنابی بەرێزتان نێردراوە، کە لە هەموویاندا ئەم ئەرکە بەجەنابتان سپێردراوە و چاوەنۆڕین بزانین چ ئەنجامێکی دەبێت.

جێی داخ و مخابنیش دەبێ ئەگەر خوانە خواستە، گەورە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی، هەر ئەو کارانە ئەنجام بدەن، کە جەنابتان لە بروسکەکەی خۆتاندا نووسیبووتان و دەست نەدەنە چارەسەری ئەم رووداوانە و هیوای دەوڵەتی ئێمە و تەنانەت دڵی هەموو خەڵکانی وڵاتمان بشکێنن و ئەم دۆستایەتییە پیرۆزە، کە لە نێوان دوو دەوڵەتدا هەیە، بەبێ هۆ، کز و لاواز بکەن. لەو لاشەوە سەرچاوەی ئاژاوەیەکی گەورە، لە سنوورەکانی دوو دەوڵەتی ئیسلامیدا بمێنێتەوە؛ کە بۆ هەردوو لا، وەک یەک زیانی هەیە.

بەرێزتان دەبێ هەموو هەوڵێک بدەن، تا مەبەستی دەوڵەتی ئێمە، سەبارەت بەم باسە، ئەنجام بدرێ و دڵنیابین و خۆتان سەربەرز بکەن و بینە خۆشەویستی شای بەختەوەر. واتە: دەبێ شێخ و کوڕەکانی دوور بخرێنەوە و بگیرێن، یان هەمزاغا و هاورێکانی؛ وەک ئەمین ئاغای کوڕی قادر ئاغا و فەتحوڵڵا خانی کوڕی موزەفەرئەلدەولە و ئەوانەی وەک ئەوانن، بگرن و بیاندەنە دەست کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێمە، تا ئێمەش کارەکانی سنوور بەرێکوپێکی ئەنجام بدەین.(١)

بەڵگەی ژمارە: ١٠٩

بابەت: ناکۆکی سەر سنوور

مێژوو: ٢٦/٩/١٨٨١ز (دوم ذیقعدەی ١٢٩٨ کۆچی – ٤/٧/١٢٦٠ هەتاوی)

سەرچاوە: اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)، بەرگی (٣) لاپەڕە: ٢٠٨.

نامەی میرزا سەعید خان بۆ موحسین خانی باڵوێزی دەوڵەتی ئێران لای عوسمانی

بەرێز:

گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێران، لە (١٥) ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، چەندان جار

(١) ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوە، بەشی بەڵگەنامەی عوسمانی.



دەریان بڕیوە، کە هەڵسوکەوتی پیاوگەلی سەر سنووری عوسمانی، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ مەرجی دوو دۆستایەتی دوو دەوڵەتدا یەک ناگرێتەوە و زیاتریش بەپێچەوانەی خواست و ویستی ئەم دوو دەوڵەتەیە و ئەگەر دەوڵەتی ئێران، لە جیاتی لێبووردن و چاوپۆشیی لەو کارانە، بیویستایە وەک ئەوان رەفتار بکات، ئەوا ئاکامەکەی لە ئاڵۆز بوونی ئاسایشی سنوور و تێکچوونی هێوری خێڵەکانی هەردوو لا، هیچی تری لێ نەدەهاتە بەر. چونکە بەدەستەوەدانی هەڵاتووەکان و دەست نەگرتن بەسەر عەشایەری یەکتردا، بەشێک لە مەرجەکانی بڕیارنامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتە و لە زەمانی سەفەوییەوە، تا ئێستا، لە دوای هەموو ئاشتبوونەوەیەک، جەختی زیاتر لەسەر کراوە. دەوڵەتی ئێران لە هەموو کاتێکدا ئەم مەرجانەی بەجێهێناوە و بەم شێوەیە (عەزیز بەگی بابان) و خێڵەکەی و هەندێ لە ئاژاوەگێڕانی ناوچەی هەکاری و هەرتووش و ئەحمەد وەند چەلەبی و محەمەد ئال عەلی خان و کێ و کێ و... کە لە راستیدا هەموویان لە عەشیرەتەکانی ئێرانن و مایەی کێشەن، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئێرانیی بوونیان، تەنیا لەبەر بەجێهێنانی مەرجەکانی بڕیارنامەکان، وەکو گێڕانەوەی ئاسایشی سنوورەکان، داومانناونەتەوە بەعوسمانی بۆ سزادانیان.

کەچی سنووردارانی عوسمانی، لە بری ئەوەی وەڵامی چاکەکانمان بەچاکە بدەنەوە، لە زۆر کاتدا هەوڵ و هەنگاوەکانی ئێمەیان کردووە بەبیانوو، تا لەو رێیەوە عەشایەرەکانی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن. ئەگەرچی ئەم هەنگاوانەی ئێمە، لەسەر داوا و سکاڵای سنووردارانی عوسمانیش هەڵگیراون. بەم جۆرە خۆیان دەرگا لەسەر ئاژاوەگێڕیی و یاخیبوون، بۆ عەشایەرەکانی ئێمەش دەکەنەوە.

هەروەک چۆن هەمزە مەنگوڕ؛ کە بووە مایەی ئەم هەموو کوشتارە. سەرەتا لەوپەڕی ملکەچییدا، لە خزمەتی دەوڵەتی ئێمەدا بوو سنووردارانی عوسمانی هەندێ گلەییان لێی بوو. بۆیە (شوجاعولملک – پاشا خانی خوالێخۆشبوو) بۆ دڵدانەوەی ئەوان، دەستی بەسەردا گرت و پاشان لە کاتی سەرکوتکردنی هەرتووشییەکان و ئەوانی دیکە، لە لایەن عوسمانییەوە عومەر بەگ ناوێک، بەخزم و نزیکەکانییەوە چوونە لای هەمزاغا و ئەویش بەئەتکی شەرەف و ناموسی خۆی زانی، کە ئەگەر بیانداتەوە دەست عوسمانی، بەڵام کە شجاع الملک بەچەک و هێزی شەرکەرەوە، ئەرکی بەدەستەوەدانیانی لە لایەن دەوڵەتی ئێمەوە پێ سپێردرا، هەمزاغا، هێز و توانای بەرگریکردنی نەبوو. بۆیە هەڵاتە خاکی عوسمانی و سنووردارانی عوسمانیش خۆیان کردە خاوەنی و لە ئەنجامدا هەمزە و هەندێ لە عەشایەری عوسمانی، هێرشیان دەکردە سەر سەردەشت و سابڵاخ و تاقمێک لە

قەرەپەپاغەکانی کوشت و هەندێکی تری بریندار کرد و ماڵ و سامانی عەزیز خانی خوالێخۆشبوو، کە زیاتر لە ( ٥٠ ) هەزار تمەن زێڕ و زیو و کەلوپەلی تێدا بوو، تاڵان کرد و ماڵەکەی و مزگەوتەکەی سەردەشت -یشی سووتاند. چەند کاروانێکی کورد و کاروانی تریشی تاڵان کرد و گەڕایەوە خاکی عوسمانی. دەوڵەتی عوسمانیش تا ئەم دواییانە هەر گرتییە خۆی، بێ ئەوەی ئەم هەموو کوشتار و تاڵانەی، لێپرسینەوەی ببێت؛ تا وای لێهات، کە بۆ تەواوکردنی خواستە گڵاوەکانی، بووە دامەزرێنەری... هەروەها سنووردارانی عوسمانی چەندان جار گلەییان لە سەرەڕۆیی سەرۆکەکانی ناوچەی هەورامان دەکرد. دەوڵەتەکەشمان دەستی کرد بەتەمێکردنیان و هەریەکە لە ناچاریدا هەڵاتنە خاکی عوسمانی و دیسانەوە دەوڵەتی عوسمانی بەپەلە و هەر لە خۆیەوە، خۆی کردە خاوەنیان و نەیدانەوە دەست و بەو شێوەیە زیانێکی زۆری لە دەوڵەتی ئێمە دا.

دووبارە ئەحمەد وەند چەلەبی -مان ناچار کرد هەڵبێت و لەم ڕێیەدا تەنانەت سەرتیپێک و سنووردانێکی بڕوا پێکراوی وەک مەلیک نیاز خان - مان لێ کوژرا. کەچی هەرکە گەیشتنە خاکی عوسمانی و کەوتنە بەردەستی ئەو دەوڵەتە، هەرگیز نەیدانەوە بەئێران و هەوڵی ئەوەی نەدا، کە حەزی ئێمە بەجێ بهێنێ... وا ئێستاکەش لە تاڵانکردن و کوشتنی کاروانچی و ڕێبوارانی ئێرانی دەست ناپارێزن و هێزەکانی ئێران تا ئەم دواییانەش پارەیەکی زۆری سەرف کردووە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بیانشکێنن و هێشتا لێشمان ڕوون نییە بەتەواوی شکابن، یا نا!... محەمەد ئال عەلی خان لام -مان لەسەر تکای والی بەغدا دەرکرد. کەچی هەرکە گەیشتە خاکی عوسمانی، دڵخۆشیان کرد و لەسەر ئەوە لەگەڵیدا ڕێکەوتن ئاژاوە لە ئێراندا بنێتەوە و ناوچە گەلێکی ئەم وڵاتە داگیر بکات، وەک: باغسایی و ملخطاوی؛ کە ئەگەر نەخۆشیی دەرفەتی بدایە، ئاژاوەیەکی گەورەی وەک ئاژاوەی کوردەکان، لە سنوورەکانی عەرەبستان و لوڕستان، بەدەستی ئەم عەرەبانە دروست دەکرا. بەهۆی ئەم شتانەوە بوو، کە ئەم جارە و پاش دوایی پێهاتنی ئاژاوەی کوردەکان، گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێمە، کاتێ ویستیان بۆ جێگیرکردنی هێمنیی سنوورەکان، تاقمێک لە عەشایەرەکانی ئێران تەمێ بکەن. بەپێویستیشیان زانی بەر لە دەستپێکردنی ئەم تەمێکردنە، بەپێی بڕیارەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، لەسەر دەست نەگرتن بەسەر هەڵاتووانی ئێمەدا، بڕیار و بەڵێنی ڕەسمیی لە گەورە باڵوێزی عوسمانی لە پێتەختی ئێران و هەروەها لە سنوورداڕانی ئازەربایجان و فەرمانبەرانی ئەو دەوڵەتە داوا کرد، بەتایبەتی لەسەر دەست نەگرتن بەسەر عەشیرەتی شوکاک و عەلی خانی سەرۆکیاندا، باڵوێزخانە و سنوورداڕانی عوسمانیش، بڕیاری ڕوون و ئاشکرایان بەسەرکوتکردنی ئەم عەشیرەتە دەرکرد و لە هەموو ڕوویەکەوە پێخۆشحاڵیی



دەوڵەتی عوسمانییان لەو بڕیارنامانەدا دەرخست. ئەم سەرکوتکردنەش بەئەرکێکی پێویست بۆ هێمنایەتی سنوورەکانی نێوان دەوڵەتی ناوبراو ژمێردرابوو.

بەدوای ئەو بەڵێن و بڕیارنامانەدا، دەوڵەتی ئێمە دەستی کرد بەسەرکوتکردنی عەشیرەتی ناوبراو. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو دووربینی و بیانووبڕینەکانی سنووردارانی ئەولا، لە لایەن ئێمەوە. هەرکە عەشیرەتی ناوبراو ڕاونرا و هەڵاتن و ڕوویان کردە خاکی عوسمانی، بەگشتی ڕێگەدران و هەمدیسان بەپێچەوانەی هەموو بڕیارە ڕەسمییەکانی پێشووەوە، دەوڵەتی عوسمانی پشتگری لێکردن و بەناڕەوا خۆی کردە خاوەنیان... هەر لەبەر ئەمە بوو، کە بەپەلە جەنابتم ئاگادار کرد و هەوڵم دا بەهۆی جەنابتانەوە داوا لە بابیعالی بکەم عەشیرەتی ناوبراومان بدەن بەدەستەوە.

بەداخەوە وەڵامی بابیعالی سەبارەت بەم داوایە، دوور بوو لەو ویستانەی کە دوو دەوڵەتی ئێمە و ئەوان بەرامبەر هێمنایەتی ئەو سنوورانەی هەیانە و لەگەڵ مەرج و بڕیارەکانی نێوانمان نەدەگرتەوە و بەپێچەوانەی هەموو ئەو بەڵێنانەش بوو، کە بەشێوەیەکی ڕەسمی لە لایەن گەورە باڵوێزی عوسمانی و سنووردارانی ئەو دەوڵەتە، وەک: حەسەن پاشای والی وان و موسا پاشای فەریق، فەرمانبەری سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی لە سنووری ئازەربایجان، پێمان درابوو. دیارە ئەگەر دەوڵەتی ئێمە، پێی وا بوایە دەوڵەتی عوسمانی بەناردنەوەی عەلی خان و دوو سێ کەسی تر، ئەرکی خۆی ئەنجامداوە، یان ئەگەر مەبەستی دەوڵەتی ئێمە، لە وەرگرتنی ئەو هەموو بڕیار و بەڵێنە ڕەسمییانە، تەنیا وەرگرتنەوەی عەلی خان و دوو و سێ کەسی دیکە بوایە، ئەوە نەپێویستی بەم هەموو لەشکرکێشییە و مەسروفە قورسە بوو و نەپێویستی بەدووربینی و وەرگرتنی ئەو هەموو بڕیارە ڕەسمییانە بوو، کە یەک لە دوای یەک و نەفەر بەنەفەر وەرگیران. بەدەستەوەدانەوەی دوو و سێ ئاژاوەگێڕ، شتێکی گرنگ نییە، چ بگات بەوەی کە بەپێویستی بەم هەموو قایمکارییانە بێت. جگە لەمەش، ئەگەر هەر یەکێک لەم کارانەش نەکرانایە، لە ڕووی تێگەیشتوویی و پابەندی دەوڵەتی عوسمانی و ویستە پاکەکانی سەبارەت بەدراوسێتی، هەرگیز نەدەبوو بابیعالی وەڵامێکی ئاوامان بداتەوە. چونکە بەدەستەوەدانەوەی هەڵاتووان و داگیر نەکردنی عەشایەری یەکتری، بەشێکە لە مەرجەکانی بڕیارنامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت و هیچ یاسایەکیش بڕیاری نێوان دوو دەوڵەت ناسڕێتەوە و بێ هیچ بیانوو هێنانەوەیەک، بەدەستەوەدانەوەی تێکڕای ئەم عەشیرەتە، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی عوسمانییە. بەتایبەت بەڕەچاوکردنی بڕیار و بەڵێنە ڕەسمییەکان، کە بەم زووانە بەستبوومان، بەڵگەیەکە لەسەر پێویستی بەدەستەوەدانیان.

لەبەر ئەوەی کە باسکرا، بڕیارنامە ناوبراوەکان و ئەو نامە و هەواڵانەی کە لە نێوان

*گەورە پیاوانی دەوڵەتی ئێمە و کارگێڕانی ئازەربایجان و هەروەها لە نێوان کارگێڕانی ئازەربایجان و سنووردارانی عوسمانی، وەک حەسەن پاشای والی وان و موسا پاشای فەریق و... هتد گۆڕدراوەتەوە، بۆ جەنابتی دەنێرم بۆ ئاگاداریتان.*

*دوای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە بەڵگە ڕوونەکانی ئەو نامانەوە، هەروەها بەو زانیارییانەی کە لە مەرجەکانی بڕیارەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتەوە هەتانە. بۆ داوا کردنەوە و گەڕاندنەوەی تێکڕای عەشیرەتی ناوبراو و سەرۆکەکانیان، ئەوەی کە پێویستە بیهێننە ئەنجام و بەهەموو هەوڵێکەوە، کە لە تواناتاندایە، داوای بەجێهێنانی لە بابیعالی بکەن و بەئومێدی خوا، فرمانی گەڕاندنەوەیان وەربگرن و بۆمانی بنێرن.*

*ئەمەشیان بۆ ڕوون بکەرەوە، کە تا ئەم عەشیرەتە تەسلیم نەکرێتەوە و تا هەموو داواکانمان سەبارەت بەسنوورەکان لە لایەن سنووردارانی عوسمانییەوە نەیەنە دی، بەهیچ شێوەیەک هێمنایەتی و ئاسایشی سنوورەکان دەستەبەر نابێت.*[1]

مۆری: میرزا سەعید خان – وەزیری دەرەوەی ئێران

## پاشکۆی ژمارە (٢)

بەڵگەی ژمارە: ٥٨٠

بابەت: داگیرکردنی سابڵاخ و کوشتن و تاڵانی مەرحەمەت ئاوا[*] لە لایەن شێخ عەبدولقادرەوە

میژوو: (سەرەتای مانگی ١٠ی ١٨٨٠ز– ذیقعدەی ١٢٩٧ کۆچی)

سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، بەرگی (٣)

هەروەها: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی– ل ٥٤٥

لاپەڕە: ٦٧٢

*نامەی کارگێڕی سابڵاخ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە*

*هەواڵی (ابو القاسم) دەربارەی بارودۆخی سابڵاخ*

*ساڵی حەوتەمی سەرکەوتنەکانی ئێوەی (ئەستێرە)، کە وەکو بەختێکی گەشاوە،*

(١) ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، بەشی: بەڵگەنامەی عوسمانی.

(*) مەرحەمەت ئاوا: ناوی پێشووی (میاندواو)ە.



*جیهانی مرۆڤایەتیتان گەیاندۆتە هەموو ڕاستییەکان و تا دوا ترۆپکی گەورەیی، هەڵتانکشاندووە... نیازمە بابەتێک باس بکەم، ئەگەر بەرچاوی جەنابتان بکەوێت گەورەییتان ببیینێت، لەوانەیە بێ کەڵک نەبێت. هەروەها دەبێ بەهۆی داچڵەکان و پەند و عیبرەتیش بۆ ئەو بەختەوەرانەی کە دەیخوێننەوە.*

*پوختەی ڕووداوەکە. بەحوکمی پێویستی جیاواز نووسراوە و لێرەدا من بەکورتی عەرزی دەکەم. «من قتل نفساً بغير نفس أو فساداً في الارض فكأنما قَتَل الناس جميعاً».*

*دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵلای مەلعوونی ئاوەزکورتی چارە ڕەش، بەهۆی خەیاڵی شەیتانیی و نەفسی خراپی خۆیەوە، کەوتە بیری حوکمداریی و دامەزراندنی وڵاتەوە... ئەوی گێل پێی وا بوو تەختی دەسەڵات و خونکاریی، بەیارمەتی دەستەیەک چەتە و دوژمن بەر ڕقی دەوڵەتە تواناکانی ئێران و عوسمانی و هەروەها چەند سەرۆک خێڵێکی بێ شارستانیی و دڕندە، پێدەستێنرێت و دەکارێ سەربەخۆیی لە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران دەست بکەوێت. لەبەر ئەوە شێخ عەبدولقادری کوڕە ناوبجی خۆی، لەگەڵ هەمزاغادا بەرەو شنۆ و سابڵاخ بەرێ کرد.*

*ڕۆژی دووشەممە: (٢٧/٩/١٨٨٠ز)[1] نواب لوتف عەلی خانی حاکمی سابڵاخ، لەگەڵ ئاغاکان و حەشیمەتەکانیاندا بەرەو میاندواو بەڕێکەوتن.*

*ڕۆژی چوارشەممە: (٢٩/٩/١٨٨٠ز)،[2] دوای دوو ڕۆژ، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە نیوەڕۆدا، بە(٢) هەزار کەسی دەرەوەیی و ناوخۆییەوە، چوونە ناو سابڵاخەوە و ڕۆژی پێنج شەممە: ٣٠/٩/١٨٨٠ز،[3] خان بابا خان -یان کردە حاکمی سابڵاخ، لە ماوەی (٣) ڕۆژدا جەماوەری ژێر سێبەری وەحشییەتی عەبدولقادر، خۆیان بۆ (١٢) هەزار کەس دەکوتا. ڕۆژی هەینی (١/١٠/١٨٨٠ز)،[4] پێش هەتاو کەوتن، بەرەو (مەرحەمەت ئاوا) بەڕێکەوتن. دوای نیوەڕۆی هەینی، هەواڵی کوژران و تاڵانی مەرحەمەت ئاوا و تەرمی (نوری بەگ)ی ئاڵا هەڵگر و خاڵۆی شێخ عەبدولقادر گەڕایەوە سابڵاخ. جگە لە مەسیحی و جووەکان و منداڵان، کە سووتاندبوویانن، (٣,٤٠٠) پیاو و ژنی کوژراویان لێکەوتەوە و هەندێ مزگەوتی بەناوبانگ بەقورئانەکانیانەوە لە ئاگردا سووتان. لام وایە شێخ عوبەیدوڵلا، جگە لە سەرشێتیی، بڕوایەکی ڕاست و پتەویشی بەیاسای بەڕێز و حورمەت؛ کە ڕاستەقینەی ئیسلامە، نییە.*

(١) ٢١ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی– ١٢٥٩/٧/٥ هەتاوی.

(٢) ٢٣ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی– ١٢٥٩/٧/٧ هەتاوی.

(٣) ٢٤ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی– ١٢٥٩/٧/٨ هەتاوی.

(٤) ٢٥ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی– ١٢٥٩/٧/٩ هەتاوی.

ئەمەش لە کردەوەی دەستوپێوەند و لایەنگرەکانیدا دەردەکەوێت. چونکە ئەوان قورئان دەسووتێنن، ژن و منداڵ بەبێ سووچ و تاوان دەکوژن و ئەتکی نامووسی ئافرەتان، لە ژنی (٥٠) ساڵەوە، تا کچانی (٥) ساڵان بەڕەوا دەزانن و جیاوازیی لە نێوانیاندا ناکەن. لە کاتێکدا ئەوەی ئەم تاقمە لارێیە گرتوویانەتە بەر، کە لە سەرەتای خلقەتەوە، تا ئێستا شتێکی وا سەیر و ناڕەوا و چەپەڵ، نەبووە و نەبیستراوە.

لە (مەرحەمەت ئاوا) و (مەڵکەندی) و (مەحاڵی تۆپخانە) و (ساتلمیش) و (مەحاڵی چیچەک) و (قەرە دیوان)ەوە، تا دەگاتە (هەشترود) و هەوێڵی تەورێز؛ لە هەموویانەوە ماڵی تاڵانییان هێنا. مەرحەمەت ئاوا لە هەموویان خراپتری لێ قەومابوو، کە تێیدا هەرە چاکەکان بەپەند بوون و بەدەستی ئەم تایەفە وەحشییە چوون. بێ گەورە کردنەوە، نزیکەی (١٠٠ کرور) تمەن، هەر ڕەعیەت زیانیان پێگەیشتووە. ئیتر جگە لە زەرەر و زیانی دەوڵەت.

لە (١٠/١٠/١٨٨٠ز)ەوە تا (١٥/١٠/١٨٨٠ز)، [1] هەر بەم ناوەدا تەراتێن و ڕمبازێنیان بوو و بەدڵی خۆیان ئەسپیان تاو دەدا. خێڵی مەنگوڕ و پیران و زوودی و مامەش و تایەفەی زەرزا، کە خزمایەتییان لەگەڵ شێخدا هەیە و هەروەها ئاکۆیی و باڵەکی و گەورکی و... هتد. دەسکەوت و دیلەکانی خۆیان بردەوە لای خۆیان. ئەم تاڵانە، تا سەر سنوورەکانی عوسمانیش دەنگی دایەوە و بەردەوام لەو سنوورانەشەوە پووزەوانەیان لێهەڵکێشاوە و بەرەو خوار دەبنەوە و دێن.

لە (١٥/١٠/١٨٨٠ز)ەوە تا (٢٥/١٠/١٨٨٠ز)، [2] لە ساباڵاخ بارگە و بنەیان خستووە و ژمارەیان گەیشتۆتە (٤٠) هەزار لە بیری تاڵانی و داگیرکردنی (بناو)یشدان. تایەفەی قەرەپەپاغ و خەڵکی ساباڵاخ بۆ ئەم سەفەرەیان ناچار دەکرێن.

باسی ئەمری (ئیعتیماد سەڵتەنە) بۆ (بناو) و سەنگەرگرتنی گەیشتووە و دەمگۆی ئەوەش داکەوتووە، کە شێخ عەبدولقادر، هەر بەئاسمانەوە گوللە تۆپ دەگرێتەوە و ئەم تایەفە گومڕایەش بەهیوای تاڵانیی تازە، لەوانەیە باڵ بگرنەوە.

ڕۆژی ٢٥/١٠/١٨٨٠ز، هێرشیان کردە سەر (بناو) و تا (٣/١١/١٨٨٠ز) [3] چەند

(١) ٢٥ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی- ١٢٥٩/٧/٩ هەتاوی، تا (٩ی ذیقعدەی ١٢٩٧ی کۆچی- ١٢٥٩/٩/٢٢ هەتاوی).

(٢) ٩ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی- ١٢٥٩/٨/٢٢ هەتاوی، تا (١٩ی ذیقعدەی ١٢٩٧ی کۆچی- ١٢٥٩/١٠/٢ هەتاوی).

(٣) ١٩ی ذیقعدەی ١٢٩٧ کۆچی- ١٢٥٩/٨/٢ هەتاوی، تا (٢٨ی ذیقعدەی ١٢٩٧ی کۆچی- ١٢٥٩/١٠/١١ هەتاوی).



جارێک سەنگەرەکانیان تاقیکردەوە و تێکشکان و گەڕانەوە. ئەگەرچی لەو کاتەدا ژمارەی سەربازەکانی (ئیعتیماد سەڵتەنە) نەدەگەیشتنە (٣) هەزاریش. لەشکری مەرحومی (حیشمەت دەولە)ی بەناوبانگ، لە تارانەوە ڕێ کەوتووە و جەنابی (حەسەن عەلی خان)ی وەزیری فەوائیدیش لەگەڵ فەوجی گەڕووس و سوارەی هەوشاری (سایەن قەڵا) و سوارەی (شاهسەوەن) و (دەویروون)دا، فرمانیان پێکراوە، تا زووە خۆیان بگەیەننە هۆردووی بناو.

ئەم هەواڵەش بەرگوێی داروودەستەی شێخ عەبدولقادر گەیشتووە و ترسیان لێ نیشتووە و لە چاو تروکاندنێکدا دەردەچن و دەتوێنەوە.

گولاوی ئاغای دێبوکری و خان بابا خانی حاکمی ساباڵاخ، خۆیان دا بەدەست لەشکری بناو و گەلێک چاکەیان لەگەڵدا کرا. [1]

شێخ عەبدولقادریش خۆی پێ ڕانەگیرا و گەڕایەوە ساباڵاخ، جەنابی وەزیری فەوائیدیش لەگەڵ فەوج و سوارەی هەوشار و سوارەی دەویرووندا لە ڕێگەی کوێستانەکانی مەراغەوە خۆیان گەیاندە لای هۆردووی بناو.

لەم کاتەدا دانیشتووانی (مەحاڵی شاروێران) ئاژەڵ و ماڵ و منداڵی خۆیان هەڵگرتووە و لە ترسی لەشکری دەوڵەت، بەرەو سلدوز و سەردەشت و لاجان بڵاوەیان کردووە و بێ هەدادان دەڕۆن. هۆردووش لە بناوەوە بەرەو ساباڵاخ کەوتۆتە ڕێ.

شێخ عەبدولقادریش دوای گەڕانەوە لە بناو، خەڵکی ساباڵاخی لە تاڵان و بڕۆی هێزەکانی دەوڵەت ترساندووە و دانیشتوان لە ترساندا دەستی ژن و منداڵیان گرتووە و داویانەتە کوێستانەکانی ئاقاری شار و دەرەون.

شەوی (١٠/١١/١٨٨٠ز)، [2] شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، ساباڵاخیان بەجێهێشتووە و نزیکەی (٥٠٠) بنەماڵەش، هەر ئەو شەوە ساباڵاخیان بەجێهێشتووە و بەرەو سەردەشت و بانە ڕادەکەن. دەنگی شریخەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و ناڵەی ژن و منداڵ لە ساباڵاخ و دەور و پشتیدا دەبیسترێ. هەواڵ هاتووە داروودەستەی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا، کاروانسەرایەکی بازرگانییان تاڵان کردووە. هەروەها ئەو ڕەعیەتەش کە بەقسەی ئەوان، پەرەوازە و ئاوارە بوون، هەر لەسەر دەستی ئەم داروودەستەیە، ڕووت دەکرێنەوە. (٧) کەسیان کوشتووە و دەستەیەک برینداران و ئەتکی نامووسیش کراوە... ئەوەی ڕەحم بەدایکی خۆی نەکات؛ بڵێی چی لە خەڵکی بکات!

(١) ئەمە ڕاست نییە، چونکە هەر ئەو ڕۆژەی خان بابا خان، خۆی بەدەستەوەدا، کوشتیان.

(٢): (ڕۆژی ٦ی ذیحجەی ١٢٩٧ کۆچی – ١٢٥٩/٨/١٨ هەتاوی).

تا بەرەبەیان شریخەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و زریکە، لە ساباڵاخ و دەوروبەری نەکەوت و کە ڕۆژ بووەوە؛ لە (١,٤٠٠) بنەماڵەی دانیشتووی ساباڵاخ، تەنیا (٣٠٠) ماوەتەوە.

تەلارەکان بوونەتە گۆڕستان. زانایان و قازی و سەییدەکان و دانیشتوانەکەی ماونەتەوە. ئەمڕۆ چوونە لای لەشکری دەوڵەت، لە گوندی (قەرەقشڵاق-ی سێ قۆناغە ڕێی ساباڵاخ)دا. گەلێک نەوازش کران و ڕێزیان لێگیرا.

(ولَکم في القِصاص حيوة يا أولوا الألباب). ئەم ئایەتانە بۆ پاراستنی گیان و ماڵە و دەوڵەت مافی خَۆی بوو، تا بەحوکمی ئەم ئایەتە پیرۆزە، سزای تاوانباران بدات و سیاسەت بکات. بەڵام چونکە بنەڕەتی ئەم بەڵا ناوەختە، لە خاکی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو؛ سزادان چاوی لێ پۆشرا. بەپێی ئایەتی (الكاظمين الغيظ والعافين عن الناس)یش، لێخۆشبوون بۆ هەموو بەشداران و تاوانبارانی ئاژاوەی ئەم سنوورانە دەرکرا.

لەم ڕۆژانەشدا (حیشمەت دەولە) لە گوندی (تیکان تەپە)ی هەوشار، بەرەحمەتی خوا چوو.[1]

ڕۆژی (١٢/١١/١٨٨٠ز)، حاجی (سەدردەولە)یان لە لەشکری قەرەقشڵاقەوە لەگەڵ فەوجی گەڕووس و سوارەی نەسرەتدا، بۆ فەرمانڕەوایی ساباڵاخ بەڕێ کرد. مانگێک فەرمانڕەوا بوو. چونکە شێوازی بەڕێوەبردنەکەی لەگەڵ خواستی بەرپرسانی دەوڵەتدا نەدەگونجا، بۆیە بەڕێز و خاوەن شکۆ، سوپا سالاری مەزن، حاجی سەدر دەولە -ی بۆ هێمنایەتی و دامەزراندنەوەی ئەم ناوچەیە بەپەسەند نەزانی و جەنابی حەسەن عەلی وەزیری فەوائیدی بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژارد، کە پیاوێکی بڕوا پێکراو و پەروەردەکراوی لە کڵ دەرهاتوو بوو، ساباڵاخ و لاجان و سلدوز و ساین قەڵای هەوشاریشی خستە سەر ناوچەی دەسەڵاتدارییەکەی. جەنابی وەزیر فەوائیدیش دوای ئەوەی کە دارو باری شپرزە و پەشێوی دانیشتوانی بینی و زاڵبوونی ترسی لە هەموو ئەندامێکی گیانیاندا هەست پێکرد و زانی کە ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناخۆشیی و دژوارییە، کاری پێویست نەکرێت، زۆر ناخایانێت ئەم وڵاتە سەرپاکی دەبێتە کەلاوە و بەسەر هەردەوە نامێنێ.

بۆیە بەڕێزیان هەموو کات توانای خۆیان و حکوومەتیان بۆ دڵدانەوەی خەڵک و چاکەکردن و بەخشینەوە تەرخان کرد و ئەم کارەشی گەیاندە لووتکەی خۆی... ئەو خەڵکەش کە لە ترساندا، پەنایان بردبووە بەر خاکی عوسمانی و لە شارانی بێگانەدا

(١) حشمت الدولە، لە گوندی (کوک ئاغاج)ی (ساین قەڵا)، نزیک بیجاڕ، لای تیکان تەپەی هەوشار، قۆناغە ڕێی (سەبیل) لە ٩/١١/١٨٨٠ز، کۆچی دوایی کرد.



پەرتەوازە و بێ چارەنووس و داماو بوون و چارەنووسی کردەوەکانی خۆیان نەدەزانی، لە ماوەیەکی کورتدا، لەوپەڕی دڵخۆشیدا ڕوویان کردەوە وڵاتی خۆیان و وەکو جاران دوعابێژی خاوەن شکۆن. سووتان و وێرانییەکانی مەحاڵی شاروێرانیش گەلێک چاکتر لە خۆیان، چاک کرانەوە و خەڵکە ڕەیوەکەش هەموویان گەڕاونەتەوە.

کە باسی بەخشش و چاکە و دڵ گەورەیی وەزیری فەوائید گەیشتە سەر سنوورەکانی عوسمانیش، ئەو تاوانبارانەی لە خاکی عوسمانیدا بوون، نامەیەکیان بەڕێ کرد و باسی پەشیمانیی خۆیان تێدا نووسی و داوای لێبووردنیان لێکرد. بەڕێزیشیی بەپێی بەرژەوەند، بڕیاری توند و پڕ لە هەڕەشەی دەنووسییەوە، تا ئەوەی کە کاکەڵڵای برای هەمزاغا، لەگەڵ دەستوپێوەندەکانیدا، بەناوبژیی محەمەد ئاغای سەرۆک خێڵی مامەش، هاتە ساباڵاخ و داوای لێبووردنی کرد. چاکە و دلۆڤانیی لەگەڵدا کرا و کرایە سەرۆکی ئێلی ناوبراو، بەبڕیار و خەڵاتەوە نێردرایەوە.

بەم بۆنەیەوە هەمزاغا غیرەت گرتی و نامە و پیاوی ناردە لای وەزیر فەوائید و جەنابیشیان دوای پرس و ڕاوێژ بەسەرانی دەوڵەت، گەڕانەوەی هەمزاغایان بەپێی چەند خاڵ و مەرج بەچاک زانی و گەورە پیاوانیش لە ڕێگەی سیاسەتەوە ئەم گەڕانەوەیەیان پەسەند کرد. قادر ئاغا، گەورە و ڕیش سپی تایەفەی دێبوکری و بەڕێز میرزا ئەبولقاسم، برای بەڕێز میرزا عەبدولوەهابی قازی، لە وەڵامی هەمزاغا و گەڕانەوەی بۆ ساباڵاخ، ئەوەی بەپێویستیان دەزانی، نووسییان.

دوای دوو ڕۆژ، سوارا ئاغای برازای هەمزاغا (سەرۆک هۆزی زوودی) و سلێمان ئاغای برازای هەمزاغا بۆ ساباڵاخ هاتن. لەو کاتەدا بەڕێز وەزیری فەوائید لەگەڵ دەستەیەک سوارەی قۆجەبێگلووی شاهسەوەن و هەوشاری ساین قەڵا و نزیکەی (٥٠) سەربازێکی فەوجی پێنجەمی شوقاقدا لە نزیک باخی موزەفەردەولە خێوەتیان هەڵدابوو و دامەزرابوون، ئەوان لەم کاتەدا لەگەڵ میرزا ئەبولقاسمدا هاتن و جەنابی وەزیریش گەلێک دڵنەوایی کردن. سەبارەت بەهەمزاغاش بڵێم کە جەنابی وەزیر ئەمری بەسوارەی قەرەپەپاغ و سوارەی مامەش کرد، کە پاراستنی سنوورەکانی لاجانیان پێ سپێردراوە، کە ئەگەر هەمزاغا و دارودەستەکەی سنووریان شکاند و دەرباز بوون، بەچەک وەڵامیان بدەنەوە. لەم کاتانەدا بوو، کە نامەیەک لە لایەن هەمزاغاوە بۆ میرزا ئەبولقاسم هات، تیایدا نووسیبووی: ئێستا من بۆ گوندی (بستام بێگ) دێم، «کە لە مووچەکانی (نەڵێن) و ماڵی هەمزاغایە» و لەوێ یەکتر دەبینین. دوای ڕۆژێک نامەیەکی دیکەی هەمزاغایان هێنا، نووسیبووی ئەمجارە نەکرا یەکتر ببینین.

جیاوازیی نووسینەکانی بوونە هۆی دڵەخورپە و مەترسیی. بەرێکەوتیش تەتەری تایبەتی هەمزاغا، کە بۆ سابلاخ دەهات، لە لاجان تووشی سوارەی قەرەپەپاغ و سوارەی مامەش دەبێت و هەواڵی هەمزاغای لێ دەپرسن، ئەویش دەڵێ لەگەڵ (١٠٠) سواردا لە (بستام بێگ) و ئەمەش نامەی ئەوە، کە بۆ سابلاخی دەبەم... سوارەی قەرەپەپاغ و مامەش بەپێی ئەو ئەمرەی پێیان کرابوو، هێرش دەبەنە بستام بێگ و دەبینن کە هەمزاغا و سوارەکانی، لەسەر زنارێکدا سەنگەریان گرتووە و ئەمانیش گەمارۆیان دەدەن. دوایی چەند کەسێکی مامەش و قەرەپەپاغ دادەبەزن و ڕوو لە سەنگەرەکان دەکەن. هەمزاغا بەرەنگاریی پێناکرێ و لە یاڵی پشتەوەی زنارەکەوە سەرە و خوار دەبنەوە و دەردەچن، دەیانەوێ لە بواری چۆمەوە بپەڕنەوە، کە کاکەڵڵای برای هەمزاغا، سوارەکانی و سوارەی مامەش و سوارەی قەرەپەپاغ ڕێگەیان پێدەگرن. هەمزاغا و سوارەکانی دادەمێنن و ناچار لە چۆمەکە دەدەن و بەسەلامەت دەردەچن. هەرچەند لە پەڕینەوەدا چەند ئەسپ و پیاوێکی ئاو دەیانبات.

دوای ئەوەی تەتەری هەمزاغا هاتە سابلاخ و نووسیبووی: من ئێستا لە بستام بێگ چاوەنوارتان دەکەم، بەڕێز و خاوەن شکۆ: وەزیری فەوائید، خێرا میرزا ئەبو لقاسمی بۆ لایان بەرێ کرد. هەرچەندە تا ئەو کاتە هەواڵی ئەم ڕووداوە تازەیەی (ڕاکردنی هەمزاغا)ی پێنەگەیشتبوو، میرزا، هەمزاغای لەوێ نەبینی و هەواڵی ڕووداوە تازەکانیشی پێگەیشت. سەرەڕای ئەمانە هەمزاغا دەبینێ و دڵنەوایی دەکات و ئەویش بەڵێن دەدات کە خێراتر بەرەو سابلاخ بەڕێکەوێ.

ڕۆژی هەینی: ٢٩/٧/١٨٨١ز (٢ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی)[1] محەمەد ئاغای سەرۆک خێڵی مامەش و کاکەڵڵای برای هەمزاغا لە سابلاخ بوون، کە هەواڵیان هێنا ئەوا هەمزاغا و (١٥٠) سوارە ئەمڕۆ دەگەنە سابلاخ. جەنابی وەزیر دوای بیستنی ئەو هەموو بەڵێنە درۆیە و پاش ئەو هەموو ئاژاوەیە، کە هەمزاغا بۆ یارمەتیدانی شێخ عوبەیدوڵڵای مەلعوون نابوویەوە، بڕوای نەدەکرد کە هەمزاغا جەسارەتی وەها بکات و متمانە بەبەڵێنی چەند کەسێکی ناوچەکە بکات. لە لایەکی دیکەشەوە هەڵسوکەوتی نەزانراو و چاو قایمی و سەرەڕۆیی هەمزاغا، شتی وەهایان بەدوور نەزانی. بۆیە خێرا پێویستیی کوشتنی خۆی و هاوڕێکانی دابین و دەستنیشان کرا.

دوو سەعاتێکی ئێوارەی هەینی مابوو، کە هەمزاغا و (٣) برازاکەی، کە بۆ ئازایی و

(١) لە ڕاستیدا هەمزاغا و هاوڕێکانی لە ڕۆژی هەینی: (٢ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی- ٣٠/٧/١٨٨١ز) کوژراون. (بنوارە: گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، ل٤٤٨).



جوامێریی لەو ناوچەیەدا بەناوبانگ بوون. پیاوەکانی هەمزاغا بەتفەنگی مارتین و خودی هەمزاغاش بەتفەنگی تۆکمەدارەوە لەگەڵ میرزا ئەبولقاسمدا گەیشتنە ناوشار و یەکسەر خۆیان بەچادرەکەی جەنابی وەزیر فەوائیدا کرد.

(داماوە پەلەی تێداچوونی بوو). سوارەکانی هەمزاغا لە پشت باخی قیبلەدا، کە دوو هەزار مەترێک لە ئۆردووگاکەوە دوور بوو، چاوەنوارییان دەکرد کە ئاخۆ چی ڕوو بدات.

جەنابی وەزیر دوو سەد مەترێک لەولاترەوە، بەوپەڕی وریاییەوە خۆی دادەگرێت و پیلانیشی بەسوارەی هەوشار و قوجەبێگلوو ڕاگەیاندووە. بەڵێ هەمزاغا و هاوڕێکانی خۆ بەخێوەتێکی چۆڵ و هۆڵدا دەکەن.

*سوارەی کاکەڵڵا و سوارەی تایەفەی مامەش و قەرەپەپاغ لە پاڵ باخدا چاوەڕێ دەکەن، کە ئاخۆ چ حەشر و قالوبەلایەک بەرپا دەبێ!؛ کە لەناو، دەنگی هاوار و تەقینەوە لەناو خێوەتی جەنابی وەزیرەوە هەڵدەستێ. بەڵێ لە یەک چرکەدا سوارەی هەوشار و قوجەبێگلوو ڕەگوریشەی هەمزاغا و هاوڕێکانی لە بن دەردێنن و سەری ناپاکیان لە لەش جیادەکەنەوە و زەوی لە بوونی ناپاکیان، دەسڕنەوە.*

*ڕوودانی ئەم ئاژاوە و فیتنەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا و پاڵدانی هەندێ لە ئاغاکانی ئەم هەوێڵە بەهەمزاغاوە، هەروەها یاریدەدانی شێخ عەبدولقادر لە لایەن هەندێ تایەفەی وەحشی و تەبەعەی (ئێران) و (عوسمانی)یەوە، باسی تاڵانی میاندواو و... هتد. بووە هۆی هەڵگیرسانی دوژمنایەتییەکی گەورە و قووڵ، لە نێوان دوو ڕەعیەتی خزمەتکاری دەوڵەتی ئێران؛ واتە تورکان و کورداندا، کە بەردەوام خزمەتکار و دوعابێژی شای ئێران بوون (خودا پایەداری بکات).*

*لە سەرەتای ئەو ئاژاوەیەوە تا ئێستا، کە ساڵێکی ڕەبەق دەخایەنێت، یەک تاکە کەسی کوردیش بەهۆی ئەو کردەوە دزێو و وەحشییانەی ئەم تایەفە تاڵانکارەوە، لە ترسی سزادان نەیانوێراوە قەرەی بەشی تورکنشین بکەون و لە بیر و پەژارەی ئەوەدان کە چۆن و بەچ شێوەیەک دڵنەوایی تورکان بدەنەوە.*

*کە جەنابی وەزیر ئەم باسەی زانی و چارەڕەشیی و داماویی خەڵکی ئەم ناوچەیەی بینی، لەبەر خێرخوازیی و لەبەر بەرژەوەندی دەوڵەتی بەڕێز، هەوڵی دا ئەم دوو دەستەیە ڕێک بخاتەوە و ناوبژییان بکات. بەم بۆنەیەوە جەنابی حاجی میرزا یوسفی دایی تەورێزی و جەنابی حاجی مەلا عەلی قازی بەیان (ناسراو بە: سیف القضاة) دەستەیەک لە ڕیش سپیانی ناوچەی میاندواو و کاربەدەستانی مەراغە لە تورکان و لەملاش بەڕێز جەنابی میرزا عەبدولوەهابی قازی و میرزا عەبدولقادری قازی و ئاغایان و گەورەکانی*

سابلاخی، له یەک کاتدا له میاندواو کۆکردنەوە و جەنابی وەزیریش خۆیان له گوندی سابلاخەوە، چوونە میاندواو و چەند ڕۆژێک مانەوە و بنەمای یەکێتی تورکان و کوردانی سەرلەنوێ دروستکردەوە. له سایەی سەری دەوڵەتی بێ کۆتایی و هەمیشەیی ئێوە و نەفەسی خێری خۆی، وڵات له هەوەڵی چاکتر دامەزرایەوە.

چونکه له سەروبەندی هەڵمەتەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەفرەتی و هاتنی شێخ عەبدولقادر بۆ سابلاخ، بەندە ماوەیەکی کەم بوو، بەماڵ و منداڵەوە و بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری وەزارەتی کاروباری دەرەوە، لەوێدا نیشتەجێ ببووم. لەو کاتەدا تاقە شیعەیەکیشی تێدا نەمابوو. بۆیە هەستی میللی و نەتەوەپەرستی بووە بەربەستێک لەبەردەم بەندەدا. هەرچەندە تیاچوونی خۆم و بەدیل گرتنی ماڵ و منداڵیشم لەبەر چاو بوو، بەڵام بەپاڕانەوە له حەزرەتی یەکتا و پێغەمبەران و پیاو چاکان (دروودی خوایان لێ بێت)، توانیم بەدڵێکی قایمەوە تێیدا بمێنمەوە.

هاتن و هەڵاتنی عەبدولقادر و هەمزاغا نزیکەی (٥٠) ڕۆژ درێژەی کێشا، که لەم ماوەیەدا و له یەک ڕۆژدا، سێ جار دەستەی سەر لێشێواوان و چەواشه بووان پەلاماریان داین، بۆ ئەوەی بەندە بکوژن و ژن و منداڵم بەدیل بگرن؛ بەڵام پارێزەری ڕاستەقینە، پاراستینی. ئیتر لەم پێشەکییەوە دەتوانرێ حاڵ و باڵی بەندە و ماڵ و منداڵی بێچارە هەڵبگۆزرێ و بزانرێ لەسەروبەندی ئەو خێڵە بێ ویژدان و دڕندەیەدا، ڕۆژگاری چۆن بەسەر بردووە... نەناردنی زانیاریی تەواویش، هەر لەبەر ئەمە بووە. ئەگەریش تەمەن مەودا بدات، ئەوا له سەرەتاوە تا کۆتایی، دەنووسرێ و بۆ شوێنی تایبەت دەنێردرێ. هەڵبەتە باسی ئەو ڕووداوانە و بزووتنەوەی چەواشه بووان، هەرچی پێوەندی بەو کێشەیەوە ببێ، بەدوور و درێژی و بەقەرایی دوو نامێلکه یادداشت کراوە. بۆیە ئەم نووسراوە، که بۆ جەنابتانی دەنێرم، ئەگەر کورت بێت، ئەوا فەرمایشی جەنابی وەزیری فەوائیدم لەبەر چاو گرتووە.

ئەبولقاسم

(پشتەوەی پاکەتی نامەکە، دەستنووسی ناسرەدین شا):

جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوە، تەلگرافێکی ڕەمزیی بۆ موعینولملوک بنێرە، بەڵکو بەهەر شێوەیەک بووە، وێنەی چەپەڵ و ناپاکی شێخ عوبەیدوڵلا له ئەستەموول دەست بخات و بەپۆستەدا بۆمانی ڕەوانە بکات.



## پاشکۆی ژمارە (٣)

یادداشتی میرزا حەسەن مونشی

ئەم بیرەوەرییانە، میرزا حەسەنی کاتب ئەسرار نووسیویێتی، که ساڵانێکی زۆر نووسەری میرزا حسێن خانی سوپا سالار و هاوسەفەری سەردانەکانی بووە له ئەستەمووڵ و تاران و هاودەم و نووسەریشی بووە. ئەم بیرەوەرییانە - که تا ئێستا له هیچ سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ نەکراوە - له کۆتایی ئەو کتێبەدا نووسیویێتی، که ناوی ناوە: تبصرة المسافرين و بریتییە له ڕووداوە گرنگەکانی ژیان و شەرحی سەفەرەکانی خۆی، له ساڵی ١٢٧٢ کۆچی- ١٢٩٨ کۆچی (١٨٧٣ز - ١٨٨١ز)دا؛ ئەم بیرەوەرییانەی تایبەتن بەڕاپەڕینی کوردەوە، ئاوا دەست پێدەکەن:

کاتێ که میرزا حسێن خان بەفرمانی شا، بوو بەفەرمانڕەوای قەزوین (٨ی شەوالی ١٢٩٧ کۆچی - ١٨٨٠/٩/١٤ز)، شا فرمانی پێکردبوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی: دەشتی قەزوین ئاوا، چۆمی شاهرووود دابین بکات، میرزا حسێن خان داوای ناردنی ئەندازیارێکی کردبوو، تا لەو کارە بکۆڵێتەوە. نەسروڵلا خانی سەرتیپ - ئەندازیار له تارانەوە نێردرا. گەیشتنەکەی هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا. میرزا حسێن بەفرمانی شا، بۆ ئازەربایجان دەنێردرێ، ئەمەش ئەو باسەیە، که لەو بارەیەوە له (تبصرة المسافرين)دا نووسراوە: (بیرەوەرییەکان له زمانی میرزا حسێن خانی سوپا سالارەوە دەگێڕێتەوە) نامەی دەستخەتی هومایۆنیم بەتەلگراف بەم ناوەڕۆکە پێگەیشت: له هەموو سنوورەکانی ئازەربایجاندا ئاژاوەیەک بەهۆی بزووتنەوەی چاو قایمانەی کوردەکان، بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا دەست پێکردووە - که سەرکردەیانە. ئامادەبوونی نۆکەرێکی لێوەشاوە و بەڕاوێژ و کارزانی وەک ئێوە لەو ناوچەیەدا پێویستە، تا کاروبارەکانی ئەو پارێزگایە ڕێک بخاتەوە، بەتایبەتیش لێدان و گەڕانەوەی کوردەکان.

دوای ئەوەی که دەستووری کارەکانت له لایەن فەرەج خانی تفەنگداری سەرکارەوە پێگەیشت؛ بێ دواکەوتن بەرەو ئازەربایجان بڕۆن. مانەوەمان له قەزوین، لەبەر چەند هۆیەک، (١٧) ڕۆژی خایاند. بەندەی دانەری ئەم لاپەڕانە، چەند ڕۆژێک له نووسینگەی دەوڵەتی و بەئامادەبوونی مستەوفییەکانی ئەو پارێزگەیە، پەراوێزی بەراتەکانم نووسی و مۆرم کرد.

فەرەج خانی تفەنگدار گەیشت، نامەی پڕ له نیشانەکانی بەزەیی شای جیهان مطاع و دەستوورکارێکی تێر و تەسەلی (١٦) بەشی، که بەخەتی موعجیزەنووسی خۆی

نووسرابوو، زیارەت کرا و لە فەرمایشت و فەرمانە بەرزە شاهانەکەی ئاگادار بوومەوە.

ڕۆژی ١٠/ ١٠/ ١٨٨٠ز، هەموو ئەرکەکانی قەزوینم بەجێهێشت و بەمەبەستی بەجێهێنانی فرمانی هومایۆنی، بەپەلە و تەنیا بەچەند سوارێک و کەژاوەیەکەوە، جەنابی ئەشرەف و جەنابی حاجی میرزا محەمەد وەلی پیرزادەی نائینی و بەندەی نووسەر، بەشێوەی چاپاری کەوتینە ڕێ. لە ١٦/ ١٠/ ١٨٨٠ز. دا، لە دار السلطنەی تەورێز گەیشتینە خزمەت حەزرەتی ئەشرەف ئەعزەم.

شازادەی مەزن: مظفرالدین وەلیعەهدی دەوڵەت بەردەوام و فەرمانڕەوای ناوچەی بەرینی ئازەربایجان.

شێخ عوبەیدوڵلا کوڕی شێخ تەهایە و لە سەردەمی سەڵتەنەتی شای پێشوو: محەمەد شای غازی - قاجار (طیب الله مضجعه) و لەم دەورە و سەردەمی هومایۆنی، موچەخۆری دەوڵەتی هەمیشە بەردەوامی ئێران بووە و چەند گوندێکی بە-تیول - پێ مەرحەمەت کرابوو. ناوبراو لە جلوبەرگی دەروێش و سۆفیگەرییدا - کە جۆرێکە لە تەفرەدانی خەڵک و بەڕواڵەت چاکە خوازە - ژیانی دەبردە سەر و لای کوردانی وان و هەکاری - کە بەشی وڵاتی عوسمانییە - گەورەیی و پێگەیەکی پەیدا کردبوو. بەگران و بەگەورە زانین و ڕێز بۆ دانانیان بەئەرکی پێویست دەزانی و لە نەفەسی پاکژی، داوای یارمەتییان دەکرد. تا ساڵی ١٨٧٧ز، کە جەنگێکی سەخت لە نێوان وڵاتانی ڕووس و عوسمانیدا دەستی پێکرد. ناوبراو وێڕای کوردانی ئەو وڵاتە، لە بایەزید بەناوی یارمەتیدانی عوسمانییەوە لە گوندەکاندا دەستی دایە ڕاو و ڕووت و سووکایەتی بەدەوڵەتەکەی. هەندێ کەرەسەی جەنگ، وەک تفەنگ و شتی تری چنگ کەوت و بەخەیاڵی خاوی ویستوویەتی سەرجەمی کوردی ئێران و عوسمانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەمر و نەهی -یان بکات و بەکورتی ببێ بەحاکمی هۆزە کوردەکان و ئەم تاکە بەیتەی لەسەر زمان بووە:

ئەمە منم، تاوسی بەرزترین جێگەی بەهەشت.

لەم سەروبەندەدا هەمزاغای مەنگوڕیش، کە لە دەست فەرمانڕەوای سابڵاخ هەڵاتبوو، خۆی گەیاندە لای شێخ عوبەیدوڵلا و بووە مایەی هاندان و جێگیربوونی ئەو بیروباوەڕە و لەگەڵ شێخدا یەک دڵ و یەک لایەن بوون. لەو ماوەیەشدا، کە هێزەکانی ئێران بەگوێرەی داوای دەرباری هومایۆنی، بۆ قایمکردنی سنوورەکانی وڵات نێردرابوون. ئەوان بەهەلیان زانی و ناوچەکەیان بێ هێز و پارێزەر هاتە بەرچاو. شێخ قادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا دەرفەتی هێنا و بەسوارەیەکی زۆرەوە لە ناکاو دەستی دایە کوشتار و تاڵان و حاکم و دارۆغەی بۆ سابڵاخ دانا. لەوێوە هێرشی بردە سەر میاندواو و بناو. ئەوەیشی کە لە



دەستی هات؛ لە تاڵانیی ماڵ و کوشتاری ژن و پیاو و منداڵ، درێغی نەکرد. گوندەکانی دەوروبەریشی تاڵان کرد و خانووەکانی بەئاگری ڕق سووتاند.

تا ئەم هەواڵە سامناکە گەیشتە تەورێز و فەرماندەکان هێزیان لە شارەکان کۆکردەوە و ناردیانە سەریان، ئەو شەڕفرۆشانە ئاگرێکیان لە ئازەربایجاندا کردەوە، کە هەرگیز عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد لە ڕووداوی کەربەلادا نەیکردبوو. پێش گەیشتنی جەنابی مشیر الدولە بۆ تەورێز، میر میرانی گەورە: مستەفا قولیخانی اعتماد السلطنەی قەراگوزلوی هەمەدانی، کە فەرماندەی هێزی چەکداری تەورێز بوو، بەلەشکرێکی کەمەوە، بەمەبەستی سەرکوتکردنی کوردان، لە تەورێزەوە کەوتە ڕێ و لە میاندواو ژمارەیەکی زۆریانی کردە خۆراکی تۆپ و تفەنگ. جەنابی حەسەن عەلی خانی گەڕووس - ئەمیر تومان و وەزیر موختاری پێشووی دەرباری ئێران لە فەرانسا و عوسمانی و وەزیری فەوائیدی عام، بەهێزەکەیەوە، کە بریتی بوو لە سوارە و پیادە، لەگەڵ اعتماد السلطنەدا پێکەوە بەرەو سابڵاخ کەوتنە ڕێ.

جەنابی ئەشرەف - مشیر الدولە، کە گەیشتە تەورێز، هەر چۆنێک بوو قشوونێکی تری ڕێکخست و بەدوای ئەواندا ڕەوانەی کرد. لەو لایشەوە، لە تاران لەشکرێکی (١٥) هەزاری لە سوارە و پیادە و (١٢) تۆپ، بەسەرۆکایەتی نەوابی بەڕێز: حیشمەت ئەلدەولە - هەمزە میرزا بەپەلە بەرەو سابڵاخ کەوتە ڕێ.

هەرکە گەیشتنە سایین قەڵا، نەوابی سەرۆک لەشکر بەهۆی نەخۆشییەوە لە گوندی گۆک ئاقاج -ی سەر بەسایین قەڵا، بەگوێرەی ئایەتی: کل نفس ذائقة الموت - دنیای فانی بەرەو ماڵی هەتایی جێهێشت.

بەپێی دەستخەتی تەلگرافی هومایۆنی، نازناوی گەورەی سوپا سالاری ئەعزەم، وەکو چۆن لە ڕابووردوودا بووە، جەنابی ئەشرەف مشیر الدولە - حاجی میرزا حسێن خان، مەرحەمەت کرا و مۆرەکانی ئەم کار و نازناوە، کە لە ڕێگەی مؤتمن السلطان - میرزا ڕەحیم خان پێشخزمەتی تایبەتی هومایۆنی، کوڕی خوالێخۆشبوو: مستەفا خان (بهاء الملک)ی ئەفشاری ورمێ؛ بەرەو سابڵاخ و ورمێ و خۆی و سەلماس بڕوات، سەردانێکی سنوورەکانی ئەو ناوچەیە بکات و دەرباری هومایۆنی، لە شەرحی کەموکوڕییەکانی ئاگادار بکاتەوە.

جەنابی سوپا سالاری ئەعزەم دوای وەرگرتنی مۆر و ئاگادار بوونەوە لە فەرمانە بەرزەکانی شاهانە، ڕۆژی ١٤/١١/ ١٨٨٠ز، جەژنی قوربانی ١٢٩٧ کۆچی، بە(٥) هەزار سوار و پیادە و چەند عەڕادە تۆپێکەوە لە تەورێزەوە بەرەو سابڵاخ بەڕێ کەوت.

ڕۆژی ٢٠/١١/١٨٨٠ز، گەیشتە سابڵاخ و دڵنەوایی و دڵنیایی دا بەجەماعەتی کوردان، کە زۆر دەترسان. لەوێوە بەرەو خۆی و سەلماس و ورمێ ڕۆیشت و دوای گەڕان و ڕێکخستنەوەی کاروباری ئەو ناوچانە، ڕۆژی ٢١/١/١٨٨١ز، هاتەوە تەورێز. گەشتەکەی (٢) مانگ و (١٠) ڕۆژی خایاند.

دەستێک خەرقەی تورمەی خەزی زێڕکفت، لە لایەن خاوەن شەڕەفی شاهانە بەخشرا.[١]

## پاشکۆی ژمارە (٤)

یادداشتی عەلی ئەکبەر فەیز

زانیارییەکانی سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس

میرزا عەلی ئەکبەر فەیز (١٨٢٩-١٨٩٤)، کە لە زانایان و ئەدیبانی بەناوبانگی قوم بووە؛ بەخۆشییەوە فرەیەک لە بەرهەم و نووسینەکانی بەجێ ماون. شەرحێکی ڕووداوەکەی شێخ عوبەیدوڵلای لە کەشکۆڵێکدا، لە زمانی (میرزا عەلی ئەسغەر)ی کوڕییەوە نووسیوەتەوە، کە ئەم کوڕەی لە کاتی ڕاپەڕینەکەی شێخدا، سەرۆکی تەلگرافخانەی گەڕووس بووە و لە بیجاڕ دانیشتووە. ئەم نامیلکەیە ساڵی (١٨٨٥) نووسراوە و ئێستا لە کتێبخانەی ئایەتوڵلا مەرعەش - قوم، ژمارە (١٥٢)ی دراوەتێ.

دکتۆر سەیید حسین تەبا تەبایی، ئەم نامیلکەیەی بەپێشەکییەکی خۆیەوە لە گۆڤاری (وحید) ژمارە (٢٥٤-٢٥٥) ل٢٣ - ٢٦ - بانەمەڕی ١٩٧٩ز-دا بڵاو کردبووەوە؛ کە ئەم دەقە، وتاری ناوبراوە.

شێخ عوبەیدوڵلا کوڕی سەیید تاهایە و باوکی ڕێبەری زنجیرەی نەقشبەندی بوو. زیاتر لە کرۆرێک (٢٠٠ هەزار) موریدی گیانفیدای بووە و لە خوالێخۆشبوو: شای پێشوو - محەمەد شای غازی -انار اللّٰہ برهانە- موڵکی پاوانی و مووچەی پێدرابوو. دوای مردنی؛ کوڕەکەی دەبێتە جێگری. هەمیشە لە مێشکیدا بیری سەروەریی و لەشکرکێشیی بوو، تا کێشەی جەنگی ڕووس و عوسمانی هاتە ئاراوە. ئەویش کەوتە بیری جیهاد. (٦) هەزار تمەنی وەک یارمەتی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت. ئەو پارەیەی بەناوی ئەوەوە پێشکەش کرا. وێڕای (٥) هەزار سوارەی کوردی بلباس و هۆزەکانی تر، خۆی گەیاندە خاکی بایەزید و لە بری جیهاد و شەڕی ڕووس، شەبەیخوونێکی لە ئۆردووی حەوتەمی

(١) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی - ل٥٤٩ - ٥٥١



عوسمانی کرد و نزیکەی (١٠) هەزار تفەنگی مارتینی دەست کەوت. کاتێ بەئاواتی خۆی گەیشت، گەڕاوە بۆ بارەگاکەی خۆی. خەیاڵی خاو لە کەللەی ئەو ئاخر شەڕەدا بوو، تا سەرەتای ڕەمەزانی ١٣٩٧ کۆچی - مانگی ٨/ ١٨٨٠ز، کە نەواب لوتف عەلی خانی کوڕی خوالێخۆشبوو مؤید الدولەی سەرۆک کێشکچییەکانی حەزرەتی وەلیعەهدی فەلەک بێشکە، خوا شەوکەتی زیاد بکات - شانازیی حکومەتی سابڵاخی موکری پێدرا. هەمزاغای بلباس، کە سەرۆکی مەنگوڕ و سەرهەڵداوێکی دەوڵەتی ئێران و ڕۆم بوو، ماوەیەک لە دارولسەعادەی ئەستەمووڵ دەستبەسەر بوو، هەڵاتبوو. پیاوێکی جەربەزە بوو، عەرەبی و تورکی عوسمانی و کوردی بەباشی زانیوە. وەک کوردەکانی قزڵباش دەڵێن: سەرێکی زلی هەبووە. هەمیشە وتوویەتی: لەم سەرە زلەی مندا، سەودایەکی مەزن هەیە... هەرچۆنێک بێت لوتف عەلی خانی حاکم هەمزاغای دڵنیا کردبوو، هێنابوویەوە بۆ قەڵای سابڵاخ. چەند ڕۆژێک بەفێڵ (لطائف الحیل) ڕای دەگرێ. ڕۆژی ١٢ی ڕەمەزان، لەگەڵ چەند کەسێکدا لە ژووری فەڕاشباشی خەریکی ئاس کردن (جۆرە یارییەکە بەوەرەقە) بوون. حاکم فەڕاشباشی بانگ دەکات. کە دەگەڕێتەوە زنجیرێکی پێیە و ڕوودەکاتە هەمزاغا و پێی دەڵێ: ئەم زنجیرەم بۆ ئێوە هێناوە. هەمزاغاش دەڵێ: تۆ ئەو پیاوە نیت کارێکی وا بکەیت و دەست بۆ خەنجەرەکەی دەبا و فەڕاشباشی هەڵدێ.

هەمزاغا لە ژوورەکە دێتە دەر و دەچێتە حەوشە. حاکم لە تالار بووە، هاوڕێیەکی هەمزاغا دەپێکێ. پاسەوانەکان دەرگای حەوشە گاڵە دەدەن. هەمزاغا بەخەنجەرەکەی سەربازێک دەکوژێ. دەرگا دەشکێنێ و دەردەپەڕێ و دەستبەجێ سوار دەبێ و تا لای شێخ عوبەیدوڵلا ناوەستێ. لەو کاتەدا شێخ لە قەڵای (نوچە - ناو چیا) بوو، کە لەسەر سنووری ئێران و ڕۆمدایە و لە قەڵا سەختەکانە. شێخیش کە چاوەنوارِ و ئارەزووی ڕۆژێکی وا بووە، بەپیاوەتی دەزانێ یارمەتی بدات و هەواڵ بۆ دەوروبەر دەنێرێ لە نوچە ئامادە بن. نزیکەی (٢٠) هەزار سوارەی چەکدار و ڕەشۆکی ئامادە دەبن. پێیان دەڵێ: دوێنێ شەو، حەزرەتی ڕەسوول (د.خ) و باوکم هاتنە خەوم. حەزرەت بەباوکمی فەرموو: بەکوڕەکەت بڵێ ڕاپەڕێت! ئامادە بووان نەیاندەویست شۆڕش بکەن. دەڵێ گوایە ئێوە باوەڕتان بەباوکم نییە؟ دەڵێن: بەڵێ باوەڕمان پێی هەیە. دەڵێ چوار شەوی تر، کە دەکاتە شەوی هەینی، بڕۆنە سەر مەزارەکەی و پرسیاری لێ بکەن، ئەوسا دەزانن کە فرمانی ڕاپەڕین دەدات. لەو چوار شەوەدا لە بارەگاکەی خۆیەوە تا سەر مەزاری باوکی، ڕەهەندێک لێدەدا. ڕۆژی هەینی، کە دێنەوە، پێیان دەڵێ: تێکڕا بچنە سەر مەزاری سەیید تاها و پرسیاری لێ بکەن. من هەر لێرەم، هەتا هەواڵم بۆ دێننەوە. دوای ڕۆیشتنی

ئەوان، لەو ڕەهەندەوە دەچێتە سەر گۆڕی باوکی. ئەو جەماعەتەش کە دەگەنە مەزارەکە، دەڵێن کوڕە ئازیزەکەت وا دەڵێ. ئایا ئەم هەواڵە ڕاستە و ئێمە ئەمر کراوین ڕاپەڕین؟ شێخ عوبەیدوڵلا لە ژێر زەوییەوە دەڵێ: ئەوەی کە کوڕەکەم ئەمری پێتان کردووە، ڕاست و بێ خەوشە و دەبێ گوێڕایەڵ و تەسلیمی فرمایشتەکانی بن. ئامادەبووان لەسەر مەزارەکە کۆڕی زیکر دادەبەستن.

شێخ دەگەڕێتەوە بۆ جێگاکەی خۆی، کاتژمێرێک دواتر، کە ئەو جەماعەتە دەگەڕێنەوە، دەستی شێخ ماچ دەکەن و بەڵێنی پێدەدەن و ڕۆژی دواتر بەرەو سابڵاخ بەڕێ دەکەون. نەوابی حاکم کە هەواڵەکەی پێدەگات، هەڵدێ. ئەو جەماعەتە دەگەنە سابڵاخ و (۳) ڕۆژ دواتر، شێخ بەرەو ورمێ دەڕوا و عەبدولقادری کوڕیشی ڕەوانەی میاندواو دەکا، کە دراوسێیی موکریانە. کاتێ کوڕەکەی دەگاتە (۱) قۆناغە ڕێی میاندواو، شێخ سدیقی خاڵی لە میاندواو ڕادەسپێرێ تا بیاندوێنێ و ڕازی بن تەسلیم بن. سەلیم خانی چاردۆڵی لە ئاوایی دەرکەوت و بێ سێ و دوو دەیانداتە بەر گوللە. شێخ سدیق دەکوژێ و ڕادەکات. هەواڵی ڕووداوەکە بەعەبدولقادر دەگاتەوە. ئەویش دوای بیروڕا گۆڕینەوە، لەگەڵ هەمزاغا، فرمانی قەڵاچۆکردنی میاندواو دەدا و لە پەلامارێکدا دەست بەسەر میاندواودا دەگرێ. ژن و منداڵ، گەورە و بچووک دەسووتێنێ و دەکوژێ و لەوێوە بەرەو بناو ڕێ دەکەون، کە دوو شارە دێی گەورە و نزیکی یەکترن.

اعتماد السلطنه لە دەرەوەی بناو ئۆردووی خستووە. سیف العلمای بناو، کە لەو کاتەدا قازی بوو و دواتر ئەم ناوەی پێ بەخشرا؛ دەکەوێتە پێش و فرمانی نیشانەگیریی دەدا. لە هەموو کۆڵانەکاندا دەروازە هەڵدەخەن و سەنگەر و مەتەرێز دادەمەزرێنن.

جەماعەتی کوردان هێرش دەکەنە سەر بناو، کە لەشکری تێدا بوو، خەڵکی بناو پەیتا پەیتا تۆپەکانیان پڕ دەکردەوە و پێیانەوە دەنان. ئەم شەڕ و هەرایە (۳) ڕۆژ دەخایەنێ. لە ئەنجامدا هێزی سوارەی پەلاماردەران دەکشێنەوە و هەڵدێن و سەرجەم ئاغاکانی موکری پاشگەز دەبنەوە. چارەی خۆیان لە پەنابردنە بەر تۆپخانە دەبینن، یەک یەک و دوو پەنا دەبەنە بەر ئۆردوو. ئەوانیتریش کە سەیری ئەم دیمەنە دەکەن، تێکڕا بەتاڵانییەکانیانەوە ڕوو لە عەبدولقادر وەردەگێڕن و بەرەو ماڵ و جێگەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە. لەولایشەوە حەسەن عەلی خانی وەزیری فەوائید و سالاری لەشکر، لەگەڵ فەوجی گەڕووس بەهانای اعتماد السلطنە-وە هات. لە تەورێزیشەوە سوارە و هێزی یارمەتیدەر دەگات. هەواڵی هاتنی نەواب حشمەت الدولەی هەمزە میرزاش بەفەرماندەیی هێزێکی ڕێکوپێک لە پایتەختەوە دەگاتە بەر گوێی شێخ عوبەیدوڵلا. هەمزە میرزا بەرەو سابڵاخ دەڕوا و لەوێوە



بەرەو ورمێ و لە باخی ئیقبالدەولە، کە لە دەرەوەی شاردایە - نیشتەجێ دەبێ. لە تەورێزیشەوە تەیموور پاشا خانی سەرتیپ و برازای ئاغا قاسمی وەزیری محەمەد شا، بە(۱۰) هەزار سوارە و سەربازەوە، بەمەبەستی یارمەتیدانی ئیقبالدەولە، بەرەو ورمێ دەکەوێتە ڕێ. شێخ کە لە باخێکی دەرەوەی ورمێ بوو، شەوێک لەسەر دەروازەی شارەوە، پیاوێکی شێخ دەپێکن کە بەلایەوە وەستابوو. بەشێخ دەڵێن ئەم کوژراوە بەنەفەسی پاکی خۆت زیندوو بکەوە. دەڵێ فۆتەیەک بەسەر تەرمەکەیدا بدەن. خۆیشی دەچێتە ژێری. هەندێ ورتە ورت دەکات. بەپێکەنینەوە فۆتەکە لەسەر خۆی لا دەبا و دەڵێ: پێیم وت بگەڕێوە بۆ سەر ئەم دونیا.

وەڵامی دایەوە: ئیتر بەسمە لە دنیای فانیدا بم و پێم خۆشە لە دنیای باقی و بەهەشتی لە عەنبەر سازکراودا بمێنمەوە. بەکورتی دوای گەیشتنی تەیموور پاشاخان، شێخ خۆی پێ نەگیرا و هەڵات و لەو ماوەیەدا هۆردووی تاران لە ڕێگەی گەڕووسەوە گەیشت. حیشمەت دەولە، کە بەهێزێکی سوارە و پیادەوە لە تارانەوە بەڕێ کەوتبوو، کاتێ گەیشتە گۆک ئاتاج، کە خاکی هەوشار و نزیک گەڕووسە، بەرەحمەت چوو. کەسانێکی تر کە لەم ئاژاوەیەدا و لە لایەن دەوڵەتەوە ڕاسپێردران، یەکێکیان جەنابی حاجی میرزا حسێن خانی سەدری ئەعزەم، کە لەو کاتەدا سوپا سالار و حاکمی قەزوین بوو، کاری ڕێکوپێک کردنی لەشکر و کاروباری وڵاتی ئازەربایجانی پێ سپێردرابوو، هاتە بناو و لەوێ هۆردوویەکی جێ متمانەی تەیار کرد و بەرەو سابڵاخ کەوتە ڕێ. لە تەورێزیشەوە حەزرەتی وەلیعەهد، حاجی صدرالدولەی کوڕی خاڵی سەدری ئەسفەهانی لەگەڵ هێزی گەڕووس، بەفەرماندەیی خەسرەو خانی برای حەسەن عەلی خانی سالار لەشکر هاتن و خەسرەو خان کرایە حاکمی سابڵاخ، پاشان خەسرەو خان وێڕای ژێر دەستە و پێوەندەکانی بەرەو ورمێ کەوتنە ڕێ. یەکێکی تر: عەزیزالله خانی سەرکردەی شاهسەوە و ئەسفەندیار خانی بەختیاری و عەلی ڕەزا خانی سەرتیپی تۆپخانەی گەڕووس، کە ئەویشیان بەرەو سەردەشت نارد، کە شوێنی دانیشتنی هۆزی مەنگوڕ و مامەشە. حسام الملک -یان بەفەرماندەیی هێزی سیانەی هەمەدان نارده مەرگەوەڕ لە سنووری عوسمانی. اعتماد السلطنه و نصر الملک وێڕای هێزی ژێر دەستیان نێردرانە ورمێ. کاتێ شێخ لە ورمێوە بەرەو بارەگاکەی خۆی گەڕایەوە، حاجی میرزا حسێن خانی سەدری ئەعزەم، کە سوپا سالار بوو بانگ کرایەوە بۆ تاران و بۆ پیرۆزبایی لە ئیمپراتۆر - نیکۆلا ئەلێکساندەری سێیەم، ناردیانە ڕووسیا.

لەم ماوەیەدا سوڵتان موراد میرزای حیسام سەڵتەنە، کە تەشریفی چووبووە مەککەی مەعەزەمە، گەیشتە ئەستەمووڵ، لەگەڵ حەزرەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی

گفتوگۆیان کرد و پێکهاتن. ساڵی (١٨٨١ز) شێخ عوبەیدوڵلایان بۆ ئەستەمووڵ بانگ کرد و گرتیان. لەم کاتەشدا محەمەد ڕەحیم خان - عەلائودەولەی ئەمیر نیزام لە تەورێزەوە بەرەو سابڵاخ و ورمێ و مەرگەوەڕ چوو. تێکڕای هێزەکانیان مۆڵەت دا.

دوای گرتنی شێخ، هەمزاغا کە بناوانی هەموو ئەم ئاژاوانە بوو، تەنیا و بێ یاوەر مایەوە. داوای کرد چاوپۆشیی لێ بکەن و لە تاوانەکانی ببوورن. تکای لە حەسەن عەلی خانی وەزیری فەوائید کرد، کە بچێتە ماڵەکەی و لە خزمەت حەزرەتی شاهەنشا شیفاعەتی بۆ بکات. وەزیری فەوائید ڕێگەی دا و قازی قاسم، کە دۆستێکی هاوبەشی وەزیر و هەمزاغا بوو، نارده لای هەمزاغا و هێنای ڕۆژی هەینی ١١ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ کۆچی - (١٨٨١/٨/٧ز)، دوو سەعات بەر لە خۆرئاوا بوون، گەیشتە هۆردووی جەنابی سالار لەشکر، کە لە باخی - قیبلە -ی نزیک سابڵاخ هۆردووی لێدا بوو، چادرێکیان بۆ هەمزاغا تەرخان کردبوو. دەوروبەریشی بەچەکدار ئامادە کرابوو. سالار، حسێنی قولی بەگی یاوەر و فەوجی شقاقی تێگەیاندبوو هەرکە هەمزاغا دانیشت، فەرمانی تەقە و دەستڕێژ بدات.

خودی سالار لە چادرەکەی هاتەدەر و چووە جێگەیەکی تر. هەمزاغا و هاوڕێکانی کە دەچنە ناو چادرەکە و هەواڵی وەزیر دەپرسن، دەڵێن ئێستا دێت. هەمزاغا و یاوەرەکانی کە دادەنیشن، حسێن قولی بەگ فرمانی تەقە دەدا و گوللە بارانیان دەکەن. هەر یەکێکیان چەند گوللەیەکیان بەر کەوتبوو. نۆکەرەکانی وەزیر دەچنە ناو چادرەکە سەریان ببڕن. سواراغای برازای هەمزاغا، کە پێکرابوو، بەڵام دەست دەداتە تفەنگێکی مارتینی وەزیر، کە لە سووچێکی چادرەکەدا بووە. لە پێشدا حسێن قولی بەگ دەپێکێ و پاشان خەنجەرێک بەسنگی سوڵتان قوجە بەگلوودا دەکات، کە لە پشتییەوە دێتە دەر. هەمزاغاش هەر چەند بەخەستی بریندار کرابوو، چوار - پێنجێکی بەو جۆرە کوشت. سەرئەنجام نۆکەرەکان ڕژانە ناو چادرەکە و سەری هەموویانیان بڕی و کردیانن بەنێزەوە و لە سابڵاخەوە بردیاننە ورمێ بۆ لای عەلائولدەولە - ئەمیر نیزام.

حسێن قولی بەگ دوای بریندار بوون بەدەستی سواراغا، دوای ماوەیەک مرد و چەند نۆکەرێکی دیکەی سالار لەشکریش کوژران. خەڵکی گەڕووس بەم نیعمەتە شاد و شکور بوون و (٣) ڕۆژ و شەو چراخانیان کرد. لە ناسراوانی ئەو کەسانەی لەم ئاژاوەیەدا دەوریان دیوە، ئەمانەن کە بەرەحمەتی خوا چوون: حشمت الدولەی هەمزە میرزای مامی (شا) کە لە تارانەوە لەگەڵ فەوجێکی لێهاتوو، سوارە و چەندین تۆپ، ڕاسپێردرا بوو لە مانگی زیحجەی ١٢٩٧ کۆچی (١١/ ١٨٨٠ز) بەرەحمەتی خوا چوو. ئەکبەر خانی



سەرتیپی ورمێ، کە لە مانگی شەواڵی ١٢٩٨ کۆچی ١٠/ ١٨٨٠ز کۆچی دوایی کرد. اقبال الدولە لە مانگی زیقعدەی ١٢٩٨ کۆچی ١١/ ١٨٨٠ز کۆچی دوایی کرد. ئیعتیماد سەڵتەنە کە لە مانگی زیقعدەی ١٢٩٨ کۆچی ١١/ ١٨٨٠ز لە ورمێ بەرەحمەتی خوا چوو. حاجی میرزا حسێن خانی سەدری ئەعزەم سوپا سالار. لە مانگی زیحجەی ١٢٩٨ کۆچی ١٢/ ١٨٨٠ز لە مەشهەد مرد. ئەمیر نیزام عەلائولدەولە، لە زیقعدەی ١٢٩٩ کۆچی ١٨٨٢/١٠ز لە ورمێ مرد. خەسرەو خانی سەرتیپ، برای سالار لەشکر، لە زیحجەی ١٢٩٩ کۆچی ١٨٨٢/١١ز لە سابڵاخ مرد.

لە سەرەتای مانگی شەوالی ١٢٩٩ کۆچی ١٨٨٢/٧ز. شێخ عوبەیدوڵلایان بۆ ئەستەمووڵ برد. کە گەیشتە ئەوێ، پەیامی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردبوو، کە خەتمێکی (٤٠) شەوەم هەیە و نابێ لە ماڵ بێمەدەرێ. بەم فێڵە سێ چوار ڕۆژ لە ماڵ نایەتەدەر و شەوێک بەرەو نوچە هەڵدێ. کە هەواڵ دەگاتە بەر گوێی سوڵتان، هێزێک بۆ گرتنی ڕادەسپێرێ و دەیگرن و دەیبەنە مووسڵ، شێخ عەبدولقادری کوڕی و چەندێکی تر لە دەستوپێوەندەکانی، تا ئێستاش لەوێ دەستبەسەر کراون و ڕێگەی هاتنەوەیان بۆ ئێران نادرێ. لەم ئاژاوەیەدا (٦٠ تا ٧٠) گوندی سابڵاخ و شوێنی دیکەیان وێران کرد. ماڵەکانیان بەتاڵان برد و ژن و پیاو و گەورە و بچووکیان کوشت و ئاگریان تێبەردان. بەکورتی نزیک دوو تا سێ کروور زیانیان دا و نزیکەی (١٠) هەزاریان کوشت.

ئەمەش کورتەیەک بوو لە ڕووداوی شێخ عوبەیدوڵلای مەلعوون، کە میرزا عەلی ئەسغەری کوڕی بەندە و سەرۆکی ئەو کاتەی تەلگرافخانەی گەڕووس نووسیبووی، کە لە بیجاڕ دادەنیشت و ڕۆژانە هەواڵی هۆردووی هەردوو لای بۆ پایتەخت دەنارد. زانیارییەکی تەواوی لەو ڕووداوانە هەبوو، کە دەیناردن. لە توێی ئەو نامانەدا کە دەیناردن بۆم لە قوم، هەندێکی پێ ڕادەگەیاندن. ئێستاش بەندە ئەو زانیاریانەی نووسیوەتەوە.[1]

عەلی ئەکبەر فەیز

ساڵی ١٣٠٣ کۆچی - ١٨٨٥ز

(١) گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروس - ل٥٤٤-٥٤٨

# بەڵگەنامەکان

بسمه تعالی

سال ششم وقعیات حضرت اجرت که مانند طالع و عالم ... مشروط
حقیّت جامع دبرات معارج عالیه رسانیده است کان لله بوده در مانع مفقر
تا کاکان ... که آمد حرز در اینجا دلیل روزها موجب ... مقصود که در اطراف
مفقود شود آفتاب آمد دلیل آفتاب کرد ... با هراز در روز تاب حیال
مطلب است اگر درج وقعیت حضرت ... در صحرا اغبر مستر گردد هر دل پاره
نخواهد شد بلکه ابرازی مطالعه کنند کان که ... خوش بخت منصف خوانده بود
با جمعه ... غیر متفرقه که ... در کار است ... عبرت ... خواهد شد
چون احدی شرح و تفصیل این وقعه بکلم ضرورت جداگانه نوشته شده است
در اینجا بطریق اجمال نوشت

من قتل نفسا بغیر نفس او فساد فی الارض
فکانما قتل الناس جمیعا

بەڵگەنامەی ژمارە ٥٨٠، نامەی کارگێڕی ساباڵاخ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە.
سەرچاوە گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی، بەرگی (٣). لاپەڕە ٦٧٢



چونکه ملعون خود ناقص را ازل هست و در تأدیب نقصان عقول کفر ... غیبه جمعه
در نقصان عقل آمده بود ... که شیخ عبیدالله ملعون ناقص العقل ... تحت تسلط شیطانی
و هوای نفس ... ولایت ایرانی افتاد یک ... خشم رنگ از آن
حکم کرد که ... رنگ بس بر آمد ... کاین منم ... عقلش شده بیشم
رنگین ... خوش یافته از آفتاب آن رنگها برتافته ... خود را سرخ ... خویش را
بر شاهان عرضه کرد احمق چنان پنداشت ... حکم ... خیر ...
اطراف ... دولتین ...
ایران و عثمانی استقلال خواهد گرفت شیخ عبدالقادر پسر ... با حمزه آقا
بطرف ... ساوجبلاغ مأمور ... حسام الدین ...
... 

یوم دوشنبه ۲.۱ شهر رمضان ۱۲۹۷ نواب ... ساوجبلاغ با آقایان ...
که با جمعیت بودند بطرف میان دو آب حرکت نمودند یوم چهارشنبه ۲.۳ شوال ...
... روز شیخ عبدالقادر با حمزه آقا وقت ظهر ... جمعیت ...

وارد ساوجبلاغ شده در روز پنجشنبه ۲۴ خان بابا خان راکه از ساوجبلاغ کرده در ظرف سه روز
جمعیت جهشی خانقاه شیخ عبدالقادر به دوازده هزار رسید روز جمعه ۲۵ قبل از طلوع بطرف رحمت آباد
حرکت نمودند بعد از ظهر جمعه خبر قتل و غارت رحمت آباد را با نعش یوزباشی نام که سه هزار
در خانقاه شیخ عبدالقادر بود به ساوجبلاغ آوردند عده از طایفه مسیحی و طایفه یهود و اطفال در زیر آنها بوده
سه هزار و چهارصد نفر مرد و زن مقتول شدند و چند مسجد معتبر را آتش زدند و کلام الله بسیار
در آن مساجد بوده است گویا شیخ عبیدالله سلسله خلاف مذهب اهل سنت و جماعت و اسم قادری معظمه
مستقیمه که حنبلی المذهب فرقه اسلامیه است نداشته زیرا که از حرکات و اتباع خانقاه او
که کلام الله را سوخته و مرد و زن و اطفال مسلم و غیره را بدون تقصیر و گناه کشتند و هتک
عصمت نسوان نموده ماله را با مشرکان بیخ ساله فرق و تفاوت نگذاشتند که از نزد
خلق دنیا تاکنون چنین حادثه و ظلم و بی انصافی بظهور نرسیده است که از این طایفه خانقاه
بوقوع رسیده      در رحمت آباد و ملکندی و جمیع دهات و باشش و حال
ملک ده و ده و در آن الی اشرف و از حوالی ترکز و سوال نموده آوردند بعد شرح
و تنها رحمت آباد بود که عالیها سافلها گشت خراب و بایاغی اجساد

طایفه



طایفه جهشی بی انصاف شده در قریب یکصد و دو هزار تومان بردند از اعراق ضرر و خرابی عزیز
و اوزاعات دولت تحمیل شده است از ۱۵ تا ۲۲ شوال الی نهم شهر ذیقعده الحرام در اطراف
و نواحی رحمت آباد و شهر اهالی را و تاراج نمودند از این لشکر و ایران و زنهای و مواشی و اطفال را
که در حوزه شیخ عبیدالله است و کوی و بانک و کورک و غیره آنچه غارت و تاراج دایر
دیگر نموده هرکس از این طایفه بمحل وطن خود رسانیده صدای تاراج گوشزد صد و ولایت
همجوار دولت عثمانیه کرده و از خاک دولت عثمانیه تعالی حرکات است و حدود دریا
حرآسته از نهم شهر ذیقعده الحرام الی نوزدهم شهر مزبور در ساوجبلاغ و اطراف گشته‌اند
جمعیت خانقاه متفرقه که هاسنرا رسیده است و حال تصرف و غارت ساوجبلاغ دارند
و طایفه قراپاپاق و دایی ساوجبلاغ عموماً در این سفر مغلوب و مجبور شده اند و خبر
مأموریت اعتمادالسلطنه نایب سپهسالار خان در ساوجبلاغ شایع
گشته است و شیخ عبیدالله در کلوکه توپ را در ... کرده و طایفه خانقاه
بعد از غارت ... بردند ... نوزدهم ذیقعده الحرام بطرف بناب رفته
الی ۲۰ شهر مزبور در اطراف و حوالی بناب بودند و چند دفعه بطرف لشکر

هجوم آور شده مغلوب برگشتند و حالا که در این وقت جمعیت عمادالسلطنه زیاد

نموده است و در این بین حشمت‌الدوله مرحوم که از طهران حرکت کرده است با استعداد تمام

شهرت دارد و جناب جلالتمآب حشمت خان وزیر نظام با فوج کردستان و سواران افشار صائین قلعه

و سواران شاهسون هرسین مامور است که باردوی نایب السلطنه ملحق شود و از این اخبارات

جمعیت شیخ عبدالقادر و داعیه او خاطرش مشوش گردیده از تأثیر آن فانا تحقیق فرار نماید

پشه آمد از صدف در نیم روز از سلیمان نبی شد داد خواه کای سلیمان معدلت

می گستری بر شیاطین آدمی و دیو و پری گفت پشه دارم از دست باد کو ز دست

ظلم بر باد کرده است پس سلیمان گفت ای زیبا روی مرحبا که از جان شنوی حق

بی گفته است ای داور بشنو از خصمی که بی خصم دگر تا بگیرد نزد آتشه کای

باد صبا پشه فغان کرد ز ظلمت صبا باد چون بشنید آمد تیز تیز پشه

کی گریخت از آن راه گریز گفت پشه مرگ من از بود او است خود سیاه

روز من از دود او است که برآرد از نهادم دمار

قلعه آقا که از دهات معتبر است با باغات باباخان حاکم باردوی نایب السلطنه از در آمد

اعظم



رفتند عنایات و مرحمت یافتند و دیدند شیخ عبدالقادر نیز تاب مقاومت نیاورد و از راه ساوجبلاغ آمد

جناب وزیر نظام با فوج و سواره افشار و سواران ... از راه کوهستان مراغه که فوق العاده

صعب المسلک است باردوی نایب السلطنه ملحق گردید

و در این اوقات رعیت محال شهر ویران و اغنام و احشام و عیال و اطفال خودشان را

از خوف و توهم اردوی دولتی کوچ داده باطراف سلدوز و سردشت و لاهیجان و غیره

متفرق و شب و روز میروند و اردوی همایون از نایب السلطنه ساوجبلاغ حرکت

کرده است و شیخ عبدالقادر بعد از مراجعت از نایب السلطنه ساوجبلاغ را از

دقایق اردوی دولت بحرکت و تهدید کرده رعیت از توهم دست عیال و اطفال

خود را گرفته رو بصحرا و بیابان و کوههای اطراف و حوالی شهر گذاشته به اختیار

فرار نمایند شب ششم ماه ذیحجة الحرام شیخ عبدالقادر و حمزه آقا و عشایر

گذشته از ساوجبلاغ بعزم فرار خارج شدند و بعد از رفتن خانوار رعیت

ساوجبلاغ هم همان شب عیال و اطفال خودشان را برداشته از دشت و دامنه

و غیره میروند و صدای گریه و ناله و آواز ناله و فغان زنان و اطفال

و این روزها غوغای غریب در ساوجبلاغ و اطراف آن برپا شده است خبر آوردند اتباع
شیخ عبدالقادر و حمزه آقا کاروانی را که مال التجاره داشت کشتند و اهالی ساوجبلاغ را
که خودشان موعظه و تهدید نموده [illegible] در اطراف ساوجبلاغ [illegible] غارت
نمایند [illegible] نفر را قتل کرده اند و جمعی زخمدار شده است و [illegible]
کسی با مادرش زنا کند یا با دیگران [illegible] صبح [illegible] داده
[illegible] از اطراف ساوجبلاغ منقطع شده و روزی [illegible] هزار
رعیت ساوجبلاغ بقدر [illegible] صد [illegible] است عمارتها قبرستان بنظر می آید
علما و قضات و سادات و بازماندگان رعیت هم [illegible] دیگر
[illegible] ساوجبلاغ است رفته [illegible]

## ولکم فی القصاص حیوة یا اولی الالباب

این آیات باهره در امنیت جان و عرض و مال است و حق رعیت
آن بود بحکم آیه مبارکه قصاص و سیاست عمومی فرمایند حال اصلی [illegible]
حادثه ناگهانی راجع [illegible] بود مانع از عقوبت و سزای [illegible] گشته

بلاد



بمفاد الکاظمین الغیظ والعافین عن الناس حکم عفو و اغماض بر عموم مرتکبین اینجور امر
و ناگوار گشت گفت من زشتم از بی حقیتیم بنده حقم نه نامردم من خویشم
آن زننده آفتاب ما رعیت [illegible] رعیت در [illegible] چون در آن علی [illegible]
شیخ [illegible] دیدم نهان کردن سرزد پیش از این با خلق [illegible] بجز [illegible]
[illegible] و همین روزها حشمة الدوله مرحوم در قریه [illegible] زحمتها
حضرت [illegible] کار را [illegible] گردید و حاجی صدرالدوله را [illegible] ماه ذیحجة الحرام [illegible] قشلاق
با فوج [illegible] و دولاه حضرت بحکومت ساوجبلاغ فرستادند [illegible] حکومت کرد
چون طرز حکومت او با خیالات اهالی [illegible] مطابق نشد [illegible]
حضرت اجل سپهسالار اعظم برای نظم [illegible] و تمشیت رعیت [illegible] امنیت [illegible]
وضع حکومت حاجی صدرالدوله را با کفایت [illegible] دیده [illegible] جلالتمآب
حسینقلی [illegible] خواهر را که از اجله رجال [illegible]
انتخاب ساوجبلاغ [illegible]
حکومت ساوجبلاغ [illegible] فرمودند و جناب جلالتمآب [illegible]
از وضع [illegible] حالت رعیت [illegible]

و تفریق و تحریق که واقع شده است چاره ننمودند و دیدند اگر در اصلاح معالجه این ناخوشی
صعب و مهلک که ابتدا در اعضای اخیره خود را عموماً احاطه کرده است اقدامات لازمه بعمل نیاید
چندان نمی‌گذرد که نه تنها آثاری از حیات در اعضای اخیره خود در رفتن باقی نخواهد ماند و بلکه نشر مادهٔ
فاسده در اعضای دیگران نیز سرایت کرده آنها را ضایع خواهد کرد

لطف داشتم که بخت صیت زند     در علاج سخت آرام نمود     شاد باشی و دامن زد
فارغ کردن آن کلم با تو که یاران با من     وعده های لطیفهای آن حکیم     کرد آن برخوردار
زنهم     وعده ها باشد حقیقی دلپذیر     وعده ها باشد مجازی تأسه گیر     وعدهٔ اهل
کرم گنج روان     وعدهٔ نااهل شد رنج روان     جناب معزی الیه اداء
حکومت را شب و روز در تأسیس قوت و قدرت بانی و بذل انعام و احسان در حق عامه
تبعید و تهدید معروف داشته و بسر حد کمال رسانید     عالم را در سرزنده گشته و
دلفروز     تعجب آنکه روز بروز     تفرقی رعیت که از دو تهم نمایان
مملکت عثمانی که شده بودند و در بدر بیگانه سرگردان و حیران و اموال و اعمال خود را در
بند نشده که بکلی از کار خواهد گرفت و حقیقت ... و در نهایت اطمینان و امیدواری
بوطن مألوف خود شان مراجعت نموده بکار تا از دفع استیلاء رعیت و در کار مشغول
گردیدند



گردیدند تحریق و خرابیهای محال شهر دیزج نیز به تدریج ترقی و آبادی شده و در قریه‌های
محال مزبور که از وحشت تفرقه بودند کلّهم جمع و وطن گرفتند

چون مراتب رفتار و حسن سلوک و مهربانیهای جناب جلالتمآب والا در زواره در جمیع صفحات آذربایجان مشهور
و مدامی که در دولت عثمانی شهرت گرفت متعصبین که در خاک دولت عثمانی بودند بعضی از صحابت
متوقع‌تر بعضی از رؤسا و خوانین و خوارزی و ندامت از اعمال و کردار خود شان نزد جناب معزی الیه
فرستاده و استدعای عفو تقصیرات میکردند و در جای خود رجعت بوطن مألوف نمودند جناب جلالتمآب
والا در زواره در جواب بعضی از آنها با اقتضای وقت و ملاحظه پاره مصلحتها تعلیقات سخت
و خشونت آمیز مرقوم شده تا آنکه کاک عبدالله برادر حمزه آقای منگور با توابع خود متوسط
محمد آقا رئیس طایفه مامش به جلالتمآب آمده مراجعت کرد عنایت و مهربانی دید
در ریاست طایفه مزبور با خلعت و احکام نائل گشت

مراجعت کاک عبدالله باعث جرئت و جسارت حمزه آقا و چند نفر از رؤسای او و توابع او شده
عریضه و چند نفر نزد جناب جلالتمآب والا در زواره فرستاده و جناب معزی الیه در باب عنایات دلجویی

و از اصلاح و صوابدید آقایان و اعیان ولایت بشرایط چند راضی نمود آقایان

زرزا و پولکیک آمدن حمزه آقا را صلاح ندانستند قادر آقا رئیس سفید طایفه دهبکر

دهبکری میرزا ابوالقاسم برادر جناب میرزا عبدالوهاب قاضی در جواب حمزه آقا داماد او

به چیلدغ آمدن لازم دانسته نوشتند بعد از دو سه روز سوار آقا برادرزاده حمزه آقا که رئیس طایفه

زرزا بود با سلیمان آقا پسر حمزه آقا به چیلدغ آمدند در وقتیکه جناب وزیر فواید

در خارج قصبه باغ مظفرالدوله چادر زده است و بعد فوجی سوار آنجا و توپخانه مشکلی همراه داشت

صاحب قلعه و نقدینه و نفری باز از فوج ختم ثقات در اطراف باغ چادر داشتند سوار آقا

و سلیمان آقا پسر حمزه آقا بتوسط میرزا ابوالقاسم نزد جناب وزیر فواید آمدند در حق

آنها مهربانی ناشمه بدل آمد و هم از بابت حمزه آقا جناب وزیر فواید

بواره و قراباقات و سایر عشایر که تسلیم صدقه و ادعیان تعهد آنها داد که از آنها بیعت

دستور العمل داده است اگر حمزه آقا و اتباع او از حد حرکت عثمانیه تخلفی نمایند

با استعمال سلاح دفع کنند و در این اوقات کاغذی از حمزه آقا

به میرزا ابوالقاسم رسید که دو نفر از قریه سلطان تپک که از مزارع تعلقی حمزه آقا است

حمزه آقا است مقیم و در آنجا با شما ملاقات خواهیم کرد و نقل جعفر

کاغذ دیگر از حمزه آقا آوردند نوشته بود از ندیدن ملاقات من متأسف شدند

[illegible]



از راه شهداف و نجات از لنوش و مدرسه بعضی خیالات کردید و اتفاقاً چند نفر حمزه آقا

که به چیلدغ بیاید مردان آنجا بواره قراباقات و بواره ماشکی در جا رسیده از حمزه آقا انفکاک یافتند

سکوهر با کیهند نفر سوار در سلطان تپک است و از کاغذ او است به چیلدغ بیایم بواره قراباقات

و ماشکی نظر بدستور العمل که داشته بطرف سلطان تپک میآیند وقتی رسیدند که حمزه آقا

با اتباع خود در قرق که این سکز بوده است و حمزه آقا گفته اند آخر اندرحینیکه از طایفه قراباقات

و از طایفه ماشکی سواره و پیاده بطرف سکز متوجه گردیده حمزه آقا و اتباع او تاب

مقاومت نیاورده از آن طرف کوه سرازیر و فرار گذاشته و بیخانه از معبر رودخانه

بگذرند کاک عبد... برادر حمزه آقا که همراه قراباقات و ماشکی بوده است با سوار خود

معبر رودخانه را بسته و نگذارد حمزه آقا و اتباع او از یک رگ رودخانه بگذرند سلامت

سلامت میگذرند و سه چهار نفر آدم و اسب از اینها در آب غرق

پس از این که قاصد حمزه آقا به چیلدغ آمد میرزا ابوالقاسم نوشته بود که من یک روز در سلطان تپک

برای ملاقات شما حاضر و منتظرم جناب جلالتمآب وزیر فواید از این جسارت میرزا ابوالقاسم

و حرکت بی تفکر حمزه آقا که منافی تدبیر و تحریر بود و خبر واقعه جدید هم رسیده است

فردا میرزا ابوالقاسم را برای ملاقات حمزه آقا مأمور کرده و فرستاده‌اند. میرزا ابوالقاسم حمزه آقا

در محلی موسوم به ناحیه داراغوش سکنا (؟) تازه هم منتقل گشت. با وجود آن حمزه آقا را

ملاقات و دو تأمینات و اطمینان را گفتگو نموده و در هر سر میرزا ابوالقاسم را خاطرجمعی داده بود

که در آمدن ساوجبلاغ تعجیل نکند.

---

دیده دیده ای پرستش یوسفان گرگ بر خیزد از این خواب گران کشته گرگان یک یک

جویای تو سینه‌ام از غصه و غم‌های تو خون غصه بود در مرگت در قضای تو بگو

که بمیرم و یا بمانم خلاص در قضای نقد حیات سازی است بیش زخم آن قضای بی‌بازی است

دین حرز نیستی جنگ و فتنه است آن حرز خطا است و این جنگ جسته است.

---

یوم جمعه دوم شهر شعبان ۱۲۹۸ در حالتی که محمد آقا رئیس طایفه مامش و کاک عبدالله برادر حمزه آقا

با برادرزاده‌های خود شان در ساوجبلاغ حاضر و حبس بودند حمزه آقا با جمعی سوار بیرون از شهر

در دروازه جناب جلالتمآب وزیر فواید از کسانی که در اطاق احضار و به دوستی وداع استماع

کرده بود و بخشش ملاحظات تعلق گرفت که حمزه آقا با آن همه خیانتها و جسارتها

و خیانتها که در مراحل شیخ عبیدالله ملعون باعث شده از او در بلا مقدر رسیده است.

ملحق.



بمحض تأمینات و اطمینان چند نفر از اهالی دولت جرئت و جسارت نخواهد کرد که از خاک

دولت عثمانی تا در و حکمی نباید دارد از حرکات جسورانه و جسارتانه او نتیجه شمرده

و محض احتیاط تدارک مرگ حمزه آقا و همراهان او را فوراً فراهم آورد

---

ساعت یک از غروب جمعه با حمزه آقا دسته برادرزاده‌ها و که هر یک در رشادت

معروف و مشهور انجمن بوده‌اند با پنج نفر دیگر با تفنگهای باروتی و مسلح حمزه آقا تفنگ

کمر دار در دست داشت با میرزا ابوالقاسم به قدم شد و جایی که نظر قادر

جناب وزیر فواید رفته بیچاره بر اثر آن خیالی محض دروازه حمزه آقا در

باغ قبله که بارها در آن سر از قدم ... ده ... که از حمزه آقا

و همراهان او جسارت خواهد ... برادرزاده‌ها در جناب ... که کس

در جناب وزیر فواید هم ... قدم ... با کمال ... در دیگر نشسته‌اند

دستور العمل ... که در اطراف جا در ...

داده است ... ما در ...

و برادرزاده کاک عبدالله برادر حمزه آقا و برادرزاده طایفه مامش و برادرزاده قراپاپاق

در کنار باغ معظم و سطح ایستاده و در کمال حیرت تماشا و نگران بودند که آیا چه بر سر [ایشان]
خواهد شد یکدفعه صدای تفنگ و آواز گیر و دار از زمین جاده بزرگ جانب تلگراف‌خانه
و از سر دیوار تفنگ رسید و در یک ساعت تمام اینها توجه نکرده تمام اطراف را دمار و دود از نهاد و حمله
داشت نفر همراهان را در آورده و سرهای مجروحین آنها را از بدن جدا و در نعش را از لوث
وجود آن ناپاکان پاک نمودند   آسمان شگفت آمد زمین را از مین   گر ... ...
ندیده سپهر چنین

این وقایع فتنه غیر مترقبه در تماشای هنگام شیخ محمد آقای ملعون که از ایالت باجلان و بعضی
دهقانان اسپهر بور با پشت ... در حمایت حمزه آقا منگور و چشار و حشتی و مخلوط عشیره
دولت عثمانی و دولت ایران برفاقت شیخ عبدالقادر مغلوب و مجبور
کرد و حکایات قتل و غارت میاندوآب و غیره واقع گشت
عداوت ... بزرگ در میان کرد و ترک که ... حرمت گذارد در ...
... سلطان ... ایران ... بود از هر دو شیعه

تا حال



تا حال که یک سال تمام است ابواب مخالطه و مرابطه بهیچ واسطه از کرد و ترک
باطلاق ... مسدود و منقطع گردیده بود و احدی از طایفه اکراد از خوف و اعمال شنیعه خود
بطرف میاندوآب قدرت تخطی و عبور نداشت و در مقام جمعیت حکم که در ایالات
میاندوآب از اهالی شاه اکراد و عشایر وحشی بی انصاف ... گشته بود حالیه
وقت هم انتقام را مستحق و سزاوار بودند که بعضی آوردند دفعتاً ... شنیعه
ظالمانه فضاحت موجب انفعال و شرمساری ایالات اکراد که همجوار ... بودند شده
و در این حبس تحریر و تحشر مستاصل و مشغول بودند که تحریر با ... در ... و ظلم
رفته با دو هزار سوار ... میاندوآب را اظهار و لجوئی ... داده ما
که ... ما ... از باغ و گلزار ما ... ما در ضعف ...
شده تو در لطف و نیکی ... چون جناب جلالتمآب ...
ایالات اکراد از ناحیه آنها ... و در ... عصیان ... در ...
و از در چاره جوئی و علاج دفع ... و معذرت ایالات ...
و عفو ... خود ... و ...

شاهنشاه جمجاه ارواحنا فداه و مراحم و مرحمت چه در باره ... حضرت ... معلوم که عقد

و عنایتی از این بیشتر نباشد جناب حاجی میرزا ... و ... جناب حاجی ملا ... قاضی باشی

عقب شیخ عبیدالله و عموم رؤسای ... در آب ... [illegible]

میرزا ... شیخ عبیدالله ... [illegible]

در میان ... خود ... [illegible]

در اینجا توقف کرده ... صفوت ... [illegible]

... سردار ... و سعادت ... [illegible]

منظور و استوار کردید ... همه بنده ...

عاجزانه ... بنده ... هم ...

... هم ...

۱۲۹۸
... ۲ شهر ذیقعده الحرام

ابوالقاسم



حین آمدن ... در قربت ... شیخ عبیدالله ملعون ... آمدن شیخ عبیدالله در ...

... اطفال ... کارگذاری مهام خارجه ... واحدی از اطفال ...

... شیخ ... باقی ... بود این بنده ... حضرت ... گذشته

... خود ... اطفال را ... حضرت ...

... آمدن شیخ عبیدالله در ...

و قرار کردن او ... [illegible]

اتباع خائنه شیخ عبیدالله در هجوم آورده ... که این بنده ... اطفال ...

... این بنده ... اطفال ...

... طایفه وحشی بی انصاف ... [illegible]

و در واقع ... مقصود ... کاملاً ... [illegible]

... باقی ... [illegible]


... فرقه ... [illegible]

... [illegible]


در ... کردن ... [illegible]

شهر ذیقعده الحرام ۱۲۹۸

ابوالقاسم








بەڵگەنامەی ژمارە ۱۸۳


سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی – بەرگی دووەم، ل ۷۳.



**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٧١**

**سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی – بەرگی دووەم، ل ٦٨٣ – ٦٨٥**





[illegible]




صورت خلاصه مذاکرات مجلس چهارم [illegible] محرم [illegible] منعقد است

صورت مجلس [illegible]

[illegible]

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٤٦**

**سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی - بەرگی دووەم، ل ٦٢١ - ٦٢٥**



بەڵگەنامەی ژمارە ۱۸۷

سەرچاوە: گزیدە اسناد سیاسی ایران و عثمانی - بەرگی دووەم، ل ۸۳



# سەرچاوە

فارسی:


۱- ادیب الشعراء، میرزا رشید، تاریخ افشار، باضمیمه شورش شیخ عبیدالله، بەکوشش محمود رامیان و پرویز شهریار، تبریز، چاپخانه شفق، ۱۳٤٦ش.

۲- الدنبلی، عبدالرزاق، مآثر سلطانیه، باهتمام غلامحسین صدری افشار، جلد (۲)، انتشارات ابن سینا، تهران ۱۳۹۲ق.

۳- بدلیسی، امیر شرفخان، شرفنامه، بەکوشش محمود عباسی، مؤسسه اطلاعات، تهران ۱۳٦۳ش.

٤- دهخدا، علی اکبر، لغت نامه، مؤسسه لغت نامه، چاپ دوم، تهران ۱۳۷۷ش.

٥- دهقان، علی، سرزمین زردشت، رضائیه، انتشارات ابن سینا، چاپ اول.

٦- روزنامه همشهری، شماره (٥۷۷) روز دوشنبه: ۱۹۹٤/۱۲/۱۹، سال سوم.

۷- سیاح، حاج (خاطرات)، یادوره خوف و وحشت، بەکوشش حمید سیاح و بەتصحیح سیف الله گلکار، کتابخانه ابن سینا، ۱۳٦٦ش.

۸- صمدی، سید محمد، نگاهی بەتاریخ مهاباد، انتشارات ڕهرو، چاپ یکم، ۱۳۷۷ش.

۹- میرزا، عباس (ملک آرا)، شرح حال، بەکوشش دکتر عبدالحسین نوایی، جلد (۲) تهران، انتشارات بابک، ۱۳٥٥ش.

۱۰- غوریانس، اسکندر، قیام شیخ عبیدالله شمزینی در عهد ناصرالدین شاه، باهتمام عبدالله مردوخ، انتشارات دنیای دانش چاپ مسعود، چاپ اول، تهران ۱۳٥٦ش.

۱۱- گزارشها و نامەهای دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی، بەکوشش ایرج افشار، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، چاپ اول، تهران ۱۳۷۳ش.

۱۲- گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی (وزارت امور خارجه)، واحد نشر اسناد، جلد (۲)، ۱۳٦۹ش، جلد (۳)، ۱۳۷۰ش.

۱۳- میرزا، نادر، تاریخ و جغرافیای دار السلطنه تبریز، شرح و تعلیقات و تنظیم فهرستهای لازم محمد مشیری، چاپ سوم، تهران، ۱۳٦۰ش.

۱٤- نصیری، محمد رضا (دکتر)، اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریه)، جلد

(٣)، سازمان انتشارات کیهان، چاپ اول، تهران ١٣٧١ش.

١٥- یادگار (مجله) عباس اقبال اشتیانی، سال سوم، شماره (٦ و ٧)، بهمن و اسفند ١٣٢٥ش.

کوردی:

١٦- ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، ساخکردنەوە و هێنانەوەی بۆ سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥.

١٧- جەلیلی، جەلیل (دکتۆر)، ڕاپەڕینی کوردەکان (١٨٨٠)، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە دکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی (الزمان)، بەغداد ١٩٨٧.

١٨- ڕیچ، کلودیوس جێمس، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، تەورێز ١٩٩٤.

١٩- حەمە باقی، محەمەد، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠.

٢٠- خالفین، خەبات لە ڕێی کوردستاندا، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧١.

٢١- سەمەدی، سەیید عەبدوڵڵا، بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ، گۆڤاری سروە، ژمارە (٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢)، ساڵی چوارەم ١٣٦٧ هەتاوی.

٢٢- قازی، میرزا محەمەد جەواد، ئێلی مەنگوڕ، گۆڤاری سروە، ژمارە (١٨)، ساڵی سێیەم ١٣٦٦هەتاوی.

٢٣- لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: جەمال میرزا عەزیز، چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٩.

٢٤- محەمەد ئەمین، سالح، کورد و عەجەم، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٢.

عەرەبی:

٢٥- العزاوي، عباس (المحامي)، تاريخ العراق بين احتلالين، جلد (٣) طبعة (٢)، قم، منشورات الشريف الرضي، ١٣٦٩ش.



## فەرهەنگی ناو

- ئ -

ئابۆت (سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە تەورێز) 11، 14، 15، 16، 39، 84، 85، 88
ئاسووری 8
ئاغا خان 184
ئاغا خانی سەرتیپی هەوشار 76، 77
ئاغا شازادە 57
ئاغا عەلی قازی (حاکمی مەراغە) 62، 81
ئاقا محەمەد خانی قاجار 33
ئامان (تیرە) 35
ئایەتوڵڵا مەرعەشی 24، 237
ئۆسکارمان 32
ئەبولقاسم 24، 171، 174، 176، 233
ئەحمەد ئاغا 30، 31، 32، 59، 108
ئەحمەد ئاغای موقەددەم 32
ئەحمەد بەگ 55، 61، 62، 104، 112، 128، 139، 140، 142، 147، 159، 164، 207
ئەحمەد بەگی کۆڵۆنێل (یاوەری سوڵتان) 99، 127، 128
ئەحمەد خان 199
ئەحمەد خانی دونبولی 32
ئەرمەنی 8، 22، 28، 39، 74
ئەسکەندەر غۆریانس 22، 39، 50، 51، 54، 55، 59، 62، 69، 71، 74، 78، 79، 80، 81، 93، 173
ئەسفەندیار خانی بەختیاری 240
ئەکبەر خانی سەرتیپ 241
ئەمیر تومان 219، 236
ئەمیر خانی قاجار 35
ئەمیر نیزام (حەسەن عەلی خانی گەڕووس) 19، 20، 40، 41، 114، 124، 126، 132، 133، 135، 137، 138، 142، 143، 145، 149، 152، 154، 155، 156، 157، 160، 161، 162، 165، 167، 173، 180، 181
ئەمین ئاغای قادراغای دێبوکری 114، 221
ئەمینولدەولە 37، 123
ئەمینولمولک 123، 203
ئەوڕەحمان پاشای بابان 32
ئیبراهیم ئاغای قەراجەداغ 77
ئیبراهیم خانی زەرزا 72
ئیبراهیم خانی زەهیرولدەولە 29
ئیبراهیم سوڵتان 34
ئێرل گرانفیل (وەزیری دەرەوەی ئینگلستان) 11، 49، 57
ئیرەج ئەفشار 20
ئیزەک بەگ 131
ئیسماعیل ئاغای شکەفتی 34
ئیعتیماد سەڵتەنە (مستەفا قولیخان هەمەدانی قەرەگوێزلوو) 16، 76، 77، 78،

85، 86، 87، 88، 93، 94، 155، 227،
228، 292
ئیقبالدەولە (بیوک خان ماکۆیی) ، 10، 74،
75، 90، 204
ئیمامقولی بەگلەر بەگ 32
ئیمامقولی میرزا 56

- ب -

بابان 27، 222
باباخان 87، 112
باپیر ئاغای مەنگوڕ (مەزن) 28، 30، 31،
32، 35، 36، 177
باڵەک (هۆز) 34، 61، 227
بایز ئاغا 140، 142، 147، 165
بایەزید ئاغا 85، 104، 121
برادۆست (هۆز) 28
برایم ئاغا 73، 147، 148، 153
برایم بەگ 140، 141، 142، 144، 145،
147
بڵباس (ئێل) 7، 27، 28، 29، 30، 31،
32، 33، 34، 35، 40، 47، 50، 51، 72،
74، 237، 238
بناری (هۆز) 72
بوداغ سوڵتان (هۆز) 159
بەهادۆران 76، 77
بەهرام قولی 199
بەگزادە (خێڵ) 55، 71، 86، 112، 129،
207، 211، 212
بیوک ئاقای خەتیبی 22
بیوک خانی قەرەپەپاغ 70، 123

- پ -

پەرویز شەهریار ئەفشار 23
پیران (خێڵ) 27، 34، 70، 75، 80، 164،
212، 227
پیرۆت ئاغا 37، 52، 139، 140، 142،
144، 145، 147، 148، 149، 150، 151،
154

- ت -

تۆمسن (باڵوێزی ئینگلستان لە تاران) 39،
49، 84، 85، 88
تەقی پاشا 44، 47، 126
تەهماسب قولی خانی یۆزباشی 76
تەهماسب میرزا 53، 54
تەیموور پاشا خان 94، 96، 219، 240

- ج -

جوامێر ئاغا 147، 149
جەلال خان 109، 132، 163، 165
جەلال خانی ئەفشار 74
جەلیل ئاغا 74
جەمال میرزا عەزیز 26
جەمشید ئەردەشێر 23، 24
جەواد ئاغا 40
جەهال خانی قەرەپەپاغ 83
جیهانگیر ئاغای بناری 72، 153



- چ -

چاردۆڵی (چوار دۆڵی) 70، 73، 83، 239
چەرداوەڕوو 213

- ح -

حاجی حەسەن 73
حاجی سەدرلدەولە 16، 77، 87، 101
حاجی عەبدولڕەحمان 140
حاجی سەلیم خان 54
حاجی سەیید بایز 142
حاجی قولیخانی ئیسفەهانی 73
حاجی عەلی محەممەد ئاغای مەراغە 31
حاجی محەممەد 30
حاجی مەلا عەلی قازی 232
حاجی میرزا حسێن خان 236، 240، 242
حاجی میرزا محەممەد 235
حسێن قولی بەگ 173، 181، 183، 241
حسێن قولیخانی بەگلەر بەگی 33
حسێن مودەڕیسی تەباتەبائی 24
حەسەن ئاغا 73، 112، 121، 123، 144،
147
حەسەن عەلی خانی گەڕووس (میرزا نیزام)
12، 20، 85، 94، 97، 96، 101، 103،
104، 105، 106، 107، 147، 175، 188،
203، 236، 239، 241
حەمەد ئاغا 17، 18، 30، 68، 69، 70،
72، 73، 75، 82، 89، 91، 102، 104،
108، 109، 113، 115، 117، 118، 120،
121، 122، 123، 124، 125، 127، 131،
132، 134، 137، 138، 144، 145، 147،
150، 151، 153، 154، 159، 163، 164،
165، 186، 195، 198، 202، 203، 204،
211، 212، 215، 231
حەوادیس (حەوادیث - ڕۆژنامە) 57
حیسامولمولک 21، 39، 96، 133، 134
حیشمەت دەولە (هەمزە میرزا) 228، 229،
240

- خ -

خان باباخان 87
خدر ئاغای گەورک 114، 144، 147، 163،
195
خوداداد بەگی ئەفشار 29
خەلیفە سەیید محەممەد سەعید 90
خەلیفە محەممەد ئەمین 90
خەلیل ئاغا 73
خەلیل خانی سەرهەنگ 154، 157

- د -

دارمە (خێڵ) 158
دەروێش ئاغای هەرکی 72
دونبولی 32، 33
دەشتی (هۆز) 72
دێبوکری (هۆز) 17، 18، 55، 68، 81، 86،
91، 102، 104، 112، 113، 114، 139،
159، 170، 171، 203، 205، 212، 215،
228، 230

- ڕ -

ڕەبیس ئاغا 73
ڕۆستەم خان (حاکمی ورمێ) 30
ڕۆژەکی (هۆز) 27
ڕۆشن بەگی قوجەبەگلوو 167، 173، 181
ڕەحمەتوڵلاخانی ئیقبالی 23
ڕەحیم خان 20، 133
ڕەحیم خانی چەلبیانی 70، 71، 73
ڕەزا بەگ 37
ڕەزا قولی میرزا 73
ڕەشید ئاغا 147، 154
ڕەشید سوڵتانی قاسملوو 34
ڕەمک (هۆز) 27
ڕەوەند (هۆز) 72

- ز -

زوودی (خێڵ) 70، 72، 80، 227، 230
زەرزا (خێڵ) 30، 33، 80، 103، 124، 212، 227
زەڕین (خێڵ) 35
زەند (خێڵ) 30
زین (خێڵ) 35

- س -

ساڵح بەگ 54
سامیح پاشا 38، 219، 220
سن (هۆز) 27
سنجابی 43
سوار ئاغای زوودی 34، 167، 186، 192
سولەیمان ئاغا 69
سوڵتان عەبدولحەمید 99، 240، 242
سۆلێینی (هۆز) 107، 158
سەردار بەگ 167، 173، 181
سەفەوی 28، 29، 35، 222
سەلیم بەگ 73
سەلیم خانی چاردۆڵی 70، 73، 83، 239
سەلیم خانی سەرتیپ 122
سەیید تاها 51، 237، 238
سەیید عەبدوڵلا سەمەدی 174، 175، 176، 177، 178
سیف العلما 239
سەیید محەمەد ئەمین 142، 143
سەیید محەمەد خان 76، 77

- ش -

شازادە لوتف عەلی خان (حاکمی سابلاخ) 69، 76
شا عەباسی یەکەم 28
شاهسەوەن (خێڵ) 86، 132، 228، 230
شوجاعولمولک 43، 44، 45، 46، 222
شوقاقی (هۆز) 96، 108، 183، 199
شوکاک (ئێل) 33، 34، 223
شەجیع عەلی خان 74
شەم، شەمع (هۆز) 35
شەهناز بەگ 125
شێخ جەسیم 72





شێخ جیهانگیر بناری 72
شێخ سدیق 92، 157، 239
شێخ عوبەیدوڵلای نەهری 7، 8، 9، 10، 11، 13، 14، 15، 16، 17، 18، 19، 21، 39، 42، 51، 52، 54، 57، 58، 59، 63، 64، 65، 68، 69، 74، 77، 78، 80، 84، 89، 90، 91، 92، 96، 97، 98، 99، 101، 103، 104، 105، 189، 190، 217، 218، 219، 220، 226، 231، 232، 233، 234، 235، 237، 238، 239، 241، 242
شێخ عەبدولقادر 10، 14، 15، 16، 17، 18، 20، 69، 70، 71، 72، 73، 74، 75، 81، 82، 83، 84، 86، 87، 88، 89، 92، 96، 97، 124، 125، 128، 203، 225، 226، 227، 228، 232، 233، 242
شێخ عەلی 108
شێخ کەمال 68
شێخ محەمەد ساڵح 52
شێخولئیسلام 72، 140

- ع -

عوسمان ئاغای گەورک 17، 72، 113، 114، 115، 122، 127، 144، 151، 159، 203
عومەر بەگ 222
عەباس ئیقبال ئاشتیانی 190
عەباس میرزا (مولک ئارا) 48، 53، 55
عەباس میرزا (نایب سەڵتەنە) 33، 34، 35، 47
عەبدولڕەحمان بەگ 54
عەبدوڵلا ئاغا 73
عەبدوڵلا بەگ 55، 72، 78
عەبدوڵلا خانی زەرزا 72
عەبدوڵلای مەردوخ 22
عەجەم 10، 29، 30، 42، 72، 73، 90، 92، 93، 95، 211، 215، 216
عەرەب 8، 11، 28، 51، 223، 238
عەزیز ئاغا 57، 59، 61، 67، 72
عەزیز بەگی بابان 222
عەزیزخان 42، 96، 223
عەزیزوڵلاخان 132
عەزیزی فەتاح 56، 58، 60، 73، 80، 84، 114
عەسکەر خان 33، 34
عەلائولدەولە (محەمەد ڕەحیم خانی ئەمیر نیزام) 19، 20، 124، 126، 132، 133، 135، 137، 138، 142، 143، 145، 149، 152، 154، 155، 156، 157، 160، 161، 162، 165، 167، 173، 174، 176، 180، 181، 183، 184، 185، 187، 191، 203، 204، 205، 241، 242
عەلی ئاغا 72، 167، 172، 176
عەلی ئەشرەف 181
عەلی ئەکبەر خانی سەرهەنگ 21، 39، 51، 55، 58، 71، 73، 78، 79، 174
عەلی ئەکبەر فەیز 24، 50، 57، 58، 171، 174، 176، 237، 242
عەلی دەهقان 22

عەلی خان 69، 72، 149، 203
عەلی خانی حاکمی مەراغە 73، 74، 93
عەلی خانی گۆنەخان ئەفشار 22، 23، 42، 47، 51
عەلی ڕەزا خان 96، 204
عەلی مراد خانی زەند 32
عینایەت لورکانی 23

– ف –

فەتح عەلی شای قاجار 33، 34، 53
فەتحوڵلا خانی موزەفەردەولە 73، 221
فەخری بەگ (باڵوێزی عوسمانی لە تاران) 220
فەڕاشباشی 58، 60، 61، 198، 238
فەڕوخ خانی سەرهەنگ 115، 116
فەرەج خانی تفەنگدار 234
فەرەزی خان 86
فەیزوڵلا بەگ 54، 55، 62، 68، 73، 101، 108

– ق –

قادر ئاغای هەباس ئاغای دێبوکری 45
قادر ئاغای موکری 54، 85
قاسم ئاغای عەلی خان 72
قاسم میرزا 56
قاقا (خێڵ) 27
قۆیتاس ئاغا 72
قووجەبێگلوو (هۆز)
قەرەپەپاغ (هۆز) 19، 34، 42، 44، 45، 46، 47، 48، 50، 68، 70، 71، 78، 82، 83، 88، 89، 96، 108، 109، 113، 123، 131، 132، 134، 144، 151، 159، 163، 164، 165، 168، 181، 183، 205، 212، 223، 227، 230، 231، 232
قەوالیس (گوند) 27

– ک –

کابایز 27، 30
کاپتەن واگنەر 96
کادەروێش 28، 177، 210
کافی ئەمیرانی 190
کاکەڵلای مەنگوڕ 17، 20، 164، 170، 178، 185، 203، 205، 206
کامەران میرزا 77
کلایتۆن(سەرکۆنسوڵی ئینگلستان لە وان) 50، 64
کلودیوس جێمس ڕیچ 27
کۆچران (دکتۆر) 57
کوێخا مولهیم 72
کەبودوەند (خێڵ) 101
کەیخەسرەو بەگ

– گ –

گوشن (باڵوێزی ئینگلستان لە ئەستەمووڵ) 57
گولاوی ئاغای دێبوکری 91، 102، 228
گوڵ عەلی خان 82
گەڕووس 12، 20، 21، 24، 57، 85، 87،



94، 96، 97، 101، 102، 103، 104، 105، 107، 108، 131، 132، 159، 171، 174، 175، 180، 188، 228، 229، 237، 239، 240، 241، 242
گەورک (خێڵ) 43، 45، 107، 113، 114، 144، 158، 163، 212، 216، 227

– ل –

لوتف عەلی خان (شازادەی حاکمی سابلاخ) 54، 55، 57، 62، 69، 76، 77، 196، 226، 238

– م –

مارتینی (تفەنگ) 61، 80، 81، 158، 163، 173، 238، 241
مامۆستا ڕەسووڵ ئاغا 72
مامەند ئاغای پیران 70، 72، 127، 136
محەمەد ڕەزا نەصیری 25
مقلی میرزا 55
محەمەد ئاغای ئاکۆ 119، 124
محەمەد ئاغای مامەش 17، 18، 68، 69، 70، 72، 74، 75، 89، 91، 102، 104، 108، 109، 115، 118، 119، 121، 122، 124، 131، 132، 144، 145، 150
محەمەد ئاغای مستکانی 72
محەمەد بەگ 112
محەمەد بەگی فەڕاشباشی 58
محەمەد ئال عەلی خان 222، 223
محەمەد بەگی قەرەحەسەنلوو 30
محەمەد حسێن خانی بەختیاری 67، 71، 73، 77
محەمەد حسێن خانی بەگلەر بەگ 29
محەمەد خانی سەرهەنگ 76، 77
محەمەد ڕەزا خانی تۆپخانە 96
محەمەد ڕەحیم خانی عەلائولدەولە (ئەمیر نیزام)، 10، 19، 20، 173، 174، 176، 191، 206، 241،
محەمەد شای قاجار 235
محەمەد عیسا 25
محەمەد سادق خانی موقەددەم 67، 70، 71، 73، 101
محەمەد ساڵح بەگ 112
محەمەد عەلی کەریم زادە 191
محەمەد کەریم بەگ 73
محەمەد قولیخانی ورمێ 32، 33، 77
محەمەد موشیری 22
مەجد ئەلسەڵتەنە 23، 24
مروەت (تیرە) 35
مستەفا ئاغای ئالان 147
مستەفا خان (بهاءالملک) 236
مستەفا قولیخان قەرەگوێزلوو (هەمەدانی) 76، 93، 236
مستەوفی لەمالیک 20، 37
موئتەمین خان (حاکمی سایین قەلا) 30
موئەیدولدەولە 69
موحسین پاشا (باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ) 20، 65
مورتەزا قولی 23
موزەفەرولدەولە 17، 42، 129، 159، 170،

202
موزەفەرەدین میرزا (وەلیعەهد) 13، 20، 53، 54، 73، 76، 93
موسا پاشا 153
موعتەمیدولدەولە 37
موعینولدەولە 40
موعینولمولک 233
مەجید خان 72، 73
مەحموود ئەفشار (دکتۆر) 20
مەحموود پاشای بابان 32
مەزن (سەرۆک ئێلی بلّباس و مەنگوڕ) 27، 28، 30، 32، 39، 42، 52، 166، 185، 198
مەستوورە (ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی) 29
مەسیحی 8، 92، 226
مەلا حسەینی قازی 147
مەلەک قاسمی میرزا 55، 73، 74
مەلیک نیازخان 223
مەنزوور (خێڵ) 27
میرزا ئەبولقاسمی یادداشتنووس 59، 115، 117، 121، 122
مێجەر تروتێر 59
میر بەگ (بەردەسووری) 72، 73، 74
میرزا ئەبولفەزل حکیمەت 22
میرزا ئەحمەدی قازی 54
میرزا بزورگ 191
میرزا تەقی موحەریر 60
میرزا حەسەن مونشی 25، 234
میرزا حسێن خانی سوپا سالار (موشیرولدەولە) 17، 25، 94، 96، 240، 242
میرزا ڕەشید (ادیب الشعرا) 23، 30، 34، 47
میرزا سەعید خان (موئتەمینولمولک – وەزیری دەرەوەی ئێران) 20، 62، 88، 217، 221، 225
میرزا عەباس خان 36
میرزا عەبدولوەهابی قازی 72، 230، 232
میرزا عەلی ئەسغەر 57، 237، 242
میرزا عەلی خان 123
میرزا عینایەتوڵڵای لورکانی 23، 24
میرزا قادری قازی 72
میرزا قاسمی قازی 20، 72، 102، 104، 114، 160، 161، 162، 165، 169، 171، 172، 173، 185، 192، 193، 198، 200
میرزا محەمەد جەوادی قازی 27
میرزا مەحموود سابلاخی 156
میرزا یوسف خان (مستەوفی لەممالیک – سەرۆک وەزیرانی ئێران) 232
میر شەرەفخانی بتلیسی 27
میستەر بارون 96
میناغا(مینە ئاغا) 80، 84، 170

– ن –

نادر شا 29
نادر میرزا 22



ناسرەدین شا 12، 13، 20، 21، 36، 37، 39، 40، 41، 49، 53، 73، 77، 85، 93، 94، 98، 112، 113، 114، 115، 121، 122، 171، 202، 203
ناسرلدەولە 133، 134
نامیق ناتیق 191
نوور عەلی سوڵتان 199
نوری بەگ 72، 226
نەجەف قولی خانی بەگلەر بەگ 30، 31
نەسیروڵڵا میرزا 29
نەصرولمولک 123
نەورۆزخان 152
نیکۆلا (ئەلەکساندەری سێیەم) 240

– و –

واگنەر (کاپتەر) 96
وسێن ئاغا 208
وەکیل ئەلرەعایا 55
وەلیعەهد (موزەفەرەدین میرزا) 13، 20، 53، 54، 73، 76، 93، 131، 235، 238، 240

– ه –

هەباس ئاغا 33، 72
هەرکی (خێڵ) 147، 149
هەمزاغای پراچی 7، 9، 11، 12، 14، 15، 17، 18، 20، 21، 25، 36، 49، 52، 57، 69، 80، 87، 88، 89، 92، 96، 97، 103، 104، 105، 106، 124، 175، 177، 179، 189، 190، 205، 218، 235
هەمزە میرزا (حیشمەت دەولە) 10، 93، 236، 239، 241

– ی –

یوسف ئاغا 112
یونس خان (حاکمی بانە) 113، 134

# فەرهەنگی جوگرافیا


- ئ -

ئاب گەرم 29

ئاراس (ڕووبار) 35

ئازەربایجان 10، 21، 33، 39، 54، 68، 73

ئالاشگرد 99

ئالان 147

ئەراک 85، 87، 94، 219

ئەرمینیا 28

ئەستەمووڵ 20، 25، 38، 41، 49، 50، 51، 57، 65، 94، 99، 106، 127، 128، 153، 155، 171، 190، 217، 220، 233، 234، 238، 240، 241، 242

ئەسکەندەروونە 99

ئەفریقیا 23

ئەڵمان 27

ئێران 10، 11، 13، 14 – 25، 27 – 30، 33 – 36، 38 – 40، 42، 43، 45 – 49، 51– 53، 59، 62 – 65، 68، 71، 78، 80، 84، 85 – 99، 102 – 104، 106، 125، 130 ، 146، 156، 170، 171، 176، 188، 189، 190، 201، 203، 204، 205، 207، 216، 217، 218، 220، 221، 222، 223، 225، 226، 232، 235، 242

ئیرەوان 47

ئێل تەیموور 134

ئیندەرقاش 55، 73

- ب -

باخچە (گوند) 17، 109، 113

باڵکان 8

باڵەک 34، 45، 124

بانە 76، 108، 156، 228

بایەزید 137، 235، 237

بڵبیس (گوند) 27، 28

بناو 10، 15، 16، 21، 36، 39، 62، 68، 71، 73، 75، 76، 77 – 81، 83، 84، 85، 91، 93 – 95، 155، 159، 177، 215، 216، 219، 227، 228، 229، 239، 241

بۆکان 87، 202

بەرلین 9

بەستام (بستام بەگ) 19، 161، 162، 163، 164، 198، 205

بەغداد 13، 29، 30، 43، 171، 237، 242

بەیرەم (گوند) 113

بیتوێن 35، 125، 126، 127، 128

بیجاڕ 24، 77، 78، 93، 171، 237، 242

بەیرووت 99

- پ -

پاریس 32، 39

پشدەر (پژدەر) 16، 35، 46، 143

پەسوێ 69

پیران شار (خانە) 97

- ت -

تاب 27

تاران 17، 22، 23، 24، 25، 37، 39، 49، 54، 76، 77، 84، 88، 93، 94، 121، 122، 130، 132، 176، 190، 201، 209، 228، 234، 236، 240، 241

ترکەش (گوند) 29

تفلیس 47، 99

تورکیا 9، 11، 27، 28، 38، 40، 43، 49، 88، 89، 95، 97، 102، 177

تەلیسمات 83

تەتەهوو(چەم) 32

تەرگەوەڕ 69، 89، 90

تەورێز 11، 17، 18، 30، 31، 39، 50، 53، 56، 57، 59، 62، 63، 67، 68، 70، 73، 75، 76، 77، 84، 85، 86، 88، 89، 89، 90، 93، 94، 132، 133، 135، 137، 142، 143، 149، 152، 152، 155، 156، 162، 165، 167، 180، 181، 183، 184، 185، 187، 189، 191، 203، 204، 205، 213، 219، 227، 232، 235، 236، 237، 239، 240، 241

تیکان تەپە 229

- ج -

جاریجان 30

جەغەتوو (چەم) 32

جەلفا 97

- چ -

چلیک 16، 81، 82، 85، 86

- ح -

حاجی حەسەن (گوند) 73

حاجی مامیان (گوند) 45

حیجاز 99

- خ -

خانە (پیران شار) 97

خانەقا 76

خۆی 32، 74، 137، 165، 183

خوێت 27

- د -

دارمە 109، 110، 113، 134، 158، 183

دالانپەڕ (چیا) 88

دریاز (گوند) 127

دۆڵی شەهیدان 35

دەشتە بێڵ 30

دەویروون 228

- ر -

ڕانیە 127

ڕووسیا 8، 9، 10، 11، 22، 34، 47، 51،
52، 97، 98، 99، 171، 188، 189، 191
– 195، 197، 198، 199، 200، 201،
240
ڕەبەت 107
ڕەواندز 18، 123، 124، 137، 203

– ز –

زەریای ڕەش 99
زەریاچەی ورمێ 29، 68
زەهاو 28

– ژ –

ژاراوێ (ژاراوە) 44

– س –

سابلاخ 10، 12 – 17، 22، 24، 29، 32،
37، 38، 39، 42، 45، 47، 49، 51، 52،
53 – 59، 62، 63، 65، 67 – 76، 84 –
90، 94 – 97، 101 – 104، 108، 109،
111، 112، 117، 128، 129، 132،
138، 139 ، 140، 144، 147، 149،
156، 161، 164، 165، 171، 172،
175، 176، 177، 178، 183، 184،
186، 190، 192، 193، 198، 199،
202، 208، 211، 213، 218، 218،
219، 222، 225، 226، 227، 228،
229، 230، 231، 233، 235 – 242
ساتڵمیش 227
سان ستیڤانۆ 9
ساوان 109
سایین قەڵا 30، 78، 131، 132، 199،
129، 230، 236
سلێمانی 26، 103، 125، 126، 127،
137، 219
سندوس (سلدوز) 12، 14، 15، 17، 30،
33، 34، 39، 68، 69، 70، 71، 74، 75،
96، 101، 131، 134
سەبیل
سەردەشت 10، 12، 13، 16 – 19، 37،
38، 43 – 47، 49، 51، 52، 81، 89،
92، 96، 97، 103، 104، 105، 107،
114، 118، 121، 133، 134، 135،
136، 138، 139 – 147، 151، 154،
155، 157، 167، 195، 202، 204،
205، 222، 223، 228، 240
سەقز 15، 68، 72، 75، 76
سەلماس 94، 137، 236، 237
سەهەند (کێو) 215
سۆمای برادۆست 72
سوێسنە 114
سوێناس 113
سەیید ئەحمەدان 115
سیلکی 72
سێواس 24

– ش –

شارەزوور 36
شارویران 228، 232



شنۆ 10، 12، 14، 16، 20، 21، 30، 33،
34، 69، 70، 75، 88، 96، 101، 103،
131، 226
شەمزینان 90، 189
شێخ ئاڵی تەورێزی (گۆڕستان) 69

– ع –

عەلیاباد (عەلیاوا) 172، 175
عێراق 32

– ف –

فەرانسا 236

– ق –

قاسملوو (دۆڵ) 30، 34
قاشقەگدوک 30
قزڵجە 86
قوم 24، 237، 242
قوم قەڵا 127
قەراچوران 32
قەراچیان 99
قەرەچوق 27
قەرەحەسەنلوو 30
قەرەقشلاق (قەرەقشلاغ) 16، 96، 229
قەزوین 15، 77، 94، 234، 235، 240
قەڵاچوالان 32
قەڵادزێ (قەڵادزە) 143
قەڵای دمدم 28
قەندیل (چیا) 29، 30، 34، 88، 92
قەوالیس 27

– ک –

کارس (قارس) 99
کارێزەکەندی (گوند) 81
کورتەک (کەلی کورتەک) 134
کۆسرەت (چیا) 35
کۆیە (کوێسنجاق) 115، 127
کەرکووک 38، 39، 44، 46، 50
کەرەج 77
کەڵوێ 43، 45
کەن 77

– گ –

گادەر (چەم) 33
گردەڕەش 84
گۆگ ئاغاج 78
گەڕووس 12، 20، 21، 24، 57، 85، 87،
94، 96، 97، 101 – 109، 132، 159،
171، 174، 175، 184، 188، 228،
229، 236، 237، 239، 240، 241، 242
گەرمیان 35، 123، 127

– ل –

لاجان 10، 12، 14، 17 – 21، 29 – 32،
34، 39، 51، 55، 58، 59، 70، 75، 89،
96، 97، 101، 102، 103، 108، 109،
112، 124، 131، 134، 137، 138،
145، 157، 163، 168، 202، 204،
205، 206، 219، 228، 229، 230، 231

لاوێن (چەم) 20، 134، 163، 205
لەندەن 23، 24

– م –

ماکۆ 97
ملەی شێخ 131، 134
موکریان (موکری) 10، 12، 15، 16، 17، 18، 19، 20، 21، 32، 33، 36، 38، 39، 51، 52، 54، 55، 69، 70، 71، 83، 84، 86، 87، 88، 89، 90، 91، 92، 94، 95، 96، 101، 102، 103، 117، 125، 129، 130، 202، 203، 204، 207، 239
مووسڵ 35، 38، 242
مەحاڵی تۆپخانە 227
مەحاڵی چیچەک 227
مەحاڵی شارویران 228، 230
موزەفەرولدوەلە (باخ) 17، 42، 129، 159، 202
مەرحەمەت ئاوا 225، 226، 227
مەڵکەندی (گوند) 15، 74، 75، 79، 81، 84، 93، 227
مەڵەلەر (مەلالەر) 87
میاندواو 79

– ن –

ناوچیا (نوچە)59، 219، 238، 242
نەغەدە 10، 12، 47، 88
نەستان 45
نەڵۆس 69
نەڵێن 162، 164، 186، 230
نەهری 9، 10، 16، 14، 50، 68، 99، 105، 125، 127، 128، 136، 153

– و –

وان 59، 219، 224، 225، 235
ورمێ 10، 15، 16، 17، 19، 20، 23، 24، 29، 32، 33، 34، 51، 57، 68، 74، 75، 77، 82 – 85، 89 – 98، 112، 114، 131، 134، 173، 175، 189، 206، 219، 236، 237، 239 – 242
ورمزیار 112
وەزنە، وەزنێ (چیا) 28، 109، 134

– ی –

یونسییە (گوند) 120
یەریڤان 99

– هـ –

هەشتروود 227
هەکاری 14، 27، 90، 92، 95، 189، 219، 222، 235
هەمەدان 77، 93، 94، 102، 136
هەوشار 76، 78، 131، 132، 155، 159، 172، 181، 199، 228، 229، 230، 232، 240
هەولێر 18، 35، 103، 124، 125، 127، 128، 136، **203**